# کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# کۆمەڵی کورد ١٩١٨-١٩٧٤

بەرگی یەکەم: ١٩١٨-١٩٣٠


ئامادەکردنی

**ب. دەستانی**

وەرگێڕانی

**هیوا مەجید خەلیل**



**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٤**

**ناوی کتێب**

کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵی کورد

بەرگی یەکەم: ١٩١٨-١٩٣٠

**ئامادەکردنی:** ب. دەستانی

**وەرگێڕانی:** هیوا مەجید خەلیل

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٤

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤١٩) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

# کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## گەڕانێك بە ناو ئارشیڤدا

ئـەم پڕۆژەیـە کـە پـتر لـە ٣٠ بـەرگ لەخۆدەگرێـت، تۆمارێکـی بەڵگەیـی لەسـەر بارودۆخـی ژمارەیەکـی بەرفـراوان لـە کەمینـە ئایینـی و نەژادییەکانـی جیهانـی عـەرەب لـە سـەردەمی مۆدێرنـدا دەخاتـەڕوو. بەبەڵگەکردنەکـە لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە دەسـت پێـدەکات تـا دەگاتـە چارێکـی کۆتایـی سـەدەی بیسـتەم. دوای ئـەم ماوەیـە، تـا ئێسـتاش زۆرێـک لـە بەڵگـە حکومییـەکان بـە نهێنـی ماونەتـەوە. لـە ڕووی جوگرافیاییـەوە، ئـەم کۆکراوەیـە وڵاتانـی عەرەبـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و مەغریـب لەخـۆ دەگرێـت، بـەڵام ئـەو وڵاتانـەی عـەرەب نیـن، وەك ئێـران و تورکیـا، ناگرێتەخـۆ.

بەرهەمـە تەواوبووەکـە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە ڕیزکـراوە. ڕیزبەندییەکـە بەگوێـرەی چاپـی بەرگـەکان بـووە، نـەک پەسـندکردنی بابەتێـک لەسـەر بابەتێکـی دیکـە.

**کۆمەڵی جوولەکە لە وڵاتانی عەرەبیدا ١٨٤١-١٩٧٤.**

- **کۆمەڵە ئایینییەکان لە ئۆرشەلیم ١٨٤٣-١٩٧٤ و کەمینەکان لە ئیسرائیل.**
- **کەمینە مووسڵمانەکان**

– کەمینەی مووسڵمان لە وڵاتانی عەرەبیدا

– کۆمەڵی دەروزەکان

– کۆمەڵی کوردەکان

- **کریستیان و کەمینەکانیتر**

– کەمینەی ئۆرتودۆکس، قیبتی، مارۆنی، ئاشوری، نەستوری، زەردەشتی و ئەوانیتر.

# کۆمەڵی کوردی: ١٩١٨-١٩٧٤

بـه کۆتایـی هاتنـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، کوردسـتانی سـەر بـه [ئیمپراتـۆری ] عوسـمانی لەلایـەن پێنـج وڵاتـی خـاوەن سـەروەرییەوە بەڕێوەبـردرا، واتـه تورکیـا، ئێـران، عێـراق، سـوریا و یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو. ئـەم چـوار بەرگـە، کـە پشـت بە بروسـکە، نامە ئاڵوگۆڕکـراوەکان و ڕاپۆرتـە ڕەسـەنەکان دەبەسـتێت، نەخشـەی مێـژووی هاوچەرخـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەکێشـێت، و بـە ویسـتی کـوردەکان پێـش کۆنفرانسـی ئاشـتی پاریـس لـە سـاڵی ١٩١٩ دەسـت پێـدەکات و بـە داواکاریـی و گلەیـی و سـەرهەڵدانەکانی سـاڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ی کوردەکانـی عێـراق بـەردەوام دەبێت، ئەم نووسراوانـە، ڕاپۆرتەکانی پەیوەسـت بـە پێگـەی سیاسـی و سـەربازی لـە کوردسـتانی ئێـران، بارودۆخـی سـنوورەکانی نێـوان ئێـران و عێـراق لە ماوەی جەنگـی دووەمی جیهانی، دەسـتێوەردانی ڕووسـیا، ئەڵمانیا و تورکیـا لـە ناوچەکـەدا، سیاسـەتی دەوڵەتـی تورکیا بەرانبەر کـوردەکان، کوردەکانی سـوریا، کوردسـتانی ئازەربایجان، پارتی دیموکراتی کوردسـتان بە سـەرکردایەتی مەلامسـتەفا بارزانی لـە سـاڵی ١٩٦١دا، تێکچوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٦٥، لـە خۆدەگرێـت. دوایـن بـەرگ ئـەم بابەتانـە لەخـۆ دەگرێـت، نیەتـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە پاڵپشـتیکردنی پێشـنیازەکانی بـەزاز لـە حوزەیرانـی ١٩٦٦ کە بووە هـۆی چارەسـەری پرسـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٧٠دا، چارەسـەرییەک کـە یەکسـەر ڕووبەڕووی ئاسـتەنگ بـووەوە، پلانـی ئۆتۆنۆمـی بۆ کوردەکان لە سـاڵی ١٩٧٤ کە لە لایـەن ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە ڕاگەیێندرا و لەلایەن پارتی دیموکراتی سـەر بە بارزانی ڕەتکرایەوە و ک پێشـمەرگەکانی سـەر بـە بارزانـی، جەنگیـان لـە دژی سـوپای عێراق هەڵگیرسـاند.

# ناوەڕۆک

١. ڕووماڵکردنی ڕاپۆرتەکانی کۆنفڕانسی ئاشتی پاریس، ١٩١٩:

- یاداشتی وەزارەتی دەرەوە، بە ناونیشانی ‹خواستی کورد›، نووسراوی ژمارە ٣٢٩، لەلایەن سێر وینگێیت (Sir Wingate) کۆمسیاری باڵای بەریتانیا لە میسر، بۆ مستر ئە. ج. بێلفۆر (Mr A. J. Balfour)، وەزیری کاروباری دەرەوە، ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨. نووسراوی بڵاوکراوەی ژمارە (١/٨١٦٦) لەلایەن‹کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردەکان› (Comite de l'Independence Kurds) سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد، قاهیرە، بۆ سێر ر. وینگێیت [بە زمانی فەڕەنسی]، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨. یاداشتی ژمارە ٣٠٥٠، ٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٨، بە ناونیشانی ‹کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد لە میسر›. هاوپێچ لەگەڵ دۆسیەی یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ناونیشانی ‹خواستی کورد› کە نووسراوی ژمارە ٣٤٣ لە خۆدەگرێت لەلایەن سێر ر. وینگێیت بۆ ئە. ج. بێلفۆر لە ڕێکەوتی ٢١ کانوونی یەکەمی ١٩١٨، نووسراوە. هاوپێچ لەگەڵ داواکاریی ژمارە (٤/٨١٦٦) لەلایەن کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨. یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە ٣٠٦٣، ٨-٢٠ کانوونی دووەمی ١٩١٨، بەناونیشانی ‹خواستی کورد›.
- یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بەناونیشانی ‹خواستی کورد›، نووسراوی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە ١٣٣، ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ لەخۆ دەگرێت. هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی ژمارە (١٢٨٩/١١) لەلایەن سیر کالسۆرپ (Sir Calthorpe)، کۆمسیاری باڵا، ئێستانبۆڵ، بۆ مستر ئە. ج. بێلفۆر، ٥ی کانوونی دووەمی ١٩١٩. یاداشتێك لەلایەن کۆمیتەی کوردستان، ئەستەمبۆل، ٢ی کانوونی دووەمی ١٩١٩، بۆ بەڕێز دەریاوان سێر هێنری کالسۆرپ (Admiral Sir Henry Calthorpe)، هاوپێچ لەگەڵ دۆسیەیەک لە یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ناونیشانی ‹خواستی کورد›، یاداشتێک بە ناونیشانی [سەرنج گەلێک لەسەر خواستی کورد›، یاداشتێک لەلایەن شەریف پاشاوە بە ڕێکەوتی ١٤ی شوباتی ١٩١٩، خراوتەڕوو، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ ڕێکەوتی ٦ی شوباتی ١٩١٩ لە پاریس دەگەڕێتەوە کە بە زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزییە.

- یاداشـتی وەزارەتـی دەرەوە بـە ناونیشـانی ‹داهاتـووی کوردسـتان›، نامەیـەک لـە ژەنـەڕاڵ شـەریف پاشـا، پاریـس، بـۆ سـێر ل. ماڵـت (Sir L. Mallet)، پاریـس، [بـە زمانـی فەڕەنسـی] لـە ڕێکەوتـی ٢٣ی شـوباتی ١٩١٩. نامەیـەک لەلایـەن شـەریف پاسـاوە بـۆ لـۆرد دێربـی (Lord Derby)، باڵیـۆزی بەریتانیـا، پاریـس، ٦ی حوزەیرانـی ١٩١٩ [بـە زمانـی فەڕەنسـی] کـە پەیوەسـتە بـە چاوپێکەوتنێـک لەگـەڵ سـیر پ. کۆکـس (Sir P. Cox)، هەروەهـا یاداشـتنامەیەک، بـە بـێ ڕێکـەوت، [بـە زمانـی فەڕەنسـی]، لەسـەر هەمـان بابـەت.
- یاداشـتی وەزارەتـی دەرەوە بە ناونیشـانی ‹بزووتنەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد›، نووسراوی وەزارەتـی دەرەوە بـە ژمـارە ٤٥٦٤ لـە ڕێکەوتـی ٧ی تەمـووزی ١٩١٩، لەلایـەن ئێـرل کـۆرزۆن (Earl Curzon) لـە کیدلسـتۆن (Keddlestone) بۆ وەزیـری وەزارەتی دەرەوە. هاوپێـچ لەگـەڵ نـووسراوی ژمـارە ٧٩ لەلایـەن ژەنـەڕال ج. گ. جلایتـۆن، ئەفسـەری سیاسـی پلـە بـاڵا، هێـزی یەدەکـی میـسری (Egyptian Expeditionary force)، بـۆ وەزیـری کاوروبـاری دەرەوە، ٦ی حوزەیرانـی ١٩١٩. هاوپێـچ لەگـەڵ ڕاپۆرتـی ژمـارە ٩١٤٧٩، لەلایـەن کاپـتن س. ل. وولـی (C. L. Woolley)، بـێ ڕێکـەوت، بـە ناونیشـانی› بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد› [FO608/95].

٢. نـووسراوی ژمـارە (1268/M.1743) لەلایـەن سـێر ئـە. کالسـۆرپ، کۆمسـیاری بـاڵا، ئەسـتەمبۆل، بـۆ ئێـرل کـۆرزۆن، وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات، ٢٣ی تەمـووزی ١٩١٩، هاوپێـچ لەگـەڵ نووسراوێـک بـە ناونیشـانی ‹سـەرنجێک لەسـەر بارودۆخـی کـوردەکان›، لەلایـەن مێجـەر ی. و. س. نۆئـل (E. W. C. Noel)، ئەسـتەمبۆل، ١٨ی تەمـووزی ١٩١٩. هاوپێـچ لەگـەڵ ڕاپۆرتێـک بـە ناونیشـانی ‹میزۆپۆتامیـا: بڕیارەکانـی بەریتانیـا بـۆ کوردسـتان (Mesopotamia: British Resolution with Kurdistan)›، لەلایـەن بەشـی سیاسـی، نووسـینگەی هینـد، ٢٧ی ئابـی ١٩١٩ [FO608/95].

٣. یاداشـتی وەزارەتـی دەرەوە، بـە ناونیشـانی ‹سـەرنجی کـوردەکان لەسـەر بانگەشـەی ئەرمەنـەکان›، هاوپێـچ لەگـەل یاداشـتنامەیەکی بـێ ڕێکـەوت لەلایـەن سـکرتێری گشـتی کۆمیتـەی سـەربەخۆیی کـورد، قاهیـرە، بـۆ مسـتر ئـە. ج. بێلفـۆر، وەزیـری

کاروبــاری دەرەوە و بــۆ ســەرۆکی شــاندی بەریتانیــا لــە کۆنفرانســی ئاشــتی پاریــس [بــە زمانــی فەرەنســی] [FO608/78].

٤. نـووسراوی ژمـارە ٥٩٦٧، لەلایـەن وەزارەتـی دەرەوە بـۆ مسـتر ئـە. ج. بەلفـۆر. وەزیـری کاروبــاری دەرەوە، ١٢ی ئەیلوولــی ١٩١٩. هاوپێــچ لەگــەڵ ڕاپۆرتێکــی زۆر زۆر نهێنــی لەلایــەن ســکرتێری کۆنفرانســی ناوخــۆی بەشــەکان بــۆ کاروبــاری ڕۆژهــەڵات ی ناوەڕاســت (Inter-Departmental Conference of Middle Eastern Affairs)، بــێ ڕێکــەوت، بــە ناونیشــانی ‹بارودۆخــی کوردســتان› [FO608/95].

٥. یاداشــتی وەزارەتــی دەرەوە، بــە ناونیشــانی ‹کوردســتان›، ڕاپۆرتێــك لەخۆدەگرێــت کــە لەلایــەن ژەنــەڕاڵ شــەریف پاشــا خراوەتــەڕوو، ٩ی تشرینــی یەکــەم ١٩١٩، [بــە زمانــی فەرەنســی]، مێژوویەکــی کۆنــی گەلــی کــورد دەخاتــەڕوو [FO608/95].

٦. تەقریـری س.م.د (Cmd Paper) بـە ژمـارە ٢٦٢٤، ‹کۆمەڵـەی گـەلان›: بەڵگەنامـەی ژمارە ١: نامـەی ژمـارە: جۆراوجـۆ (miscellaneous)، ژمـارە (٣(١٩٢٦))، لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـا بۆ سـکرتێری گشـتی کۆمەڵەی گەلان و بۆ گرتنەبـەری ڕێکارەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵـەی گـەلان، لەنـدەن، ٢ی مـەی ١٩٢٦، هەروەهـا جنێـڤ، ١١ی مارچـی ١٩٢٦، بەناونیشـانی ‹دەستنیشـانکردنی سـنوورەکانی تورکیا-عێـراق و پیادەکردنـی مەرجەکانـی بەنـدی ٢٢ی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان بەسـەر عێراقـدا›، هاوپێـچ لەگـەڵ دوو نـووسراو: ڕێککەوتنـی نێـوان حکومەتـی بەریتانیـا و پاشـای عێـراق، واژووکراو لـە بەغدا، ١٣ی کانوونـی دووەمـی ١٩٢٦، [ڕێکەوتنەکـە هاوپێـچ نەکراوە]، یاداشـتنامەیەک لەسـەر بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق، ٢٤ی شـوباتی ١٩٢٦.

- بەڵگەنامــەی ژمــارە ٢: ڕاپۆرتێــک لەلایــەن م. ئاندێــن (M. Unden) ســەبارەت بــە پیادەکردنـی مەرجەکانـی بەنـدی ٢٢ی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان بەسـەر عێـراق و هەروەهـا ئـەو بڕیارنـەی کـە بـە پشـت [بـەم مادەیـە] دەبەسـتن، لەلایـەن ئەنجوومەنی کۆمەڵـەی گەلانـەوە دەرچـووە، ١١ی مارچـی ١٩٢٦.
- بەڵگەنامــەی ژمــارە ٣: ڕاپۆرتێــک لەلایــەن م. ئاندێــن ســەبارەت بــە ڕاگەیاندنــی بــڕاوەی بڕیــاری ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان لــە ١٦ی کانوونــی یەکەمــی١٩٢٥

کە پەیوەستە بە سنووری نێوان عێراق و تورکیا و ئەو بڕیارەی کە ئەنجوومەن دەریکردووە، ١١ی مارچی ١٩٢٦ [CO730/157/6].

٧. نووسراوێکی نهێنی لەلایەن سێر ف. هامفرێس (Sir F. Humphrys) کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ بەڕێز لۆرد پەسفیلد (Rt. Hon. Lord Passfield)، وەزیری موستەعمەرات، ٢٣ی ئەپریڵی١٩٣٠، پەیوەستە بە ناڕەزایەتی کوردەکانی عێراق لەبارەی ئەو بەڵێنەی سەبارەت بە جیاوکە تایبەتیەکانیان بە کورد دراوە و ئەم جیاوکانە بە شیاوی جێبەجێ نەکراون. یاداشتێکی بێ ڕێکەوت لەلایەن سێر ک. کۆرنوالیس (Sir K. Cornwallis)، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ، باس لە هۆکارەکانی ناڕەزایەتی دەربڕینی کوردەکان دەکات، هەروەها ئەو ڕێکارانەی کە دەکرێت لە میانەیاندا ئەم ناڕەزایەتییانە لەبەین ببردرێن. هاوپێچ لەگەڵ دوو پاشکۆ: بەیانێک کە ژمارەی دانیشتوانی قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ و لیواکانی کەرکووک، هەولێر و سلێمانی دەخاتەڕوو، لەگەڵ سەرژمێری فەرمانبەران بە پێی نەتەوەکەیان. ڕاگەیێندراوێک لەلایەن حکومەتی نوری پاشاوە، ٩ی ئەپریلی ١٩٣٠، باس لەوە دەکات کە ڕەشنووسی یاسایەک ئامادە دەکات کە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لە ناوچە کوردییەکاندا [CO730/157/5]. نامەیەک بۆ بەڕێز نوری پاشا، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەلایەن شێخ حەیدەری حەفیدزادە و چەند کەسێکیترەوە، ١٣ی ئەپرێڵی١٩٣٠، سوپاسی [نوری پاشا] دەکات بۆ دەرکردنی یاسای زمانی کوردی [CO730/157/8].

٨. پوختەیەك لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی ژمارە ٨، لە ١٥ی مەی ١٩٣٠ گەیشتووەتە نووسینگەی موستەعمەرات، پەیوەستە بە نوێنەرانی کورد لە [پەرلەمان و حکومەتی] بەغدا و داهاتووی کورد لە عێراق [CO730/157/5].

٩. نووسراوێکی نهێنی لەلایەن سێر ف. هامفرێس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ سێر ج. هاوپێچ لەگەڵ یاداشتێک بە ناونیشانی ‹کورد لە عێراقدا›، تایبەتە بە گفتوگۆی نێوان مەلیک فەیسەل و سێر ف، هامفرێس، کە لە ٢٠ی مەی ١٩٣٠ ئەنجامدراوە. لەلایەن مستر ڤ. هۆلت (Mr. V. Holt) لە ٢٠ی مەی ١٩٣٠، تۆمارکراوە [CO730/157/5].

١٠. نووسراوێکــی زۆر نهێنــی و شەخســی بــە ژمــارە (S. A.492) لەلایــەن ســیر ک. کۆرنوالیــس، ڕاوێژکاریــی وەزارەتــی ناوخــۆ. عێــراق، بــۆ بــۆ مێجــەر ح. و. یۆنــگ (Major H. M. Young) ڕاوێــژکاری لێژنــەی بــاڵا لــە عێــراق، ٧ی تەمــووزی ١٩٣٠، پەیوەســتە بــە مافــی کــوردەکان لــە ڕێکەوتنامــە نوێیەکــەدا [ڕێککەوتنــی ئەنگلــۆ-عێــراق]. نــووسراوی ژمــارە (S. A. 491) لەلایــەن سێر. ک. کۆرنوالیــس بــۆ لێکۆڵــەری کارگێڕیــی لــە لیواکانــی باکــوور، ٦ی تەمــووزی ١٩٣٠، بــاس لــەو هەنگاوانــە دەکات کــە حکومەتــی عێــراق دەبــێ بــۆ رازیکردنــی کۆمەڵــەی گــەلان و زۆرینــەی کــورد لــە دوو ســاڵی داهاتــوودا بهاوێژێــت، چونکــە بەندەکانــی پەیماننامەکــە چیــتر [پەیماننامــەی ســیڤەر] بوونــی نەمــاوە [CO730/157/5].

١١. تەلەگرامێــک لەلایــەن کەســە ناودارەکانــی ســلێمانی بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، ١٠ی تەمــووزی ١٩٣٠، ناڕەزایەتــی دەربڕینێــک ســەبارەت بــە مافــی دانیشــتوانی کــورد. لەگــەڵ دۆسـیەیەکی یاداشــتەکانی وەزارەتــی دەرەوە لەلایــەن مســتر یێ. ب. بوییــر (Mr. E. B. Bowyer)، ١٧ی تەمــووزی ١٩٣٠. هاوپێــچ لەگــەڵ خســتنەڕوی تێبینیــی زۆرتــر لەلایــەن مســتر ج. هــاڵ (Mr. J. Hall) لەســەر هەمــان بابــەت، ١٨ و ٢٢ی تەمــووزی ١٩٣٠، [CO730/157/5].

١٢. تەلەگرامێکــی نهێنــی و تایبــەت بــە ژمــارە ٢٢٦ لەلایــەن وەزیــری موســتەعمەرات بــۆ کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق، ١٥ی تەمــووزی ١٩٣٠، پەیوەســتە بــە ناڕەزایەتــی دەربڕینــی [کــوردەکان] لەبــارەی بــێ ڕێزیکــردن لەگــەڵ کــوردەکان لەلایــەن ئەفســەری خزمەتگوزاریــی تایبەتــەوە [CO730/157/5].

١٣. پوختەیــەك لــە یاداشــتی گفتوگــۆی نێــوان ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق کــە لــە ١٥ی تەمــووزی ١٩٣٠، لــە نووســینگەی موســتەعمەرات ئەنجامــدرا و تایبــەت بــوو بــە نیگەرانــی کــوردەکان [CO730/157/5].

١٤. نووسراوێکــی نهێنــی و زۆر بەپەلــە بــە ژمــارە ٢٠٧٩، لەلایــەن جەعفــەر ئەلعەسکەر، نووســینگەی ئەنجوومەنــی وەزیــران، بــۆ رائیــس ح. و. یۆنــگ، کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق، ١٧ی تەمــووزی ١٩٣٠، داوای دەرفەتێــک دەکات بــۆ ســەردانکردنی ناوچــە کوردییــەکان بــە هاوڕێتــی وەزیرەکانــی داد و ناوخــۆ. هاوپێــچ

لەگــەڵ ڕێکارەکانــی کۆبوونــەوەی ئەنجوومەنــی وەزیــران کــە لــە ڕۆژی پێنــج شــەممە، ١٧ی تەمــووزی ١٩٣٠ گرێــدرا [CO730/157/5].

١٥. تەلەگرامــی ژمــارە ٣٣٩ لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، ١٨ی تەمــووزی ١٩٣٠، پەیوەســتە بــە گلەیــی و گازنــدەی کــوردەکان [CO730/157/5].

١٦. تەلەگرامــی ژمــارە ٣٤٣، لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، ٢١ی تەمــووزی ١٩٣٠، پەیوەســتە بــە سیاســەتی حکومەتــی بەریتانیــا بەرانبــەر کــوردەکان [CO730/157/5].

١٧. یاداشــتی وەزارەتــی دەرەوە، لەلایــەن مســتر ج. هــاڵ، نووســینگەی کۆڵۆنیــال، ٢١ی تەمــووزی ١٩٣٠، بەناونیشــانی ‹بەڵێنــە پێشــنیازکراوەکان لەبــارەی پرســی خوێندنــی کــوردی› [CO730/157/5].

١٨. تەلەگرامێــك لەلایــەن ســەرۆک خێڵەکانــی کــورد بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، لــە ٢٢ی تەمــووزی ١٩٣٠ گەیشــتووە، داوا دەکات بەریتانیــا کــوردەکان بپارێزێــت [CO730/157/5].

١٩. تەلەگرامــی ژمــارە ٢٧٤، لەلایــەن وەزیــری موســتەعمەرات بــۆ کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق، ٢٢ی تەمــووزی ١٩٣٠، لــە وەڵامــی تەلەگرامــی ژمــارە ٣٣٩، لــە ڕێکەوتــی ١٨ی تەمــووزی ١٩٣٠ کــە پەیوەســتە بــە گلەیــی و گازنــدەی کــوردەکان [CO730/157/5].

٢٠. تەلەگرامــی ژمــارە ٣٤٦، لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق، بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، ٢٣ی تەمــووزی ١٩٣٠، پەیوەســتە بــە پرســی خوێنــدن لــە ناوچــە کوردییــەکان [CO730/157/5].

٢١. داواکارییـەك لەلایـەن عەزمـی بەگـی بابـان و واژوکارانی داواکە، سلێمانی بۆ سکرتێری کۆمەڵـەی گـەلان، جنێڤ، ٢٦ی تەمـووزی ١٩٣٠، داوای پێکهێنانـی حکومەتێکـی کوردی لـە ژێـر چاودێـری کۆمەڵـەی گـەلان دەکات. هاوپێـچ لەگـەڵ وەڵامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق، بـێ ڕێکـەوت، بـاس لـەوە دەکات کـە داواکارییەکـە خراوەتـە بــەردەم حکومەتــی عێــراق تــا تێبینییەکانــی خــۆی لەســەری بخاتــەڕوو و دواتــر لــە

ڕێکەوتی ٢١ی ئابی ١٩٣٠، نێردراوە بۆ وەزیری موستەعمەرات [CO730/157/5].

٢٢. یاداشتی نووسینگەی موستەعمەرات بۆ سێر گ. گریندل (Sir G. Grindle) لەلایەن مستر ج. هاڵ، نووسینگەی موستەعمەرات، ٢٦ی تەمووزی ١٩٣٠، سەبارەت بە پێداویستییەکانی خوێندنی کوردی، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی زۆرتر، ٢٨ی تەمووزی ١٩٣٠ و ٢ی ئابی١٩٣٠، هاوپێچ لە ناو دۆسیەیەکدا لەگەڵ: یاداشتی نووسینگەی موستەعمەرات بۆ سێر گ. گریندل لەلایەن مستر ج. هاڵ، ٦ی ئابی١٩٣٠، لەگەڵ یاداشتی زۆرتر، ١١-١٦ ئابی١٩٣٠، یاداشتەکانی نووسینگەی موستەعمەرات، لەلایەن مستر ج. هاڵ بۆ مستر ویلیامز (Mr Williams)، ٢١ی ئابی١٩٣٠، یاداشتەکانی نووسینگەی موستەعمەرات، لەلایەن مستر ج. هاڵ بۆ مستر ویلیامز، ٢٧ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە داواکاری کوردەکان بۆ کۆمەڵەی گەلان، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی زۆرتر، ٢٨ی ئابی١٩٣٠- ٢ی ئەیلوولی ١٩٣٠، ٦-٢٠ ئەیلوولی ١٩٣٠، [CO730/157/5].

٢٣. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ١٦٥، لەلایەن مێجەر ح. و. یۆنگ، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ بەڕێز جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، بەغدا، ٢٨ی تەمووزی ١٩٣٠، پەیوەستە بە دڵگرانی حکومەتی تورکیا سەبارەت بەو سیاسەتەی کە حکومەتی عێراق بەرانبەر کوردەکان گرتوویەتییەبەر [CO730/157/5].

٢٤. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٢٨٠، لەلایەن وەزیری موستەعمەرات بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ٢٨ی تەمووزی ١٩٣٠، پەیوەستە بە گفتوگۆیەک لە نێوان سێر ف. هامفرێس، مەلیک فەیسەڵ و نوری پاشا و بۆچوونەکانیان لەسەر پرسی کورد [CO730/157/5].

٢٥. نامەی نهێنی ژمارە ١٥٦، لەلایەن سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ عەبدوڵا ئەفەندی ئەلحاجی، سکرتێری تایبەتی بەڕێز ریگنت (Regent)، بەغدا، ٢٩ی تەمووزی ١٩٣٠، سەرنج دەخاتەسەر بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران کە تایبەتە بە ڕەفتاری کوردەکان و ئەو ڕێکارانەی کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد پێویستە بگیرێنەبەر [CO730/157/5].

٢٦. نووسراوی زۆر زۆر نهێنی بە ژمارە ١٧١، لەلایەن مێجەر ح. و. یۆنگ، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ بەڕێز جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، ١ی ئابی١٩٣٠، تایبەتە بە پرسی کورد، هەروەها لەگەڵ ئامادەکردنی ڕەشنووسی بەیانی پێشنیازکراو بۆ سەرۆک وەزیران [لەبارەی پرسی کورد] [CO730/157/5].

٢٧. تەلەگرامی ژمارە ٣٦٠، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٢ی ئابی١٩٣٠، باس لەوە دەکات کە ڕێکەوتنی کۆتایی بەدەستهاتووە سەبارەت بەو لێدوانانەی لە ناوچە کوردییەکان دەدرێت [CO730/157/5].

٢٨. داواکارییەک لەلایەن عەزمی بەگی بابان و واژوکارانی داواکارییەکە، سلێمانی، بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٣ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە داواکاری کۆمەڵەی گەلان لەبارەی داخوازییەکانی کورد تا لە ڕێی دەسەڵاتی ئینتیداب بخرێتە بەردەم سکرتاریەتی [ لێژنەی باڵا] [CO730/157/5].

٢٩. پوختەیەك لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی، ژمارە ١٦، ٤ی ئابی١٩٣٠، بەناونیشانی ‹کوردستان› [CO730/157/5].

٣٠. نووسراوی نهێنی ژمارە ٢٣٠٠، لەلایەن جەعفەر ئەلعەسکەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، بۆ مێجەر ح. و. یۆنگ، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ٥ی ئابی١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ بەیانێک کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە داڕێژراوە تا جەعفەر ئەلعەسکەریی لە کوردستان پێشکەشی بکات، هاوپێچ لەگەڵ ڕەشنووسی یاسازی زمانە خۆجێیەکان کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە. [CO730/157/5].

٣١. تەلەگرامی ژمارە ٣٦٣ لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٥ی ئابی١٩٣٠، باس لەوە دەکات کە ئەنجوومەنی وەزیرانی [عێراق] یاسای زمانە خۆجێیەکانی پەسەندکردووە [CO730/157/5].

٣٢. تەلەگرامی ژمارە ٣٦٣ لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٥ی ئابی١٩٣٠، باس لە دەقی ئەو گوتارە دەکات کە

لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت بۆ کوردەکان پێشکەش دەکات کە تایبەتە بە ڕێکەوتنی [ئەنگلۆ-عێراق] [CO730/157/5].

٣٣. نووسراوی نهێنی ژمارە (P. O. 176) لەلایەن سکرتاریەتی کۆمیساری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ بەڕێز جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، ٦ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە پرسی سنوور لە نێوان عێراق و تورکیا [CO730/157/5].

٣٤. تەلەگرامی ژمارە ٢٩٣ لەلایەن وەزیری موستەعمەرات بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ٦ی ئابی١٩٣٠، لەبارەی سیاسەتی [حکومەتی عێراق] بەرانبەر کوردەکان [CO730/157/5].

٣٥. تەلەگرامی ژمارە ٣٦٤، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٦ی ئابی١٩٣٠، دەقی لێدوانی سەرۆک وەزیران بە وەکالەت لەبارەی کوردەکان دەخاتەڕوو [CO730/157/5].

٣٦. نووسراوی ژمارە ٢٣٢٥، لەلایەن جەعفەر ئەلعەسکەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، بۆ مێجەر ح. و. یۆنگ، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ٦ی ئابی١٩٣٠، تایبەتە بە یاسای زمانە خۆجێییەکان، هاوپێچ لەگەڵ بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران، ٦ی ئابی١٩٣٠، [CO730/157/5].

٣٧. نووسراوی نهێنی ژمارە ٢٣٢٥، لەلایەن عەبدول عەزیز ئەلموزەفەر، وەزیری کاروباری دەرەوە بە وەکالەت، عێراق بۆ سکرتاریەتی [ لێژنەی باڵا]، خانەی مەندوبی سامی، بەغدا، ٩ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە بزووتنەوەی کورد و حکومەتی عێراق، هاوپێچ لەگەڵ نامەی ژمارە ٢٤٩٥، لەلایەن عەبدول عەزیز ئەلموزەفەر بۆ وەزیری خاوەن دەسەڵاتی (Minister Plenipotentiary) تورکیا لە بەغدا، ٩ی ئابی١٩٣٠، [CO730/157/5].

٣٨. تەلەگرامی ژمارە ٣٧١، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ١١ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە خستنەڕووی داواکارییەکانی کورد، هاوپێچ لەگەڵ وەڵامی تەلەگرامی ژمارە ٢٩٩، ١١ی ئابی١٩٣٠ [CO730/157/5].

٣٩. ڕاپۆرتـی زۆر نهێنـی ژمـارە (I/S/I/11) لەلایـەن نووسـینگەی خزمەتگوزاریـی تایبـەت، سـلێمانی، بـۆ کۆتایـی ١٢ی ئابـی١٩٣٠، پەیوەسـتە بـە ڕووداوەکانی سـلێمانی لـە پێش و لـە میانەی سـەردانەکەی کۆمسـیاری بـاڵا بۆ عێراق و سـەرۆک وەزیرانی عێـراق، هاوپێچ لەگـەڵ کۆپییـەک لـە نـووسراوی زۆر نهێنـی (D.O) بـە ژمـارە (S.450)، لەلایـەن مسـتر ج. س. کیچینـگ (Mr G. C. Kitching)، لێکۆڵـەری ئیداریـی، هەولێـر و کەرکـووک، بـۆ سـێر ک. کۆرنوالیـس، ڕاوێژکاریـی وەزارەتـی ناوخـۆ، بەغـدا، ١١ی ئابـی١٩٣٠، بـاس لـە سـەردانەکەی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت و سـەرۆک وەزیـران دەکات [CO730/157/5].

٤٠. تەلەگرامی ژمارە ٣٧٣، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ١٣ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە خواستی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا [CO730/157/5].

٤١. نووسراوی نهێنی ژمارە ١٧٧، لەلایەن مێجەر ح. و. یۆنگ، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ جەعفەر ئەلعەسکەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، بەغدا، ١٤ی ئابی١٩٣٠، تایبەتە بە داوکاریی کۆمەڵە کوردێکی خەڵکی سلێمانی بۆ کۆمەڵەی گەلان، داوای تێبینی حکومەتی عێراق لەسەر داواکارییەکە دەکات، هاوپێچ لەگەڵ وەڵامی نامەی نهێنی ژمارە ٢٤٢٢، ١٩ی ئابی١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ: ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجێییەکان، بە بێ ڕێکەوت. دەقی لێدوانی سەرۆک وەزیران بە وەکالەت بۆ کوردەکان، بە بێ ڕێکەوت [CO730/157/5].

٤٢. یاداشتی زۆر نهێنی لەلایەن سر ک. کۆرنوالیس، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ، بۆ بەڕێز وەزیری [ناوخۆ]، ١٨ی ئابی١٩٣٠، تایبەتە بە بۆچوونەکانی لەبارەی سیاسەتی حکومەتی عێراق لە لیوا کوردییەکاندا [CO730/157/5].

٤٣. تەلەگرامی ژمارە ٣٨١، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ١٨ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە سیاسەتی حکومەتی عێراق لە ناوچە کوردییەکاندا [CO730/157/5].

٤٤. وەرگێڕانی نامەی زۆر زۆر نهێنی بە ژمارە (C/2691) لەلایەن وەزیری ناوخۆ، بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ١٨ی ئابی١٩٣٠، داوا دەکات کە بابەتی سیاسەتی حکومەتی عێراق لە ناوچە کوردییەکان بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بڕیار لەسەردان [CO730/157/6].

٤٥. پوختەیەك لە پوختەی [ڕاپۆرتی] هەواڵگریی، ١٨ی ئابی١٩٣٠، بەناونیشانی ‹باکوور و ناوەڕاستی کوردستان› پەیوەستە بە ڕاپەڕینی کورد لە هەکاری [CO730/157/6].

٤٦. یاداشتنامەیەکی زۆر زۆر نهێنی بە ژمارە (S. A.510) لەلایەن سێر ک. کۆرنوالیس، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ، بۆ لێکۆڵەریی ئیداری لە سلێمانی، کەرکووک، هەولێر و مووسڵ، ١٩ی ئابی١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتێکی نهێنی لەلایەن سیر کۆرنوالیس بۆ بەڕێز جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری، سەرۆک وەزیران بە وەکالەت، بەغدا، ١٩ی ئابی١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ: یاداشتنامەیەک لە ڕێکەوتی ١٨ی ئابی١٩٣٠، سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی عێراق لە ناوچە کوردییەکان [بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ٤٢] [CO730/157/5].

٤٧. نووسراوی نهێنی لەلایەن مێجەر ح. و. یۆنگ، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ بەڕێز لۆرد پەسفیلد، وەزیری موستەعمەرات، ٢٠ی ئابی١٩٣٠، تایبەتە بە کوردەکانی سلێمانی [هاوپێچەکان هاوپێچ نەکراون][CO730/157/5] .

٤٨. نووسراوی ژمارە (١٩٣٠/٧٨٣١٥) لەلایەن مستر ج. ح. هال، نووسینگەی موستەعمەرات، بۆ لۆرد مۆنتێگل (Lord Monteagle)، وەزارەتی دەرەوە، ٢١ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە ڕەشنووسی تەلەگرامێک کە گفتوگۆی نێوان سێر همافرێس و نوری پاشای لەخۆگرتووە [ڕەشنووسی تەلەگرامەکە هاوپێچ نەکراوە] [CO730/157/5].

٤٩. تەلەگرامی ژمارە ٣١٩، لەلایەن وەزیری موستەعمەرات بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ٢١ی ئابی١٩٣٠، لە وەڵامی تەلەگرامی ژمارە ٣٨١ لە ڕێکەوتی ١٨ی ئابی١٩٣٠ [بەڵگەنامەی ژمارە ٤٣]، باس لە گفتوگۆی سێر هامفریس لەگەڵ نوری پاشا، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات، کە نیەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر کوردەکان ڕوون دەکاتەوە [CO730/157/5].

٥٠. تەلەگرامی ژمارە ٣٨٣، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٢١ی ئابی١٩٣٠، باس لە زەرورەتی بەخێرایی وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی [خەڵکی] سلێمانی دەکات [CO730/157/5].

٥١. تەلەگرامی ژمارە ٣٩٠، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٢٢ی ئابی١٩٣٠، باس لە داواکاریی حکومەتی عێراق بۆ هەموارکردنەوەی ڕەشنووسی وەڵامی داواکارییەکانی کورد دەکات [CO730/157/5].

٥٢. داواکارییەک لە لایەن کوردەکانی خێڵی داوده (Dauda) و دانیشتووانی لیوای کەرکووک بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی گەلان، لە ڕێگەی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٢٤ی ئابی١٩٣٠، پەیوەستە بە پشتگیریی کردن لە داوای کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ [CO730/157/6].

٥٣. چڕکردنەوەی پوختەی [ڕاپۆرتی] هەواڵگریی، ٢٥ی ئابی١٩٣٠، بەناونیشانی ‹ڕاپەڕینی کورد لە هەکاری› [CO730/157/6].

٥٤. نامەی نهێنی بە ژمارە (R.O. 173) لەلایەن سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ عەبدوڵا ئەفەندی ئەلحاج، سکرتێری تایبەتی بەڕێز ڕێگنت، بەغدا، ٢٨ی ئابی١٩٣٠، تێبینییەکانی خۆی لەسەر بڕیاری ژمارە ٧ی ئەنجوومەنی وەزیران دەخاتەڕوو کە باس لە ناردنی هێز بۆ دەستبەسەرداگرتنی بلێ (Billeh) دەکات [CO730/157/6].

٥٥. یاداشتێک لەلایەن لۆرد مۆنتێگل، وەزارەتی دەرەوە، بۆ مستر لۆید (Mr Lioyd)، نووسینگەی موستەعمەرات، ١ی ئەیلوولی ١٩٣٠، لەبارەی نامەی نووسینگەی کۆلۆنیال بە ژمارە (٣٠/٧٨٣١٥)، ٢٩ی ئابی١٩٣٠، [نامەکە هاوپێچ نەکراوە]، پەیوەستە بە داوکاریی کوردەکان بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان، پێشنیازی هەموارکردنەوەی وەڵامەکەی مێجەر یۆنگ دەکات کە بە داواکارەکانی داوە [CO730/157/5].

٥٦. هەڵهنجێنان لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی بە ژمارە ١٨، بەغدا، ١ی ئەیلوولی ١٩٣٠، پەیوەستە بە بارودۆخی سلێمانی [CO730/157/6].

٥٧. نووسراوی نهێنی ژمارە ٢٥٧١، لەلایەن کەریم بالفی، بۆ سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا ٢ی ئەیلوولی ١٩٣٠، هەروەها بە ئاماژەدان بە نامەی ژمارە (R.O. 173) لە ٢٨ی ئابی١٩٣٠، [بەڵگەنامەی ژمارە ٥٤]، باس لەوە دەکات کە هیچ نیەتێک لە ئارادا نییە بۆ کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر لە سلێمانی [CO730/157/6].

٥٨. پوختــەی ڕاپۆرتــی هەواڵگریــی ژمــارە ١٨، بەغــدا، بــێ ڕێکــەوت، بەناونیشــانی ‹کوردســتان›   [CO730/157/6].

٥٩. تەلەگرامــی نهێنــی ژمــارە ٣٣٣، لەلایــەن وەزیــری موســتەعمەرات بــۆ کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق، ٢ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، بــاس لــە وردەکارییەکانــی هەموارکردنــەوەی وەزارەتــی دەرەوە بــۆ ڕەشنووســی وەڵامەکــەی داواکارە کــوردەکان دەکات   [CO730/157/5].

٦٠. نــووسراوی نهێنــی لەلایــەن کۆمسیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ لۆرد پەســفیلد، وەزیــری موســتەعمەرات، ٣ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، بــاس لــە داواکاری خێڵــی داودە و [خەڵکــی] ســلێمانی دەکات [CO730/157/5].

٦١. نــووسراوی ژمــارە ٣٥٠، لەلایــەن مســتر ج. ر. کلێــرک (Mr. G. R. Clerk)، باڵیــۆزی بەریتانیــا، ئەســتەمبۆل، بــۆ مســتر ئــە. هێندێرســۆن (Mr. A. Henderson)، وەزارەتــی دەرەوە، ٤ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، بــاس لــەو ســێ پرســە ســەرەکییە دەکات کــە لەگــەڵ نــوری پاشــا، ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق، لــە مــاوەی ســەردانە کورتەکــەی بــۆ تورکیــا لــە ڕێگــەی نێــوان بەغــدا و [تورکیــا] گفتوگۆیــان لەســەر کــراوە [CO730/157/6].

٦٢. تەلەگرامــی ژمــارە ٤١١، لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق، بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، ٦ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، پەیوەســتە بــە یاخــی بوونەکانــی ســلێمانی   [CO730/157/5].

٦٣. تەلەگرامــی ژمــارە ٤١٢، لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق، بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، ٧ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، پەیوەســتە بــە برینــدار و کوژراوەکانــی یاخــی بوونەکانــی ســلێمانی [CO730/157/5].

٦٤. تەلەگرامــی ژمــارە ٤١٢، لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق، بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، ٨ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، پەیوەســتە بــە بارودۆخــی [ســلێمانی] دوای یاخــی بوونــەکان [CO730/157/5].

٦٥. وەرگێڕانی یاداشتنامەیەکی زۆر زۆر نهێنی بە ژمارە (C/2952) لەلایەن وەزیری ناوخۆ، بەغدا، بۆ موتەسەڕیفەکانی مووسڵ، کەرکووک، هەولێر و سلێمانی، ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠، تایبەتە بە کاروباری کوردەکان. وەرگێڕانی یاداشتنامەی ژمارە (C/2932) لەلایەن وەزیری

ناوخۆ، بەغدا، بۆ موتەسەڕیفەکانی مووسڵ، کەرکووک، هەولێر و سلێمانی، ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بە ناونیشانی ‹پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئاشوری› [CO730/157/6].

٦٦. چڕکردنەوەی پوختەی [ڕاپۆرتی] هەواڵگریی، لەلایەن فەرماندەی بەرە ک. س. باس (wing commander K. C. Buss)، ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بەناونیشانی ‹باشووری کوردستان› تایبەتە بە یاخی بوونی سلێمانی [CO730/157/6].

٦٧. نووسراوێکی نهێنی سەرداخراو (confidential covering note) لەلایەن مستر. برووک-پۆفام (Mr R. Brooke-Popham)، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ وزیری موستەعمەرات، ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠. نامەی نهێنی ژمارە (P.O. 199) لەلایەن سکرتارییەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، بەغدا، ٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠، باس لە وەڵامی پێشنیازکراو بۆ وەڵامدانەوە داواکارە کوردەکان دەکات. نامەی ژمارە (S.O. 1058) لەلایەن سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ عەزمی بەگی بابان و واژووکارانی داواکارییەکە، سلێمانی، ٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠، باس لەوە دەکات کە داواکارییەکەی کوردان بۆ وەزیری موستەعمەرات نێردراوە [یاداشتنامەی ژمارە ٢٦٢٢ هاوپێچ نەکراوە] [CO730/157/6].

٦٨. نووسراوێکی نهێنی سەرداخراو لەلایەن مستەر. برووک-پۆفام، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ لۆرد پەسفیلد، وەزیری موستەعمەرات، ١٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠، زانیاریی لەسەر یاخی بوونەکەی سلێمانی دەخاتەڕوو [CO730/157/6].

٦٩. نووسراوی ژمارە (S. O. 1089) لەلایەن مستر ر. س. م. ستۆرگس (Mr R. S. M. Sturges)، ڕاوێژکاری بە وەکالەت بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ عەزمی بەگی بابان و واژووکارانی داواکارییەکە، سلێمانی، ١٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠، تایبەتە بە دووەمین داواکاریی کوردەکان [CO730/157/6].

٧٠. نووسراوێکی زۆر نهێنی و بەپەلە بە ژمارە (C/235/D/6)، لەلایەن نووسینگەی لێکۆڵەری ئیداری، لیوای سلێمانی، بۆ ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ، بەغدا، ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بە ناونیشانی ‹ڕاپۆرتێک لەسەر یاخی بوونی شاری سلێمانی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠› [CO730/157/6].

٧١. تەلەگرامی ژمارە ٤٢٠، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٠، پوختەیەک لە نامەی خولاو ژمارە ٣٣٣ دەخاتەڕوو کە بۆ موتەسەڕیفەکانی کەرکووک، هەولێر، مووسڵ و سلێمانی دەرچووە [CO730/157/5].

٧٢. گوتارێک لە ڕۆژنامەی تایمز، ١٢ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بە ناونیشانی ‹جەنگی کورد لەبەرامبەر سوپای عێراق› [CO730/157/5].

٧٣. تەلەگرامی ژمارە ٤٢٣، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ١٣ی ئەیلوولی ١٩٣٠، تایبەتە بە داواکاریی کوردان، هەروەها داوای ڕێنمایی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردەکان دەکات [CO730/157/5].

٧٤. چڕکردنەوەی پوختەی [ڕاپۆرتی] هەواڵگریی، ١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بەناونیشانی ‹باشووری کوردستان› تایبەتە بە یاخی بوونی سلێمانی [CO730/157/6].

٧٥. نووسراوێکی نهێنی سەرداخراو لەلایەن مستەر. برووک-پۆفام، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ وزیری موستەعمەرات، ١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠. هاوپێچ لەگەڵ داواکارییەکی کوردان لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی نەتەوەیی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد، سلێمانی، بە نوێنەرایەتی دانیشتووانی کوردستان، بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، لە ڕێگەی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٣١ی ئابی١٩٣٠، [بە زمانی فەڕەنسی]، [نامەی ژمارەی (S.O. 1089) بۆ عەزمی بەگی بابان هاوپێچ نەکراوە] [CO730/157/6].

٧٦. نووسراوێکی زۆر نهێنی لەلایەن سێر ر. برووک-پۆفام، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ لۆرد پەسفیلد، وزیری موستەعمەرات، ١٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠. وەرگێڕانی یاداشتنامەی ژمارە (C/2952) لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠ و یاداشتنامەی ژمارە (C/2932) لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠، [بەڵگەنامەی ژمارە ٦٥] سەبارەت بەو ڕێکارانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕاگەیێندراوی حکومەتی عێراق بەرانبەر کوردەکان [CO730/157/6].

٧٧. نووسراوی زۆر نهێنی ‹A›، لەلایەن سێر ر. برووک-پۆفام، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ لۆرد پەسفیلد، وزیری موستەعمەرات، ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠، سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان لە سلێمانی [CO730/157/6].

٧٨. نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژمارە ٣٠٣١، لەلایەن نوری ئەلسەعید، وەزیری کاروباری دەرەوە، بۆ وەزیری خاوەن دەسەڵات و نێردەی تایبەتی حکومەتی عێراق لە تورکیا، ئەنقەرە، ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بە ناونیشانی ‹یاداشتنامەیەک لە سەر گفتوگۆکانی ئەنقەرە کە لە نێوان نوری پاشا ئەلسەعید و سەرۆک وەزیرانی تورکیا و وەزیری کاروباری دەرەوە بەڕێوەچوو›، گفتوگۆکە لەبارەی پرسی ئاسایشی سنووری عێراق و تورکیا بوو کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنامەی سێ لایەنەی ساڵی ١٩٢٦ هاتووەتە کایەوە، هەروەها پرسی نەوت و ڕێککەوتننامەی ئابووری [CO730/157/7].

٧٩. تەلەگرامی ژمارە ٣٦٦ لەلایەن وەزیری موستەعمەرات بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠، سەبارەت بە بوونی بەڵگە لەسەر نیەتی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕاگەیێندراوی حکومەت بەرانبەر کوردەکان [CO730/157/5].

٨٠. هەڵهێنجێان لە پوختەی [ڕاپۆرتی] هەواڵگریی سەربازیی، ژمارە ٣٨، ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بەناونیشانی ‹باکوور و ناوەڕاستی کوردستان› تایبەتە بە شێخ ئەحمەد [CO730/157/6].

٨١. چڕکردنەوەی پوختەی [ڕاپۆرتی] هەواڵگریی سەربازیی، ژمارە ٣٨، ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بەناونیشانی ‹باشووری کوردستان› تایبەتە بە بارودۆخی ناوچەی سلێمانی[CO730/157/6] .

٨٢. وتارێک بە ناونیشانی ‹کوردەکانی عێراق (کوردستانی باشوور)› لە گۆڤاری The Near East and India، ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠، کۆپییەک لە داواکاریی کۆمیتەی ناوەندیی نەتەوەیی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد، ٣١ی ئابی١٩٣٠، خراوتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان [CO730/157/6].

٨٣. تەلەگرامی ژمارە ٤٤٨، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠، تایبەتە بە داواکاری کوردەکان[CO730/157/5] .

٨٤. تەلەگرامی ژمارە ٤٥١، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠، تایبەتە بە داواکاری کوردەکان کە لەلایەن خێڵی داوبە (Daube) واژوو کراوە [لەوانەیە مەبەستی خێڵی داوده بێت. وەرگێڕ] [CO730/157/5].

٨٥. نووسراوی زۆر نهێنیێ لەلایەن سێر ر. برووک-پۆفام، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ لۆرد پەسفیلد، وزیری موستەعمەرات، ٢٦ی ئەیلولی ١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوێکی خێڵی داوده، بێ ڕێکەوت [CO730/157/6].
٨٦. نووسراوی زۆر نهێنیێ، لەلایەن سێر ر. برووک-پۆفام، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ لۆرد پەسفیلد، وزیری موستەعمەرات، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، سەبارەت بە سیاسەتی کورد و حکومەتی عێراق [CO730/157/6].
٨٧. نووسراوی زۆر نهێنیێ، لەلایەن سێر ر. برووک-پۆفام، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ لۆرد پەسفیلد، وزیری موستەعمەرات، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، سەبارەت بە سیاسەتی کورد و حکومەتی عێراق [CO730/157/6].
٨٨. نووسراوێکی نهێنی سەرداخراو لەلایەن مستەر. برووک-پۆفام، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بەغدا، بۆ وزیری موستەعمەرات، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠. نووسراوی نهێنی ژمارە (P.O. 215) لەلایەن سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ بەڕێز نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، تایبەتە بە دوو داواکاریی کورد کە ئامادەیە بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، [خستنەڕووی سەرنجی [حکومەتی عێراق لەسەر داواکارییەکان] هاوپێچ نەکراوە، وەرگێڕانی تەلەگرامی حەفسەی نەقیبزادە، سلێمانی، بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠، باس لە هەڵبژاردنەکان دەکات [CO730/157/6].
٨٩. تەلەگرامی ژمارە ٤٥٤، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٢٧ی ئەیلولی ١٩٣٠، تایبەتە بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نوری پاشا و هەروەها چاوپێکەوتنێک لە نێوان نوری پاشا و وەزیری تورکیا لەسەر پرسی کورد [CO730/157/5].
٩٠. تەلەگرامی ژمارە ٣٧٥، لەلایەن وەزیری موستەعمەرات، بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ١ی تشرینی یەکەمی١٩٣٠، تایبەتە بە داواکاریی [کورد] [CO730/157/5].
٩١. نووسراوێکی نهێنی سەر داخراو لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری موستەعمەرات، ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ نامەی ژمارە (E5270/2558/93) لەلایەن وەزارەتی دەرەوە بۆ سکرتێری گشتی،

کۆمەڵــەی گــەلان، ٤ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٣٠. هەروەهــا داواکاریــی کۆمەڵێــک کــوردی عێــراق [CO730/157/5].

٩٢. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (P.O. 225)، برووک-پۆفــام، کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لـە عێـراق، بـۆ بەڕێـز نـوری پاشا ئەلسـەعید، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، ٨ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠، پەیوەسـتە بـە پرسـی شـێخ مەحمـود، هاوپێـچ لەگـەڵ نامەیەکـی شـێخ مەحمـود بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، ١٧ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، داوا دەکات کـە کـورد لـە عـەرەب جیـا بکرێتـەوە [CO730/157/7].

٩٣. نـووسراوی زۆر نهێنـیّ، لەلایـەن سێر ر. برووک-پۆفـام، کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالەت لە عێـراق، بەغـدا، بـۆ لـۆرد پەسـفیلد، وزیـری موسـتەعمەرات، ٨ی تشرینـی یەکەمی١٩٣٠، تایبەتـە بـە وردەکاری زۆرتر لەسـەر یاخـی بوونەکەی سـلێمانی [CO730/157/7].

٩٤. داواکارییـەک لەلایـەن سـەرۆک خێڵەکانـی پشـدەرەوە، بـۆ سـەرۆکی کۆمەڵـەی گـەلان، لـە ڕێگـەی کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، ٩ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠، داوای دامەزراندنی دەوڵەتـی کـوردی لـە ژێـر ئینتیدابـی بەریتانیـا دەکات [CO730/157/8].

٩٥. وەرگێڕانـی داواکارییەکـی سـەرۆک خێڵەکانـی مەریـوان و کوێخـای ئـەو گوندانـەی دانیشـتووانەکەیان سـەر بە خێڵەکانی فەتەلی بەگن (Fatali Begi Tribes)، کە لە حاڵی حـازردا لەسـەر سـنوورەکانی ئێـران نیشـتەجێن، بـۆ سـکرتێری گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان، جنێـڤ، لـە ڕێگەی کۆمسـیاری باڵا لە عێراق، ٩ی تشرینـی یەکەمی ١٩٣٠، داوای ئیدارەی سـەربەخۆی کـورد لە ژێـر پارێـزگاری بەریتانیـای گـەورە دەکات [CO730/157/8].

٩٦. وەرگێڕانی داواکاری ژمارە ‹B›، لەلایەن جەعفەر سوڵتان، سەرۆک خێڵی باڵادەستی خێڵەکانی هەورەمان (Auraman) و سەرۆک خێڵەکانیتری کورد، بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، لە ڕێگەی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، داوای ئیدارەی سەربەخۆی کورد بە سەرپەرشتی حکومەتی بەریتانیا دەکات [CO730/157/8].

٩٧. یاداشـتی نووسـینگەی موسـتەعمەرات بۆ مسـتر ج. یّ. و. فلوود (Mr J. E. W. Flood)، لەلایــەن مســتر ج. هــال (Mr. J. Hall)، ١٣ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٣٠، هەروەهــا وەڵامدانەوەکـەی، ١٣ی تشرینـی یەکـەم ١٩٣٠، هاوپێـچ لەگـەڵ یاداشـتەکانی ١٤-٢٢ی تشرینـی یەکـەم ١٩٣٠ [CO730/157/6].

٩٨. داواکارییـــەک لەلایـــەن ســـەرۆک خێڵەکانـــی هەورەمـــان (Hauraman) و ســـەرۆک خێڵەکانیـتر بـۆ سـکرتێری کۆمەڵـەی گـەلان، جنێـڤ، لـە ڕێگـەی کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، ١٤ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٣٠، داوای چاوخشــاندن بــە داواکارییەکــە دەکات.

٩٩. نووسراوێکی سەر داخراو لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری موستەعمەرات، ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ نامەی ژمارە (SA/22413/655) لەلایەن کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، باس لە گەیشتنی داواکاری کۆمەڵێک کوردی عێراق دەکات [CO730/157/8].

١٠٠. وتارێـک بـە ناونیشـانی ‹عێـراق و پارێزگاکانـی باکـوور› لـە گۆڤـاری ‹The Near East and India›، ١٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠، [CO730/157/6].

١٠١. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە ٢٩٥٧، لەلایـەن نـوری ئەلسـەعید، سـەرۆک وەزیرانـی عێراق، بـۆ سـکرتێری سیاسـی، خانـەی مەندوبـی سـامی، ١٨ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠، تایبەتـە بـە سیاسـەتی حکومەتی عێـراق بەرانبەر ناوچـە کوردییـەکان [CO730/157/8].

١٠٢. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (P.O.239)، لەلایـەن سـکرتاریەتی کۆمسـیاری باڵا لـە عێراق، بـۆ نـوری ئەلسـەعید، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، ٢٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠، بـاس لـە گەیشـتنی دوو داواکاریـتری کـوردەکان دەکات [CO730/157/8].

١٠٣. ڕەشنووسی نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە (٣٠/٧٨٣١٥)، لەلایەن نووسینگەی موستەعمەرات بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە داواکارییەک کە لەلایەن کۆمەڵێک کوردی سلێمانی خراوتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. یاداشتنامەیەک لە نووسینگەی موستەعمەرات، بێ ڕێکەوت، تێبینی لەسەر ئەو داواکارییە دەدات کە لەلایەن عەزمی بەگی بابان و واژووکارانی داواکارییەکە خراوتەڕوو [CO730/157/6].

١٠٤. نووسراوێکـی نهێنـی لەلایـەن سـێر ف. هامفرێـس، کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، بـۆ لـۆرد پەسـفیلد، وەزیـری موسـتەعمەرات، ٢٤ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠، تایبەتـە بـە داواکارییەکـەی کۆمیتـەی ناوەنـدی نەتـەوەی سـەر بـە کۆمەڵـەی نەتەوەیـی کـورد، سـلێمانی، ٣١ی ئابـی١٩٣٠ [بەڵگەنامـەی ژمـارە ٧٥] [CO730/157/8].

١٠٥. داواکارییـــەک لەلایـــەن شـــێخ مەحمـــود و مێجـــەر مەحمـــود جـــەودەر (Major Mahmoud Djewdar)، نوێنـەری سـەرەکی کوردەکانـی عێـراق، سـلێمانی، بۆ سـەرۆکی

کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە داواکاری کوردانی عێراق [CO730/161/2].

١٠٦. تەلەگرامی ژمارە ٤٢٠، لەلایەن وەزیری موستەعمەرات، بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە ڕاگرتنی سەرکردەکانی کورد لە بەندیخانە [CO730/157/5].

١٠٧. تەلەگرامی ژمارە ٥١٨، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە ڕەشنووسی یاسای زمانی کوردی [CO730/157/7].

١٠٨. تەلەگرامی ژمارە ٥٢٥، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە بەندکراوان، ڕەمزی ئەفەندی و تەوفیق قەزاز [CO730/157/7].

١٠٩. نووسراوێکی نهێنی لەلایەن سێر ف. هامفرێس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ لۆرد پەسفیلد، وەزیری موستەعمەرات، ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بەو داواکارییەی کە ئاڕاستەی سکرتێری کۆمەڵەی گەلان کراوە [CO730/157/8].

١١٠. یاداشتی نووسینگەی موستەعمەرات بۆ مستر ج. ێ. و. فلوود لەلایەن مستر ج. هال ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، هەروەها وەڵامدانەوەکەی، ٧ی تشرینی دووەم ١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتەکانی ١٤٨ی نۆڤێمبەر ١٩٣٠-٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣١ [CO730/157/8].

١١١. تەلەگرامی ژمارە ٥٣٣، لەلایەن سێر ف. هامفرێس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ لۆرد پەسفیلد، وەزیری موستەعمەرات، ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تێبینیەکان لەسەر ڕەشنووسی نوسراوەکەی تایبەت بە کوردەکان دەخاتەڕوو [CO730/157/8].

١١٢. نووسراوێکی سەر داخراو لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری موستەعمەرات، ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ: نامەیەک بۆ سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان، ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە هەمووارکردنەوەی هەندێك وشەی ئەو یاداشتنامەیەی کە تێڕوانینی حکومەتی بەریتانیا لەسەر ئەو داواکارییە لە خۆدەگرێت کە لەلایەن کۆمەڵێک کوردی عێراق خراوەتەڕوو [بێ

هاوپێچەکە]. هەروەها تەلەگرامی ژمارە ١٢٥، لەلایەن وەزارەتی دەرەوە، بۆ باڵیۆزی بەریتانیا، جنێڤ، ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، ئەو هەمواركردنەوانەی کە لەلایەن سێر ف. هامفرێس پێشنیازکرابوو، نێردراون [تەلەگرامێک بۆ کۆمەڵەی گەلان لە ١٠ی تشرینی دووەم ١٩٣٠ هاوپێچ نەکراوە] [CO730/157/8].

١١٣. نووسراوی ژمارە ٣٢٨١، لەلایەن عەبدولقادر ڕەشید، سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، بۆ سکرتێری سیاسیی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە داواکارییەکی دیکەی کورد [CO730/157/8].

١١٤. تەلەگرامی ژمارە ٤٣٢، لەلایەن وەزیری موستەعمەرات، بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، باس لەوە دەکات کە خستنەڕووی تێبینییەکان لەسەر داواکارییەکانی کورد، بە یاداشتنامەیەکی جودا بێت [CO730/157/5].

١١٥. چڕکردنەوەی پوختەی [ڕاپۆرتی] هەواڵگریی سەربازیی ، ژمارە ٤٥، ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە پەنابەرە کوردەکان لە عێراق [CO730/157/7].

١١٦. تەلەگرامی ژمارە ٥٦٠، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە وروژاندنی [کوردەکان] لە دژی ڕێککەوتننامەی ئەنگلۆ-عێراقی [CO730/157/7].

١١٧. نووسراوی ژمارە (P.O.266) لەلایەن سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، تایبەتە بە داواکردنی ڕاپۆرتێک لەبارەی ڕەمزی ئەفەندی کە بەهۆی بەشداریکردن لە یاخی بوونەکەی سلێمانی دەستگیرکراوە [CO730/157/7].

١١٨. نووسراوی ژمارە (P.O.271) لەلایەن سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، داوای وردەکاری سەبارەت بە لێخۆشبوون لە میرزا تەوفیق قەزاز و ڕەمزی ئەفەندی [CO730/157/7].

١١٩. تەلەگرامی ژمارە ٥٩٧، لەلایەن کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، بۆ وەزیری موستەعمەرات، ١٣ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠، داوای زانیاری لەسەر ئەوە سیاسەتە دەکات کە کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان لەسەر داواکارییەکانی کورد گرتوویەتەبەر [CO730/157/8].

١٢٠. وەرگێڕانی نامەی نهێنی بە ژمارە ٤٣١٦، لەلایەن وەزیری ناوخۆ بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ١٤ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠، تایبەتە بە ١١ کەسی تومەتبارکراو کە لە بەندیخانەی کەرکووک دەستبەسەرکراون [CO730/157/7].

١٢١. نووسراوێک لەلایەن مستر ج. هاسۆرن هاڵ (Mr J. Hathorn Hall)، وەزارەتی موستەعمەرات، بۆ مستر س. و. باکستێر (Mr. C. W. Baxter)، وەزارەتی دەرەوە، ١٦ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠، تایبەتە بە تەلەگرامێکی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، لەبارەی داواکاری کورد لە کۆمەڵەی گەلان [CO730/157/8].

١٢٢. نووسراو، لەلایەن عەبدولقادر ڕەشید، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، بۆ سکرتێری سیاسیی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ١٦ی دیسەمبەری ١٩٣٠، تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەو کەسانە لە یاخیبوونەکەی سلێمانیدا تۆمەتبارن [CO730/157/7].

١٢٣. نووسراوێکی نهێنی لەلایەن سێر ف. هامفرێس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ لۆرد پەسفیلد، وەزیری موستەعمەرات، ١٩ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠، تایبەتە بە داواکاریی کوردان بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان [CO730/157/7].

١٢٤. نووسراوی ژمارە (E6855/2558/93) لەلایەن مستر ێ. کووت (Mr. E. Coote)، وەزارەتی دەرەوە، بۆ مستر ج. ح. هاڵ، نووسینگەی موستەعمەرات، ١٩ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠، تایبەتە بە داواکاری کوردان بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان [CO730/157/8].

١٢٥. پوختەی ژمارە (E109/31/93) لەلایەن شاندی بەریتانیا بۆ کۆمەڵەی گەلان، بێ ڕێکەوت، (٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٣١)، بە ناونیشانی ‹داواکاریی کوردان بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان›، ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆنی [هەمیشەیی ئینتیداب]، ڕەتکردنەوەی داواکەی کوردان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی دەخاتەڕوو،

کۆنگرەی ئاشتی (ل١)

ژمارە ٤٣٤

ڕێکەوتی گەیشتن: ٢٢ی کانوونی دووەم

نووسەر: سێر ر. وینگێیت (Sir R. Wingate)، قاهیرە ٣٢٩

١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨

سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کۆنگرەی ئاشتی

**سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**خواستی کوردان**

کۆپییەک لە [نووسراوی] بڵاوکراوە (circular)ی ‹کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد› (Comite de l'Independence Kurds) لە میسرتان بۆ دەنیردرێت کە ئاڕاستەی نوێنەرایەتی وڵاتانی دەرەوە کراوە کە دەنگۆکانی ئەرمەن لەسەر کوردستان ڕەت دەکاتەوە و داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەکات و ئەو ناوچانە دەستنیشان دەکات کە بە بڕوای نووسراوەکە پێویستە ببێتە بەشێک لە کوردستان.

ژمارەی دۆسیە: (١/١/٣٦٥)

ژمارەی نووسراوی دواتر: ٤٣٥

خانەی مەندوبی سامی (ل٢)

١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨

ژمارە ٣٢٩

(٣/٨١٦٦)

سێر

مـن شـەرەفمەندم کۆپیـەک لـە نـووسراوی ‹کۆمیتـەی سـەربەخۆیی کـوردەکان› لە میسر کـە ئاڕاسـتەی نوێنەرایەتـی وڵاتانـی دەرەوەی لـەم وڵاتـەدا کردبـوو، و ئـەو دەنگۆیـەی ئەرمەنـەکان لەسـەر کوردسـتان هێنابوویانـە ئـارا ڕەتـی دەکاتـەوە بۆتـان بنێـرم کـە داوای سـەربەخۆیی بـۆ کـوردەکان دەکات و داوای [دیارکردنی] سـنوورەکانی [کوردسـتان] دەکات بـەو شـێوەیەی کـە لـە پەرەگرافـی ٧ی نووسراوەکـەدا ئامـاژەی پێـداوە.

من سوپاسی گەیشتنی ئەم بەڵگەنامەیەم کرد.

سـێر، لەگـەڵ ئەوپـەڕی ڕێـزدا، مـن شـەرەفمەندم کـە بـە وەفاتریـن و ملکەچتریـن خزمەتـکارت بـم.

بەڕێز

ئاڕسەر جێمز بێلفۆر

The Right Honourable

Arthur James Balfour O,M., M.P

یاداشت (ل ١٧)

**کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردەکان لە میسر**

پێدەچێت ئـەم یاداشـتنامەیە تۆنێکـی لـە ڕادەبـەدەر بـێ ئەزموونانـەی ئاڕاسـتەی ئـەو لایانانـە بـکات کـە بـە ئامانجـی گرتـوون، ئەویـش بـە:

ا  گریمانــەی ئــەوە دەکات کــە دەوڵەتــی کوردســتان لەوبــەری باکــوور و ڕۆژئــاواوە بەرفــروان بێــت واتــە ئــەرزەرۆم، ئەرزەجــان، دێڤریــک لەخــۆ بگرێــت.

**ب** ڕەچـاوی بەرپرسـیارێتی کـوردەکان نـاکات لـە ڕەشـەکوژی ئەرمەنـەکان، بەڵکـو پێیوایـە ئـەم ڕەشـەکوژییە کونسـڵ و نێـردراوەکان لای خۆیـان وێنایـان کـردووە.

هەروەها بڕوانە ٣٠٦٣.

.M.D. 8/1

ئێمــە بــە ‹ســێر ر. وینگێیت›مــان ڕاگەیانــدووە ئێمــە ناتوانیــن گــوێ لــە زۆربــەی کــوردەکان بگریــن کــە هیــچ نوێنەرێکییــان نییــە.

A.C.K. January 9A. Toynobee

20/1/1919

P. I. D

کۆنگرەی ئاشتی (ل١٨)

١٩١٩

ژمارە ٤٣٥

ڕێککەوتی گەیشتن: ٢٢ی کانوونی دووەم

نووسەر: سێر ر. وینگێیت (Sir R. Wingate)، قاهیرە ٣٢٩

٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨

سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کۆنگرەی ئاشتی

**سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**خواستی کوردان**

ئاماژە بە نووسراوی قاهیرە بە ژمارە ٣٢٩ لە ١٦ی کانوونی یەکەم: کە کۆپی زۆرتر لەسەر داواکاریی ‹کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد› خراونەتەڕوو و بریتین لە کورتکراوەی ڕەتکردنەوەی بانگەشەی ئەرمەنەکان و داوای یارمەتی بەریتانیای گەورە دەکات بە تایبەتیش بۆ یارمەتیدانی کوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی خۆیان.

ژمارەی دۆسیە: (١/١/٣٦٦)

ژمارەی نووسراوی پێشتر: ٤٣٤

ژمارەی نووسراوی دواتر: ٧٤٨

ژمارە ٣٤٣ (ل ١٩)

(٥/٨١٦٦)

خانەی مەندوبی سامی

قاهیرە

٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨

سێر:-

لە بەردەوامی نووسراوەکەم بە ژمارە ٣٢٩، (٣/٨١٦٦) لە ١٦ی هەمان مانگدا، من ئەم شەرەفەم هەیە، کۆپی داواکارییەکیترتان بۆ بنێرم کە لەلایەن ‹کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد› بە دەستم گەیشتووە، کە تایبەتە بە خواستی کوردان.

ئەم نامەیە، بە تایبەت، داوا لە بەریتانیای گەورە دەکات، یارمەتی کوردەکان بدات تا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن.

من سوپاسی گەیشتنی ئەم بەڵگەنامەیەم کرد.

سێر،

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا، من شەرەفمەندمبەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارت بم.

واژوو

(R. Wingate)

The Right Honourable

Arthur James Balfoure, O.M., M.P

کۆپی (ل ٢٠-٢١)

(٤/٨١٦٦)

قاهیرە

١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨

بەڕێز...

لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨، ئێمە ڕاگەیێندراوێکمان بۆ هەموو حکومەتەکانی ئەوروپا، بەتایبەت، بۆ بەڕێزتانمان نارد. مەبەست لەم نامەیە وەبیرهێنانەوەی جیهان بوو کە ئێمەش هەین، جیهانێک کە خوازیارە قەرەبووی ئەرمەن بکاتەوە و [کورد] لەبیر بکات. لە ڕاستیدا، ئێمە هیچ کاتێک هزرمان لەوە نەکردووە داوای شتێکی زیاتر لەوە بکەین کە بە مافی خۆمانی دەزانین. دەمێکە وڵاتە داماوەکەی ئێمە بەدەست خراپ فەرمانڕەواییکردن و ململانێی نەتەوەیی دەناڵێنێت و تا بێ سڵەمینەوە ببێتە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ ململانێی ئەوروپا.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت تەنیا یارمەتی بەریتانیایە، واتە دۆستە کۆنەکەی موسڵمانان و تەنیا نەتەوەیەک کە هەستی بۆ دادپەروەری لە سەرووی دەمارگرژی ئایینی و بەرژەوەندیی بەرتەسکەوە دێت. بۆیە ئێمە داوای لێدەکەین کە نە تەنیا یارمەتیمان بدات، بەڵکو وڵاتەکەی ئێمە لە کۆیلاتی ڕزگار بکات و لە گەمارۆدانیی لەلایەن دەوڵەتی ئەرمینیاوە بیپارێزێت. هەروەها یارمەتیمان بدات لە سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی وڵاتەکەمان.

لەو ڕاگەیێندراوەی بۆ بەڕێزت نێردراوە، ئێمە ئەوەمان ڕوونکردووتەوە کە بۆچی پرسی ئێمە، پرسێکی دادپەروەرانەیە، بۆیە نامانەوێت دووبارە بە تێروتەسەلی بپرژێینە سەر بابەتەکە. بەهەرحاڵ، ئێمە دەمانەوێت چەند ڕاستییەکیتر بخەینەڕوو، تا پرسەکەمان بە تەواوی کامڵ بکەین. یەکێک لەم بابەتانە بریتییە لە پرسی ئەرمەنەکان کە نە پەیوەندی بە ئەرمەنەکانەوە هەیە و نە بە ئێمەمانانەوە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕووسیاوە هەیە کە خوازیارە کوردستان بە ئیمپراتۆرییە

بەرفراوانەکەیەوە بلکێنێت و بەم جۆرە بە ئێران و هیند بگات، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا ناکۆکی لە نێوان ئەرمەنەکان و موسڵمانان دروست کرد. لە ڕاستیدا، یەکەم جار کە ئێمە گوێبیستی ئەو دەنگۆیەی ئەرمەنەکان بووین لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٨٨٧ی سان ستێفانۆ بوو. واتە کاتێک کە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیا نووسی بووی بارودۆخی ئەرمەنەکان زۆر باشترە لەو کاتەی کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانلییەکان بوون و بە دڵنیاییشەوە باشترە لە بارودۆخی هاوسێیە موسڵمانەکانیان.

ئێمە بە نیاز نین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەرمەنەکان هیچ کاتێک حوکمڕانییەکی تایبەت بە خۆیان نەبووە، یاخود ئەوان شایانی قەرەبوو کردنەوە نین، بەڵام ئێمە ئاگاداری دەدەین کە دوو شتی هەڵە، نابنە شتێکی ڕاست و هەروەها کوردستان زۆر پێشتر لە ئەرمینیا بوونی هەبووە، هەمیشە خاپورکراوە و هیچ تاوانێکیان نەبووە، بۆیە ناکرێ [کوردستان] لە سەر نەخشەی زەوی ڕاماڵرێت، ئەمەش لەبری ئەو نادادپەرەوەرییەی کە لەلایەن ڕۆمان، بێزەنتی، تورکمان، تاتار، ڕووسیا و ئێرانییەکان ئەنجامدراوە، لە ڕاستیدا نادادپەروەرییەک لەلایەن گشت نەتەوەکانەوە ئەنجامدراوە جگە لە خۆیان نەبێت [واتە جگە لە ئەرمەنەکان].

ئێمە بە دەنگی بەرزەوە دەڵێین نەتەوەی کورد لە نەتەوەی ئەرمەن کۆنترە. لەوانەیە کەسێک لەم قسەیە دوو دڵ بێت، بەڵام ئەمە قسەی سەرەکیی ئێمەیە و ئێمە ئەم گووتەیە بەکار دێنین تا ڕاستیەکە بسەلمێنین، ئەمەش نەتەنیا بە پشت بەستن بە مێژووەکەمان، بەڵکو بە هێزی ئینسکلۆپیدیای گەورەی فەڕەنسا کە لەسەر باڵا دەستی ‹کوردەکان› نووسیویەتی: «کوردستان بەسەر ویلایەتەکانی تورکیا، واتە ئەرزەڕوم، دیاربەکر و.... دابەشکراوە».

«کوردەکان لە سەردەمێکی نەزانراوەوە بە ناوی گاردۆ ‹Gardu› دانیشتووی ئەم وڵاتەن. ناوچەی ئەوان دەکەوێتە نێوان دوژمنە ئاشورییەکان (Assurza). لەلایەن ئێرانییەکانەوە ئەوان بە کۆدراها (koudraha) و گادرۆگیۆس (Gardugues) ناسراون. ئەوان بە ترسناکترین دوژمنەکانی گەزنەفۆن ناسراون کە بوونە هۆی پاشەکشەی دە هەزار کەسییەکەی».

بە کورتی، ئەگەر پرسی ئەرمەنەکان بە دادپەروەروانە چارەسەر بکرێت، ئەرمینیا دەبێ بخرێتە پاڵ یەکەم پاشاتیەکەی. واتە بخرێتە پاڵ پارێزگاکەی ڕوسیا بە ناوی ئێلیزابێتپۆل (Elizabetepol)، واتە ئەو شوێنەی تا ئەم دواییە پایتەختەکەی ئاراکسێس (Araxes) بوو و شارە سەرەکییەکانی بە ناوی ئاخمایازین (Echmiazine) و ئیرەڤان بە ناوە کۆنەکانیان ماونەتەوە.

لەلایەکیترەوە، ئەگەر ئەمە پرسی زۆربەی نەتەوەکان بێت کە بڕیار لەسەر باڵادەستی خۆیان بدات، کەواتە ئێمە ئەو داتانەی کە لەلایەن ئینسکلۆپیدیای بەریتانیاوە نیشاندراون، دەخەینەڕوو. بە گوێرەی داتایەک کە لەلایەن ژەنەراڵ زێلیۆز (General Zeleuze) سەبارەت بە جوگرافیای کۆمەڵگای قەفقازیا خراوەتەڕوو، دانیشتووانی نۆ ویلایەتی تورکیا واتە، ئەرزەڕۆم، وان، بێتلیس، خارپوت، دیاربەکر، سیواس، ئادانا و تریبزۆندە بریتین لە ٦،٠٠٠،٠٠٠ کەس. (ئەرمەنەکان ٩١٣،٨٧٥ کەس، واتە ١٥٪، مەسیحییەکانیتر ٦٣٢،٨٧٥ یاخود ١١٪، موسڵمانەکان ٤،٤٤٥،٢٥٠ کەس یاخود ٧٤٪ی دانیشتووان).

ئەمەش پرسێکی سەرەکییە، ئایا ئێمە هەڵەین لەوەی بڵێین پرسی ئێمە، پرسێکی دادپەروەرانەیە و بەریتانیا نابێت ڕێگە بدات ببینە قوربانی بەرژەوەندیی نەتەوەکانیتر. هەر وەک دراوسێکەمان لە میزۆپۆتامیا، ئێمە داوا دەکەین بپارێزرێین لە چارەنووسێکی نادیار کە باڵی بەسەر ئێمەدا کێشاوە، هەروەها داوا دەکەین یارمەتی بدرێن تا شوێنێک لە ناوەندی جیهانی بەشارستانی بوومان هەبێت.

ئێمە نامانەوێت فێڵ بکەین. وڵاتی ئێمە دەوڵەمەندە بە کەرەستەی خاو، ئێمە ڕێگەی ئاسنین، ڕێگاوبان، ئامێرمان نییە و تەنانەت پارەشمان نییە ئەم ئامێرانە بکڕین. ئێمە نەتەنیا داوا لە بەریتانیا دەکەین ئازادیمان پێ ببەخشێت، بەڵکو یارمەتیمان بدات لە بەدەستهێنانی. ئێمە داوای لێدەکەین پارەمان بە قەرز بداتێ تا ڕێگەی ئاسنین دروست بکەین، بۆ ناردنی مرۆڤە بە تواناکانمان بۆ بەشارستانیکردنی وڵاتەکەمان و دەوڵەمەندکردنی و بوژاندنەوەی. بە واتایەکیتر ببێتە دایکی وڵاتە منداڵەکەمان. ڕاستە لەبری گشت ئەمانە ئێمە شتێکی زۆر کەممان هەیە کە بە

ئێـوەی بدەیـن، بـەڵام تەنانـەت ئـەم شـتە کەمـەش لەوانەیـە یارمەتیـدەر بێـت. لـە لای خۆمانـەوە، بـە بـڕوای ئێمـە، لـە بەرژەوەنـدی بەریتانیـای گەورەدایـە دراوسـێیەکی هەبێت بـە تەواوەتـی ملکەچـی ئـەو بێـت و بـە تەواوەتـی لـە ژێـر قەڵەمـڕۆی ئـەودا بێـت، هـەر وەک چـۆن ئەمـە لـە کەیسـی ئەرمینیـادا ڕوویـدا کـە لـە ژێـر چەنـد دەسـەڵاتێکی تێکـەڵ دا بـوو. [ئەگەرنـا] نـە تەنیـا کـوردەکان، بەڵکـو عەرەبەکانیـش دەبنـە ڕەگـەزی ناکۆکـی و سـەرهەڵدانی جەنگێکـی چاوەڕواننەکـراو.

هەروەهـا ئێمـە لـە ئاسـیا، دەبینـە چەپـەر بـۆ بەریتانیـا، وەفادارێتـی ئێمـە زۆر بـە باشـی ناسراوە. بۆیـەش ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن پێویسـت نـاکات لـەوە زۆرتـر بڵێیـن کـە هـەر وەک چـۆن کـوردەکان ئامـادەن بـۆ مـردن بـۆ دووبـارە دانـەوەی قەرزەکـەی بـە هەمـان شـێوەش ئامـادەن بـۆ مـردن لـە پێنـاو پارێزگاریکـردن لـە وڵاتەکەیـان. لـە بەڕێزتـان دەپاڕێینـەوە....

واژوو

گۆرەیا بەشیرخان

(Gureya Bechir khan)

یاداشتەکان (ل ٢٢)

(٣٠٦٣)

خواستی کوردان

بڕوانە ٣٠٥٠

ئـەم یاداشـتنامەیە پێشـنیازێک لەخۆدەگرێـت کـە هەڵکەوتـەی شـیاو بـۆ وڵاتـی ئەرمینیـا لـە نـاو جۆرجیادایـە.

M. D. C 8/1

A. C. K

ئێسـتا کـوردەکان داوا لـە بەریتانیـا دەکـەن ببێتـە دایکیـان. مـن نازانـم چەنـد داواکاریـتری لـەم جـۆرە کـە ئێسـتا هەمانـە دەمانبێتـەوە، بـەڵام ئـەم داواکارییانـە لـە رادەبـەدەر بوونـە و دەبـێ ئـاگادار بیـن و ئەنجامەکەشـی بریتییـە لـە کۆمەڵێـک بەڵێنـی دیـار کـە نائۆمێـدکاری دەبێـت، ئەمـەو سـەرەڕای تێچـووە ناومکینەکەیـان. لەخۆگرتنـی ئـەم جـۆرە کەیسـە، هەڕەشـەی ئـەوە لەسـەر بەریتانیـا دروسـت دەکات کـە وەک ئافرەتێکـی پیـر بێـت لـە قوژبنێکـدا دەژیـت و هەروەهـا وەک شـێوازی ئـەو ئافرەتـەی لێهاتبێـت کـە لەگـەڵ منداڵەکانـی شـایانی لاسـاییکردنەوە بـن. بـە بـڕوای مـن کۆپیـەک لـەم ڕاپۆرتـە و لـە ڕاپۆرتـی ٣٠٥٠، باشـتر بـۆ (I. O) [نووسـینگەی هینـد] بنێردرێـت و دەقـە ئۆریجناڵەکەشـی بـۆ کۆنفڕانسـی ئاشـتی لـە پاریـس بنێردرێـت.

بەڵام سەرەتا بۆ مستر توینبی (Mr. Toynbee) بنێردرێت.

G. Kidston

Jan. 9/19

من ئەمڕۆ پاریسم بە جێهێشت، بەڵام دوێنێ ئەم ڕاپۆرتانەم بینی.

ئـەو سیاسـەتەی لـە یاداشـتنامەکەی وەزارەتـی دەرەوە بـۆ بـەردەم کۆنفڕانسـی ئاشـتی

پێشنیازکرابوو، داوای کۆنفدراسیۆنێکی بچووکی کوردی دەکات کە بکەوێتە باشووری ڕووباری بۆتان و لە ژێر جۆرێک لە کۆنترۆڵ یاخود هاوکاریکردنی میزۆپۆتامیادا بێت، بەڵام ئەرمینیای گەورە کە لە یاداشتنامەکەدا پێشنیازی دامەزراندنی دراوە، پانتایەکی زۆری کورد لەخۆ دەگرێت.

هیوای ئەوە دەخوازرێت بە دەسەڵاتدارێتی تورکیا، ناکۆکی نێوان کورد و ئەرمەنیەکان بوەستێت، ئەویش هەر کاتێک کە سیاسەتی تورکیا لە وروژاندنی کوردەکان لە دژی ئەرمەنەکان بوەستێنرێت.

E. G. A. F

Jan. 10

A. Toynbee

20.1.19

کۆنفرانسی ئاشتی (ل٢٣)

سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ژمارە ٧٤٨

ڕێکەوتی گەیشتن: ٢ی کانوونی دووەمی ١٩١٩

نووسەر: وەزارەتی دەرەوە

١٣٣

٢٣ی حوزەیرانی ١٩١٩

خواستی کوردەکان

ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی دەرەوە ژمارە ١ لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٩.

ناردنی کۆپییەک لە نووسراوی ژمارە ١١ لە ڕێکەوتی ٥ی کانوونی دووەمی ١٩١٩، لەلایەن کۆمسیاری باڵای بەریتانیا، ئێستانبۆل، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتێک کە لەلایەن ‹کۆمیتەی کوردستان› خراوەتەڕوو. یاداشتەکە داواکاریی کوردەکان دەخاتەڕوو و داوا دەکات حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا ڕەچاویان بکات. لە گفتوگۆیەک لەگەڵ دەریاوان کالسۆرپ (Admiral Calthorpe)، شاندی کۆمیتەکە جەخت لەسەر پەیوەندی دۆستانە لە نێوان کورد و ئەرمەنەکان و میزۆپۆتامیاکان کردەوە. هەروەها داوای مۆڵەتیان کرد بۆ ناردنی نوێنەر بۆ کۆنفرانسی ئاشتی. بە بۆچوونی دەریاوان کالسۆرپ، گرنگە بۆ کۆنفرانسی ئاشتی کە پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەنەکان ڕێکبخرێت، هەروەها ڕەچاوی ئەوە بکات کە گلەیی ئەوان (واتە کورد و ئەرمەن) لە تورکیا گلەیی دادپەروەرانەیە.

ژمارەی دۆسیە: (١/١/٣٦٥)

ژمارەی نووسراوی پێشتر: ٣٥

(هیند)

ژمارەی نووسراوی دواتر: ٢٠١٩

ژمارە ١٣٣ (ل ٢٤)

ئێرل کۆرزۆن لە کێدلستۆن (Earl Curzon of Kedleston) ڕێزی خۆی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە دەردەبڕێت، هەروەها شەرەفی ئەوەی هەیە بۆ بەرچاوڕوونی مستر بلفۆر، ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە بخاتەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٩

ئاماژە بە نووسراوی پێشوو

بۆ: وەزارەتی دەرەوە

وەسفی نووسراوەکە

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| | ئۆتۆنۆمی بۆ کورد |

ژمارە: ١١/١٢٢٨٩ (ل٢٦-٢٨)

کۆمسیاری باڵای بەریتانیا،

ئێستانبۆل

٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٩

بەڕێز:-

بە ئاماژەدان بە تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٣٧، لە ٥ی کانوونی دووەمی ١٩١٩، من شەرەفمەندمکۆپیەک لە یاداشتێک کە لەلایەن ‹کۆمیتەی کوردستان› ئاڕاستەی من کراوە بۆتان بنێرم. ئەم یاداشتە لە ڕێگەی شاندێک کە لەلایەن سێناتۆر شەریف عەبدولقادر سەرکردایەتی دەکرا خرایەڕوو. ئەو سەرۆکی خێزانی بەدرخانی ناودارە کە دەکەوێتە نزیک سنووری نێوان تورکیا و ئێران. شاندەکە لەلایەن مستر هیان (Mr. Hyan)ەوە پێشوازی لێکرا و بەڵێنی ئەوەیدا کە یاداشتەکە بۆ بەرچاوڕونی بەڕێزت بنێرێتە لەندەن، بەڵام هیچ لێدوانێکمان نەدا مەبادا بە هەڵویستی فەرمی حکومەتی خاوەنشکۆ بەرانبەر خواستی کوردان هەژمار بکرێت.

شاندەکە لە گفتوگۆیەکەدا جەختی لەسەر باڵادەستیی لەڕادەبەدەری کوردەکان لە ناوچەیەکی بەرفراوانی ئەو پارێزگایانەی کردەوە کە لە هزری ئەورووپای ڕۆژئاوا بە ئەرمینیاوە گرێدراون، هەروەها نیگەرانی خۆیان لەبارەی ئەگەری پشتگوێ خستنی بانگەشەکەیان خستەڕوو لە ئەگەری قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە بەرانبەر ئەم نەتەوەییە (واتە ئەرمەنەکان) ئەمجامدراون. ئەوان جەختێکی زۆریان لەسەر پەیوەندی دۆستانە لە نێوان کورد و ئەرمەنیەکان کردەوە، کە بە گوتەی ئەوان بوونی هەبووە، هەروەها تیشکیان خستە سەر ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە کاتی خۆیدا تورکەکان بە کردە تێکدەرانەکانیان ئەنجامیانداون.

هەروەها ئەوان تیشکی زۆریان خستەسەر ئەو پەیوەندییە نزیکەی کە لە نێوان سەرۆک خێڵەکانی کورد و هاوسێیە نەستورییەکاندا هەبووە، بە تایبەتیش ئەو پەیوەندییە نزیکەی کە لە نێوان بەدرخان و مار شەمعوندا هەبووە. بۆ سەلماندی

ئـەم قسـەیە ئـەوان ‹عەبدولئەحـەد داوود›یـان لەگـەڵ خۆیانـدا هێنابـوو. وادیاربـوو کـە ئـەم کەسـە جێگـەی متمانـە بـوو و وەک وەرگێڕێـک ‹یاداشـتەکەی› وەرگێڕابـوو.

وادیـار بـوو ئـەم پیـاوە هەندێك زانیاریـی مێژوویـی هەبێـت، بـەڵام مـن لـە توانایـی ئـەو بـۆ قسـەکردن لەبـری نەسـتورییەکان و کلدانییەکانی دانیشـتووی سـەر سـنووری نێوان تورکیـا و ئێـران بـە گومانـم. ئەگەرچـی ئـەو پشتڕاسـتی کـردەوە کـە ئـەو بـە ڕەچەڵـەک نەسـتورییە، بـەڵام نەیویسـت ناسـناوی خێزانـی خـۆی بڵێـت. هەروەهـا دانـی بەوەنـا کـە بـە پێـی بـڕوای ئایینـی یەکتـا پەرسـتە.

شـاندەکە بـە شـێوەیەکی زۆر نـاڕوون تیشـکیان خستەسـەر گرفتەکانـی بـەردەم ئەگـەری دامەزراندنـی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ. بەشـێوەیەکی گشـتی، ئـەوان بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کـە گشـت ئـەو ناوچەیـەی کـە بـە ئەرمینیـای تورکیـا دەناسرێـت بـە تەواوەتـی یـا خـود زۆرینـەی دانیشـتووانی کـوردن، هەروەهـا بەشـێک لـە قەڵەمـڕەوی پێشـووی ڕووسـیا تـا دەگاتـە پشـتەوەی بایەزیـد، هەروەهـا گشـت ناوچـە سـنوورییەکانی ئێـران تـا دەگاتـە لوڕسـتان. بەهەرحـاڵ، ئـەوان پرسـی دیارکردنـی سـنووریان بـۆ بڕیـاری دادپەروەرانـەی کۆنفرانسـی ئاشـتی بەجێهێشـت. هەروەهـا شـاندەکە داوای ئاسـانکاریکرد بـۆ ناردنـی کۆمەڵێـک نوێنـەر بـۆ خسـتنەڕووی پرسـی کـورد.

ئاسـایی نییـە کـە کـوردەکان بـە نەتەوەیەکـی لێبـوردە هەژمـار بکەیـن. هەروەهـا قسـەکانی شـاندەکەوە سـەبارەت بـە خۆشەویسـتییان بـۆ ئەرمەنـەکان بـەم ڕادەیـە نییـە. لەهەمانکاتـدا کـوردەکان ڕەگەزێکـن کـە ناکـرێ دواجـار بانگەشـەکانیان لە چارەسـەرکردنی پرسـەکانی ئاسـیادا [دوو وشـە ناخوێندرێتـەوە. وەرگێـر] پشـتگوێ بخرێـت.

لـە حاڵـی حـازردا، هـەر گرفتێـک لەبـەردەم چارەسـەکردنی بانگەشـەی کـوردەکان و هەروەهـا بانگەشـەکانی ئەرمەنـەکان دەبنـە هەوێنـی نانـەوەێ کێشـە لـە داهاتـوودا.

سـەبارەت بـە پەیوەنـدی نێـوان کـورد و تـورک، ئـەوان هەمیشـە لەلایـەن تورکەکانـەوە وەک ئامرازیـك بـۆ سـەرکوتکردنی ئەرمەنـەکان بـەکار هاتـوون، بـەڵام شـایانی وەبیرهێنانەوەیـە کـە خـودی کوردەکانیـش بیرەوەریەکـی تاڵیـان هەیـە

لـە کـردەوە توندڕەوەکانـی حکومەتـی تورکـە گەنجـاکان، ئەویـش لـە دوای شۆڕشـە سـەرنەکەوتووەکەی بەهـاری سـاڵی ١٩١٤ کـە لـە دەوروبـەری ناوچـەی بەتلیـس ڕوویـدا. واتـە کاتێـک کـە سـەرکردە قسـەڕۆکانی کـورد وەک تاوانبـار لـە سـێدارە دران. شـاندەکە باسـی لـەوە کـرد کـە ئـەم سیاسـەتەی [حکومەتـی تورکیـا] لـە مـاوەی جەنگـی [یەکەمـی جیهانیـدا] بـەردەوام بـووە.

ئـەوان سـەرنجیان خستەسـەر نووسـینێک کـە لـەم دواییـەدا لەلایـەن ‹جاڤیـد› پاشـا›وە بـڵاو کراوەتـەوە کـە والـی پێشـووی بەغـدا بـووە. ئـەو دەڵێـت، لـە سـەرەتای جەنگـدا، ٧٠٠ کـوردی خۆبەخـش کـە بـە تـەک بانگەوازییەکـەی والـی مووسـڵدا هاتـن ئەوەیـان ڕەتکـردەوە بچنـە بەسـڕا و لـە دژی ئینگلیـز بجەنگـن. ئـەوان گووتبویـان «ئینگلیـزەکان مرۆڤـی باشـن، ئێمـە لەگـەڵ ئەوانـدا بـە باشـی دەژیـن، ئەسـپییان لەگـەڵ دەگۆڕینـەوە«.

بەڕێز،

من شەرەفمەندم کە ملکەچترین خزمەتکارت بم

واژوو

H. Calthorpe

کۆمسیاری باڵا

کۆپی (ل ٢٨-٣٢)

کۆمیتەی کوردستان

ئێستانبۆڵ

٢ی کانوونی دووەمی ١٩١٩

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بۆ بەڕێز دەریاوان، سێر هێنری کالسۆرپ

کۆمسیاری باڵای حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا

بەڕێز

ئێمە، کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، وەک سەرۆک و ئەندامانی کۆمیتەی کوردستان، بەڕێزەوە لە بەڕێزت دەپاڕێینەوە کە ڕەچاوی پێداویستی و داواکارییەکانی نەتەوەی کوردی پشتگوێ خراو، بکەیت. هەروەها داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم نووسراوە بخەیتەبەردەم حکومەتە خاوەن سەرەوەرییە شکۆدارەکەتان.

لە مێژوودا، ئەمە بۆ یەکەم جارە کوردەکان لە ڕێگەی نوێنەرە وەفادار و سوپاسگوزارەکانیانەوە، شەرەفی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی فەرمی پەیوەندی بە حکومەتی بەریتانیاوە بکەن. ئێمە هیواداریـن پێشوازیی لە داواکارییە ڕاست و ڕاوەکانیان بکرێت.

کورد وەک میراتگری ڕاستەقینەی میدیەکانی کۆن، هەمیشە ژیانیکی سەربەخۆ و ئازادیان هەبووە و یەکێک لەو نەتەوانەیە کە لە نەتەوەکانی کۆنەوە ماونەتەوە. کوردەکان، بە درێژایی مێژووی ڕابردوویان، هیچ کاتێک بە تەواوەتی نەکەوتوونەتە ژێر جڵەوی هیچ [دەسەڵاتێکی] دەرەکی. تەنیا لە دوای هاتنیان بۆ سەر ئایینی ئیسلام بووە کە ئەوان بە مۆتیڤی ئایینیەوە، چارەنووس و داهاتووی خۆیان بە هاو ئایینەکانی بەستووتەوە، واتە لەگەڵ چارەنووسی عەرەب و تورک و فارس کە دراوسێی کوردن.

ئەمیر و فەرمانڕەواکانی کورد هەمیشە یارمەتیدەری خەلیفەکان و سوڵتان و پاشاکان بوونە، ئەمەش نە وەک ڕەعییەتێک، بەڵکو وەک هاوپەیمانێکی خۆبەخش. هەروەها هەندێك لە ناودارانی کورد، وەک سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی و ئیمپراتۆری کورد لە ئێران، کەریم خان، هەمیشە هاوئایینەکانی لە لەناوچوون و کارەساتەکان پاراستووە، بەڵام بەداخەوە کە ئیمپراتۆرەکانی عوسمانی و ئێران، سوودیان لەم هەڵوێستە جوامێرانەی کورد وەرگرتووە و بە نادادپەروەرانە کوردستانیان لە ناو خۆیاندا دابەشکردووە. بەهەرحاڵ ئەم داواکارییەی کوردەکان تا ڕادەیەک ڕووکەشانەیە، چونکە تەنانەت تا ڕۆژی ئەمڕۆ هەندێك لە خێڵە کوردییەکان لەلایەن ئەمیر و سەرۆک خێڵەکانیانەوە حوکمڕانی دەکرێن.

هەروەها شایانی ئاماژە پێکردنە لکاندنی کورد بەسەر ئێران و تورکیاوە، بە هۆی ترسان لە توانەوەیان لەناو ڕووسەکانەوە بووە. هەر بەم هۆیەشەوە بووە کە کوردەکان بەرانبەر سەرکوت و خراپ-مامەڵەکردنی ئەم دوو حکومەتە دانیان بەخۆدا گرتووە. تەنانەت ئێمە بەڕێزت دڵنیادەکەینەوە کە کورد لەلایەن حکومەتی ئیتیحادوتەرەقییەوە پەلکێشی ناو ئەم شەڕە بووە، هەروەها لەلایەن ڕووسەکانەوە کە کۆمەڵە جۆراوجۆرکانی غەیرە مووسڵمانی لە دژی گەلی ئێمە ورووژاند و بەڵێنی بەخشینی خاکێ ئێمە بەم کۆمەڵانەدا کە گەلێ ئێمە لە دێرزمانەوە لەسەر ئەم خاکە نیشتەجێن، ڕووسەکان بە کردەوە هەڕەشەیان لەسەر بوونی کورد دروستکرد.

ئێستا لەلایەک ترس لە ڕووسەکان نەماوە، لە ژێر دەسەڵاتی هاوپەیمانییەکانی سەرکەوتووی سەردەمێکی ڕووناکتر لە دادپەروەری، ئازادیی و یەکسانیی بۆ گشت گەلانی جیهان هاتووتەدی. لە لایەکیترەوە، ئێمە هیچ هۆکارێک نادۆزینەوە تا کورد لە ژێر جڵەوی دەسەڵاتدارە سەرکوتکارەکانی پێشوودا بمێننەوە.

سێ: بارودۆخی نالەباری ئێستای کورد، هەژاری، نەزانی و دواکەوتوویی کلتوریی و شارستانی، کە هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ خراپ حوکمڕانی کردنیان دەگەڕێتەوە، بە بڕوای ئێمە ئەم کارە تاقەت پڕوکێنە و هەربۆیەش پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. سەرەڕای ئەمەش لە ئێستادا هەندێك کەسی خاوەن لێهاتوویی و شارەزایی لە ناو

کوردەکانـدا هـەن، کـە ئەگـەر بـێ و ئـەم بەهرانـە لـە ژێـر حکومەتێکـی زیـرەک و زانـادا پەرەیـان پێبدرێـت، بـە دڵنیاییـەوە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بتوانـن لـە پـاڵ نەتەوەکانـی پێشـکەوتووی ئـەم جیهانـە شـوێن پەنجەیـان هەبێـت.

ئێمـە دەتوانیـن بانگەشـەی ئـەوە بکەیـن کـە گشـت ئـەو ڕەگـەزە پێکهێنەرانـەی بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ و نەتەوەیـەک کـە خـۆی حوکمڕانـی خـۆی بـکات، هەمانـە. لـە نـاو کـورددا ئێمـە ژمارەیەکـی بەرچـاو لـەو کەسـانەمان هـەن کـە لـە گشـت بوارەکانــی زانســتدا خوێندوویانــە و بــە دڵنیاییــەوە هیچیــان لــەو نەتەوانــە کەمــتر نییـە کـە ئێسـتا ئیمپراتۆریـی عوسـمانیان پێکهێنـاوە. لـە هەمانکاتـدا، لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهـەڵات و لەسـەر سـنوورەکانی ئێـران، ژمـارەی ئێمـەی کـورد لـە پێنـج ملیـۆن کـەس زۆرتـرە. هەروەهـا ئـەو ناوچەیـەی کـە هـەر لـە کۆنـەوە کـوردەکان تێـدا نیشـتەجێن، ئێمـە بـە میراتـی یاسـایی و بـێ مشـتومڕی خۆمـان دەزانیـن، ئەوێـش بەسـە بـۆ پێشـکەوتنی نەتەوەیـی ئێمـە و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانمان.

ئێسـتا لەلایـەن گشـت گەشـتیارە بێلایەنـەکان، جوگرافینـاس و تێبینـەرە ئەوروپییەکانەوە سـەلمێنراوە کـە پارێزگاکانـی عوسـمانی سـیواس، ئەنقـەرە، قونیـە و حەلـەب و ئەدەنـا بەشـێک لـە دانیشـتووانیان کـوردن، هـاوکات زۆرینەی هـەرە زۆری دانیشـتووانی ئـەرزرۆم، وان، بێتلیـس، خارپـوت، دیاربەکـر و مووسـڵ کـوردن.

بۆیـە بەڵگەنەویسـتە کـە کـورد نەتەنیـا ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە کەسـانی زۆر شـارەزا و خوێندەواریـان هەیـە، بگـرە ئـەوان خاکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە و چەندیـن ملیـۆن گیانـی هەیـە کـە ئامـادەن خۆیـان بەخـت بکـەن لـە پێنـاو مانەوەیـان و لـە پێنــاو خــۆ بەڕێوەبــردن.

سـەبارەت بـە داواکاری و مافەکانـی گەلـی کـورد، کۆمەڵـگای کوردسـتان زۆر بـە ڕێـزەوە ئـەم خاڵانـەی خـواروە دەخاتـە بـەر دیـدی بەڕێزتـان:

١. ناوچەیەکی جوگرافیایی دیارکراو بۆ گەلی کورد دەست نیشان بکرێت.
٢. کـورد خۆشـحاڵ دەبـن هەمـان جیاوکیـان هەبێـت و بـە هامـەن شـێوە لەلایـەن

هێزەکانی هاوپەیمانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هەر وەک چۆن بە نەتەوەکانیتری وەک عەرەب، ئەرمەن، کلد و ئاشوری و نەتەوە بچووکەکانیتر بە بێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی کراوە.

٣. خۆ بەڕێوەبەری بۆ کورد گەرەنتی بکرێت.

٤. کورد بە ڕێزەوە داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکەن پارێزگاریی لە ماف و بەرژەوەندییەکانیان بکات و لە ڕەوتی گەشەسەندن و بوژانەوە یارمەتیان بدات.

٥. لە ڕادەستکردنی ئەم یاداشتە بە بەڕێزتان، ئێمە داوا دەکەین بە ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزت بمێنینەوە.

**واژووکاران:**

مەلا سەعید

مستەفا پاشا

ئەمیر بەدرخان زادە

ئەمین عەلی بەگ

بەدرخان زادە

سەرۆکی کۆمیتەی کوردستان، سناتۆر شێخ عەبدولقادر.

خەلیل سکرتێری.

شیخ عەبدوڵا زادە.

مەلا عەلی ڕەزا.

سەعید عەبدوڵا

محەمەد ئەمین

عەبدولعەزیز بابان زادە

وەرگێڕ: عەبدوڵئەحەد داوود

کۆنفرانسی ئاشتی (٣٣)

سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ژمارە ٢٠٧٩

ڕێکەوتی گەیشتن: ١٤ی شوباتی ١٩١٩

نووسەر: شەریف پاشا

سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

١٤ی شوباتی ١٩١٩

داواکارییەکانی کورد

باس لەو هۆکارانە دەکات کە بۆچی کۆنفرانسی ئاشتی دەبێ پاڵپشتی لەسەربەخۆیی کوردستان بکات، ئەم هۆکارانە بریتین لە:

١. بەهۆی دابینکردنی لەوەڕگە بۆ مەڕوماڵات لە وەرزی هاوین و زستاندا، کە سەرچاوەی سەرەکی بازرگانیی کوردە.
٢. گرنگی کوردستان لە بەکارهێنانی وەک دەوڵەتێکی بەربەست لە دژی مەیلە بەلشەفییەکان کە لە حاڵی حازردا لەناو ئەرمەنەکان زاڵە.

داواکارییەکە باس لە وردەکارییەکانی سنوور دەکات کە دەبێ لەلایەن کۆمیسیۆن دابڕێژرێت و لە ژێر چاودێری هەمان کۆمیسیۆن ڕاپرسییەک بۆ زانینی ڕای گشتی بەڕێوەبچێت.

ژمارەی دۆسیە: (١/١/٣٦٥)

ژمارەی نووسراوی پێشتر: ٧٤٨

P.H (action completed)

(Indian)

ژمارەی نووسراوی دواتر: ٢٨٥٤

٣٣ (ل٣٤-٣٨)

١٤ی شوباتی ١٩١٩

**کۆمەڵێک سەرنج لەسەر داواکارییەکانی کورد**

پێموایە باشترە پێش دەستپێکردنی کۆنفرانسی ئاشتی، پرسی ئەرمەنەکان بە کورتی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، هەروەها گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکرێت کە بەرژەوەندی کوردەکان چیتر شایانی ئەوە نییە لە پاریس بەرگری لێبکرێت. خزم و کەسوکاری باوکی خوا لێخۆشبووم، سەعید پاشای سلێمانی، هەروەها خزم و کەسوکاری باوکەکەی ترم، مارشال شەریف پاشا، هەر کورد بوون. بەم پێیەش پێموایە ئەوە ئەرکی منە بۆ ئەنجوومەنی باڵای نێوان وڵاتە هاوپەیمانەکان داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلەکەم بخەمەڕوو. ئەم گەلە نەتەنیا زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی ئەرمینیا پێکدێنن، بەڵکو ئەو هارمۆنیەی لە نێوانیاندا هەیە ئەو مافەیان پێدەدات داوای پێداچوونەوەیەکی ورد بکەن و ڕێزیان لێ بگیرێت.

لە ناوەنـدە دەستڕۆویشـتووەکان و لـە ئێسـتانبوڵدا، هەروەهـا لـەم وڵاتـدا و لـە نێـوان بەندکراوەکانـی جەنـگ کـە لـە ناوەڕاسـتی هینـد دەژیـن، گشـت ئـەو کەسـانە چاوەڕوانـن کـە مـن بەرگـری لـە بەرژەوەندییەکانـی گەلەکـەم بکـەم، بۆیـە مـن بەوپـەڕی هێـزەوە بەرانبـەر داواکارییەکانیـان کرنـۆش دەبـەم، چونکـە خـۆم لایەنگـری مرۆڤایەتیـم.

ئەگـەر لـە میانـەی کۆنفرانسـی ئاشـتیدا سـەربەخۆییەکی سیاسـیی بـۆ ئەرمـەن و عەرەبەکانـی تورکیـا هاتـەدی، بـۆ هێـزە هاوپەیمانـەکان شـتێکی سروشـتی و دادپەروەرانـە دەبێـت ڕەچـاوی ئـەو گرووپـە بەیەکـەوە گونجـاوە بکـەن کـە ڕەگەزیـی کـوردی پێکدێنێـت. واتـە شوناسـەکەی کـە بنەمـای ناسیۆنالیسـتی پێکدێنێـت جێگـەی مشـتومڕ نییـە و هەسـتکردن بـە دادپـەروەری کـە سیاسـەتی پێشـبینیکراوە درێژخایەنەکەی سـەرۆک ویلسـۆن، وا لـە کـورد دەکات هیـوادار بـن بـە نـاوی بنەماکانـی ئاشـتی و دادپـەرەوەری، بەرژەوەندەییـە نەتەوەییەکانیـان پارێـزراو بێـت. بۆیـە بێگومـان ئـەوان لـە مـاوەی کۆنفرانسـی ئاشـتیدا داوای ئۆتۆنۆمـی سیاسـیی بـۆ کـورد دەکـەن و بـە جۆرێـک ئاسـتی ئـەم ئۆتۆنۆمییـە لـەوە زۆرتـر بێـت کـە بـە ئەرمەنیـەکان و عەرەبـەکان دراوە.

ئەگـەر، خواسـت لەسـەر پیادەکردنـی بنەماکانـی ڕەگـەز و نەتـەوە لـە سـەر ئەرمەنەکانـدا بوونـی هەبێـت، کەواتـە دەخـوازێ بەسـوود چـاو لـە هەلومەرجـە بخشـێنین کـە دەبنـە هـۆی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کـوردی، ئـەم دەوڵەتـەش دەبێتـە دراوسـێیەکی سروشـتییان. بۆیـە لـەم بـارەوە هەبوونـی چاودێـری ورد بـە پێویسـت دەزانرێـت.

سـامانی سروشـتی کـوردەکان لـە بەخێوکردنـی ئاژەڵـدا چـڕ بووەتـەوە، ئەمـەش بـە هـۆی لەبـاری کەشـوهەوا و بوونـی لەوەڕگـەی هاوینانـە و زسـتانانە. ئەگـەر یەکێـک لـەم لەوەڕگانـە لـە دەرەوەی ئـەو سـنوورەدا بمێنێتـەوە کـە بـۆ داهاتـووی کوردسـتان کێـشراوە، ئەمـە تـا ڕادەیەکـی زۆر کاریگـەری لەسـەر ژیانـی ئابـووری خەڵـک دروسـت دەکات و هـەر بـە خێرایـی بارودۆخـی ژیانـی خەڵـک تێکدەچێـت.

بـە هـۆی ئـەم هـۆکارە سـەرەکییەوە، ناکرێـت بـە هێـچ شـێوەیەک زەرورەتـی، تێبییـە ئەتنیکییـەکان و مێژوویـەکان ڕەچـاو نەکرێـن.

ئێمـەی کـورد لـە سـەرچاوەکانی سـامانی خۆمـان بێبـەش کراویـن، بۆیـە چارەنـووس ئەوانـی ناچـار کـردووە بـەدوای قەرەبـوو [کردنـەوەی ژیـان] لـە وڵاتانـی دراوسـێیان [ژیـان بەسـەر بـەرن] و خۆیـان بـە دەسـت هێرشـی داگیرکاریـی (razzias) و چارەنووسـی وڵاتانـی دراوسـێ ببەسـتن.

لـە گشـت نەتەوەکانـی ئاسـیادا، کـورد یەکێـک لـەو نەتەوانەیـە کـە دەتوانێـت دەوڵەتێکـی حائیـل بێـت بـۆ ڕێگـری کردن لـە بڵاوبوونـەوەی ڕێڕەوی بێلشڤیسـت دروسـت بـکات، چونکـە دەبـی ڕەچـاوی ئـەوە بکەیـن ئەرمەنـەکان زۆر بـە قووڵـی ئاڵـودەی ئـەم بیرۆکـە مەترسـیدارە بوونەتـەوە، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو دووبەرەکییـەی لـە نێـوان حزبـە سیاسـییەکانیاندا و ململانـێ لـە نێـوان کۆمیتـە شـۆڕشـگێڕەکانیاندا لـە ئارادایـە، بۆیـە ئـەوان ناتوانـن [وەک کـوردەکان] ئـەم دڵنیاییـە و گەرەنتییـە بـە دراوسـێکانیان بـدەن.

ئـەم بیرۆکانـەی بێلشڤیسـتی، لـە نێـوان ئەرمەنیەکانـدا زۆر بـە خێرایـی تەشـەنە دەکات و هیـچ سـنوورێک نییـە بتوانێـت ئـەم ژەهـرە مەترسـیدارە بوسـتێنیت. تەنیـا ناوچەکانـی مووسـڵمانانە کـە دەتوانێـت بەرپەرچـی بداتـەوە و لـەم پەتایـەش ناترسـێت.

بۆیـە کوردسـتان دەتوانێـت بژیـت و خـۆی بـۆ گەشـەی ئابوورییەکـەی تەرخـان بـکات، پەیـڕەوی لـە ژیانـی شارسـانێتی بـکات و لـە ژیانـی کۆچـەری دوور بکەوێتـەوە و [ئـەم دەوڵەتـە] لـە ویلایەتەکانـی دیاربەکـر، بێتلیـس، مووسـڵ، سـەنیاک و ئۆرفـا پێکبهێنرێـت.

ئایـا هیـچ سـنوورێک لـە سـنوورەکانی ڕووبـاری و ڕێـڕەوی ئـاوی و تەنانـەت شـاخاوی، سروشـتیتر بوونـی هەیـە؟ هەربۆیـەش پێویسـتە سـنوورەکانی ئـەم دەوڵەتـە گشـت ئـەو چیایانــە بگرێتــەوە کــە لەوەرگــەی هاوینانــەی کوردەکانــن، هەروەهــا ســنوورێک کــە بـە درێژایـی چەندیـن کیلۆمەتـر لـە کوچلیخـان (Kochlikhan)، قەڵای-کۆرانـت (Kale-Korant)، لەسـەر ڕووبـاری زی دەسـت پێـدەکات و بـەک قـەڵا (Back-Kale)، ڤۆسـتان، کیندرانتــس، ئەخــلاد، دەگرێتەخــۆ و بــە گــەرووی (cop) مواردســو دەگات، دواتــر لــە ڕۆژهەڵاتــی فوراتــەوە درێــژ دەبێتــەوە، مــوراد تچــای (Mourad Tchai) و فــورات لــە خۆدەگرێـت و دەرێژێتـە نـاو کوردسـتان و کەنارەکانـی دەسـتە چەپـی ئـەم ڕووبارانـە، تـا دەگاتـە هانـا (Hana) و دەگاتـە گـەڕووی (straight) تکریـت واتـە ئـەو شـوێنەی کـە سـەلاحەدینی شـکۆداری تورکسـتان [لەوانەیـە مەبەسـت کوردسـتان بێـت و بـە هەڵـەی چاپـی بـە تورکسـتان نـووسراوە. وەرگێـڕ] تێـدا لـە دایـک بـووە، دواتـر لـە باشـووری سـنووری ئێـران دەسـت پێـدەکات، و لـە چیـای حەمریـن و ئەدالیـا دەربـاز دەبێـت کـە دەکەوێتـە نێـوان کفـری و خانەقیـن.

بەهەرحـاڵ لەوانەیـە ئەمەش نەخشـەی کوردسـتانێکی ناتـەواو بێت، کە لە ژێر گوشـاری هەڵومەرجێکـدا دارێـژراوە کـە گشـتی لـە بەرژەوەنـدی ئەرمەنیەکاندایـە چونکە هاوسـۆزی ڕۆژئـاوای هەیـە. ئەگـەر یەکێک بیەوێت بە یەکسـانی بنەماکانی ناسیۆنالیسـتی بسـەپێنێت، ئـەو بەشـەی کـە تێـدا کـوردەکان زۆرینـەن لـە بەشـی باشـووری ڕۆژئـاو و باکووری ڕۆژئاوا زۆر درێژتـر دەبێتـەوە، واتـە بەشـێکی زۆری ویلایەتـی ئەرزەرۆم و کوردسـتانی ئێـران لە خۆ دەگرێـت. هەروەهـا ئـەو بەشـەی کوردسـتان کـە سـەر بـە ویلایەتـی ئەرزەرۆمـە. بـۆ ئـەم کارەش مـرۆڤ دەتوانێـت چـاو لـە کارەکانی جوگرافیناسـی گەور، ئێلیسـی ڕێکلـۆس (Elisee Reclus) بـکات کـە لـە پەرتووکەکەیـدا بەربەسـتە گشـتییەکانی پێکهێنانـی وڵاتانـی ئاسـیای دەستنیشـان کـردووە. بـە گوێـرەی قسـەکانی ئـەو، ڕەوایەتی کوردسـتان لـە سـنوورەکانیەوە

هاتـووە کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی کـوردن. ئێمـە ناتوانیـن ئامـاژە بـە جوگرافیناسـی گەورە نەدەیـن بـۆ ئاشـناکردنی (edification) گشـت ئـەو کەسـانەی دەیانەوێـت بنەماکانـی ناسیۆنالیسـتی لـە نەخشـەی داهاتـووی جیهاندا بچەسـپێنن.

‹لـەو دۆڵانـەی کـە خێڵـە دەسـتەجەمعییەکانی [کـورد] تێـدا نیشـتەجێن، بـە تایبەتیـش لـە حـەوزی زێـی گـەورەدا، کـوردەکان نەتەوەیـەک پێکدێنـن، ئەوەنـدە بەهێـزن بتوانـن بەرانبـەر فـارس و تورکەکانـدا بوەسـتن و دەوڵەتێکـی جیـاواز دابمەزرێنـن›.

ئەمـەی سـەرەوە قسـەی یەکێـک لـە جوگرافیناسـە گەورەکانـە کـە لـە سـاڵی ١١٨٨٤دا نووسـیویەتی. هەڵبـەت دەکـرێ [قسـەی] شـارەزایانیتریش بخرێتـە بـەردەم کۆنفڕانسـی ئاشـتی. دەتوانیـن بڵێیـن ئەگـەر لـە دەوڵەتـی ئەرمینیـادا کـە لـە لێـواری دروسـتبووندایە ئـەو شـوێن و مەڵبەندانـە پێـوە بلکێنرێـن کە کـوردەکان تێـدا زۆرینـەن، چونکە ئـەم خەڵکە شـەڕخوازن و ئێرەیـی بـە سـەربەخۆیی کـوردەکان دەبـەن، بۆیـە لـە ئەرمینیـای داهاتـوودا، نائارامـی بـە قووڵـێ تێـدا پەرەدەسـێنێت، مەگـەر وڵاتانـی هاوپەیـمان سـوپایەکی بەهێـزی هەمیشـەیی لـەم وڵاتـەدا دروسـت بکـەن، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی هێرشـکردنی بـەردەوام لەسـەر سـەربازانی ئـەم سـوپایە [لەلایـەن ئەرمەنیەکانـەوە].

زیـاد لەمـەش دەبـێ کۆمیسـیۆنێکی نێودەوڵەتـی ڕابسـپێردرێت تـا بـە پێـی بنەماکانـی نەتەوەیـی سـنوورەکانی دەوڵەتـی کوردسـتان دەسـت نیشـان بکات و گشـت ئـەو خاکانەی کـورد تێـدا زۆرینـە پێکدێنیـن بخرێنـە پـاڵ کوردسـتانەوە.

لـە کۆتایـدا، مـرۆڤ دەتوانێـت لـە ژێـر چاودێـری ئـەم کۆمیسـیۆنەدا دەنگدانێکـی گشـتی بەڕێـوە ببـات و بـە دڵنیاییـەوە هـەر بـەو ئەنجامـە دەگەیـن کـە وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی فەڕەنسـا لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـدا لـە ٣ی تشرینـی دووەمـی ١٨٩٥دا گووتـی[1]:

«تەنیـا لـەو پارێزگانـەی تورکیـا کـە لـە حاڵی حازر قسـەیان لەسـەر دەکەین، بـە گوێرەی ئـەو داتانـەی لەبـەر دەسـتی ئێمەدایە، بـە دڵنیاییـەوە ژمارەی دانیشـتووانی ئەرمـەن ١٣٪ی

---

(١) گۆڤاری فەرمی (La Republique)، ٤ی نۆڤەمبەر ١٨٩٦. لاپەرەکانی ١٣٥٧-١٣٥٨.

کۆی گشتی دانیشتووان پێکدێنێت. لە ویلایەتەکانی ئاسیای [ئیمپراتۆری عوسمانی] چڕی دابەشبوونی دانیشتووانی [ئەرمەن] زۆر ناهەموارە، لە هەندێك شوێن زۆر چڕە و لە هەندێك شوێن زۆر پەرتوبڵاوە. بە کورتی، ئێمە ناتوانین لەم پارێزگانەدا هیچ شوێنێک بدۆزینەوە کە ئەم دانیشتووە بێ بەختانە زۆرینە بن و ناتوانین سەنتەرێک بدۆزینەوە تێدا ڕادەیەک لە ئۆتۆنۆمی [بۆ ئەرمەنەکان] پیادە بکەین».

بە پێی ئەم شایەتدانە فەرمییە و بە پێی بنەماکانی ناسیۆنالیستی، ئەو هیوایەی بە ئێمە بەخشیووە کە بانگەشە ڕەواکەی گەلی کورد بە تەواوەتی و بە بێ لایەنی بخەینەڕوو و بە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ [پرسەکەیان] بکەین.

پاریس، ٦ی شوباتی ١٩١٩

کۆنفرانسی ئاشتی (٤٥)

سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ژمارە: ٢٨٥٤

ڕێکەوتی گەیشتن: ٢٥ی شوباتی ١٩١٩

نووسەر: شەریف پاشا بۆ سێر ل. مالێت (Sir L. Mallet)

١٤ی شوباتی ١٩١٩

سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**داهاتووی کوردستان**

ئەمانەی خوارەوە دەخرێتەڕوو:

١. کۆپیەک لە نامەیەک کە بۆ لۆرد دێربی (Lord Derby) لە ڕێکەوتی حوزەیرانیی ١٩١٨، نووسراوە. لەبارە گفتوگۆی نێوان ئەو و سێر پ. کۆکس (Sir. P. cox)، لەسەر زەرورەتی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ کە ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەرمەنەکاندایە، هەروەها پێشنیاز دەکات ئەو فەرمانڕەوای ئەم دەوڵەتە بێت.

٢. یاداشتێک لەسەر هەمان بابەت، باس لە سنوورەکان، حکومەت و ڕێکارە ناوخۆییەکانی ئەم دەوڵەتە دەکات. بە تایبەتیش باس لە هەڵبژاردنی سەرۆکێک دەکات.

ژمارەی دۆسیە: (١/١/٣٦٥)

ژمارەی نووسراوی پێشتر: ٢٠٧٩

P.H (action completed)

(Indian)

ژمارەی نووسراوی دواتر: ٣٠٨٧

کۆنفرانسی ئاشتی (٦١)

ژمارە: ٤٦٧٧

ڕێکەوتی گەیشتن: ٨ی تەمووزی ١٩١٩

نووسەر: وەزارەتی دەرەوە

٧ی تەمووزی ١٩١٩

**سیاسی: تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد**

کۆپیەک لە نووسراوی ژەنەڕاڵ کلایتۆن (General Clayton) بە ژمارە (C.P.O.57/1) لە ڕێکەوتی ٦ی کانوونی دووەم دەخەینەڕوو، هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتێکی کاپتن ولی (Capt. Woolley) کە بەم دواییە ئەم ڕاپۆرتەی ناردووە و باس لە بارودۆخی هەنوکەیی ناوچە کوردییەکان دەکات کە لەلایەن هێزی پیادەی میسری (E. E. F)وە داگیر کراون. کاپتن ولی توانیویەتی مەحمود بەگی کوڕی ئیبراهیم، سەرۆک خێڵی میللی کورد (Milli Kurd) ببینێت.

بیرۆکەی گشتی لەلایەن کوردەکانەوە بریتییە لە بوونی حکومەتێکی میرنشینیی لە کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئینتیدابی دەرەوە دابێت و دەسەڵاتێکی سنوورداریشی هەبێت. چینی دەسەڵاتدار بە پلەی سەرەکی لە کوردەکان پێکدێت و بە هاوبەشیەکی کەم لەگەڵ ئەرمەنەکاندا. سیستەمی خێڵایەتی بناغەی ئەم حکومەتە پێکدێنێت و بۆ بوون بە میر دوو پاڵێوراو هەن کە بریتین لە مەحمود بەگ و عەبدولڕەزاق بەدرخان بەگ.

ژمارەی دۆسیە: (١/١/٣٦٥)

ژمارەی نووسراوی پێشتر: ١٤١٥٢

P.H (action completed)

(Indian)

ژمارەی نووسراوی دواتر: ١٥٥٩٧

ژمارە ٤٥٦٤ (ل ٦٣)

ئێرل کۆرزۆن لە کێدلستۆن (Earl Curzon of Kedleston) ڕێزی خۆی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە دەردەبڕێت، هەروەها شەرەفی ئەوەی هەیە بۆ بەرچاو ڕوونی مستر بلفۆر، ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە بخاتەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

٧ی تەمووزی ١٩١٩

ئاماژە بە نووسراوی پێشوو

بۆ/لەلایەن: وەزارەتی دەرەوە

وەسفی نووسراوەکە

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| ژەنەڕاڵ کلایتۆن<br>ژمارە (C.P.O.57/1)<br>٦ی حوزەیرانی | بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد |

ژمارە (C.P.O.57/1) (ل ٢٠٨)

بارەگای گشتی

هێزی پیادەی میسری

٦ی حوزەیرانی ١٩١٩

گەورەم

من شەرەفمەندمکۆپیەک لە ڕاپۆرتی کاپتن ج. ل. ولی بخەمە بەردەمتان، کە لەم دواییانەدا نێردرا، تا لێکلۆڵینەوە لەسەر ئەو ناوچە کوردییانە بکات و ڕاپۆرتێکیان لەبارە ئامادە بکات کە لە حاڵی حازردا ئەم ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پیادەی میسریدان و دەستمان بەو ناوچانە دەگات. کاپتن ولی توانیویەتی مەحمود بەگی کوڕی ئیبراهیم، سەرۆک خێڵی میللی کورد ببینێت و ئەنجامەکانی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەودا بریتی بووە لە پێدانی بەرچاوڕوونییەکی بەسود لەسەر خواستی ناسیۆنالیستی کورد و ئەگەری هەر جۆرە هەڵوێستێکی کوردەکان لەسەر دەوڵەتی ئەرمینیا کە لەوانەیە لەم هەرێمەدا دابمەزرێت، بە بڕوای کورد ئەم هەرێمە، بە تەواوەتی هەرێمێکی کوردییە و زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانەکەشی کوردن.

گەورەم، من خزمەتکاری بەڕێزتانم

واژوو

لیوا (G. F. Clayton)

سەرۆک ئەفسەری سیاسی

هێزی پیادەی میسری

بەڕێز وەزیری دەرەوەی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا، وەزارەتی دەرەوە، ١.S.W

کۆپی (ل٦٥-٧١)

(٩١٤٧٩)

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

لـە میانـەی گەشـتەکەمدا، مـن ئـەم پرسـەم لەگـەڵ سـەرۆک خێڵەکانـی زازا، میللـی، کاراوار، کیتـکان، نەسرەجـی [ئـەم دوو نـاوە بـە جوانـی ناخوێندرێتـەوە، وەرگێـڕ] و خێڵەکانـی ئەلعـەون و پیاوانـی ئایینـی، حکومـی و مەدەنـی، لەگەڵ کاربەدەسـتانی سـوپای تورکیـا و جانـدارم و لەگـەڵ جوتیـارەکان بـاس کـرد. هەڵبـەت مـن بەشـێکی زۆر بچووکـی کوردسـتانم ڕووماڵکـردووە، بـەڵام هەسـتم بەبوونـی هەسـتێکی ناسیۆنالیسـتی بەهێـز لەسـەر ئـەم پرسـانە کـرد. دەکرێـت ئـەم هەسـتە بەسـەر ناوچەیەکـی بەرفراونـتردا پیـادە بکرێـت. تەنانـەت جوتیارەکانیـش لـە دەسـتپێکی قسـەکانیاندا باسـیان لەوەکـرد کـە ئـەم ناوچەیـە لـە ژێـر دەسـتی کەسـە ناودارەکانیانـدا بـووە. ئەگـەر نەچینە ژێـر گوشـارەکانەوە، دەتوانیـن بڵێیـن کـورد نەتەوەیـە و دەبـێ حکومەتـی تایبـەت بەخـۆی هەبێـت.

دواتـر مـن هەوڵمـدا تێڕوانینـی ئـەو کەسـانە بخەمـەڕوو کـە چاوپێکەوتنـم لەگەڵـدا کـردوون بـە بـێ ئـەوەی هیـچ تێبینییـەک یـان ڕەخنەیـەک لـە بۆچوونەکانیـان بگـرم، تەنیـا ئـەو کاتـە نەبێـت کـە هەندێـك قسـە لـە پەرەگرافێکـی دوو کەوانەیـدا هاتـووە.

[تێبینـی: زۆرێـک لـە ناوەکانـی ئـەم بەڵگەنامەیە بـە هۆی خراپـی چـاپ ناخوێندرێنەوە کـە لـە نـاو کیومـەدا [...] دانـراون. وەرگێڕ].

**بۆچوونی گشتی**

کوردسـتان لـە [...] و تلفیـس درێـژ دەبێتـەوە بـۆ ئەدەنـا و لـە ترابـزۆن و مالاتیـا بـۆ ڕوانـدز. کەواتـە کورسـتان ئـەو شـەش ویلایەتـە دەگرێتەخـۆ کـە گوایـە سـەر بـە ئەرمینیایە و بەشـێک لـە ڕووسـیا و بەشـێک لـە ئێـران. بـە قسـەی ئـەوان لـەم ناوچەیـەدا (بڕوانـە لیسـتی هاوپێچکـراو) ١٣ ملیـۆن کـورد دەژیـن. ناونانـی ویلایەتەکانـی ئەرمینیـا، ناونانێکـی

هەڵەیە. نزیکەی ٩٠٪ بۆ ٩٥٪ لە دانیشتوانی ئەم شەش ویلایەتە کوردن. تورکەکان بە ئەستەم لە سەرووی ١٪ پێکدێنن و ئەوانیش زۆربەیان فەرمانبەری حکومەتن، ئەوانیتر ئەرمەنن و ژمارەیەکی کەمیش یەعقوبی هەن (بەتایبەتیش لە نزیک ماردین).

پێویست ناکات زلهێزەکان ئەم ژمارانە بە ڕاست بزانن، ئەوان دەتوانن لێکۆڵینەوەیەکی گونجاو ئەنجام بدەن و بۆیان دەردەکەوێت کە ئەم ژمارانە تا چ ڕادەیەک ڕاستن. لە ناوچەیەکی بەرفراوانی تورکیادا خەڵک تەنیا بە زمانی کوردی قسە دەکات. لە ڕاستیدا ئەم کەسانە کورد و خەڵکانی خێڵەکین کە هۆشیاری نەتەوەییان هەیە و زۆر ڕقیان لە فەرمانڕەوای تورک دەبێتەوە و داوای کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن.

ئەم کوردانە لە هیچ ڕوویەکەوە کۆچەری (چادرنشین) نین. ژمارەیەکی زۆریان نیشتەجێی شارەکانن و دڕندەش نین.

(تێبینی: لەوانەیە ٩٠٪ لە قسەکانیاندا زیادەبێژی بکەن، بەڵام بە بڕوای من کوردەکان زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووان پێکدێنن. سەبارەت بەوەی ئەوان دڕندەن لە [...] [ناوی شوێنەکە ناخوێندرێتەوە، وەرگێڕ] کوردێکی ئاسایی لەگەڵ مندا باسی لە سیاسەتی دەرەوەی گلادستۆن (Gladstone) کرد، باسکردن لە ئاریان (Aryan) و ئەنگلۆ-سەکسۆن لە ناو کوردەکاندا شتێکی باوە، هەروەها لەسەر لێهاتوویی ئەم نەتەوەیە پشتی بە قسەکانی گەزنەفۆن بەست کە لە ئاسیای بچووکدا (Asia Minor)دا هاتووە).

ئەوان داوای سەربەخۆ بوون لە تورکیا و دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستان دەکەن. هەروەها داوای حکومەتێکی کوردستان دەکەن کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی دامەزرابێت و لە ژێر ئینتیدابی هێزێکی ئەورووپیدا بێت.

## پەیوەندی لەگەڵ تورکیا

ڕق لێبوونـەوە لـە حکومەتـی کۆمیتـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی (C. U. P Government) شـتێکی گشـتگیرە و خواسـتێکی گشـتی هەیـە بـۆ لەسـێدارەدانی [...،...، جەمـاڵ و....] لەلایـەن [....]. ئـەوان سوپاسـی بێلایەنـی عەبدولحەمیـد بەرانبـەر کوردەکانـدا دەکـەن، بـەڵام نایانەوێـت لـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی تورکیـادا بمێننـەوە، چونکـە کۆمیتـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی ڕووخـاوە و ژمارەیەکـی کەمـی کـورد دەیانەوێـت لـە ژێـر دەسـتڕۆیی تورکیـادا بمێننـەوە، ئەمـەش هـۆکاری سـەرەکیەکەی بەسـتێنی ئاییـنە.

بـە بـڕوای ئـەوان تـا ئەوکاتـەی پیرۆزایەتییەکانـی پێغەمبـەر لـە ئەسـتەمبۆل پارێـزراو بێـت، تەنانـەت دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتانیش وەک دەوڵەتێکـی مووسـڵمان لەوانەیە دووبـارە بکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی تورکیـا، بـەڵام ژمارەیەکـی کـەم ئـەم قسـەیان دەکـرد و زۆربەیـان لـەو بڕوایەدابـوون تورکـەکان هێنـدە مووسـڵمانی بـاش نیـن کـە بەرپرسـیارێتی ئـەم پیرۆزایەتییـە لـە ئەسـتۆ بگـرن و دەبـێ لـە مەککـە دوور بکرێنـەوە و بـەم جـۆرەش گرفتـە سیاسـییەکان چارەسـەر دەکرێـن. هیـچ کوردێـک گشـت تورکەکانـی تاوانبـار نەکـرد. ئـەوان تەنیـا ڕقیـان لـە حکومەتەکـەی تـورکان دەبێتـەوە، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە بیرۆکـەی حوکمـی تـورک بەسـەر ئەوانـدا. پروپاگەندەچییەکانـی لایەنگـری کۆمیتـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی بوونیـان هەیـە، بـەڵام کاریگەریـان زۆر کەمـە.

## پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەنەکان

کـورد لـە بیرۆکـەی داننـان بـە ئەرمەنـەکان وەک ڕەگـەزی حوکمـڕان لـە کوردسـتاندا زۆر بێـزارن و بـە پێچەوانـەی ویسـتی زۆرینـە، ئەرمەنـەکان بەسـەر ئەوانـدا سـەپێنراون. ئەگـەر لـە هـەر قەزایەکـدا ئەرمەنـەکان بتوانـن بسـەلمێنن کـە لـە ڕووی ژمـارەوە زۆرتـرن، حکومەتـی قەزاکـە بـە بـێ مشـتومڕ بـە ئەرمەنیـەکان دەدرێـت و لـە گشـت شـوێنەکاندا دەبـێ ئـەوان پشـکی خۆیـان لـە نوێنەرایەتیکردنـدا هەبێـت، بـەڵام ناکـرێ ئـەوان حکومـەت قـۆرغ بکـەن. مەحمـود بـەگ ئامـاژە بـەوە دەکات ئەگـەر ئێـوە لـەم سـەردەمەدا حکومەتـی کوردسـتان دابمەزرێنـن، لەوانەیـە ژمارەیەکـی زۆری ئەرمەنـەکان

لـە نـاو کەرتـە خزمەتگوزارییەکانـی حکومەتـدا دامەزرێـن، چونکـە ئـەوان لـە کـوردەکان خوێندەوارتـرن، بـەڵام ئەگـەر بـۆ چەنـد سـاڵێکی کـەم کـورد بـە باشـی خوێنـدەوار بکرێـن، زۆر پێشـدەکەون و هاوسـەنگییەکە دەگۆڕدرێـت. هەندێـك لـە خێڵـەکان لـە ڕەشـەکوژی ئەرمەنـەکان بەرپرسـیارن و ئـەوان لـە لایـەن تورکەکانـەوە هانـدراون. کوردەکانیـتر، ئەوانیـان لـە ڕەشـەکوژی پاراسـتووە.

(تێبینـی: مەحمـود بـەگ بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە میللـی (Milli) بە پێی سـەرچاوە ئەرمەنـەکان تۆمەتبـار نییـە. مـن ئـاگادارم دەسـتەیەک لـە نەفیکـراوەکان لـە ڕێگەیانـدا بـۆ وێرانشـار، دوای ئـەوەی لەلایـەن پاسـەوانە تورکەکانـەوە چەنـد کەسـێکیان دەسـت نیشـانکران و کـوژران، لەلایـەن میللییـەوە هێرشـیان کرایـە سـەر (بـەڵام نـە کـوژران).

لەلایەکیـترەوە، بـە پێـی زانیارییەکانـی مـن خێڵەکانـی ئەلعـەون (Alyn)، باراسـی(Barasi)، کیتـکان (Kitkan)، ژمارەیـەک لـە ئەرمەنەکانیـان لـە هـەر دوو ڕەگـەز و لـە گشـت تەمەنـەکان پەنـا داوە و ڕێگەیـان پێـدراوە هـەر کاتێـک ویسـتیان بـڕۆن. میللییـەکان، بـە تایبـەت، بـە ناوبانگـن بـە هەبوونـی پەیوەنـدی بـاش لەگـەڵ ئەرمەنەکاندا. مـن لـە نـاو میللییەکانـدا هیـچ شـتێکم نەبینـی سـەبارەت بـە ئەگـەری تۆڵەسـەندنەوە بـە هـۆی ڕەشـەکوژی ئەرمەنـەکان کـە بـە بـڕوای مێجـەر نوئێـل (Major Noel) میللییـەکان بەرپرسـیارن بەرانبـەر ڕوودانـی هـەر جـۆرە نائارامییـەک.

ئـەوان ئامـاژە بـەوە دەکـەن ئـەو ئەرمەنانـەی بەشـێک لـە سـوپای ڕووسـیای قەفقازیـا پێکدێنـن، پێشـتر تۆڵەیـان لێسـەندراوەتەوە. هەفتانامـەی ناسیۆنالیسـتی ‹کوردسـتان› (Nationalist Weekly Reviewe ‘Kurdistan’)، لـە دوایـن ژمـارەی خۆیـدا ئامـاژە بـە ژمـارەی ئـەو کوردانـە کـردووە کـە لـە وان ڕەشـەکوژ کـراون- نزیکـەی ٤٠٠،٠٠٠ کـەس لـە ناوچـەی بەتلیـس، بـەڵام بـە بـڕوای ئـەوان پێویسـت بـوو ئـەم بابەتـە هـەر لـەوێ کۆتایـی پێبهێنرێـت. لێدوانێک لە هەمان ژمارەی ‹کوردسـتان›دا باس لـەوە دەکات کە ئەمریکاییەکان لـە کۆنفرانسـی ئاشـتیدا داوای پێکهێنانـی دوو [کۆمیتـەی] لێکۆڵینـەوەی دادوەری کـردووە. یەکێکیـان بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە کوشـتنی ئەرمەنەکان و ئەویتریان لەسـەر کوشـتنی کـوردەکان لەلایـەن ئەرمەنەکانـەوە، ئەمـەش وەک باشـترین چارەسـەری پەسـەندکراوە.

کـورد دەڵێـن «ئێمـە دەبـێ لـە پـاڵ ئەوانـدا بژیـن، کەواتـە بـا بـە ئاشـتییانە بژیـن»، بـەڵام ئـەوان بـاس لـەوەش دەکـەن کـە هەوڵـدان بـۆ دامەزراندنـی حکومەتێکـی ئەرمەنـی بەسـەر کوردەکانـدا دەبێتـە هـۆی هێنانـەدی توندوتیـژی. ئـەوان بـە ناخۆشـی بـاس لـە هەبـوون و ڕەفتـاری سـوپای ئەرمـەن لـە ئەدەنـا دەکـەن.

بـە شـێوەیەکی گشـتی، بـە پێـی ویسـتی زۆرینـەی کـوردەکان، (ئەگـەر بێـت و هەلومەرجـی نەتەوەیـی ڕەچاوبکەیـن، ئـەوان خولیـای حکومەتـی تایبـەت بـە خۆیانـن. کـورد کۆمەڵێـک ئارگیۆمێنـت دەخەنـەڕوو کـە بەسـە بـۆ ئـەوەی هەسـت بکەیـن ئـەوان مافـی بـێ مشـتومڕیان هەیـە لـەوەی کـە ویسـتی خۆیـان بناسـێنن و پەیـڕەوی بکـەن.

#### پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عەرەب و لێکتێگەیشتن (entente)

لێـرەدا جیاوازییـەک لـە ئارادایە. خێڵـە بچووکەکانـی وەک ... [ناوەکـە ناخوێندرێتەوە] و کیتـکان، بـە تایبەتیـش کیتـکان، خاکییـان بەسـەر خاکـی عەرەبەکانەوەیـە. بۆیـە شـتێکی سروشـتییە ئـەوان مەیلیـان بـۆ لای حکومەتـی عـەرەب هەبێـت و تەنانـەت داوایـان لـە بەریتانیـا کـردووە دەسـتێوەردان بـکات و لـە دەسـت تورکـەکان بیانپارێزێت. سـەرۆکەکانی خێڵـی باراسـی بـاس لـەوە دەکـەن، ئەگەرچـی ئـەوان دەیانەوێـت حکومەتێکـی نەتەوەیـی کوردیـان هەبێـت، بـەڵام لـەو بڕوایـەدا نیـن ئـەم حکومەتـە کردەنـی بـێ، چونکـە خێڵـەکان لـە ناوخۆیانـدا یـەک دەنـگ نیـن.

بەهــۆی ســەرنەگرتنی ئــەم حکومەتــە، ئــەوان دەیانەوێــت لەژێــر دەســەڵاتی حکومەتـی تورکـدا بـن کـە لـە مێـژە ئـەم حکومەتـە دەناسـن، نـەک لـە ژێـر حوکمـی عەربـدا بـن کـە هیـچ شـتێک لـە بارەیـەوە نازانـن، بـەڵام بـەرەو باکـوور، ئـەم جـۆرە هەسـتە بوونـی نییـە. خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە خوازیـار نیـن لـە ژێـر دەسـەڵاتی عەرەبەکانـدا بـن و داوای حکومەتـی سـەر بـە خـۆ دەکـەن. چینـی خـواروو حـەز دەکـەن ژیانـی تایبـەت بـە خۆیـان هەبێـت بـە کەمتریـن دەسـتێوەردانی دەرەکییـەوە. دانیشـتووانی شـار داوای هاریـکاری و هاموشـۆی دەرەکـی دەکـەن، بـەڵام حـەز لـە کۆنترۆڵـی دەرەکـی ناکـەن. چینـی سـەروو هەسـت بـەوە دەکـەن ئـەوان ناتوانـن تەنیـا

بـە خۆیـان وڵات بەڕێـوە ببـەن و پێویسـتیان بـە یارمەتـی مـاددی هەیـە. ئـەوان دژی فەڕەنسـییەکانن (بەهـۆی سـوپای ئەرمینیـا، هەڵسـوکەوتی خراپـی فەرەنسـا و چەندیـن چیرۆکیـتر کـە لـە پێـش سـەرهەڵدانی جەنـگ بیسـتوومە و هەروەهـا بـە هـۆی پڕوپاگەندەکـەی فەڕەنسـا بـۆ پشـتگیریی کـردن لـە جەنـگ کـە لـە لوبنـان دەیگێـڕا) و زۆرتـر پێشـوازی لـە بیرۆکـەی ئینتیدابـی بەریتانـی دەکـەن.

ئـەوان دەڵێـن هیـچ حکومەتێـک ناتوانێـت بـە بـێ بوونـی پشـتیوانی دەرەکـی بوونـی هەبێـت، هەروەهـا پەیوەنـدی لـە نێـوان دەوڵەتـە نوێیەکانـی وەک کوردسـتان، سـوریا، ئێـران و حیجـاز تەنیـا لـە ڕێگـەی هێزێکـی دەرەکییـەوە دەکـرێ بـە دۆسـتایەتی بمێنێتـەوە و بـە بـێ لایەنگـری، پشـتیوانی ئـەم حکومەتانـە بـکات. ئـەوان پێشـوازی لـە بیرۆکـەی دامەزراندنـی دەوڵەتگەلـی نـوێ لەسـەر بنەمـای نەتـەوە دەکـەن. خەلیـل بـەگ دەڵێـت «بـە بـڕوای مـن نیکسـۆن لـە ڕووی تیۆرییـەوە بیرۆکەیەکـی نایابـی هەیـە، بـەڵام بیرۆکەکـە ئەزموونـی پراکتیکـی نییـە». هەروەهـا کاپتنێکـی کـورد، سـەبارەت بـە ئاسـۆکانی ئاشـتی زۆر ڕەشـبینە و گووتـی ‹ئێمـە تەنیـا شـەڕی نـوێ و نێودەوڵەتیـمان هەیـە کـە بـە بێلشـڤیزم کۆتـا دێـت›.

ئـەوان هـاوڕان تەنیـا ڕێگـە بـۆ بەجێگەیاندنـی کۆنگـرەی ئاشـتی بریتییـە لـە بوونـی کۆمەڵـەی گـەلان، کـە دەتوانێـت لـە کاتـی پێویسـتدا وەک سیاسـەتێکی جیهانـی بـۆ پشـتیوانیکردن لـە حکومەتـە لاوازەکان، سـوپا نەتەوەییـەکان ئامـادە بـکات. هەروەهـا ئـەوان دەخـوازن ئـەم کۆمەڵەیـە وەک دادگایەکـی پێداچوونـەوە بێـت کـە لـە کاتـی خـراپ بەکارهێنانـی هێـز لەلایـەن دەوڵەتـە ئینتیدابەکانـەوە کار بـکات. سـەرۆک خێڵـەکان هەسـت بـەوە دەکـەن ئـەم سـنووردارێتییە لەسـەر دەسـەڵاتی ئینتیـداب پێویسـتە.

(تێبینـی: گفتوگۆکـردن لەبـارەی کۆمەڵـەی گـەلان بـۆ نزیکـەی دوو کاتژمێـر بـەردەوام بـوو و نزیکـەی بیسـت کـورد لـەم گفتوگۆیـەدا بەشـدار بـوون، ئەگەرچـی بەشـێک لـەم بەشداربووانە ئاگایـان لـەوە نەبـوو کـە لـە پاریـس چـی دەگوزەرێـت. بـە گشـتی ئاسـتی گفتوگۆکـە بـەرز بـوو).

## شێوازی حکومەت

تـەواوی بیرۆکـەی پێشـنیازکراو بریتـی بـوو لـە دەسـەڵاتداریێتی تاکەکەسـی. لـە گشـت ئاسـتێکدا و لـە ناوچەیەکـی بەرتەسـکدا کـە مـن سـەردانم کـرد، سیسـتەمی بـاوک سـالاری (patriarchal) وەهـا ڕەگـی داکوتـاوە کـە ڕێگـە بـە هیـچ شـتێکیتر نـادات. بۆیـە ئـەوان لـە کوردسـتان خوازیـاری حوکمـی میرنشـینن کـە لـە ژێـر ئینتیدابـی هێزێکـی دەرەکیـدا بێـت و ئینتیدابەکـە دەسـەڵاتێکی سـنووورداری هەبێـت. چینـی فەرمانـڕەوا بـە پلـەی یەکـەم کـورد بـن و ڕێژەیـەک لـە ئەرمەنیەکانیـش تێـدا بەشـدار بێـت. بناغـەی حکومـەت لەسـەر سیسـتەمی خێڵایەتـی دامەزرابێـت. بـۆ میرنشـینیەکە دوو پاڵێـوراو هـەن: عەبدولـرەزاق بەدرخـان و مەحمودبەگـی کـوڕی ئیبراهیـم پاشـا.

مـن پرسـیارم کـرد کـە کام یـەک لـەم دووانـە وەک سـەرۆک دانپێـدراون. هەڵبـەت، میللـی هەمیشـە ئامـاژە بـە نـاوی سـەرۆک خێڵەکـەی خـۆی دەکات. کەسـانی سـەر بـە خێڵەکانیـتر بۆچوونـی جیاوازیـان هەیـە. دواجـار مـن لـە خـودی مەحمـود بەگـم پرسـیار کـرد. ئـەو پشتڕاسـتی کـردەوە کـە پاڵێـوراوە و گووتـی «لـە ڕابـردوودا بنەماڵـەی عەبدلـڕەزاق لـە بنەماڵـەی مـن گەورەتـر بـوو. هەروەهـا بـە شـێوازێک لـە شـێوازەکان مـن دان بـەوەدا دەنێـم کـە خـودی ئـەو لـە مـن بەهێزتـر بـوو. لـە لایەکیـترەوە، نـەوەی ئێسـتای بەدرخانـەکان کارێکـی ئەوتـۆ ناکـەن یاخـود زۆر باڵادەسـت نیـن، لـە ڕاسـتیدا ئـەم بنەماڵـە بـە تەواوەتـی بنەماڵەیەکـی کـورد نیـن.

(تێبینـی: ئـەم قسـەیە ڕاسـتە. ئـەوان سـەر بـە بەنـی [.... ناوەکـە ناخوێندرێتـەوە]. بـەڵام خـودی بنەماڵـەی مەحمودیـش کـوردی ڕەسـەن نیـن، بەڵکـو بەشـێکی زۆری عەرەبـن) و لەلایـەن بەشـێکی زۆری کوردەکانـەوە پێشـوازی ناکرێـت). بنەماڵەکـەی مـن لـە دوای بنەماڵەکـەی ئـەو، دووەم بنەماڵەیـە و لـەم دواییانـەدا وەپێـش ئەوانیـش کەوتـووە. لـە ژێـر دەسـەڵاتداریێتی عەبدولڕەشـیدی باوکـم، کـە جیـاوازی لەنێـوان کـەس نەدەکـرد، وەک سـەرکردەی کـورد دانیپێدانـراوە و گشـت خێڵـەکان ملکەچـی فەرمانەکانـی دەکـەن. هەروەهـا خێڵـی میللـی، خێڵـی خـودی منـە. مـن دەسـەڵاتم بەسـەر خێڵەکانیتریشـدا هەیـە».

(تێبینـی: مـن پرسـیارم کـرد کـە ئایـا بـە ڕاسـتی قـزل بـاش Kizil Bash لـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی ئـەودان. لـە وەڵامـدا گوتـی بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ نـا.

[دوو پەرەگرافی بەڵگەنامەیەک بە هۆی خراپی چاپ ناخوێندرێنەوە. وەرگێڕ].

(تێبینـی: سـەختە بتوانیـن بڵێیـن کـە بزووتنەوەکـە بـە چ ئاسـتێک گەیشـتووە، تەنیـا ئـەوە ڕوونـە کـە هەسـتی ناسیۆنالیسـتی، هەسـتێکی بەهێـز و گشـتگیرە. بـە بـڕوای مـن ئـەو ژمارانـەی لـە گۆڤـاری کوردسـتاندا بـڵاو بوونەتـەوە، شـایانی خوێندنـەوەن).

دووبارەکراو (duplicate) (ل٧٢)

کۆمیسیۆنی باڵای بەریتانیا

ئیستانبۆڵ

٢٣ی تەمووزی ١٩١٩

(1268/M.1743)

بەڕێزم...

من شەرەفی ئەوەم هەیە، بۆ زانیاری بەڕێزت ڕاپۆرتێک کە لەلایەن مێجەر نوئێل (Major R.W. Nwel. C.I.E., D.SO.)ەوە لەبارەی بارودۆخی کورد کە لە سەردانەکەی ئەم دواییەیدا بۆ ئیستانبۆڵ ئامادەکراوە، بۆتان بنێرم.

بەڕێزم،

من شەرەفمەندم خزمەتکاری ملکەچی بەڕێزت بم.

تێبینی: تەنیا یەک کۆپی لەم ڕاپۆرتە بوونی هەیە. کۆپی زۆرتر لەلایەن مێجەر نوئێل لە بەغداوە دەنێردرێن.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا.

واژوو

A. Calthorpe

کۆمسیاری باڵا

The Earl Curzon of Kedleston.K. G., P.C

تێبینی لەسەر بارودۆخی کورد (ل٧٣-١٠٥)

**١. مێژوویی**

بە ڕەچەڵەک کورد نەوەی کۆردونی (Cordueni) کۆنن کە گەزنەفۆنیان هەراسان کردبوو و پاشەکشەیان پێکرد. کورد لە ناوچەکانی نێوان دەریاچەی ڕەزایە و وان، چیاکانی سەرچاوەی ئاوی دوو ڕووباری میزۆپۆتامیا و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس تا ئەوپەڕی باکووری خێڵی لوڕ نیشتەجێن. کاتێک دەسەڵاتی وڵاتانی دەوروبەری کورد بەرەو کەمی چوو، ئەم خەڵکە شەڕخوازە بەرەو باکوور و ڕۆژئاوا پاڵدران و ئێستا ئەوان لە بایزید، ئەرزەرۆم و ئەرزەنجان و بەرەو چیاکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەب نیشتەجێن.

کوردەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئەم هەرێمە کە ئێمە بە ناوەندی کوردستان (Central Kurdistan) هەژماری دەکەین، دەسەڵات و ئاسایشی خۆیان هەبووە. ئەمەش بە پێی ئەو حەقیقەتە سەلمێنراوە کە لە سەردەمی ناوەڕاستی ڕۆژگاری ئێمەدا، ژمارەیەک لە هۆزانڤانی باش لە زنجیرە چیاکانی کاکیاری (Kakkiari)دا هەبوون.

هێدی هێدی تورکەکان توانیان دەسەڵاتی کوردەکان تێکبشکێنن، بەڵام تەنیا لە سەدەی ڕابردوودا بوو کە دوایین میرنشینی سەربەخۆی کورد واتە میرنشینی ڕواندز چووە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانییەکانەوە.

بۆیە دەبینین دووبارە زیندووکردنەوەی سەربەخۆیی کورد، لە ڕووی مێژوویەوە، بە بەراورد لەگەڵ کەیسی ئەرمەنەکان، پاساوهەڵگرترە، شوێن پێی دوایین پاشایەتی ئەرمەنەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەمی زایینی.

**٢. زمان**

لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە زمانی کوردی، وەک زمانی فارسی و تورکی، زمانێکی جیاواز و گەشەسەندووە. بەهۆی دوورەپەرێزی و بێ بەشی خێڵە کوردییەکان و نەبوونی ئەدەبیات و کاریگەرییەکانی ئەم ئەدەبیاتە، زمانی کوردی هاوچەرخ بەسەر

چەنـد شـێوەزارێکدا دابـەش بـووە و هـەر کامەیـان تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، بـەڵام کـەم تـا زۆر ئـەم شـێوەزارانە دەرخـەری زمانێکـی هاوبەشـن.

تـورک بـە بەردەوامـی هەوڵیانـداوە ڕێگـر بـن لـە پەرەسـەندی زمانـی کـوردی بـەرەو زمانـی نووسـین و لـە ئیمپراتـۆری عوسـمانیدا ڕێگریـان کـردووە لـە چاپکـردن و بڵاوکردنـەوەی پەرتـووک بـە زمانـی کـوردی. ئەمـەش ڕێگـر بـووە لـە پەرەسـەندنی زمانەکە بـەرەو زمانـی نووسـین. بەهەرحـاڵ، بێگومـان بـە هاندانێکـی کەمـەوە و بەکردنـەوەی قوتابخانـە بـە زمانـی کـوردی، ئـەم زمانـە دەتوانێـت ببێتـە زمانێکـی تـەواو کاریگـەر و کارا. شـایانی ئامـاژە پێدانـە زمانـی کـوردی، هاوشـێوەی زمانـی فەڕەنسـی لـە کوردسـتاندا لەلایـەن ئەرمـەن، تـورک و نەسـتوریيەکانەوە بـەکار دەهێنرێـت.

لـە ڕاسـتیدا لـە هەندێـك ناوچـەی کوردسـتان ئەرمەنـەکان هیـچ زمانێکیـتر جیـا لـە کـوردی نازانـن.

### ٣. تایبەتمەندی نەتەوەیی (National Charactristics)

بەداخـەوە، لـە ئەوروپـا کـورد وەک خەڵکێکـی دڕنـدە و بەربـەر نـاسراوە، کـە کاری سـەرەکیان بریتییـە لـە کوشـتنی ئەرمەنـەکان. سـەختە لـەوە تێبگەیـن چـۆن ئـەم تێگەیشـتنە هەڵەیـە بووەتـە تێگەیشـتنی بـاو، لـە کاتێکـدا گەشـتیارە بیانییـەکان، هەمیشـە بـە باشـی باسـی کـورد دەکـەن. بەهەرحـاڵ، بەهـۆی چالاکییەکانـی ڕۆژنامـەی مـوژدەدەر (Missionary Press) و بـە هـۆی بوونـی حزبێکـی بەهێـزی پشـتیوانیکەری ئەرمەنـەکان لـە ئینگلەنـد، ڕای گشـتی لـە هەمبـەر کـوردەکان ڕایەکـی نەخـوازراوە.

بـۆ ئێمـە، لـە میزۆپۆتامیـا کـوردەکان باشـترین کادیـری کەرتـی پۆلیـس پێکدێنـن. فەیلەقـی سـەربازە کارکـەرەکان کـە لـە مـاوەی جەنگـدا دامـەزرا، بـۆی دەرکەوتـووە کـە دامەزراندنـی کـوردەکان زۆر بـە سـوودترە لـە دامەزراندنـی عـەرەب و فـارس. لـە کێڵگـە نەوتییەکانـی ئەنگلۆ-ئێـران، لـە ڕۆژئـاوی باشـووری ئێـران، کـوردەکان میکانیکـی زۆر باشـن و زۆرێـک لـە کـوردەکان پۆسـتی زۆر بەرزیـان لـە بەکارهێنانـی ئامـرازی کاری کانـی هاوچەرخـدا (modern mining machinery) بەدەسـتهێناوە. هەروەهـا دەزانیـن ئـەو

کوردانـەی کۆچییـان بـۆ ئەمریـکا کـردووە دەسـتێکی باڵایـان لـەم وڵاتـەدا هەیـە و زۆر بـە ئاسـانی لەگـەڵ هەلۆمەرجـی ژیانـی مۆدێرنـدا دەگونجێـن.

ئـەم ڕاسـتییە سـەلمێنەری ئەوەیـە کـە کـورد پێشـوازی لـە خوێنـدن و پێشـکەوتنی هاوچـەرخ دەکـەن و لـەم ڕووەوە لـە سـەرووی عـەرەب، تـورک و فارسـەکان دێـن. چاودێرانـی متمانەپێکـراو بـاس لـەوە دەکـەن کـە لـە نـاو گشـت نەتەوەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا کـورد لـە سـوودوەرگرتن لـە سـوود و پێشـکەوتنەکانی دامەزراندنـی شـێوازێکی سـەقامگیر و پێشـکەوتوخوازی حکومـەت لـە وڵاتەکەیانـدا بەتواناتـرن.

## زیندوویەتی ناسیۆنالیزمی کورد

(vitality of Kurdish nationalism)

ئەمـەی خـوارەوە کورتەیەکـە لە بابەتی «ژیانی کێویانە لە نێـوان کوردەکاندا› (Wild life among the Kurds) کە لەلایەن میلینگێن (Millingen) لە سـاڵی ١٨٧٠ بڵاوکراوەتەوە.

«جێگـەی نیگەرانییـە لـە دوای دەربـاز بوونـی ئـەم هەمـوو سـەدەیە، لەبـری ئـەوەی ئێمـە بڵێیـن دوای دەسـتگرتن بەسـەر [وڵاتـی] خانەخـۆ، کـە وڵاتەکەیـان تـاڵان و لاواز دەکـرد، کـوردەکان توانیویانـە بـە جۆرێـک پارێـزگاری لـە سـەربەخۆیی و شوناسـی خۆیـان بکـەن وەک شوناسـێکی جیـاواز لـە شوناسـی داروسـێکانیان، هـەر وەک چـۆن لە سـەرەتاوە ئـەم شوناسـە جیـاواز بـووە.

دەبـێ وەک دیاردەیەکـی سەرسـوڕهێنەر سـەیری ئـەوە بکەیـن کـە ئـەم خەڵکـە، بـە پێچەوانـەی بولگارییـەکان، چیـک و نەتەوەکانیـتر نـە پاشـا و نـە ئیمپراتـۆری ان هەبـووە، وەک هێمایەکـی نەتەوەیـی نـە خـاوەن تاجـی ئاسـنی و نـە تاجـی تەنەکەیـان هەبـووە، سـەرەڕای گشـت ئەمانـەش پێویسـتە هەمیشـە کـورد وەبیـر بهێنینـەوە، بـەڵام ئـەو شـتەی کـە ئەسنۆلۆجیسـتەکان و کەسـانیتر دەڵێـن، کاتێـک کـە بیسـتیان کـوردەکان خـاوەن هیـچ خێزانەکـەی فەرمانڕەوایـی (dynasty) تایبـەت بـە خۆیـان نیـن، یاخـود هیـچ جـۆرە دەسـتورێکی سیاسـیان نەبـووە کە بتوانرێـت وەک بنامایەک پشـتی پێببەسـترێت و خزمەتی [پرسـە] نەتەوایەتیەکەیـان بـکات، بـەڵام سـەرەرای نەبوونـی هونـەری نووسـین و خوێنـدن

لـە نـاو کوردەکانـدا، پەیوەندیەکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیيە بەهێـزە بـە نـاوی ئاییـن، داب و نەریتـی مێـژووی، ئـەدەب بوونـی هەیـە...».

خسـتنەڕووی ئـەوەی کـە چـۆن کـورد وەک نەتەوەیـەک لـە سـەردەمی ڕابـردوودا ژیــاوە و هەرگیــز شوناســیان بــە هــۆی شــەپۆڵەکانی زەمــەن و ڕووداوەکان لەنــاو نەچـووە، پێداچوونەوەیەکـی کـورت بـە مێـژووی کـورد لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیە، ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە شوناسـەکەیان، نـە تەنیـا لـە لاوازی و کـز بوونـەوەدا نەبـووە، بەڵکـو بـە بەردەوامـی زیندوویەتـی خـۆی سـەلماندووە. بـۆ سـێ جـار لـە مـاوەی ئـەم سـەدەیەدا خواسـتی نەتەوەیـی، کوردەکانـی هانـداوە کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـوڵتان دەربچـن تـا سـەربەخۆیی خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن. یەکـەم بزووتنـەوە بریتـی بـوو لـە بزاوتـی محەمـەد پاشـای ڕوانـدز لـە سـاڵی ١٨٣٤دا. ئەگەرچـی نییەتـە سـەرەتاییەکانی محەمـەد پاشـا شـاراوە بـوون، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە مەبەسـتی ڕزگارکردنـی وڵاتەکـەی بـوو لـە فەرمانڕەوایەتـی عوسـمانییەکان.

دووەمیـن نموونـە کـە تێیـدا کـورد پێداگریـان لەسـەر سـەربەخۆیی نەتەوەیـی کـرد جوڵانەوەیـەک بـوو کـە لەلایـەن ئەحمـەد پاشـا شـازادەی میراتگـری سـلێمانی ڕێکخـرا. ئـەو سـوپایەکی دامەزرانـد کـە لـە چەندیـن بەتالیۆنـی پیـادە، تۆپخانـە و سـوارچاک پێکهاتبـوو و سـوپاکەی لـە دژی پاشـای تـورک لـە بەغـدا جوڵانـد. ئـەم ڕووداوە لـە دەوروبـەری سـاڵی ١٨٤٣دا ڕوویـداوە.

سـێیەمین و گرنگتریـن یاخیبـوون لـە سـاڵی ١٨٤٧دا ڕوویـدا، واتـە ئەوکاتـەی کـە سـەرۆکی کـورد، بەدرخـان بـەگ، سـوپایەکی بەرفراوانـی پێکهێنـا و سـەرەتا هەڵیکوتایـە سـەر کریسـتییانەکان و دواجـار سـوپای تورکیـا بـە سـەرکردایەتی ئۆمـەر پاشـا لـە دژی ئـەودا تەموزیـەوە.

ئـەم ڕووداوانـە لەلایـەن پـۆرت (Porte)ەوە، بـە هەوڵی کەسـانی ئاژاوەچـی و فیتنەچی لـە قەڵەمـدراوە کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە هەسـتی نەتەوەیـی و خواسـتی نەتەوەییـەوە نییـە. بەهەرحـاڵ، ئـەم جوڵانەوانـەی یاخیبـوون، کـە لـە کوردسـتاندا ڕوویانـداوە، دەبـێ

وەک بەڵگەیەکی بەهێز [لەسەر هەستی نەتەوەیی کورد] ڕەچاو بکرێن نەک وەک ڕووداوێکی باوی ڕێگری کە چەقی پرسەکە پێکبێنێت.

ئەگەرنا، چۆن دەکرێ ئەم حەقیقەتە لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە لە ماوەیەکی کورتی پازدە ساڵیدا، ئەم سێ هەوڵە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستەماتێک ڕێکخراپن، یەکەمیان لە باشوور، دووەمیان لەوپەڕی ڕۆژئاوا و سێیەمیشان لە بەشی باکووری کوردستان؟

وادیارە پریسکی تای شۆڕشگێڕیی سەری گشت نەتەوەی کوردی گرتبێت. لە ڕوانگەی ئەزموونی خۆمەوە، کە پەیوەندیم لەگەڵ زۆرێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەبووە، بۆ نموونە، ئەحمەد پاشای سلێمانی و ڕەسول پاشا و گشت برا و کوڕەکانیان، بێ زیادەبێژی و گەورەکردنی بابەتەکە پشتڕاستی دەکەمەوە کە هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی بۆ سەربەخۆیی، وەک هەر نەتەوەیەکیتر، بە قوڵی لە دڵ و دەروونی کوردەکاندا ڕەگی داکوتاوە».

لەو کاتەوەی کە ئەم بابەتەی سەرەوە نووسراوە چەندین جوڵانەوەیتری نەتەوەیی لە ناو کورددا سەریهەڵداوە کە گشتیان بە خوێن ڕشتن کۆتاییان پێهاتووە. هێرشی عەبدوڵا بۆ سەر ئێران لە ساڵی ١٨٨٦دا، ڕاپەڕین لە دژی تورکەکان لە هەنیاری (Haniari) لە ساڵی ١٨٩٥دا و یاخیبوونێکی بە مردوویی لە دایک بوو لە بەتلیس لە ساڵی ١٩١٤، کە بەو پەڕی دڕندەییەوە لە لایەن تورکەکانەوە دامرکێندرایەوە.

**٤. پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەنەکان**

لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەرمەن و کورددا بوونی نییە. بەڵام، بەداخەوە، بە هۆی ئەو سیاسەتەی لەلایەن عەبدولحەمیدەوە پەیڕەوی کرا و لەلایەن کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی جێبەجێکرا، تۆی ڕك و متمانە بەیەکتر نەکردن چێندرا، کە تا ڕادەیەک ئەستەمە ڕیشەکێش بکرێت. تا ساڵی ١٨٦٠ کورد و ئەرمەنەکان بە دۆستانە لەگەڵ یەکتر دەژیان، ئەمەش بە شایەتی خودی ئەرمەنەکان.

ڕەشــەکوژی ئەرمەنــەکان لــە ســاڵی ١٨٩٥ و ١٩١٥دا، بــە تەواوەتــی لەلایــەن ئیمپراتــۆری عوســمانییەوە ڕێنمایــی دەکــرا. کاتێــک لــە دیاربەکــر بــووم، بــە تایبەتــی داوای لێکۆڵینــەوەم لــە ســەرکردە بەرپرســەکانی کۆمەڵــە جۆراوجۆرەکانــی مەســیحییەکان کــرد کــە پەیوەندییــان لەگــەڵ خــودی کــوردەکان هەبــوو. ئــەوان بــە پێداگرییــەوە وەڵامیاندایــەوە، ئەگــەر دەســترۆیی وێرانکارانــەی تورکــەکان نەمێنێــت، هیــچ پاســاوێک لــە ئارادا نییــە کــە بۆچــی پێکــەوە ژیانێکــی هاوبــەش لــە نێــوان ئــەم دوو نەتەوەیــەدا، بوونــی نەبێــت. لــە مــاوەی جەنگــدا، چەندیــن نموونــە هــەن کــە کــوردەکان بــە ئەنقەســت ســەرپێچیان لــە فەرمانــی تورکــەکان بــۆ ڕەشــەکوژی کــردووە و ژمارەیەکــی زۆری پەنابــەرە ئەرمەنەکانــی ڕادەســتی ڕووســەکان کــردووە و ژیانیــان پاراســتووە. بــەم شــێوەیەش کوردەکانــی دەرســیم ژیانــی زۆرتــر لــە ٢٥،٠٠٠ ئەرمینیــان پاراســتووە. ژمارەیــەک لــەم نموونانــە لــە ژمــارە ١١٩ی ڕۆژنامــەی ئەرمەنــی زمانــی جاگادامــارت (Jagadamart) لــە ڕێکەوتــی ٢ی ئەپریلــی ١٩١٩دا دەدۆزرێتــەوە.

دوای ڕاگرتنــی شــەڕ ســەردانی ناوچــە ســەرەکییەکانی کوردســتانم کــرد کــە دەکەوێتە دەروازەی ڕوانــدز و لــەوێ چــاوم بــە ژمارەیەکــی زۆر لــە پەنابەرانــی مەســیحی کــەوت کــە بــۆ مــاوەی پــتر لــە دوو ســاڵ لەلایــەن کوردەکانــەوە لــە چیــاکان پەنــا دراون و بەمجــۆرەش لــە بەخورتــی ناردنــەوە و ئەگــەری کوشــتن پارێــزراون. لــەوەش زیاتــر، کوردەکانــی ئــەم ناوچەیــە لیســتێکی دورودرێــژی نــاوی ئــەو مەســیحیانەیان بــە منــدا کــە نەیانتوانیــووە پارێزگاریــان لێبکــەن و هەروەهــا نــاوی ئــەو کەســانەی دەبێــت بــە زووتریــن کات لــە کەمپەکانیــان لــە میزۆپۆتامیــا بگەڕێنــەوە، لەوانەیــە ئــەوان شانســی ئەوەیــان هەبــوو بێــت کــە لــەم کەمپانــەدا بــن.

ســەرەڕای ئەرمەنەکان لە کوردســتاندا، ســووری و نەســتوریش هەن. بە گشتی، پەیوەندی کــوردەکان لەگــەڵ ئــەم دوو کۆمەڵەیەدا پەیوەندییەکی دۆســتانەیە، بەڵام لــە ماوەی جەنگدا نەســتورییەکان لەگــەڵ ڕووســەکان پیلانیــان گێــڕاو و بەمجــۆرەش ئــەو پەیوەندییــە باشــەی کــە تــا ئــەوکات بــەردەوام بــوو، نەما. بەهەرحــاڵ هــەم نەســتوری و هەمیش کــوردەکان لەو بڕوایــەدان دەکــرێ دۆســتایەتی جارانیــان، بــە بێ هیچ کێشــەیەک زینــدوو بکرێتەوە.

پرسی ئەوەی ئایا نەستورییە مەسیحییەکانی هەکاری بە ڕەچەڵەک کوردن یاخود پەنابەری ئەرمەنی مەسیحین، تا ئێستاش پرسێکی کراوەیە. کوردە خوێندەوارەکان لەو بڕوایەدان ئەوان کوردن و پێش سەرهەڵدانی ئیسلام چوونەتە سەر ئایینی مەسیح. بەهەرحاڵ، حەقیقەتەکە ئەوەیە کە ئەوان بە کوردی قسە دەکەن و خاوەنی ڕێکخستنی خێڵایەتین کە کەم تا زۆر هاوشێوەی ڕێکخستنی خێڵایەتی کوردەکانی دراوسێی خۆیانن.

هەروەها مەتەڵێکی کوردی ناسراو هەیە کە دەڵێت: (Naw byn a ma muyeka, naw byn ma wa fallah chiayeka)

«لە نێوان خۆماندا تاڵە موویەکە، لە نێوان ئێمە و فەلەکان چیایەکە».

ئەو ڕاستییەی کە تا ئێستا وەک پێویست نەخراوەتەبەر چاوی ئەوروپییەکان بریتییە لەوەی کە لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی جەنگ، ئەرمەنەکان و مەسیحییەکانی دیکەی ژێر پارێزگاری سوپای ڕووسیا، ڕەشەکوژییەکی بەرفراونیان لە دژی محەمەدییەکان ئەنجامدا، کە لە ڕووی بەرفروانییەوە بە تێکڕای ڕووداوەکانی، لە ڕووی دڕندەیی و بێ بەزەییەوە هاوشێوەی ئەو ڕەشەکوژییە بوو کە ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٥دا تووشی هاتن.

لە ناوچەی ڕواندز کە لەم هاوینەدا من سەردانم کرد، خودی شاری ڕواندز بە تەواوەتی خاپورکرابوو، ئەمەش نەک لەلایەن ڕووسەکانەوە، بەڵکو لەلایەن سوپای مەسیحی وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لەلایەن ئەو مەسیحییانەی لەگەڵ سوپای ڕووسدا بوون. لە کۆی ١٠٠ گوندی کۆنی خێڵی باڵەک، تەنیا سێ یان چوار گوند نەبێت، ئەوانیتر گشتیان سوتێنران. لە نێوان سی گوندی کۆنی بەشی ڕەوەندۆك (Rowandok)ی سەر بە برادۆست، هیچ ژن و پیاو و منداڵیک لە ژیاندا نەماون. دکتۆر ئۆشێر (Dr. Usher) نێردەی ئەمریکا لە وان، کە لە قۆناغەکانی سەرەتای جەنگدا لەم شوێنەدا ماوەتەوە، دەتوانێت باس لەوە بکات چۆن کاتێک تورکەکان شارەکەیان چۆڵ کرد، یەکێک لە نەخۆشخانەکانیان بەجێهێشت و چۆن تاقمێکی ئەرمەنی پێکهاتوو لە ١٥ کەس توانیان پێش گەیشتنی ڕووسەکان بچنە

نــاو خەســەتەخانەکە و دەســتیانکرد بــە کوشــتنی پیــاوە نەخــۆش و بــێ دەرەتانــەکان کــە لەســەر تەختەکانیــان کەوتبــوون. هــەر کەســێک ئەزموونێکــی لەســەر ئــەم وڵاتــە هەبێــت زۆر بــە ڕوونــی دەزانێــت ئەرمەنــەکان، ئەگــەر دەســتیان کــراوە بــا، ئەگــەر لــە کــوردەکان زۆرتــر نەبێــت، کەمتریــش نیــن لــە دڕندەیــی و خوێنڕێشــتن.

**٥. حەمیدیە**

ئەمەش پەیوەندی بە عەبدولحەمیدەوە هەیە کە سوارەی حەمیدییەی پێکهێنا و بوە هۆی ناوزڕاندنی ناوە باشەکەی کورد لە ئەوروپا. بۆچوونی باو بریتییە لەوەی کە مەبەست لە دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە بێزارکردنی مەسیحییەکانە. لە ڕاستیدا دامەزراندنی حەمیدییە، بە پلەی یەکەم بەهۆی سیاسەتی حکومەتەوە سەپێنرا تا لەم ڕێگەیەوە هێزی کوردەکان تێکبشکێنرێت. بە سوود وەرگرتن لە دوژمنایەتی خێڵایەتی لە نێوان کوردەکان، سیستەمێک داهێنرا کە لە میانەیدا گردبوونەوە لە دژی حکومەت زۆر ئەستەم بێت. ئیمتیازی بوون بە سواری حەمیدییە بە خێڵە بچووکەکان درا تا لەم ڕێگەیەوە خۆیان بەهێز بکەن و دەرفەتی گردبوونەوەی خێڵەکان بە دەوری یەکتردا لەناو بچێت.

وردەکاری و شــێوازی کارکردنــی ئــەم سیســتەمە بــە تێروتەســەلی لــە لاپــەڕەی ٤٣ی ڕاپۆرتــی ســەربازی لەســەر ڕۆژهەڵاتــی تورکیــا لــە ئاســیا، ژمــارە ٤ لەلایــەن موقــەدەم ماونســێل (Maunsell) باســکراوە. لــە ڕاســتیدا حەمیدیــە مووســڵمان و مەســیحییەکانی بێزارکــردووە، دەتوانیــن وێنــای ئــەم ڕاســتییە بکەیــن بــەوەی کــە بێنینــە بەرچــاوی خۆمــان چــۆن گلۆپــی ســەوز بــۆ ژمارەیەکــی بەرفراوانــی خەڵکــی خێڵەکــی و ناشــارەزا هەڵکــراوە و ڕێگەیــان پێــدراوە هــەر شــتێکی پێیــان خــۆش بێــت ئەنجــام بــدەن.

ســەبارەت بــە کەیســی ســوارەی حەمیدیــە کــە لــە میــران (Miran) پێکهاتــووە و لەلایــەن مســتەفا پاشــاوە فەرماندەیــی دەکرێــت، ئــەو زۆردارییــەی بەرانبــەر دانیشــتووانی مووســڵمان ئەنجامدەدرێــت، لــە ســاڵی ١٩٠٨دا و لەگــەڵ ڕاگەیاندنــی دەســتور، بــووە هــۆی ســەرهەڵدانی شــەپۆلێکی ناڕەزایەتــی لــە دژیــدا و خەڵکــی کۆرفــا (Curfa) ئــەو پەیکــەرەی کــە عەبدولحەمیــد بــە بۆنــەی ســاڵوەگەریدا بەرزیکردبــووە، هێنایانــە خــوارە.

## ٦. هەڵەتێگەیشتنی باو سەبارەت بە کوردەکان

تێکڕای ئەرمەنەکان دەیانەوێت، ئێمەی کورد بە بکوژی مەسیحییەکان و چەتەی دڕندە هەژمار بکەین کە تەنانەت ناتوانن شانازی بە زمانی نووسینی خۆیان بکەن.

زمانی کوردی شایانی ئەوەیە وەک زمانێکی جودا و گەشەسەندوو هەژمار بکرێت. کوردەکان پێش ئەوەی بکوژی سروشتی ئەرمەنەکان بن، لە زۆر حاڵەتدا خەڵکی ئەرمەنی لە دەست تورکەکان پاراستووە. ناتوانرێ نکۆڵی لە غەریزەی تاڵانچێتی و خۆش ڕابورادنی کوردەکان بکرێت. خێڵەکانی سکۆتلەندا (Scotch clans) کاتێک کە لە بارودۆخێکی هاوشێوەی بارودۆخی کوردەکاندا بوونە، هەمان کاریان ئەنجامداوە.

دەگوترێت لە ڕووی ئابوورییەوە کورد ناتوانن بە بێ ئەرمەنەکان بژین. کەچی دانیشتووانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوەتی کوردن و دۆخی ئابووری ئەم خەڵکەش بە بێ کێشە بەڕێوە دەچێت. بازرگانەکان، بانکدارەکان، پیشەکاران و دوکاندارەکان، هەموویان کوردن.

نیشاندانی دانیشتووانی غەیرە ئەرمەن وەک خەڵکێکی پەرتەوازە، کوردەکان بە ئەنقەست وەها نیشاندراون کە بریتین لە: ١. نیشتەجێ (ناکۆچەری)، ٢. کۆچەریی، ٣، قزل باش ٤. زازا. لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەم جۆرە دابەشکردنە هیچ سوودێکی نییە. ئەو کەسانە هەموویان بە کوردی قسە دەکەن، پۆشاکی کوردی دەپۆشن، بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بەشێک لە خێڵی کورد پێکدێنن.

کۆنفدراسیۆنی بەناوبانگی میللی کە لە خێڵە کوردییەکانی ئیبراهیم پاشا پێکهاتووە، سەرەڕای هەموو ئەو چینانەی سەرەوە، ئیزدییەکانیش لەخۆدەگرێت. خوێندنەوەی تێبینییەکانی سێر مارک سایکس (Sir Mark Sykes) لەبارەی خێڵە کوردییەکانەوە، کە لە پاشکۆی پەرتووکەکەی ‹دوایین میراتی خەلیفە› هاتووە، زۆر بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم جۆرە دابەشکارییە دەستکردە.

### ٧. کەلێنی نێوان تورک و کورد

بەڵگەنەویستە، ئەستەمە لەوە تێبگەین بۆچی دەبێ نکۆڵی لە ماف چارەی خۆنووسین لەم ناوچەیەدا بۆ کوردەکان بکەین، کە لە پێش جەنگ زۆرینەی دانیشتووانی کورد بوون. وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت بەم مافە لەو هەڵە تێگەشتنەوە هاتووە کە گوایە کورد و تورک یەک نەتەوەن.

بە گەڕان لە سەرتاسەری کوردستاندا، مرۆڤ تێدەگات کە کوردەکان لە گشت ڕوویەکەوە، تەنیا ئایین نەبێت، زۆر لە تورک و مەسیحییەکان جیاوازن. لە ڕاستیدا ئەرمەنە چیانشین و کوردەکان لێک نزیکترن.

سەرەڕای ئەمەش کورد هاتوون کە هەمان پەندی ئەخلاقییان دەست دەکەوێ کە دەگووترێ ((تورکیا مەحاڵە))، هەر بەم هۆیەشەوە کە ئەو مافانە بۆ کورد ڕەوا نابینرێت کە ئێمە بە نەتەوەکانیتر ڕەوامان بینیوە.

لەبارەی بەردەوامیدان بە پەیوەندیی گونجاو لەگەڵ مەسیحییەکان، باسمان لەوەکرد کە لەم بارەوە هیچ شتێک لەگەڵ خووی کوردەکان نەگونجاو نییە، و زۆر جاریش کورد لە پێناو پارێزگاری کردن لە مەسیحییەکان لە دەست تورکەکان [لە فەرمانی تورکەکان] لایانداوە. مرۆڤ دەبێ هەمیشە ڕەچاوی ئەوە بکات کە کورد لە ڕەچەڵەکی ئاریایە، بۆیە بە تەواوەتی لە تورکەکان جیاوازن.

بەرهەرحاڵ، جیا لەم جیاوازییە گشتییانە، کورد پارێزگارییان لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆیان کردووە و ڕەتیان کردووەتەوە کە خۆیان بە تورکەکانەوە گرێ بدەن. لەوانەیە ئەم قسەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان، دەربڕینێکی نوێ بێت، بەڵام کاتێک کە مرۆڤ بەناو کوردان گەشت دەکات، واتە لەو ناوچانەی کە فەرمانبەری تورک زۆر بە دەگمەن بوونیان هەیە، هەرگیز گوێت لە یەک وشەی تورکی نابێت، تورک بە کەم سەیر دەکرێت و گاڵتەی پێ دەکرێت، دام و دەزگای حکومەتی تورک هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەکان لەلایەن سەرۆک خێڵە باوکسالارەکان ڕێک دەخرێت و بەڕێوە دەبردرێت، ئەو کات مرۆڤ لەوە تێدەگات کە ئەم دوو نەتەوەیە چەندە لێکجیاوازن.

لە ماوەی جەنگدا کورد ڕەتیان کردەوە لە پاڵ تورکەکان لە دژی ئێمەدا شەڕ بکەن. لە ڕاستیدا لە میزۆپۆتامیا کورد یارمەتییەکی بەرچاوی ئێمەیاندا، ئەویش لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی یارمەتیدانی تورک و یارمەتیدانی هێزەکانی ئێمە لە ناوچەکانی خۆیاندا. کاتێک سوپای عوسمانی دامەزرا بەشێکی کەمی ئەم سوپایە لە کوردەکان پێکهات و سوارەی حەمیدییەش لە مانگە سەرەتاییەکانی جەنگدا پاشەکشەی کرد. بۆیە تورک کوردیان بە نەتەوەی خیانەتکار هەژمار کرد و باسیان لە سزادانی کوردەکان کرد وەک گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ.

هیچ شتێک هێندەی ئەم کورتەیەی خوارەوە لەبارەی ئەو ڕێکارانەی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پەنابەرە کوردەکان، دەرخەری جۆری پەیوەندیی نێوان کورد و تورک نییە.

**بەندی ٨.** لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا ڕێگە نادرێت پەنابەرانی کورد بۆ وڵاتەکەیان بگەڕێنەوە، تەنانەت لە دوای شەڕیش. دەبێ ئەوان لەو ناوچەیەدا بمێننەوە کە لە مادەی ٩ ئاماژەی پێدراوە. ناوەکانیان لە بنکەکانی ناونووسینی خۆجێیی تۆماردەکرێت. لە ژێر هیچ بیانویەک ڕێگە نادرێت ئەوان شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان بگۆڕن.

**بەندی ١٢.** کاتێک کوردەکان چەک کران، کوردە پەنابەرەکان بەسەر گروپی بچووکدا دابەش دەکرێن و نابێ ژمارەی هەر گروپێک لە ٣٠٠ کەس پتر بێت. هەموو کەسانی سەر بە خێڵێك بەسەر گروپی بچووکدا دابەش دەکرێن، هەر گروپێک بۆ ناوچەیەکی جیاواز دەنێردرێت کە لە ٥٪ زیاتری کۆی گشتی دانیشتووانی ناوچەکە پێک نەهێنن.

**بەندی ٣.** سەرۆک خێڵەکان، شێخ و مەلا و کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکان لە خێڵەکانیان جیا دەکرێنەوە بەرەو ئەو ناوچانە دەنێردرێن کە لەم خێڵانە دوور بن تا نەتوانن پەیوەندی لەگەڵ ئەو خێڵانەدا دروست بکەنەوە. باشترە ئەو کەسانە لە شارەکاندا نیشتەجێ بکرێن، تا بەم جۆرە لە ژێر چاودێری حکومەتدا بن.

### ٨. سیاسەتی تورک بەرانبەر کورد

خولیای تورک بۆ بەناوەندگەرایی سیستەمی کارگێڕیی هۆکارێک بوو لە بەردەوامی ڕەتکردنەوەی دانپێدانان بە بوونی نەتەوەی کورد. لە گشت بەڵگەنامە فەرمییەکاندا وشەی کورد ئاماژەی پێنەدراوە و وشەی مووسڵمان لەبریدا بەکارهاتووە. چاپکردنی کتێب بە زمانی کورد قەدەغەکراوە. یانە کوردییەکان داخراون، دامەزراوەکانی کورد دەستییان بەسەردا گیراوە و لە ڕابردوودا زۆرێک لە کوردە ناسیۆنالیستەکان بە نهێنی کوژراون. لە ساڵی ١٩١٥ بە سەراوژێر بوونی پەنابەران بەرەو ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا، حکومەت ڕێنمایی دەرکرد کە نابێ کوردەکان لە دەستە و گروپی تایبەت بە خۆیاندا گردبنەوە، بەڵکو دەبێ بەسەر گروپی بچووکدا و لە نێوان دانیشتووانی تورکدا دابەش بکرێن. ئامانج لەم کارەش بریتی بوو لە خێراترکردنی بەعوسمانیکردنی کوردەکان. لە پیادەکردنی زیاتری ئەم سیاسەتەدا، ئەگەرچی لە کاتی پێویست ڕووبەڕووی بەرهەڵستی سوپا دەبوونەوە، کورد هەندێکجار بە زۆرداره‌کی لە سەر زێدی خۆیان دەردەکران.

هەر یەکسەر لە دوای ئارمیستیس، حکومەت لە ڕێگەی بەڵێنی بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کورد لەژێر دەسەڵاتدارێتی تورکەکانەوە هەوڵیدا بەسەر کوردەکاندا سەرکەوێت، بەڵام کوردە ڕۆشنبیرەکان درکیان بەوەکرد کە بەڕەچاوکردنی خەسڵەت و خووی تورکەکان ئەم جۆرە بەڵێنە تەنیا خەیاڵە. وەها دەردەکەوێت کە ئێستا ئەم پڕۆژەیە بوونی نەماوە. تورکەکان لە دوای ڕووداوەکانی سمیرنا (Smyrna) بەو ئەنجامە گەیشتن کە بۆ ئەوان باشترە کار لەسەر هێڵی پان-ئیسلامی بکەن. لە حاڵی حارزدا، ئامانجی تورکەکان بریتییە لە سەرکەوتن بەسەر کوردەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ترسی ئەرمەنەکان. بە هاوکاری سەرکردە خوێندەوارەکان، تورکەکان گشت دەرگاکانی گفتوگۆیان داخست.

کەسایەتییە ناودارەکانی کورد کە لایەنگری ئینگلیزن لە ئێستانبۆڵ، وەک بەدرخانییەکان و سەید عەبدولقادر، دەیانەوێت بەرپەرچی ئەم جۆرە پڕوپاگەندانەی تورکەکان بدەنەوە، چونکە ئەوان لەوە تێدەگەن لەوانەیە ئەم پڕوپاگەندەیە لە ڕێگەی کوردە بێ ئاگاکان سەر بگرێت و ببێتە هۆی دەرمارگرژی نواندن بەرانبەر پرسی کورد لە لایەن

ئەوروپییەکانـەوە. ئـەوان گلەیـی ئـەوە دەکـەن کە تا ئێسـتا ئێمە پشـتگریی ئـەم هەوڵانەی ئەوانمـان نەکـردووە. ئـەوان ئامـاژە بـە داننانـی ڕاشـکاوانەی ئێمـە بـە ئەرمەنـەکان دەکـەن، بـەڵام ئێمـە ڕەتـی دەکەینـەوە کە ئەم جـۆرە دانپێدانانە بۆ کـورد هەبێ، لە کاتێکدا کەیسـی کـورد بـۆ مافـی چارەی خـۆ نووسـین لـە کەیسـی ئەرمەنـەکان بەهێزترە.

**٩. داواکارییەکانی کورد** (Kurdish Claims)

کـورد بانگەشـە دەکـەن کـە ئـەم مافەیـان هەیـە خاوەنـی ئۆتۆنۆمـی و مافـی چـارەی خۆنووسـینیان لـەو ناوچانـەدا هەبێـت کـە زۆرینـەی هـەرە زۆری دانیشـتووانەکەی کـوردن و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی هێنانـەدی بوژانـەوە و گەشەسـەندنی نەتەوەییـان.

لـەو نەخشـەیەی کـە وەک پاشـکۆیەک هاوپێچـی ئـەم ڕاپۆرتـە کـراوە سـنووری نەتەوەیـی کـورد بـە هێڵـی شـین دیارکـراون. زۆرینـەی هـەرە زۆری دانیشـتووانی ناوچـە شـینەکان کـوردن، بـەڵام ئەرمەنـەکان بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن ئـەم ناوچانـە هـی ئەوانـن.

ناوچە سوورەکان ئەو دەڤەرانە دەخاتەڕوو کە لە ئێستادا خراوەتە پاڵ میزۆپۆتامیا.

ناوچە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکە، کوردستانی ئێرانە کە تەواوی دانیشتووانی کوردن.

تایبەتمەنـدی بەرجەسـتەی نەخشـەکە بریتییـە لـەو ناوچـە بەرفراوانـەی کـە دەکەوێتـە نێـوان میزۆپۆتامیـا و ئەرمینیـا، کـە لەلایـەن ئەرمەنەکانـەوە بانگەشـەی بـۆ دەکرێت کە هی ئەوانـە (ئـەو سـنوورانەی کـە بە ڕەنگی زەرد نیشـاندراون). ئـەم ناوچەیـە، ناوچەیەکی وەها کوردییـە کـە ئەرمەنـەکان تەنانـەت ڕووی ئەوەیـان نییـە بڵێیـن ناوچەکە هـی ئەرمەنەکانە.

ئەگـەر داواکاری ئەرمەنـەکان جێبەجـێ بکرێـت، تەنانـەت ئەگـەر بەشـێکیش جێبەجـێ بکرێـت، ئەسـتەمە ئەم بەشـە دوورەپەرێزەی کوردسـتان لە ژێـر فەرمانڕەوایەتـی تورکەکاندا بمێنێتـەوە. دەبـێ ئـەم ناوچەیـە بخرێتـە سـەر میزۆپۆتامیـا یاخـود سـەربەخۆیی پێبدرێـت. دەکرێـت ئـەم دوو بۆچوونـە ڕەتبکرێنـەوە. درێژەپێدانـی زۆرتـری سـنوورەکانی میزۆپۆتامیـا کارێکـی نەخـوازراوە. لـە کاتێکـدا دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـورد کـە بەشـێکی زۆری ناوچەکانـی نەگەڕابێتـەوە وەک ئەرمینیـا، ئێـران و میزۆپۆتامیـا، سـەختە سـەقامگیری لـەم ناوچەیـەدا بەدیبهێنرێـت.

**سنووردارێتی نەتەوەیی لە کوردستان** (ethnographical limits of Kurdistan)

**باشوور**

هێڵـی شـەمەندەفەری ئێسـتای بەغـدا کـە لـە فوڕاتـەوە بـەرەو مووسـڵ دەچێـت سـنووری باشـووری کوردسـتانە. لـە مووسـڵەوە هێڵـی لێکجیاکردنـەوەی نەتەوەیـی لـە نێـوان کـورد و عـەرەب، لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرەو خانەقیـن درێـژ دەبێتـەوە تـا بـەو چیایانـە دەگات کـە بەسـەر دەشـتاییەکاندا دەڕوانێـت.

**ڕۆژهەڵات**

لـە ڕۆژهـەڵات سـنوورەکان بـەرەو ئێـران درێـژ دەبنـەوە و سـنە و سـەقز (Sakia) لەخۆدەگرێـت و دواتـر شـۆڕ دەبیتـە و ڕووبـاری ئەگاتـای بـەرەو دەریاچـەی ڕەزایـە دەچێـت تـا دەگاتـە سـنوورەکانی ڕووسـیا لـە نزیـک ئـارارات.

**باکوور و ڕۆژئاوا**

تـا ئێسـتا دەرفەتـی ئـەوەم بۆ نەڕەخسـاوە خوێندنـەوە بۆ ئەم سـنوورانە بکـەم، بەڵام بە پێـی ئـەو سـەرچاوانەی لە بەردەسـتن، ئـەم سـنوورانە هاوتەریبی هێڵی پانـی و درێژی ٣٩ن.

نەخشـەی ئەتنۆگرافـی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا لـە ئاسـیا کـە لەلایـەن وەزارەتـی جەنـگ بـە ژمـارە ٢٩٠١ دەرکـراوە و لەلایـەن کۆمەڵـەی جوگرافیـای پاشـایەتییەوە (Royal Geographical Society) چاپکـراوە، بـە دیقەتـەوە، ئـەو ناوچانـە دیـاردەکات کـە لەپێـش سـەرهەڵدانی جەنـگ ناوچـەی کـوردی بوونـە.

## ١١.هۆکارەکانی بەخشینی ئاستێک لە دانپێدانان بە خواستی کوردەکان

لـە حاڵـی حـازردا، دوو مەیلی سـەرەکی لە کوردسـتاندا بوونیان هەیە: (١) پان ئیسـلامی، (٢) ناسیۆنالیسـت. بە هۆکاری ئاشـکرا و بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئێمە، باشـترە ناسـیۆنالیزم لەبـری پان ئیسـلامیزم پەرە بسـێنێت. بە پێچەوانەوە تورکەکان، هەوڵـی هاندانی جوڵانەوەی پـان ئیسـلامی دەدەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئـەوان کەرەسـتەی پڕوپاگەندەکردنـی باشـیان لـە ڕووداوەکـەی سـمیرانا (Smyrana) وەدەسـت کەوت. هاوشـێوەی کەیسـی یۆنانییەکانی سـمیرانا، بـە کـوردەکان گووتـراوە کـە هێـزە هاوپەیامانـەکان دەیانەوێـت ئەرمەنـەکان بـۆ زێـدی خۆیـان بگەڕێننەوە و بەسـەر کوردەکاندا بیانسـپەێنن. هەر وەک پێشـتر ئاماژەم پێدا، کـورد زۆر بـە باشـی دەزانـن ئەرمـەن ئەگـەر دەرفەتەیان بۆ بڕەخسـێت ڕەشـەکوژی ئەنجام دەدەن. ئـەم ترسـە و شـانازی کـردن بـە نەتـەوە تێکـەڵ بـە یەکتر بوونـە، هەروەهـا بچووک هەژمارکردنـی ئەرمەنـەکان ئەم هەسـتەی لەلایـەن کوردەکانەوە دروسـتکردووە کە بجەنگن نـەک ملکەچی ئەرمەنـەکان بن.

بـە گشـتی کـوردەکان مووسـڵمانی دەمارگـرژ نیـن، ئەگـەر چـی لـەم بـارەوە هەندێـك ڕێزپەریـش هـەن. لەلایەکیـترەوە، ئیسـلام تـا ڕادەیـەک بەسـەریاندا زاڵـە. نەبوونـی دەمارگرژیـی ئایینـی لەلایـەن کـوردەوە بـە ڕوونـی لـەم دەربڕینـەدا دەردەکەوێـت کـە ئـەم هیوایـە هەیـە ئەگـەر بێـت و کەرەسـتەی خوێنـدن و پـەروەردەی دروسـت بـۆ کـورد دابیـن بکرێـت، ئـەوان زۆر بـە خێرایـی دەبـن بـە مووسـڵمانی لێبـوردە. هەروەهـا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە بەسـتێنی کوردسـتان بەسـتێنێکی پتـەو نییـە بـۆ پـان ئیسـلامیزم و ناتوانێـت ڕەگـی لـێ داکوتێـت ئەگـەر ئێمـە سیاسـەتی هەڵـەی پشـتیوانی لـە ئەرمەنـەکان نەگرینەبـەر. لـەم بـارەوە، شـایانی ئامـاژە پێدانـەوە کـە کـورد، بـە دەسـتگرتن بەسـەر ڕەزایـەدا، لـە پێنـاو ئامانجـە نەتەوەییەکانیانـدا گورزیـان لـە پـان ئیسـلامی وەشـاند.

بـە بڵاوبوونـەوەی خوێنـدن و دامەزراندنـی حکومەتێکـی سـەقامگیر، دەتوانیـن بڵێیـن کـوردەکان بەهـۆی ڕۆشـنبیرەکانیان و مەیلـی وەرگرتنـی [بابەتی نـوێ] بـەرەو کۆمەڵەیەکی خـاوەن ڕێـز و سـەقامگیر گەشـە دەکـەن و هاوسـەنگییەکی بەنـرخ لـە نێـوان میزۆپۆتامیـا و وەرچەرخانـی سیاسـی قەفقازیـا دروسـت دەکـەن.

### ١٢. فاکتەری ڕووسی

سـەر لـە نـوێ لـە دایـک بوونـەوە و دووبـارە بونیاتنانـەوەی ئیمپراتـۆری ڕووسـیا، ئەگەرێکـە کـە ناکـرێ پشـتگوێ بخرێـت.

لـە ڕابـردوودا، سیاسـەتی ڕووسـیا تـا ئاسـتێکی باش هانـی بزووتنـەوەی کـوردی دەدا. بە پێـی ئـەو بەڵگەنامانـەی لە بـارەگای دەسـتەی ئەرکانی گشـتی ڕووسـیا (Russian General Staff) لـە تفلیـس لـە سـاڵی ١٩١٧ بـە دەسـتم کەوتوونـە، من بـەو ئەنجامە گەیشـتوومە کە ڕوسـەکان هـەوڵ دەدەن کـورد وەک پەرەچەکردارێـک لـە دژی ئەرمەنـەکان بـەکار بێنـن. هەروەهـا ڕووسـەکان نیەتـی ئەوەیان نییە ئـەو ناوچانەی ئەرمەنەکان بانگەشـەی بۆ دەکەن کـە زۆرینـەی هەرە زۆری دانیشـتووانەکەی کـوردن، بیدەنە ئەرمەنەکان. (ئـەو ناوچانەی کە بـە ڕەنگی شـین لەسـەر نەخشـەکەدا دیارکراون).

هـەر کاتێـک دەرفەت بۆ ڕووسـیا ڕەخسـا پەیڕەو لە سیاسـەتە کۆنەکەی خـۆی دەکاتەوە. ئێسـتاکە، نوێنەرانـی کۆلچـاک (Kolchak) لە پاریس داوای ئینتیـداب بۆ ئەرمینیا دەکەن.

لـە ڕوانگـەی پەیوەنـدی نزیکـی نێـوان میزۆپۆتامیـا و کوردسـتان و ئـەو ژمـارە زۆرە کــوردەی کــە لــە ژێــر ئیــدارەی ئێمــەی لــە میزۆپۆتامیــادا هــەن، زۆر گرنگــە ئێمــە ڕووســەکان لــە کوردســتاندا بوەســتێنین، ئەمــەش لــە ڕێگــەی بەرتەســک کردنــەوەی مەیدانــی کاری ڕووســەکان لــە کوردســتاندا دەکــرێ.

### ١٣. لێداونـی نادروسـت و نوێنەرایەتیکردنـی هەڵـە کـە ئەرمەنـەکان بـۆ بەهێزترکردنـی کەیسـەکەیان بـەکاری دێنـن

false statements and misrepresentations which the Armanians make use of--to bolster up their case

بـۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ و بەبەردەوامـی بانگەشـەی ئەرمەنـەکان دەخرێتـە بـەردەم خەڵـک، لـە کاتێکـدا هیـچ کـەس بۆچوونـی کـوردەکان ناخاتـەڕوو، یاخـود کەسـێک هەبێت ڕەتـی ئـەو درۆ زۆرانـە بـکات کـە ئەرمەنـەکان لـە پێنـاو زیاتـر نیشـاندانی کەمـی ژمـارە دانیشـتووانی ئەرمـەن بـەکاری دێنـن کـە پێـش جەنـگ زۆر بـوو.

لـەو نامیلکەیـەی کـە لەلایـەن بۆگـۆس نۆبـار (Boghos Nubar) بـە ناونیشـانی ‹پرسـی ئەرمەنـەکان پێـش کۆنفرانسـی ئاشـتی› بڵاوکراوەتـەوە، لـە لاپـەڕە ١٤دا ئامـاژە بــەوە دەکات حکومەتــی تورکیــا هەمیشــە بــە ئەنقەســت داتاکانــی شــێواندووە، بــە ئامانجــی نیشــاندانی ئــەوەی کــە ئەرمەنــەکان کەمینەیەکــی بچووکــن. ئــەم شـێواندنەی ئەرمەنـەکان بـۆ هـەر کەسـێک دەردەکەوێـت کـە خوێندنـەوەی بـۆ ئـەم پرسـەی کردبێـت.

داتاکانــی حکومەتــی تورکیــا پێــش جەنــگ ئامادەکــراون، واتــە ئەوکاتــەی هیــچ مەبەسـتێک لـە کەمکردنـەوەی ژمـارەی دانیشـتووانی مەسـیحی لـە ئـاردا نەبـووە. بـە پێچەوانـەوە، سـەرژمێری تورکـەکان، کـە گوایـە ڕاسـت نەبـووە، بناغـەی هەڵسـەنگاندنی گرنگتریــن ســەرچاوەی داهاتــی مەســیحییەکانی پێکهێنــا: واتــە بەخشــینی باجــی ســەربازی، هــەر بــەم هۆیەشــەوە تورکــەکان هەوڵیانــدا ســەرژمێری مەســیحییەکان تــا ئــەو شــوێنەی دەکرێــت بــە تەواوەتــی ئەنجــام بــدەن.

لـە خوێندنـەوەی داتـای سـەرژمێری تورکـەکان، دەردەکەوێـت بـە بـەراورد لەگـەڵ مەسـیحییەکان ژمـارەی دانیشـتووانی مووسـڵمان کەمـتر خەملێنـدراوە، ئەمـەش بـە هـۆکاری ئـەوەی مەسـیحییەکان نیشـتەجێی شـارەکان بـوون و ئەنجامدانـی سـەرژمێری لـەم شـوێنانە زۆر ئاسـانترە لـە ئەنجامدانـی سـەرژمێری لـە گونـدە دوورە دەسـتەکانی ســەر بەرزاییــەکان. لــە کەیســی کــوردە کۆچەرییەکانــدا، تورکــەکان هیــچ کاتێــک نەیانتوانیـووە سـەرژمێری بـۆ ئـەم کوردانـە ئەنجـام بـدەن، لـە ئەنجامـدا داتـای ئـەم کــوردە چادرنشــینانە لــە ســەرژمێرییەکاندا بوونــی نییــە.

لــە ئەزموونێکــی حەقیقیــدا بــۆ مــن دەرکــەوت کــە ســەرژمێرییەکەی تــورکان نزیکـەی ٤٠ بـۆ ٢٠٪ کەمـترە و ڕێـژەی سـەدی بـە کەمـتر خەمڵاندنـی کـوردەکان زۆر لــە بــە کەمــتر خەمڵاندنــی ئەرمەنــەکان زیاتــرە.

لـە خشـتەی ژمـارە ١دا، کـە تایبەتـە بـە کەیسـی ئەرمەنـەکان ژمـارەی دانیشـتووانی بەشــی باکــووری ویلایەتــی دیاربەکــر بــەم شــێوەیەی خــوارەوە خراوەتــەڕوو:

تورک...... ٤٥،٠٠٠

کورد..... ٥٥،٠٠٠

ئەرمەن..... ١٠٥،٠٠٠

یەعقوبییەکان..... ٦٠،٠٠٠

ئێزدی..... ٤،٠٠٠

گشت ئەم خستنەڕوویە شتێک نییە تەنیا درۆیەکی کار بۆ کراو نەبێت.

دانیشتووە غەیرە ئەرمەنەکان واتە، کورد، قزل باش و ئێزدی بە تورک هەژمار کراون، لە کاتێکدا ئەوان تورک نین و لە ڕاستیدا ئێزدی و قزل باشەکان کوردن. ئەمەش لەلایەن هەر گەشتیارێکی ئینگلیزەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە سەردانی ئەم ناوچەیەی کردبێت. من بە تایبەت ئاماژە بە سێر مارک سایکس دەدەم، کە ٧،٥٠٠ میل گەشتی لە ناو کوردستاندا ئەنجامداوە (پەرتووکی دوایین میراتی خولەفا- پاشکۆی خێڵە کوردییەکان).

ئەرمەنەکان ژمارەی کورد، تورک، قزل باش و ئێزدییەکان بە ١٣١،٠٠٠ کەس دەخەمڵێنن، لە کاتێکدا ئەو بەدواداچوونە ورد و تێروتەسەلەی کە من ئەنجامم داوە و بە پێی ئەو لێکدانەوەی کە پشت بە داتا بێلایەنەکان دەبەستێت، کەمترین ڕێژەی لە ماوەی پێش جەنگدا بە ٤٠٠،٠٠٠ کەس دەخەمڵێنێت. ئەم خەمڵاندنەش زۆر نزیکە لەو سەرژمێرییەی کە لەلایەن ژەنەڕاڵ بەکر، کە کەسێکی دیاری ئەرمەن لە سەردەمی سەعید پاشا و میناس ئەفەندنی لە ساڵی ١٨٨٠ و لە دوای ڕێککەوتننامەی بەرلین ئەنجامدراوە.

داتای ئەرمەنەکان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی مەسیحی نادروستە. ئەرمەنەکانی دیاربەکر لیستێکی تەواویان بە مندا کە دابەشبوونی ئەرمەنەکان لە پێش سەرهەڵدانی جەنگ نیشان دەدات. ئەم لیستە ١٧،٨٠٠ ماڵ لە ناوچەکانی ژێر لێکۆڵینەوەدا لەخۆ دەگرێت. ئەگەر ستانداردی ژمارەی ئەندامانی هەر ماڵێک بە

پێنج کەس وەرگرین، کۆی گشتی ژمارەی دانیشتووانی ئەرمەن دەبێتە ٨٩،٠٠٠ کەس.

بەپێی ئەو داتایەی لەلایەن قەشەی سورییەکانەوە ئامادەکراوە، نزیکەی ٣،٥٠٠ ماڵی یەعقوبییەکان هەن کە ژمارەی ئەم یەعقوبیانە دەکاتە ١٧،٥٠٠ کەس نەک وەک بۆگۆس نۆبار دەڵێت ٦٠،٠٠٠ کەس بن.

بە پێی ڕاپۆرتی دەستەی ئەرکانی گشتی لە تفلیس، پەیوەست بە پرسی سەربەخۆیی ئەرمەنەکان بە ڕێکەوتی ٢٥ی ئەپریلی ١٩١٩، ئاماژە بەوە دەکات کە ٣٠٠،٠٠٠ ئەرمەنی لە قەفقازیا هەن و چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ ئەرمینیای تورکیا دەکەن. لەوانەیە ئەم داتایە لە سەرچاوەیەکی ئەرمەنییەوە وەرگیرابێت.

لە ٢٢ی تەمووزی لە ئێستانبۆڵ، شاندی ئەمریکی بۆ هاریکاری لە ڕۆژهەڵاتی نزیک دۆسیەکانی خۆیان بە مندا و من پێداچوونەوەی گشت ئەو ڕاپۆرتانەم کرد کە تا ئەو ڕێکەوتە بە ڕێکخراوەکانی هاریکاری ئەمریکی لە قەفقاز درابوو. بە گشتی سێ ژمارەی خەمڵێندراو لەبارەی ئەرمەنەکانی تورکیا کە لە قەفقاز بوون و دەگەڕێندرانەوە تورکیا بوونی هەبوو. ئەم ژمارانە بریتی بوون لە ٢٦٣،٠٠٠ کەس، ١٢٠،٠٠٠ کەس و ١٠٠،٠٠٠ کەس. تێکڕای ئەم ژمارانە ١٦١،٠٠٠ کەسە یاخود نیوەی ئەو ژمارەیەی کە لەلایەن خودی ئەرمەنەکانەوە خراوەتەڕوو.

ڕاپۆرتێکی دیکە باس لەوە دەکات کە چۆن یەکەیەکی هاریکاری ئەمریکی بۆ وڵاتی قەفقاز (Vladikafkaz) نێردراوە، واتە ئەو شوێنەی ئەرمەنەکان دەڵێن ٩٠،٠٠٠ پەنابەریان لێ هەیە، بەڵام تەنیا ١٢،٠٠٠ کەس گەڕاونەتەوە. ئەم نموونانە، خەسڵەتی نادروستی داتاکانی ئەرمەنەکان دەخەنەڕوو.

**داتای دانیشتووانی ئەرمەن و کورد لەو بەشەی کوردستان کە لەلایەن ئەرمەنەکانەوە بە بەشێکی نەپچڕاوی ئەرمینیا هەژمار دەکرێت.**

ناوچەی مەبەست، بە ڕەنگی شین لەو نەخشەیەدا نیشاندراوە کە هاوپێچی ئەم ڕاپۆرتە کراوە. ئەم ناوچەیە لە ویلایەتی دیاربەکر (نیوەی بەشی باکوور)، ئیدارەی ئەلعەزیز (Mamouret El Aziz)، بەتلیس و وان پێکدێت. ئەمەش ٨٠٪ی ناوچەی مەبەست پێکدێنێت. تا ئێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە کە سەردانی سێ ویلایەتەکەی دوایی بکەم و خوێندنەوەیەکی ورد لەبارەیانەوە بخەمەڕوو هەر وەک چۆن لە کەیسی دیاربەکر خستوومەتەڕوو، بەڵام بە پشت بەستن بەو داتا نادروستانەی کە لە کەیسی دیاربەکر خراونەتەڕوو، بیانویەکی باش لە ئارادایە گومان بکەین کە ئەرمەنەکان بە ئەنقەست داتای ئەم سێ ویلایەتە بە نادروستی دەخەنەڕوو.

خشتەی خوارەوە داتای سەرژمێری ویلایەتی وان دەخاتەڕوو کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بەدەستهاتووە.

| تورک | سەرژمێری تورکەکان ١٩٥٠ | بانگەشەی ئەرمەنەکان | داتای فەڕەنسییەکان ١٨٩٧ | داتای کوینێتس Cuinets fig-) (ures | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| تورک<br>کورد | ١٧٩،٠٠٠ | ٤٧،٠٠٠<br>٥٥،٠٠٠ | ٢٤١،٠٠٠ | ٢٤٧،٠٠٠ | ١٩٦،٠٠٠ |
| ئەرمەن | ٦٨،٠٠٠ | ١٨٠،٠٠٠ | ٨٠،٠٠٠ | ٨٠،٠٠٠ | ١٠٣،٠٠٠ |
| نەتەوەکانیتر | ١٢،٠٠٠ | ٤٦،٠٠٠ | ١٠٩،٠٠٠ | ٩٨،٠٠٠ | ٦٦،٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠،٠٠٠ | ٣٥٠،٠٠٠ | ٤٣٠،٠٠٠ | ٤٣٥،٠٠٠ | ٣٦٥،٠٠٠ |

لـە دوایـیـن سـتووندا تێکـڕای چـوار سـەرچاوەی جیـاواز خراوەتـەڕوو، ئەمـەش دەکرێـت بـە ڕێگەیەکـی نزیـک لـە خسـتەنەڕووی ژمـارەی دروسـت هەژمـار بکرێـت تـا ئەوکاتـەی داتـای ورد دەسـتەبەر دەکرێـت.

لـە کـۆی گشـتی ١٩٦،٠٠٠ تـورک و کـورد، نزیکـەی ١٨٠،٠٠٠ کەسـیان کـوردن. ئـەم داتایـە لەلایـەن دەسـتەی ئەرکانـی گشـتی ڕووسـیا لـە تەفلیـس ئامادەکـراوە.

ئەگـەر بـە هەمـان شـێوەی سـەرەوە مامەڵـە لەگـەڵ ویلایەتـی ئەلعەزیـز و بەتلیـس بکەیـن، ئـەم ئەنجامانـەی خـوارەوە دەسـت دەکـەون.

**ویلایەتی بەتلیس**

| | سەرژمێری تورکەکان | بانگەشەی ئەرمەنەکان | داتای فەرمی فەڕەنسییەکان | تۆماری داتای کوینێتس | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| تورک<br>کورد | ٣١٠،٠٠٠ | ٤٠،٠٠٠<br>١٣٢،٠٠٠ | ٢٥٤،٠٠٠ | ٢٥٧،٠٠٠ | ٢٣٨،٠٠٠ |
| ئەرمەن | ١١٩،٠٠٠ | ١٨٠،٠٠٠ | ١٣١،٠٠٠ | ١٣٤،٠٠٠ | ١٤١،٠٠٠ |
| نەتەوەکانیتر | ٨،٠٠٠ | ٣٠،٠٠٠ | ١٣،٠٠٠ | ٩،٠٠٠ | ١٥،٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٤٣٧،٠٠٠ | ٣٩٢،٠٠٠ | ٣٩٨،٠٠٠ | | ٢٩٤،٠٠٠ |

لـە کـۆی گشـتی ٢٣٨،٠٠٠ کـەس، ٢٣٠،٠٠٠ کـەس کـوردن (بەپێـی ئـەو داتایـەی لەلایەن دەسـتەی ئەرکانـی گشـتی ڕووسـیا ئامادەکراوە).

**ویلایەتی ئەلعەزیز**

| | سەرژمێری تورکەکان | بانگەشەی ئەرمەنەکان | داتای فەرمی فەرەنسییەکان | کتێبی کوینێتس | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| تورک<br>کورد | ٤٤٦،٠٠ | ١٠٢،٠٠٠<br>١٧٥،٠٠٠ | ٥٠٥،٠٠٠ | ٥٠٤،٠٠٠ | ٤٣٣،٠٠٠ |
| ئەرمەن | ٨٨،٠٠٠ | ١٦٨،٠٠٠ | ٧٠،٠٠٠ | ٦٩،٠٠٠ | ٩٩،٠٠٠ |
| نەتەوەکانیتر | ٤،٠٠٠ | ٥،٠٠٠ | ١،٠٠٠ | ٤٧،٠٠٠ | ٣،٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٥٣٨،٠٠٠ | ٤٥٠،٠٠٠ | ٥٧٥،٠٠٠ | ٥٧٤،٠٠٠ | ٥٣٥،٠٠٠ |

سـەختە ڕێـژەی نێـوان کـورد و تـورک بخرێتـەڕوو، بـەڵام تورکـەکان لـەو شـارانەی دەکەونـە بەشـی ڕۆژئـاوای ویلایەتـی ئەلعەزیـز نیشـتەجێن. بەهەرحـاڵ، دەکرێـت نزیکەی ١٠٠،٠٠٠ تـورک لـە کـۆی گشـتی ٤٣٣،٠٠٠ کـەس لـەم ویلایەتـەدا بوونیـان هەبێـت.

ویلایەتەکانـی بەتلیس، وان، دیاربەکـر و ئەلعەزیـز، نزیکـەی ٨٠٪ خاکـی ئـەو ناوچەیـە پێکدێنـن کـە زۆرینـەی هـەرە زۆری دانیشـتووانی کـوردن، ئەرمەنـەکان بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن ئـەم خاکـە بەشـێکە لـە ئەرمینیـای گـەورە. ئەگـەر کۆنفرانسـی ئاشـتی بڕیـار بـدات ئـەم ناوچەیـە بدرێتـە ئەرمەنـەکان، ئەمـەش بـە واتـای ملکەچـی ١،١٤٣،٠٠٠ کـورد دێـت کـە دەچنـە ژێـر دەسـەڵاتی ٤٣٠،٠٠٠ ئەرمەنـی. هەڵبـەت ئـەم داتایانـە، داتـای پێـش دەسـتپێکردنی جەنگـن. تەنانـەت ئەگـەر پەنابـەرە ئەرمەنەکانیـش بگەڕێنـەوە، ئەسـتەمە لـە داهاتـوودا ژمـارەی ئەرمەنـەکان بگاتـە ١٠٠،٠٠٠ کـەس. بەمجـۆرەش بانگەشـەی ئەرمەنـەکان سـەبارەت بـە ژمـارەی گشـت ئەرمەنـە زینـدوو و مـردووەکان دەردەکەوێـت. ناڕەزایەتییەکـی تونـد لـە دژی تـورک لـە ئارادایـە، واتـە ناڕەزایەتـی لـە دژی یەکـەم ئەنجامـدەری ڕەشـەکوژی، بـەڵام سـەبارەت بـە کـوردەکان، ئـەم بانگەشـەیە بـە هـۆی ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوە، تواناکـەی لـە دەسـت دەدات:

١. ئـەو نادادپەروەرییـەی لەلایـەن ئەرمەنـەکان و لەژێـر چەتـری ڕووسـەکان لـە دژی کـوردەکان ئەنجامـدرا، بـە ڕاسـتەخۆ بـووە هـۆی مردنـی ژمارەیەکـی زۆر و بـە ناڕاسـتەخۆش بـووە هـۆی مردنـی ژمارەیەکـی زۆرتـر، ئەویـش بەهـۆی کۆچـی بـە کۆمەڵـی کـوردەکان. ئەسـتەمە نکۆڵـی لـەم حەقیقەتـە بکرێـت. خـودی خـۆم بـە چاوی خـۆم بینیـم کـە گشـت ناوچـە کوردییـەکان بـە تەواوەتـی خاپورکـراون.
٢. ناکـرێ کـوردەکان لـە ڕەشـەکوژکردن یاخـود لـە سـێدارەدانی ئەرمەنـەکان بـە بەرپرسـیار هەژمـار بکـەن. کـورد تەنیـا وەڵامـی فیتنەگێڕیـی تورکەکانـی داوەتـەوە بـە تایبەتیـش لـەو شـوێنانەی کـە کـورد سـەبارەت بـە ئامادەیـی و دەستڕۆیشـتویی تورکـەکان تێـدا هەسـتیار بوونـە. لـەو کەیسـانەی واز لـە کـوردەکان هێـنراوە، کـورد لەبـری ڕەشـەکوژکردنی مەسـیحییەکان دۆسـتانە لەگەڵییـان جوڵاوەتـەوە. خـودی ئەرمەنەکانیـش ئەمـە پشتڕاسـت دەکەنـەوە و حکومەتـی خاوەنشـکۆ هەمـان کاری کـردووە بـە دەرکردنـی لێبوردنـی گشـتی بـۆ کـوردەکان.

## ١٥. مەترسـی ڕێگـەدان بـە سیاسـەتێک لە کوردسـتاندا کە لەژێـر کاریگەریـی بەرژەوەندی شـاندی ئەمریکـی دا بێت.

لـە حاڵـی حـازردا، ژمارەیەکـی زۆر کەمـی فەرمانبـەری بەریتانـی لـە ویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا هـەن کـە زانیـاری زۆر چاکیان لەسـەر بارودۆخ و کێشـەکانی ئـەم ویلایەتانەیان هەبێـت. تەنیـا ئـەو کەسانەی هەنوکـە لـەم ویلایەتانـەدا بوونیـان هەیـە موژدەدەرەکانـی ئەمریکیـن کـە پێـش سـەرهەڵدانی جەنـگ لـەم ویلایەتانـەدا بـوون.

بۆیـە مەیلێکـی سروشـتی لـە ئارادایـە بـۆ دەستپێشـخەری دارِشـتنی سیاسـەتێک بـۆ ڕزگاربـوون لـە دەسـت کـوردەکان. لـە حاڵـی حـازردا، دکتـۆر ئاشـێر (Dr. Usher) لـە وان پلانێکـی بـۆ گەڕاندنـەوەی پەنابـەران دارِشـتووە، کـە بـە دڵنیاییـەوە ئـەم کارەش دەبێتـە هـۆی دەسـتوەردان لـە زۆرێـک لـە بابەتـە سیاسـییەکاندا. دکتـۆر ئاشـێر، سـەردانی پاریسـی کـردووە و بۆچوونەکانـی خـۆی خسـتووتە بـەردەم کۆنفرانسـی ئاشـتی، وادیـارە لـەم کارەشـدا تـا ڕادەیـەک سـەرکەوتوو بـووە. یەکێـک لـە خاڵـە

سـەرەکییەکانی پلانەکـەی دکتـۆر ئاشـیر بریتییـە لـە دامەزراندنـی فەرمانبـەری بەریتانـی بـۆ جێبەجێکردنـی پلانەکـەی. بۆیـە داوا لـە حکومەتـی خاوەنشـکۆ کـراوە تـا بچێتـە پـاڵ ئـەم سیاسـەتەی ئەمریـکا.

بەهەرحـاڵ، جیـا لەمـەش، سـەبارەت بـە پرسـی ڕاستەوخۆ چوونـە پـاڵ ئـەم سیاسـەتە، ئاشـکرایە کـە بـە هـۆی بەرژەوەندییەکانمـان لـە ڕۆژهەڵاتـی نزیکـدا ئێمـە ناتوانیـن سـەبارەت بـە سروشـتی چارەسـەری پرسـی نێـوان کـورد و ئەرمەنـەکان دەستەوەسـتان بمێنینـەوە، بـە تایبەتیـش سـەبارەت بـە چارەسـەرییەک کـە لـە ژێـر کاریگەریـی بەرژەوەندیـی موژدەدەرەکانـدا بێـت.

لەوانەیـە ڕوون نەکرابێتـەوە کـە بە گشـتی مـوژدەدەرەکان لە دژی بنەما سـەرەکییەکانی فەرمانڕەوایەتـی بەریتانیـان لـە وڵاتانـی محەمەدی. لەم بـارەوە ڕەفتاری ئەوان زۆر بە باشـی لـە پوختـەی ڕاپۆرتێکـدا کـە لـە یەکەمیـن کۆنفرانسـی مـوژدەدەرەکان کـە سـاڵی ١٩٠٦ لـە قاهیـرە گرێـدرا و لەبری جیهانـی محەمەدییەکانـەوە خوێندرایـەوە، دەردەکەوێت.

**ئیسلام لە ئێران،** (Islam in Persia by the Rev. W.St.Clair Tisdall)

ئیسلام کێشەی لەگەڵ زۆربەی ئایینەکانی دیکەش هەیە کە مەسیحی نین و ئەمەش لای خەڵکی ئێمە لە ئینگلتەرا بە ئاسانی وەرناگیرێ و یارمەتی کارکردنی ئێمەش نادا لە ئێران.

**ئیسلام لە بەلوچستان** (Islam in Baluchistan by Rev. A. Duncan Dixey)

لەبـارەی پرسـی ئاییـن، حکومەت بێ لایەنە، بـەڵام جار نا جار هەندێك کەس پشـتگیریی لـە ئیسـلام دەکەن، ئەویش لە ڕێگـەی یارمەتیدان بۆ خوێندنی قورئان لـە قوتابخانەکاندا.

**ئیسلام لە سوماترا** (Islam in Sumatra by Rev. G. K. Simon)

ئەمـە یەکێـک لـە ئەرکەکانـی موژدەدەرەکانـە کـە بـۆ حکومەتـە کۆڵۆنیالـەکان ڕوون بکاتـەوە کـە هیـچ کاتێـک مووسـڵمانەکان نابن بـە هاووڵاتی وەفـاداری هێزێکی مەسـیحی. مەیلێـک لـە ئارادایـە بـۆ هەژمارکردنـی ئیسـلام وەک هێزێکی بەشارسـتانی بوو، بـەڵام ئەمە

وا نییـە، یاخـود ئیسـلام نەیتوانیـووە ببێـت بەهێزێکـی شارسـتانی، وەهـا دەردەکەوێـت کـە دەسـەڵاتدارەکان نایانەوێـت تێبگـەن ئـەوان مـار لـە گیرفانـی خۆیانـدا بەخێـو دەکـەن.

**ئیسلام لە میسر** (Islam in Egypt by the Rev. Andrew Watson)

مـن دوو دڵ نیـم لـە گووتنـی ئەوەی کـە داگیـرکاری بەریتانیـا لەبری لاوازکردنی ئیسـلام، ئیسـلامی بەهێزکـرد. ڕاسـتە دوا دەسـەڵات لـە دەسـت حکومەتـی بەریتانیادایـە، بـەڵام بـۆ خەڵکی بێگانە وا دەردەکەوێت کە ئەم دەسـەڵاتە زۆرتر لە بەرژەوەندی محەمەدییەکاندایە.

**ئیسلام لە ئاسیا** (Islam in Asia by Rev. S. M. Zwemer)

ڕەفتاری حکومەت لە عەدەن لە بەرژەوەندی شاندە (موژدەدەر) مەسیحییەکاندا نییە.

ئـەم پوختانـە زۆر بـە ڕوونـی ئـەو کەلێنـە دەخەنـەڕوو کـە لـە نێـوان ڕەفتـاری بەریتانیـا بەرانبـەر محەمەدییـەکان و بەرژەوەنـدی مەسـیحییەکان لـە ئارادایـە، هەروەهـا نیشـاندەری بۆچوونـی موژدەدەرەکانـە کـە ئـەوان دەیانەوێـت ئـەم ڕەفتـارە چـۆن بێـت.

دکتـۆر ئاشـیر زۆر بـە توندی لایەنگـری ئەرمەنەکانـە، چونکە خۆی مەسـیحییە، بۆیە ئەو ئەرمـەن لـە سـەرووی کـورد دەبینێـت. لـە کاتێکـدا زۆربـەی گەشـتیارە بەریتانییـەکان بە بێ ڕەچاوکردنـی پرسـی ئاییـن، کـوردەکان زیاتـر پەسـند دەکـەن. هـەر بـەم هۆیەشـەوە دکتـۆر ئاشـێر لـەو بڕوایەدایـە پێویسـتە هانـی کلتـوری ئەرمەنـەکان بدرێـت و گشـت هێماکانـی شوناسـی کـورد پشـتگوێ بخرێـت. ئەو بە ڕاشـکاوی بـاس لە مومکیـن بوونـی هەڵگەڕاندنی گشـت کـوردەکان بـۆ سـەر مەسـیحییەت دەکات تـا بـبن بـە بەشـێک لـە دەوڵەتـی ئەرمینیا. مـن بـە دڵنیاییـەوە پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکـەم کـە هەڵەیەکـی کوشـندەیە حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـە هـەر شـێوەیەک پەیـڕەوی لـە سیاسـەتێکی لـەم چەشـنە بکات.

### ١٦. کوردستانی ئێران

دەکەوێتـە سـنووری ڕۆژئـاوای ئێـران، ڕووبەرێـک بـە درێژایـی ٣٠٠ میـل و بـە پانـی ٥٠ بـۆ ١٠٠ میـل، گشـت دانیشـتووانی کـوردن. خەمڵاندنـی جۆراوجـۆر بـۆ ژمارەی دانیشـتوانی

ئـەم ناوچەیـە دەکرێـت کـە نزیکـەی یـەک ملیـۆن بـۆ دوو ملیـۆن کەسـە. دانیشـتووانی بەشـی باکـووری سـوونەن و باشوورەکەشـی شـیعەن. بـە بـەراورد لەگـەڵ شـیعەکان کـە کولتـووری هاوئایینـە شـیعەکانیتری ئێرانیـان هەڵگرتـووە، سـوونەکان پەیوەندیەکـی زۆر نزیکتریـان لەگـەڵ بەشـەکانیتری کوردسـتاندا هەیـە.

فارسـەکان کـە بـە ڕەچەڵـەک ئارایایـن، هـەر وەک تورکـەکان زۆر بـە باشـی لەگـەڵ کـورد ڕەفتاریـان نەکـردووە. ئەگـەر بێـت و خواسـتی ناسیۆنالیسـتی کـوردەکان پشـتگوێ بخرێـت، لەوانەیـە کـورد لـە ڕووی سیاسـییەوە بـەرەو ئێـران مەیلـدار بـن. زۆرێـک لـە سـەرۆک خێڵەکانـی کـورد، بـە تایبەتیـش ئەوانـەی لـە دەوروبـەری سـنە نیشـتەجێن، چەندیـن سـاڵە بـە فـارس کـراون.

دوای ڕاگرتنـی شـەڕ، لـە ئەنجامـی هۆشـیاریی هەسـتی ناسیۆنالیسـتی، لـە کوردسـتانی ئێرانـدا بزووتنەوەیەکـی هاوسـۆزی توونـد سـەریهەڵداوە. کوردێکـی زۆر لـە سـلێمانییەوە بـەرەو ئێـران ڕۆیشـتن تـا بانگـەواز بـۆ بـاوەڕی کوردسـتانی یەکگرتـوو بکـەن.

لـە وەرزی بەهـاردا کـورد هێرشـیان کـردە سـەر فەرمانـداری گشـتی سـنە کـە ئێرانـی بـوو، ئەگەرچـی ئـەم کردەوەیـە زۆرتـر کردەوەیەکـی گێرەشـێوێنی بـوو تـا ناسیۆنالیسـتی. لـە باکـوور، سـەرۆک خێڵـە بەناوبانگەکـەی خێڵـی شـکاک، دەسـتی بەسـەر ڕەزایـە داگـرت و فەرمانـدارە ئێرانییەکـەی دەرکـرد.

سـەید تەهـا، نـەوەی عوبەیـدوڵای بەناوبانـگ کـە لـە سـاڵی ١٨٧٦دا وەک سـەرکردەی هـەزاران کـورد هێرشـی کـردە سـەر ئێـران، لـە مانگـی ئایـار سـەردانی کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا کـرد و پێداگـری لەسـەر ئـەوە کـرد کـە دەبـێ کوردسـتانی یەکگرتـوو هەمـوو کوردەکانـی ئێـران لەخـۆ بگرێـت و گوتـی، بـە شـێوەیەکی سروشـتی دەبـێ لـە ئێـران جیـا بکرێتـەوە، تەنانـەت ئەگـەر بێـت و ئێمـەش دژی ئـەم کارە بیـن.

لـە مانگـی تەمـووز دەنگـۆی ئـەوە بـڵاو بـووەوە کـە کوردەکانـی ناوچەکانـی باکـووری ڕوانـدز بڕیاریانـداوە ڕەزایـە بەخۆیانـەوە بلکێنـن.

ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە هـەر جـۆرە هەوڵدانێـک لەلایـەن ئێمـەوە بـۆ بەهێزکردنـی

دەسەڵاتی حکومەتی ئێران کاریگەری زۆر خراپی لەسەر پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەو کوردانە دەبێت کە بە درێژای سنوورەکانی باکووری میزۆپۆتامیا نیشتەجێن.

جوڵانەوەی ئێستا لە کوردستانی ئێراندا بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی، جوڵانەوەیەکی سروشتییە و پشتی بە بەستێنێکی بەهێزی ئابووریی و ئەتنیکی بەستووە. بە پێچەوانەوە، سەروەری ئێران لەسەر هیچ بنەمایەکی سروشتی دانەمەزراوە، بۆیە ئێمە دەبێ خۆمان لە هەر جۆرە هەوڵدانێک بۆ پارێزگاریکردن لەم بنەمایە دوور بخەینەوە. ئەمجۆرە هەوڵدانانە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێت، بە گشتی دەبنە هۆی تێکدانی پەیوەندی باشی ئێمە لەگەڵ کورد.

## ١٧. کوردستان وەک ئەوەی ئێستا هەیە دەکەوێتە سنووری ئیداری میزۆپۆتامیای سەر بە ئێمە.

کۆمسیاری مەدەنی، لە بەغدا لە تەلەگرامەکەیدا بە ژمارە ٦٦٦٦ لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩١٩، پێشنیازی ئەوەی کردووە ناوچەکانی زاخۆ، هەولێر، ئاکرێ، کۆیسنجەق و سلێمانی بخرێنە سەر میزۆپۆتامیا، ئەمەش یان بەهۆی گرنگی ستراتیژی و ئابووری ئەم ناوچانە بۆ میزۆپۆتامیا، یاخود بە هۆی ئەوەی کە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە نایانەوێت بخرێنە سەر دەوڵەتی کوردستان.

کورد ئاماژە بەوە دەکەن کە دانیشتووانی ئەم ناوچانە گشتیان کوردن و ئەم ناوچانە بە پیتترین و دەوڵەمەندترین بەشی کوردستانن. هەروەها ناوچەکانیتر، بۆ نموونە تۆرابدین (Torabdin) کە ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتووانەکەی غەیرە کوردن (یەعقوبی)، بەڵام کەمتر دەوڵەمەندە، لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ میزۆپۆتامیا گرنگ نییە، دەبێ بخرێتە پاڵ دەوڵەتی کوردستان.

کوردەکان دەزانن بە دامەزراندنی حکومەتێکی سەقامگیر لە میزۆپۆتامیا و سیستەمی پەیوەندی و گەیاندنی باشتر و سوودمەندیتری ئابووری، کە میزۆپۆتامیا هەمیشە هەیبووە، هێدی هێدی کوردستان لە دانیشتووان چۆڵ دەبێت و بەرەو ئەم خاکە بە پیتە کۆچ دەکەن، بەتایبەتیش ئەو ناوچە کوردییانەی کە پێشنیاز دەکرێت

لـە کوردسـتان داببڕێـن. گرتنەبـەری ئـەم جـۆرە سیاسـەتەش کارێکـی قـورس و بێهۆدەیـە.

بەهەرحـاڵ، دەکـرێ، شـێوازگەلێک بدۆزرێتـەوە کـە بەرژەوەندییـە سـتراتیژی و ئابوورییەکانـی میزۆپۆتامیـا لـەم ناوچانـەی دابیـن بکرێـت، ئـەم کارەش دەکـرێ بەبـێ دەرگا داخسـتن لەسـەر خواسـتە ڕەواکانـی کـورد ئەنجـام بدرێـت.

## ١٨. چارەسـەرییە مامناوەندییـە پێشـنیازکراوەکە بـۆ بەپیرەوەچوونـی داواکاریـی کـورد و ئەرمـەن

لـە ڕاسـتیدا گرفتـی سـەرەکی ئـەم کێشـەیە خـۆی لـەوە دەنوێنـێ کـە بانگەشـەی ئەرمەنـەکان زۆر بـە باشـی گوێـی لێدەگیرێـت و لـە ئەوروپـا پشـتیوانی ڕای گشـتی دەسـتەبەر کـردووە، بـە تایبەتیـش لـە ئینگلتـەرا و ئەمریـکا، بۆیـە لـە ڕادەبـەدەر سـەخت بـووە کـە چارەسـەرێکی پراکتیکـی بـۆ ئـەم داواکارییانـە بـە پێـی لۆژیکێکـی ڕاسـتەقینە پشتبەسـتراو بـە ڕاسـتییەکان بدۆزرێتـەوە. بـە واتایەکیـتر، ئالتەرناتیڤـی تورەییەکـەی لـۆرد بریـس (Lord Bryce) و ڕۆژنامـەی کـۆکا (Cocoa Press) بریتییـە لـە هەوڵـدان بـۆ حوکمڕانیکردنـی یـەک ئەرمـەن بەسـەر ١٠ کـورد.

ئـەو چارەسـەرییەی لـە ئێسـتادا پێشـنیاز کـراوە، لـە ڕاسـتیدا سروشـتێکی مامناوەنـدی هەیـە. لـە بنەڕەتـدا، ئێمـە ڕێـز لـە داواکاریـی ئەرمـەن و کـوردەکان دەگریـن، بـەڵام جێگیرکردنـی چەمکـی ‹ئەرمینیـای یەکپارچـە› (Integral Armenia) لەبـری ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات، یاخـود بەکارهێنانـی چەمکـی ئەرمینیـا بەبـێ کوردسـتان، دەرخـەری سـنووردارێتی هـەر یـەک لـەم داواکارییانەیـە. ئێمـە تـا ئـەم دواییـە تەحەفوزمـان لەسـەر دیارکردنـی پەیوەنـدی جوگرافـی نێـوان کوردسـتان و ئەرمینیـادا هەبـووە، ئەمـەش بەهـۆی پـەرش و بـڵاوی دانیشـتووان و دۆخـی وێرانـی وڵات. لـە حاڵـی حـازردا، پەیوەنـدی نێـوان کـورد و ئەرمـەن، پەیوەندییەکـی نائاسـاییە، بۆیـە دەبـێ چەندیـن سـاڵ دەربـاز بێـت تـا هەندێـک نەتـەوە جێگـر بـن و خۆیـان ڕێکبخـەن و بگـەن بـە بارودۆخێکـی ئاسـایی تـا لـەم ڕێگەیـەوە بتوانـن بـە شـێوەیەکی باوەڕهێنەرانـە بگەنـە بڕیارێکـی هەمیشـەیی.

بۆ ئەوەی ڕێگە بەم جۆرە ڕێکارە بونیاتنەرانە و گەڕانەوەی دۆخ بۆ دابینکردنی مەڵبەندی کلتوریی و بەستێنی گەشەکردنی خواستی ناسیۆنالیستی بدرێت، هەروەها بۆ دابینکردنی ئاسانکاریی بۆ نەتەوە جیاوازەکان، بۆئەوەی خۆیان ڕێکبخەنەوە، دەبێ سێ ناوچە یاخود زۆنی کارگێڕیی جیاواز دابمەزرێت، پارێزگای باشوور ئەو ناوچانە لە خۆدەگرێت کە بە هێمای ‹B› لە نەخشە کێشراودا ئاماژەی پێدراوە، ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی بەتەواوەتی کوردییە. پارێزگای ناوەڕاست ئەو ناوچانە لەخۆدەگرێت کە لە پێش سەرهەڵدانی جەنگ، دانیشتووانی جیاواز بوون. زۆنی باکوور ئەو ناوچانە لەخۆدەگرێت کە کوردی نین.

هەر زۆنێک ئیدارەی خۆجێیی تایبەت بە خۆی و خۆبەڕێوەبردنی دەبێت، لەبەرانبەردا، هەر یەک لەم زۆنانە لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی سەربەخۆدا بەرپرسیار دەبن،کە لەوانەیە ئەم دەسەڵاتە لە دەرەوەی شەش ویلایەتەکە بێت. بەڵام ئەگەر بێت ئەم چارەسەرییە پراکتیکی نەبێت، دەکرێت بەرانبەر هەندێك شوێن کە دەکەونە پارێزگای ناوەڕاست بەرپرسیار بن.

سیستەمی گشتی بەڕێوەبردن سیستەمێکی یاسایی دەبێت و بۆ هەر سێ پارێزگاکە یەک شێواز دەبێت، بەڵام دەکرێت سیستەمەکە بە پێی خەسڵەتی نەتەوەیی هەموار بکرێت. بۆ نموونە، لە زۆنی باشوور، دەکرێ زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت و زمانی فەرمی حکومەت بێت. سیستەمی باوکسالاری حکومەت هەرکاتێک سەقامگیر بوو بە شێوەیەکی کاتی بەردەوامی پێدەدرێت. لە زۆنی ناوەڕاستدا، هەم کوردی و هەمیش ئەرمەنی لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت. دامەزراندن لە کەرتی سەربازی و کەرتی خزمەتگوزاری گشتی بە پێی ڕێژەی دانیشتووانی هەر یەک لە کورد و ئەرمەن دەبێت.

هیواخوازین لەم ڕێگەیەوە لە ماوەی بیست بۆ سی ساڵ، بە گەشەسەندنی وڵات ئەو داتایەمان بەدەست دەکەوێت کە بە پشت بەستن بەم داتایانە بتوانین بڕیار لەسەر شێوەی سیاسی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بدەین.

بەهەرحاڵ، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین، ئەم پلانە دەبێ لەلایەن تاکە نوێنەرێك بە پاڵپشتی هێزی سوپای داگیرکەر جێبەجێ بکرێت.

ئەگەر ئەم چارەسەرییە شکست بهێنێت، تاکە جێگرەوە بریتییە لەو چارەسەرییانەی لەلایەن کۆلۆنێل ویڵسن لە تەلەگرامەکەی بە ژمارە ٦٦٦٦ لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیران بۆ وەزیری کاروباری هیند، پێشنیازی کردووە. بۆ دڵنیا بوون لە سەرچاوەکە ئەم کورتەیەی خوارەوە لە پێشنیازەکانی خراوەتەڕوو.

«ویلایەتەکانی ترابزۆن و ئەزمیر، لە ژێر چاودێری سەرەکی ئەمریکا، دەوڵەتی ئەرمەن پێکدێنن. چوار ویلایەتەکەیتر دەوڵەتی کوردی پێکدێنن کە لەوانەیە بخرێنە ژێر چاودێری بەریتانیا. تاکە ئالتەرناتیڤ بریتییە لە دووبارە دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی تورکیا بەسەر شەش ویلایەتەکە و لە ژێر جۆرێک لە چاودێری وڵاتانی ئەوروپی».

ئێستانبۆل

١٨ی تەمووزی ١٩١٩

Major (.intd)

**میزۆپۆتامیا: پەیوەندی بەریتانیا لەگەڵ کورد (ل١٠٦-١٠٨)**

**یەکەم: ڕووداوەکانی پێش ڕاگرتنی شەڕ**

ا لە ساڵی ١٩١٧دا پەیوەندی لەگەڵ کوردستان دامەزراوە. لەم کاتەوە تا واژووکردنی ڕاگرتنی شەڕ، ئەو سیاسەتەی گیراوتەبەر بەپێی تێبینیەکانی سوپا بوو.

١. بەرەو خانەقین و کفری- دوای ماوەیەکی کەم لە گەیشتنمان بە بەغدا، مستەفا پاشا باجەلان، کە بەناوبانگترین کوردی خانەقینە، هاتە لامان و داوای یارمەتیکرد. ڕووسەکان تاڵانچێتی و وێرانکاریان دەکرد. بێ ڕێزی و تاڵانچێتی بەرانبەر بەو کرابوو. تا ئەوکاتەی بۆ دڵنیابوونەوە شتێک بە خێڵە کوردییەکان نەدرێت، ئەوان تووڕەن و داوای ڕزگار بوون لە ستەمکاری تورک دەکەن، ناچار دەبن بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی ئاغا کۆنەکەیان تا لە ژێر دەستی ئەم بەربەرییە سەرکوتکارە تازەیە ڕزگار بن.

بەهەرحاڵ، تا ئەوکاتەی ڕووس لێرە بوون و تورک بۆ شوێنەکەیان لە دیجلە نەگەڕابوونەوە، هیچ کارێک ئەنجام نەدرابوو. ئەم کارەش لە هەڵمەتی هاوینی ساڵی ١٩١٧-١٩١٨ ئەنجامدراوە.

خانەقین و دواتر کفری، داگیرکران. خەڵکی برسی هەوڵی دووبارە بوژاندنەوەی کشتوکاڵیاندا، خەڵک بەرەو پیری ئێمە هاتن. ئەوان زۆر ڕەنجیان کێشاوە. خۆراکی کەمی وەک گەنم، جۆ، گەنمەشامی، دابینکراو بە هەمان نرخی خۆی فرۆشرایەوە. ڕەزەکانیان، زەوی نیسکەکانیان و بەروبوومەکانیان کرانە سوتەمەنی و زۆرێک لە پیاوەکانیان کوژران.

بۆ پارێزگاریکردن لە هێڵی گواستنەوەکەمان لە دەست چەتە برسییە تازە پەیدابووەکان، پێویست بوو حکومەتێک دابمەزرێت. دانەوێڵە دابەشکرا و نووسینگەکانی کاروباری مەدەنی کرانەوە. ئێمە بناغەیەکی کارگێڕیمان دامەزراند.

٢. لە کۆتایی وەرزی بەهاری ساڵی ١٩١٧، ڕێک بەر لە دەستپێکردنی دورینەوەی بەرهەم، بڕیار درا تورکەکان لە کەرکووک دەربکرێن. ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا و کەرکووک گەڕایەوە. بەداخەوە بڕیاری گرتنی کەرکووک

بـۆ چەنـد ڕۆژێـک بـە دەسـتمان نەگەیشـت. دانیشـتووان، مووسـڵمان، مەسـیحی و جـوو- زۆر بـە گەرمـی پێشـوازیان لـە ئێمـە کـرد، لـە ئێسـتادا ئـەوان خۆیـان بەرانبـەر گەڕانـەوەی تورکـەکان دەبینـن. پەنابەرێتـی بـەو کەسـانە درا کـە زۆر یارمەتـی ئێمەیـان دابـوو، بـەڵام موڵـک وماڵیان-گونـد، باغ و خانـوو- وەک تۆڵەسـەندنەوەیەک خاپورکران. ئێمـە بەرپرسـیار بوویـن بەرانبـەر ئـەو کەسـانەی بـە هـۆی دۆسـتایەتی لەگـەڵ ئێمـەوە ڕووبـەڕووی نەهامەتـی بوونەتـەوە.

٣. لـە ٢٤ی تشرینـی یەکەمـی ١٩١٨، دواییـن ئۆپەراسـیۆن لـە دژی تورکـەکان دەسـتپێکرد. کاتێـک ئاگـر بەسـت واژووکـرا کەرتـی ١٨ گەیشـتبووە نزیـک مووسـڵ. سـتونی لێویـن (Lewin's column) گەیشـتە ئاڵتونکۆپـری و چەنـد میلێـک پشـتەوەی.

**دووەم: ئەو ڕووداوانەی دەمودەست دوای ئاگربەست ڕوویاندا**

١ تـا چەنـد ڕۆژێـک بەڕێوەبردنـی کارەکان بـە پێـی تێبینییەکانـی سـوپا بـوو. دەبـوو ناوچەکـە پارێـزگاری لێکرابـا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبووایـە گونـدەکان لـە سـوپای تـورک خاوێـن کرابانـەوە و جبەخانـەکان دەسـتییان بەسـەردا گیرابـا. سـلێمانی، کـە شـێخ مەحمـود ماوەیـەک بـوو ئێمـەی بانگێشـت کردبـوو، لەلایـەن کەرتێکـی سـوپای تورکەکانـەوە دەسـتی بەسـەردا گیرابـوو. فەرمانیـان پێکـرا پاشەکشـە بکـەن. مێجـەر نوئێـل نێـردرا تـا لێکۆڵینـەوە لەسـەر کاروبـاری کـوردەکان بـکات. نیـوەی دانیشـتووانی شـاری مووسـڵ کـوردن، دراوسـێی ئـەم شـارە چـوار قـەزان، کـە سـەر بـەم شـارەن.

خـاوەن زەوییـەکان لـە مووسـڵ دەژیـن. گوندنشـینان، بەرهەمەکانیـان لـە مووسـڵ دەفرۆشـن و کاڵاکانیـان لـەوێ دەکـڕن. کاتێـک شـاری مووسـڵمان داگیـر کـرد، پێویسـت بـوو ئـەم قەزایانـەش کۆنتـڕۆڵ بکەیـن. سـتوونی لێویـن لـە ئاڵتـون کۆپـری گەیشـتبووە شـوێنی مەبەسـت، بـەڵام لـە خـودی ئاڵتـون کۆپـری دابینکـردن زۆر کـەم بـوو، گواسـتنەوە و گەیانـدن خـراپ بـوو و وەرزی بـاران دەسـتی پێکردبـوو. پێویسـت بـوو لـە ئاڵتـۆن کۆپرییـەوە بـەرەو هەولێـر بچیـن، تـا بتوانیـن سـوتەمەنی و دانەوێڵـە دابیـن بکەیـن. نووسـینگەیەکی سیاسـی لـە هەولێـر کرایـەوە و پاشکۆیەکیشـی لـە کەرکـووک دامـەزرا.

**سێیەم: پێشهاتەکان**

لــە کانوونــی یەکــەم، فاکتــەری بــەرەو ژوور کۆنترۆڵکــردن بریتــی بــوو لــە بارودۆخــی جێگیــر نەبــووی مەیلــی سیاســی کــورد، بارودۆخێــک کــە بەهــۆی درەنــگ کەوتنــی کۆنفرانســی ئاشــتی بەهێزتــر ببــوو. لــە کانوونــی یەکەمــی ســاڵی ١٩١٩، لــە کۆبوونەوەیــەک لــە ســلێمانی، کــە خــودی کۆمســیاری مەدەنــی تێــدا ئامــادە بــوو، ئــەو شــێخانەی کۆببوونــەوە و خەڵکــی ناوچەکــە بــوون و پێشــتر داوایــان کردبــوو بچنــە ژێــر فەرمانڕەوایەتــی بەریتانیــا، داوایــان لــە کۆمســیاری مەدەنــی کردبــوو «نوێنەرێــک بنێــرن و یارمەتــی پێویســت بدرێــت تــا گەلــی کــورد لــە ژێــر چاودێــری بەریتانیــا بتوانێــت لەســەر بنەمایەکــی شارســتانی بــە ئاشــتیانە پێشــکەوێت». شــێخ مەحمــود، کەســایەتی خۆجێیــی، وەک نوێنــەری بەریتانیــا لــەم ناوچەیــە دامــەزرا. لــە مانگــی کانوونــی دووەمــدا، کۆمیتــەی ســەربەخۆیی کــورد بەشــداریی کۆنفرانســی ئاشــتی کــرد و داواکاری جۆراوجــۆر، شــەریف پاشــا لەپێنــاو کۆکردنــەوەی پشــتگیریی وەک نوێنــەر غالــب بەگــی بــۆ دەرەوە نــارد، هەروەهــا لــەو کاتــەوە شــێخ مەحمــود گوشــار دێنێــت تــا دان بــە کوردســتانی یەکگرتــوو لــە ژێــر دەســەڵاتدارێتی خۆیانــدا بنرێــت.

بــۆ خســتنەڕووی ڕادەی ئــەو پشــتگیرییەی لــەم جوڵانەوەیــە بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان دەکرێــت، مێجــەر نۆئێــل بــۆ ئــەم مەبەســتە نێــردرا. هــاوکات جوڵانەوەیەکــی هاوتەریــب ســەریهەڵدا کــە ئامانجــی دەســتەبەرکردنی دانپێدانــان بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان بــوو کــە لــە چەندیــن دەوڵەتــی خــاوەن ئۆتۆنۆمــی پێکدێــت و لــە ژێــر دەســەڵاتدارێتی بەریتانیــادا بێــت. ئــەم جوڵانەوەیــە ســەرنجی چەندیــن کەســایەتی کــوردی دەستڕۆیشــتووی ڕاکێشــا، بــە تایبەتیــش ئــەو کەســانەی دەیانزانــی ناتوانــن کۆنترۆڵــی پاشــایەتیەک بکــەن، بــەڵام دەیانزانــی دەتوانــن ببنــە فەرمانــڕەوای پارێزگایــەک. گرنگتریــن ئــەم کەسایەتیانە بریتیــن بــوون لــە، ســەید تەهــا، کــە دەتوانێــت دەســەڵاتەکەی لــە هەولێــرەوە تــا وان بەرفــراوان بــکات، عەبدولقــادر، ڕکابــەری ســەید تەهــا لــە هەمــان ناوچــەدا، ســمکۆ کــە ناوچــەی دەســەڵاتدارێتی لــە ڕۆژهەڵاتــە و هەوڵــدەدات ســنوورەکانی ئێــران ببەزێنێــت، هەروەهــا بەدرخانــەکان.

بـەم هۆیـەوە تـا ئێسـتا شـێوازی ئـەو حکومەتـەی بڕیـارە لـە کوردسـتان دابمەزرێـت گفتوگـۆی لەبـارەوە دەکـرێ. سـەبارەت بـە کۆنتڕۆڵـی دەرەکـی، دەریاسـالار کالسـۆرپ (Admiral Calthorpe)، لـە تەلەگرامەکەیـدا بـە ژمـارە ١٤٥٦ لـە ١٣ی تەمـووز، بـاس لـەوە دەکات کـە کەلێنـی نێـوان حکومەتـی بەریتانیـا و کوردەکانـی ئێسـتانبۆڵ هێنـدە بەرینـە ناتوانرێـت پـڕ بکرێتـەوە. بەهەرحـاڵ، تـورک بەردەوامـن لـە نزیـک بوونـەوە لـە سـەرکردەکانی کـورد و دەنگـۆی ئـەوە هەیـە کـە بەنیـازن فەرمانبـەری کـورد بـۆ بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردییـەکان دابمەزرێنـن.

١. کاتێـک شـێخ مەحمـود درکـی بـەوە کـرد کـە نـە ئێمـە و نـە کـورد ئامادەنیـن بـە تەواوەتـی پشـتگیریی لـە خواسـتەکانی لـە سـلێمانی بکەیـن، لـە دژی ئێمـە هەڵسـوڕایەوە و ئـەو بەریتانیانـەی لـە سـلێمانی بـوون بەندیکـردن. ئـەم کردەیـە بـووە هـۆی ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی و ڕزگارکردنـی بەندکـراوەکان. ئـەم جوڵانەوەیـە بـە ئاڕاسـتەی کوردسـتانێکی لایەنگـری بەریتانیـا، بـووە هـۆی ئـەوەی تورکـەکان دەسـت بـە پڕوپاگەنـدەی پـان ئیسـلامی لـە دژی بێگانـەکان بکـەن. لەمبـارەوە چالاکییەکانـی کۆمیتـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی، بەرپرسـیاری سـەرەکییە بەرانبـەر کوشـتنی کاپـتن پییەرسـۆن (Pearson) لـە زاخـۆ لـە ڕێکەوتـی ٧ی ئەپڕێـڵ و کاپـتن ویلـی (Willy) و کاپـتن مەکدۆناڵـد (Macdonald) و هاوڕێکانـی لـە ٢٥ی تەمـووز لـە ئامێـدی.

لـە کۆتایـی مانگـی تەمـووز و بەگەیشـتنی هەواڵـی ڕێککەوتنـی سـەید تەهـا لەگـەڵ کۆمیتـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی، بـووە هـۆی گواسـتنەوەی نووسـینگەی سیاسـی بـۆ بەتـەر (Batar)، ئـەم نووسـینگەیە لـە ڕوانـدز کرابـووەوە تـا پاسـەوانی لـە ڕێگاکانـی گواسـتنەوەی ئەرمەنـەکان لـە بەعقوبـە بـکات.

**چوارەم: بڕیارەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ.**

ئەمــەی خــوارەوە گرنگتریــن ئــەو بڕیارانــەن کــە لەلایــەن حکومەتــی خاوەنشــکۆ ســەبارەت بــە کــورد دەرکــراون:

١. لـە ٧ی مانگـی ئایـار، وەزارەتـی دەرەوە، فەرمانـی بـە لەخۆگرتنـی ئـەو کوردانـە دا کـە دەکەونـە ژێـر کاریگەریـی سیاسـەتی پاسـاو هێنانـەوە.
٢. لـە ٩ی مانگـی ئایـار، کۆلۆنێـل ویڵسـن بڕیاریـدا مووسـڵ وەک پارێزگایەکـی دەوڵەتـی عەرەبـی عێـراق هەژماربکرێـت، کـە هاوسـێی دەوڵەتێکـی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی کـوردی دەبێـت و لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەرۆک خێڵکـە کوردییـەکان دەبێـت، ئەویـش بـە هاوکاریـی ڕاوێـژکاری سیاسـی بەریتانـی. مـاوەی ئـەم بڕیـارە تـا بەسـتنی کۆنفڕانسـی ئاشـتیی دەبێـت، بـەڵام لـە دوای بڕیـاری کۆنفڕانسـی ئاشـتی بـە کۆتـا دێـت.
٣. لــە ٥ی حوزەیرانــی، کۆمســیاری مەدەنــی لــە بەغــدا، بڕیــاری بــە دووبــارە ئاســایی بوونــەوەی کاروبــاری کــورد دا، بــە هــاوکاری و ڕاوێــژ لەگــەڵ کۆمســیار لــە ئێســتانبۆڵ دەبێــت. بــە بــێ هەماهەنگــی لەگــەڵ ئــەودا هیــچ ڕێکارێکــی گرنــگ ناگیرێتەبــەر. هەروەهــا ڕاوێــژکاری ئێســتانبۆڵ، فەرماندەیــی فەرمانــدەی گشــتی لــە میــسر لــە گشــت کارەکان ئــاگادار دەکاتــەوە. ئــەم ڕێنماییانــە لەلایــەن فەرماندەیــی فەرمانــدەی گشــتی لــە میــسر پەیــڕەو نەکــرا، چونکــە ئــەو پێشــنیازی کردبــوو خــودی خــۆی ســەردانی ئــەو ناوچانــەی کوردســتان بــکات کــە لــە ژێــر کۆنترۆڵــی ســەربازی خۆیدایــە.
٤. لـە ١ی ئـاب، وەزیـری کاروبـاری دەرەوە داوای کـرد سـەرنج بخرێتـە سـەر ڕووداوەکانـی ئامێـدی، ئـەو بـەم زمانـەی خـوارەوە قسـەی کـردووە:

«پرســەکە ئەوەیــە کــە ئایــا لــە بارودۆخــی نائارامــی ئێســتای کوردســتاندا، ســوودی ناردنــی ئەفســەری سیاســیی بــۆ ناوچەیەکــی وەهــا دوورە دەســتی وەک ئامێــدی، بەســە بــۆ بەرپەرچدانــەوەی ئــەو مەترسییانەی لــە ئــارادان». وەڵامــی کۆمســیاری مەدەنــی بــە پۆســت نێــردراوە، بــەڵام تــا ئێســتا بــە دەســت نەگەیشــتووە.

٥. لە ٩ی ئاب، ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ حکومەتی ئێران واژوو کرا و بە پێی بەندی یەکەمی ڕێککەوتنامەکە، حکومەتی بەریتانیا بە بڕاوەیی دووپاتی کردووتەوە حکومەتی بەریتانیا پابەندی ئەو بەڵێنەیە کە لە ڕابردوودا لەبارەی ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی ڕەهای ئێران داویەتی». ئەم پابەندییە ڕێگر دەبێت لەبەردەم حکومەتی بەریتانیا بۆ پشتگیریی کردن لە پێشنیازی دامەزراندنی ‹کوردستانی یەکگرتوو› کە ئەو بەشەی کوردستانیش لەخۆدەگرێت کە سەر بە ئێرانە.
٦. لە ٢٢ی ئابی ئەم تەلەگرامەی خوارەوە ئاڕاستەی کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا کرا:

«حکومەتی خاوەنشکۆ بە وریاییەوە دەڕوانێتە پێشنیازی کێشانی هێڵی ئاسنی لە قزل ڕۆبات (Kizil Robat)ەوە بۆ کفری و کەرکووک. سوودی ئەم هێڵە هەر چییەک بێت، بە هۆی گرنگی ستراتیژی ئەم هێڵە، پێشنیازی بە پەلە دروستکردنی دەکرێت. ئەویش لە پێناو پارێزگاریکردن و ئارام ڕاگرتنی باشووری کوردستان.

سەرەڕای گرفتی دارایی کە گرفتێکی سەرەکییە، حکومەتی خاوەنشکۆ لەو بڕوایەدایە پێویستە پێش ڕەتکردنەوە، پێداچوونەوەی گشتی بۆ ئەم پرسە بکات کە گوایە پرسێکی ستراتیژییە. تا ئێستاش داهاتووی کوردستان ناڕوونە، بەڵام دەبێ دڵنیا بین کە بەرپرسیارێتی ئێستای حکومەتی خاوەنشکۆ، لە گشت بارودۆخێکدا تەنیا بریتییە لە چاودێریکردنێکی سیاسی سادە. بۆیە هەر بابەتێک کە لە دەرەوەی ئیدارە ڕاستەوخۆی بەریتانیادا بێت.

لەم جۆرە بارودۆخەدا حکومەتی خاوەنشکۆ زۆر بێ مەیلە، لە هەنگاونان بەرەوە داگیرکاری سەربازی [کوردستان]. بۆیە لەبری ئەمەدا پەیڕەو لە سیاسەتی بەرفراوانکردنی دەسترۆیی بەریتانیا لە کوردستانی باشوور دەکەن، چونکە بەریتانیا لەو بڕوایەدایە خودی دانیشتوان پێشوازییان لە بەریتانیا کردووە. بە پشت بەستن بەم بنەمایەش بووە کە حکومەتی بەریتانیا ئەم پڕۆژەیەی ئێوەیان ڕەتکردۆتەوە سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە ژێر دەسەڵاتدارێتی سەرۆک خێڵەکانی کورد و بە هاوکاری ڕاوێژکاری سیاسی بەریتانیا. ( بڕوانە تەلەگرامەکەم بە ڕێکەوتی ٩ی ئایار).

لەمەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی دروست نەبووە. دانیشتووان پێشوازییان لە دەستڕۆیی بەریتانیا نەکردووە و زۆر دژی ئەم هێڵە ئاسنینە ستراتیژییەن و بۆیە پێویستە کورد لە ژێر کۆنترۆڵدا بن. لەم جۆرە بارودۆخەدا ئایا باشتر نییە ئەفسەرە سیاسیەکانمان بکێشینەوە و واز لە کورد بێنین تا خۆیان بەڕێوە ببەن؟ بەدیل واتە پاراستنی نەزم لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز لە نێوان سەرۆک خێڵە چیانشینە سەرگەردانەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی دەرگا بۆ بەرپرسیارێتی سەربازیی بکاتەوە، ئەمەش حکومەتی خاوەنشکۆ ڕووبەڕووی مەترسی جیدی دەکاتەوە. دوایین شت کە ئەوان خوازیارین، بریتییە لە دروستکردنی کێشەیەکی نوێ لەسەر سنووری باکووری ڕۆژئاوا کە دەکەوێتە سەر سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق. تکایە بۆچوونی خۆت لەسەر گشت ئەم پرسە بە تەلەگرام بۆمان بنێرە».

بەشی سیاسی، نووسینگەی هیند، ٢٧ی ئابی١٩١٩

کۆنفرانسی ئاشتی (ل ١١٩)

ژمارە: ١٧٧٦٦

ڕێکەوتی گەیشتن: ١٢ی ئابی١٩١٩

نووسەر: بەدرخان

سیاسی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین

**سەرنجی کورد لەسەر داواکاریی ئەرمەن**

یاداشتنامەیەک ئاڕاستەی مستر بلفۆر کراوە و بە تەواوەتی ئەو داواکارییانەی لەو یاداشتنامەیەی لەلایەن مێسرس بۆگۆس نۆبار (Messrs Boghos Nubar) و ئاهارۆنیەن (Aharonian) بە نۆێنەرایەتی گەلی ئەرمەن لە ڕێکەوتی ١٢ی شوباتی خراوەتەبەردەم کۆنفرانسی ئاشتی، ڕەتدەکاتەوە.

ژمارەی دۆسیە: (..١/١/٢)

ژمارەی نووسراوی پێشتر: ٤٤٠

B. C (action completed)

(Indian)

ژمارەی نووسراوی دواتر: ...١٨٨

ژمارە: ٥٩٦٧ (ل١٣٤)

(126007/M.E/44)

وەزارەتی دەرەوە

١٢ی ئەیلوولی ١٩١٩

بەڕێز...

مـن شـەرەفمەندمکۆپییەک لـە تێبینـی لەسـەر کوردسـتان بۆتـان ڕەوانـە بکـەم، کـە لەلایـەن وەزیـر بـۆ نێـوان بەشـەکانی کۆنفڕانسـی کارگێڕی کاروبـاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت (Interdepartmental Conference of Middle Eastern Affairs) ئامادەکـراوە. هەروەها بـە ئامـاژەدان بـە تەلەگرامەکەتـان بـە ژمـارە ١٧٤١ لـە ڕێکەوتـی ٣ی ئەیلـوول، ڕێگـە بەخـۆم دەدەم پێشـنیاز بکـەم، ئەگـەر بەڕێـزت هـاوڕا بیـت، دەبێـت شـەریف پاشـا لەبـارەی ئـەو هەنگاوانـەی کـە نـراون بـۆ بـۆ بەدەسـتهێنانی بۆچوونـی کـورد بـە نهێنـی ئـاگادار بکرێتـەوە.

بەڕێز،

بەوپـەڕی ڕێـزەوە، مـن شـەرەفی ئـەوەم هەیـە وەفادارتریـن و ملکەچتریـن خزمەتکاری بەڕێـزت بم.

The Right Honourable

J. Balfour O,M., M.P

زۆر نهێنی (ل ١٣٥-١٤٠)

(ئەم بەڵگەنامەیە موڵکی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیایە)

(ئـەو ژمارانـەی لـە نێـوان دوو کەوانـەدان ئامـاژە بـە ڕاپۆرتـی وەزارەتـی دەرەوە دەدات کـە هاوپێچ نەکـراون)

_کۆنفرانسی کاروباری کارگێڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

تێبینییەکانی وەزیر

بارودۆخی کوردستان

لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی ئـەم سـاڵدا، دامەزراوەیـەک بـە نـاوی ‹کۆمیتـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە میـسر›، (٣٠٥٠) داوای لـە بەریتانیـا کـرد یارمەتیـدەر بێـت بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کـوردی (٣٠٦٣). دەقـی ڕەسـەنی ئـەم داواکارییـە بـۆ پاریـس نێـردرا. دواتـر شـاندی سـەربازی بەریتانیـا لـە پاریـس (١٦٧٤٦) ڕاپۆرتێکـی بـەرز کـردەوە کـە م. پیکـۆت (M. Picot) تەلەگرامێکـی ناردووە و نکۆڵـی لـەوە دەکات کە پێشـنیازەکەی سـێر مـارک سـایکس دامەزراندنـی میرنشـینێکی سـەربەخۆی کوردسـتانی قبـوڵ کردبێـت کـە ویلایەتـی مووسڵیشـی لەگەڵـدا بێـت. ئـەو دەڵێـت ئـەم جـۆرە پلانـە بـە پێچەوانـەی بەرژەوەندییەکانـی فەڕەنسـایە و دەبێتـە هـۆی قوربانیکردنـی گەلانـی وەک، کلـد، نەسـتور و گەلانیـتر کـە لـە دێـر زەمانـەوە لەلایـەن فەڕەنسـییەکانەوە پارێـزگاری دەکرێـن.

لـــە ســـەرەتای مانگـــی ئـــادار ڕاپۆرتێـــک لەلایـــەن بـــارەگای گشـــتی (G.H.Q) میزۆپۆتامیـا بـە دەسـتمان گەیشـت بـەوەی کـە کامیـل بەدرخـان گوتوویەتـی وەک سـەرۆکی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ (autonomus) هەڵبژێـردراوە کـە دەبێتـە دراوسـێی ماردیـــن (I.D.C.E. 438, P.1.).

ڕاپۆرتێکـی دیکـە بـاس لـەوە دەکات کۆمیتـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی (C.U.P)، لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی نازنـاوی ‹کۆمیتـەی سـەربەخۆیی تورک-کـورد› سـۆزی کـوردەکان ڕادەکێشـت (I.D.C.E. 508, P.2.). ئـەوان ئاژاوەیـان لـە نێـوان کـورد و تـورک لـە ناوچەکانـی

ئۆرفـا، ماردیـن و دیاربەکـر دروسـت کـردووە و بـە ڕاشـکاویش ڕاگەیاندنێکیـان لـە دژی دەسـتێوەردانی دەرەکـی دەرکـردووە.

لـە ١٢ی ئـادار، کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا، بـە مۆڵەتـی فەرمانـدەی فەرماندەیـی گشـتی (G. O. C) لـە میزۆپۆتامیـا، پێشـنیازی کـردووە مێجـەر ی. و. س. نوئێـل (Major E. W. C. Noel) وەک کەسـێکی مەدەنـی بـۆ نسـێبین (Nisibin) بنێردرێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری لەبـارەی بارودۆخـی سیاسـی نێـوان کـورد و تـورک لـەم ناوچەیـەدا، هەروەهـا سـەبارەت بـە دۆخـی ئابـووری، تـا ئـەو زانیارییانـە بخرێنـە بـەردەم حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا سـەبارەت بـە پێشـنیازی دەسـت بـەردار بـوون لـەم ناوچەیـە لـە کۆنفرانسـی ئاشـتیدا (٤٣٧٣٥). ئـەو ناوچەیـەی کـە هێـزی میـسر تێیـدا ئامادەیـە، دەبـێ لـە ژێـر فەرمانـی فەرمانـدەی فەرماندەیـی گشـتی هێزەکانـی میـسردا بێـت.

لــە ٢٨ی ئـادار، کۆمســیاری مەدەنــی ڕاپۆرتێکــی بــەرز کــردەوە کــە ســەرکردەی جوڵانــەوەی ســەربەخۆیی کــورد بــە پاڵپشــتی تــورک، لــە ئێســتانبۆڵ بریتیــن لــە هــەر یــەک لــە عەبدولقـادر، عەبـدوڵا جـەودەت و سـلێمان نەزیـف. دەگوترێـت ئـەم کەسـانە پەیوەنـدی نزیکیـان لەگـەڵ بەدرخـان و سـورەیا بەدەرخـان لـە میـسردا هەیـە (٥٠٧٨٤).

لە ١ی نیسان مێجەر نۆێل لە بەغداوە بەرەو نسێبین بەڕێکەوت.

لــە هەمــان ڕۆژدا، بڕیــاردرا ژەنــەڕاڵ ئالێنبــی (General Allenby)، دەســت بەســەر هێڵــی ئاســنینی بەغــدا بگرێــت، بــە تایبەتیــش لــە جەرابلۆســەوە (Jerablus) بــۆ نسـێبین [٥١١٥٤].

لــە ٥ی نیســان ژەنــەڕاڵ ئالێنبــی ڕاپۆرتێکــی بەرزکــردەوە کــە کۆمەڵێــک ســەرۆک خێڵــی کــورد لــە ناوچــەی نســێبین پەیامێکیــان نــاردووە و داوا دەکــەن بێنــە ژێــر دەســترۆیی بریتانیــا و داوای ســەربەخۆیی ناکــەن (I.D.C.E 817. P.3). ئــەوان نەیــاری کــوردی ماردیــن و دیاربەکــرن. ژەنــەڕاڵ ئالێنبــی بــۆ ڕێنمایــی وەرگرتــن پێشــنیازی کــردووە، داواکارییەکانیــان بخەنەبــەردەم دەســەڵاتدارانی میزۆپۆتامیــا، چونکــە لــەو کاتــەدا ئــەم ناوچەیــە ناوچــەی ژێــر دەســەڵات و کۆنترۆڵــی ئــەو نەبــووە.

لە ٧ی نیسان، ڕاپۆرتێک بەدەستمان گەیشت کە کاپتن پییرسۆن (Captin Pearson)، کە ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانییە، لە زاخۆ کوژراوە (٥٣٧٥٦).

لە هەمان ڕۆژدا کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ ڕایگەیاند کە کوڕی سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەتی تورکیا، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بۆ نسێبین نێردراوە، دواتر نێردراوەتە زاخۆ بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە.

لە ٨ی نیسان فەرماندەی فەرماندیی گشتی لە میزۆپۆتامیا پێشنیازی کرد لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ گوشار بخرێتە سەر حکومەتی تورکیا و ئاگاداریان بکاتەوە لەو کردە سەربازییە تەمبێکارییەی کە لە زاخۆ ئەنجامیانداوە، چونکە ئەم ناوچەیە لە دەرەوەی ڕێککەوتنی ڕاگرتنی شەڕە و لە دەرەوەی دەسەڵاتدارێتی ژەنەڕاڵ مارشاڵ و ژەنەڕاڵ ئالێنبیدایە.

کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ پێشبینی دەکات ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبێت. بە بڕوای ئەو، لەم ئاژاوەنانەوەی کوردەکاندا، قۆناغێک لە چالاکی بەرفراوانی کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی، پان ئیسلامیک، ناسیۆنالیستی میسری و لەوانەیە ناسیۆنالیستی هیندی و پەیوەندی بێلشڤیکی لە ئارادابێت. ئەو لەو بڕوایەدایە کە عەبدول جەودەت و سلێمان نەزیف بۆ بەرژەوەندی تورکەکان کار دەکەن و نەچوونەتە پاڵ کۆمیتەی نوێنەرایەتیکردنی کورد.

لەلایەکیترەوە، ئەو پشتگیریی لەو بۆچوونە دەکات کە عەبدولقادر و بەدرخانەکان زۆر بە توندی لایەنگری بەریتانیان و ئەستەمە پەیوەندییان لەگەڵ کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقیدا هەبێت.

هەستی پشتوانیکردنی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بۆ بەریتانیا لەلایەن نامەیەکی هاوبەشی ئەندامانی میسری پشتڕاست کراوەتەوە (٥٩٤٨٦). ئەم نامەیە لە ١٦ی ئاب بە دەستمان گەیشتووە. لە نامەکەدا ئەوان زۆر بە جیددی ڕەخنە لەو ڕەفتارە دەگرن کە تورکیا لە هەمبەر کورد گرتوویەتەبەر و داوای قەرەبوو دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان بنەماڵەی ڕەسەنی دەسەڵاتداری کوردستانن.

لە ١٣ی نیسان فەرماندەی فەرماندەیی گشتی لە میزۆپۆتامیا ڕاپۆرتێکی بەرز کردەوە کە دەتوانن لە ڕێگەی هێزی یەدەکی میزۆپۆتامیا دەست بەسەر زاخۆدا بگرن. لە ٢٣ی نیسان فەرماندەی فەرماندەیی گشتی، لە میزۆپۆتامیا، داواکارییەکەی خۆی لەبارەی کردەی سەربازی تورکیا کشاندەوە، بەڵام ڕاسپاردەیان کرد کە دەبێ گوشار بخرێتە سەر حکومەتی تورکیا بۆ ڕاگرتنی بارودۆخی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتیاندایە.

لە هەمان ڕێکەوت، کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ ڕاپۆرتێکی بە تەلەگرام نارد و تێیدا باسی لە چاوپێکەوتنی نێوان مستر ڕیان (Mr. Ryan) و عەبدولقادر کرد. عەبدولقادر گلەیی کردووە کە حکومەتی تورکیا شاندێکی بۆ ئاسای بچووک (Asia Minor) ناردووە بە بیانوی ڕێگری کردن لە چوونی کوڕەکەی بۆ کوردستان (٦٢٧٧٣) و گوتوویەتی، ئەگەر بەریتانیا بیەوێت کوردستان بە ئارامی بهێنێتەوە، خودی خۆی دەتوانێت بچێتە کوردستان. یاخود شاندێک بە هاوڕێیەتی ئەفسەرێکی بەریتانی بۆ ئەم مەبەستە بنێرێت و دڵنیایی دەدات کە ئەم کارە ئەنجامی باشی دەبێت (I.D.E.C 1002, p4).

ئەو پێشبینی سەرهەڵدانی ئاژاوە دەکات ئەگەر بێت کورد بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنەکان. بە بڕوای کۆمسیاری باڵا، عەبدولقادر و عەبدولا جەودەت، سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی هەستی دژە تورک ڕاستگۆن و گوتی، گونجاندنی داواکاریی ئەرمەنەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنێکی ڕازیکەرانە لەگەڵ کورد کارێکی سەختە. عەبدولقادر داوای کردووە لە بۆچوونی حکومەتی خاوەنشکۆ سەبارەت بە پرسی کوردستان ئاگادار بکرێتەوە. ئەم پرسەش خراوەتەبەردەم مستر بلفۆر لە پاریس.

هەروەها لە هەمان ڕۆژدا، کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا، ڕاپۆرتێکی بەرزکردووتەوە کە برازای عەبدولقادر، واتە شێخ تەها، بەنیازە سەردانی بەغدا بکات، بۆیە عەبدولقادر داوای کردووە ڕێگە بدرێت [شێخ تەها سەردانی بەغدا بکات] و گوێ لە قسەکانی بگیرێت (٦٣٢٥٠).

هەروەهـا کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا ڕاپۆرتیـداوە کـە چەنـد تەلەگرامێـک لەلایـەن عەبدولقـادر و بەدرخانـەکان بـۆ چەندیـن کەسـایەتی ماردیـن نێـردراون و داوایـان لێکـراوە پڕوپاگەنـدە بـۆ کـورد بـڵاو بکەنـەوە (٦٣٢٥١).

لـە ٢٦ی نیسـان، کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا ڕاپۆرتێکی تەلەگـرام کـردووە کەمێجەر نۆئێـل گەیشـتووەتە نسـێبین (٦٦٠٨٦). ئـەو بـاس لـەوە دەکات کـە هەسـتی دژە بەریتانـی لـە ئەنجامـی تـرس لـە سیاسـەتی تولەسـەندنەوە لـە مووسـڵمانەکان لـە تۆڵـەی ڕەشـەکوژی مەسـیحییەکان سـەرچاوە دەگرێـت. مێجـەر نۆئێـل پێشـنیاز دەکات لێبوردنێکـی گشـتی بـۆ کـورد دەربچێـت لەبـارەی تـەواوی ئـەو کوشـتارگەیەی کـە لـەم بـارەوە ئەنجامیانـداوە، یاخـود فەرمانێکـی ڕاسـتەخۆ لەلایـەن تورکەکانەوە دەربچێـت، یاخـود ڕاگەیاندنێکی فەرمی بڵاوبکرێتـەوە و تێیـدا ئامـاژە بەوە بکرێت کە هیچ شـتێک داوا ناکرێت، تەنیـا گەڕاندنەوەی موڵـک و ماڵـی نەگـوازراو نەبێـت. ئـەم تەلەگرامـەش بـۆ مسـتر بلفـۆر لـە پاریس نێـردراوە.

لـە ٣ی مانگـی ئایـار، مسـتر بلفـۆر پێشـنیازی کـرد فەرمـان بـە کۆمسـیاری بـاڵا لـە ئێسـتانبۆڵ بکرێـت هـەوڵ بـدات ئامۆژگاریـی کـورد بـکات کـە ئـارام بـن و دەسـت لـە وروژاندنـی چاوەڕوانیکردنـی بڕیارەکـەی کۆنفرانسـی ئاشـتی هەڵگـرن، چونکـە لـە کۆنفرانسـەکەدا ئـاگاداری داواکاریـی کـوردن. لـە ٧ی ئایـاردا، مسـتر بلفـۆر پێشـنیازێکیتری خسـتەڕوو کـە فەرمـان بـە مێجـەر نۆئێـل بدرێـت دڵنیایـی تایبـەت بدرێتـە کـورد کـە سیاسـەتی تۆڵەسـەندنەوە پەیـڕەو ناکرێـت و لـە کۆنفرانسـی ئاشـتیدا گلەیـی و گازنـدەی کـورد پشـتگوێ ناخرێـت. (٦٨٧٠١). لـە هەمانکاتـدا کۆمسـیاری بـاڵا لـە ئێسـتانبۆڵ لـە تەلەگرامێکـدا کـە لـە ڕێکەوتـی ٧ی ئایـار بەدەسـتمان گەیشـتووە ئامـاژە بـەوە دەدات کـە بارودۆخـی کوردسـتان جێگـەی نیگەرانییـە و سـێ بەدیـل دەخاتـە بـەردەم حکومەتـی خاوەنشـکۆ (I.D.C.E 1188, p. 5):

١. تـا دەکرێـت، خۆیـان لـەو ڕووداوانـە بەدووربگـرن کـە لـە دەرەوەی ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتیاندا ڕوو دەدات.
٢. حکومەتـی تورکیـا بەکاربهێنرێـت و پشـت بـەو کردارانەیـان ببەسـترێت کـە بـە پێـی ڕێنمایـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ ئەنجـام دەدرێـن.

٣. پشت بەستن بە کوردە دەستڕۆییشتووەکان کە دەیانەوێت لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا بن.

ئەو ئەوەی خستووەتە ڕوو کە تەواوی پرسەکە، پشت بەوە دەبەستێت چۆن ڕوانگەی کورد لە چوارچێوەی جیهانبینی حکومەتی خاوەنشکۆدا سەبارەت بە داهاتووی بەڕێوەبردنی کوردستان لە قاڵب دەدرێت و تا چ ئاستێک دەکرێت ئەو هیوایە بچێنرێت کە حکومەتی خاوەنشکۆ نەبێتە ئەو لایەنەی کورد بخاتە ژێر دەستی ئەرمەنەکان.

کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ، دووبارە لە ١٢ی مانگی ئایار تەلەگرامێکی ناردووە کە وەزیری گەورە (Grand Vizier) مۆڵەت بە عەبدولقادر دەدات بە مەبەستی ئارامکردنەوە سەردانی کوردستان بکات (٧٢٣٨٨). بۆیە ئەو نیگەرانە کە لە ڕوانگەی حکومەتی تورکیاوە تا چ ئاستێک ئەم سەردانە دەتوانێ ئامانجەکەی بپێکێ. عەبدولقادر دووپاتی کردەوەوە کە سەرەکیترین نیگەرانی کورد بریتییە لە کەوتنە ژێر دەستی ئەرمەنەکان (I.D.C.E, 1316, p.6).

لە هەمان ڕۆژدا، کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا، بۆچوونێکی خستەڕوو کە عەبدولقادر بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لە کوردستان دوور بووە [٧٣٩٥١] (I.D.C.E 1331, P.7) هەروەها بەینیشی لەگەڵ برازاکەی، شێخ تەها زۆر خراپە، بۆیە ئەو بەکەڵک نایێت تا ئەوکاتەی چالاکییەکانی لە ناوچەکانی کوردستان کە دەکەونە ڕۆژئاوای هێڵی درێژی ٤٢، سنووردار نەکات، بەڵام کۆمسیاری مەدەنی لەو بڕوایەدایە دەکرێ بەپەلە سوود لە بنەماڵەی بەدرخانەکان وەرگیرێت، هەر بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکات کە براکانی بەدرخان لە ئێستانبۆڵەوە بۆ سەردانی مێجەر نۆئێل بنێردرێنە حەلەب و لەوێوە پەیوەندی بە سورەیا بەدرخان لە میسر بکەن و لەگەڵ مێجەر نۆئێل سەردانی کوردستان بکەن، ئەمەش بەمەرجێک پەیوەندییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەگەڵ فەرەنساو گفتوگۆکانی ئاشتی ڕێگە بەم کارە بدات.

کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا پێشنیاز دەکات پەیڕەوی لە سێیەم پێشنیازی کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ بکرێت، هەروەها دڵنیایی [بە کوردەکان بدرێت] کە لەو ناوچانەی

زۆرینـەی دانیشـتوانی کـوردن لێبوردنیـان بـۆ دەردەکرێـت و لـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی ئەرمەنـەکان ڕزگار دەکرێـن. بـە بـڕوای ئـەو بـۆ کاراکردنـی ئـەم سیاسـەتە پێویسـتە تـا ئـەو شـوێنەی دەکرێـت لـە ناوەندێکـی دوورەوە مامەڵە لەگەل پرسـی کورد بکرێـت، بەم پێیەش ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە دەسـەڵاتی پێبدرێـت بـە نوێنەرایەتـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ و لـە ڕێگـەی مێجـەر نوئێلـەوە لـە گشـت ئـەو ناوچانـەی دەکەونـە ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری دیجلـە مامەڵـە لەگـەڵ پرسـی کـورد بـکا، لـەم بـارەوە زانیاریی بـە فەرماندەیـی فەرماندەی گشـتی، هێزەکانـی میسر و کۆمسـیاری بـاڵا لـە ئێسـتانبۆڵ دەدرێـت.

کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا چـاوی بـە شـێخ تەهـا کەوتـووە و ڕایگەیانـدووە ئامادەیـە بـە هـەر ڕێگەیەکـی مومکیـن بێـت یارمەتیـدەر بێـت لـە دامەزراندنـی پاڕێزبەندیـی بەریتانیـا لـە کوردسـتان بـە مەرجێـک لێبـوردن بـۆ کـورد دەربچێـت، کـورد لـە چوارچێـوەی گروپێکـی بەرفراوانـدا ئۆتۆنۆمیـان پـێ ببەخشرێـت، نەخرێنـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی ئەرمـەن یـان نەسـتورەکاندا، حکومەتـی خاوەنشـکۆ هەندێـك یارمەتـی داراییـان بـدات هـەر وەک چـۆن یارمەتـی حکومەتـی عێراقیـدا.

لـە ٢٢ی مانگـی ئایـار نووسـینگەی هینـد لـە نامەیەکـدا کە ئاڕاسـتەی وەزارەتـی دەرەوە کـراوە پشـتگیریی لـە پێشـنیازەکەی کۆمسـیاری مەدەنی کـردووە. هەروەها لـە ٢٩ی مانگی ئایـار، وەزارەتـی دەرەوە، بـە هەندێـک تەحەفـوزەوە پێشـنیازەکەی پەسـەند کـرد (٧٧٦٨٦).

لـە ٥ی مانگـی حوزەیرانـی، نووسـینگەی هینـد تەلەگرامێکـی بـۆ کۆمسـیاری مەدەنـی لــە بەغــدا نــارد (٨٥٣٧٤) و دەســەڵاتی بەرپرســیارێتی بەرانبــەر کاروبــاری کــوردەکان پێبەخشـی، بـە مەرجێـک خـۆی دوور بگرێـت لـەوەی حکومەتـی خاوەنشـکۆ بخاتـە ژێـر هـەر جـۆرە بەرپرسـیارێتیەکی سـەربازیی لـە دەرەوەی ناوچەکـەی خۆیـدا (I.D.C.E 2658 p.8). هەروەهـا بـۆ گشـت لایەنێکـی پەیوەندیـدار ڕوون بکاتـەوە کـە شـاندەکەی مێجـەر نۆئێـل و بەدرخانــەکان مەبەسـتی نییـە حکومەتـی خاوەنشـکۆ پابەنـدی هیـچ شـتێک بـکات جیـا لـە ڕاگرتنـی هێمنـی و ئارامـی لـە ناوچـە کوردییـەکان، ئەمـەش بـە هـاوکاری دەسـەڵاتدارانی تورکیـا، ئەویـش تـا کاتـی دەرچوونـی ئەنجامـی کۆنفڕانسـی ئاشـتی. کۆمسـیاری مەدەنـی دەبـێ زۆر لـە نزیکـەوە لەگـەڵ کۆمسـیاری بـاڵا لـە ئێسـتانبۆڵ ڕاوێـژ

بکات و تەنیا پەیوەندییەکی سادە لە نێوانیاندا نەبێت و بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەو هیچ هەنگاوێکی گرنگ نەنێت. هەروەها پێویستە ئەو فەرماندەیی فەرماندەی گشتی و هێزەکانی میسر ئاگادار بکاتەوە.

سەبارەت بە دەرکردنی لێبوردنی گشتی دەبێ، کۆمسیاری مەدەنی، تەنیا پابەند بێت بەوەی سیاسەتی تۆڵەسەندنەوە پەیڕەو ناکرێت و دووەم پێشنیازەکەی سەبارت بە ڕزگارکردنی کورد لە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەن لە چوارچێوەیەکی سنووردارردا بهێڵێتەوە.

گرنگییەکی تایبەت بەم دوو دڵنیاییەوە دەدرێت، ئەویش تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە حکومەتی خاوەنشکۆوە هەبێت. ئەو داوای کردووە ئەو ناوچانە دەست نیشان بکرێن کە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانەکەی کوردن. ئەم تەلەگرامە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە بۆ کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ نێردراوەتەوە و لە ٦ی مانگی حوزەیرانی کۆپیەک لە تەلەگرامەکە بۆ بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی نێردراوە.

لە هەمانکاتدا، داواکاریی شەریف پاشا، سەرۆکی شاندی کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، لە نامەیەکی دوورودرێژ بە ڕێکەوتی ٢٠ی ئایار، باس لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەکات. شەریف پاشا ئەم نامەیەی ڕادەستی مستر بلفۆر کردووە. ئەو داوای کردووە پشتیوانی لە داواکەی بۆ بوون بە سەرۆکی کودستان بکرێت. هاوکات، ئاماژەی بەوە کردووە، ئەگەر حکومەتی خاوەنشکۆ سەرۆکێکی شیاو بدۆزێتەوە، دژی ئەم کارە ناوەستێتەوە، ئەگەر ئەم کەسە یارمەتیدەری ئەو بەرپرسیارێتییە و قوربانییە بێت کە لە پێناو ڕێکخستنی دەوڵەتێکی کوردی دراوە.

کەسایەتییەکیتری بەهێز شێخ مەحمودە لە سلێمانی، لە حاڵی حازردا ئەو خۆی لە هەر جۆرە بەرپرسیارێتییەک دوور کردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا سەرکردایەتی یاخیبوونێکی کرد کە دواجار بە گرتنەبەری کردەی سەربازییەوە سەرکووت کرا (٧٩٩٩١).

لە ٩ی مانگی حوزەیرانی لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ نووسراوێکمان بە دەست گەیشت کە باسی لە چاوپێکەوتنی نێوان عەبدولقادر و وەزیری گەورە دەکرد (٨٣٠٠٠). نامەکە باس لە ترسێکی گەورە دەکات ئەگەر بێت بڕیار لەسەر دامەزراندنی

دەوڵەتـی ئەرمـەن بدرێـت. وەزیـری گـەورە خـۆی بـە شـەرمەزار دەزانێـت کـە عەبدولقادر ئەندامـی کابینەکەیەتـی. هەروەهـا هەسـت بـەوە دەکات کـە حکومەتـی تورکیـا زۆر بـە تونـدی لـە دژی پڕوپاگەنـدەی عەبدولقـادر بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کـورد دەوەسـتێتەوە. عەبدولقـادر زۆر لـە حکومەتـی تورکیـا بێـزارە و بـاس لـە مەیلـی خـۆی و هاوڕێکانـی کـرد کـە دەیانەوێـت کوردسـتان لـە ژێـر چاودێـری بەریتانیـا سـەرەتاییەکی نـوێ دەسـت پێبـکات. تەنیـا شـتێک کـە ئەوانـی نیگـەران کـردووە بریتییـە لـە باڵادەسـتی ئەرمەنـەکان. هـەر یەکسـەر لـە دوای ئـەم دوو گفتوگۆیـە، سـمیرنا (Smyrna)ی داگیـر کرد، لـە ئەنجامـدا عەبدولقـادر لـە کابینەکـەی حکومەتـی تورکیـادا نەمـا.

لـە ١٣ی مانگـی حوزەیـران کۆمسـیاری مەدەنی لـە بەغدا، بۆچوونەکەی خۆی سـەبارەت بـەو ناوچانـەی زۆرینەی هـەرە زۆری دانیشـتووانەکەی کوردن دەربـڕی (٩٨٧٠٥) (I.D.C.E 1822. P9) و باسـی لەوە کرد کە کوردسـتان بەسـەر دوو دەستەدا دابەش بووە، دەستەیەک، لایەنگـری [ناسیۆنالیسـتی] کـوردن، ئەگەر سیسـتەمێکی باشـی کارگێڕییان هەبێـت لەوانەیە ببنـە لایەنگـری بەریتانیـا. دەسـتەی دووەم بریتیـن لـە لایەنگرانـی تورکیـا، کـە زۆر بـە دەمارگرژییـەوە دژی مەسـیحییەکان و دژی بێگانەکانـن. هـەر دوو لایـەن بـە پشـتیوانیەکی دەرەکـی دەتوانـن کۆنتڕۆڵـی وڵات بکـەن و دەبـێ حکومەتـی خاوەنشـکۆ یەکێـک لـە دوو لایەنەکـە هەڵبژێرێـت. کـورد پـەرت و بـڵاون و لـە ڕووی جوگرافییـەوە بـە هـۆی چیاکانەوە لێـک جیابوونەتـەوە، بۆیـە بـە بێ بوونـی کارگێڕییەکـی دەرەکی بەهێـز کـە ناوەندەکەی لە بەتلیـس یـان وان بێـت، زۆر سـەختە کـورد یەکبگـرن. بەپـێ ئـەم ڕاسـتییەش بـۆ گرتنەبـەری هـەر جـۆرە کردارێـک ناکرێـت چیتر لەسـەر کۆکردنـەوەی زانیاریـی بوەسـتین و دڵنیاییەکی ناتـەواو بـە یەکێک لـە دوو لایەنەکە بدەین. لـە ڕوانگەی خۆجێییەوە، پێویسـتە بڕیار بدرێت و ڕێنمایـی پێویسـت دەربکرێت.

لـە ١٧ی حوزەیرانـی، لەلایـەن مێجـەر نۆئێـل لـە دیاربەکـر ڕاپۆرتێکـمان بەدەسـت گەیشـت و بـاس لـەوە دەکات پارتـی گەنجانـی کـورد (Young Kurdish Party) زۆر چالاکـە و بـۆ ڕووخاندنـی حکومـەت تورکیـا و ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانی سـەربەخۆ (٩٠٨٦٠) بیـر لـە ئەنجامدانـی کودەتایـەک دەکات. ڕەفتـاری ئـەم حزبـە لەگـەڵ حکومەتـی

خاوەنشکۆ ڕەفتارێکی دۆستانەیە، بەڵام تا ئێستا ڕایا نەگەیاندووە کە ئەم دۆستایەتییە، دۆستایەتییەکی ڕاستەقینەیە.

لە ١٩ی حوزەیران لەلایەن ‹D. M. I›یەوە ڕاپۆرتێکمان بە دەست گەیشت، باسی لەوە دەکرد حزبێکی کوردی لە ئێستانبۆڵ، کە عەبدولقادر سەرۆکیەتی، کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات کە لەژێر پارێزگاریی بەریتانیادا بێت. کۆپیەک لە پەیڕە و پڕۆگرامی ئەنجوومەنی پێشکەوتنی کوردستان (Society for the Progress of Kurdistan) هاوپێچکراوە (٩١٠٨٢).

لە ١٩ی حوزەیران لەلایەن مێجەر نوئێلەوە تەلەگرامێکمان بەدەست گەیشت باس لە ڕوانگەی شاندێکی ئەرمەنی دەکات سەبارەت بە ئەگەری هێرشکردنە سەر ئەرمەنەکان ئەگەر هاتوو هێزێکی بێگانە لە ناوچەکە نزیک بێتەوە.

بە بڕوای مێجەر نوئێل دەکرێت لێکۆڵینەوە لە ئەگەری ئەنجامدانی ئەم ڕەفتارە بکرێت، ئەویش بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێك کە خواستی کوردەکانی تێدابێت و لە کابوسی دەسەڵاتدارێتی ئەرمەنەکان ڕزگاریان بکات، بەڵام لەوانەیە ئەم کارە ببێتە هۆی بەرهەڵستی تورکەکان و بۆ مەسیحییەکان ئەنجامی کارەساتباری لێبکەوێتەوە (٩١٨٨٦).

لە ٢١ حوزەیران شەریف پاشا، نامەیەکی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕەنسا نووسی و ڕەخنەی لە سیاسەتی فەڕەنسا بەرانبەر کورد گرت و داوای کرد بزانێت پێگەی ئەو لە فەڕەنسادا چییە، هەروەها گلەیی کردووە کە حکومەتی فەڕەنسا زۆر بە بێ بەزەیییەوە ژیانی سیاسی ئەوی تێکشکاندووە، چونکە لە دوای ڕاگرتنی شەڕ، ڕێگەی پێنەدراوە بگەڕێتەوە ئێستانبۆڵ و لەوێش بە تامەزرۆیییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەون (٩٤٥١٧).

لە ٢٧ی حوزەیران مێجەر نوئێل لەلایەن کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا راسپێردرا تا بە نوێنەرایەتی ئەو سەردانی ئێستانبۆڵ بکات و تاوتوێی پرسی کورد بکات (٩٧٢٣٨).

لە ٣ی تەمووز کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا، پێشنیازێکی تایبەتی بۆ کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبوڵ خستەڕوو بۆ باشترکردنی بارودۆخی ناوچەکانی ناوەڕاستی کوردستان،

وەک نەهێشتنی هەندێك بارەگای سەربازی حکومەتی تورکیا و دامەزراندنی کۆمەڵە کەسێکی سەر بە عەبدولقادر وەک پارێزگاری بەتلیس، وان و شوێنەکانیتر (١٠١٣٧٦).

کۆمسیاری باڵا و مێجەر نۆئێل لەسەر بارودۆخی کوردستان گفتوگۆیان کرد و لە ١٠ی تەمووز کۆمسیاری باڵا ئەنجامەکانی ئەم گفتوگۆییەی لە ڕاپۆرتێکدا خستەڕوو (١٠١٥٠٣) (I.D.C.E 2221, p11).

ئەنجامەکە بریتی بوو لەوەی کورد زۆر بە توندی دژی تورکەکانن و مەیلی ئەوەیان هەیە لەگەڵ مەسیحییەکان دۆستایەتیان هەبێت، ئەگەر بێت و دان بەوەدا بنرێت کە کورد لە کوردستان زۆرینەن، ئەوان مافی مەسیحییەکان دەپارێزن، تورک هەوڵ دەدەن هەستی کوردەکان بەدەست بێننەوە، ئەویش بە ئاماژەدان بە داگیرکاری سمیرنا و بە نیشاندانی ئەوەی کە کوردەکان مووسڵمانن، لەوانەیە ئەم تەکتیکانە سەرکەوتن بهێننەدی ئەگەر بێت دڵنیایی بە کورد نەدرێت کە [بەریتانیا] بیر لە زاڵکردنی ئەرمەنەکان ناکاتەوە، کورد داوای ئینتیدابی بەریتانیا دەکەن، پەسەندکردنی ئەم داواکاریەش کاری حکومەتی خاوەنشکۆ ئاسانتر دەکات لە دروستکردنی سنوورێکی پارێزراو بۆ میزۆپۆتامیا و دابینکردنی خواستی کوردەکانی میزۆپۆتامیا.

کۆمسیاری باڵا باسی لەوە کردووە ئەو لەگەڵ بۆچوونی مێجەر نۆئێل هاوڕایە کە سی نوێنەری کورد بە ئازادانە بۆ کوردستان بگەڕێنەوە تا گەشتێک بە ناو کوردستاندا ئەنجام بدەن و کاریگەری بەسەر خێڵەکاندا دروست بکەن و باس لە زەرورەتی پاراستنی هێمنی بکەن. لەم بارەوە داوای ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوەی کردووە و بابەتەکەش بۆ مستەر بلفۆر لە پاریس نێردراوە.

لە هەمان کاتدا، کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا ڕاپۆرتێکی ناردووە کە فەرماندەی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی میسر دانیناوە بە پشتگوێ خستنی ئەو دەسەڵاتەی کە لە لەلایەن نووسینگەی هیندەوە پێیدراوە بۆ لە ئەستۆگرتنی کاروباری کوردستان. هەروەها پێشنیازی ئەوەی کردووە کە کۆلۆنێل بێل (Colonel Bell) بەرپرسیارێتی ئەو ناوچانە لە ئەستۆ بگرێت کە دەکەوێتە چوارچێوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتدارێتی.

بەڵام دەبێ لەگەڵ مێجەر نوئێل، یاخود هەر ئەفسەرێکی دیکە لە میزۆپۆتامیا لە پەیوەندییەکی نزیکدا بێت [١٠١٣٧٧].

لە ٢٢ی تەمووز، وەزارەتی دەرەوە پرسیاری لە نووسینگەی جەنگ کرد کە فەرماندەی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی میسر لەو بڕیارە ئاگادار بکاتەوە کە کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا بەڕێوەبردنی کاروباری کوردی لە ئەستۆ گرتووە، ئەمەش بە پێی ئەو سیاسەتەی لە تەلەگرامی نووسینگەی هیند لە ٥ی حوزەیرانی ئاماژەی پێدراوە.

لە ١٣ی تەمووز، کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ تەلەگرامێکی نارد کە کەلێنی نێوان کورد و تورک زۆر قووڵ بووە و هێچ ئۆمێدێک نابینرێت کە حکومەتی تورک والی کورد لە وان، بەتلیس و شوێنەکانیتر دابمەزرێنێت، ئەمەش بە پێی پێشنیازی کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا لە ٣ی تەمووز [١٠٣١٩٧] (I.D.C.E 2287, p12).

پێشنیازی کردووە چاوەڕوانی ئەنجامی شاندەکەی مێجەر نۆئێل بین و ڕۆژی دواتر کۆمسیاری باڵا ئەم پێشنیازەی پەسەند کرد [١٠٤٢٦٠].

لە ١٥ی تەمووز، فەرماندەی فەرماندەیی گشتی لە میزۆپۆتامیا، تەلەگرامێکی نارد و تێیدا تیشکی خستەسەر بەرفراوان بوونی بەرپرسیارێتی سوپا و زیاد بوونی ژمارەی هێزەکانی سوپا، ئەمەش لەگەڵ ئەو سیاسەتەی لەلایەن کۆمسیاری مەدەنی لە تەلەگرامەکەی لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیران ناردبووی تەریبە [١٠٦٨٤٣].

لە ٢٠ی تەمووز ڕاپۆرتێکمان بە دەست گەیشت کە دوو ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە ئامێدی کوژراون، ئامێدی دەکەوێتە ٦٠ میلی باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ و لە زاخۆ دوور نییە کە کاپتن پییرسۆن لە ٤ی ئەپڕیل لەوێ کوژرا. دەستەیەک لە سوپا بۆ ئامێدی نێردراوە تا ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی مەسیحییەکان لە بەعقوبە بکات، بەڵام لە مانگی حوزەیرانیدا ئەم دەستەیە پاشەکشەی کرد، چونکە لە ڕووی سەربازییەوە ناوچەکە شوێنێکی مەترسیدارە.

ئەنجامی کوشتنی ئەم دوو ئەفسەرە، بە پێی بۆچوونی کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا وەک هەستێکی دژە مەسیحی و هەستێکی دژە حکومەت لێکدراوەتەوە [١٠٩٤٨٩].

شـــاندی کـــوردی لـــە ٤ی تەمـــووز ئێســـتانبۆڵیان بەجێهێشـــت، پشتڕاســـتکردنەوەی فەرمـــی لەلایـــەن مســـتر بلفـــۆرەوە خراوەتـــەڕوو [١٠٧٤٠٨] و لـــە ٣٠ی تەمـــووز بـــۆ کۆمســـیاری بـــاڵا نێـــردراوە [١٠٨٦٤٨].

لـە ٢٩ی تەمـووز شـەریف پاشـا ڕایگەیانـد وەک سـەرۆکی دەوڵەتـی کوردسـتان هەڵبژێـردراوە، دەوڵەتێـک کـە لـە داهاتـوودا دادەمەزرێـت و پێشـنیازی کـرد شـاندێکی هاوبـەش لـە نێـوان ئـەو و نوێنەرانـی بەریتانیـا سـەردانی ئـەو ناوچانـە بکـەن کـە زۆرینـەی دانیشـتوانی کـوردن [١١١٢٤٥].

بـە بۆچوونـی وەزارەتـی دەرەوە تەمەنـی هەڵکشـاوی شـەریف پاشـا و مانـەوەی درێژخایەنـی لـە پاریـس، وایکـردووە شـیاوی پۆسـتی سـەرۆکی کوردسـتان نەبێـت. هەروەهـا پێشـنیازی بـۆ نووسـینگەی هینـد کـردووە کـە پوختەیـەک لـە پێشـنیازەکانی شـەریف پاشـا بـۆ هـەر یـەک لـە بەغـدا و ئێسـتانبۆڵ بنێردرێـت بـۆ خسـتنەڕووی بۆچوونەکانیـان.

لـە ٥ی ئـاب لەبـارەی بارودۆخـی کوردسـتان لەلایـەن مێجـەر نوئێلـەوە ڕاپۆرتێکـی تێروتەسـەل گەیشـتە وەزارەتـی دەرەوە [١١٢٢٠٢] (I. D. C. E. 2659, p.13) کـە داوای گەیشـتن بـە چارەسـەرییەکی تەوافقـی بـۆ چارەسـەرکردنی داواکاریـی هـەر یـەک لـە کـورد و ئەرمـەن دەکات. چارەسـەرەکەش بریتییـە لـە کۆکردنـەوەی شـەش ویلایەتـی ڕۆژهـەڵات لـە ژێـر ئینتیدابـی هێزێـک و دواتـر سـەر لـە نـوێ دابەشـکردنی ئـەم شـەش ویلایەتـە بـۆ سـەر چەنـد ناوچـە یـان زۆنێـک، زۆنـی باشـوور بـە تەواوەتـی زۆنێکـی کـوردی دەبێـت، باکـوور بـە تەواوەتـی ئەرمـەن دەبێـت و زۆنـی ناوەڕاسـت زۆنێکـی تێکـەڵ دەبێـت. هـەر زۆنێـک ئیـدارەی تایبـەت بـە خـۆی و خـۆ بەڕێوەبـەری دەبێـت و بەرانبـەر ناوەندێـک کـە دەکرێـت لـە دەرەوەی ئـەم شـەش ویلایەتـەدا بێـت یاخـود بکەوێتـە زۆنـی ناوەڕاسـت و ئـەو بەرپرسـیار دەبێـت. ئـەو ئامـاژەی بـەوە کـردووە تەنیـا بەدیـل بریتییـە لـە جێبەجێکردنـی پێشـنیازەکەی کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا کـە لـە تەلەگرامەکـەی لـە ڕێکەوتـی ١٣ی حوزەیرانـی، ئامـاژەی پێکـردووە.

لە ٥ی ئاب لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ نووسراوێکمان بەدەست گەیشت سەبارەت بە کۆبوونەوەیەک لە نێوان کۆمیتەی کورد و یەکێک لە ئەندامانی حکومەتی تورکیا. لەم کۆبوونەوەیەدا ئەگەری بەخشینی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی تورک تاوتوێکراوە [١١٢٢٠٤].

لە هەمان ڕۆژدا، ئەفسەرێکی سیاسی لە هێزەکانی میسر، تەلەگرامێکی نارد چاوی بە عارف پاشا ماردینی و سورەیا بەدرخان کەوتووە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن لە بنەماڵە ئۆریجناڵەکانی کوردن [١١٥٧٥٤] (I. D. C. E 2570, p14). دواییین ئامانجی ئەوان بریتییە لە سەربەخۆیی کوردستان و ڕازین بە ئینتیدابێکی سنوورداری بەریتانیا. عارف پاشا لە سەر ڕاسپاردەی کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا بەرەو حەلەب دەچێت تا مێجەر نۆئێل ببینێت، هەروەها هەوڵ دەدرێت سورەیا بەدرخانیش لەم گەشتەدا هاوڕێیەتی بکات.

لە ١١ی ئاب نووسینگەی جەنگ بۆ وەزارەتی دەرەوە پێشنیازی کرد گشت سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ سەبارەت بە کوردستان لەگەڵ (I. D. C. E) بخرێتە بەر باس و گفتوگۆ [١١٥٢١٧]. ئەوان بۆ فەرماندەی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی میسر تەلەگرامیان کردووە و داوایان کردووە سەبارەت بەو دەسەڵاتەی کە بە پێی تەلەگرامی ٥ی حوزەیران نووسینگەی هیندەوە بە کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا دراوە، بۆچوونی خۆی بخاتەڕوو.

هەروەها وەزارەتی دەرەوە داوای لە کۆمسیاری باڵا لە ئێستانبۆڵ کردووە بە تەلەگرام بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پێشنیازەکەی کۆمسیاری مەدەنی لە بەغدا و مێجەر نۆئێل لە زووترین کاتدا بخاتەڕوو.

لە ١٦ی ئاب، بۆچوونی فەرماندەی فەرماندەیی گشتی لە میزۆپۆتامیامان بە دەست گەیشت (I. D. C. E 2650, p16). کە دەڵێ چارەسەری سەرەکی بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی کە لە ویلایەتەکانی ئەرزەرۆم و ترابزۆن پێکدێت و دەوڵەتێکی کوردیش کە لە چوار ویلایەتەکەیتر پێکدێت. ئەم چارەسەرییە نابێتە هۆی کەمکردنەوەی بنکە سەربازییەکانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا.

لــە ١٩ی ئــاب بۆچوونــی کۆمســیاری باڵامــان لــە ئێســتانبۆڵ بەدەســت گەیشــت [١١٨٠٥٤] (I. D. C. E 2673, p 17) کە پشـتگیریی لـە بۆچوونەکـەی مێجەر نۆئێل دەکات، هەروەهـا هاوڕاییـە لەسـەر ئـەوەی کـە لـە حاڵـی حـازردا زووە و زۆریـش مەترسـیدارە سـنوورەکانی نێـوان کـورد و ئەرمـەن دەستنیشـان بکەیـن. بـە بۆچوونـی ئـەو سیسـتەمی زۆن بـە دەربـاز بوونـی کات یارمەتـی نەتـەوە جۆراوجـۆرەکان دەدات خۆیـان ڕێکبخـەن و سـنووری هەمیشـەیی خۆیـان دەستنیشـان بکـەن. بـە بـڕوای ئـەو پێشـنیازەکانی کۆلۆنێـل ویلسـۆن لـە ترابـزۆن ئەنجامـی دەبێـت، چونکـە دانیشـتووانەکەی ئەرمـەن نیـن، بـەڵام بـە ئەرمەنـەکان دراوە، لـە کاتێکـدا وان و مـوش هەمیشـە زۆرینـەی دانیشـتووانی ئەرمـەن بوونـە، بـە کـوردەکان دراوە.

لە ٢٠ی ئـاب، «(I. D. C. E)» بڕیاریـدا، لـەو گۆشـەنیگایەوە کـە بـارودۆخ زۆر بە خێرایی گۆڕانـی بەسـەردا دێـت و هەروەهـا بـەو هۆیـەوە پێشـنیازی مارشـاڵی مەیدانـی، مارشـال ئالێنبـی (Field-Marshal Allenby) سـەبارەت بـەوەی کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا دەسـەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری کوردی پێبدرێت بەدەسـتمان نەگەیشـتووە، بۆیە بڕیاریدا لـە حاڵـی حـازردا، ناکرێـت سیاسـەتێک سـەبارەت بـە کـوردەکان دابرێژرێت.

لــە ٢٥ی ئــاب باڵیــۆزی حکومەتــی خاوەنشــکۆ لــە پاریــس، ڕاپۆرتێکــی نــارد کــە غالــب بــەگ، ســکرتێری شەخســی شــەریف پاشــا، تــا ئێســتا هــەر لــە فەڕەنســایە، بــەڵام فەهــری ئالــدی بــەگ (Fehary Aldi Bey)، نوێنــەری کــورد بــۆ کۆنفرانســی ئاشــتی، لــە ڕێگەیــە و بــەرەو ئێســتانبۆڵ دەڕوات. لــەم بــارەوە کۆمســیاری بــاڵای حکومەتــی خاوەنشــکۆ لــە ئێســتانبۆڵ ئــاگادار کراوەتــەوە. هەروەهــا پێشــنیاز کــراوە ئەگــەر فەهــری ئالــدی بــەگ، ڕازی بێــت، دەکرێــت بنێردرێتــە حەلــەب تــا چــاوی بەمێجــەر نۆئێــل بکەوێــت [١٢٠٤١١].

لــە ٢٦ی ئــاب، وەڵامــی مارشــاڵی مەیدانــی، مارشــاڵ ئالێنبــی بەدەســت وەزارەتــی دەرەوە گەیشـت. ئـەو هـاوڕا نەبـوو کـە بەڕێوەبردنـی سیاسـەت لـە ناوچـە کوردییەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەودا، بدرێتـە دەسـت کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا. بـە بـڕوای ئـەو سیاســەتی حکومەتــی خاوەنشــکۆ ســەبارەت بــە کــورد لــە ناوچەکانــی ژێــر دەســەڵاتی

ئـەودا، دەبێـت ڕادەسـتی ئـەو بکرێـت و لەلایـەن ئەفسـەری سیاسـی کـە بەرانبـەر ئـەودا بەرپرسـیار بێــت جێبەجــێ بکرێــت [١٢١٠٨٦] (I. D. E. C 2778, p 18).

بـە بـڕوای وەزارەتـی جەنـگ پێویسـتە ئێسـتا ‹(I. D. C. E)› گشـت پرسـەکە تاوتـوێ بـکات، چونکـە مێجـەر نۆئێـل سـەبارەت بـەم پرسـانە چەندیـن پێشـنیازی خسـتووەتە ڕوو، وەک گەڕاندنـەوەی ژن و منداڵـی مەسـیحی لـە نـاو ماڵـە مووسـڵمانەکاندا و ڕەفتارکـردن لەگـەڵ کـوردە بەندکـراوەکان کـە لەلایـەن ئەرمەنەکانـەوە تۆمەتبـار کـراون.

مێجـەر نۆئێـل لەلایـەن فەرمانـدەی فەرماندەیـی گشـتی هێـزی یەدەکـی میسرییـەوە ئاگادارکراوەتــەوە کــە ناتوانێــت هیــچ شــتێک لەبــارەی سیاســەت لــە ناوچــەی ژێــر دەسـەڵاتی هێزەکانـی میـسر ئەنجـام بـدات، هەروەهـا نابـێ بـە ڕاسـتەوخۆ لـەم بـارەوە پەیــام بــۆ بەغــدا بنێردرێــت [١٢٢٣٤٠] (I. D. C E. 2743, p19).

لـە هەمانکاتـدا، کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا گوێـی لـەوە بـووە کە جێگری سـەرۆکی ئەفسـەری سیاسـی هێـزی یەدەکـی میـسر، لـە ٤ی ئەیلـوول بەنیـازی ئەنجامدانی گەشـتێک بـۆ ناوچـە کوردییـەکان حەلـەب بەجێدێڵێـت [١٢٢٢٨٤] (p 12)، بۆیـە داوا دەکات پێگـەی ئـەم ئەفسـەرە دەستنیشـان بکرێت.

ئامـاژەی بـەوە کـردووە بوونی ئێسـتای مێجەر نۆئێـل بەو مانایە دێت کـە هێزی یەدەکی میـسر، سیاسـەتێکی جیـاواز لـەو سیاسـەتەی خـۆی دیارکـردووە بەرانبـەر بەرژەوەنـدی محەمەدییـەکان پەیـڕەو دەکات، ئـەم جـۆرە کارەش ئەنجامـی باشـی لێناکەوێتـەوە.

بـە کورتـی، لـە حاڵـی حـازردا بارودۆخەکـە بـەو جۆرەیـە کـە مێجـەر نۆئێـل بـە هاوڕێـی کۆمەڵێـک کـوردی نـاسراوی ئێسـتانبۆڵ، عـارف پاشـا ماردینـی و لەوانەیـە سـورەیا بەدرخانیـان لەگەڵـدا بێـت، دەسـتیکردووە بـە ئەنجامدانـی گەشـتێک لـە کوردسـتان. لەوانەیـە شـاندی کـوردی لـە پاریسـیش لـەم گەشـتەدا هاوڕێتـی مێجـەر نۆئێـل بـکات. هەروەهـا کۆلۆنێـل بێـل، جێگـری سـەرۆکی ئەفسـەری سیاسـی هێـزی یەدەکـی میـسر، بەنیـازە لـە چەنـد ڕۆژی داهاتـوودا دەسـت بـە گەشـتێک [بـۆ ناوچـە کوردییـەکان بـکات] و ڕاوێـژ لەگـەڵ مێجـەر نۆئێـل بـکات.

یەکـەم خـاڵ کـە پێویسـتە بڕیـاری لەسـەر بدرێـت بریتییـە لـەوەی کام یـەک لـە کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا، یاخـود فەرمانـدەی فەرماندەیـی گشـتی هێـزی یەدەکـی میـسر، ببێتـە بەرپرسـیار لـە جێبەجێکردنـی سیاسـەتی حکومەتـی خاوەنشـکۆ بەرانبـەر کـورد لـەو ناوچـە کوردییانـەی دەکەونـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتی فەرمانـدەی فەرماندەیـی گشـتی هێـزی یەدەکـی میـسر.

خاڵـی دووەم بریتییـە لـەوەی کـە لـە حاڵـی حـازردا حکومەتـی خاوەنشـکۆ سـەبارەت بـە پرسـی کـورد و ئەرمـەن چ جـۆرە سیاسـەتێک بگرێتەبـەر.

لـەو دوو پێشـنیازە کۆنکریتییـەی کـە لەلایـەن کۆمسـیاری مەدەنـی لـە بەغـدا خراوەتـەڕوو، سـەبارەت بـە دابەشـکردنی ویلایەتـەکان و پێدانـی ویلایەتەکانـی ئـەرزەڕۆم و ترابـزۆن بـە ئەرمـەن و چـوار ویلایەتەکەیـتر بـە کـورد، لـەو پێشـنیازە وەهـا دەردەکەوێت کـە ئینتیدابـی بەریتانـی بخرێتـە سـەر ویلایەتـە کوردییـەکان.

پێشـنیازی مێجـەر نۆئێـل بریتییـە لـەوەی گشـت ناوچەکانـی ئەرمـەن و کـورد بخرێتـە ژێـر دەسـەڵاتی یـەک هێـزی ئینتیـداب. هەروەهـا ئەگـەر ئـەم هێـزە، دەوڵەتـی بەریتانیـای گـەورە نەبێـت، هەمـوو ئـەو کارانـەی تـا ئێسـتا لەلایـەن حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـەم ناوچەیـەدا گیراوتەبـەر بریتییـە لـە پاراسـتنی هێمنـی و هەموارکردنـی ڕێگـە بـۆ ئـەو هێـزەی کـە لـە داهاتـوودا لـەم ناوچەیـە دەبێتـە هێـزی ئینتیـداب.

لـە حاڵـی حـازردا، بـە هـۆی ئـەو نیەتـەی کـە فەڕەنسـا هەیەتـی، بارودۆخەکـە ئاڵـۆز بـووە. فەڕەنسـا بـە نیـازە ١٢،٠٠٠ سـەرباز بۆ پاراسـتنی ئەرمەنـەکان بنێرێتە ئـەم ناوچەیە و ئەرمەنـەکان نـەک لـە ترابزۆن، بەڵکو لە ئەسـکەندەرییە (Alexandretta) نیشـتەجێ بکات.

کۆنفرانسی ئاشتی (ل ١٤١)

ژمارە: ١٩٤٦٦

ڕێکەوتی گەیشتن: ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

نووسەر: ژەنەراڵ شەریف پاشا

سیاسی

**تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**کوردستان**

مێــژووی کــورد لــە دێــر زەمانــەوە دەخاتــەڕوو و ئــەو هەرێمانــە نیشــان دەدات کــە دانیشــتووانەکەی کــوردن و هەمیشــە لــەم هەرێمــەدا بەســەر گەلانیــتر زاڵ بوونــە. بەرهەڵســتی بانگەشــەی ئەرمەنــەکان ســەبارەت بــە کوردســتان دەکات و داوای دانپێدانــان بــە دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتان دەکات. داوا دەکات کۆمیســیۆنێکی نێودەوڵەتــی بــۆ جێگیرکردنــی ســنوورەکان، بــە پێــی بنەماکانــی مافــی نەتــەوەکان بنێردرێــت.

*******

**یاداشت**

دوێنــێ ژەنــەڕاڵ شــەریف پاشــا ئــەم بەیاننامــە دوور و درێــژ و بــێ ســەروبەرەی بــۆ مــن نــاردووە و داوای کــردووە کۆپیــەک لــە بەیاننامەکــە بــۆ وەزارەتــی دەرەوە بنێردرێــت و کۆپییەکــی تریــش لێــرە خوێندنــەوەی بــۆ بکرێــت. دواجــار خوازیــارە بەیاننامەیــەک لەبــارەی دۆزی کــورد بــۆ کۆنفرانســی ئاشــتی بنێردرێــت. ئــەو لەنــاکاو داوای ئینتیدابــی بەریتانــی بــۆ ســەر کوردســتانی کــرد، هەروەهــا گووتــی هــەر بەیانێــک کــە لەلایــەن ئــەوەوە بنێردرێــت پێشــوەختە ڕەزامەنــدی ئێمــەی لەســەر بێــت.

ژەنــەڕاڵ لــە ١٢ی ئەیلــوول نامەیەکــی بــۆ ئێمــە نــارد، بــەڵام مــن بڕواناکــەم ژەنــەڕاڵ ببینمــەوە و پێــی بڵێــم کــە ئێمــە ناتوانیــن چیــتر لەســەر [دۆزی کــورد] گفتوگــۆ بکەیــن.

بەهەرحاڵ، لەبارەی ناردنی کۆپییەک لە بەیاننامەکە بۆ وەزارەتی دەرەوە، بە بڕوای من ئەم کارە سوودمەندە و دەتوانین بۆ وەزارەتی دەرەوە ڕوون بکەینەوە ئەگەر ئەمریکا ئینتیداب بخاتە سەر ئەرمەنەکان یاخود نەخات، ئەو کارە زۆر بە جدی کاریگەریی لەسەر پرسی کورد دروست دەکات، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە پێشنیازی کۆمیسیۆنی ئەمریکا سەبارەت بە دیارکردنی سنوورەکان پەسەند بکرێت. ئەگەر هاتوو ئەمریکا پەسەندی کرد کە ئینتیداب بخرێتە سەر ئەرمەنەکان، ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کورد لە دەرەوەی دەوڵەتی ئەرمینیادا بمێننەوە (بۆ نموونە، هەر شتێک بکەوێتە باشوور، چونکە سنوورەکە لە دیاربەکرەوە بۆ سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە).

بەم پێیەش هەر شتێک لەبارەی ئینتیدابی ئەرمەنەکانەوە ڕوو بدات، ئێمە دەبێ ئامادە بین بۆ گووتنی ئەوەی کە ئایا قبوڵ دەکەین وەک هێزێکی ئینتیداب بە جیا یاخود هاوکات لەگەڵ میزۆپۆتامیا کۆنترۆڵی کوردستان بکەین یان نا.

E. Q. Adam

١٠ی تشرینی یەکەم

ژمارەی دۆسیە: (١/١/٣٦٥)

ژمارەی نووسراوی پێشتر: ١٩٠٢٥

(action completed)Q. Q. P. H

(Indian)

ژمارەی نووسراوی دواتر: ١٩٨٢٩

میسێلانیۆس ژمارە ٣ (١٩٢٦) (ل ١٦٧-١٧٧)

Miscellaneous No, 3 (1926)

نامەیەک لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆ بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، ڕێکارەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سنوورەکانی نێوان تورکیا و عێراق و جێبەجێکردنی مەرجەکانی بەندی ٢٢ی پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان.

لەندەن، ٢ی مارچ، ١٩٢٦، جنێف ١١ی مارچی ١٩٢٦ [لە بەردەوامی [گۆڤاری] میسێلانیۆس ژمارە ١٧، (١٩٢٥)» (Cmd 2562)].

لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە بە فەرمانی خاوەنشکۆ پێشکەش بە پەرلەمان کراوە.

لەلایەن نووسینگەی پەرتووکخانەی خاوەنشکۆ چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ڕاستەوخۆ لە نووسینگەی پەرتوکخانەی حکومەتی خاوەنشکۆ دەفرۆشرێت، ناونیشان:

Adastral House, Kingsway, London, W. C, 2: 28. Abingdon Street, London,) S, W, 1 York Street, Manchester; 1. Str

Andrew's Crescent, Cardiff: or 120, George Street, Edinburgh, or through . (any bookseller. 1926. Price 3d. Net

نامەیەک لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆ بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، ڕێکارەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سنوورەکانی نێوان تورکیا و عێراق و جێبەجێکردنی مەرجەکانی بەندی ٢٢ی پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان.

*****

لەندەن، ٢ی مارچ، ١٩٢٦، جنێڤ ١١ی مارچ ١٩٢٦

*****

ژمارە: ١

لەلایەن وەزارەتی دەرەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان

وەزارەتی دەرەوە، ٢ی ئاداری ١٩٢٦

بەڕێز....

١. لە وەڵامی ئەو دەستپێشخەرییەی لە بەندی ٢ی بڕیاری تۆمارکراوی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەمی١٩٢٥دا هاتووە، من لەلایەن وەزیر سێر ئۆستن چامبێرلین (Sir Austen Chamberlain)ەوە ڕاسپێردراوم دەقی پەیماننامە نوێیەکەی نێوان حکومەتی بەریتانیا و عێراق بۆ زانیاریی بەڕێزتان ڕەوان بکەم تا بیخەیتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، پەیماننامەکە لە بەغدا و لە ڕێکەوتی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ واژوو کراوە.

٢. بە بڕیاری ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٢٤، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان مەرجەکانی پەیماننامە هاوپەیمانێتی نێوان عێراق و بەریتانیای گەورەی پەسەند کرد، بە پێی پەیماننامەکە حکومەتی خاوەنشکۆ بەرانبەر عێراق کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش بە پێی مەرجەکانی بەندی ٢٢ی پەیاننامەی کۆمەڵەی گەلان.

٣. بەپێ بەندی ٢ی بڕیاری لە مانگی کانوونی یەکەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، ئەنجوومەن مەرجی زیاتری خستەڕوو کە دەسەڵاتەکە بە پێی پەیماننامەی هاوپەیمانێتی ئاماژەپێکراو دادەمەزرێت و بۆ ماوەیەکی دیارکراو بەرپرسیارێتی

[بەڕیوەبردنی ڕژێمەکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی خاوەنشکۆ]. درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنی هاوپەیمانێتی لە بەندی ١ی ڕێککەوتنە نوێیەکەدا ئاماژە پێدراوە. لە خستنەڕووی ئەم ڕێککەوتنە بۆ بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، حکومەتی خاوەنشکۆ ڕایدەگەیێنێ، تا ئەوکاتەی ڕێککەوتنەکە کارا بێت حکومەتی خاوەنشکۆ ئەو بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆ دەگرێت کە لە ئەیلوولی ١٩٢٤دا پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانی کردووە و بەردەوام دەبێت لە پەسەندکردنی ڕێککەوتنەکە.

٤. بەم پێیەش حکومەتی خاوەنشکۆ لەو پێگەیەدایە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان ئاگادار بکاتەوە کە ڕێکارەکانی بەندی ٢ی بڕیاری کانوونی یەکەمی ١٩٢٥، جێبەجێکراوە و هەنگاوی پێویست گیراوەتەبەر بۆ بەردەوامبوونی ڕژێمی بەرقەرار بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ هەر وەک چۆن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ئەیلوولی ١٩٢٤دا ئەمەی پەسەند کرد، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە عێراق بە پێی بەندی ١ی پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان، پێش کۆتایی هاتنی ئەم ماوەیە داوای بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان بکات.

٥. مەرجی جاروبار پێداچوونەوە بە پرسی بوونی عێراق بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان لە بەندی ٣ی ڕێککەوتنە نوێیەکەدا ئاماژەی پێدراوە.

٦. لە بەندی ٥ی پابەندییەکەدا کە لە لایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ئەیلوولی ١٩٢٤دا پەسەندکرا، حکومەتی خاوەنشکۆ ڕازییە بە هەمووارکردنەوەی ڕێککەوتنی هاوپەیمانێتی بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕەزامەندی دەربڕینی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان. بەم پێیەش ئەوان هەمان پابەندی سەبارەت بە ڕێککەوتنەکەی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ لە ئەستۆ دەگرێ. ئەم پابەندیەش بەسەر هەر پێشنیازێکدا جێبەجێ دەکرێت کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی لە بەندی ٢ و ٣ی ڕێککەوتنامە نوێیەکەدا ڕەچاو کراوە، ئەمەش بە مەبەستی پێداچوونەوە یاخود هەمووارکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنانەی کە وەک پاشکۆی پەیماننامەی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا هاتوونەتە کایەوە.

٧. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا، حکومەتی خاونشکۆ داوا دەکات ئێستاکە

ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان هــەر وەک لــە بەنــدی ٢ بڕیــاری مانگــی کانوونــی یەکەمــی ڕابــردوو ئامــاژەی بــۆ کــراوە هەنــگاو بنێــت و ڕایبگەیێنێــت کــە بڕیارەکەیــان ســەبارەت بــە ســنووری نێــوان تورکیــا و عێــراق، دوایــن بڕیــارە.

٨. پەیماننامەی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦، لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی (House of Common) بەریتانیاو و لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران و سێناتی عێراق پەسندکراوە.

٩. بــە ئامــاژەدان بــە بەنــدی ٣ی بڕیــاری ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان لــە مانگــی کانوونــی یەکەمــی ڕابــردوو، بــۆ بەرچاوڕوونــی ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان، مــن یاداشــتنامەیەک ســەبارەت بــە چۆنیەتــی بەڕێوەبردنــی ناوچــە کوردییەکانــی عێــراق، هاوپێــچ دەکــەم.

لەگەڵ ڕێزدا

Lancelot Olipahnt

هاوپێچی (enclosure) ١ لە ژمارە ١

پەیماننامــەی نێــوان حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا و پاشــای عێــراق، لــە ١٣ی کانوونــی دووەمــی ١٩٢٦ لــە بەغــدا واژووکــراوە.

[٢٥٨٧ .Cmd]

هاوپێچی ٢ لە ژمارە ١

یاداشتنامەی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکانی عێراق

ســێیەمین پەرەگرافــی بڕیــاری ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان ســەبارەت بــە پرســی ســنووری نێــوان تورکیــا و عێــراق بــەم جــۆرەی خوارەوەیــە:

١. «داوا دەکرێــت حکومەتــی بەریتانیــا وەک هێــزی ئینتیــداب، ئــەو ڕێــکارە کارگێڕیانــە لەبــارەی چۆنیەتــی بەڕێوەبردنــی ئــەو ناوچانــەی دانیشــتووانی کــوردن بخاتــە بــەردەم ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان، تــا ئــەو گەرەنتییانــەی بــۆ پاراســتنی کــوردەکان لێژنــەی

بەدواداچوون لە دوایین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووە و داوای دەکات، گەرەنتی بکات».

٢. ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆنی سنوور سەبارەت بە دانیشتووانی کورد کە بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان ئاماژەی پێکردووە، بەم جۆرەی خوارەوەیە:

٣. «پێویستە خواستی کورد ڕەچاو بکرێت، بۆنموونە، فەرمانبەری کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دابمەزرێت، دادپەروەری بونیات بنرێت و زمانی فەرمی لە قوتابخانە و گشت کەرتە خزمەگوزارییەکاندا کوردی بێت».

٤. وەزیری موستەعمەرات لە لێداونەکەیدا بۆ بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ٣ی ئەیلوولیدا لە کاتی ئاماژەدان بەم بابەتانە گووتی سیستەمی کارگێڕی ئێستا تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆنی بەدواداچوون جێبەجێ دەکات. ئەم لێدوانەش لە ڕێگەی ئەو ڕێکارانەی حکومەتی عێراق گرتویەتەبەر بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردن بە تەواوەتی جێبەجێ دەکرێت.

٥. لە کۆی گشتی ئەو ٥٧ فەرمانبەرەی لەلایەن وزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ لە ناوچە کوردییەکان دامەزراون، ٤٣ کەسیان کوردن، هەروەها ٩ کورد لە پۆستی هاوشێوە لە ناوچە غەیرە کوردییەکاندا دامەزراون. هێدی هێدی ژمارەی فەرمانبەرانی غەیرە کورد لە ناوچە کوردییەکان کەم دەبێتەوە. هەروەها سیاسەتی دامەزراندنی فەرمانبەری کورد، ئەگەر هاتوو کەسی شیاو دۆزرایەوە و حەزی خزمەتکردنی هەبوو، بەرە بەرە پەیڕەو دەکرێت.

٦. وزارەتی داد ١٣ فەرمانبەری (دادوەر و سەرۆک نووسەر) لە ناوچە کوردییەکانی دامەزراندووە کە ١٠ کەسیان کوردن. کەیسەکان بە زمانی کوردی دەخرێنەڕوو و لە سلێمانی و لە قەزای کۆیسنجەقی سەر بە لیوای هەولێر تۆمارکردنی ڕێکارەکان بە زمانی کوردییە، هەروەها هەر کاتێک کەیسەکە خرایە بەردەم دادگای پێداچوونەوە یاخود دادگای تێهەڵچوونەوە وەرگێڕانی عەرەبی کەیسەکە هاوپێچ دەکرێت. شەش فەرمانبەری کورد لە پۆستی هاوشێوە لە ناوچە غەیرە کوردییەکاندا دامەزراون.

٧. لە بەش و وەزارەتی جۆراوجۆر، جیا لەوانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە (وەک

وەقف، پۆستە و گەیاندن، تەلەگراف، پۆلیس، کار، زیندان، گومرگ، ئاودێری، تاپۆ، کشتوکاڵ) لە ناوچە کوردییەکاندا ٥٥ فەرمانبەر تێیاندا دامەزراون. هەروەها ٧٨ فەرمانبەری کورد لە ناوچە غەیرە کوردییەکاندا دامەزراون.

٨. کورد پشکی خۆیان لە حکومەتی ناوەندیدا هەیە. لە کۆی گشتی ٢٠ سیناتۆر، دوویان کوردن. (نیوەی ئەوانیتریش کوردن) هەروەها لە کۆی گشتی ٨٨ نوێنەری پەرلەمان چواردەیان کوردن. وەزیرەکانی دارایی، گەیاندن و کار هەموویان کوردن.

٩. کوردەکان ١٧٪ کۆی گشتی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن. ٢٠٪ ی کۆی گشتی پۆلیس لە سەرتاسەری وڵاتدا کوردن. ١٤٪ سوپا، ٢٣٪ فەرمانبەرانی هێلی ئاسنین کوردن. کۆی گشتی فەرمانبەرانی کەرتی پۆلیس، سوپا و هێڵێ ئاسنین ٢٠،٠٠٠ فەرمانبەرە، کە ٤٠٠٠ فەرمانبەر یاخود ٢٠٪یان کوردن.

١٠. بیست و پێنج قوتابخانە لە ناوچە کوردییەکاندا هەیە. پێنج لەم قوتابخانانە هی مەسیحییەکانن، زمانی خوێندن لەم قوتابخانانە عەرەبی و کلدانییە. لە ١٦ قوتابخانەکەیتردا زمانی خوێندن کوردییە. لە چوار قوتابخانەکەیتردا کە قوتابی کورد و مەسیحیین، زمانی سەرەکی خوێندن زمانی عەرەبییە، بەڵام کوردی بە ئازادانە بۆ ڕوونکردنەوەی وانەکان بەکار دەهێنرێت. کۆی گشتی مامۆستای دامەزراو لەم قوتابخانانە ٥٢ مامۆستایە، جیا لە هەشت مامۆستا، ئەوانیتر گشتیان کوردن. ئەم هەشت مامۆستایە کە عەرەبن بە تەواوەتی شارەزای زمانی کوردین. ئەو مامۆستایانە زۆرتر وانەی عەرەبی دەڵێنەوە، ئەویش بۆ پێشکەوتنی خوێندن پێویستە. پێشتر ژمارەی ئەم مامۆستایانە ١٣ مامۆستا بوو، بەڵام هێواش هێواش ژمارەیان کەم دەبێتەوە.

١١. سەرەڕای ئەمەش، ٢٢ کورد و ژمارەیەکی زۆری کورد کە شارەزای زمانی عەرەبی و تورکین لە ناوچەکانی غەیرە کورددا دامەزراون. بۆیە دەبینین ئەو سیاسەتە پەروەردەییەی لە حاڵی حازردا هەیە بە تەواوەتی هاوتەریبی ڕاسپاردەکانی لێژنەی بەدواداچوونە. پێشکەوتنەکان وەها دەخەنەڕوو کە پێویست بە گۆڕینی ئەم سیاسەتە ناکات، بەڵام هەر کاتێک ژمارەی قوتابخانەکان زیاد بوو و هەر کاتێک لە توانای حکومەتدا بوو ئەم سیاسەتە دەتوانرێ بگۆڕدرێت.

١٢. ئەو ژمارانەی سەرەوە لە تۆماری ناوەندە سەرەکییەکانەوە کۆکراونەتەوە. ئەو ژمارانە

فەرمانبەرانی پلە نزم لە خۆ ناگرێت (کەسانی خۆجێی لە پۆستە پلە نزمەکاندا پڕ کراوەنەتەوە)، لەوانەیە ژمارەی ڕاستەقینەی فەرمانبەرانی کوردی کەمتر خەملاندبێت، چونکە تەنیا ئەو فەرمانبەرانەی دەزانرێت کوردن، ناویان تۆمارکراوە. زۆربەی کوردەکان نەتەوەکەیان بە عێراقی نووسیووە. بۆیە لەوانەیە لە مەڵبەندەکانی تۆمارکردنی سەر بە ناوەندی وەزارەتەکان نەزانن کە کێ کوردە.

١٣. سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی، شایانی ئاماژە پێدانە کە پێش سەرهەڵدانی جەنگ کوردی وەک زمانی نووسین بەکار نەدەهێنرا، جا چ لە نووسینەکانی کەسی یاخود لە نووسینەکانی فەرمیدا بێت. ژمارەیەکی بەرچاوە لە شیعری کوردی لەبەردەستن، بەڵام گەشەسەندنی زمانی نووسین بە کوردی وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن، بە تەواوەتی بەهۆی هەوڵ و کۆششی فەرمانبەرانی بەریتانی بووە. لە ڕابردوودا، زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی بەکار دەهێنرا، تا ئێستاش بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی نووسین لە لیوای مووسڵدا بوونی نییە، بەڵکو زمانی عەرەبی و تورکی بەکار دەهێنرێت. بەکارهێنانی زمانی کوردی لەم دواییانەدا لە لیوای هەولێر بەکار دەهێنرێت، ئەویش بە مەبەستی نووسینی داواکاریی بۆ نووسینگەکانی حکومەت. بۆ چەند ساڵێکە سلێمانی خاوەن ڕۆژنامەی کوردییە و بۆ ماوەیەک نووسین بە زمانی کوردی، چ نووسینی کەسی یان نووسینی فەرمی، وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن بەکار دەهات. ئەم کارە کە لەلایەن حکومەتی داگیرکارەوە هێنرایە ناوەوە، بە پاکییەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جێبەجێ دەکرێت. دوو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی لە بەغدا دەردەچن. هەروەها گشت کارێکی پێویست ئەنجامدراوە، نە تەنیا بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی، بەڵکو بۆ هاندانی بە ئازادانە بەکارهێنانی زمانی کوردی.

١٤. بە دڵنیاییەوە زانیارییەکان پشتڕاست دەکەنەوە کە هاوتەریبییەکی تەواو لە نێوان ئەو سیاسەتەدا هەیە کە کۆمیسیۆنی پێداچوونەوە ڕایسپاردووە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق گرتوویەتەبەر.

١٥. لەوانەیە باشترین هێما بۆ خستنەڕووی ئەوەی حکومەتی عێراق بە تەواوەتی لە

بەرپرسیارێتی خۆی بەرانبەر هەستی کوردەکان تێگەیشتووە و باشترین ئاماژە بۆ بەردەوامیدانی بەم سیاسەتە و ئەگەر پێویست بێت بەرفراوانتری بکات، بریتییە لە سیاسەتی ئازادانەی هەنوکەی [حکومەتی عێراق] بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێکی بەرفراوان بۆ گەشەپێدان بە خواستە کلتوری و زمانییەکانی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەم ڕاستیەش لە میانەی لێدوانەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢١ی مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوو، دەردەکەوێت:

١٦. بەڕێزان، ئەم وڵاتە ناتوانێ بژیێت، ئەگەر مافی گشت نەتەوەکانی دەستەبەر نەکات.... پێویستە ئێمە مافی کوردەکان بدەین. پێویستە فەرمانبەرەکانیان هی خۆیان بن، پێویستە زمانەکەیان زمانی فەرمی بێت، هەروەها پێویستە منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان لە قوتابخانەکاندا بخوێنن. بەرپرسیارێتی ئێمەیە کە بە داد و ئینسافەوە لەگەڵ گشت نەتەوەکان جا مووسڵمان بێت یان غەیرە مووسڵمان ڕەفتار بکەین و مافەکانیان بدەین».

١٧. بە ڕاگەیاندنی ئەم سیاستە، کە بە چەپڵە لێدانەوە لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پێشوازی لێکرا، ڕێنمایی بۆ گشت وەزیرەکانی عێراق دەرکرا کە پەیڕەوی سیاسەتەکە بکەن، ڕێنماییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

١٨. بەڕێزتان بێگومان ئەو لێداونەتان بینیووە کە سەرۆک وەزیران لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا پێشکەشی کرد و لە ڕۆژی دواتر لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە. ئەم لێدوانە ئەو سیاسەتە لەخۆدەگرێت کە حکومەت گرتوویەتەبەر و لە ئیدارەی ناوچەی کوردستان پەیڕەو دەکرێت. بە تایبەتیش کە دەبێ فەرمانبەران کورد بن و زمانی کوردیش زمانی فەرمییە. بۆیە بەڕێز سەرۆک وەزیران من داوا لە بەڕێزتان دەکەم هەوڵ بدەن لە گشت دامەزراوەکانی سەر بەم ناوچەیە ئەم سیاسەتە جێبەجێ بکەن».

١٩. بەڵگەی زۆرتر لە سەر نیەتی حکومەتی عێراق لەو لێدوانەوە دەردەکەوێت لەو خوانە درا کە لەلایەن خانەی مەندوبی سامیی بەریتانیا بە بۆنەی پەیماننامە نوێیەکە ڕێکخراپوو. لە لێدوانەکەیدا، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت، ئامانجی حکومەتی عێراقی بەم شێوەیەی خوارەوە خستەڕوو:

٢٠. پێویستە ئامانجی حکومەتی عێراق بریتی بێت لەوەی گشت پێکهاتەکانی عێراق بکاتە هاووڵاتی باشی دەوڵەتی عێراق، کە لە ڕاستیدا ئەمەش ئامانجیەتی. حکومەتی عێراق ئەم کارەش دەکات لە ڕێگەی هاندانی شانازیی ئایینی یاخود نەتەوەیی، نەک ڕێگریکردن لەم شانازییە. کورد عەرەب نین، هەر وەک چۆن سکۆتلەندییەک، ئینگلیز نییە. ئێوە دەتوانن کوردێک بکەن بە هاووڵاتیەکی باشی عێراق نەک بە گوشار خستنەسەری کە بە زمانی عەرەبی قسە بکات و داب و نەریتی عەرەب وەرگرێت، بەڵکو ئێوە دەتوانن لە ڕێگەی فەراهەمکردنی گشت دەرفەتێک و هانی بدەن ببێت بە کوردێکی باش. یەکێتی دەوڵەت کە بۆ پێشکەوتنەکەی زەرورە لە ڕێگەی سڕینەوەی تایبەتمەندی کۆمەڵێک نەتەوە دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی هاندانی گشت شتە باشەکانی ئەم تایبەتمەندییە دەرفەت ڕەخساندن بۆ هەر کۆمەڵەیەکی جیاواز کە بە پێی ئەو سیاسەتەی کە لەگەڵی دەگونجێت گەشە بکات. ئەمەش ئەو سیاسەتەیە کە بەڕێزتان و حکومەتە بەڕێزەکەتان گرتوویەتەبەر. بەردەوامیدان بە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە ئەقڵیانە باشترین ئامرازە بۆ هاندانی کۆمەڵەی گەلان بۆئەوەی دەوڵەتی عێراق بە ئەندامێکی شیاوی خۆی هەژمار بکات».

٢١. لە وەڵامی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت مەلیک فەیسەڵ ئاماژەی بەم بابەتە کرد و گووتی:

٢٢. یەکەمین ئەرکی هەر عێراقییەکی ڕاستەقینە بریتییە لەوەی براکەی واتە کوردی عێراق هان بدات دەست بە نەتەوەی خۆیەوە بگرێت و لەگەڵ یەکتردا بچنە ژێر ئاڵای عێراق و دروشمی هاوبەش، ئەمەش لە پێناو بەختەوەریی رۆشنبیریی و ماددی گشت خەڵکی عێراق. ئەوان بە یەکگرتن و هاوکاری یەکتر دەبنە ئەندامی کارای بوژانەوەی ئەم وڵاتە هاوبەشە. هەروەها من دڵنیام کە گشت عێراقییەکی ڕاستەقینە هەمان هەستی بەرانبەر گشت نەتەوەکانی وڵاتەکەی هەیە».

**لەندەن، ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦**

**ژمارە ٢**

ڕاپۆرتێـک لەلایـەن م. ئانـدن (M.Unden) لەبـارەی جێبەجێکردنـی مەرجەکانـی بەنـدی ٢٢ی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان لەسـەر عێـراق و ئـەو بڕیارانـەی بەم هۆیـەوە لەلایەن ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـەوە دەرکراوە.

**جنێڤ، ١١ی ئاداری ١٩٢٦**

هاوتەریـب لەگـەڵ پەرەگرافـی ٢ی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ڕێکەوتـی ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٥، حکومەتـی بەریتانیـا لـە ڕێگـەی نامەیـەک لـە ڕێکەوتـی ٢ی ئـاداری ١٩٢٦، ئـەو پەیاننامەیـەی لـە نێـوان بەریتانیـای گـەورە و عێـراق لـە ڕێکەوتـی ١٣ی کانوونـی دووەمـی ١٩٢٦دا واژوو کـراوە خسـتە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان.

ئـەم پەیماننامەیـە بـە پێـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بـووە کـە لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە و مەبەسـت لێـی بریتییـە لـە «بەردەوامیـدان بـە دەسـەڵاتی ئینتیـداب بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ کـە لـە پەیماننامـەی هاوپەیمانێتـی نێـوان بەریتانیـا و عێـراق ئامـاژەی پێـدراوە، هەروەهـا بـە پێـی پابەنـدی حکومەتـی بەریتانیـا کـە لـە ٢٧ی ئەیلوولـی ١٩٢٤ لەلایـەن ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـەوە پەسـەندکراوە، تەنیـا لـەو کاتـەدا نەبێـت کـە عێـراق بـە پێـی بەنـدی ١ی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان، پێـش تـەواو بوونـی ئـەم ماوەیـە وەک ئەنـدام لـە کۆمەڵـەی گـەلان وەرگیرێـت».

لـە پراکتیزەکردنـی ئـەم پەیماننامـە نوێیـە و نامەکـەی حکومەتـی بەریتانیـا، ئەویـش بـە پێـی داواکارییەکانـی بەنـدی ٢٢ی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان، ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بـە پێـی بڕیارەکـەی لـە ٢٧ی ئەیلوولـی ١٩٢٤، کـە بەهـۆی بڕیارەکـەوە بەنـدی ٢٢ی پەیماننامەکـە خرایـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، ئەنجوومـەن خوێندنـەوەی بـۆ ئـەو یاداشـتە کـرد کـە لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـاوە خراپـووە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان. لـەم یاداشـتەدا ئـەو ڕوونکراوەتـەوە کـە مەبەسـت لـە پەیماننامـەی هاوپەیمانێتـی لـە نێـوان عێـراق و حکومەتـی بەریتانیـا

بریتییە لە دڵنیابوون کە تەواوی بنەماکانی ئینتیداب وەک خۆی جێبەجێ دەکرێن. هەروەها بە پێی هەمان یاداشتنامە حکومەتی بەریتانیا بەرانبەر کۆمەڵەی گەلان کۆمەڵێک پابەندی لە ئەستۆ دەگرێت. یەکێک لەو پابەندییانە بریتییە لەوەی کە بە بێ ڕەزامەندی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا ناتوانێت مەرجەکانی پەیماننامەی هاوپەیمانێتی هەموار بکات. ئەگەر پەیماننامە نوێیەکە ئەم جۆرە هەموارکردنە لە خۆ بگرێت، پێویستە جێبەجێکردنی بەندەکانی بە پێی سیستەمی ئینتیداب بێت.

بە پێی بەندەکانی ئەم پەیماننامە نوێیە، پەیماننامەی هاوپەیمانێتی کە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا واژوو کراوە، هەروەها ڕێککەوتنە جۆراوجۆرەکانی پاشکۆی ئەم پەیماننامەیە، بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ کارا دەبێت، ئەم ماوەیەش لە ١٦ی دێسەمبەری ١٩٢٥ دەست پێدەکات، تەنیا ئەو کات نەبێت کە پێش کۆتایی هاتنی ئەم ماوەیە عێراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان.

هەروەها پەیماننامە نوێیەکە دەرفەتی پێداچوونەوەی ڕەخساندوە لە ماوەیەکدا کە بەندەکانی ٧، ١٠ و ١٥ی پەیماننامەی هاوپەیمانێتی ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها جارناجار دەکرێ پێداچوونەوە بە پەیماننامەکەدا بکرێت ئەویش هەر کاتێک کە پرسی بوون بە ئەندامی عێراق لە کۆمەڵەی گەلانەوە هاتە ئاراوە.

حکومەتی بەریتانیا لە ڕێگەی نامەکەی بە ڕێکەوتی ٢ی ئاداری ١٩٢٦ ڕادەگەیێنێت، تا ئەوکاتەی پەیماننامەی هاوپەیمانێتی بەرکار بێت، حکومەتی بەریتانیا پابەندی ئەو پابەندیانە دەبێت کە لە ئەیلوولی ١٩٢٤دا خستیە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان و بە پێی ئەم پابەندیانە کار دەکات، هەروەها بە تایبەتیش ئاماژەی بەوە کردووە کە بە بێ ڕەزامەندی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان هیچ هەموارکردنەوەیەک بەسەر پەیماننامە نوێیەکدا نایێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنانەی کە پاشکۆی ڕێکەوتنەکەی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ن.

بۆیە بە بۆچوونی من ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ تەواوکردنی بڕیارەکەی

لـە ٢٧ی ئەیلوولـی ١٩٢٧، باشـترە مەرجەکانـی نامەکـەی ٢ی ئـاداری ١٩٢٦ی حکومەتـی بەریتانیـا پەسـەند بـکات، چونکـە پەیماننامـە نوێیەکـە هاوپێچکـراوە و کارایـی بـە بەنـدی ٢٢ی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان دەدات.

هەروەهـا ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان، بـە پێـی پەرەگرافـی ٣ لـە بڕیارەکـەی بـە ڕێکەوتـی ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٥، یاداشـتنامەیەکی لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـاوە بـۆ نێـردراوە کـە تایبەتـە بـە چۆنیەتـی بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق.

چونکـە ئـەم یاداشـتنامەیە لـە ڕوانگـەی پێگـەی حکومەتـی بەریتانیـا وەک هێزێکـی ئینتیـداب خراوەتـەڕوو، بۆیـە پێشـنیاز دەکـەم ئـەم یاداشـتنامەیە بخرێتـە بـەردەم کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب و تێیـدا داوا بـکات کـە کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب چاودێرییەکانـی خـۆی لـەم بـارەوە بخاتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان، ئـەم کارەش لەگـەڵ پەرەگرافـی ٣ی بڕیـاری ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان کـە لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە دەگونجێـت. هەروەهـا لەگـەڵ ئـەو ڕاسـپاردانەی کـە لـە دواییـن ڕاپۆرتـی کۆمیسـیۆنی بەدواداچـوون لـەم بـارەوە هاتـووە دەگونجێـت کـە تایبـەت بـوو بـە دیارکردنـی سـنوورەکانی نێـوان عێـراق و تورکیـا.

بـە بـڕوای مـن ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان دەتوانێـت کۆپییـەک لـە پەرەگرافـی ٤ی بڕیارەکـەی بـە ڕێکەوتـی ١٦ی کانوونـی یەکـەم پێشکەشـی کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب بـکات و داوا لـە کۆمیسـیۆن بـکات لـە کاتـی ئامادەکردنـی ڕاپۆرتـی ساڵانەی خـۆی کـە تایبەتـە بـە عێـراق ڕەچـاوی مەرجەکانـی پەرەگرافەکـە بـکات.

بەم پێیەش من شەرەفمەندمپێشنیازی ئەم بڕیارانەی خوارەوە بکەم:

١. ئەگەر ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان ئەو بڕیارە تەواو بکات کە لە ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٢٧ دەرکردووە، پەسەندی مەرجەکانی ئەو نامەیە دەبێت کە لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە لە ڕێکەوتی ٢ی ئاداری ١٩٢٦، کە تێیدا ئاماژە بە دەقی پەیماننامەی نێوان حکومەتی عێراق و بەریتانیای گەورە کراوە کە لە ڕێکەوتی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦دا واژوو کراوە و مەرجەکانی بەندی ٢٢ی پەیماننامە بەرکار دەکات.

٢. دەقی ڕەسەنی پەیماننامەی ٢ی ئاداری ١٩٢٦، لەلایەن حکومەتی بەریتانیا هاوپێچ لەگەڵ کۆپیەک لە پەیماننامەکە بخرێتە ناو ئەرشیفی کۆمەڵەی گەلان. ڕاستاندن بۆ کۆپییەکانی ئەم بەڵگەنامانە بکات. هەروەها ڕاپۆرتەکانی ئێستا و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ڕێگەی سکرتێری گشتی ئەنجوومەنەکە بخرێتە بەردەم گشت ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان.

٣. ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان یاداشتنامەکەی حکومەتی بەریتانیا بخاتە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کە تایبەتە بە بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکانی عێراق. هەروەها داوا لە کۆمیسیۆن بکات بینینەکانی خۆی لەم بارەوە بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان، چونکە ئەم کارە لەگەڵ پەرەگرافی ٣ی بڕیاری ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان کە لە ١٦ی دیسێمبەری ١٩٢٥دا دەرکردووە دەگونجێت. هەروەها لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانە دەگونجێت کە لە دوایین ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی بەدواداچوون لەم بارەوە هاتووە کە تایبەت بوو بە دیارکردنی سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیا.

٤. ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان دەتوانێت کۆپییەك لە پەرەگرافی ٤ی بڕیارەکەی بە ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەم پێشکەشی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بکات و داوا لە کۆمیسیۆن بکات لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە عێراق ڕەچاوی مەرجەکانی پەرەگرافەکە بکات».

**ئەم بڕیارە ڕەچاو کراوە**

**ژمارە ٣**

ڕاپۆرتێک لەلایەن م. ئایدن لەبارەی بڕیاری ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان لە ڕێکەوتی ١٦ی دێسەمبەری ١٩٢٥، پەیوەست بە پرسی سنوور لە نێوان عێراق و تورکیا، و هەروەها ئەو بڕیارەی لەلایەن ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلانەوە گیراونەتەبەر، بڕیاری بڕاوەن.

جنێڤ ١١ی ئاداری ١٩٢٦.

لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥دا ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا:

١. سنووری نێوان تورکیا و عێراق بە پێی هێڵی برۆکسل دیار دەکرێت.

٢. داوا لـە حکومەتـی بەریتانیـا دەکرێـت پەیماننامـە نوێیەکـەی لەگـەڵ عێراقـدا بخرێتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان، ئەویـش بـە مەبەسـتی دڵنیابـوون لـە بەردەوامیـدان بـە ڕژێمـی ئینتیـداب بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ کـە لـە پەیماننامـەی هاوپەیمانێتـی نێـوان بەریتانیـا و عێـراق ئامـاژەی پێـدراوە، هەروەهـا بـە پێـی پابەندیـی حکومەتـی بەریتانیـا کـە لـە ٢٧ی ئەیلوولـی ١٩٢٤ لەلایـەن ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـەوە پەسـەند کـراوە، تەنیـا لـەو کاتـەدا نەبێـت کـە عێـراق بـە پێـی بەنـدی ١ی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان، پێـش تـەواو بوونـی ئـەم ماوەیـە وەک ئەنـدام لـە کۆمەڵـەی گـەلان وەربگیرێـت›.

٣. لـە مـاوەی شـەش مانـگ لـەم ڕێکەوتـەوە، ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان لـە جێبەجێکردنـی ئـەم بەندانـە ئـاگادار دەکرێتـەوە. ئەنجوومـەن دەتوانێـت بڕیـار بـدات کـە بڕیارەکـەی ئێسـتا، بڕیارێکـی بڕاوەیـە، هەروەهـا دەتوانێـت ئامـاژە بـەو ڕێکارانـە بـدات کـە بـۆ دیارکردنـی سـنوورەکان لەسـەر زەوی پێویسـتن.

٤. حکومەتـی بەریتانیـا وەک هێـزی ئینتیـداب، بانگهێشـتی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان کـراوە، تـا ئـەو ڕێـکارە کارگێڕییانـە لەبـارەی چۆنیەتـی بەڕێوەبردنـی ئـەو ناوچانـەی دانیشـتووانی کـوردن بخاتـەڕوو، تـا ئـەو گەرەنتیانـەی بـۆ پاراسـتنی کـوردەکان گەرەنتی بـکات کـە کۆمیسـیۆنی بەدواداچـوون لـە دواییـن ئەنجامگیریەکەیـدا پێگەیشـتووە «.

٥. داوا لـە حکومەتـی بەریتانیـا دەکرێـت وەک هێـزی ئینتیـداب تـا ئـەو شـوێنەی پێـی بکرێـت بـە پێـی پێشـنیازەکانی دیکـەی کۆمیسـیۆنی بەدواداچـوون کار بـکات کـە بـە گرتنەبـەری ڕێکارەکانـی ئارامکردنـەوە و بـە یەکسـانی پاراسـتنی گشـت نەتـەوەکان پەیوەسـتن، هەروەهـا سـەبارەت بـە گرتنەبـەری ڕێکارەکانـی بازرگانـی کـە لـە ڕاسـپاردە تایبەتەکانـی ڕاپۆرتـی بەداواداچوونـدا ئاماژەیـان پێـدراوە».

حکومەتـی بەریتانیـا بـۆ زانیاریـی ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان، بـە فەرمـی پەیماننامـە نوێیەکـەی بـۆ سـکرتاریەت نـاردووە کـە لـە بەغـدا لـە ڕێکەوتـی ١٣ی کانوونـی

دووەم واژووکـراوە و لـە ١٨ی کانوونـی دووەم لەلایـەن ئەنجوومەنـی نوێنـەران و سـێناتی عێـراق و پەرلەمانـی بەریتانیـا پەسـەندکرا. هـەر یەکسـەر حکومەتـی تورکیـا لەبـارەی پەیماننامـە نوێیەکـە ئـاگادار کرایـەوە و داوای لێکـرا لـەم بـارەوە نوێنەرێـک بـۆ ئـەم دانیشـتنەی ئەنجومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان بنێرێـت. وەڵامـی وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی تورکیـا لـەم بـارەوە خرایـە بـەردەم ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان[(١)]*.

ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان ئەنجامگیرییەکانـی ڕاپۆرتەکـەی منـی سـەبارەت بـە پیادەکردنـی مەرجەکانـی بەنـدی ٢٢ی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان پەسـەند کـرد. لـە ڕووی جێبەجێکردنـی پەیماننامـە نوێیەکـە کـە ئامادەکردنـی یەکەمیـن ڕاپۆرتیـش پشـتی بـە جێبەجێکردنـی پەیماننامەکـە بەسـتووە، ئاشـکرایە پایماننامەکـە پێـش بەسـەرچوونی ماوەکـەی کـە شـەش مانگـە، خرایـە بـەردەم ئەنجوومەنـی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان و دڵنیایـی دەدات بـۆ بـەردەوام بوونـی ڕژێمـی ئینتیـداب بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ، ئەمـەش بـە پێـی ئـەو مەرجانـەی لـە بڕیـاری ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٥ ئەنجوومـەن خراوتـەڕوو.

بۆیـە بـە بـڕوای مـن ئەنجوومـەن دەتوانێـت ڕابگەیێنێـت کـە بڕیارەکـەی ڕێکەوتـی ١٦ی کانوونـی یەکەمـی١٩٢٥، بڕیارێکـی بڕاوەیـە.

---

(١) تەلەگرامی وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا بۆ سکرتێری گشتی:

دوابـەدوای تەلەگرامەکـەی دوێنێـم، مـن شـەڕەفی ئـەوەم هەیـە ئاگادارتـان بکەمـەوە مـن تەلەگرامەکـەی بەڕێزتـم لـە ڕێکەوتـی ٤ی ئـادار خسـتووتە بـەردەم کابینـە، کـە تێیـدا ئێمـەت بانگێشـت کردبـوو لـە ٨ی مانگـی ئەنجوومەنـی گشـتی ئامـادە بیـن. هـەروەک ئامـاژەم پێکـرد تەلەگرامەکـەی بەڕێـزت تـا ئێـوارەی ٦ی مانـگ بـە دەسـتمان نەگەیشـتبوو.

پەیماننامـەی نێـوان حکومەتـی بەریتانیـا و عێـراق هەروەهـا نامەکـەی حکومەتـی بەریتانیـا، کـە بەڕێزتـان لـە بوونـی ئـەم نامەیـە ئێمەتـان ئـاگادار کردبـووە و بـە هەمـان پۆسـتە ڕەوانـە کرابـوو تـا ئێسـتا بـە دەسـتمان نەگەیشـتووە، بۆیـە تـا ئێسـتا ئێمـە ئـاگاداری ناوەڕۆکـی نامەکـە نیـن.

دیارە لەم جۆرە هەڵومەرجەدا بەشداریکردنی حکومەتی کۆماری تورکیا لەم دانیشتنەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ڕووی کردارییەوە نامومکینە. زیاد لەمەش بۆچوونی حکومەتی تورکیا لەبارەی پرسی موسڵ زۆر بە ڕوونی لەلایەن شاندی تورکیا لە جنێڤ لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی ئەنجوومەن خراوەتەڕوو کە لەم کۆبوونەوانەدا تاوتوێی پرسی مووسڵ کرا. ئەگەرچی بە تەواوەتی بڕیار لەسەر ئەم پرسە نەدرا، بەڵام بە کراوەیی جێهێڵرا؛ هیچ هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی چارەسەریەک بۆ ئەم پرسە نەدرا.

د. تەوفیق ڕوشدی.

سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێکارەکانی دەستنیشانکردنی سنووری [نێوان عێراق و تورکیا] لە سەر زەوی، بێگومان ئەنجوومەن خوازیارە ئەم پرسە بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو دوا بخرێت. بەم هۆیەشەوە من ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەخەمەڕوو:

«**ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان** بە ڕەچاوکردنی پەرەگرافی ٢ لە بڕیارەکەی ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

حکومەتی بەریتانیا بانگێشت کراوە پەیماننامە نوێیەکەی لەگەڵ عێراقدا بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان، بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیدان بە ڕژێمی ئینتیداب بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ کە لە پەیماننامەی هاوپەیمانێتی نێوان بەریتانیا و عێراق ئاماژە پێدراوە، هەروەها بە پێی پابەندی حکومەتی بەریتانیا کە لە ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٢٤ لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە پەسەند کراوە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە عێراق بە پێی بەندی ١ی پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان، پێش تەواو بوونی ئەم ماوەیە وەک ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان وەربگیرێت›.

لە ماوەی شەش مانگ لەم ڕێکەوتەوە، ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان لە جێبەجێکردنی ئەم بەندانە ئاگادار دەکرێتەوە. ئەنجوومەن دەتوانێت بڕیار بدات کە بڕیارەکەی ئێستای، بڕیارێکی بڕاوەیە، هەروەها دەتوانێت ئاماژە بەو ڕێکارانە بدات کە بۆ دیارکردنی سنوورەکان لەسەر زەوی پێویستن.

پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە پەیماننامە نوێیەکەی نێوان حکومەتی بەریتانیا و عێراقی کە لە ڕێکەوتی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ لە بەغدا واژوو کراوە، لە ١٨ی کانوونی دووەمی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران و سێناتی عێراق و پەرلەمانی بەریتانیا پەسەندکرا.

ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەم پەیماننامەیە ماوەی جێبەجێکردنی لە بڕیارەکە دیار کراوە، دڵنیایی بەردەوامبوونی ڕژێمی ئینتیداب بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ دەدات ئەویش بە پێی ئەو مەرجانەی لەلایەن ئەنجوومەنەوە دیارکراوە، بەم جۆرەش ڕاییگەیێنێت کە بڕیارەکەی لە ڕێکەوتی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥، بڕیارێکی بڕاوەیە».

**ئەم بڕیارە ڕەچاو کراوە**

نهێنی (ل ١٧٨)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا

٢٣ی ئەپریڵ١٩٣٠

بەڕێز...

مـن شـەرەفمەندمبەڕێزت ئـاگادار بکەمـەوە، لـەو کاتـەی مـن هاتوومەتـە عێـراق زۆر بـە وریاییـەوە ڕەچـاوی ئـەو گلەیـی و گازندانـە دەکـەم کـە لەلایـەن کـوردی عێـراق دەخرێنـەڕوو، کـە ئـەو بەڵێنانـەی سـەبارەت بـە دانـی ئیمتیازاتـی تایبـەت پێیـان دراوە، بـە تەواوەتـی جێبەجـێ نەکـراون.

١. لـە سـەرەتای ئـەم سـاڵەدا مەلیـک فەیسـەڵ بـە منـی گـووت، خوازیـار بـوو بـە تایبـەت لەسـەر ڕاپرسـی کـورد لەگـەڵ مـن گفتوگـۆ بـکات، منیـش بەڵێنـی ئـەوەم پێـدا هـەر کاتێـک توانیـم لەبـارەی ئـەم پرسـە بگەمـە چەنـد ڕاسـتییەك و زانیاریـی تایبـەت لـەم بـارەوە دەسـتەبەر بکـەم، ئێمـە دەتوانیـن پێکـەوە لەسـەر ئـەو هەنگاوانـە گفتوگـۆ بکەیـن کـە حکومەتـی عێـراق بـۆ ڕازیکردنـی کـورد دەتوانێـت بیگرێتەبـەر.

٢. دواتـر لەسـەر داوای مـن سـێر کیناهـن کۆرنوالیـس (Sir Kinahan Cornwallis)، ڕاوێـژکاری وزارەتـی ناوخـۆ، زۆر بـە وردی پێداچوونـەوەی بـەو بەڵێنانـەدا کـرد کـە بـە کـورد دراون، تـا بزانێـت تـا چ ئاسـتێک ئـەم بەڵێنانـە جێبەجێکـراون. دواتـر بـە وردی گلەیـی و گازنـدەی کوردەکانـی لەگـەڵ لێکۆڵەرانـی کارگێڕیـی تایبـەت بـە ناوچـە کوردییـەکان و لەگـەڵ لێکۆڵـەری گشـتی بەریتانـی بـۆ پـەروەردە تاوتـوێ کـرد. ئـەم گفتوگۆیانـە یارمەتـی ڕاوێژکاریانـدا تـا سـەرنجێکی گشـتگیر لەسـەر گشـت بابەتەکـە ئامـادە بـکات و کۆمەڵێـک ڕاسـپاردەی کۆنکرێتـی بخاتـە بـەردەم حکومەتـی عێـراق.

٣. بـۆ بەرچاوڕوونـی بەڕێـزت مـن کۆپییـەک بـە زمانـی ئینگلیـزی لـە سـەرنجەکانی سـیر کیناهـن کۆرنوالیـس کـە بـۆ وەزیـری ناوخـۆ نـاردووە، بۆتـان ڕەوانـە دەکـەم. بـە

بۆچوونی مـن ئـەو زۆر بـە ڕوونـی هـۆکاری گلەیـی و گازنـدەی کـورد و ئـەو ڕێگایانـە دەستنیشـان کـردووە کـە بەهۆیانـەوە ئـەم گلەیـی وگازندانـە نەهێڵرێـن.

٤. مـن سـێر کیناهنـم ئـاگادار کردووتـەوە کـە ڕاسـپاردەکانی پەسـند دەکـەم و دەسـتڕۆیی خـۆم لەسـەر مەلیـک فەیسـەڵ و سـەرۆک وەزیـران بـەکار دێنـم و هانیـان دەدەم کـە حکومەتـی عێـراق هـان بـدەن ئـەم ڕاسـپاردانە جێبەجـێ بکـەن.

٥. یەکـەم بەرهەمـی سـەرنجەکانی کیناهـن بـۆ وەزیرەکـەی بریتییـە لـە یاداشـتنامەیەک، کۆپییـەک لـەم سـەرنجانە وەک دووەمیـن نووسراو لە ٩ی نیسـان لەلایـەن حکومەتەکەی نـوری پاشـا لـە ڕێگـەی چاپەمەنییەکانـەوە بڵاوکرایـەوە. ئـەم بڵاوکراوەیـە کوردەکانـی ڕازی کـرد و لـە زۆر ناوچـەی کوردسـتان سوپاسـی سـەرۆک وەزیـران و منیـان کـردووە.

**بەڕێز...**بەوپــەڕی ڕێــزەوە مــن شــەرەفمەندمملکەچترین و وەفادارتریــن خزمەتــکار بەڕێـزت بـم.

کۆمسیاری باڵا لە عێراق

F. H. Humphrys

The Right Honourable - Lord Passfield, P. C Secretary of State for the Colonies, Dowing Street, London, S. W. 1

کۆپی (ل ١٨٠-١٩٦)

بەڕێز...

لـەم دواییانـەدا مـن بـە هاوڕێیەتـی لێکۆڵـەری ئیداریـی لیواکانـی باکـوور و بـە فەرمانـی مەلیـک خوێندنـەوەم بـۆ بارودۆخـی کـورد کـرد. داوایەکـم بەرزکـردەوە کـە ئایـا ئـەو بانگەشـەیەی کـوردەکان دەیکـەن سـەبارەت بـەو بەڵێنانـەی کـە پێیانـدراوە، گوایـە بـە تەواوەتـی جێبەجـێ نەکـراوە، دروسـتە یـان نـا.

**٢. بەڵێنەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:**

١. بەیاننامەیەکـی فەرمـی لەلایـەن سـێر پرێکسـی کۆکـس لەلایـەن ڕاوێژکارانـی بەریتانیـا لـە کەرتەکانـی مووسـڵ، کەرکـووک و سـلێمانی لـە ڕێکەوتـی ٦ی مـەی ١٩٢١، بـڵاو کرایـەوە.

کۆمسـیاری بـاڵا بـە وردی چاودێـری ئـەو ڕێـکارە کارگێڕییانـە دەکات کـە بـۆ داهاتـووی ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق دادەڕێژرێـن. کـورد بەرانبـەر کۆمسـیاری بـاڵادا نیگەرانییـان دەربڕیـوە کـە لەوانەیـە بەرژەوەنـدی کـورد تووشـی نەهامەتـی ببێـت ئەگـەر بێـت ملکەچـی حکومەتـی نیشـتیمانی بێـت کـە لـە بەغـدا دامـەزراوە، هـەر بـەم هۆیەشـەوە داوای هەرێمێکـی ئۆتۆنۆمـی دەکـەن.

لەهەمانکاتـدا داڕێژەرانـی ڕای گشـتی کـورد، لـەوە تێدەگـەن کـە لـە ڕووی پەیوەنـدی ئابـووری و پیشەسـازییەوە ناوچەکانیـان بـە تەواوەتـی بـە عێراقـەوە گرێـدراوە و ئـاگاداری ئـەو نائاسـودەییەن کـە لەوانەیە بەهـۆی جیابوونەوە بێتـە کایەوە. لەم چەشـنە بارودۆخەدا بەڕێـز [مەلیـک فەیسـەل] خوازیـارە ئەگـەر مومکیـن بێت خواسـتی ڕاسـتەقینەی کۆمەڵانی کـورد بزانێـت. باشـترە ئـەوان لە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی حکومەتـی عێراقدا بمێننـەوە و ئەویش کابینـەی حکومـەت ئـاگادار دەکاتـەوە کە ئـەم ڕێکارانـەی خـوارەوە بگرنەبەر:

**یەکـەم:** سـەبارەت بـەو ناوچـە کوردییانـەی لـە چوارچێـوەی مووسـڵدان و دەکەونـە ژێر دەسـەڵاتی ئینتیدابـی بەریتانیـا، لیوایەکـی نـوێ پێکدێـت کـە هەر یـەک لە قەزاکانـی زاخۆ، ئاکـرێ، دهـۆک و ئامێـدی لـە خۆدەگرێت کە بـارەگا سـەرەکییەکەی لە دهـۆک دەبێت. ئەم

لیوایە لە ژێر دەسەڵاتی یاریدەدەری موتەسەڕیفی بەریتانی دەبێت. لە حاڵی حازردا

قایمقامەکان بەریتانی دەبن، بەڵام هەر کاتێک کوردێکی شیاوی ئەم پۆستە یاخود عەرەبێک کە بە زمانی کوردی قسە بکات و ڕەزامەندی کوردی لەسەر بێت بدۆزرێتەوە، لەم پۆستە دادەنرێت.

ئەم لیوایە نوێیە لە گشت بوارە مادی و دادوەرییەکان ملکەچی حکومەتی نیشتیمانی دەبێت لە بەغدا و نوێنەری لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەبێت، بەڵام بۆ کارە ئیدارییەکان، قایمقامەکان ملکەچی موتەسەڕیفی لیواکە دەبن، بەڵام دامەزراندنی فەرمانبەران لە ڕێگەی کۆمسیاری باڵا و بە ڕاوێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی خۆجێیی دەبێت.

**دووەم:** کۆمسیاری باڵا هەوڵەکانی وەگەڕ دەخات کە ئەفسەرانی بەریتانی لە ئیدارەی هەولێر، کۆیسنجەق و ڕواندز پێکەوە گرێ بدات. هەروەها لە دامەزراندنی فەرمانبەرانی خۆجێیی خواستی دانیشتووان ڕەچاو دەکرێت. هەر کاتێک بارودۆخەکە گونجاو بوو، وردەکارییەکان لەم بارەوە دەخرێنەڕوو.

**سێیەم:** سلێمانی وەک موتەسەڕیفییە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە لەلایەن موتەسەڕیفێکی ئەندامی ئەنجوومەن بەڕێوەدەبرێت. موتەسەڕیف لەلایەن کۆمسیاری باڵاوە دادەمەزرێت و ڕاوێژکارێکی بەریتانی لەگەڵیدا کار دەکات. تا کاتی دامەزراندنی موتەسەڕیف ئەفسەری سیاسی لەبری ئەو کارەکان بەڕێوەدەبات.

موتەسەڕیفی ئەندام لە ئەنجوومەن، کۆمەڵێک دەسەڵاتی دەبێت، بۆ نموونە مافی ئەوەی هەیە داواکاری بخاتە بەردەم کۆمسیاری باڵا و لەلایەن کۆمسیاری باڵاوە داواکارییەکە پەسەند بکرێت. ئەمەش لە دوای ڕاوێژ کردن لەگەڵ موتەسەڕیف لەلایەک و لەگەڵ ئەنجوومەنی دەوڵەت لەلایەکیترەوە.

بۆ ماوەیەک قایمقامەکان بەریتانی دەبن تا ئەوکاتەی کوردێکی شیاو بۆ ئەم پۆستە دەدۆزرێتەوە.

تێبینی: مووسڵ و هەولێر ئەم مەرجانەیان پەسەند کرد، بەڵام سلێمانی ڕەتیکردەوە.

٢. ڕاگەیێندراوی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢:

«حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق دان بـە مافـی ئـەو کوردانـەدا دەنێـن کـە لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی عێراقـدا دەژیـن تـا حکومەتێکـی کـوردی لـە چوارچێـوەی ئەم سـنوورانە بـۆ خۆیان پێکبهێنن، هەروەها هیـوادارن لایەنە جۆراوجۆرەکانی کـورد لـە زووتریـن کاتدا لەسـەر شـێوازی ئـەو حکومەتە و سـنووری ئەم حکومەتـە ڕێکەون و شـاندێکی بەرپرسـیار بـۆ بەغـدا بنێـرن تـا لەسـەر جـۆری پەیوەنـدی ئابـووری و سیاسـی خۆیـان لەگـەڵ حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق گفتوگـۆ بکـەن».

**٣. بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران لە ١١ی تەمووزی ١٩٢٣:**

١. حکومەتـی عێـراق بـە نیـاز نییـە هیـچ فەرمانبەرێکـی عـەرەب لـە ناوچـە کوردییـەکان دابمەزرێنێـت تەنیـا فەرمانبـەری تەکنیکـی نەبێـت.

٢. حکومەتـی عێـراق بـە نیـاز نییـە دانیشـتووانی ناوچـە کوردییـەکان ناچـار بـکات لـە کاروبـاری فەرمیـدا زمانـی عەرەبـی بەکاربهێنـن.

٣. پێویســتە مافــی دانیشــتووان و کۆمەڵــە ئایینــی و مەدەنییەکانــی ناوچــە ئامــاژە پێکــراوەکان، بــە تەواوەتــی پارێــزراو بێــت.

٤. تەلەگرامی سەرۆک وەزیران بۆ موتەسەڕیفی کەرکووک:

ا تکایــە ئەنجوومەنــی کارگێــڕی ئــاگادار بکــەوە کــە پێشــنیازەکانیان پەســەندکراوە و حکومــەت پەســەندی کــردووە کــە دامەزراندنــی فەرمانبــەران لــە خەڵکــی خۆجێیــی بێــت و زمانــی خۆجێیــی وەک زمانــی فەرمــی هەژمــار دەکرێــت.

**ب** ئـاگاداری ئەنجوومەنـی کارگێـڕی بکـەوە و بەڵێنیـان پێبـدە ئـەم مەرجانـەی سـەرەوە بـە شـێوەیەکی فەرمـی جێبەجـێ دەکرێـن.

٥. لێدوانی سەرۆک وەزیران لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦:

«پێویسـتە ئێمـە مافـی کـورد بدەیـن. پێویسـتە فەرمانبەرەکانیـان لـە نێـوان خۆیانـدا

بێـت، پێویسـتە زمانەکەیـان زمانـی فەرمیـان بێـت، هەروەهـا پێویسـتە منداڵەکانیـان بـە زمانـی خۆیـان لـە قوتابخانەکانـدا بخوێنـن. بەرپرسـیارێتی ئێمەیـە مافەکانیـان بدەیـن».

هەروەها نووسراوی ڕێنماییەکانی سەرۆک وەزیران بۆ گشت وەزارەتەکان:

«بەڕێزتان بێگومان ئەو لێداونەتان بینیووە کە سـەرۆک وەزیران لە هەمبەر ئەنجوومەنی نوێنەرانـدا پێشکەشـی کـرد و لـە ڕۆژی دواتـر لـە ڕۆژنامەکانـدا بـڵاو کرایـەوە. ئـەم لێدوانـە ئـەو سیاسـەتە لەخۆدەگرێت کـە حکومەت گرتوویەتەبـەر و لە ئیدارەی ناوچەی کوردسـتان پەیـڕەو دەکرێـت. بـە تایبەتیش دەبێ فەرمانبـەران کورد بن و زمانـی کوردیش زمانی فەرمی بێـت، بۆیـە بەڕێز سـەرۆک وەزیـران منی ڕاسـپاردووە داوا لە بەڕێزتان بکـەم هەوڵ بدەن لە گشـت دامەزراوەکانی سـەر بەم ناوچەیـە ئەم سیاسـەتە جێبەجێ بکەن».

٦. ڕێکارەکانی کۆمەڵەی گەلان:

«پێویسـتە خواسـتی کـورد لەبەرچـاو بگیرێـت، کـە فەرمانبـەری کـورد بـۆ بەڕێوەبردنـی وڵاتەکەیـان دابمەزرێـت، دادپـەروەری بونیـات بنرێـت و زمانـی فەرمـی لـە قوتابخانـە و گشـت کەرتـە خزمەگوزارییەکانـدا کـوردی بێـت».

٣. بـە بۆچوونـی تایبەتـی خـۆم، ئـەو بەڵێنانـە بایەخێکـی زۆریـان هەیـە بریتیـن لـە بەڵێنـی ژمـارە ٣، ٤، ٥ و ٦، چونکـە ئـەم بەڵێنانـە ئامـاژە دەدەن بـە:

ا فەرمانبەران.

ب زمان.

ج بونیاتنانی دادپەروەریی.

د خوێندن و پەروەردە.

ئـەو بەڵێنـەی کە بـە ئەنجوومەنی کارگێڕیی کەرکـووک دراوە، بەڵێنێکی ناشـیاوە، چونکە دانیشـتووانی زۆربـەی ناوچەکـە کـوردن، هەروەهـا قەزاکانـی چەمچەمـاڵ و گل (Gil) بـە تەواوەتـی سـەر بـە سـلێمانی بـوون کـە دوای ئـەم بەڵێنانە خراونەتە سـەر لیـوای کەرکووک. بۆیـە ئەمـە تـا ڕادەیـەک لەگەڵ ئـەو بەڵێنانـە ناکۆکە کـە بە کـورد دراوە.

پێشنیاز دەکەم هەر چوار داواکارییەکە، یەك لەدوای یەك جێبەجێ بکرێن، چونکە ئەو ڕۆحیەتەی حکومەتی عێراق بە نیازە لە داهاتوودا لە ڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ کورد بکات، زۆر گرنگترە لە بە قسە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان. ڕاست بێت یان هەڵە، کورد هەست دەکەن مافەکانی خۆیان دەستەبەر نەکردووە و لە حاڵی حازریشدا، ئەمە گرنگترین ئەرکی حکومەتە کە نیگەرانییەکان بڕەوێنێتەوە و متمانە و دڵنیایی بگەڕێنێتەوە.

من هەوڵمدا ئەوە نیشان بدەم کە دەکرێ لە هەندێك بوار گلەیی لە حکومەتی عێراق بکرێت. ئەمەش نەک لە سیاسەتەکەی، بەڵکو لەو بابەتانەی بایەخی کەمتریان هەیە، بۆ نموونە دامەزراندنی بەشێوەیەکی نادروست و ڕێکخستنێکی هەڵە. بەهەرحاڵ ئەمانە گلەیی بچووکن کە خەڵک بە گەورەیی سەیریان دەکات و دەبێتە هۆی وروژاندنی ناڕەزایەتی و بەرهەڵستکاریی. یەکەمین ئەرکی حکومەت بریتییە لە ڕەچاوکردنی ئەم گلەییانە بە دڵسۆزییەوە و چارەسەرکردنیان.

**٥. فەرمانبەران**

**ژمارەکانی خوارەوە ئەوە نیشان دەدەن کە چ جۆرە فەرمانبەرێک دامەزراوە:**

| | | فەرمی (Gazetted) | نافەرمی(non-Gazetted) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| | | ک، ت، ع، م/ج | ک، ت، ع، م/ج | ک، ت، ع، م/ج |
| ک- کورد | سلێمانی | ١٩، ٨، ١، ٢ | ٩٠، ١٤، ١١، ١٢ | ١٠٩، ٢٢، ١٢، ١٤ |
| ت- تورکمان | هەولێر | ١٨، ٤، ٥، ١ | ٩٥، ٢٣، ٣٤، - | ١١٣، ٢٩، ٣٨، ١ |
| ع- عەرەب | کەرکووک | ١٦، ١١، ١٨، ٢ | ٢٩، ١٠٧، ٤٠، ٦ | ٤٥، ١١٨، ٥٨، ٨ |
| م. مەسیحی | مووسڵ (قەزا کوردییەکان) | ١١، ٣، ١٤، ٤ | ٤٦، ٨، ٤٣، ٣٥ | ٥٧، ١١، ٥٧، ٣٩ |
| ج. جوو | | | | |

٦. ئەگەر بە ڕاشکاوی قسە بکەین، دامەزراندنی ئەم ژمارە زۆرە غەیرە کوردە، بە دڵنیاییەوە شکاندنی بەڵێنەکەیە. بۆ نموونە لە سلێمانی، کە ٩٩٪ دانیشتووانی

کـوردن، پـتر لـە ٣٠٪ فەرمانبەرانـی غەیـرە کـوردن. لـە ناوچەکانـی تـری کوردسـتاندا خـودی ژمـارەکان دەرخـەری دۆخەکـەن.

هــەروەک دەبینیــن ٣٢٤ فەرمانبــەری کــورد، ١٦٥ عــەرەب، ١٨٠ تورکــمان و ٦٢ فەرمانبـەری مەسـیحی و جـوو هـەن. کەواتـە ژمـارەی فەرمانبـەرە غەیـرە کـوردەکان بـە ڕێـژەی ٩٣ فەرمانبـەر زۆرتـرە لـە کـورد.

ئەمانـەش نموونـەی ئاشـکران کـە ڕێنماییەکانـی حکومـەت پشـتگوێ خـراوە، چونکـە هیــچ کەســیکی دیارکــراو دەستنیشــان نەکــراوە بەدواداچــوون بــۆ جێبەجێکردنــی بەڵێنـەکان بـکات. ئـەم پشـتگوێ خسـتنەش هیـچ دەرفەتێکـی ڕەخنەگرتـن بـۆ مـرۆڤ ناهێڵێتـەوە کـە بیەوێـت بـە وردی لێکدانـەوە بـۆ بەڵێنەکانـی حکومـەت بـکات. مـن بـە باشـی دەزانـم ڕۆحـی بەڵێنـەکان هەڵبسـەنگێنم و بـە گشـتی بابەتەکـە زۆر بـە جیـددی وەرناگـرم، چونکـە لـە زۆر نموونـەدا، غەیـرە کـوردەکان یـان کەرکووکیـن کـە لـە لیـوای کەرکـووک خزمـەت دەکـەن، یاخـود دانیشـتووانی کۆنـی ئـەم لیوایـەن و زۆر سـەختە کـە [نەتەوەکەیـان] لـە [نەتـەوەی] کـورد جیـا بکرێنـەوە.

بــە هەرحــاڵ، هەندێــك بــەش (بــە تایبەتیــش، تاپــۆ، گومــرگ و کشــتوکاڵ) زۆر کــەم هەوڵینــاداوە ئــەم بەڵێنانــە جێبەجــێ بکــەن، بۆیــە بێگومــان کــوردەکان هۆکارێکـی ڕاسـتەقینەیان لەبەردەسـتە کـە گلەیـی بکـەن، بـە تایبەتیـش سـەبارەت بــە پۆســتە ناتەکنیکییــەکان. بــە بــڕوای مــن تــا ئێســتا بــە دروســتی مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم پرســەدا نەکــراوە.

کــورد هــەوڵ دەدەن بــە تونــدی دەســت بــەو بەڵێنانــە بگــرن کــە پێیــان دراوە، عـەرەب لـەو ڕێکارانـە بێـزارن کـە لیواکانـی کـورد بـە تەنیـا کـوردەکان بـن (ئەگەرچـی هــەر وەک ژمــارەکان دەخاتــەڕوو ئــەم شــتە وانییــە)، بــەڵام ڕێگــر نیــن لــەوەی فەرمانبـەری کـورد لـە ناوچەکانیـتری وڵاتـدا دابمەزرێـن. باشـترین ڕێگـە بـۆ دامەزراندنـی ئـەو فەرمانبـەرە عەرەبانـەی کـە زمانـی کـوردی دەزانـن لـە لیـوا کوردییـەکان و ئـەو کوردانــەی کــە زمانــی عەرەبــی دەزانــن لــە لیــوا غەیــرە کوردییەکانــدا بریتییــە لــە

تاقیکردنــەوەی زمانەوانــی.

بــەڵام ناتوانرێــت ئــەم کارەش جێبەجــێ بکرێــت، تــا ئەوکاتــەی کــورد لــە سیاســەتی حکومەتــی ناوەنــدی بــە گومــان بــن. بەهەرحــاڵ بــە بــڕوای مــن، دەکرێــت ئــەم کارە ئەنجــام بدرێــت ئەگــەر یاســای زمانــەکان کــە لــە پەرەگرافــی ١١ ئامــاژە پێــدراوە، پەســەند بکرێــت. ئەگەرچــی لــەم کارەشــدا هیــچ پەلەیــەک ناکرێــت و دامەزراندنــی فەرمانبــەران بــە وردییــەوە ئەنجــام نادرێــت.

٧. بابەتــی دامەزراندنــی فەرمانبــەری شــیاو، یەکێــک لــە گرنگتریــن بابەتەکانــە. لەوانەیــە لــە حاڵــی حــازردا، کوردەکانــی لیــوای هەولێــر بــە بــەراورد لەگــەڵ لیــوا کوردییەکانیــتر، نــاڕازی بــن. ببــورن کــە ئــەوە دەڵێــم، بــەڵام مــن بــەو ئەنجامــە گەیشــتووم کــە هــۆکاری ســەرەکی ئەمــە بریتییــە لــەو سیاســتەی کــە مەجیــد بــەگ، موتەســەڕیفی هەولێــر، گرتوویەتەبــەر. ئــەو کەســە فەرمانبەرێکــی شــیاوە، بــەڵام تورکمانــە و هیــچ هاوســۆزییەکی نییــە بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ کــورددا. ئــەو نموونەیەکــی خراپــی بــە فەرمانبەرانیــتر نیشــانداوە و لــە بەڕێوەبەرایەتییەکەیــدا هەســتی دژە کــورد بوونــی هەیــە، ئەمــەش زیانمەنــدە. ئــەو زیاتــر لــە مــاوەی خــۆی لــە هەولێــر خزمەتــی کــردووە و بــە بــڕوای مــن زۆر زەرووره بــە پەلــە ئــەم موتەســەڕیفە لــە ناوچــە کوردییەکانــدا بگوازرێتــەوە. دەبــێ پۆســتی ئــەو کەســە بــە کوردێــک بدرێــت کــە هــەم خەڵــک و هەمیــش حکومــەت بــڕوای پــێ هەبێــت.

٨. پێویســتە کەموکوڕییەکانــی کەرتــی پۆلیــس چارەســەر بکرێــت، چونکــە لــەم کەرتــەدا کێماســی لــە ژمــارەی لێکۆڵــەر و ئەفســەرانی پۆلیــس کــە کــوردن بوونــی هەیــە. ئەنجامــی ئــەو کەموکوڕییــەش بریتــی بــووە لــە دامەزراندنــی ئەفســەری عــەرەب کــە هەندێکیــان کــوردی نازانــن و دەبــێ کارەکانیــان لــە ڕێگــەی وەرگێڕێــک ئەنجــام بــدەن. بــە دڵنیاییــەوە ئەمــەش کارێکــی هەڵەیــە و دەبــێ ئاســانکاری زۆرتــر بــۆ پۆلیــس فەراهــەم بکرێــت تــا ڕاهێنــان بــە کەســانێک بــکات، جــا کــورد بــن یــان عــەرەب، بــەڵام کــوردی بزانــن، تــا بــبن بــە لێکۆڵــەر و ئەفســەری فەرمــی.

٩. بـە بـڕوای مـن ئەگـەر یاریدەدەرێکـی کـورد بـۆ بەڕێوەبـەری گشـتی ئیداریـی لـە وەزارەتـی ناوخـۆ دابمەزرێـت، ئەمـە نەتەنیـا بـۆ خـودی وزارەتەکـە بـە سـوودە، بەڵکـو کوردەکانیـش خۆشـحاڵ دەکات. یەکـەم بەرپرسـیارێتی ئـەم فەرمانبـەرە لـە چوارچێـوەی ئـەو لیـوا کوردییانـەدا دەبێـت کـە دەکەوێتـە ژێـر فەرمانـی بەڕێوەبـەری گشـتی ئیداریـی. ئەگەرچـی ئـەم دامەزراندنـە تێچوونـی زیـادەی دەبێـت، بـەڵام مـن دڵنیـام دەکرێـت ئـەم کارە ئەنجـام بدرێـت، چونکـە ئـەوکات هەسـت دەکـەن کەسـێک لـە وەزارەتـی ناوخـۆدا کار دەکات کـە زانیاریـی تـەواوی لەسـەر لیـوا کوردییـەکان هەیـە.

١٠. کـورد هەسـت بـەوە دەکـەن کـە لـە پایتەختـدا نایەکسـانی لـە نێـوان نوێنەرایەتیکردنی ئـەوان لـە ئارادایـە. هەڵبـەت ئـەم هەسـتە لـە ناوچەکانیتریشـدا بوونـی هەیـە، بـەڵام بـە بـڕوای مـن بـەو هۆیـەوە کـورد لـە ڕووی ژمـارە و سیاسـییەوە گرنگیـان هەیـە، بۆیـە دەبـێ هـەوڵ بدرێـت کـورد ڕازی بکرێـن و کەسـانی شـیاو لـە نێوانیانـدا بدۆزرێتـەوە و بۆشـاییەکە پـڕ بکرێتـەوە.

**زمان و حوکمی دادپەروەرانە**

١١. پرسـی زمـان یەکێـک لـەو پرسـانەیە کـە کـورد زۆر گرنگـی پێـدەدەن. ئـەو بەڵێنـەی لەبـارەی زمانـەوە بـە کـوردەکان دراوە زۆر ڕوونـە و بـە بۆچوونـی مـن نابـێ دەرفـەت لـە دەسـت بـدەن لـە دەربازکردنـی یاسـایەک کـە زمانـی کـوردی بـە زمانـی فەرمـی لـە ئیـدارەی هەولێـر و سـلێمانی و ئـەو قەزایانـەی لیـوای مووسـڵ هەژمـار بـکات کـە زۆرینـەی هـەرە زۆری دانیشـتووانی کـوردن. هەروەهـا ڕاسـتاندن بکرێـت کـە کـوردی لـە لیـوای کەرکووکـدا زمانـی فەرمییـە.

دوای پەسـەندکردنی ئەم یاسـایە، هەر وەک لە سـەرەوە باسـم کردووە، دەکرێت زانیاری لەسـەر زمـان، نەک لەسـەر نەتەوە ببێتە بنەمـای دامەزراندن لە ناوچـە کوردییەکاندا.

١٢. تـا ئێسـتاش، هەندێـك بـەش جێبەجێکردنـی بەڵێنـی زمـان پشـتگوێ دەخـەن، بۆیـە بەسـتێنی سـەرەکی بـۆ گلەیـی و گازنـدەی کـورد بریتییـە لـەو ڕاسـتییەی کـە هیـچ

ئامرازێکی دروست لەبەر دەست نییە بۆ وەرگێڕانی یاساکانی وڵات و زۆرێک لە ڕێکارەکان -ڕێکاری دارایی و ڕێکاریتر- بۆ سەر زمانی کوردی کە بە بەردەوامی پشتی پێ ببەسترێت.

یاسا سادەکانی وەک «یاسای تاوانی بەغدا تا ئێستاش وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە لیوای هەولێر بۆ نموونە، نە تەنیا عەرەبی زمانی دادگاکانە، بەڵکو ڕێکارەکان و حوکمەکانیش بە زمانی عەرەبی تۆمار دەکرێن. نامە، ڕێکار، نووسراو و ڕاگەیێندراوە ئیدارییەکان هەموویان بە زمانی عەرەبی بۆ ناوچە کوردییەکان دەنێردرێن و گوایە بەڕێوبەری تەحریریەت (Mudirs Tahririat) وەریاندەگێڕێتە سەر زمانی کوردی. ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە تێچوونی هەیە، چونکە بۆ وەرگێڕانی هەمان شت ستافێک بۆ هەر چوار لیوا دانراوە. ئەمەش غەدرە لە دانیشتووان دەکرێت، چونکە وەرگێڕانەکە هاوشێوەی یەکتر نابێت. بە دروستی وەرگێرانی بەڵگەنامەی یاساییەکان بابەتێکی هەستیارە و پێویستی بە شارەزایی هەیە.

ئەم بەڵگەنامانە لەلایەن ستافێکی نەشیاو بە دروستی وەرناگێڕدرێن، کە لە حاڵی حازردا لە پۆستی ئیداری کار دەکەن و لەوانەیە زۆر کەیسیش بە وەرنەگێڕدراوی مابنەوە. ئەنجامی ئەم کارەش بریتییە لەوەی ئەو فەرمانبەرانەی زمانی عەرەبی نازانن ناتوانن بە دروستی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و خەڵک لە مافە بنچینەییەکەی خۆی بێ بەش دەکرێت کە بە پێی یاسا بە زمانی خۆیان شتیان بۆ بنووسرێت و حوکمڕانی بکرێن.

بە بۆچوونی من باشترە کە نووسینگەیەکی وەرگێڕانی (official gazette) شیاو دابمەزرێت و سەر بە وەزارەتی [ناوخۆ] بێت تا یاساکان و ئەو بەڵگەنامانەی کە بە بۆچوونی وزارەت گرنگن، لە بڵاوکراوەیەکی فەرمیدا بۆ خەڵک وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. هەروەها پێموایە دەبێ ڕێکارەکان و حوکمەکانی دادگا بە زمانی کوردی تۆمار بکرێن.

**خوێندن**

١٣. کورد گلەیی زۆریان لە سیاسەتی پەروەردەیی حکومەت هەیە. هەندێك لەم گلەییانە لە جێی خۆیانن و هەندێکیشیان زیادەبێژی تێدایە. سەختە بۆ حکومەتێک کە بە دەست نەبوونی داراییەوە دەناڵێنێت هەموو شتێک لە یەککاتدا ئەنجام بدات. لە کەیسی پەروەردەدا شتەکان ئاڵۆزن، چونکە کاتێکی زۆر نییە زمانی کوردی وەک زمانێکی ستانداردکراو بۆ نووسین بەکار دەهێنرێت، بۆیە مامۆستای شیاو لەم بارەیەوە کەمە.

دوو لە گرنگترین کەموکوڕییەکان لەو بارەوە بە بڕوای من بریتین لە: یەکەم، ناتوانرێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هیچ منداڵێکی کورد بە گونجاوی لە لیوا کوردییەکاندا پەروەردە (خوێندەوار) بکرێت، چونکە تەنانەت لەم لیوایانەدا قوتابخانەیەک کە بەتەواوی ناوەندی (full secondary school) بێت بوونی نییە. دووەم: هیچ ناوچەیەکی پەروەردەیی کوردی بوونی نییە، چونکە هەولێر دەکەوێتە سەر ناوچە مووسڵ و کەرکووک و سلێمانیش لەلایەن ئەفسەری پەروەردەیی ناوچە (Area Education Officer, Baghdad) لە بەغدا بەڕێوە دەبردرێت.

بیستوومە ئەو سیاسەتە پەروەردەییەی لەلایەن کاربەدەستانی خۆجێییەوە گیراوەتەبەر لەگەڵ ئەو بەڵێنانە ناگونجێت کە بە کوردەکان دراوە. ئەم قسانە ڕاست بن یان نا، بە بۆچوونی من دەبێ بە زوترین کات ناوچەیەکی پەروەردەیی لە لیواکانی هەولێر، کەرکووک و سلێمانی پێکبهێنرێت و لەلایەن کوردێکی شیاو بەڕێوە ببردرێت. هەروەها بە بڕوای من باشترە لە قوتابخانە ناوەندییەکانی هەولێر و سلێمانی وانەکان بە تەواوەتی بخوێندرێن و ئەگەر بودجە هەبوو قوتابخانەی زۆرتری سەرەتایی بکرێنەوە.

ئەگەر هاتوو ناوچەیەکی خوێندنی کوردی دامەزرا، دەکرێ ئەوکات ڕەخنە لە فەرمانبەرانی کوردی بەرپرسیار بگرین و لە ڕووی ئیدارەدانەوە رووبەڕووی کەموکوڕی کەمتر دەبینەوە، چونکە هەر وەک تێبینیم کردووە زۆربەی کەموکوڕییەکان بە

هـۆی نەبوونـی بودجـەوە بـووە، ئەمـەش لەلایـەن کوردەکانـەوە وەهـا لێکدراوەتـەوە کـە حکومـەت بـە ئەنقەسـت ئـەو بەڵێنانـە جێبەجـێ نـاکات کـە بـە کوردەکانـی داوە.

١٤. بــە بــڕوای مــن گرنگییەکــی زۆر بــە پرســی زمانــی خوێنــدن لــە قوتابخانــە کوردییـەکان دراوە. کـە مافـی کوردەکانـە لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا بـە زمانـی کـوردی بخوێنـن، بـەڵام بـە بۆچوونـی مـن ئەگـەر یاسـای زمـان پەسـەند بکرێـت و کـورد هەسـت بکـەن هیـچ هەوڵدانێـک بـۆ لەناوبردنـی قـەوارەی نەتەوەییـان لـە ئـارادا نییـە، خـودی ئـەوان داوا دەکـەن زمانـی خوێنـدن لـە هەندێـك بابەتـی قـورس لـە قوتابخانـە ناوەندییەکانـدا بـە زمانـی عەرەبـی بێـت.

بـە هێنانـی ئامـرازی گواسـتنەوە و گەیانـدن چیـتر لیـوا کوردییـەکان پەراوێـز نابـن و گەنجانـی کـورد لـەوە تێدەگـەن کـە بـە بـێ زانینـی زمانـی عەرەبـی ناتوانـن پشـکیان لـە ژیانـی نیشـتیمانی هەبێـت. ئەمـە پرسـێکە بـە تێپەڕبوونـی کات، خـۆی چارەسـەر دەبێـت و هەڵەیـە کـە پرسـی نەتەوەیـی تێکـەڵ بـەم بابەتـە بکەیـن.

١٥. دەکرێ ڕاسپاردەکانم بە کورتی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەمەڕوو:

**فەرمانبەران:**

١. هـەر کاتێـك یاسـای زمـان دەربـاز کـرا کـوردی زانیـن، نـەک نەتـەوە ببێتـە بنەمـای دامەزرانـدن.

٢. فەرمــان بــە گشــت بەشــەکان بکرێــت کــە لــە دامەزراندنــدا گرنگــی زۆرتــر بــە دامەزاراندنــی فەرمانبــەری کــورد بدرێــت.

٣. پێویسـتە هـەر یەکسـەر موتەسـەڕیفی هەولێـر بگوازرێتـەوە و کوردێکـی شـیاو لـە جێگـەی دابمەزرێـت.

٤. پێویســتە ئاســانکاریی زۆرتــر بــۆ پۆلیــس دابیــن بکرێــت، تــا بتوانێــت مەشــق و ڕاهێنــان بەژمارەیەکــی زۆرتــر لــە لێکۆڵــەر و ئەفســەری پۆلیســی کــورد بکــەن.

٥. پێویسـتە لـە وەزارەتـی [ناوخـۆ] یاریدەرێکـی کـورد بـۆ بەڕێوەبـەری گشـتی کارگێـڕی دابمەزرێـت.

٦. پێویستە کاربکرێت بۆ دۆزینەوەی کوردی شیاو بۆ دامەزراندنیان لە پۆستە باڵاکانی حکومی لە بەغدا.
**٧. زمان و حکومی دادپەروەرانە**
٨. یاسای زمان پەسەند بکرێت و کوردی لە لیواکانی سلێمانی، هەولێر و قەزاکانی سەر بە لیوای مووسڵ کە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن، ببێت بە زمانی فەرمی. هەروها کوردی لە لیوای کەرکووک ببێت بە یەکێک لە زمانە فەرمییەکان (بڕوانە خاڵی یەکەم لە سەرەوە).
٩. پێویستە لە بەغدا نووسینگەیەکی وەرگێڕان بکرێتەوە.
١٠. پێویستە ڕێکارەکان و حوکمەکان لە دادگاکاندا بە زمانی کوردی تۆمار بکرێن.

**خوێندن**

١١. بۆ مەبەستی خویندن و پەروەردە پێویستە هەولێر، کەرکووک و سلێمانی بخرێنە چوارچێوەی یەک مەنتیقەی (Mantiqa) پەروەردەیی و لە لایەن کوردێکی شیاوەوە بەڕێوە ببردرێت.
١٢. پێویستە خوێندنی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی بە تەواوەتی بێت و بە پێی بودجە ژمارەی قوتابخانەکانی سەرەتایی زیاد بکرێت.
**١٣. ڕاسپاردەی دیکە:**
١٤. پێویستە ڕەچاوی زیادکردنی هێمای کورد لە ئاڵای عێراقدا بکەین، ئەوەش وەک ڕێزگرتنێک لە هەستی کوردەکان.
١٥. هەر وەک بەڕێزتان دەبینن لە ڕاسپاردەکانی مندا، من داواکاریی کوردە ناسیۆنالیستەکانم پشتگوێ خستووە کە لیواکانی کوت و دیالە بخەمە سەر ناوچە کوردییەکان و [ڕێگربوومە] لە هەر جۆرە گوڕانکارییەک کە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەی کوردەکان لە پاشایەتی عێراق. بە بڕوای من ئەم جۆرە داواکارییانە لە بەرژەوەندیی خودی کوردەکان و لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عێراقدا نییە. ڕاسپاردەکانی من کوردە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان ڕازی ناکات و بە دڵنیاییەوە بە لانیکەمەوە داوای بەرفراوانترکردنی ناوچەی پەروەدەیی

کـوردی و دامەزراندنـی لیـوای دهـۆک دەکـەن. دەکرێـت دەرگاکـە کـراوە بێـت بـۆ ئـەم جـۆرە داواکارییـە، بـەڵام بـە بـڕوای مـن دەبێـت ئـەم دەرگایـە دابخرێـت لـە هەمبـەر هـەر شـتێک کـە لـە دژی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق بێـت.

ئـەو شـتەی مـن بـە جیـددی داوای دەکـەم بریتییـە لـە هاوسـۆزی نیشـاندان لەگـەڵ گلەییـە ڕەواکانـی کـورد. مـن بیسـتوومە دەڵێـن هیـچ شـتێک بـە نـاوی پرسـی کـورد بوونـی نییـە. بـە ڕای مـن ئەمـە لـە ڕاسـتییەوە دوورە. کـورد کەللـەڕەق و بەگومانـن. پڕوپاگەنـدەی وەهـاش سـەبارەت بـە کـورد بڵاودەبێتـەوە کـە زیـان لـە کـوردەکان دەدات، بەتایبەتیـش لەلایـەن بەغـداوە.

ئەگـەر ڕێگـە بدرێـت بـە بـێ هیـچ کۆنترۆڵیـک ئـەم جـۆرە پڕوپاگەندەیـە بـەردەوام بێـت و ئەگـەر هیـچ شـتێک بـۆ چارەسـەری گلەیـی کـوردەکان ئەنجـام نەدرێت و هەسـتی متمانـە بەیەکـردن دروسـت نەبێـت، مـن دڵنیـام کێشـە سـەر هەڵـدەدات. نـەك تەنیـا کێشـە دروسـت دەبێـت، بەڵکـو داواکارییەکانـی کـورد زیـاد دەبێـت و دواجـار حکومـەت ناچـارە بـە زەبـری هێـز ڕووبـەڕووی ئـەم داواکارییانـە ببێتـەوە، یاخـود بـە داواکاریگەلێـک ڕازی بێـت کـە هیـچ ئاسـۆیەکی بـۆ سـەقامگیریی وڵات لـە داهاتـوودا نەبێـت.

بـە بـڕوای مـن هەڵەیەکـی گەورەیـە، ئەگـەر حکومـەت تەنیـا بڕوانێتـە جێبەجێکردنـی ئـەم داواکارییانـە لەسـەر کاغـەز. ئامانـج لـەم بەڵێنانـە بریتییـە لـە خزاندنـی کـورد بـۆ نـاو گەلـی عێـراق، هەربۆیـەش [جێبەجێکردنـی] ڕۆحـی ئـەم بەڵێنانـە گرنگـترە لـە بـە زارەکـی جێبەجێکردنیـان. مـن لـەو بڕوایـەدام ئەگـەر حکومـەت بـە مێشـکی کـراوە و بـە هاوسـۆزییەوە لەگـەڵ ئـەم پرسـە مامەڵـە بـکات، دڵنیـام لـە مـاوەی دوو سـاڵی داهاتـوودا دەتوانیـن بناغـەی شـتێکی هەمیشـەیی داربڕێژیـن.

ئـەم کێشـەیە یەکێـک لـە گرنگتریـن و بەپەلەتریـن کێشـەکانە کـە دەبـێ حکومـەت ڕووبـەڕووی ببێتـەوە و هیـوادارم بەڕێـزت ئـەم کێشـەیە بـە زووتریـن کات بخەیتـە بـەردەم کابینـەی حکومـەت.

**ڕاوێژکار**

**پاشکۆکان:**

خستنەڕووی ژمارەی دانیشتوانی قەزا کوردییەکانی مووسڵ و لیواکانی هەولێر، کەرکووک و سلێمانی.

٢. داتای فەرمانبەران بە پێی ڕەچەڵەك.

ئەو فەرمانبەرانەی لە لیواکانی هەولێر، کەرکووک و سلێمانی و قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ دامەزراون

(١) خستنەڕووی ژمارەی فەرمانبەرانی کورد و فەرمانبەری سەر بە نەتەوەکانیتر لە بەشەکان

| بەشەکانی حکومەت | فەرمانبەری فەرمی (gazetted) | فەرمانبەری نافەرمی (non-gazetted) | کۆی گشتی فەرمانبەران |
|---|---|---|---|
| | کورد ئەوانیتر | کورد ئەوانیتر | کورد ئەوانیتر* |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی | ٤٣ ٢٥ | ٦١ ٤٩ | ١٠٤ ٧٤ (٢٤) |
| ٢. کشتوکاڵ | - ٣ | ٤ ١٨ | ٤ ٢١ (١٧) |
| ٣. ئەوقاف | ٤ ٢ | ٣ ٢ | ٧ ٤ (١) |
| ٤. سەرژمێری | - ١ | ٢ ٣ | ٢ ٤ (٢) |
| ٥. گومروک | ٢ ٧ | ٥ ٢٠ | ٧ ٢٧ (١١) |
| ٦. پەروەردە | ١ ٢ | ٧٩ ١٠١ | ٨٠ ١٠٣ (٣١) |
| ٧. دارایی | ١ ٢ | ٥٢ ٣٩ | ٥٣ ٤١ (٩) |
| ٨. تەندروستی | - ٨ | ٦ ١٥ | ٦ ٢٣ (٩) |
| ٩. بەندیخانە | - ١ | - ١ | - ٢ (١) |
| ١٠. دادگاکان | ٩ ٧ | ١٦ ٩ | ٢٥ ١٦ (٦) |
| ١١. پۆلیس | ٣ ٩ | ١١ ٣٦ | ١٤ ٤٥ (٢٧) |
| ١٢. پۆستە و تەلەگراف | ١ - | ٧ ١١ | ٨ ١١ (٦) |
| ١٣. کاری گشتی | - ١ | ٤ ١٧ | ٤ ١٨ (٩) |
| ١٤. ڕووپێوی | - - | - - | - - - |
| ١٥. تاپۆ | - ٥ | ٧ ٧ | ٧ ١٢ (٨) |
| ١٦. ڤێتەرنەری | - ١ | ٣ ٥ | ٣ ٦ (٤) |
| کۆی گشتی | ٦٤ | ٢٥٠ ٣٣٥ | ٣٢٤ ٤٠٧ (١٦٥) |
| | ١٣٨ | ٥٩٣ | ٧٣١ (١٦٥) |

تێبینی: * ژمارەی فەرمانبەرانی عەرەب لە دوای خستنەڕووی دوایین داتا لە نێوان دوو کەوانەدا نیشاندراوە.

* بە پێی ژمارەی ئەم لیستانە، دەبینین لە کۆی ئەو ٧٣١ فەرمانبەرەی لە

لیواکانـی باکـوور دامـەزراون (سـەبارەت بـە مووسـڵ، تەنیـا داتـای ناوچـە کوردییـەکان خراونەتـەڕوو)، ٣٢٤ فەرمانبـەری کـورد و ٤٠٧ فەرمانبـەری غەیـرە کـورد دامـەزراون. تەنانـەت ئەگـەر کەرکووکیـش بخەینـە سـەر، هیشـتاش ١٦٥ فەرمانبـەری عـەرەب لـە باکـوور دامـەزراون. ئەگـەر داتاکانـی لیـوای کەرکـووک ڕەچـاو نەکەیـن، دەبینیـن لـە کـۆی گشـتی ٥٠٢ فەرمانبـەر، کـە لـە ناوچـە کوردییەکانیـتردا دامـەزراون، ٢٧٩ فەرمانبەریـان کـوردن، ١٠٧ عـەرەب، ٦٢ تورکمانـن و ٥٤ فەرمانبـەر، مەسـیحی و جـوو و نەتەوەکانیـترن.

* بەپێـی سـەرژمێری بەشـەکان، دەبینیـن ئـەم بەشـانەی خـوارەوە کەمـتر ڕەچـاوی بەڵێنەکانـی حکومەتیـان کـردووە.

- کشتوکاڵ.
- گومرگ.
- تەندروستی.
- پۆلیس.

**سەرژمێریی نەتەوەیی (racial) لە ناوچە کوردییەکان بە پێی دوایین داتا**

| لیوا | کورد | عەرەب | تورکمان | جوو | مەسیحی | ئێران | ئاشوری | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٨٣،٤٣٠ | ٤،٤٩٢ | ٩،٩٢١ | ٣،٢٢٥ | ٢،٦٨٩ | ٢٨٧ | ٢،٠٩٠ | ١٠٦،١٣٤ | |
| کەرکووک | ٦٧،٧٠٣ | ٢٦،٥٦١ | ٢٨،٧٤١ | ٨،٤٧٢ | ١،٢٢٨ | - | - | ١٣٦،٧٠٥ | |
| مووسڵ (قەزا کوردیەکان) | | | | | | | | | |
| | ناوی قەزا | عەرەب | کورد | ئێزدی | ئاشوری | مەسیحی بە گشت ئایینزاکانەوە | جوو | کۆی گشتی | تێبینی |
| | زاخۆ | ١٩٨ | ١٨٧٣١ | ٥٠٠ | ٣٤٠ | ٥٦١٤ | ١٤٧١ | ٢٦٨٥٤ | - |
| | ئامێدی | - | ٢٠٩١٤ | - | ٣٤١٦ | ٥٨٨٢ | ٧٣٢ | ٢٧٩٤٤ | - |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زێبار | - | ٩٩٠٠ | - | ٨٠٠ | ١٥٠ | ١٠٠ | ١٠٩٥٠ | - |
| | ئاکرێ | - | ١٢٦٧٥ | - | ٤٠٠ | ٧٣٧ | ١٠٠٠ | ١٤٨١٢ | - |
| | دهۆک | ٥٦٤٥ | ١٦٦٤٥ | ١٦٩٢ | ٤٥٣٦ | ٢٣٨٨ | ٨٤٣ | ٣١٧٥٣ | - |
| | | ٥٨٤٧ | ٧٨٨٦٥ | ٢١٩٢ | ٩٤٩٢ | ١١٧٧١ | ٤١٤٦ | ١١٢٣١٣ | |
| سلێمانی | ٩١،٤٢٦ | ٣٧ | - | ١،٣٢٧ | ١٤٨ | - | - | ٩٢،٩٣٨ | |

**کورد بە ڕێژەی سەدی:**

| | |
|---|---|
| لیوای هەولێر | ٧٨.٦ |
| لیوای کەرکووک | ٤٩.٥ |
| لیوای مووسڵ (قەزا کوردییەکان) | ٧٠ |
| لیوای سلێمانی | ٩٩ |

سەبارەت بە بەشەکان، بە بۆچوونی حکومەت باشترە خۆی سەرقاڵی ئەو بابەتانە بکات کە لەگەڵ خواست و ویستی گەل دەگونجێت، لە ناویشدا کۆمەڵێک بابەتی پەیوەست بە دانیشتووانی لیواکانی باکوور. بە پشت بەستن بەم بۆچوونە حکومەت خەریکی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسایەکە بۆئەوەی بیخاتە بەردەم پەرلەمان، تا بە پێی ئەم یاسایە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی ناوچە کوردییەکان.

حکومەت بڕیاری داوە سیاسەتێک بگرێتەبەر کە لەگەڵ ئەو بەڵێنانە بگونجێت کە پێشتر بە کوردەکانی عێراق دراوە.

سلێمانی، ١٣ی ئەپڕێڵ١٩٣٠ (ل١٩٧)

بۆ: بەڕێز نوری پاشا، سەرۆک وەزیرانی عێراق

ئێمە سوپاستان دەکەین کە بۆ دەرکردنی یاسای زمانی کوردی بۆ ناوچە کوردییەکان و بۆ بەخشینی کۆمەڵێک ماف بە کوردەکان فەرمانتان بە حکومەت کردووە.

لە دەربڕینی سپاسەکەماندا، ئێمە هیواداریـن بـە میهرەبانییەوە ئیمتیازی زۆرتر بە کورد ببەخشیت و هیوای سەرکەوتن بۆتان دەخوازین.

**واژووکاران:**

شێخ قادر حەفیدزادە.

عەزمی بەگی بابان.

حەمەی ئاورەحمان ئاغا.

محسدین (Muhsidin) ئاغای ماروف ئاغا.

عزەت بەگی وەسمان پاشا.

ئاوڕەحمان بەگی ئەحمەد پاشا.

شێخ مەحمود غەریب شێخ مارف.

مەجیدی حاجی ڕەسوڵ ئاغا.

برایم ئاغای خەفاف.

عەبدوڵا حەفیدزادە.

حەمە ئاغای حاجی حەسەن ئاغا.

تەوفیق قەزاز.

نووسینگەی موستەعمەرات (ل١٩٨-٢٠٢٠)

بەدەست گەیشتوو: ١٥ی ئایاری ١٩٣٠٠٩

١٢٢. سەبارەت بە داهاتووی کورد لە عێراقدا لە سەرەتای ئەم ساڵەدا، نیگەرانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا وەدەرکەوت (پەرەگرافی ١٣) و لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ئەم نیگەرانییە بەرەو لیواکانی هەولێر و سلێمانی و قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ پەرەیسەند. ئێستا دەتوانین بە بێ زێدەبێژی بڵێین لە گشت شوێنەکانی کوردستاندا پرسیاری ئەوەی لە دوای کۆتایی هاتنی کۆنترۆڵی بەریتانیا بەسەر عێراق چی بەسەر کوردەکان دێت، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و هزری لێ دەکرێتەوە.

لە میانەی مانگی کانوونی دووەم و ئادار، چەندین بەیاننامەی پەرشوبڵاو و ناگرنگ بۆ خستنەڕووی ئەو نیگەرانییە دەرکران. چەندین ئەنجوومەنی کۆن کە بەرەو لە ناوچوون دەچن و چەندین ئەنجوومەنی نوێ، یاخود دووبارە پەیدابووەوە کە لە شەودا هاوشێوەی قارچك چەندین بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوە. نووسراوەکان، زۆر بە خراپی نووسراون و ژمارەیەکی کەمیان دووبارە کۆپی کراونەتەوە و بەسەر کۆمەڵێک بەرپرسی بەریتانی و چەند بەرپرسێکی پلە باڵای عێراق و سیاسەتمەداران لە بەغدا دابەشکراون. ئەگەر وەک پڕۆپاگەندا هەژماریان بکەین ئەم نووسراوانە هیچ بایەخێکیان نییە، بەڵام وەکو نیشانەی دەرکەوتنی کێشە گرنگن. لە بەغدا، مەعرف جیاوک (Mruf Jiauk) نوێنەری هەولێر یەک دوو جار هەوڵیدا لە پەرلەمان پرسی کورد بخاتەڕوو و لە ١٣ی شوباتیدا بە ڕاشکاوی پرسیاری کرد کە ئایا مافی کورد لەو پەیماننامە نوێیەی حکومەتی عێراق لەگەڵ بەریتانیا گرێ دەدات پارێزراو دەبێت (پەرەگرافی ٧١).

هاوکات ڕاپۆرتی گشت لێکۆڵەرە کارگێڕییەکان لە ناوچەکانی کوردستاندا باس لەوە دەکەن کە بێ هیوایی پەرەی سەندووە. لە کۆتایی مانگی ئادار، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ سوودی لە بوونی لێکۆڵەرانی کارگێڕیی لیواکانی هەولێر، کەرکووک و مووسڵ وەرگرت کە لەبەغدا بوون و سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای کورد گفتوگۆی لەگەڵیاندا کرد.

هەمـوو ئـەم لێکۆڵەرانـە هاوڕابـوون کـە دەبـێ حکومەتـی عێـراق کۆمەڵێـک چاکسـازی لـە وەزارەتەکانـی ناوخـۆ و پـەروەردە لـە ناوچـە کوردییەکانـدا ئەنجـام بـدات، ئەویـش هـەم بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانـەی لـە ڕابـردوودا بـە کـورد دراون و هەمیـش بۆ نەهێشـتنی ئـەو بـە هەڵـە تێگەیشـتنەی سـەبارەت بـە داهاتـووی کـورد لـە ئارادیە.

لـە حاڵـی حـازردا، ڕاوێـژکار بـە مۆڵەتـی کۆمسـیاری بـاڵا، ئـەو ڕاسـپاردانە دەخاتـە بـەردەم حکومەتـی عێـراق کـە لـە میانـەی گفتوگۆکـەی لەگـەڵ لێکۆڵەرانـی کارگێڕیـدا پێگەیشـتووە. لـە هەمانکاتـدا لـە چاپەمەنییـە عەرەبییەکانـدا بـاس لـە دەسـتپێکردنی گفتوگـۆکان لەسـەر پەیماننەمەیەکـی نـوێ لـە ١ی نیسـان دەکەنـەوە، بەمـەش ماوەیەکـی زۆر کـەم بـۆ کـوردەکان دەمێنێـت، ئەگـەر بیانەوێـت هانگاوێکـی کاریگـەر بنێـن. لـە ئەنجامـدا پێنـج نوێنـەری کـورد داواکارییەکیـان پێشکەشـی کۆمسـیاری بـاڵا کـرد کـە ئەمـەی خـوارەوە وەرگێڕانـی داواکارییەکەیـە:

«هـەر وەک بەڕێزتـان ئـاگادارن، نەتـەوەی کـورد بـە پشـت بەسـتن بـەو دڵنیاییـەی حکومەتـی بەریتانیـا [ بـە کوردیـداوە] ڕازی بـووە کـە بخرێتـە پاڵ عێـراق. زیـاد لەمەش لەو کاتـەدا کـە کۆمیسـیۆنی کۆمەڵـەی گـەلان بەدواداچوونـی کـرد، ڕێگـە بـە کـوردەکان درا کـە لەگـەڵ عێـراق یـەک بگـرن [یاخـود نـا]. بەهـەر حـاڵ ئـەم ڕازیبوونـە لـە سـەر ئـەو بنەمایە بـوو کـە دابونەریـت و مافـە نەتەوەییەکانمـان پارێـزراو بێـت. کۆمیسـیۆنی کۆمەڵـەی گەلان کـە لـە سـەرەوە ئامـاژە پێـدرا، ئەنجوومەنی کۆمەڵـەی گەلانی ڕاسـپارد کە دەبـێ حکومەتی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق خواسـتی کـوردەکان جێبەجێ بکـەن. ئەنجوومەنـی کۆمەڵەی گـەلان ئـەو ڕاسـپاردانەی پەسـەند کـرد کـە لـە ڕاپۆرتـی کۆمیسـیۆنەکەیدا هاتبوون.

بـەڵام بەداخـەوە تا ئێسـتا، سـەرەڕای داواکردنی بـەردەوام بۆ جێبەجێکردنی ئـەم مافانە، ئـەم مافە پەسـەندکراوانە تا ئێسـتاش جێبەجێ نەکراون. بەم هۆیەشـەوە کـوردەکان لەبارەی داهاتوویـان نیگەرانـن، بـە تایبەتیـش لە حاڵی حـازردا حکومەتی عێراق بە پێـی لێدوانەکەی سـەرۆک وەزیـران خەریکـی گفتوگۆیـە لەگـەڵ حکومەتـی بەریتانیـا لەسـەر پەیماننامەیـەک کـە سـەربەخۆیی تـەواو بـە عێـراق بـدات. کەواتـە، داهاتـوی کـورد لـە سـاڵی ١٩٣٢دا کـە عێـراق دەبێتـە ئەندامـی کۆمەڵەی گـەلان چی بەسـەر دێت؟

هەر بەم هۆیەشەوە ئێمە لە بەڕێزت داواکارین پێش واژووکردنی پەیماننامەکە، بەڕێزت بە پێی ئەو بەڵێنانەی حکومەتی بەریتانیا [بە کوردەکانی بەخشیووە] بێتە ناو بابەتەکەوە، تا ئەو مافە پەسەندکراوانە بە کوردەکان بدرێت، ئەویش لە ڕێگەی دارشتنی یاسایەکی تایبەت و مەودای جوگرافیایی یاساکە. بەم جۆرش، سنوورەکانی ناوچە کوردییەکان دیار دەکرێن.

بە بڕوای ئێمە ئەم جۆرە یاسایە زۆرێک لە بەهەڵە تێگەیشتنەکان لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی عێراق دەسڕێتەوە و پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێز لە نێوانیاندا دروست دەکات.

ئێمە هیوادارین ئەم داواکارییەی پێشکەشی بەڕێزتمان کردووە، بە جدی ڕەچاو و پەسەند بکرێت».

**واژووکاران:**

ئیسماعیل ڕواندزی، نوێنەری هەولێر.

مەحمود جاف، نوێنەری کەرکووک.

حازم شەمزین ئاغا، نوێنەری مووسڵ.

محەمەد ساڵح، نوێنەری سلێمانی.

مارف جیاوک، نوێنەری هەولێر.

ئەم داواکارییە لەلایەن کەسانیترەوە لە پشدەر، جاف، داودە، هەمەوەند، شێخ بزێنی، شوان، قەڵاسێوکە و خێڵە کوردییەکانیتر پەسەند کراوە. هەروەها لەوانەیە داواکاریتر لە گشت پارچەکانی کوردستان خەریکی ئامادەکردن بێت.

لە ٨ی نیسان کۆمسیاری باڵا چاوی بەو نوێنەرانە کەوت کە داواکارییەکەیان واژوو کردبوو. نوێنەرەکان هەمان گلەیی و گازندەی کۆنیان دووبار کردەوە. ترسیان لەوە بوو عەرەبەکان بە نیازن بۆ هەمیشە کوردەکان لە پلەی خواروتر لە دەوڵەتی عێراقدا بهێڵنەوە. ئەوان لەوە بێزار بوون کە بە

پێچەوانــەی ڕاســپاردەکانی کۆمەڵــەی گــەلان ژمــارەی فەرمانبــەری عــەرەب لــە ناوچــە کوردییەکانــدا بــەرز دەبێتــەوە، هەروەهــا نــاڕازی بــوون لــەو سیاســەتە پەروەردەیــەی بــۆ کــوردەکان گیراوەتەبــەر، هەروەهــا لــە هەوڵــە ئاشــکراکان کــە بــە گووتــەی ئــەوان لەلایــەن لێکۆڵەرانــی پەروەردەیــی عــەرەب دەدرێــت بــۆ ســەرکوتکردنی هــەر جــۆرە خســتنەڕوویەکی هەســتی کــوردی لــە قوتابخانەکانــدا.

کۆمسـیاری بـاڵا بـە درێـژی گوێـی لـە نوێنەرەکانـی کـورد گـرت و لـە وەڵامدانـەوەدا گووتـی: بـە بـڕوای ئـەو گرنگتریـن شـت بریتییـە لـە جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانەی بـە کورد دراوە و بـەم نوێنەرانـەی گـووت ئـەوان دەتوانـن پشـت بـە کۆمیسـار ببەسـتن کـە هەرچـی لـە توانایدایـە بـەکار دێنێـت بـۆ ئـەوەی گلەییـە ڕەواکانیـان جێبەجـێ بکرێـت. هەروەهـا گوتـی، ئامانجـی حکومەتـی بەریتانیـا ئەوەیـە کـورد و عـەرەب و گشـت لایەنەکانیـتر لـە پاشـایەتی عێراقـدا لـە گـەڵ یەکـتر و لـە هەماهەنگیـدا بژیـن. هەروەهـا کۆمسـیاری بـاڵا هۆشـداریدایە نوێنـەرەکان کـە خراپتریـن شـت لەوانەیـە لـە دژی بەرژەوەندیـی کـوردەکان بێتـە کایـەوە بریتییـە لـە هەوڵدانـی کـورد بـۆ لەناوبردنـی ئاشـتی و ئارامـی. هەروەهـا کۆمیســار گوتــی باشــترین شــت بــۆ کــورد بریتییــە لــە دان بەخۆداگرتــن و داوای کــرد وەک نوێنـەری خەڵـک، بازنـەی هەڵبژاردنـی خۆیـان لـە ئامۆژگارییەکانـی کۆمسـیاری بـاڵا ئـاگادار بکەنـەوە. ئەوانیـش گوتیـان ئـەم کارە دەکـەن.

یەکەمیــن بەرهەمــی ڕاســپاردەکانی ڕاوێــژکاری وەزارەتــی ناوخــۆ بریتــی بــوو لــە دەرکردنــی ئــەم یاداشــتنامەی خــوارەوە لــە ڕێکەوتــی ٩ی نیســان:

«بـە پشـت بەسـتن بـە سـنووردارێتی کارگێڕیـی، کابینـە بڕیاریـدا بـە وردیـی مامەڵـە لەگــەڵ بابەتــە گرنگەکانــدا بــکات، تــا خواســت و ویســتی گــەل جێبەجــێ بــکات. لــە نێـوان ئـەم بابەتانـەدا کۆمەڵێـک پـرس هـەن کـە کاریگەریـی لەسـەر بەشـێک لـە دانیشــتووانی لیواکانــی باکــووری دروســت کــردووە. بۆیــە بڕیــاردرا، ڕەشنووســی یاســایەک ئامـادە بکرێـت و بخرێتـە بـەردەم دانیشـتنی داهاتـووی پەرلەمـان. ئـەم گەڵاڵەنامەیـە زمانـی کـوردی بـە زمانـی فەرمـی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا هەژمـار دەکات، ئەمـەش بـە پێــی بەنــدی ١٧ لــە یاســای بنچینەیــی. حکومــەت بڕیاریــداوە ڕەفتارێــک بگرێتەبــەر

کـە لەگـەڵ ڕۆحـی ئـەو بەڵێنانـەی بگونجێـت کـە بـە کوردەکانـی عێـراق دراو.

سـەبارەت بـەم ڕاگەیاندنـە لـە بەشـە جۆراوجۆرەکانـی کوردسـتان بـە تەلەگـرام سوپاسـنامەیەکی زۆر بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا و سـەرۆک وەزیرانی عێـراق نێـردراوە. بەتایبەتیش لەلایـەن ئـەو کەسـانەی لـەم دواییـەدا گلەیـی و گازنـدەی خۆیـان نیشـان دابـوو.

نهێنی (٢٠٣)

(D. O. No. S.O. 628)

خانه باوەڕپێکردن

بەغدا ٢٨ی مەی ١٩٣٠

بەڕێز...

مـن چاوپێکەوتنێکـی نێـوان خـۆم و مەلیـک فەیسـەڵم لەبـارەی پرسـی کـورد کـە لـە ٢٠ی مانگـی ئایـار ئەنجامـدراوە هاوپێـچ کـردووە.

واژوو:

H. Humphyrs

Sir John E. Suckburgh, K. C. M. G, C. B

یاداشتی چاوپێکەوتنی مستر هامفریس لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ لە ٢٠ی ئایاری ١٩٣٠ (ل٢٠٤-٢٠٥)

## کوردەکانی عێراق

کۆمسیاری باڵا وەبیر مەلیکی هێنایەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر ئەوان ڕێککەوتن لەسەر پرسی کورد قسە بکەن. لەو کاتەوە کۆمسیاری باڵا دەرفەتی هەبووە لەسەر ئەم پرسە لێکۆڵینەوە بکات و هەر وەک پێشنیازی کردبوو بە زووترین کات گەشتێک بۆ ناوچە کوردییەکان ئەنجام بدات. بە بۆچوونی کۆمیسار، شتێکی باش دەبێت ئەگەر خاوەنشکۆ گرنگی بەم بابەتە بدات. کۆمیسار بەردەام بوو و گووتی بە بڕوای ئەو حکومەت کارێکی باشی کردووە کە ڕاگەیاندنێکی بڵاو کردووتەوە و نیەتی خۆی دەربڕیووە لە دەرکردنی یاسەیەک کە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا بکاتە زمانی فەرمی.

بەڵام بە بڕوای ئەو، ڕاگەیاندنەکەیتری سەرۆک وەزیران سەبارەت بە دامەزراندنی فەرمانبەران لە ناوچە کوردییەکان، هیچ پێویستی نەدەکرد بڵێت دەبێ ئەم فەرمانبەرانە لە نەتەوەی کورد بن، بەڵکو زانینی زمانی کوردیی مەرج با، هەروەها دەکرا ئەم ڕاگەیاندنە بۆ دوای دەرچوونی یاسای زمان دوا بخرێت.

مەلیک فەیسەڵ بە تەواوەتی هاوڕا بوو کە دەبێ حکومەتی عێراق زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا بکاتە زمانی فەرمی، بەڵام نیگەرانی چالاکی چەند ئەنجوومەنێکی سیاسی کوردی بوو، بە بۆچوونی ئەو بوونی ئەم ئەنجوومەنانە لە عێراقدا لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی پەیوەندی عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێران. خاڵی جیاوازی گەورە لە نێوان حکومەتی عێراق و مەندوبی سامی بریتی بوو لەوەی کە بە بڕوای حکومەتی عێراق ئەو پێشنیازە ئارامکەرەوانەی کە لە حاڵی حازردا خراونەتەڕوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کوردەکان ڕازی ناکات، چونکە داواکارییەکانی کورد دوای بەخشینی هەر ئیمتیازێک ڕوو لە زیاد بوون دەکات، تا ئەوکاتەی ئەوان بۆ یەکبوون و سەربەخۆیی دەست بە ململانێ دەکەن، لەوانەیە

ئـەم کارەش ببیتـە هـۆی ئـەوەی عێـراق لەگـەڵ ئێـران و تورکیـا تووشـی شـەڕ بـکات.

لەلایەکیـترەوە، مەندوبـی سـامی لـەو بڕوایەدابـوو کـە دەبـێ چـۆن لـە بەریتانیـای گـەورە مامەڵـە لەگـەڵ سـکۆتلەندییەکان دەکـرێ، بـە هەمـان شـێوەش مامەڵـە لەگـەڵ کـورد بکرێـت، ئەگەرچـی جیـاوازی لـە نێـوان ئـەم دوو نەتەوەیـە تـا ڕادەیـەک زۆرە کـە ناکـرێ ببێتـە نموونـەی ڕێ نیشـاندەری سیاسـی.

کۆمسـیاری بـاڵا گووتـی، بـە تەواوەتـی لـە بەربەسـتەکانی بەراوردکردنـی نێـوان سـکۆتلەندییەکان لـە شانشـی یەکگرتـووی بەریتانیـا و کوردەکانـی عێـراق تێـدەگات، بـەڵام ئەخلاقـی پەیوەنـدی لـە نێـوان بەریتانیـا و سـکۆتلەندییەکان لەسـەر ئـەوە دامـەزراوە کـە بەریتانیـا دان بـەوەدا بنێـت سـکۆتلەندییەکان مافـی پارێـزگاری کـردن لـە شوناسـی نەتەوەیـی و دابونەریتـی خۆیـان هەیـە، ئەمـەش سـکۆتلەندییەکانی لـە بەریتانییـەکان دوورنەخسـتووەتەوە. بۆیـە کۆمسـیاری بـاڵا لـەو بڕوایەدایـە دەکـرێ سیاسـەتێکی هاوشـێوە بـۆ کـورد لـە عێراقـدا بگیرێتەبـەر.

بەهەرحـاڵ خاڵـی سـەرەکی بۆچوونەکانـی کۆمسـیاری بـاڵا ئـەوە بـوو کـە دەبـێ حکومەتـی عێـراق ئـەو بەڵێنانـە جێبەجـێ بـکات کـە بـە کـوردی داوە. ئـەو سیاسـەتەی ڕاگەیێنـدراوە سیاسـەتێکی باشـە، تەنیـا ئـەوە دەمێنێتـەوە کـە جێبەجـێ بکرێـت.

خاوەنشـکۆ مەلیـک فەیسـەل گووتـی، بـە تەواوەتـی لەگـەڵ کۆمسـیاری بـاڵا هاوڕایـە، بـەڵام دووبـارە جەختـی لـەوە کـردەوە کـە چالاکـی ئەنجوومەنـە سیاسـییەکانی کـورد دەبـێ سـەرکووت بکرێـن، چونکـە زیـان لـە عێـراق و لـە خـودی کـوردەکان دەدات.

کۆمسـیاری بـاڵا، خاوەنشـکۆی لـەو هەوڵانـە ئـاگادار کـردەوە کـە لەلایـەن مەندوبـی سـامی و حکومەتـی عێراقـەوە گیراونەتەبـەر، بـۆ ڕێگـری کـردن لـەوەی عێـراق ببێتـە مۆڵگـەی پیلانەکانـی پان-کوردیـزم کـە لـە دژی دراوسـێیە دۆسـتەکانی عێـراق داڕێـژراون، هـاوکات جەختیشـی لـەوە کـردەوە ئەگەرچـی دەبـێ چالاکییـە دوژمنـکارەکان لـە دژی دراوسـێیکانی عێـراق بوەسـتێنرێت، بـەڵام هـاوکات دەبـێ جیـاوازی دابنرێـت لـە نێـوان ئـەو ئەنجوومەنـە سیاسـییانەی ئـەم جـۆرە چالاکییانـە ئەنجـام دەدەن و لـە نێـوان

ئــەو ئەنجوومەنانــەی مەبەســتیان وەدەســتهێنانی بەرژەوەندییــە ڕەواکانــی کــورد لــە چوارچێــوەی دەوڵەتــی عێراقدایــە.

لــە هەمانکاتــدا، گرنگتریــن خاڵــی پراکتیکــی ئەوەیــە، ڕێگــە نەدرێــت کــورد لــەو بەڵێنانــە نائومێــد بــن کــە حکومەتــی عێــراق پێیانیــداوە. دەبــێ لــە زووتریــن کاتــدا ئــەم بەڵێنانــە جێبەجــی بکرێــن، بــە تایبەتیــش یاســای زمــان و دامەزراندنــی ناوچــەی پەروەردەیــی بــە زمانــی کــوردی.

مەلیــک فەیســەڵ هــاوڕا بــوو و گووتــی، هیــواداره کۆمســیاری بــاڵا بــە بەردەوامــی ئــاگاداری بکاتــەوە ئەگــەر حکومەتــی عێــراق لــەو بەڵێنانــە تووشــی شکســت هاتبێــت کــە بــە کــوردی داوە.

(.In)V. H

١٩٣٠/٥/٢٠

کۆپی (ل٢٠٦)

شەخسی و زۆر نهێنی

(D. O. No. S. A, 492)

وزارەتی ناوخۆ، عێراق

بەغدا، ٧ی تەمووزی ١٩٣٠

بەڕێز یۆنگ (Young)

کۆپی هاوپێچکراوی (D. O. No. S. A, 491) لە ڕێکەوتی ٦ی هەمان مانگ، کە من بۆ لێکۆڵەری کارگێڕیی لە لیواکانی باکوور ناردوومە، لەوانەیە سەرنجتان ڕاکێشێت.

جەمیل بەگ ئەم کۆپییەی بینیووە، تەنیا لەگەڵ پەرەگرافی یەکەمی هاوڕا نەبوو. ئەو نایەوێت هاوکار بێت و بە بەردەامی جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەر ئێمە گشت شتەکان بۆ کابینەی [حکومەتی عێراق] بەجێ بهێڵین، گشت شتەکان باش بەڕێوە دەچن. کاتێک کە گوشارمان بۆ هێنا، لەم بارەوە بەرنامەیەک بخاتەڕوو، ئەو تەنیا گوتی، وەک خۆیان مامەڵە لەگەڵ کوردەکاندا دەکەن، بەڵام هەر کەسێک داواکارییەک بخاتەڕوو کە لەگەڵ بنیاتی ئیداری بەرقەرار ناکۆک بێت، دەبێ بەدواداچوونی لەگەڵدا بکرێت.

ئێمە بە جەمیل بەگمان ڕاگەیاند خوازیار نین لەو گۆڕەوە دەست وەربدەین، بەڵام هاوکات ناتوانین دەستەوەستان بوەستین ئەگەر بینیمان کابینە سیاسەتێکی گرتووتەبەر کە بە بڕوای ئێمە دەبێتە هۆی کێشە نانەوە و لە ئەنجامدا داوا لە هێزی بەریتانیا بکەین بێتە ناو بابەتەکەوە.

بە بڕوای من کابینە پێداچوونەوە بۆ سەرتاپای سیاسەتی تایبەت بە کورد دەکات و لەوانەیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەم بارەوە بڕیار بدات. من پێشنیاز دەکەم لە حاڵی حازردا، تا ڕادەیەکی کەم لەم بارەوە هەنگاوبنێت.

خزمەتکارتان

واژوو: K. Cornwallis

Major H. W. Youg, C. M. G., D.S.O

Counsellor to His Excellency the High Commissioner for Iraq, Baghdad

کۆپی (ل٢٠٧-٢١١)

شەخسی و زۆر نهێنی

(D. O. No. S. A, 491)

وزارەتی ناوخۆ،

بەغدا، ٦ی تەمووزی ١٩٣٠

بە بڕوای من بە دڵنیاییەوە، ئەو ڕاستییەی لە پەیماننامە نوێیەکەدا هیچ ئاماژە بە مافەکانی کورد نەدراوە دەبێتە هۆی ڕەخنەگرتن و بەلانیکەمەوە بەرزکردنەوەی مەزبەتە (madhbata) و بەرهەڵستی کردن. من ناتوانم بڵێم بۆچی مافی کورد و کەمینەکانیتر لەم پەیماننامەیەدا ئاماژەی پێنەدراوە، بەڵام بە بۆچوونی تاکەکەسی خۆم و نافەرمیی، حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا دەزانێت کۆمەڵەی گەلان داوا لە حکومەتی عێراق دەکات پێش ئەوەی لەم کۆمەڵەیەدا ببێتە ئەندام کۆمەڵێک دڵنیایی بدات کە مافی کوردەکان بپارێزرێت.

لەبەرئەوەی هیچ مەرجێک لە پەیماننامەکەدا بوونی نییە، بۆیە حکومەتی عێراق ناچارە لە ماوەی دووساڵی داهاتوودا ئەم هەنگاوانە بنێ کە کۆمەڵەی گەلان و زۆرینەی کورد ڕازی بکات. ئەگەر بەڕێزت لەبیرتان بێت، ئەو ڕێکارانەی پێویست بوو بیگرنەبەر بۆ ڕازیکردنی خواستە ڕەواکانی کورد، لە زستانی ڕابردوودا بە دوور و درێژی گفتوگۆی لەسەر کرا و ئەو ڕاسپاردانەی من بۆ حکومەتم دەربڕین بۆچوونی گشتمان بوون (یاداشتنامەکەم بە ژمارە (C.1188) لە ڕێکەوتی ٣ی نیسانی ١٩٣٠). کۆمسیاری باڵا هاوڕا بوو لەسەر ئەم ڕاسپاردانە، بۆیە بە بڕوای من دەبێ ئەم ڕاسپاردانە وەک بۆچوونی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا هەژمار بکرێن سەبارەت بەوەی پێویستە چی بۆ کورد بکرێت.

کابینەی حکومەت بە بڵاوکردنەوەی یاداشتنامەیەک کە تێیدا بەڵێنیداوە بە دەرکردنی یاسای زمان و داڕشتنی سیاسەتێکی گشتی هاوسۆز لەگەڵ خواستی کورد، زۆر بە باشی دەستی پێکردووە، بەڵام لە دوای ئەمە هیچ شتێکی کردەنی ئەنجام

نـەداوە، تەنیـا دەرکردنـی هەندێـك ڕێنمایـی کرچـوکاڵ نەبێـت کـە زانینـی زمـان نـەک نەتـەوە بـە بنەمـای دامەزرانـدن لـە ناوچـە کوردییـەکان هەژمـار دەکرێـت. دامەزراندنـی ناوچــەی پەروەردەیــی بــە زمانــی کــوردی ڕاگیــراوە، ئەویــش بــەو هۆیــەوە ئایــا ئــەم ناوچەیـە دەبـێ لەلایـەن بەڕێوەبـەرەوە بەڕێـوە ببردرێـت یاخـود لەلایـەن لێکۆڵـەرەوە، پێشــنیازی دامەزراندنــی یاریــدەدەری بەڕێوەبــەری گشــتی کارگێڕیــی و کردنــەوەی نووسـینگەی وەرگێـڕان دوای پشـوودانی وزارەتـی دارایـی، لـە حاڵـی حـازردا لەبـەردەم کابینەیـە و هیـوادارم لـە زووتریـن کاتـدا پەسـەند بکرێـت. وادیـارە پرسـی زمانـی کـوردی بـۆ بەکارهێنـان لـە دادگاکانـدا، بـە هەڵپسـێردراوی ماوەتـەوە.

هـەر وەک بەڕێزتـان لـە بیرتانـە، ڕاسـپاردەکانی ئێمـە بریتـی بـوون لـە جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانـەی بـە کـورد دراوە و هەروەهـا بـۆ نەهێشـتنی کۆمەڵێـک گلەیـی و گازنـدەی ڕەوای کـورد بـوو. لـە هەمانکاتـدا، بڕیـاردرا هـەر جـۆرە داواکارییـەک لـە دەرەوەی ئـەم ڕاسـپاردانە بـە تایبەتیـش ئـەو داواکارییانـەی دەبنـە هـۆی جیـا بوونـەوەی لیـوا کوردییەکان لـە دەوڵەتـی عێـراق، پەسـەند ناکرێـن و ڕێگریـان لـێ بکرێـت.

لــە ئێســتادا کابینــە باشــترین دەرفەتــی لەبەردەمــە تــا سیاســەتێک ڕابگەیەنێــت کــە کــوردە میانــڕەوەکان ڕازی بــکات و کــوردە تونــدڕەوەکان دوور بخاتــەوە. ئایــا کابینــە ئــەم کارە دەکات یــان نــا، دەبــێ بوەســتین و چــاوەڕێ بیــن. جێــی سەرســوڕمانە، بــەڵام هەندێـك لـە وەزیـرەکان لـەو بڕوایـەدان ئێمـە سیاسـەتێکی دوو فاقـی پەیـڕەو دەکەیـن و لەسـەر پەیماننامەیـەک ڕێکەوتوویـن کـە دەبێتـە هـۆی بەخشـینی سـەربەخۆیی تـەواو بـە عێـراق، بۆیـەش ئێمـە هەوڵدەدەیـن بـە پاڵپشـتی کـردن لـە کـورد کاریگەرییەکانـی ئــەم پەیماننامەیــە تێــک بدەیــن. بــەم پێیــەش ڕاســپاردەکانی ئێمــە کــە بــە تەواوەتــی لـە بەرژەوەنـدی عێراقدایـە بـە گومانـەوە سـەیر دەکرێـت، بۆیـە لەوانەیـە [حکومەتـی عێـراق] ئـەم ڕاسـپاردانە ڕەت بکاتـەوە، نـەک لەبـەر ئـەوەی ڕاسـپاردەی خراپـن، بەڵکـو بـەو هۆیـەوە کـە لەلایـەن ئێمـەوە داڕێـژراون.

هەروەهـا بەداخـەوە ئـەو زانیارییانـەی سـەبارەت بـە بارودۆخـی لیـوا کوردییـەکان بـە وەزیـرەکان دراوە زۆر لـەو زانیارییانـە جیـاوازە کـە بـە ئێمـە دراوە. بـە بـڕوای ئێمـە بـە

پێچەوانەی گشت هەوڵەکانمان، لیوا کوردییەکان پەیوەندییەکی زۆر سستیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە، بۆیە ئەگەر حکومەتی عێراق سیاسەتێک نەگرێتەبەر کە لەگەڵ کورد هاوسۆز و بەخشندە بێت، مەترسی ئەوە لە ئارادایە ئەم پەیوەندییە لەرزۆکەش نەمێنێت. هەموو ڕاسپاردەکانی ئێمە پشتیان بەم بۆچوونە بەستووە و مەبەست لێی یارمەتیدانی حکومەتی عێراقە بۆ دوورکەوتنەوە لە سەرهەڵدانی نائارامی کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر حکومەت کارێک نەکات ئەم نائارامییە سەر هەڵدەدات.

کەچی حکومەت لەو بڕوایەدایە کە زۆرینەی کورد، وەک زۆربەی عەرەبەکانی عێراق لە حکومەت ڕازین و ئەو شتەی بە جوڵانەوەی کورد ناودەبرێت تایبەتە بە ژمارەیەک خەڵکی سەر گەرم کە زۆربەیان ئەندام پەرلەمانن، هەروەها حکومەت لەو بڕوایەدایە هیچ نائارامییەک لە لیوا کوردییەکاندا دروست نابێت، ئەگەر ئێمە ئەم کارە نەکەین.

ئێوە دەبینن بارودۆخەکە چەند ناسکە، ئەمەش بە هۆی بێ متمانەیی وەزیرەکان دروست بووە. هەر بۆیە پێوستە بەڕێزت زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ موتەسەڕیفەکەت کار بکەیت، ئەمەش هەم بۆ یارمەتیدانی موتەسەڕیف و هەمیش بۆ لەناوبردنی بە هەڵە تێگەیشتن لە ڕەفتارەکەت. لەوانەی پرسی بەرزکردنەوەی مەزبەتە، لە ڕاستییەوە دوور بێت. بە پێی تێگەیشتنی من لە بارودۆخەکە، پێویستە مەزبەتە پێشکەش بکرێ، هەر شتێک کە بەڕێزت بکەیت یان بڵێیت، ئەگەر حکومەتی عێراق هەنگاوی پێویست بۆ دووبارە ڕازی کردنی کوردەکان نەهاوێژێت، کاتێک کە مەزبەتەکان پێشکەش دەکرێن، ئەگەری زۆرە ئێمە بەوە تۆمەتبار بکرێین کە هاندەری ئەم جۆرە کارانەین.

پێویستە بە بەڕێزت بڵێم، هەر وەک جاران هیچ کارێک لەم بارەوە ئەنجام مەدە. من لەم بارەوە جاری پێشتر زۆر بە ڕوونی هەڵوێستی خۆمم بۆ [کوردەکان] خستەڕوو. ئەم مەزبەتانە کۆمەڵێک داوکاریی لەخۆ دەگرن کە جێگەی پەسەندکردن نین و دابەشکردنیان بۆ کۆکردنەوەی واژوو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نائارامی و ئەگەر بێت و ئەم نائارامیەش کۆنترۆڵ نەکرێت، دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی گشتی. ئەگەر کورد داوای ئامۆژگارییان لە تۆ کرد، زۆر بە ڕاشکاوی پێیان بڵێ ئێوە بە خستنەڕووی داواکاری نامومکین بەرژەوەندی کورد تووشی مەترسی دەکەن، هەروەها

دەبێ هەوڵ بدەی کورد پەشیمان بکەیتەوە لە بەرزکردنەوەی مەزبەتەی لەم جۆرە.

لە هەموو حاڵەتەکاندا زۆر باشتر دەبێت ئەگەر کورد گلەییەکانیان ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی حکومەتی عێراق بکەن و دەبێ هانیش بدرێن کە ئەم کارە بکەن. ئەگەر ئەم مەزبەتەیە بخرێتە بەردەم حکومەتی عێراق ئەگەری زۆرترە بە دڵسۆزییەوە گوێیان لێبگیرێت، نەک داوا لە ئێمە بکرێت دەست وەربدەینە بابەتەکە. ئاماژەدان بە پرسی زمان پێش ئەوەی حکومەتی عێراق لەم بارەوە یاسایەك دەر بکات، کارێکی پێشوەختەیە و هیچ کەس ناتوانێت لەم بارەوە کارێک بکات.

من تێبینی دەکەم بارودۆخ لە لیوا کوردییەکاندا بەرەو خراپی بڕوات، ئەگەر ئێمە لە بەغدا لەگەڵ حکومەتی عێراق نەگەینە ڕێککەوتنێکی تەواو، من گشت هەوڵەکانی خۆم لەم بارەوە دەخەمەگەڕ. وەزیری [ناوخۆ] بە منی گوت گشت شتەکان بەرەوە باشی دەچێت ئەگەر ئێمە واز لە کابینەی حکومەت بێنین تا خۆی مامەڵە لەگەڵ کورددا بکات. هەر کاتێک وەزیر گوتی شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئارادایە، ئەوکات من دێمە ناو بابەتەکەوە. شتێکی سروشتییە کابینەی حکومەتی عێراق هاوشێوەی ئێمە نیگەرانی گەیشتن بە چارەسەرییەکی ڕازیکەر بێت. ئامانجی من سێ لایەنی هەیە:

یارمەتیدانی عێراق بۆ بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، ڕازی بوونی کورد، پاراستنی بەرێزت لە هێرشی ناڕەوا کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا کرایە سەرت. ئەگەر حکومەتی عێراق بتوانێت ئەم سێ ئامانجە بە بێ یارمەتی ئێمە دەستەبەر بکات، باشتر.

> من زۆر کەیفم بە دوایین پەرەگراف هات، هۆیەکەشی ئەوەیە من داوات لێدەکەم بزانیت بارودۆخەکە چۆنە، هەمیش بەو هۆیەوە کە ئەم یاداشتنامەیە دەخەمە بەر دەستی وەزیر.

واژوو: K. Cornwallis

Captain W. A. Lyon, O. B. E., Adm. Inspector Mosul

Captain W. C. H. Alban, Adm. Inspector Sulaimani

G. C. Kitching Esqr., O. B. E, , Adm. Inspector Arbil and Kirkuk Liwas

تەلەگرامێک لەلایەن کەسایەتییە ناسراوەکانی سلێمانی بۆ وەزیری موستەعمەرات (٢١٢)

ڕێکەوتی ١٠ی تەمووزی ١٩٣٠

(لە کاتژمێر ١٢:٧ خولەک، لە ١٠ی تەمووزی ١٩٣٠ گەیشتووەتە نووسینگەی موستەعمەرات).

پەیماننامەی نوێی نێوان حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق دان بە جیاوکەکانی کورد دانانێت کە پێشکەشی کۆمسیاری باڵا لە عێراق کرا، تا بیخاتە ناو پەیماننامەکە و جێبەجێیان بکا. داوا لە بەڕێزت دەکەین کە بەرگری لە ئێمە بکەیت و ئەو مافانەی پێماندراون بیانچەسپێنیت و ڕەچاوی داواکارییە نەتەوەییەکانمان بکەیت.

کەسایەتییە ناسراوەکانی سلێمانی:

عەزمی بابان،

عەبدولقادر حەفید حەمە ئاغا

عیزەت وەسمان پاشا.

حەمید ڕەشید پاشا.

شەفیق ڕەشید پاشا.

عەبدولڕەحمان ئەحمەد پاشا.

فایەق بابان.

تەوفیق قەزاز.

تەلەگرامی کەسایەتییە ناسراوەکانی سلێمانی، ناڕەزایی دەربڕین (ل٢١٣-٢١٧)

١٠ی تەمووزی ١٩٣٠

بۆ:

F.O

Admy

W. O

I. O

D. O

Treas

چەمکی ماف و جیاوەکەکان، کە لەم تەلەگرامەدا بەکار هاتووە، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەدانە بە بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لەبارەی سنوورەکانی نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی ١٩٢٦ کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

«داوا دەکرێت حکومەتی بەریتانیا وەک هێزی ئینتیداب، لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانی کوردن ئەو ڕێکارە کارگێڕییانە بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان تا ئەو گەرەنتیانەی بۆ پاراستنی کورد کۆمیسیۆنی بەدواداچوون لە دوایین ئەنجامگیریدا پێگەیشتووە و داوای دەکات، گەرەنتی بکات».

ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆنی سنوور سەبارەت بە دانیشتووانی کورد کە بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان ئاماژەی پێکردووە، بەم جۆرەی خوارەوەیە:

«پێویستە خواستی کورد لەبەرچاو بگیرێت، بۆ نموونە، فەرمانبەری کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان دابمەزرێت، دادپەروەری بونیات بنرێت و زمانی فەرمی لە قوتابخانە و گشت کەرتە خزمەتگوزارییەکاندا کوردی بێت».

لە کاتی خۆی سەرنجی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان خرایە سەر ئەم خاڵە کە ئیدارەی حکومەت، تا ڕادەیەکی زۆر ئەم ڕاسپاردانەی جێبەجی کردووە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نووسراوی (41 of Cmd.2624)، کۆپیەک هاوپێچکراوە).

بەهەرحاڵ، ئاماژەکان سەبارەت بەو دۆسیەیە ئەوە دەخەنەڕوو کە ڕەفتاری حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد ئەو ڕەفتارە نەبووە کە چاوڕوان دەکرا و هەندێك حاڵەتی لادان لەو بەڵێنانە دەبینرێت کە بە کوردەکان دراوە.

چوار لەم دۆسییانە باس لەوە دەکەن کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا نیگەرانییەکی زۆر لە لایەن کورد، لە گشت شوێنێک دەبینرێت بەوەی کە بە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بەریتانیا لە عێراق چی بەسەر داهاتوویان دێت. لەم بارەوە یەک یان دوو جار نیگەرانی دەربڕاوە.

هەروەها بڕوانە یاداشتی هاوپێچکراو لە گفتوگۆیەک لەگەڵ نوری پاشا کە لە ڕێکەوتی ١٥ی تەمووز ئەنجام دراوە و تێدا نیگەرانیەک لە هەمبەر کورد لە عێراقدا دەبینرێت و کۆمەڵێک ڕێکار بۆ ڕازیکردنی کورد گفتوگۆی لەسەر کراوە.

لە پەرەگرافی چواری نووسراوی سێر فرانسیس هامفریسدا، کە کۆپیەک لە پەیماننامەی واژووکراوی هاوپێچ کردووە، ئاماژە بەوە دەدات ئەو ڕێکارانەی بۆ بەخشینی سەربەخۆیی بە عێراق لە پەیماننامە نوێیەکەدا گیراونەتەبەر، بێگومان کورد و کەمینەکانی مەسیحی نیگەران دەکات.

بە بۆچوونی من پێویستە ڕەفتاری ئێمە بریتی بێت لەوەی کە مەبەستی ئەم پەیماننامەیە تەنیا بریتییە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان عێراق و حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا. هەروەها ئەم پەیماننامەیە کارا نابێت تا ئەوکاتەی عێراق دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، ئەوە ئەرکی کۆمەڵەی گەلان دەبێت داوای هەر جۆرە گەرەنتیەک بکات کە بە بڕوای ئەوان مافی کەمینەکانی وەک کورد دەپارێزێت. لەم بارەوە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە یەکێک لەو پابەندییانەی ئێمە پێشنیازی دەکەین پێویستە عێراق ئەوە بخاتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان کە ئامادەیە:

«عێـراق پابەنـد دەبێـت هیـچ هەمووارکردنەوەیـەک بـۆ یاسـای بنچینەیـی ئێسـتای عێـراق ئەنجـام نـەدات، بـە جۆرێـک بێـت کـە ببێتـە هـۆی جیـاوازی دروسـتکردن لـە نێـوان عێراقییەکانـدا بەرانبـەر یاسـا لەسـەر بنەمـای نەتـەوە، ئاییـن یـان زمـان».

هەروەهـا سـەبارەت بـەو پێشـنیازانەی کە لە نووسراوی (S. of. S) لـە ڕێکەوتی ٥ی ئادار خراوتـەڕوو، ئۆرگانـە جۆراوجۆرەکانـی کۆمەڵـەی گـەلان هاوسـۆزی خۆیان بـۆ بەختەوەریی کەمینـە ئایینـی و نەتەوەییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و ناوەڕاسـت دەربڕیـووە، هەروەهـا لـە ڕاپۆرتەکەیـان بـۆ ئەنجوومـەن بـە نـاوی ‹ڕاپۆرتی عێـراق› لە سـاڵی ١٩٢٨دا، کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب پێشـنیازی کـردووە وەک پێـش مەرجێـک بـۆ ئەنـدام بوونـی عێـراق لـە کۆمەڵـەی گەلانـدا، پێویسـتە مافـی کەمینـەکان پارێـزراو بێـت. نووسراوەکە لـە درێژەیدا ئامـاژە بـەوە دەدات کـە بـە بـێ دوو دڵـی داوا لـە حکومەتـی عێـراق دەکرێـت گەرەنتـی هاوشـێوەی ئـەو گەرەنتیانـەی کـە لەسـەرەوە ئامـاژە پێـدراون پێشـکەش بکات.

سـێر ف. هامفریـس، لـە نـووسراوە ئامـاژە پێکراوەکـەدا سـەبارەت بـەم پەیماننامەیـە نوێیـە دەڵێـت، ئـەو پێشـبینی دەکات کـە ئـەم دڵنیاییـە پێویسـتانە بـە بـێ هیـچ گرفتێـک لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە بدرێـت.

ئێمـە لەبـارەی ئـەو کوردانـەی ناویـان لـەم تەلەگرامـەدا هاتـووە هیـچ شـتێک نازانیـن، هـەر بۆیـە باشـترە سـەبارەت بـە پێگەیـان لەگـەڵ سـێر هامفرێـس گفتوگـۆ بکەیـن. لەوانەیـە باشـتر بێـت لـە وەڵامدانەوەیانـدا تەنیـا سوپاسـیان بکەیـن، بـەڵام ئەگـەر سـێر ف. هامفرێـس لـەو بڕوایـەدا بـوو کـە پێگەیـان ئـەوە دەخوازێـت شـتێک زۆرتـر لـە تەنیـا دەربڕینـی سوپاسـێک ئەنجـام بدەیـن، ئـەو کات دەتوانیـن بڵێیـن پەیماننامەکـە تەنیـا بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نێـوان حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیایـە (ئەویـش هـەر کاتێـک کـە پەیماننامەکـە بـڵاو کرایـەوە) و ئـەم پەیماننامەیـە کارا نابێـت تـا ئەوکاتـەی حکومەتـی عێـراق ببێتـە ئەنـدام لـە کۆمەڵـەی گەلانـدا، هەروەهـا ئەگـەر بـە بـڕوای کـورد ئـەم پەیماننامەیـە نیگەرانیـان دەکات، دۆخێـک کـە بـە بۆچوونـی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا وا نییـە، ئـەو کات دەتوانـن لـە ڕێگـەی کەناڵـی شـیاو ناڕەزایەتـی خۆیـان بخەنـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان.

هەڵبـەت دەبـێ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت ئـەم وەڵامـە بداتـەوە، هەروەهـا مـن پێشـنیاز دەکـەم ئـەم وەڵامدانەوەیـە سـەرەتا نیشـانی حکومەتـی عێـراق بدرێـت. ئەمـەش کاریگـەی بـاش (salutary effect) لەسـەر کـوردەکان دروسـت دەکات.

**بەڕێز ویلیامز**

مـن لەگـەڵ سـیر فرانسـیس هامفریـس لـەو بـارەوە گفتوگـۆم کـردووە و تەلەگرامێکـم لەسـەر ئـەو هێڵانـەی کـە لـە گەڵیـدا هـاوڕام بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت نـاردووە. بـە بۆچوونـی ئـەو کارێکـی عاقڵانـە نییـە بـە پێـی پێشـنیازی ‹A›ی یاداشـتەکەی مسـتر بۆیـر (Mr. Bowyer) کاربکەیـن. ئەمـە نـە تەنیـا دەبێتـە هـۆی ڕەنجاندنـی حکومەتـی عێـراق، بەڵکـو دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـورد و کەمینەکانیـتر بەرهەڵسـتی و داواکارییەکانـی خۆیـان لـە ئێسـتاوە تـا سـاڵی ١٩٣٢ بخەنـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان.

ئەمــەش بــە دڵنیاییــەوە دەبێتــە هــۆی ئــەوەی ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان ئامــادە نەبێــت عێــراق وەک ئەندامــی ئــەم کۆمەڵەیــە لــە ســاڵی ١٩٣٢دا وەرگرێــت، ئەمــەش لەلایــەن نەیارەکانــی سیاســەتی ئێمــەوە (بــۆ نموونــە حکومەتەکانــی فەڕەنســا و ئیتاڵیــا) وەک دەرفەتێــك و بیانوویێــک بــەکار دەهێنرێــت تــا وەرگرتنــی عێــراق لــە کۆمەڵــەی گەلانــدا هەڵپەســێرن.

سێر ج. گریندل (G. Grindle) (ل٢١٨)

ژمارەکانی ٨ و ١٧.

لە بارەی ئەم تەلەگرامەوە لەگەڵ سێر هامفریس قسەم کرد و لەسەر ئەو هێڵانەی کە هاوڕای بووم ڕەشنووسی وەڵامەکەم بۆ بەغدا نارد.

مستر هال (Mr. Hall) (ل٢١٩)

لە ڕێکەوتی ١٥ی تەمووزی

٧٨٣١٥/٣٠

دووبارە دارِشتنەوەی تەلەگرامی وەزیری موستەعمەرات بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

(لە کاتژمێر ٩:٣٥ خولەک لە ڕێکەوتی ١٥ی تەمووزی ١٩٣٠ نێردراوە).

ژمارە ٢٦٦.

تایبەت و شەخسی

ئەم پەیامەی خوارەوە لەلایەن هامفریس بۆ یۆنگ نێردراوە.

ئەمڕۆ نوری پاشا پوختەیەک لەو نامەیەی بۆم خوێندەوە کە لەلایەن جەعفەر پاشاوە بۆی نێردرابوو. گلەیی ئەوەی کردبوو کە ئەفسەری خزمەتگوزاریی تایبەت زمانی بێڕێزی بەرانبەر کورد بەکارهێناوە. نوری داوای کردووە تۆ و فەرماندەی ئەفسەری ئاسمانی لەم بارەوە ئاگادار بکرێنەوە. هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە کە پێویستە حکومەتی عێراق ئەو بەڵێنانە بەجێ بگەێنێت کە بە کوردەکانی داوە. کۆتایی.

یاداشــتی گفتوگــۆ لەگــەڵ ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق کــە لــە ڕێکەوتــی ١٥ی تەمــووز لــە نووســینگەی موســتەعمەرات بەڕێــوە چــوو. (ل٢٢٠-٢٢١)

ئامادەبووان:

سێر ف. هامفریس.

مستر ج. ح. هاڵ.

نــوری پاشــا ئەلســەعید نوســەین بــەگ ئەفنــان (Nusain Bey Afnan)، بریــکاری کاروبــاری عێــراق.

**هاندانی کورد**

نـوری پاشـا کۆبوونەوەکـەی دەسـتپێکرد و گوتـی هەندێك پەیامـی نیگەرانکـەر لەلایەن سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق بـە وەکالـەت بـە دەسـتی گەیشـتووە و بـاس لـە دووبـارە سـەرهەڵدانەوەی وروژاندنـی ناسیۆنالیسـتیی لـە نێـوان کوردەکانـی عێـراق دەکات. ئـەو پوختـەی نامەیەکـی خوێنـدەوە کـە لەلایـەن جەعفـەر پاشـاوە بـە دەسـتی گەیشـتبوو و بـاس لـەوە دەکات ئەفسـەری خزمەتگـوزاری تایبـەت سـەر بـە هێـزی ئاسـمانی مەلیکـی ‹R. A. F› هانـی کوردەکانـی داوە داواکاری بـێ ژمـارە بخەنەبـەردەم حکومەتـی عێـراق.

نـوری پاشـا وەبیـر سـێر هامفریسـی هێنایـەوە لـە بەغـدا بـە گەرمـی لەسـەر پرسـی پـەروەردەی تایبـەت و جیاوکـی زمانـی بـۆ ناوچـە کوردییـەکان، گفتوگۆیـان کـردووە. هەروەهــا باســی لــەوەش کــرد لەســەر ئــەو ڕێکارانــە ڕێککەوتــوون کــە لــەم بــارەوە پێویسـتە حکومەتـی عێـراق بگرێتەبـەر. ئـەم ڕێکارانـەش بریتیـن لـە دامەزراندنـی ناوچەی پەروەردەیــی کــوردی و لەلایــەن لێکۆڵەرێکــی پەروەردەیــی کــورد بەڕێــوە دەبرێــت.

کــوردەکان گوشــاریان بــۆ دامەزراندنــی بەڕێوەبەرێکــی پەروەردەیــی هێنــاوە کــە هاوشـێوەی ناوچـەی پەروەردەیـی مووسـڵ بێـت، چونکـە لـەوێ بەڕێوەبـەر کۆمەڵێـک دەسـەڵاتی دارایشـی هەیـە. نـوری پاشـا، لەبـری حکومەتـی عێراقـەوە گوتـی، ئێمـە بڕیارمــان داوە ئــەم داواکارییانــە پەســەند نەکەیــن، زیــاد لەمــەش بڕیارمانــداوە لــە

دەســەڵاتی بەڕێوەبــەری [پەروەردەیــی] مووســڵ کــەم بکەینــەوە و دەســەڵاتەکەی هاوشــێوەی دەســەڵاتی لێکۆڵــەری [ئیــداری] بێــت و دەســەڵاتی دارایــی لێــی وەردەگرینــەوە. بــەم شــێوەیەش دادپــەروەری لــە مامەڵەکردنــدا ڕەچــاو دەکرێــت و کوردەکانیــش هیــچ بیانویەکیــان بــۆ گلەیکــردن نامێنــێ.

نـوری پاشـا لـەو بڕوایـەدا بـوو کـە سێر ک. کۆرنوالیـس و کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالەت، سـەبارت بـە دامەزراندنـی بەڕیوەبەرێکـی کـورد، لەگـەڵ هاندانی کورد هاوسـۆزن.

هەروەهـا گووتـی حکومەتـی عێـراق پابەنـدی ئـەو بەڵێنانـە دەبێـت کـە بـە کـورد دراوە و جێبەجێیــان دەکات و داوای لــە ســێر ف. هامفریــس کــرد ڕێنمایــی بــۆ بەغــدا بنێرێــت کــە ڕێگــەی پێبدرێــت بــە بــێ هیــچ دەســتێوەردانێکی دەرەکــی ئــەو بەڵێنانــە جێبەجــێ بکــەن کــە بــە کوردییــان داوە.

ســێر هامفریــس لــە وەڵامدانــەوەدا گووتــی، ئــەوان ڕێکەوتــوون پلــەی ئەفســەری پەروەردەیــی لــە ناوچــە کوردییــەکان هاوتــای پلــەی لێکۆڵــەر بێــت، هەروەهــا گوتــی پەیامێکــی تایبــەت بــۆ مێجــەر یۆنــگ لــە بەغــدا دەنێرێــت و نــوری پاشــا لەنوێنەرایەتیکردنــەکان ئــاگاداری دەکاتــەوە.

نووسراوێکــی ســەر داخــراو______ لــە «لــە کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــە ڕێکەوتــی ٢٣ی تەمــووزی ١٩٣٠ (ل٢٢٢)

نهێنی و زۆر بە پەلە.

ژمارە ٢٠٧٩.

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران،

بەغدا، ١٧ی تەمووزی ١٩٣٠

بەڕێز مێجەر یۆنگ..

ئــەو بنەمایانــەی لەکۆبوونــەوەی ئەمــڕۆی ئەنجوومەنــی وەزیــران پێــی گەیشــتوون بــۆ بەڕێــزت دەنێــرم. بــە پشــت بەســتن بــە ڕێککەوتــن لەســەر ئــەم بنەمایانــە و بەپێــی ڕاپۆرتــی ڕاوێــژکاری وزارەتــی ناوخــۆ، داوا لــە بەڕێــزت دەکــەم ڕێکەوتێــک دەستنیشــان بکەیــت تــا پێکــەوە و بــە هاوڕێتــی وەزیــری ناوخــۆ و وەزیــری داد، گەشــتێک بــۆ ناوچــە کوردییــەکان ئەنجــام بدەیــن.

خزمەتکارتان

واژوو: جەعفەر ئەلعەسکەری

His Excellency Major H. W. Young, C. M. C., D. S. OHis Britannic Majesty's Acting High Commissioner for Iraq Baghdad

ڕێکارەکانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی تەمووزی ١٩٣٠ گرێدرا. (ل٢٢٣-٢٢٤)

ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی تەمووزی ١٩٣٠ لە کاتژمێر ٩:٣٠ خولەکی سەر لە بەیانی کۆبوونەوەیەکی لە سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەعفەر ئەلپاشا سەرۆک وەزیرانی عێراق بە وەکالەت، وەزیری کاروباری دەرەوە بە وەکالەت و وەزیری بەرگری بەوەکالەت ئەنجامدا.

ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون:

بەڕێز جەمیل بەگ ئەلمەدفەعی، وەزیری ناوخۆ.

بەڕێز عەلی جەودەت بەگ، وەزیری دارایی.

بەڕێز جەمیل بەگ بابان، وەزیری داد.

بەڕێز جەمیل پاشا ئەلڕاوی، وەزیری کار و گەیاندن.

بەڕێز عەبدولحسنی غالب، وەزیری پەروەردە و وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بە وەکالەت.

*******

وەزیری ناوخۆ نامەی ژمارە ١٣١١ بە ڕێکەوتی ٧/٥ی نیسانی ١٩٣٠ خوێندەوە. هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتی ڕاوێژکاری ناوخۆ کە بە ڕەفتاری کوردەکان و ئەو ڕێکارانە پەیوەست بوو کە پێویستە بۆچارەسەری پرسی کورد بگیرێنەبەر، دوای خستنەڕووی بابەتەکە، ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

**ا** پشتگیری کردن لەهەنگاوی وەزیری پەروەردە کە بەشێک لە بودجەی تەرخان کردووە بۆ دامەزراندنی پۆستێک لە ناوچەی لێکۆڵەری پەروەردەیی بۆ (یاخود لە ناو)، لیواکانی سلێمانی و هەولێر و ئەو قەزایانەی لیوای کەرکووک کە کورد زۆرینەی دانیشتووانەکەی پێکدێنن.

**ب** پەسەندکردنی پێشنیازی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ دامەزراندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەری

ناوخـۆ کـە زانیـاری لەسـەر لیواکانی باکـووری هەبێـت، هەروەها لەگـەڵ دوو وەرگێڕ کە سـەر بە یاریدەدەرەکەی بن.

**ج** پەسەندکردنی ئەو ڕێکارانەی وزارەتی ناوخۆ گرتوویەتەبەر بۆ ڕاهێنانی لێکۆڵەری فەرمی پۆلیس و ئەفسەرەکانی پۆلیس کە زانیارییەکی باشیان لە زمانی کوردی هەبێت.

**د** زانینـی زمانـی کـورد ببێتـە بنەمـای دامەزرانـدن نـەک نەتـەوە، ئەویش بە پشـت بەسـتن بـە یاسـای زمان.

**ه** پەسـەندکردنی بنەمایـەک کە دادگاییکردنی کورد لەو ناوچـە کوردییانەی لیواکانی باکوور بـە زمانـی خۆجێـی خۆیان بێت، دەبـێ وزارەتی داد ڕێکاری پێویسـت بـۆ جێبەجێکردنی ئەم بنەمایـە بگرێتەبەر.

**و** پرسـی کردنـەوەی قوتابخانـەی ناوەنـدی و زیادکردنـی قۆناغەکانـی خوێنـدن لـە قوتابخانەکانـی ناوەنـدی لـە هەولێـر و سـلێمانی. هەروەهـا زیادکردنـی ژمـارەی قوتابخانەکانـی سـەرەتایی دەخرێتە بەردەم (یاخود ڕەچـاو دەکرێت لەلایەن؟) بەرنامەی گشـتی خوێنـدن کـە دابەشـکردنی دادپەروەرانـی قوتابخانـەکان لـە سەرتاسـەری عێراقدا لەخۆدەگرێـت (یاخـود بـۆی دابیـن دەکرێـت؟)

**ی** هـەر وەک پێشـتر لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێـراق ڕاگەیێنـدراوە، بوونـی دوو ئەسـتێرە لـە نـاو ئـاڵای عێراقـدا ئاماژەیـە بـۆ دوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد، واتـە دوو نەتـەوە سـەرەکییەکەی عێـراق.

کۆبوونەوەکە لە کاتژمێر ١٢ کۆتایی پێهات.

واژوو: کەریم بافی (Karim Baffi)

بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات (ل٢٢٥-٢٢٦)

بە ڕێکەوتی ١٨ی تەمووزی ١٩٣٠

(لــە کاتژمێــر ١٠:٥٨خولەکــی شــەو لــە ڕێکەوتــی ١٨ی تەمــووزی ١٩٣٠ گەیشــتووەتە نووسینگەی موستەعمەرات).

*******

بەپەلە

ژمارە ٣٣٩

نــووسراوە نهێنییەکــەم بــە ڕێکەوتــی ٢٣ی نیســان. دوێنــێ کابینــەی حکومــەت لــە کۆبوونەویەکــی تایبەتــدا ڕاســپاردەکانی ڕاوێــژکاری وەزارەتــی ناوخــۆی لەســەر پرســی کــورد تاوتوێکــرد و کۆمەڵێــک بڕیــاری دەرکــرد، ئەگەرچــی ئــەم بڕیارانــە بەرەوپێشــچوونێکی باشــن، بــەڵام لــە ڕوانگــەی کۆرنوالیــس و لیۆنێــل ســمیس (Lionel Smith) وەک پێویســت نیــن. بارودۆخــی کــورد بارودۆخێکــی هەســتیارە و ئێســتاش پەیماننامــە بــڵاو کراوەتــەوە و ڕوونــە کــە هیــچ مەرجێــک لــەم پەیماننامەیــەدا پەیوەســت بــە داهاتــووی کــورد بوونــی نییــە، بــە دڵنیاییــەوە کــورد چاوەڕوانــی دڵنیایــی پێشــوەختە لــە حکومەتــی عێــراق دەکــەن.

ئــەو خاڵــە ســەرەکییانەی لــە بڕیارەکانــی حکومەتــدا وەک پێویســت لەبەرچــاو نەگیــراون بریتیــن لــە:

**یەکــەم:** لێکۆڵــەر لەبــری ئەفســەری ناوچەیــی پەروەردەیــی بەرپرســیار دەبێــت لــە بەڕێوەبردنــی ناوچــەی پەروەردەیــی نوێــی کــوردی.

**دووەم:** ڕەتکردنــەوەی کردنــەوەی دوو قوتابخانــەی ناوەندیــی بەتــەواوی لــە هەولێــر و سلێمانی.

ســەرۆک وەزیــران بــە وەکالــەت لــە نووســینەوەی نامەکــەدا داوای لــە مــن کــرد بــە هاوڕێیەتــی وەزیــری ناوخــۆ و وەزیــری داد، لــە کاتــی ڕاگەیاندنــی سیاســەتی حکومەتــی

عێراق گەشتێک بۆ ناوچە کوردییەکان بکەین. هۆکاری پشت ئامادە بوونی من لەو گەشتەدا بریتییە لەوەی کە حکومەتی عێراق و حکومەتی بەریتانیا سیاسەتێکی هاوبەش پەیرەو دەکەن. بە بۆچوونی من ئەم ڕێکارە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ نەهێشتنی ئەو گومانانەی کە لە ئارادایە، بەڵام بە بڕوای من پێویستە حکومەتی خاوەنشکۆ ڕایبگەیەنێت کە ئەم سیاسەتە، سیاسەتێکی باشە و بە بڕوای من ئەم گەشتە ئامانجەکەی ناپێکێت، مەگەر حکومەتی عێراق ئەفسەری ناوچەی پەروەردەیی دابمەزرێنێ و بەلانیکەمەوە دوو قوتابخانەی تەواوی ناوەندی بکاتەوە.

جەعفەر پاشا بە منی گوت کە نوری تەلەگرامێکی بۆ ناردووە و لەبری [دامەزراندنی ئەفسەری پەروەردەیی] جەخت دەکاتەوە کە لیکۆلەر ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بۆیە باشترە پێش وەڵامدانەوە لەگەڵ سێر فرانسی هامفریس و [نوری] لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەیت. بەدیلی ڕادەست کردنی ئەرکی ئەفسەری ناوچەی پەروەردەیی بۆ لێکۆڵەر بە مەبەستی ڕاگرتنی یەکسانی لە مامەڵەکردن بە توندی لەلایەن لێۆنێل سمیس و کۆرنوالیس ڕەتکرایەوە و پێشنیازەکەی من بەوەی کە لە کاتێکدا دەکرێت سەرەتا لێکۆڵەر دابمەزرێت و بنەمای یەکسانی لە مامەڵەکردن پەسەند بکرێت پشتگوێ خرا و گفتوگۆکردن لەسەر ڕێکاری وردی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە، بۆ کاتی گەڕانەوەی نوری بەجێهێڵرا.

ئەمە بابەتێکی زۆر جیددییە، چونکە سلێمانی ڕەتی کردووتەوە کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بێت. تەلەگرام بۆ جنێف نێردراوە و دوای چەند گرفتێک دوو ڕۆژ لەمەوبەر لێکۆڵەری ئیداری لە سلێمانی دەرکرا، کراون پرینس (Crown Prince) بە نهێنی گەشتێکی بۆ کوردستان ئەنجامداوە.

من خۆشحاڵ دەبم کە ڕێنماییم بکەن چ جۆرە هەڵوێستێک بەرانبەر ئەم دوو بڕیارە بگرمەبەر، هەروەها سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی گەشتکردن بۆ کوردستان، تا ئەوکاتەی کە سیاسەتی ڕاگەیێندراو لەگەڵ سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ بگونجێت.

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات (ل ٢٧٧)

لە ڕێکەوتی ٢١ی تەمووز

(لـە کاتژمێـر ٧:٤٥ خولەکـی ئێـوارە لـە ڕێکەوتـی ٢١ی تەمـووزی ١٩٣٠، گەیشـتووەتە نووسینگەی موسـتەعمەرات).

ژمارە ٣٤٣

وەزیــری عێــراق لــە ئەنقــەرە ڕاپۆرتێکــی بــۆ حکومەتەکــەی نــاردووە ئامــاژەی بــەوە کــردووە وەزیــری کاروبــاری دەرەوەی تورکیــا بــە وەکالــەت، لــە دژی ئــەو سیاســەتە ئاشــتیخوازانەی حکومەتــی عێــراق بەرانبــەر کــوردەکان گرتووەتەبــەر زۆر بــە تونــدی نارەزایــی دەربڕیــوە. تەوفیــق ڕوشــدی گوتوویەتــی حکومەتــی عێــراق لــە ژێــر گوشــاری حکومەتــی بەریتانیــا ئــەم جــۆرە سیاســەتەی گرتووتەبــەر و بــە پێــی کۆمەڵێــک هــۆکار کــە ئــەوان نازانــن چییــە هەوڵــی ئــاژاوە نانــەوە لــە نێــوان کوردەکانــی تورکیــا دەدات.

تەوفیـق ڕوشـدی گوتویەتـی هـەر جـۆرە کردەوەیـەک لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە ببێتــە هــۆی وروژاندنــی خواســتە ناسیۆنالیســتییەکانی کــورد، لەلایــەن حکومەتــی تورکیــاوە وەک کردەیەکــی دوژمنکارانــە هەژمــار دەکرێــت.

باشـترە ئـەو گەشـتە ڕەتبکرێتـەوە، هەروەهـا پێشـنیاز دەکـەم بەڕێزتـان ڕایبگەیێنـن کــە حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا هــەر جــۆرە بیرۆکەیەکــی وروژاندنــی ناسـیۆنالیزمی کـوردی کـە ببێتـە هـۆی بێزارکردنـی حکومەتـی عێـراق یـان تورکیـا و ئێــران وەک دوو دەوڵەتــی دراوســێی عێــراق، هیــچ بنەمایەکــی نییــە.

نێــردراوە بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات، تەلەگرامــی ژمــارە ٣٤٣، دووبــارە کراوەتــە بــۆ تەلەگرامــی ئێســتانبۆڵ بــە ژمــارە ٢٩.

چارەسەری پێشنیازکراو بۆ پرسی پەروەردەی کوردی (ل ٢٨٨)

کاتێـک حکومەتـی عێـراق سیاسـەتەکەی بەرانبـەر کـورد ڕادەگەیێنێـت، پێویسـتە بـە ڕاشـکاوی ئـەم بنەمایانـە پەسـەند بـکات:

ا دامەزراندنـی ناوچەیەکـی پەروەردەیـی کوردیـی تایبـەت، لـە ژێـر بەرپرسـیارێتی ئەفسـەرێکی پەروەردەیـی کـە کـورد بێـت.
**ب** دامەزراندنی قوتابخانەی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی.

حکومـەت دەبـێ ڕایبگەیێنێـت لـە ئێسـتادا قەیرانـی قووڵـی دارایـی ڕێگـرە لەبـەردەم حکومـەت تـا بەپەلـە ئـەم بڕیارانـە بخاتـە واری جێبەجێکردنـەوە، بـەڵام هـەر کاتێـک بـاری دارایـی ڕێگەیـدا، بـە زووتریـن کات ئـەم بنەمایانـە جێبەجـێ دەکات.

هەروەهـا ڕایبگەیێنێـت حکومـەت هەوڵەکانـی وەگەڕخسـتووە تا ناوچـەی پەروەردەیی کـوردی دابمەزرێنێـت و بـە شـێوەیەکی کاتـی لەلایـەن لێکۆڵـەری پەروەردەیـی کـە کـوردە بەڕێـوە دەبردرێـت. دواتـر هـەر کاتێـک بـاری دارایـی ڕێگـەی دا جێگـەی ئـەم لێکۆڵـەرە بـە ئەفسـەری ناوچـە پەروەردەیـی دەردرێـت تـا بـەم شـێوەیە حکومەتـی عێـراق بتوانێـت تـەواوی بەرنامەکـەی سـەبارەت بـە پـەروەردە بـە زمانـی کـوردی جێبەجـێ بـکات، ئەمـەش ئـەو بنەمایەیـە کـە حکومـەت ڕەزامەنـدی لەسـەر دەربڕیـوە.

Hall

١٩٣٠/٧/٢١

تەلەگرامێک لەلایەن سەرۆک خێڵەکانی کورد بۆ وەزیری موستەعمەرات (ل ٢٢٩)

(کاتژمێـر ٤:١١ خولەکـی ئێـوارە لـە ڕێکەوتـی ٢٢ی تەمـووزی ١٩٣٠ گەیشـتووەتە دەسـت نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

لـە پەیماننامـە نوێیەکـەی نێـوان حکومەتـی بەریتانیـا و عێـراق، هیـچ ئاماژەیـەک بـە مافـی کـورد نەکـراوە. بـە پێـی ئـەم پەیماننامەیـە کۆتایـی بـە ئینتیـداب دێـت. لێتـان دەپاڕێینـەوە پارێزگاریـمان لێبکـەن. کـورد داوای ئۆتۆنۆمـی خۆجێیـی دەکـەن. تکایـە دڵنیایـی بـە ئێمـەی سـەرۆکەکانی خێڵـی جـاف بـدە.

حوسـێن بـەگ، حەسـەن بـەگ، عەبـدوڵا بـەگ، ئەحمـەد بـەگ، داوود بـەگ، عەلـی بـەگ، شـێخ ڕەشـید، عەبـدوڵا نەوڕۆڵـی. سـەرۆک خێڵەکانـی هەورامـان، مسـتەفا جەعفـەر، سـوڵتان ئەفراسـیاب، ڕۆسـتەم سـوڵتان. سـەرۆک خێڵەکانـی پشـدەر، حەسـەن ئاغـا، حەمـە ئاغـا، ئەمیـن بـەگ، حەسـەن بـەگ، ئەحمـەد هـەوار ئاغـا، ڕەشـید ئاغـا، مسـتەفا بـەگ، سـەعید ئاغـا، حەمـزە ئاغـا، مەحمـود حاجـی، عەبـاس ئاغـا، محەمـەد ئاغـا. سـەرۆک خێڵەکانـی هەمەوەنـد، فەتـاح ئاغـا، سـلێمان ئاغـا، ئەمیـن محەمـەد ئەمیـن ئاغـا.

مستر هاڵ ٧/٢٢ (ل٢٣٠-٢٣١)

سێر ج. گریندڵ (G. Grindle) لە ٢٢ی هەمان مانگ.

٧٨٣١٥/٣٠. عێراق.

دووبارە داڕشتنەوەی تەلەگرامی وەزیری موستەعمەرات بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

(لە کاتژمێر ٩:١٥ خولەکی ئێوارە لە ڕێکەوتی ٢٢ی تەمووزی ١٩٣٠ نێردراوە).

ژمارە ٢٧٤

گرنگ

تەلەگرامەکەت بە ژمارە ٣٣٩ تایبەت بە گلەیی و گازندەی کورد. لە زووترین دەرفەتدا سێر فرانسیس هامفریس لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ و نوری پاشا گفتوگۆ دەکات و ئەوپەڕی توانای خۆی وەگەڕ دەخات تا قەناعەت بە مەلیک فەیسەڵ و نوری پاشا بهێنێت دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕازی بکات ئەو دوو خاڵەی بەڕێزت لە تەلەگرامەکەتدا ئاماژەت پێکردوون بە تەواوەتی پەسەند بکەن.

٢. لە گفتوگۆی سەرەتایی لەگەڵ نوری لە ڕێکەوتی ١٥ی تەمووز، دەرکەوت ئامانجی سەرەکی حکومەتی عێراق لە ڕەتکردنەوەی ئەم دوو خاڵە بریتی بووە لە:

ا لە حاڵی حازردا ژمارەی ئەو قوتابخانانەی لە ناوچە نوێکانی پەروەردەی کوردی بوونیان هەیە وەک پێویست نییە بۆئەوەی ببێتە هۆکاری دامەزراندنی ئەفسەری ناوچەی پەروەردەیی.

**ب** ئەگەر ئێستا ئەو پەیمانە لەجێیانەی بە کورد دراون لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جێبەجێ بکرێن، دەبێتە هۆی بە هەڵە لێکدانەوەی حکومەتی تورکیا ئەویش بە هۆی ئەو بارودۆخەی لە حاڵی حارزدا لە کوردستانی تورکیاوە لە ئارادایە.

٣. نوری پاشا ئاگادارکرایەوە ئەگەر بە ئازادانە و بە خێرایی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نیگەرانی کوردەکانی عێراق دانەمرکێتەوە، دواجار ئەم نیگەرانییە لە

ڕێگــەی بەرهەڵســتیکردن و بەرزکردنــەوەی داواکاری بــۆ بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان دەخەنــەڕوو، لەوانەیــە ئەمــەش ببێتــە هــۆی لەباربردنــی شانســی حکومەتــی عێــراق بــۆ بــوون بــە ئەنــدام لــە کۆمەڵــەی گــەلان لــە ســاڵی ١٩٣٢دا.

دووبــار ســێر فرانســیس هامفریــس هەوڵــدەدات ئــەم بۆچوونە بەســەر مەلیک فەیســەڵ و نــوری پاشــادا بســەپێنێت، بــەڵام لەوانەیــە نەتوانێــت ناچاریــان بــکات کــە ڕاســپاردەکانی کۆرنوالێــس پەســەند بکــەن. بەهەرحــاڵ لەوانەیــە ئــەوان بەپێــی ئــەم هێڵانــەی خــوارەوە چارەســەرەکە پەســەند بکــەن. واتــە کاتێــک حکومەتــی عێــراق سیاســەتەکەی بەرانبــەر کوردەکانــدا ڕاگەیانــد، دەبــێ بــە ڕاشــکاوی ئــەم بنەمایانــە پەســەند بــکات کــە:

ا  دامەزراندنــی ناوچەیەکــی پەروەردەیــی کــوردی تایبــەت، لــە ژێــر بەرپرســیارێتی ئەفســەری ناوچــەی پەروەردەیــی کــە کــورد بێــت.
**ب** دامەزراندنی قوتابخانەی ناوەندیی لە هەولێر و سلێمانی کە هەموو پۆلێکی تێدابێ.

حکومــەت دەبــێ ڕابگەیێنێــت، لــە ئێســتادا بــە هــۆی قەیرانــی قووڵــی دارایــی حکومەت ناتوانێــت بەپەلــە ئــەم بڕیارانــە بخاتــە بــواری جێبەجێکردنــەوە، بــەڵام هــەر کاتێــک بــاری دارایــی ڕێگەیــدا، بــە زووتریــن کات ئــەم بنەمایانــە جێبەجــێ دەکات. هەروەهــا ڕابگەیێنێــت حکومــەت هەوڵەکانــی وەگەڕخســتووە، تــا ناوچــەی پەروەردەیــی کــوردی دابمەزرێنێــت کــە بــە شــێوەیەکی کاتــی لەلایــەن لێکۆڵــەری پەروەردەیــی کــە کــوردە بەڕێوە دەبردرێــت. دواتــر هــەر کاتێــک بــاری دارایــی ڕێگــەی دا جێگــەی ئــەم لێکۆڵــەرە بــە ئەفســەر ناوچــەی پەروەردەیــی دەردرێــت، بــەم شــێوەیەش حکومەتــی عێــراق دەتوانێــت تــەواوی بەرنامەکــەی ســەبارەت بــە پــەروەردە بــە زمانــی کــوردی جێبەجــێ بــکات.

٤. تکایــە دوای گفتوگۆکــردن لەگــەڵ کۆرنوالیــس و ســمیس زۆر بەپەلــە ئــاگادارم بکــەوە کــە ئایــا بــە بــڕوای ئێــوە ڕاگەیاندنــی ئــەم خاڵانــە دەبێتــە هــۆی چارەســەرکردنی بارودۆخەکە.

٥. لەلایــەن کەســایەتییە ناودارەکانــی ســلێمانی و ســەرۆک خێڵەکانــی خێڵــی جــاف، هەورامــان، پشــدەر و هەمەوەنــد، چەنــد تەلەگرامێکــی بەرهەڵســتیکردنی پەیماننامــە نوێیەکــە بەدەســتمان گەیشــتووە.

دووبـارە داڕشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـری موسـتەعمەرات. (ل٢٣٢-٢٣٣)

ڕێکەوتی ٢٣ی تەمووز

(لـە کاتژمێـر ١٠:٤٥ خولەکـی ئێـوارە بـە ڕێکەوتـی ٢٣ تەمـووزی ١٩٣٠ گەیشـتووەتە نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

بەپەلە

ژمارە ٣٤٦.

تەلەگرامەکـەت بـە ژمـارە ٢٧٤ لـە ڕێکەوتـی ٢٢ی تەمـووزی. دوای گفتوگۆکـردن لەگـەڵ کۆرنوالیـس و سـمیس لەگەڵیـان هـاوڕا بـووم کـە پرسـی ئەفسـەری ناوچـەی پەروەردەیـی، دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوە لـە ئاسـتی پێشـنیازی چارەسـەری. کـۆی جیـاوازی دارایـی لـە نێـوان دامەزراندنـی ئەفسـەری ناوچـەی پەروەردەیـی و لێکۆڵـەری پەروەدەیـی لـە ١٢٠ ڕوپیـە لـە مانگێکـدا دەربـاز نـاکات و دەکرێـت بـە هەموارکردنەوەیـەک ئـەم ڕێژەیـەش بـۆ خـووار ٣٠ ڕوپیـە کـەم بکرێتـەوە.

مـن ئـاگادار کراومەتـەوە کـە نـوری، موتەسـەڕیفێکی بـۆ سـلێمانی دەسـت نیشـان کـردووە و هەوڵیـداوە لەبـری زمانـی کـوردی، زمانـی عەرەبـی بکاتـە زمانـی خوێنـدن لـە قۆناغەکانـی کۆتایـی قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا، ئەمـەش چـوار قوتابخانـە لەخـۆ دەگرێـت. ئـەم پێشـنیازە بـە تەواوەتـی ڕەتکراوەتـە. خـۆی لەخـۆدا ئـەم پێشـنیازە نادادپەروەرانـە نییـە، بـەڵام بـە پشـت بەسـتن بـەو ڕاسـتییەی کـە لـەم بارودۆخـەدا ئـەم جـۆرە پێشـنیازە خراوەتـەڕوو، ئـەوە نیشـان دەدات کـە نـوری پاشـا لـە بارودۆخـی ناوچـە کوردییـەکان تێنەگەیشـتووە.

پاسـاوەکەی ئـەو بریتـی بـوو لـەوەی بـە هـۆی ئـەو ژمـارە قوتابخانەیـەی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا هەیـە پێویسـت نـاکات ئەفسـەری پەروەردەیـی دابمەزرێـت. ئەمـەش پاسـاوێکی دروسـت نییـە، بەڵکـو لـە ڕاسـتیدا هۆکارەکـە کەمـی داراییـە. ڕاسـتە لـەم ناوچەیـەدا تەنیـا ٣٠ قوتابخانـە هـەن بـە بـەراورد لەگـەڵ ٧٥ قوتابخانـە

لـە مووسـڵ، ١١٦ قوتابخانـە لـە بەغـدا و ٧٣ قوتابخانـە لـە بەسـڕا، بـەڵام دووره دەسـتی ئـەم ناوچەیـە و دەستنەگەیشـتن بـە ئامرازەکانـی گواسـتنەوە و گەیانـدن، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کۆنترۆڵکردنـی ئـەو ناوچەیـە لـە نووسـینگەی سـەرەکییەوە زۆر سـەختتر بێـت.

هەروەهــا ســمیس بــە بەردەوامــی بــاس لــەوە دەکات کــە بــۆ ئەنجامدانــی بـەراوردکاری پێویسـتە قوتابخانەکانـی ناوچـە کوردییـەکان دوو بەرامبـەر بکرێـن. تکایـە بڕوانـە تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٣٤٣، کـە تێـدا ئامـاژە بـە ئەگـەری بەرپەرچدانـەوەی حکومەتــی تورکیــا دەکات.

ڕێکارەکانــی هەڵبــژاردن بــۆ ماوەیەکــی کاتــی لــە ســلێمانی ڕاگیــراوە. هەروەهــا لـە زووتریـن کاتـدا مـن و جەعفـەر بتوانیـن سـەردانی [ناوچـە کوردییـەکان بکەیـن] باشـترە، بـەڵام ئـەو شـتەی سـێ مانـگ لەمەوبـەر کوردەکانـی ڕازی دەکـرد، ئەسـتەمە بتوانــێ ئــەم جــارە ڕازییــان بکاتــەوە.

هەروەهـا زۆر بـە تونـدی پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکـەم پێویسـتە گوشـار بخرێتەسـەر مەلیـک فەیسـەڵ و نـوری پاشـا تـا بـە تەواوەتـی ئـەو پێشـنیازانەی لەلایـەن کۆرنوالیسـەوە خراونەتـەڕوو پەسـەند بکـەن و بـە زووتریـن کات جێبەجێیـان بکـەن.

کۆپی (ل٢٣٤-٢٣٥)

سلێمانی، باشووری کوردستان

لە ڕێگەی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

بۆ:

سکرتێری کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، سویسڕا.

سێر لەگەڵ ڕێزدا...

بۆ ئەوەی برایەتی نێوان کورد و عەرەب بە باشی و بەردەوامی بمێنێتەوە، کوردەکان بە بەردەوامی و لەو کاتەوە کە ڕازیبوونە لەگەڵ عێراقدا بژین، داوایان کردووە مافە نەتەوەییەکانیان بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، مافگەلێک کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە پەسەند کراوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئەم مافانە بۆ کوردەکان دابین نەکراوە.

سەبارەت بە پەیماننامە نوێیەکەی [نێوان عێراق و بەریتانیا] ئێمە داوای ڕژێمێکی ئۆتۆنۆمیمان کردووە کە لە عەرەبەکان [جیا بین] بەداخەوە وەها دەردەکەوێت کە فەرمانبەرانی جێبەجێکار و ئیداریی ناوچە کوردییەکان، کە زۆرینەیان عەرەبن، گوشارییان خستووەتە سەر کورد و دەیانترسێنن تا واز لە مافە ڕەواکانیان بهێنن. بەڕەچاوکردنی ڕەفتاری کاربەدەستانی حکومەتی عێراق لە کاتێکدا کە هێشتا ئینتیداب لەسەر عێراق ماوەتەوە، ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئیدارەی ئێستا زۆر لەوەی تورکەکان خراپتر دەبێت ئەگەر هاتوو ئینتیداب کۆتایی پێهات. ڕەفتاری کاربەدەستانی عەرەب بە هیچ شێوەیەک باشتر نییە لە کردەوەی تورکەکان لە ئێستا و لە ڕابردوودا کە دژی کورد ئەنجامیان داوە، هەر ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دوژمنکاریی و جیابوونەوەی یەکجارێکی کورد.

لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، بڕیاری دوایی و بڕاوەی کورد بریتییە لە داواکردن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان.

داوات لێ دەکەین لە بیرۆکە ڕەواکەمان تێبگەیت و پشتگیریی لێبکەیت.

واژووکاران: عەزمـی بـەگ بابـان، حەمـە ئاغـا ئاوڕەحـمان ئاغـا، شـێخ قـادر حەفیـد، عـزەت بەگـی وەسـمان پاشـا، حەمـە سـاڵح بـەگ، فایـق بەگـی بابـان، عەبدولرەحـمان ئاغـای ئەحمـەد پاشـا، مەجیـد ئەفەنـدی حاجـی ڕەسـول ئاغـا، ڕەمـزی ئێـف. میـرزا تەوفیـق قـەزاز.

ڕەشنووس (ل٢٣٧-٢٣٦)

بۆ:

عەزمی بەگی بابان و واژووکارانیتر، سلێمانی.

بەڕێز،

مـن ڕاسـپێردراوم ئاگادارتـان بکەمـەوە، ئـەو داواکارییـەی لەلایـەن بەڕێـزت ئاڕاسـتەی سـکرتێری گشـتی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان کـراوە، خراوەتـە بـەردەم حکومەتـی عێـراق. هەروەهـا ئـەم داواکارییـە لەگـەڵ نامەکەتـان لـە ڕێکەوتـی ٣ی ئـاب بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت نێـردراوە، تـا بەپەلـە تێبینییەکانـی خـۆی لـە کاتـی گەڕانـەوەی لـە بەغـدا بخاتـەڕوو، هەروەهـا داواکارییەکـە لـە ڕێگـەی پۆسـتەوە بـۆ وەزیـری موسـتەعمەرات نێـردراوە، پۆسـتەکە لـە ٢١ی ئـاب لـە بەغـدا دەرچـووە.

بـە پێـی داواکارییەکەتـان، کۆمسـیاری بـاڵا بـۆ وەزیـری موسـتەعمەرات ڕوونـی کردووتـەوە، بەڕێـزت و ئـەو هاوڕێیانـەت کـە واژوویـان لەسـەر داواکارییەکـە کـردووە، ڕازی نیـن لـەو سیاسـەتەی لەلایـەن بەڕێـز سـەرۆک وەزیـران و کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئـاب لـە سـلێمانی ڕاگەیێنـدراوە. هەروەهـا لـەو بڕوایـەدان ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بڕیـاری بـە کۆتایـی هاتنـی ئینتیـداب لـە عێـراق داوە، جـۆرە ڕژێمێکـی تایبـەت بـۆ کوردەکانـی عێـراق دادەمەزرێـت.

مـن ئـەم دەرفەتـە دەقۆزمـەوە بۆئـەوەی پشتڕاسـتی ئـەو قسـەیە بکەمـەوە کـە بەڕێزیـان لـە سـلێمانی بـە ئێـوەی گووتـووە، ئەویـش ئەوەبـوو کـە تـا ئـەو شـوێنەی ئـەو ئـاگادار بێـت بڕیارێکـی لـەم چەشـنە نـەدراوە. بەڕێزیـان منـی ڕاسـپاردووە ئەوەتـان بـۆ ڕوون بکەمـەوە کـە تەنیـا بـە لەبەرچاوگرتنـی بارودۆخـی زۆر تایبـەت و ئـەوەی تێبینـی کـراوە و ئێـوە بـرەوی پێـدەدەن، حکومەتـی عێـراق ئـەوەی بەتـەواوی قبوڵکـردووە و بەتـەواوی هەماهەنگـە لـەو چالاکییانـەی حکوومەتـی خاوەنشـکۆ بـە نەگونجاویـان دەزانـێ کـە پەیوەنـدی بـە ئێـوە و هاوڕێکانتانـەوە هەیـە. بەڕێزیـان [کۆمسـیاری بـاڵا] دڵنیایـە کـە ئێـوە چاوەڕوانـی وەڵامـی

داواکارییەکەتـان دەکـەن و هەروەهـا ئێـوە هـەر بڕیارێـک لەسـەر ئـەم داواکارییـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـەوە دەرکـرا، پەسـەند بکـەن.

بەڕێز،

من شەرەفمەندمخزمەتکاری ملکەچی بەڕێزت بم.

سێر ج. گریندل (Sir G. Grindle) (ل ٢٣٨-٢٤٠)

تکایــە بڕوانــە ژمارەکانــی ٢٩، ٣٣ و ٣٧ لــە دۆسـیەکە. سـێر ف. هامفریــس بــە تێروتەســەلی لەگــەڵ مەلیــک فەیســەڵ و نــوری پاشــا گفتوگۆیــان لەســەر ئــەم پرســە کــردووە، بــەڵام ئــەو نەیتوانیــووە مەلیــک فەیســەڵ و نــوری پاشــا ڕازی بــکات دوو ئیمتیازەکــەی تایبــەت بــە هەســتی کــوردەکان پەســەند بــکات کــە مێجــەر یۆنــگ، کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت، لــەو بڕوایەدایــە ئــەم دوو خاڵــە گرنگــن بــۆ ئــەوەی کــورد سیاســەتی حکومەتــی عێــراق لەبەرانبــەر خۆیانــدا پەســەند بکــەن. ئــەم دوو ئیمتیــازە بریتیــن لــە:

١. دامەزراندنــی ناوچــەی پەروەردەیــی نوێــی کــوردی پێشــنیازکراو، کــە لەلایــەن ئەفســەرێکی ناوچــەی پەروەردەیــی کــە کــورد بێــت بەڕێــوە ببردرێــت، نــەک وەک ئــەوەی کــە حکومەتــی عێــراق پێشــنیازی کــردووە لەلایــەن لێکۆڵەرێکــی پەروەردەیــی کــە کــورد بێــت، بەڕێــوە ببردرێــت. (پێگــەی لێکۆڵــەر نزمــترە و دەســەڵاتەکانی ســنووردارترە).
٢. لــە چوارچێــوەی ئــەم ناوچــە پەروەردەییــەدا دوو قوتابخانــەی ناوەنــدی [بــە گشــت پۆلەکانییــەوە] دابمەزرێــت.

مەلیک فەیسەڵ و سەرۆک وەزیرەکەی ڕازی نەبوون کە:

ا ئەم پێشنیازە پێویست بێت یاخود، خۆی لەخۆیدا گونجاو بێت.
**ب** ئەگــەر ئــەم پێشـنیازانە پەسـەند بکرێـن، ئایا هیـچ کاریگەریـی بەرچاوی دەبێت لەسـەر کەمکردنـەوەی ئـەو تەنگژەیـەی لـە حاڵی حـازردا لـە ناوچەکانی کوردسـتان لـە ئارادایە.

هەروەهــا هەردووکیــان لــەو بڕوایــەدا بــوون، ئەگــەر لــەم بــارەوە لــە لەندەنــەوە دەســت لــە کاروبــاری کابینــەی حکومەتــی عێــراق وەربدرێــت، بــە تونــدی ڕووبــەڕووی بەرهەڵســتی دەبێتــەوە و مەترســی جیــددی لەســەر دەســت لەکارکێشــانەوەی کابینــە دێتەکایــەوە. مــن لــەو بڕوایــەدام ســێر هامفریــس لەگــەڵ بۆچوونەکانــی ئــەوان هاوســۆزە.

مـــن ڕەشنووســـی تەلەگرامێـــک دەخەمـــەڕوو، وەک بەڕێـــزت دەیبینـــی، زۆربـــەی بەشـــەکانی لەلایـــەن خـــودی ســـێر هامفریـــس نـــووسراوە. ئـــەو پەرەگرافـــەی مـــن زیـــادم کـــردووە، گفتوگـــۆی لەســـەر کـــراوە و هامفریـــس لەســـەری هـــاوڕا بـــووە. مـــن لـــەو بڕوایـــەدا نیـــم بتوانیـــن لـــەم چەشـــنە بارودۆخـــەدا بڕیـــاری بـــڕاوە بـــۆ کۆمســـیاری بـــاڵا بـــە وەکالـــەت دەربکەیـــن کـــە ئایـــا دەکـــرێ یاخـــود ناکـــرێ لەگـــەڵ ســـەرۆک وەزیرانـــی عێـــراق- بـــە وەکالـــەت گەشـــتێک بـــۆ ناوچـــە کوردییـــەکان ئەنجـــام بـــدات یاخـــود نـــا.

بـــە بۆچوونـــی مـــن ئـــەم پرســـەش لەبـــەر ڕۆشـــنایی بارودۆخـــی خۆجێیـــی [کوردســـتان] دەبـــێ مێجـــەر یۆنـــگ بڕیـــاری لەســـەر بـــدات. ئەگـــەر ســـێر هامفریـــس، لـــەم گەشـــتەدا لەگـــەڵ جەعفـــەر پاشـــا بێـــت، ئـــەوە بـــەو مانایـــە دێـــت کـــە حکومەتـــی خاوەنشـــکۆی بەریتانیـــا لەســـەر پرســـی کـــورد هـــاوڕای حکومەتـــی عێراقـــە.

ئاشـــکرایە ئەمـــەش کارێکـــی گونجـــاو نابێـــت، ئەگـــەر ســـێر هامفریـــس لـــەو بڕوایـــەدا بێـــت ئـــەم سیاســـەتە (کـــە دوورە لـــەو بەڵێنـــەی ئێمـــە لـــەم بـــارەوە بـــە کۆمەڵـــەی گەلانمانـــداوە) جێـــی ڕەزامەندیـــی نییـــە.

لـــە لایەکیـــترەوە، ئەگـــەر ســـێر هامفریـــس لەگـــەڵ جەعفـــەر پاشـــا ئـــەم گەشـــتە ئەنجـــام نـــەدات، لەوانەیـــە گەشـــتەکەی جەعفـــەر پاشـــا ئامانجەکـــەی نەپێکێـــت و وەک بوونـــی جیاوازیـــی لـــە بۆچوونـــی حکومەتـــی خاوەنشـــکۆی بەریتانیـــا و حکومەتـــی عێـــراق لێـــک بدرێتـــەوە. بـــە بۆچوونـــی مـــن لـــە گشـــت بارودۆخێکـــدا، پێویســـتە پرســـی لـــەم جـــۆرە بـــۆ کەســـی شـــارەزای بابەتەکـــە بەجـــێ بهێڵیـــن.

سێر ج. گریندل (Sir G. Grindle) (ل ٢٤١-٢٤٤)

ژمارەکانی ٤٧، ٤٨ و ٤٩. تا ئێستا دەرفەتم نەبووە لەگەڵ سێر هامفریس لەسەر ڕەشنووسی ئەو لێدوانانە گفتوگۆ بکەم کە بڕیارە لەلایەن مێجەر یۆنگ و کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت پێشکەش بکرێن کە پوختەکەیان لە ژمارە ٤٨ و ٤٩دا هاتووە. ئەمڕۆ بەیانی، ئەوکاتەی سێر هامفریس تەلەفۆنی بۆ من کرد، هێشتا تەلەگرامەکانم بە دەست نەگەیشتبوون. بەهەرحاڵ، من لەسەر تەلەفۆن تەلەگرامەکەی مێجەر یۆنگ بە ژمارە ٣٦٣ (لە دۆسیەیەکەدا بە ژمارە ٤٧) بۆ سێر هامفریسم خوێندەوە. دواتر گوتی بۆ ئەو شتانەی مێجەر یۆنگ پێشنیازی کردووە، گوشار دەخاتە سەر مەلیک فەیسەڵ تا تەلەگرافێك بۆ براکەی مەلیک عەلی بنێرێت (کە لە کاتی غیابی مەلیک فەیسەڵ وەک نوێنەری ئەو کاروبارەکان بەڕێوە دەبات). بێ گومان ئەو، ئەم کارە دەکات.

لە هەمانکاتدا، من کۆپیەک لە وەڵامی تەلەگرامەکەی مێجەر یۆنگ دەخەمەڕوو کە بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە نووسراوە. بە بۆچوونی من مێجەر یۆنگ شایانی ستایشکردنە کە لە کۆتایی تەلەگرامەکەدا جەختم لێ کردووەتەوە. شتێکی کەم نییە لەسەر ئەم پرسە قورسە لەگەڵ حکومەتی عێراق گەیشتووینەتە کۆ دەنگی. پێویستە ئێمە ئەم شەو تەلەگرامێک بنێرین کە مێجەر یۆنگ و سەرۆک وەزیرانی [عێراق] بە وەکالەت لە هەینی داهاتوودا گەشتێک بۆ ناوچە کوردییەکان ئەنجام بدەن.

ئەوە دەخەینەڕوو کە ڕەشنووسی تەلەگرامەکە لەلایەن سێر ف، هامفریس ڕەزامەندی لەسەردراوە، و بانگێشت دەکرێت ئەمڕۆ ئێوارە سەردانی نووسینگە بکات و دواتر ئەم ڕەشنووسەی پێی نیشان دەدەین.

مستر ویلیامز (Mr. Williams) (ل٢٤٥)

هەر وەک چۆن مێجەر یۆنگ لە تەلەگرامەکەیدا لە ڕێکەوتی ١٨ی ئاب ئاماژەی بە بارودۆخی کوردەکان کردبوو (ژمارە ٦٩ لە دۆسیەکە)، بەم پێیەش سێر فرانسیس هامفریس لەسەر بارودۆخی کورد، لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ و نوری پاشا گفتوگۆی کرد. ئەنجامەکانی ئەم گفتوگۆیە لە ڕەشنووسی تەلەگرامەکەدا ڕوون کراوەتەوە. من لە زۆربەی گفتوگۆکەدا ئامادە بووم. وادیارە ئەستەمە نوری پاشا ڕازی بکرێت سەبارەت بەم خاڵانەی خوارەوە پێداچوونەوە بە بۆچوونەکەیدا بکات:

**ا** لێکۆڵینەوە لەبارەی کۆمەڵێک کوردی ئاژاوەگێڕ.
**ب** هەڵپەساردنی ڕەشنووسی یاسای زمان بۆ ماوەیەکی کاتی.

سەبارەت بە خاڵی (ب) نوری پاشا گوتی لەبارەی سیاسەتی [حکومەتی عیراق بەرانبەر] کورد ڕاوێژ بە مەلیک فەیسەڵ نەکراوە و ئەم سیاسەتە لەلایەن سەرۆک وەزیران بە وەکالەت لەو گەشتە هاوبەشەی کە لەگەڵ مێجەر یۆنگ بۆ ناوچە کوردییەکان ئەنجامدرا ڕاگەیێندراوە، هەروەها ئەو پێداگری کرد کە دەبێ مەلیک فەیسەڵ پێش ڕاگەیاندنی یاسای زمان، یاساکە ببینێت. بە هەر حاڵ، لە گشت حاڵەتێکدا، لەوانەیە هەڵوێستی مەلیک فەیسەڵ، هەڵوێستێکی نالۆژیکی نەبێت.

سەبارەت بە بەشی دووەمی تەلەگرامەکە، من دەتوانم بڵێم دوێنێ لۆرد مۆنتێگل (Lord Monteagle) تەلەفۆنی بۆ من کرد و گووتی وەزارەتی دەرەوە لەسەر ڕەشنووسی تەلەگرامەی ١٨ی ئابی، کە بۆ ئەوم ناردووە (ژمارە ٦٨ لە دۆسیەیەکەدا) هاوڕایە.

کۆپییەک لەو تەلەگرامەی کە ئێستا پەسەند کراوە بۆ ئەوم نارد و پێشنیازی ئەوە دەکەم، ئەگەر لۆرد مۆنتێگل لەبری وەزارەتی دەرەوە لەسەر مەرجەکانی تەلەگرامەکە ڕازی بێت، دەکرێ ڕێگەی پێبدرێت تەلەگرامەکە دەربکات.

١٩٣٠/٨/١٢

Cornwallis

مستر ویلیامز (٢٤٦-٢٥٠)

ژمارەکانـی ٧٥، ٧٦ و ٧٧. ئـەو پرسـە بەپەلەیـەی لەلایـەن کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت خرایـە بـەردەم ئێمـە، بریتـی بـوو لـەوەی ئایا ئـەو دەسـەڵاتەی هەیـە وەڵامـی واژووکارانی داواکاری کـورد بداتـەوە کـە خراوەتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، ئەویـش بـە پێـی ئـەو ڕەشنووسـەی لـە نووسراوەکەیـدا هاوپێـچ کـراوە (بڕوانـە هێـمای ‹A›) و لـە تەلەگرامەکـەی بـە ڕێکەوتـی ٢٢ی ئـاب هەمـوار کراوەتـەوە (ژمـارە ٧٧ لـە دۆسـیەیەکەدا).

بـە بـڕوای مـن دەقـی ڕەسـەنی وەڵامەکـە ناتوانـرێ هاوێـر بکـرێ، بـەڵام مـن لەبـارەی ئـەو پێشـنیازە زیـادەی کـە لـە ژمـارە ٧٧دا خراوەتـەڕوو، دڵنیـا نیـم. ئـەو زیادەیـە کراوەیـە بـۆ هـەر جـۆرە ڕەخنەیـەك هـەر وەک چـۆن پێشـنیازی حکومەتی عێـراق بـۆ بەدواداچوون بـۆ کۆمەڵێـک کەسایەتی ئاژاوەگێـڕی کـورد [ڕەخنـەی لێگیـرا] (بڕوانـە ژمارەکانـی ٦٩ و ٧٢ لـە دۆسـیەیەکەدا). مەترسـی لەسـەر ئـەم پێشـنیازە لـە ئارادایـە.

لەوانەیـە وەڵامەکـە کـە هاوپێچکـراوە دواجـار بـڵاو بکرێتـەوە و بە بۆچوونی مـن ئەگەر ئـەم وەڵامـە بـە جنێڤ بـگات وێنایەکی خراپ دروسـت دەکات. لـە لایەکیـترەوە، چاوەڕوان ناکرێـت حکومەتـی عێـراق ڕێگـە بـدات ئـاژاوەی کـورد پـەرە بسـێنێت و بەهێز بێـت، بەبێ ئـەوەی هیـچ مەترسـییەک بـۆ سـەر ئاسایشـی ناوخۆ و نەزمی گشـتی دروسـت بکات.

بـە بۆچوونـی مـن ڕسـتە زیادەکـە کـە لـە ژمـارە ٧٧دا پێشـنیاز کـراوە، لەوانەیـە ڕەخنەی لێنەگیرێـت، ئەگـەر بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دووبـارە دابڕێژرێتـەوە و لەگـەڵ دوایيـن ڕسـتەی دەقـی ڕەسـەنی وەڵامەکـدا بگونجێـت:

«بەهەرحـاڵ ئەگـەر، چالاکـی خراپکارانـە بـەردەوام بێـت پێـش ئـەوەی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان وەڵام بداتـەوە، حکومەتـی عێـراق هیـچ بژاردەیەکیـتری نابێـت جگـە لـە گرتنەبـەری ڕێـکاری ڕێکخسـتنەوە لـە دژی ئەو کەسـانە کە هەڕەشـە لـە بەرژەوەندییەکانی پاراسـتنی ئاسایشـی ناوخـۆ و نەزمـی گشـتی دەکـەن».

ئەگـەر بەڕێـزت هـاوڕا بیـت، دەکـرێ پێـش ئـەوەی وەڵامـی مێجـەر یۆنـگ بدەینـەوە ئـەم پێشـنیازە بخەینـە بـەردەم وەزارەتـی دەرەوە بـۆ ڕەزامەنـدی نوانـدن.

نووسراوەکـەی مێجـەر یۆنـگ زانیـاری پێویسـت دەخاتـە بەردەسـتمان بـۆ ئـەوەی تێبێنیەکانـی خۆمـان لەسـەر داواکاری کـورد بخەینـەڕوو.

سـەبارەت بـە تێبینییەکانـی حکومەتـی عێـراق لەسـەر داواکارییەکـە، مێجـەر یۆنـگ نامەیەکـی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق بـە وەکالـەت بـۆ ئێمـە نـاردووە. بۆیـە دەکـرێ لەمـەودوا داواکارییەکـە و کۆپیـەک لـە نامەکـەی جەعفـەر پاشـا بـۆ جنێڤ بنێریـن، هاوپێچ لەگـەڵ نامەیـەک کـە بـە پێـی ڕسـتەی پێـش دواییـن پەرەگرافـی تەلەگرامەکـەی مێجـەر یۆنـگ بێـت کـە لـە ڕێکەوتـی ١٣ی ئـاب ناردوویەتـی (ژمـارە ٦٣ لـە دۆسـیەیەکەدا).

سـەرەڕای ئەوەی نامەکەی جەعفەر پاشـاش بەسـە، چونکە سیاسـەتی [حکومەتی عێراق بەرانبـەر] کـورد کـە لـە نامەکـەدا ئامـاژەی بۆکـراوە و لەوانەیە لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانەوە پەسـەند بکرێـت، بـەڵام هـەر جێگەی گومـان دەمێنێتەوە کـە ئایا حکومەتی عێـراق جددییە لـە جێبەجێکردنـی سیاسـەتەکە و لـە بەدیهێنانی ئـەو بەڵێنانەی بە کـوردی داوە.

یاداشـتی سـێر ک. کۆرنوالیـس، کـە کۆپیـەک لـە یاداشـتەکە هاوپێچـی نووسراوەکـەی مێجـەر یۆنـگ کـراوە، نیشـان دەدات کـە لـە کابینـەی حکومەتـی عێراقـدا جوڵانەوەیەکـی زۆر بەهێـز هەیـە بـۆ لـە ناوبردنـی ئەو سیاسـەتەی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کوردەکاندا ڕایگەیانـدووە. تەنانـەت لـە خـودی نامەکـەدا چەندیـن نموونـە هـەن کـە گومـان دەخاتـە سـەر نیـەت پاکـی حکومەتـی عێـراق لـە بـارەی [جێبەجێکردنـی ئـەم سیاسـەتە].

بـە بۆچوونـی مـن پێـش ئـەوەی ئێمـە لـە بەرامبـەر جنێـڤ هیـچ بەرپرسـیارێتییەک لـە ئەسـتۆ بگریـن و بـە فەرمـی خۆمـان بـە حکوومەتـی عێراقـەوە گـرێ بدەیـن کـە پاڵپشـتی لـە نیەتەکەیـان دەکەیـن و بەرانبـەر کـورد پابەنـدی بەڵێنەکەیـان دەبـن و ئـەو بەرپرسـیارێتییەی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا لەبـری حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کۆمەڵـەی گـەلان لـە ئەسـتۆی گرتـووە، باشـترە چاوەڕوانـی بەڵگەنامـەی کۆنکریتـی زۆرتـر بکەیـن کـە نیشـان بـدات حکومەتـی عێـراق بـە ڕاسـتی مەبەسـتیەتی پابەنـدی بەڵێنەکانـی و ئـەو سیاسـەتەدەبێت کـە ڕایگەیانـدووە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش باشـترە چاوەڕوانـی گەڕانـەوەی نـوری پاشـا بـۆ عێـراق و بڵاوکردنـەوەی ڕەشنووسـی یاسـای زمـان بیـن.

هــەر وەک بەڕێــزت لــە نووسراوەکــەی مێجــەر یۆنگــدا دەبینیــت، کەســایەتییەکانی دژە کــورد لــە کابینــەی عێراقــدا لەلایــەن یاســین پاشــاوە هــان دەدرێــن. مــاوەی چەنــد مانگێکـە نـوری پاشـا هـەوڵ دەدات لەگـەڵ یاسـین ئاشـت بێتـەوە و هـەوڵ دەدات ئەگـەر هـاوکاری ڕاشـکاوانەی ئـەو دەسـتەبەر نـەکات، بەلانیکەمـەوە یاسـین ڕازی بـکات کـە واز لـە بەرهەڵسـتکاری بهێنێـت.

دەکـرێ ڕەچـاوی ئـەوە بکەیـن کـە لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی ئـەم ئامانجـە، لەوانەیـە نوری پاشـا، بۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندی یاسـین لەسـەر پرسـی کورد [تەنازولی زۆر بکات]. ئەسـتەمە بتوانیـن بڵێیـن کـە ئایـا ئـەم مەترسـییە، مەترسـییەکی نزیکە یـان دوورە، بـەڵام بە بـڕوای مـن، عاقڵانـە نییـە لەم بـارەوە بـە شـێوەیەکی فەرمی خۆمـان بخەینە پـاڵ حکومەتی عێـراق، تـا ئەوکاتـەی عێـراق بەڵگەی پێویسـت لەسـەر نیەت باشـی خۆی نیشـانمان نەدات.

بـۆ زانیـاری مـن کۆپیـەک لـە ڕەشنووسـی تەلەگرامەکـە دەخەمـەڕوو و پێویسـتە پێـش دەرکردنـی تەلەگرامەکـە ڕەزامەنـدی وەزارەتـی دەرەوە وەربگیرێـت.

Hall

١٩٣٠/٨/٢٧

(ل ٢٥١-٢٥٣)

٩١ و ٩٢: پێویست ناکات هیچ کارێکیتر ئەنجام بدەین.

٩٥: مـن لەسـەر ئـەم بابەتـە گفتوگـۆم لەگـەڵ مسـتەر لۆیـد (Mr. LIoyd) کـرد، بـە بـڕوای ئـەو، دوو ڕەوت لـە ئارادانـە:

١. ڕەوتێـک لــە ڕەشنووســی تەلەگرامەکــەدا پێشــنیاز کــراوە، کــە مــن تەلەگرامەکــەم خســتووتەڕوو.
٢. پاڵپشــتی کــردن لــە حکومەتــی عێــراق لــە دژی کــورد بەرانبــەر کۆمەڵــەی گــەلان، کــە حکومەتــی عێــراق ڕێــکاری پێویســتی گرتووتەبــەر، ئەویــش بــە پێــی پەرەگرافــی ٢ لــە تەلەگرامــی S. of. S لــە ڕێکەوتــی ٢ی ئەیلــوول، (٨٥) بــەڵام ســەرهەڵدانی یاخیبوونــەکان پێویســتی کــردووە ئــەم ئیمتیازانــە دوا بخرێــن.

مـن لەگـەڵ بەدیلـی ژمـارە (٢)دا نیـم. بـە بۆچوونـی مـن پێویسـتە لـە زووتریـن کاتـدا حکومەتـی عێـراق گرنگـی بـە پرسـی کـورد بـدات. لەوانەیـە نیەتـی ئـەوان بەرانبـەر کـورد نیەتێکـی پـاک نەبێـت. ئەمەش ئەرکی سـەرەکی ئێمەیە کـە ببینین دادپەروەریی سـەرەتایی بـۆ کـورد دابینکـراوە. جیـا لـە پرسـی دادپـەروەری، لـە درێـژ خایەنـدا بـۆ ئێمـە ئاسـانتر دەبێـت ئەگـەر هاتـوو گرفتـمان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق لەسـەر ئەم سیاسـەتە پەیـدا کرد و حکومەتـی عێـراق ویسـتی لەگـەڵ کـورد بـۆ ماوەیەکـی درێـژ گەمـە بـکات، ئـەم گرفتـە بەرانبـەر ئـەو گرفتانـەی لـە جنێڤ و شـوێنەکانیتر ڕووبـەڕووی دەبینەوە، گرفتـی ئەوتۆ نین.

٩٦: مـن لـە ڕەشنووسـی تەلەگرامەکـەدا باسـی ئـەم بابەتـەم کـردووە. ئـەم داواکارییـە جیـاواز نییـە لـە داوکارییەکانـی پێشـوو (نـووسراوی ٧٥). بێگومـان بینینەکانـی (سـەرنج) ئێمـە لەسـەر داواکارییەکانـی پێشـوو، دەکـرێ بـۆ ئـەم داواکارییـەش بـەکار بهێنرێـت. لـە هەمانکاتـدا باشـترە حکومەتـی عێـراق ئـاگادار بکەینـەوە ئـەم داواکارییـە بـە دەسـتمان گەیشـتووە، بـۆ ئـەوەی بزانیـن ئایـا ئەوانیـش هیـچ سـەرنجێکیتریان لەسـەر هەیـە یـان نـا.

بـە بۆچوونـی مـن باشـترە نـاوی واژووکارانـی داواکارییەکـە نیشـانی حکومەتـی عێـراق نەدرێـت، چونکـە گومانـی تێـدا نییـە حکومەتـی عێـراق ئازاریـان دەدات.

مستر فلوود (Mr. Flood) (ل٢٥٦-٢٥٧)

دوێنــێ لەبــارەی ئــەم پرســە لەگــەڵ ســێر فرانســین هامفریــس گفتوگۆمــان کــرد. ئــەو گشــت نامــە ئاڵۆگۆڕکراوەکانــی ئــەم دواییــەی نــاو دۆســیەیەکەی خوێندووتــەوە، دوای خوێندنەوەکـە، هاوڕایـی خـۆی لەبـارەی ڕەشنووسـە بەدیلەکـە دەربـڕی، کـە مـن لێـرەدا دووبـارە ڕەشنووسـەکە دەخەمـەڕوو.

مـن لەگـەڵ مسـتر بۆیێـر (Mr. Bowyer) هـاوڕام، کـە پێویسـت نـاکات پێـش ناردنـی ڕەشنووســەکە بــە تەلەگــراف پــرس بــە وەزارەتــی دەرەوە بکەیــن.

هاوپێچـی نـووسراوی ‹A› لەلایـەن کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، لـە ڕێکەوتـی ٣٠ی تەمــووزی ١٩٣٠ (ل٢٥٨)

زۆر نهێنی

خانەی مەندوبی سامی

ژمارە (P. O. 165)

بەغدا، ٢٨ی تەمووزی ١٩٣٠

بەڕێز سەرۆک وەزیران

مـن ئـاگادارم لـەم دواییانـەدا، رەئـوف بەگـی چادرچـی باسـی لـەوە کـردووە کـە تۆفیـق ڕوشـدی، بـە شـێوازێکی نامـۆ، نیگەرانیـی حکومەتـی تورکیـای بەرانبـەر ئـەو سیاسـەتەی حکومەتـی عێـراق لەبـارەی کـورد گرتووتەبـەر دەربڕیووە. هەروەها باسیشـی لـەوە کردووە حکومەتـی عێـراق لـە ژێـر گوشـاری حکومەتـی بەریتانیـا ئـەم کارانـە ئەنجـام دەدات.

جێگـەی داخـە ئەگـەر حکومەتـی تورکیـا لـەو بڕوایـەدا بێـت کـە سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کـورد، دژی بەرژەوەنـدی کـوردە. مـن پوختەیـەک، لـەم تەلەگرامـە بۆ سـێر جـۆرج کلێـر (Sir George Clerck) نـاردووە. سـێر جۆرج لـە وەڵامدا ئاماژەی بـەوە کردووە کـە یـان رەئـوف بـەگ قسـەکانی تەوفیـق بەگی زۆر بـە جیـددی وەرگرتووە، یاخـود تەوفیق بـەگ لـە دۆخێکـی تووڕەییـدا قسـەی کردووە، بـە بێ ئـەوەی هیـچ بەرپەرچـی بدرێتەوە.

لـە کاتـی قسـەکردن لەگـەڵ خـودی تۆفیـق بـەگ، بـە شـیوازێکی زۆر جیاوازتـر قسـەی دەکـرد و باسـی لـەوە کـرد کـە چـاو بـە چاپەمەنییەکانـی تورکیـا دەخشـێنێتەوە کـە بـاس لـەوە دەکـەن هاندانـی کوردەکانـی تورکیـا، لێـرەوە [واتـە لـە عێـراق] سـەرچاوە دەگرێـت.

خزمەتکارتان

واژوو: Hubert Young

His Excellency Ja'far Pasha al Askari, G. M. G

Acting President of the Council of Ministers, Baghdad

(٣٠/١٨٣١٥) (ل٢٥٩-٢٦٠)

دووبـاره دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی وەزیـری موسـتەعمەرات بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق.

لە کاتژمێر ٨ی ئێوارە لە ڕێکەوتی ٢٨ی تەمووزی ١٩٣٠ نێردراوە.

Mr. Hall 26/7

Sir G. Grindle 28

Permmt. U. S. of. S

S.H.W. 28/7/30

Secretary of State 28/7

ژمارە ٢٨٠

بەپەلە

(ژمارە ٣٣). تەلەگرامەکەت بە ژمارە ٣٤٦.

لەبـارەی پرسـی کـورد هامفریـس گفتوگۆیەکـی تێروتەسـەلی لەگـەڵ مەلیـک فەیسـەڵ و نـوری پاشـای ئەنجامـداوە. ئـەوان ئـەم دوو بۆچوونـە زۆر تونـدەی خوارەوەیـان لەسـەر کـورد هەبـوو:

١. ئـەوان هاتوونەتـە لەنـدەن تـا لەبـارەی نـەوت، هێڵـی شـەمەندەفەر و پرسـەکانیتری دارایـی قسـە بکـەن و نایانەوێـت لەسـەر پەرەسـەندنە سیاسـییەکانی عێـراق قسـە بکـەن- بـە بـڕوای ئـەوان ئـەم دوو بابەتـە لێـک جیـاوازن.
٢. بـە بـڕوای ئـەوان ئەگـەر لـەم دواییانـەدا دۆخێکـی نەخـوازراو لـە کوردسـتان هاتووەتەکایـەوە، ئـەم دۆخـە بـە گۆڕینـی پێگـەی ئەفسـەری ناوچـەی پەروەردەیـی لـە لیکۆڵـەرەوە بـۆ بەڕێوەبـەر و کردنـەوەی دوو قوتابخانـەی ناوەنـدی کـە گشـت پۆلەکانـی لەخـۆ گرتبێـت چارەسـەر ناکرێـت.
٣. تـا ئەوکاتـەی ئـەوان دەرفەتـی لێکۆڵینـەوە لەسـەر بارودۆخەکەیـان دەبێـت، دژی

ئـەوەن هیـچ جـۆرە ئیمتیازێـک بـە کـوردەکان بـدەن، جیـا لـەو ئیمتیازاتانـە نەبێـت کـە کابینـەی حکومـەت، پێـش گەشـتی نـوری بـۆ ئەوروپـا، پەسـەندی کـردوون.

٤. ئـەوان نایانەوێـت لـەم قۆناغـەدا ئـەو ئیمتازاتانـە بـە کـورد بـدەن کـە ئێـوە پێشـنیازتان کردبـوو:

ا لە ترسی ئەوەی کابینە دەست لەکار بکێشێتەوە.

ب بـە بـڕوای ئـەوان قبوڵکردنـی ئـەم پێشـنیازە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە داوای ئیمتیـازی زیاتـر بکـەن.

ج داوا لـە بەرهەڵسـتی تونـدی تورکیـا و ئێـران کـراوە کـە بـە وریاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ پرسـی کـورد بکـەن. ئـەوان پشتڕاسـتیان کـردەوە کـە لایەنـی دارایـی، هۆکارێکـی گرنـگ نییـە، هەروەهـا ئاماژەیـان بـەوە کـرد بڕیاریانـداوە ئـەو بەڵێنـەی بـە کۆمەڵـەی گەلانیـان داوە بـە تەواوەتـی جێبەجـێ بکـەن، هەروەهـا بـۆ کـورد بیسـەلمێنین کـە هاوشـێوەی عێراقییەکانیـتر بـە یەکسـانی لەگـەڵ ئەوانـدا مامەڵـە دەکـەن. هامفریـس لـەو بڕوایەدایـە پێـش گەڕانـەوەی نـوری بـۆ بەغـدا و لێکۆڵینـەوە لەسـەر بابەتەکـە، ئەسـتەمە هەڵوێسـتی [مەلیـک فەیسـەڵ و نـوری] لەبـارەی ئـەم پرسـەوە بگۆڕدرێـت. نـوری گووتویەتـی لـە مانگـی ئابـی دەگەڕێتـەوە.

بـە پشـت بەسـتن بـەو ڕوونکردنـەوەی لـە سـەرەوە ئامـاژەت پێـداوە، بـە بۆچوونـی مـن ئاسـۆیەکی کـەم [لـە گۆڕینـی] هەڵوێسـتی مەلیـک فەیسـەڵ و نـوری پاشـادا دەبینرێـت کـە ئێـوە سـەبارەت بـەو دوو خاڵـەی سـەرەوە ڕەزامەنـدی تەواوتـان لـە حکومەتـی عێـراق وەرگرتـووە کـە لـە کاتـی گەڕانـەوەی نـوری بـۆ بەغـدا [حکومەتـی عێـراق پێداچوونـەوە بـە بابەتەکـە بـکات].

بـە بـڕوای ئێـوە گونجـاو نییـە لـەم بارودۆخـەدا لەگـەڵ سـەرۆک وەزیـران گەشـتێک بـۆ ناوچـە کوردییـەکان ئەنجـام بدەیـن، چونکـە ئەمـە بـە سیاسـەتی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لێـک دەدرێتـەوە، لەگـەڵ سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کـورد، بـەڵام مـن ئـەم بابەتـە بـۆ خـودی بەڕێـزت بەجێدێڵـم. ئەگـەر بەڕێـزت بڕیـار بدەیـت

کــە لەگــەڵ جەعفــەر پاشــا ئــەم گەشــتە ئەنجــام بدەیــت مــن هــاوڕام، هــەروەک لــە تەلەگرامەکــەت بــە ژمــارە ٣٤٣ پێشــنیازکراوە، دەکرێــت بەڕێــزت ئــەم دەرفەتــە بقۆزیتــەوە و پێــی ڕابگەیێنیــت کــە هــەر جــۆرە بیرۆکەیــەک لەبــارەی ئــەوەی حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا هانــی ناســیۆنالیزمی کــوردی دەدات یاخــود [لــە داهاتــوودا] ئــەم کارە ئەنجــام دەدات، تــا گرفــت بــۆ حکومەتــی عێــراق یاخــود حکومەتەکانــی دراوســێی عێــراق واتــە تورکیــا و ئێــران دروســت بــکات، بیرۆکەکــی تــەواو بــێ بنەمایــە.

هاوپێچی نووسراوی ‹A›ی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، لە ڕێکەوتی ٣٠ی تەمووزی ١٩٣٠ (ل٢٦١-٢٦٣)

ژمارە (P. O. 156)

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا، ٢٨ی تەمووزی ١٩٣٠

بەڕێز عەبدوڵا ئەفەندی

بەڕێز کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت چاوی کەوت بە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە کۆبوونەوەی ١٧ی تەمووزی لەبارەی ڕەفتاری کورد و ئەو ڕێکارانەی پێویستە بگیرێنەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورد، دەرکراوە و ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

ا بە بۆچوونی کۆمسیاری باڵا دوو خاڵی گرنگ سەبارەت بە پێشنیازی ناوچەی پەروەردەیی، بریتییە لەوەی کە یەکەم جار دەبێ خودی ناوچەکە دامەزرێت، دووەم، بنەمای بە یەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچە نوێیەکە و ئەو ناوچەیەی لە حاڵی حازردا هەیە، کە لەلایەن نوری پاشا لەو کۆنفرانسە پەسەند کراوە کە پێش بەجێهێشتنی بەغدا گرێدرا، دەبێ بە ڕاشکاویی پەسەند بکرێت.

ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادە نییە ئەو ڕاسپاردانە پەسند بکات کە ڕاوێژکاری وزارەتی ناوخۆ پێشنیازی کردوون، دەبێ بەڕێوەبردنی ناوچەی پەروەردەیی نوێ بخرێتە دەست بەڕێوەبەر، دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە دامەزراندنی لێکۆڵەر بۆ ماوەیەکی کاتییە و هەر کاتێک سەرۆک وەزیران لە گەشتەکەی بۆ عێراق گەڕایەوە چاو بەم پرسەدا دەخشێنیتەوە.

ب بە بڕوای کۆمسیاری باڵا باشترە دامەزراندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی ناوخۆ و دوو وەرگێڕەکە، پێش دەرچوونی سەرۆک وەزیران و کۆمسیاری باڵا لە بەغداوە بۆ ناوچە کوردییەکان، ئەنجام بدرێت. کۆمسیاری باڵا خۆشحاڵ دەبێت ئەم پێشنیازە پەسەند بکرێت.

**ج** کۆمسـیاری بـاڵا خۆشـحاڵ دەبێـت بزانێـت ئایـا سـەرۆک وەزیـران هیـچ پێشـنیازێکی خسـتوویەتەڕوو سـەبارەت [بـە زیادکردنـی] ژمـارەی لێکۆڵـەری پۆلیـس و ئەفسـەری پۆلیـس کـە زانیارییـان لەسـەر زمانـی کـوردی هەبێـت و بـۆ ئەنجامدانـی مەشـق و ڕاهێنانـی تایبـەت دەستنیشـانکراون، یاخـود سـەبارەت بـەو ژمـارە ئەفسـەر و لێکۆڵەری پۆلیـس کـە حکومەتـی عێـراق بڕیاریـداوە لـە داهاتـوودا دایانمەزرێنێـت.

**د** ئەگـەر بڕیـار بێـت شـتێک لـە بـارەی [ئەفسـەر و لێکۆڵـەری پۆلیـس] ڕابگەیێنرێـت، بـە بۆچوونـی کۆمسـیاری بـاڵا باشـترە ئـەم کارە شـێوازی پابەندبـوون لـە خـۆ بگرێـت، ئەگـەر هاتـوو هیـچ کەسـێک لـە نەتـەوەی کـورد نەدۆزرایـەوە بـۆ دامەزراندنـی لـە پۆسـتە حکومییەکانـدا، ئـەم پۆسـتە لـە لایـەن کەسـێکەوە پـڕ دەکرێتـەوە کـە زمانـی کـوردی بزانێـت، ئەمـەش بـە پێـی یاسـای زمـان کـە پێشـنیاز کـراوە.

**ه** بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا دڵنیاییـە [حکومەتـی عێـراق] کات بـە فیـڕۆ نـادات لـە دەرکردنی ڕێـکاری پێویسـت بـۆ جێبەجێکردنـی بەندەکانی ئـەم بڕیارە.

**و** کۆمسـیاری بـاڵا تێبینـی کـردووە پێشـنیازی ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆ سـەبارەت بـە کردنـەوە دوو قوتابخانـەی ناوەنـدی لـە هەولێـر و سـلێمانی کـە گشـت پۆلەکانـی لەخـۆ گرتبێـت، پەسـەند نەکـراوە. بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا ئـاگادارە کردنـەوەی ئـەم دوو قوتابخانەیـە بودجەیەکـی سـاڵانەی پێویسـتە کـە بڕەکـەی زیاتـر نییـە لـە ١٢،٠٠٠ ڕوپیـە. کۆمسـیاری باڵا دڵنیایـە حکومەتـی عێـراق ئـەم تێچوونـە کەمـە دابیـن دەکات هـەر کاتێـک ژمـارەی قوتابیانـی ئـەم دوو ناوچەیـە پێویسـتی بـە کردنـەوەی ئـەم دوو قوتابخانەیـە کـرد.

**ی** هیچ تێبێنیەک نییە.

خزمەتکارتان

Abdullah Effendi al Haji

Private Secretary to H. M. the Regment, Baghdad

**کۆپیەک بۆ: سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا.**

زۆر نهێنی (ل٢٦٤-٢٦٦)

ژمارە (P.O. 171)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ... ئابی١٩٣٠

هاوپێچی نووسراوی ‹A›ی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، لە ڕێکەوتی ٦ی ئابی١٩٣٠

بەڕێز سەرۆک وەزیران

من چاوەڕوانم دواتر سەرنجەکانم لەسەر بڕیارەکەی کابینەی حکومەتی عێراق سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی کورد بنێرم، ئەم بڕیارە تا بەیانی ئەمڕۆ بە دەست من نەگەیشتبوو، من دوو خاڵم سەبارەت بە یاسای زمان و بەکارهێنانی کوردی وەک زمانی فەرمی ڕوون کردووتەوە. جیا لەم دوو خاڵە، هیچ سەرنجێکم نییە لەسەر بابەتەکە دەرببڕم. لە هەمانکاتدا بە بڕوای من کارێکی باش نابێت بەڕێزت گۆڕانکاری لەسەر ڕەشنووسی لێدوانەکەدا بکەیت کە ئامادەکراوە. ئەو شتەی بە بۆچوونی من پێویستە ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە لێدوانەکە بە قەدەر ڕەشنووسەکە دورودرێژ بێت کە من بۆتانم هاوپێچ کردووە.

بە بڕوای من بۆ هەر دووکمان باشترە لە لێدوانەکەماندا باس لە هۆکاری ئاماژە نەدان بە پرسی کورد لە پەیماننامە نوێیەکدا بکەین کە هەردوو حکومەتی [بەریتانیا و عێراق] هاوڕان لەسەر ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق بەرانبەر کوردەکانی گرتووتەبەر، کە نە تانیا لە ئێستاوە تا ساڵی ١٩٣٢، بەڵکو لە دوای ساڵی ١٩٣٢ش، پابەندی ئەم پابەندییانە دەبێت کە عێراق بە کۆمەڵەی گەلان و ئەو بەڵێنانەی بەڕێز عەبدولموحسین بە کوردەکانی داوە. بنەمای سەرەکی ئەوەیە؛ هەر جۆرە هەوڵێکی جیابوونەوەی ڕەت دەکرێتەوە، ئەمەش هەم لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عێراق و هەمیش لە بەرژەوەندی کوردەکاندایە.

بە بڕوای من باشترە لێدوانەکەی بەڕێزتان بە چەند قسەیەك دەستپێبکات

کـە ڕوونـی بکەیتـەوە بۆچـی بەڕێزتـان خوازیاربوونـە گەشـت بـۆ ناوچـە کوردییـەکان ئەنجـام بـدەن و سیاسـەتی گشـتی حکومەتـی عێـراق نـە تەنیـا بـۆ داهاتوویەکـی نێزیـک، بەڵکـو بـۆ ئاییندەیـە. دواتـر دەتوانـی بەردەوامـی بـە قسـەکانت بدەیـت کـە حکومەتـی عێـراق هاوسـۆزە لەگـەڵ هـەر جـۆرە جوڵانەوەیەکـی ڕەوای کـورد لـە چوارچێـوەی عێـراق، تەنانـەت هانـی ئـەم جوڵانەوەیـەش دەدات و بـەم جـۆرەش ڕێگـە لـە هـەر جـۆرە مەیلێکـی جیاخوازنـە دەگیرێـت. هـەر لـەم ڕوانگەیشـەوە بـووە کـە سـێر عەبدوڵموحسـین بەڵێنـی بـە کـورد داوە و حکومەتـی عێراقیـش هەمـوو هەوڵەکانـی خـۆی وەگەڕخسـتووە، تـا ئـەم بەڵێنانـە جێبەجـێ بـکات. دواتـر بەڕێـزت دەتوانـی بپرژێیتـە سـەر وردەکارییـە جۆراجۆرەکانـی بڕیارەکـەی کابینـەی حکومـەت، دوای ئـەوەی بەڕێـزت ڕوونـت کـردوە کـە بۆچـی مـن داوام لـە بەڕێـزت کـردووە لـەم گەشـتەدا یـاوەری مـن بکەیـت، بـۆ نموونـە بڵێیـت حکومەتەکـەی هەردووکـمان لـەم بـارەوە وەک یـەک بیـر دەکەنـەوە.

دەکـرێ بەڕێـزت کۆتایـی بـە لێدوانەکـەت بهێنێـت کـە بڵێیـت، ئێسـتا مـن بانگێشـت دەکەیـت بـۆ گووتنـی چەنـد قسـەیەک و ئێـوە ئامـادەن لەگـەڵ ئامادەبـووان گفتوگـۆ لەسـەر هـەر خاڵێـک بکـەن کـە ئـەوان دەیانەوێـت گفتوگـۆی لەسـەر بکرێـت، جـا گفتوگۆیەکـە لەبـارەی ئـەو لێدوانـە بێـت کـە بەڕێـزان پێشکەشـتان کـردووە یاخـود لـە سـەر هـەر پرسـێکیتری پەیوەسـت بـەم بابەتـەوە بێـت.

گریمانـەی ئـەوە دەکرێـت بەڕێـزت لیدوانێکـی بـەم جـۆرە بدەیـت کـە مـن ڕەشنووسـی ئـەم لێدوانـەم ئامـادە کـردووە و بۆتانـی هاوپێـچ دەکـەم و زۆر خۆشـحاڵ دەبـم سـەرنج یـان پێشـنیازەکانی خـۆت لـە بـارەی ڕەشنووسـەکەوە بخەیتـەڕوو. بـە بۆچوونـی مـن زۆر گرنگـە پێـش دەسـتپێکردنی [گەشـتەکە] ئـەم لێدوانـە بـە دروسـتی وەرگێردرێتـە سـەر زمانـی کـوردی. ئەگـەر بەڕێـزت ڕازی بیـت مـن پێشـنیاز دەکـەم کۆپیەکـی عەرەبـی و ئینگلیزیـش لـە لێدوانەکـە ئامـادە بکرێـت و لـە بەغـدا بەجێبهێڵرێـت و لەسـەر ڕێکەوتـی بڵاوکردنـەوەی ڕێـک بکەویـن، لەوانەیـە دوای ئـەوەی یەکـەم کۆبوونەوەکانمـان لـە کەرکـووک ئەنجامـدا.

بـە گشـتی، ئەگـەر بەڕێـزت ڕازی بیـت مـن زۆر خۆشـحاڵ دەبـم ڕەشنووسـی ئـەو لێدوانــە ببینــم کــە بەڕێــزت پێشــنیازت کــردووە و دەرفەتــم پێبدەیــت پێــش ئــەوەی وەربگێڕدرێــت ســەرنجەکانم لــە بارەیــەوە بخەمــەڕوو.

خزمەتکاران

واژوو: Hubert Young

His Excellency Ja'far Pasha al Askari, G. M. G

Acting President of the Council of Ministers, Baghdad

(ل ٢٦٧-٢٦٩)

لەسەر داواکاری حکومەتی عێراق لەگەڵ بەڕێز سەرۆک وەزیران بە وەکالەت هاتوومەتە ئێرە تا بۆ هەموو کەسێک کە گومانی هەیە ڕوونی بکەمەوە حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق لە هیچ پارچەیەکی عێراق هانی سیاسەتی جوداخوازی نادەن. ئەو پەیماننامەیەی واژووکراوە هەردوو حکومەتەکە ناچار دەکات بۆ ماوەی ٢٥ ساڵی داهاتوو پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو حکومەتەدا لەسەر پرسە گرنگەکان بوونی نییە.

من دەزانم هەندێك کەس لە ئێوە لە بەردەم کۆمەڵەی گەلان و حکومەتی بەریتانیا نارەزایەتیان دەربڕیوە کە پەیماننامە نوێیەکە هیچ ئاماژەیەکی بە کوردستان نەکردووە. هەر وەک بەڕێز سەرۆک وەزیران ڕوونی کردەوە، هۆکارەکە بریتی بووە لەوەی هەردوو حکومەت لەو بڕوایەدا بوون پێویست ناکات [ئاماژە بە کوردستان بدرێت] چونکە حکومەتی عێراق بڕیاری داوە لە ئێستا و لە داهاتوودا، پەیڕەوی لە سیاسەتێک بکات، کە بەڕێز سەرۆک وەزیران بە وەکالەت بۆ ئێوەی ڕوون کردەوە.

بە پێی ئەو قسانەی بەڕێز سەرۆک وەزیران بە وەکالەت بۆ ئێوەی خستەڕوو، ئێوە دەبینن حکومەتی عێراق وەک حکومەتێکی ڕۆشنبیر بە تەواوەتی دان بەوەدا دەنێت کە لە پارچەیەک گرنگی خاکی عێراق زمانی کوردی نەک زمانی عەرەبی، زمانی دایکە. منداڵی کورد ناچار ناکرێت یەکەم وانەکانی لە قوتابخانەدا بە زمانێکی جیا لە زمانی دایک بخوێنێت، هەروەها کورد لە دادگاکاندا بە زمانی خۆیان بەرگری لە خۆیان دەکەن و بە زمانی خۆیان گوێبیستی کەیسەکەیان دەبن، نەک بە زمانێک کە لێی تێناگەن.

بە هەمان شێوە دامەزراندنی فەرمانبەرانی کوردی زمان لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی کارگێڕیدا نیشاندەری ئەوەیە حکومەتی عێراق ئامادەیە و خوازیارە هیچ جۆرە جیاکارییەک لە نێوان هاووڵاتیانی کورد و عەرەب لە پاشایەتی مەلیک فەیسەڵدا ناگرێتەبەر.

تــا ئــەو شــوێنەی پەیوەنــدی بــە حکومەتــی بەریتانیــاوە هەیــە، تەنیــا مەبەســتی ئــەوان بریتییــە لــە دڵنیابــوون لــە دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی ئــازاد و ســەربەخۆ و خــاوەن ڕێــز و پابەنــد کــە ببێتــە ئەنــدام لــە کۆمەڵــەی گەلانــدا. حکومەتــی بەریتانیــا پشــتیوانی لــە هیــچ جــۆرە چالاکیــەک نــاکات کــە لەگــەڵ ئــەم سیاســەتە نەگونجێــت، بــۆ نموونــە [پشــتگیریی] لــە مەیلــی جوداخوازانــەی کــورد نــاکات.

مـن زانیوومـە لـە هەندێـك ناوەنـدی نابەرپرسـیارەوە بـاس لـەوە کـراوە کـە حکومەتـی بەریتانیـا بـە ئەنقەسـت ئـەم سیاسـەتەی گرتووتەبـەر، تـا نـە تەنیـا گرفـت بـۆ حکومەتـی عێـراق دروسـت بـکات، بەڵکـو گرفـت بـۆ دراوسـێ دۆسـتەکانی ئێـراق واتـە ئێـران و تورکیـاش دروسـت بـکات. ئەمـەش هیـچ ڕاسـتییەکی تێـدا نییـە و هـەر کـەس هـزر لـەوە بـکات کـە بـە سـەردان کردنـی کۆمسـیاری بـاڵا یاخـود بـە سـەردانکردنی مـن، پشـتگیریی بـۆ ئـەم جـۆرە سیاسـەتە دەسـتەبەر دەکات، زۆر هەڵەیـە.

ئـەو شـتەی حکومەتـی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق خوازیـارن بێتـەدی، بریتییـە لــە گەشــەی ئاشــتیخوازانەی عێراقێکــی یەکگرتــوو بــە شــێوەیەک کــە دانیشــتووانە جوراوجۆرەکانــی، بێنــە بەرچــاوی خۆیــان کــە گرنگتریــن ئامانــج بریتییــە لــەوەی ئــەوان ‹عێراقییەکـی بـاش› بـن.

دووبــارە دارشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات (ل٢٧٠)

ڕێکەوتی ٢ی ئاب.

(لــە کاتژمێــر ١١:٥٥ خولەکــی ئێــوارە لــە ڕێکەوتــی ٢ی ئابــی١٩٣٠ گەیشــتووەتە دەســت وەزارەتــی دەرەوە).

گرنگ

بــە ژمــارە ٣٠٠ ئاڕاســتەی وەزیــری موســتەعمەرات کــراوە، دووبارەکراوەتــەوە بــۆ ئەســتەنبۆل ژمــارە ٢٧٦، بــۆ تــاران ژمــارە ٥٧.

تەلەگرامەکەت بە ژمارە ٢٨٠.

سـەبارەت بـە لێـدوان لـە گەشـتەکەمان بـۆ ناوچـە کوردییـەکان کـە لـە ڕۆژی هەینـی ڕێکەوتــی ٨ی ئــاب دەســت پێــدەکات، لەگــەڵ کابینــەی عێــراق و ڕاوێــژکارەکان بــە ڕێککەوتنێکـی تـەواو گەیشـتووین. ڕێککەوتوویـن ئـەو لێدوانـەی دەدرێـت، لەلایـەن مـن و جەعفـەر پاشـاوە دابڕێژرێـت، هـاوکات بـە زمانـی ئینگلیزیـش بـڵاو دەبێتـەوە. سـەبارەت بـەو ڕێکارانـەی لەوانەیـە ئێمـە لـە جنێـڤ، تورکیـا و ئێـران بیگرینەبـەر، ئایـا پێویسـت دەکات پێــش ئــەوەی کورتــەی دوو لێدوانەکــە پەســەند بکرێــت، دوو لێدوانەکەتــان بــۆ بنێـرم، یاخـود پێویسـت بـەم کارە نـاکات.

هــەر دوو لێدوانەکــە جەخــت لەســەر خراپییەکانــی جیابوونــەوە دەکــەن، هەروەهــا بـاس لـەوە دەکـەن کـە لـە دوای وەرگرتنـی عێـراق وەک ئەنـدام لـە کۆمەڵـەی گەلانـدا، حکومەتـی عێـراق بـەردەوام دەبێـت لـە جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانـەی لـە ڕابـردوودا بـە کـورد دراوە، هەروەهــا بــەردەوام دەبێــت لــە جێبەجێکردنــی ئــەو داواکارییانــەی پێشــتر کۆمەڵـەی گـەلان خسـتوویەتە بـەردەم حکومەتـی عێـراق، هەروەهـا هـەردوو لێدوانەکـە جەخـت لەسـەر هاوڕابوونـی هـەردوو حکومەتـی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق لەسـەر ئـەم بابەتـە دەکەنـەوە.

کۆپی (ل٢٧١)

سلێمانی، باشووری کوردستان

٣ی ئابی١٩٣٠

بۆ: بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا.

بەڕێز،

ئێمە شەرەفی ئەوەمان هەیە بەڕێزت ئاگادار بکەینەوە کە پێشتر کورد لە ڕێگەی پۆستە و تەلەگرام، چەندین داواکارییان پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان کردووە. لە وەڵامێکدا کە دوێنێ لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب بەدەستمان گەیشتووە، ئاماژە بەوە دەکات بە گوێرەی ڕێساکانی ئەو ڕێکارانەی لەلایەن ئەنجوومەنی گەلان گیراوەتەبەر، هەموو ئەو داواکارییانەی لەلایەن دانیشتووانی هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینتیداب بەرز دەکرێنەوە، پێویستە لە میانەی دەسەڵاتی ئینتیداب بۆ سکرتاریەتی [کۆمەڵەی گەلان بەرز بکرێتەوە].

بەم پێیەش داوا دەکەین کۆپییەکی نوێ لە فۆڕمی داواکارییانەی پێشتر خراپوونە بەردەم سکرتاریەت بۆمان بنێرن، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی [دەسەڵاتی ئینتیداب] دووبارە بخرێتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار.

لەگەڵ ڕێزدا ..

واژوو: عەزمی بەگ بابان، حەمە ئاغا ئاوڕەحمان ئاغا، شێخ قادر حەفید، حەمە ساڵح بەگ، عیزەت بەگی وەسمان پاشا، تەوفیق قەزاز، عەبدولرەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسول ئاغا، ڕەمزی ئێف. فایەق بابان.

پوختەیەک لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی ژمارە ١٦. (ل٢٧٢)

٤ی ئابی١٩٣٠

کوردستان

١٩٦. لە ٢٩ی تەمووز دەستەیەکی شەش کەسی لە سوپای عێراق لە لایەن کورد لە نزیک کەولۆس (Kaolos) کە دەکەوێتە نێوان سلێمانی و پێنجوێن تەقەیان لێکرا. کەسێک کوژراوە، یەکێك بزرە و لەوانەیە کوژرا بێت و دوو کەسیش بریندارن. ئەو کەسانە دوای پاسەوانی کردنی ئەفسەرەکانی سوپای عێراق، دەگەڕانەوە کەمپی سوپا لە پێنجوێن. لێکۆڵینەوە دەستی پێکردووە و تا ئێستاش نەزانراوە کێ لە پشت ئەنجامدانی ئەم ڕووداوەیە.

لە لایەن ناوچە کوردییەکانەوە بە بەردەوامی بۆ گشت کەسێکی دەسەڵاتدار لە عێراق و لە دەرەوەی عێراق مەزبەتە دەنێردرێت. ئەگەر حکومەتی عێراق ڕەچاوی ئەو ئامۆژگارییانەی کردبا کە لە مانگی نیسان پێیدرا، ئەوان دەیانتوانی پێشبینی ئەم ئاژاوەیە بکەن و پێشوەختە پێشی لێ بگرن.

دەبێ چاوەڕوان بین و ببینین حکومەتی عێراق چ هەنگاوێک دەنێت و تا چ ئاستێک ئەوان لە زەرورەتی ڕازیکردنی لایەنە کوردییەکان تێگەیشتوون.

نهێنی و بەپەلە (٢٧٣)

ژمارە ٢٣٠٠

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ٥ی ئابی١٩٣٠

بەڕێز مێجەر یۆنگ

کۆپیەک لەو لێدوانەتان بۆ دەنێرم کە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندی کردووە لەلایەن منەوە [لەو گەشتەی کە بۆ] کوردستان ئەنجامی دەدەین، بیخوێنمەوە.

هەروەها، کۆپیەک لە ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجێییەکانم هاوپێچ کردووە کە ئەنجوومەنی وەزیران لە هەمان کۆبوونەوەدا پەسەندی کردووە. کۆبوونەوەکە دوێنێ ئێوارە لە خانەی مەندوبی سامی بەڕێوەچوو.

داوا لە بەڕێزت دەکەم بۆ بەفیڕۆ نەدانی کات، ئەو لێدوانەی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی پەسەندکراوە، پەسەند بکەیت.

تکایە ڕێزی من قبوڵ بفەرموو.

خزمەتکارتان

واژوو: جەعفەر ئەلعەسکەری.

H. E. Major H. W. Young. C. M. G., D.S.O

H.B.M’S Acting High Commissioner for Iraq

Baghdad

(ل٢٧٤-٢٧٦)

شـــەرەفمەندمئەم لێدوانـــەی خـــوارەوە ســـەبارەت بـــەو سیاســـەتە دۆســـتانەیەی حکومەتـی عێـراق بخەمـەڕوو کـە بـە نیـازە بـۆ بـە جێگەیاندنـی ئـەو بەڵێنانـەی بـە بـرا و هاونیشـتیمانییە کوردەکانـی داوە کـە بەشـێکی گرنـگ لـە جەسـتەی سیاسـی پاشـایەتی عێـراق پێکدێنـن. مـن ئـەو داواکاریـی و تەلەگرامانـەم بینیـووە کـە لەلایـەن کۆمەڵێـک کەسـایەتی کـورد نێـردراوە و بەرهەڵسـتی خۆیـان لـە دژی نـاو نەبردنـی کـورد لـە پەیماننامـە نوێیەکـدا دەخەنـەڕوو کـە لـەم دواییانـەدا واژووکـراوە.

بـە بـێ ئامـاژەدان بـە هـۆکار و پاڵنەرەکانـی پشـت بەرزکردنـەوەی ئـەم ناڕەزایەتییانـە، ڕایدەگەیینێـم حکومەتـی عێـراق بـە جیـددی ئـەو بەرپرسـیارێتیەی گرتووتـە ئەسـتۆ، تـا ئـەو بەڵێنانـەی بـە مەبەسـتی ڕازیکردنـی خواسـتی بـرا کوردەکانمانـی داوە، بـە تەواوەتـی جێبەجـێ بـکات. هەروەهـا نـەک تـا سـاڵی ١٩٣٢ پابەنـدی ئـەم بەڵێنانـە بێـت، بەڵکـو لـە دوای ئـەم ڕێکەوتـەش لـە جێبەجێکردنـی بەڵێنەکانـی بـەردەوام بێـت.

لــە کاتێکــدا حکومــەت خولیــای بەجێگەیاندنــی ئــەم بەڵێنانــەی ســەرەوەیە، لــە هەمانکاتـدا حکومەتـی خاوەنشـکۆ مەلیـک فەیسـەڵ بڕیاریـداوە هـەر جـۆرە مەیلێـك سـەرکوت بـکات کـە دژی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق، بـە هـەر مەبەسـتێک بێـت، یاخــود ببێتــە هــۆکاری تێکچوونــی بارودۆخــی عێــراق، یــان تێکدانــی پەیوەنــدی دۆسـتانی نێـوان دەوڵەتـی عێـراق و دوو دراوسـێیە دۆسـتەکەی، واتـە تورکیـا و ئێـران.

هەروەهـــا حکومەتـــی عێـــراق بـــە خۆشـــحاڵی و بـــە بـــێ هیـــچ جیاکارییـــەک پێشـوازی لـە پێشـکەوتنی گشـت ڕۆڵەکانـی وڵات لـە کـورد و عـەرەب دەکات، ئەگـەر یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق بپارێـزن. هـەر لـەم ڕوانگەیەوەیـە حکومەتـی عێـراق لـە گشــت قۆناغەکانــدا پێشــکەتووە و ئامادەگــی خۆشــی لــەم ڕووەوە خســتووەتەڕوو.

هەموومـان دەزانیـن ئێمـە بەرپرسـیارێتی بەڕێوەبردنـی کاروبارەکانـی ئـەم وڵاتەمـان لـە ئەسـتۆ گـرت، ئێمـە بـە ڕاشـکاوی ڕاماگەیانـد، ئامادەیـن ڕەشنووسـی یاسـای زمانـی کـوردی ئامـادە بکەیـن و لـەو شـوێنانەدا جێبەجێـی بکەیـن کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی

کوردن. تا ئێستا ئێمە ڕەشنووسی ئەم یاسایەمان تەواو نەکردووە، بەڵام لە گشت بارودۆخێکدا ئێمە ئەم ڕەشنووسە دەخەینە بەردەم خولی داهاتووی پەرلەمان. هاوکات ئێمە فەرمانمان دەرکردووە و داوامان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، تا ئەو شوێنەی مومکین بێت لە بابەتەکانی دادوەریی، کارگێڕیی و پەروەردەییدا پەیڕەوی لەو سیاسەتە بکەن کە لەگەڵ ڕۆحی ئەو ڕێکارانەی دەگونجێت کە لە ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجێییەکاندا ئاماژەی پێدراوە.

هەروەها، حکومەت یاریدەدەرێکی بۆ بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ دامەزراندووە کە شارەزایی لە کاروباری کوردی و لیواکانی باکوور هەیە. هەروەها نووسینگەیەکی وەرگێڕانی کردووتەوە کە ئەرکە سەرەکییەکەی بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ نووسراوە کوردییەکان. حکومەت لێکۆڵەرێکی پەروەردەیشی دامەزراندووە، تا چاودێری قوتابخانەکانی لیوای سلێمانی و هەولێر و کەرکووک بکات. حکومەت بۆ دامەزراندنی لێکۆڵەر و ئەفسەری پۆلیس لە ناوچە کوردییەکاندا بەو مەرجەی کە زمانی کوردی بزانن، هەنگاوی پێویستی ناوە.

ناتوانم کۆتایی بە قسەکانم بهێنم بە بێ سوپاسکردنی بەڕێز کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت، کە لەم گەشتەدا هاوڕێتی کردم، هەروەها ئەم دەرفەتە دەقۆزمە تا بانگێشتی بەڕێزی بکەم، لەم بارەوە ڕوانگەی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیاتان بۆ بخاتەڕوو، بەم جۆرەش ئێوە بە تەواوەتی لەم بابەتانە ئاگادار دەبن و لە لایەن ئەو کەسانەوە فریو نادرێن کە چاویان بە خۆشگوزەرانی ڕاستەقینەی هاووڵاتیانی کورد و پاشایەتی مەلیک فەیسەڵ و دەوڵەتی عێراق هەڵنایێت. هەروەها بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە بە تەواوەتی لەسەر ئەو سیاسەتە هاوڕاین کەبە ئێوەم ڕاگەیاند.

ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجێییەکان (ل٢٧٧-٢٧٩)

**ماددەی ١:** ئەم یاسایە، بە یاسای زمانی خۆجێیەکانی ساڵی ١٩٣٠، ناو دەبردرێت.

**ماددەی ٢:** ئەم یاسایە لەو قەزایانەدا جێبەجێ دەکرێت کە لە مادەی ٣ و مادەی ٤ی ئەم یاسایە ئاماژەیان پێدراوە.

**ماددەی ٣:** زمانی دادگاکان لەم قەزایانەی خوارەوەدا زمانی کوردی دەبێت:

**لیوای مووسڵ:**

(ا) ئامێدی.

(ب)زاخۆ.

(س) زێبار.

(د) ئاکرێ.

**لیوای هەولێر:**

(ێ) کۆی سنجەق.

(ف) ڕانیە.

(ج) (ڕواندز)

**لیوای کەرکووک:**

(ح) گل (Gil)

(ی) چەمچەماڵ

**لیوای سلێمانی:**

(گ) سلێمانی.

(ک) (هەڵەبجە)

(ل) شارباژێڕ.

**مـاددەی ٤:** لـەم قەزایانـەی لـە خـوارەوە ئاماژەیـان پێـدراوە، دەکرێـت زمانـی دادگاکان عەرەبـی، کـوردی یاخـود تورکمانـی بێـت:

**لیوای مووسڵ:**

(ا) دهۆک

(ب) شێخان

**لیوای هەولێر:**

(س) هەولێر.

(د) مەخمور.

**لیوای کەرکووک**

(ێ) کەرکووک

(ف) کفری

لە گشت کەیسەکاندا، دادگا بڕیار دەدات کە چ زمانێک بەکار بهێنرێت.

**مادذەی ٥:** لەگشت کەیسەکاندا کەسی تۆمەتبار ئەم مافانەی هەیە:

**ا** بە زمانی عەرەبی دادگایی (tried) دەکرێت، ئەگەر عەرەبی زمانی دایک بێت.

**ب** مافـی هەیـە گشـت ڕێـکارەکان بـۆی وەرگێڕدرێتـە سـەر زمانـی عەرەبـی، کـوردی یاخود تورکمانـی و داوای کۆپییـەک لـە حوکمەکـە بـکات کـە بـۆ سـەر یەکێـک لـەم زمانانـە وەرگێـڕدرا بێـت، هەروەهـا هـەر کەسـێک دەتوانێـت لـەم قەزایانـەی لـە سـەرەوە ئامـاژە پێـدراوە، داواکاری بـۆ بـەردەم دادگا یـان بـۆ بـەردەم دادگای بـاڵا بـە زمانـی عەرەبـی، کـوردی یاخـود تورکمانـی بـەرز بکاتـەوە.

**مـاددەی ٦:** لـە بابەتەکانـی کارگێڕیـدا، جیـا لـە خزمەتگوزارییـە تەکنیکییـەکان و نامـە گۆڕیینـەوە لـە نێـوان ناوەنـدی لیـواکان و وەزارەتـەکان نەبێـت، پێویسـتە زمانـی کـوردی لـەم قەزایانـەی خـوارەوە بـەکار بهێنرێـت:

**لیوای مووسڵ:**

(ا) ئامێدی.

(ب) ئاکرێ.

(س): دهۆک.

(د) زاخۆ.

(ێ) زێبار

**لیوای هەولێر:**

(ف) هەولێر

(گ) مەخمور.

(ح) کۆیە

(ی) ڕانیە

(ج) ڕواندز.

**لیوای کەرکووک:**

(ک) چەمچەماڵ

(ل) گل (Gil)

**لیوای سلێمانی:**

(م) سلێمانی.

(ن) هەڵەبجە.

(و) شارباژێر.

کوردی یان تورکی لەم قەزایانەی خوارەوە بەکار دێت:

**لیوای کەرکووک**

(پ) کەرکووک.

(ک) کفری.

**مـاددەی ٧:** لـە گشـت قوتابخانـە سـەرەتاییەکانی ئـەو قەزایانـەی لـەم یاسـایادا ئاماژەیـان پێـدراوە بـە پێـی زمانـی دایکـی زۆرینـەی قوتابیـان، زمانـی خوێنـدن عەرەبـی، کـوردی یـان تورکمانـی دەبێـت.

**مـاددەی ٨:** نابـێ هیـچ شـتێک لـەم یاسـایەدا بـە پێچەوانـەی مـادەی ١٧ی یاسـای بنەڕەتـی عێـراق بێـت کـە زمانـی عەرەبـی زمانـی فەرمـی دەوڵەتـە. گشـت هاووڵاتیـان دەتوانـن بـە زمانـی عەرەبـی پەیوەنـدی بـە کاربەدەسـتانەوە بکـەن و پێویسـتە بـە هەمـان زمانیـش وەڵامیـان بدرێتـەوە. بەهـەر حـاڵ، لـە هـەر جـۆرە نووسراوێکـدا، ئەگـەر هـەر زمانێـک بـەکار هـات کـە مـادەی ٦ی ئـەم یاسایە ڕێگـەی پێـداوە، پەسـەند دەکرێـت و بـە هەمـان زمـان کـە [نووسراوەکـە] پێـی نـووسراوە، وەڵام دەدرێتـەوە.

**مـاددەی ٩:** وەزیرەکانـی ناوخـۆ، داد و پـەروەردە بەرپرسـیارن لـە جێبەجێکردنـی ئـەم یاسـایە.

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات (ل ٢٨٠)

ڕێکەوتی ٥ی ئابی

(لــە کاتژمێــری ١٠:٢٨ خولەکــی ئێــوارە لــە ڕێکەوتــی ٥ی ئابــی١٩٣٠، گەیشــتووەتە نووســینگەی موســتەعمەرات).

بەپەلە

ژمــارە٣٦٣. ئامــاژە بــە تەلەگرامەکەتــان بــە ژمــارە ٢٩١ لــە ڕێکەوتــی ٥ی ئــاب. تەلەگرامەکانــم بــە ژمارەکانــی ٣٦٤ و ٣٦٥، پوختەیــەک لــە لێدوانەکــەی مــن و جەعفــەر پاشــا لەخــۆ دەگرێــت. ئەنجوومەنــی وەزیــران یاســای زمانــە خۆجییەکانــی بــەو شــێوەیەی کــە مــن دامرِشــتووە، پێشکەشــی پەرلەمــان کــردووە تــا پەســەندی بــکات، بــەڵام ئــەوان بــە باشــی دەزانــن تــا گەڕانــەوەی نــوری ئــەم یاسایە بــڵاو نەکرێتــەوە، بــەڵام حکومەتــی عێــراق ئامادەیــە ئەگــەر کــوردەکان ویســتیان بەندەکانــی ئــەم یاســایەیان بــۆ ڕوون بکەنــەوە و لەســەر ئــەوە ڕێککەوتیــن کــە منیــش دەتوانــم ئــەم کارە بکــەم.

شــتێکی بــاش دەبێــت ئەگــەر مەلیــک فەیســەڵ و نــوری پاشــا بــە تەلەگرامێــک نیشــان بــدەن کــە ڕێکارەکانیــان پەســەند کــردووە، ئەویــش وەک وەڵامێــک بــۆ تەلەگرامێــک کــە عەلــی چەنــد ڕۆژ لەمــەو بــەر ناردبــووی. هەروەهــا ئامــاژە بــەوە بــدەن کــە ئــەوان ئامــادەن بەرپرســیارێتی لەئەســتۆ بگــرن. عەلــی و جەعفــەر زۆرتــر لــە بێدەنگــی مەلیــک فەیســەڵ دەترســێن، چونــک ئــەو دەتوانێــت هانــی تاقمەکــەی یاســین بــدات کــە کێشــەیان بــۆ دروســت بکــەن.

هیــوادارم هــەر کاتێــک ڕاوێژمــان لەگــەڵ مەلیــک فەیســەڵ کــرد، پێــی ڕابگەیێنرێــت کــە ئێمــە هــەوڵ دەدەیــن لەســەر ئــەم بابەتــە بەپەلــە و ســەختە بگەینــە ڕێککەوتــن و مەلیــک فەیســڵیش بــە باشــی ڕاوێــژی لەگــەڵ نەکــراوە و [باشــترە] دەســت لــەم کارە وەربــدات.

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات (ل ٢٨١)

ڕێکەوتی ٥ی ئابی

(لــە کاتژمێــری ١٢:٥٥ خولەکــی ئێــوارە لــە ڕێکەوتــی ٦ی ئابــی١٩٣٠، گەیشــتووەتە دەســت نووســینگەی موســتەعمەرات).

بەپەلە. ژمارە ٣٦٥.

نێــردراوە بــۆ وەزیــری کاروبــاری موســتەعمەرات. دووبــارە نێــردراوە بــۆ ئێســتانبۆل بــە ژمــارە ٢٨٠ و تــاران بــە ژمــارە ٥٩. پوختــەی لێدوانەکــەم:

لەســـەر داوای حکومەتـــی عێـــراق هاوڕێتـــی ســـەرۆک وەزیـــران بـــە وەکالـــەت دەکــەم بــۆ نیشــاندانی ئــەوەی کــە حکومەتــی بەریتانیــا و حکومەتــی عێــراق یــەک سیاســەتیان هەیــە. گەیشــتن بــە پەیماننامەیەکــی ٢٥ ســاڵە لــەم بــارەوە، ئــاگاداری ئــەو بەرهەڵســتیانەم کــە بــە هــۆی ئامــاژە نــەدان بــە نــاوی کــورد لــە پەیماننامەکــەدا ســەریان هەڵــداوە. هۆکارەکــەش بریتییــە لــەوەی کــە هــەردوو حکومەتەکــە ئەوەیــان بــە پێویســت نەزانــی، ئەویــش بــە هــۆی ئــەو سیاســەتەی ســەرۆک وەزیــران بــە وەکالــەت ئامــاژەی پێکــرد. ئێــوە دەبینــن حکومەتــی عێــراق وەک حکومەتێکــی ڕۆشــنبیر دان بــەوەدا دەنێــت کــە زمانــی کــوردی، زمانــی دایکتــان بێــت. منداڵانــی کــورد ناچــار ناکرێــن یەکــەم وانەیــان لــە قوتابخانەکانــدا، بــە زمانێــک بخوێنــن کــە لێــی تێناگــەن، یاخــود کوردێــک لەبــەردەم دادگا بــە زمانێــک بەرگــری لەخــۆی بــکات کــە لێــی تێنــاگات. ڕێــکارە ئیدارییەکانــی هاوشــێوە نیشــاندەری ئــەوەن کــە حکومەتــی عێــراق هیــچ جیاوازییــەک لــە نێــوان هاوواڵتیانــی کــورد و عەرەبــی پاشــایەتی مەلیــک فەیســەڵدا نــاکات. تــا ئــەو شــوێنەی کــە پەیوەنــدی بــە حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــاوە هەیــە، تەنیــا ئامانجــی ئــەم حکومەتــە بریتییــە لــە دڵنیابــوون لــە دامەزراندنــی عێراقێکــی ســەربەخۆ و ئەنــدام لــە کۆمەڵــەی گــەلان. حکومەتــی بەریتانیــا پشــتگیریی لــە هیــچ جوڵانەوەیەکــی جوداخــوازی کــوردی نــاکات، چونکــە لەگــەڵ ئــەم سیاســەتە

ناگونجێت کە ڕاگەیێنراوە. ئەو لێدوانە نابەرپرسانە دوورن لە ڕاستییەوە کە گوایە ئەوە سیاسەتی پەراوێزخستنی حکومەتی بەریتانیایە کە هانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەدات تا حکومەتی عێراق یاخود دراوسێیە دۆستەکانی، واتە تورکیا و ئێران تووشی گرفت بکات. هەر کەسێکیش بیر لەوە بکاتەوە کە حکومەتی بەریتانیا پاڵپشتی ئەم جۆرە سیاسەتە دەکات، زۆر هەڵەیە. هەردوو حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق خوازیاری پێشکەوتنی ئاشتیخوازانەی عێراقێکی یەکپارچەن و گشت هاووڵاتیان ڕەچاوی ئەوە بکەن کە گرنگترین ئامانج ئەوەیە ئەوان عێراقیی باش بن. کۆتایی.

نهێنی و بەپەلە (ل٢٨٢)

ژمارە (P. O. 176)

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

بەغدا، ٦ی ئابی١٩٣٠.

بەڕێز سەرۆک وەزیران...

مێجەر ئۆنگ ڕایسپاردووم وەڵامی نامەکەتان بە ژمارە ٢٢٧١، بە ڕێکەوتی ٤ی ئابی١٩٣٠ بدەمەوە کە لەگەڵ تەلەگرامی شاندی عێراق لە ئەنقەرە هاوپێچکرابوو کە تایبەت بوو بە پرسی سنووری نێوان عێراق و تورکیا. بەڕێز کۆمسیاری باڵا پێشنیازی کردووە بەڕێزت دەتوانی وەڵامی ناڕەزایەتییەکانی حوکمەتی تورکیا بدەیەتەوە کە بڵێیت حکومەتی عێراق بە مسۆگەریی ڕەتیدەکاتەوە هیچ پاڵپشتیەکی لە هەر جۆرە جوڵانەوەیەکی کوردی لە دژی حکومەتی تورکیا کردبێت. هەروەها حکومەتی عێراق گشت تواناکانی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی خێڵەکانی سەر سنوور بەکارهێناوە، بەڵام هەر وەک حکومەتی تورکیا ئاگادارە، ئەمە کارێکی ئاسان نییە. هەروەها حکومەتی تورکیا دڵنیا بکاتەوە کە هەر جۆرە مەیلێکی جوداخوازیی لەلایەن خێڵە کوردییەکان لە عێراق بە توندی بەرپەرچ دەدرێتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە بکات کە سیاسەتی حکومەتی عێراق بریتییە لەوەی کورد وەک عێراقییەکی باش ڕەفتار بکەن و هیچ گرفتێک بۆ وڵاتی خۆیان یاخود بو وڵاتانی دراوسێ دروست نەکەن.

خزمەتکارتان

واژوو: Pearson

His Excellency

Ja'far Pasha al Askari, G. M. G

Baghdad ,Acting President of the Council of Ministers

٨/٦ (ل٢٨٣)

Mr. Hall

Sir. G. Geindle 6 at once

بابەت: ڕەزامەندی سێر هامفریس

(٣٠/٧٨٣١٥)

دووبـارە دارشـتنەوەی تەلەگرامـی وەزیـری موسـتەعمەرات بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق.

(لە کاتژمێر ٨ی ئێوارە، لە ڕێکەوتی ٦ی ئابی١٩٣٠ نێردراوە).

بەپەلە. ژمارە ٢٩٣.

ئامـاژە بـە تەلەگرامەکانتـان بـە ژمارەکانـی ٣٦٣. ٣٦٤ و ٣٦٥ لـە ڕێکەوتـی ٥ی ئـاب سـەبارەت بـە سیاسـەتی کـورد. لەسـەر ڕەشنووسـی لێدوانەکـەت کـە کورتەیەکـەی لـە تەلەگرامەکانتـان بـە ژمارەکانـی ٣٦٤ و ٣٦٥ ئامـاژەی پێـدراوە، ڕازیـم، بـەڵام خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر بکرێـت ئـەم دەسـتەواژەیەی خـوارەوە لـە دوای ڕسـتەیێک کـە لـە تەلەگرامی ژمـارە ٣٦٥ هاتـووە و بـە وشـەکانی ‹کۆمەڵـەی گـەلان› بـە کۆتـا دێـت زیـاد بکەیـت.

دەسـتەوەژاەکە بـەم شـێوەیە دەسـت پێـدەکات «ئـەوان دڵنیـان حکومەتـی عێـراق گشـت ئـەو بەڵێنانـەی پەیوەسـتن بـە کـورد جێبەجـێ دەکات، کـە لەلایـەن حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـاوە لەبـری حکومەتـی عێـراق ئـەم بەڵێنانـە بـە کۆمەڵـەی گـەلان دراوە، بـەڵام ئـەوان [واتـە حکومەتـی بەریتانیـا] پاڵپشـتی ناکـەن لـە...». کۆتایـی.

بـە پێـی ئـەو هێڵانـەی بەڕێـزت لـە تەلەگرامـی ژمـارە ٣٦٣ پێشـنیازت کـردووە، سـێر هامفریـس داوای لـە مەلیـک فەیسـەڵ کـردووە تەلەگرامێـک بـۆ مەلیـک عەلـی بنێرێـت. لـە قوڵایـی دڵـەوە پیرۆزبایـی لەبەڕێـزت دەکـەم کـە توانیووتـە لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق لەسـەر پرسـە جیـاواز و گرنگـەکان بگەیـە ڕێککەوتـن.

Copy to F.O and I.O

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات  (ل٢٨٤)

٦ی ئاب

(لــە کاتژمێــر ٣:٥ خولەکــی بەیانــی لــە ڕێکەوتــی ٦ی ئابــی١٩٣٠ گەیشــتووەتە نووســینگەی  موســتەعمەرات).

بەپەلە. ژمارە ٣٦٤.

نێــردراوە بــۆ وەزیــری کاروبــاری موســتەعمەرات، وێنەیــەك نێــردراوە بــۆ ئێســتانبۆڵ بــە ژمــارە ٢٧٩، بــۆ تــاران بــە ژمــارە ٥٨. لێدوانــی ســەرۆک وەزیــران. کورتــە. دەســت پێــدەکات بــە خوازیــارم بــەو سیاســەت دۆســتانەیە دەســت پێبکــەم کــە حکومەتــی عێــراق بــە نیــازە پەیــڕەوی لێبــکات، تــا ئــەو بەڵێنانــەی بــە بــرا کوردەکانمانــی داوە جێبەجــێ بــکات. ئــاگاداری ئــەو بەرهەڵســتکاریانەین کــە بــە هــۆی ئامــاژە نــەدان بــە نــاوی کــورد لــە پەیماننامەکــە ســەریهەڵداوە، بــە بــێ چوونــە نــاو هــۆکاری ســەرەکی ئــەم ئامــاژە پێنەکردنــەوە، ڕایدەگەیێنــم حکومەتــی عێــراق نــەک تــا ســاڵی ١٩٣٢، بەڵکــو لــە دوای ئــەم ڕێکەوتــەش بــە تونــدی پێداگــری لەســەر جێبەجێکردنــی بەڵێنەکانــی دەکات. لــە هەمــان کاتــدا ئــەم دوو حکومەتــە بڕیاریانــداوە لــە دژی هــەر جــۆرە جوڵانەوەیــەک بوەســتنەوە کــە لــە دژی یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق بێــت، یاخــود لــە دژی پەیوەنــدی دۆســتانەی نێــوان عێــراق و دراوســێکانی واتــە ئێــران و تورکیــا بێــت.

ئێمــە، بــە بــێ جیــاکاری لــە نێــوان کــورد و عــەرەب پێشــوازی لــە پێشــکەوتنی نەوەکانــی عێــراق دەکەیــن. لــەم ڕووەوە ئێمــە هەنگاومــان بــەرەو پێشــەوە نــاوە و بــۆ هێنانــەدی ئــەم مەبەســتەش ئامادەگــی خۆمــان لــە گشــت قۆناغەکانــدا ڕادەگەیێنیــن و ئــەو هەنــگاوەش هــەر یەکســەر لــە دوای ئــەوەی حکومەتمــان لــە ئەســتۆ گــرت بــە دەرکردنــی ڕەشنووســی یاســای زمانــەکان دەســت پێدەکەیــن. یاســاکە دەرکــراوە و لــە یەکــەم دەرفەتــدا ئــەم یاسایە دەخەینــە بــەردەم پەرلەمــان. هەروەهــا فەرمــان بــە بەشــەکان کــراوە، تــا ئــەو جێگەیــەی مومکیــن بێــت لــە بوارەکانــی دادوەری، کارگێــڕی

و پـەروەردەدا بـە پێـی ڕەشنووسـی یاسـاکە کار بکـەن.

حکومـەت یاریدەرێکـی بـۆ بەڕێوەبـەری گشـتی لـە وەزارەتـی ناوخـۆ دامەزرانـدووە، نووسـینگەی وەرگێڕانیشـی کردووتـەوە و لێکۆڵەریشـی بـۆ قوتابخانـەی ناوچەکانـی کـورد دامەزرانـدووە. ڕێـکاری پێویسـت گیراونەتەبـەر بـۆ دامەزراندنـی ئەفسـەری پۆلیـس کـە زمانـی کـوردی بزانـن.

مـن سوپاسـی هاتنـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت دەکـەم کـە هاتـووە نیشـانی بـدات هـەردوو حکومەتەکـە تـەواو هـاوڕان. هەروەهـا پێویسـتە ئێـوە لـە لایـەن کەسـە بـێ بەرپرسـیارێتییەکانەوە فریـو نەدرێـن کـە چاویـان بـە خۆشـگوزەرانی ڕاسـتەقینەی هاووڵاتیانـی کـورد لـە پاشـایەتی مەلیـک فەیسـەڵ و دەوڵەتـی عێـراق هەڵنایێـت. مـن بانگێشـتی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت دەکـەم کـە بێـت قسـە بـکات. کۆتایـی.

ژمارە ۲۳۲۵ (ل۲۸۵)

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ٦ی ئابی۱۹۳۰

بەڕێز مێجەر یۆنگ

کۆپیەکـی هاوپێچکـراو لـە بڕیـاری ئەنجومەنـی وەزیرانتـان بـۆ ڕەوان دەکـەم کـە ئەمڕۆکـە دەرکـراوە و دەسـەڵاتی بـە بەڕێـزت و بـە وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان داوە وەڵامـی پرسـی پەیوەسـت بـە یاسـای زمانـە خۆجییـەکان بدەنـەوە کـە لەوانەیـە لـەم بـارەوە لـە گەشـتەکەیان بـۆ ناوچـەی باکـوور، ڕووبـەڕووی ئـەم پرسـیارە ببنـەوە.

تکایە ڕێزم قبوڵ بفەرموو.

خزمەتکارتان...

واژوو: جەحفەر ئەلعەسکەری.

His Excellancy Major Hubert Young, C. M. G., D.S.O

His Britannic Majesty’s Acting High Commissioner for Iraq

Baghdad

لە بەدواداچوون بۆ ناوەڕۆکی نامەی سەرۆکی دیوانی پاشایەتی بە ژمارە ٣٤٢ لە ڕێکەوتی ٦ی ئابی١٩٣٠، ئەمڕۆ ئەنجوومەنی وەزیران گەیشتە ئەم بڕیارەی خوارەوە:

ئەنجوومەنی وەزیران هیچ زیانێک نابینێت کە کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت یاخود هەر وەزیرێکیتر وەڵامی پرسیاری یاسای زمانە خۆجێییەکان بدەنەوە، کە لەوانەی لەم بارەوە ئەم پرسیارەیان ئاڕاستە بکرێت».

واژوو:

کەریم بافی

بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران

٦ی ئابی١٩٣٠.

نـووسراوی هاوپێچکـراوی کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق لـە ڕێکەوتـی ١٣ی ئابـی١٩٣٠ (ل٢٨٧)

نهێنی

ژمارە ٣٥٠١

وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.

بەغدا، ٩ی ئابی١٩٣٠.

بۆ:

سەرۆکی دیوانی پاشایەتی.

بـۆ زانیـاری بەڕێزتـان، کۆپیـەک لـە نامەکەمـان بـە ژمـارە ٢٤٩٥ لـە ڕێکەوتـی ٩ی ئابـی ١٩٣٠ بـۆت دەنێـرم کـە ئاڕاسـتەی وەزیـری ڕێپێـدراوی تورکیـا لـە بەغـدا کـراوە و پەیوەسـتە بـە بزاوتـی کـورد و حکومەتـی بەغـدا.

واژوو: عەبدولئەنەس ئەلموزەفەر.

وەزیری کاروباری دەرەوە بە وەکالەت.

کۆپیەک بۆ:

سـکرتاریەت، خانـەی مەندوبـی سـامی، ژێـدەری ئـەم نامەیـە بریتییـە لـە ژمـارە (P.O/176) بـە ڕێکەوتـی ٦ی ئابـی١٩٣٠.

وەرگێڕانـــی نامـــەی ژمـــارە ٢٤٩٥ لـــە ڕێکەوتـــی ٩/٦ی ئابـــی١٩٣٠، لەلایـــەن وەزیـــری کاروبـــاری دەرەوەی عێـــراق بـــە وەکالـــەت بـــۆ وەزیـــری ڕێپێـــدراوی تورکیـــا لـــە بەغـــدا.

بەڕێز وەزیر..

لـە ڕێکەوتـی ٢ی ئابـی١٩٣٠، حکومەتـی عێـراق لـە ڕێگـەی نوێنەرەکـەی لـە ئەنقـەرە، یاداشـتێکی لەلایـەن وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی تورکیـای بە دەسـت گەیشـت، بـاس لەوە دەکات کـە هەندێـك جوڵانـەوە لەلایـەن خێڵـی هەرکییـەوە لەسـەر سـنووری عێراق-تورکیـا ئەنجامـدراوە و ئـەم جوڵانەوەیـەش بـە ڕەزامەندی حکومەتـی عێراق بووە، بۆیـە حکومەتی تورکیـا داوای کـردووە بـە زووتریـن کات کۆتایـی بـەم جـۆرە کردەوانـە بهێنرێت.

شەرەفمەندمبە بەڕێزت ڕابگەیێنم تا لە نزیکترین دەرفەتدا بە وەزیری کاروباری دەرەوە تورکیا لە ئەنقەرە ڕابگەیێنێت کە حکومەتی عێراق بە تەواوەتی هەر جۆرە تۆمەتێك ڕەت دەکاتەوە کە گوایە ئەوان بە شێوەیەک لە شێوەکان هانی جوڵانەوەی کورد لە دژی حکومەتی تورکیا دەدەن. هەروەها حکومەتی عێراق بۆ دەربڕینی سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر ئەم جۆرە بیرۆکەیە کە لە مێشکی حکومەتی کۆماری تورکیادا دەگوزەرێت، هیچ وشەیەک نادۆزێتەوە.

لە ڕوانگەی خوازیار بوون بۆ پتەوکردنی پەیوەندی دوو لایەنە، حکومەتی عێراق گشت هەوڵەکانی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی خێڵەکانی سەر سنوور بەکارهێناوە، ئەمەو سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی لەم بارەوە دێنە پێشەوە و خودی حکومەتی تورکیاش لێی ئاگادارە، حکومەتی تورکیا دڵنیا دەکەمەوە کە حکومەتی عێراق گشت تواناکانی خۆی وەگەڕخستووە بۆ سەرکوتکردنی هەر جۆرە جوڵانەوەیەکی جوادخوازی کە لەوانەیە لەلایەن خێڵە کوردییەکانەوە هەوڵی بۆ بدرێت، سیاسەتی نەگۆڕی حکومەتی عێراق بریتییە لە نیشتەجێکردنی ئەو کەسانە «وەک هاووڵاتی دەوڵەتی عێراق»، تا ئەم خێڵانە هیچ گرفتێک بۆ حکومەتی عێراق یاخود بۆ حکومەتە دراوسێکانی عێراق دروست نەکەن.

لـەو بڕوایـەدام بەڕێـزت باشـترین نێـردەی بـۆ گەیاندنـی وەڵامـی حکومەتـی عێـراق بـۆ بەڕێـز وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی تورکیـا لـە ئەنقـەرە.

لەگەڵ ڕێزدا.

دووبـاره دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـری موسـتەعمەرات (ل٢٨٩)

١١ی ئابی١٩٣٠.

(لـە کاتژمێـر ١٠:٥٠ خولەکـی بەیانـی لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئابـی١٩٣٠، گەیشـتووەتە دەسـت نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

بەپەلە

ژماره ٣٧١.

داواکاریـی کەسـایەتییەکانی کـورد کـە ئاڕاسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان کـراوە، گەیشـتە دەسـتم.

سـکرتاریەتی کۆمەڵـەی گـەلان ئەم داواکارییانـەی بـۆ داواکارەکان نێردراوەتەوە و دوایان لێکـراوە دەبـێ ئـەم داواکارییانـە لـە ڕێگەی دەسـەڵاتی ئینتیدابـەوە بـەرز بکرێتەوە.

ئێسـتا مـن بـە نیـازم بـە داواکارەکان بڵێـم کـە ناتوانـم داواکارییەکانیـان بـەرز بکەمەوە، ئەگـەر ئـەم داواکارییانـە لـە ڕێگـەی حکومەتـی عێـراق بـۆ مـن نەنێردرێـن. ئایا دەسـەڵاتی ئەنجامدانـی ئـەم کارەم هەیە؟

خۆشـحاڵ دەبـم پێـش ئـەوەی سـبەی ناوچەکانـی کـورد بەجـێ بهێڵـم وەڵامـم بدەیتـەوە. تکایـە وەڵامەکـە بـۆ بەغـدا تەلەگـرام بکـە. کۆتایـی پەیامەکـە.

(ل ٢٩٠)

Mr. Bowyer 11/8. Mr. Hall 11/8

Sir G. Grindle 11 at once

78315/30

ئامــاژە بــە تەلەگرامەکــەت بــە ژمــارە ٣٧١ لــە ڕێکەوتــی ١١ی ئــاب، تایبــەت بــە داواکارییەکانــی کــورد.

ئێمـە ناتوانیـن پێداگـری لەسـەر ئـەوە بکەیـن کـە دەبـێ ئـەم داواکارییانـە لـە ڕێگـەی حکومەتـی عێراقـەوە پێشـکەش بکرێـن، چونکـە لـەم بـارەوە حکومەتـی عێـراق هیـچ پێگەیەکـی بەرانبـەر کۆمەڵـەی گەلانـدا نییـە.

بـە بـڕوای مـن باشـترە لـە گشـت حاڵەتێکـدا، بەڕێـزت داواکارییـەکان وەرگریـت و بـۆ منـی بنێریـت. لـە هەمانکاتـدا تێبینییەکانـی حکومەتـی عێـراق وەربگـرە و داوکارەکانیـش لـەم کارە ئـاگادار بکـەوە.

باشترە بۆ حکومەتی عێراق ناوی داواکارەکان ئاشکرا نەکەیت.

مـن لـە واژووکارەکان کۆپیـەک لـە تەلەگرامـی ژمـارە ٥٥ لـە ڕێکەوتـی ٢٦ی تەمـووز بـە دەسـتم گەیشـتووە کـە ئاڕاسـتەی سـکرتێری کۆمەڵـەی گـەلان کـراوە، کـە لەلایـەن عەزمـی بەگـی بابـان و کەسـانیترەوە واژوو کـراوە.

Copy of paraphrase this tel. under reference to F. O., L. F. F. imfn. A. M

زۆر نهێنی (ل٢٩١-٢٩٧)

نووسینگەی خزمەتگوزاری تایبەت (Special Service Office)

سلێمانی.

ڕاپۆرتی ژمارە (I/S/I/11) ڕێکەوتەکەی کۆتایی ١٢ی ئابیە.

ناوەڕۆک

ڕووداوەکانی سلێمانی پێش سەردان و لە میانەی سەردانی بەڕێز کۆمسیاری باڵای بەریتانیا و بەڕێز سەرۆک وەزیرانی عێراق.

*******

**ڕووداوەکانی سلێمانی پێش سەردانی بەڕێزان**

بەتالیۆنی ٣.

لە ڕێکەوتی ٢ی ئاب سوپای عێراق لە ناکاو لە پێنجوێن گەیشتە [سلێمانی]، نە لێکۆڵەری کارگێڕیی و نە موتەسەڕیف لەم جوڵەی سوپا ئاگادار نەکرابوونەوە.

بە ئاماژەدان بە تەلەگرامەکەتان سەبارەت بە فواد، تەرجومانی پێشووی تورکیا (Turkish Dragoman)، ئەم کەسە لە ڕێکەوتی ٦ی مانگ گەیشتە سلێمانی. ئەو لەگەڵ هەر یەک لە غەریب فەتاح چەلەبی (خاوەن زەوی)، مەجید ئەفەندی ڕەسوڵ بەگ (خاوەن زەوی) ئەحەڕەش تەوفیق ئەفەندی شەل (مامۆستای قوتابخانە) و تەوفیق ئەفەندی و ئەفسەرێکی تورکی ماردین کە نزیکەی ٢٠ ڕۆژ لەمەوبەر گەیشتووەتە سلێمانی کۆبووەتەوە. ئەم کەسانە لەگەڵ سوڵتان ئەفەندی، ئەفسەری پێشووی تورکیا و ئەحمەد بەگ، جێماوەکانی حزبێکی کۆنی لایەنگری تورکیان و ئێستا ژمارەیان لە پانزدە کەس دەرباز ناکات. ئەستەمە بە دڵنیاییەوە جۆری چالاکییەکانی فواد دیار بکەین.

بە هۆی سەردانەکەی کۆمسیاری باڵا و سەرۆک وەزیران جۆشوخرۆشی

سیاسـی لـە ئاسـتێکی بەرزدایـە. دەسـتەی شـێخ ئەحمـەد لـە ڕێگـەی بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدەی بـەردەوام، توانیویەتـی کۆنتڕۆڵـی گشـت چیـن و توێژەکانـی نـاو شـار، سـەرۆک خێڵـەکان و ئاغـاکان بـکات و لـەو ناوچانـەوە هاتـوون کـە پشـتیوانی سەرسـەختی چالاکییەکانـی شـێخ قـادرن.

ڕەمـزی ئەفەنـدی و تەوفیـق قـەزاز، چوونەتـە کەرکـووک تـا پێـش کۆبوونـەوەی [سـەرۆک وەزیـران و کۆمسـیاری بـاڵا] لـەم شـارەدا، لـە نـاو ناسیۆنالیسـتەکاندا کار بکـەن، هەروەهـا لـە چەمچەمـاڵ ژمارەیەکـی زۆری ئەندامانـی خێڵـی جـاف کـۆ بکەنـەوە تـا کاتێـک کۆمسـیاری بـاڵا بـەرەو سـلێمانی دەچێـت، چاویـان بـە کۆمیسـار بکەوێـت.

هەروەهـا لـەم هەفتەیـەدا پڕوپاگەنـدەی لایەنگـری حکومەتـی عێراقیـش چـالاک بـوون. یـەک یـان دوو مـەلا بـە نـاوی مـەلا عەزیـز کـە خەڵکـی پیـرس (نزیـک هەڵەبجە)یـە و بابـا ڕەسـوڵ خەڵکـی ئۆبـا عوبەیـدە (Obah Obaidah)، لـە نێـوان خورمـاڵ و هەڵەبجـە، گەیشـتوونەتە سـلێمانی و چالاکـی لایەنگـری عـەرەب و دژە ئاشـوری ئەنجـام دەدەن.

لـە ٩ی مانگـی ئـاب، فایـق تاپـۆ لـە کەرکووکـەوە گەیشـتە سـلێمانی و هەوڵیـدا لێـدوان بـدات بـۆ پشـتگیریی لـە حکومەتـی عـەرەب و ڕایگەیانـد دەبێتـە موتەسـەڕیف و شـوێنی تەوفیـق وەهبـی دەگرێتـەوە. منداڵانـی قوتابخانـە ئەویـان ڕاوەدونـا و ئەویـش ناچـار بـوو پەنـا بباتـە بـەر بنکـەی پۆلیـس. لـە بنکـەی پۆلیـس فایـق تاپـۆ خرایـە نـاو ئۆتۆمۆبێلێـک و نێردرایـەوە کەرکـووک و هۆشـداری پێـدرا کـە نەگەڕێتـەوە.

ئـەو ئەفسـەرانەی سـوپای عێـراق کـە لـە سـلێمانی گەڕاونەتـەوە بـە مەبەسـتی پشـتیوانی کـردن لـە حکومەتەکەیـان پڕوپاگەندەیـان بڵاوکـردەوە. ڕاپۆرتـەکان بـاس لـەوە دەکـەن کـە بـە حەمیـد چالچـی ئەمیـر ئەلمونتەقـر، ئەفسـەر لـە سـوپای عێـراق، گووتـراوە ئەفسـەرە عەرەبەکانـی سـوپای عێـراق بـە هاوشـانی لەگـەڵ ئەفسـەرانی سـوپای بەریتانیـا لـە هـەر جـۆرە بارودۆخێکـدا لـە دژی سـوپای تورکیـا ناجەنگـن و هەروەهـا ئامـۆژگاری کـورد دەکـەن کـە لەگـەڵ بەریتانییـەکان هەڵسـوکەوت نەکـەن،

کـە هێزەکەیـان بـە هـۆی چالاکـی بێلشـێڤیکی لـە هیندوسـتان، وەک خـۆی ماوەتـەوە. پڕوپاگەنـدەی هاوشـێوە لەلایـەن ئەفسـەرێکی بەتالیۆنـی ٣ بـە نـاوی سـدقی، کـە هۆشداریشـی پێـدراوە، بـڵاو دەکرێتـەوە.

ژێدەر ڕاپۆرتی ژمارە (I/S/I/10) لە ڕێکەوتی شەشی ئاب بەشی ١ (c).

شـێخ عەلـی عەلائەدیـن مەزبەتەیەکـی نـاردووە و داوای سـەربەخۆیی بـۆ کـورد دەکات و لـە ڕێگـەی هەمـان پەیامنێـرەوە نامەیەکـی بـۆ جەعفـەر پاشـا نـاردووە و هیـوادەر جەعفـەر پاشـا لـە سـەردانەکەی سـەرکەوتوو بێـت.

## گەیشتنی کۆمسیاری باڵا و سەرۆک وەزیران

لـە فرۆکەخانـە کە خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە، چادر هەڵدرابوون و کەپر دروسـتکرابوون. دوای ماوەیەکـی کـەم لـە گەیشـتنی کۆمسـیاری بـاڵا و سـەرۆک وەزیـران، ئـەوان ئـاگادار کرانـەوە، فایـق تاپـۆ، کـە ڕۆژی پێشـتر سـلێمانی بەجێهێشـتبوو، لـە نێـوان کەسـایەتییە نـاودارەکان بـوو. تەوفیـق قـەزاز پێـی گووتـم دەکـرێ بەرپەرچدانـەوەی خەڵـک سـەبارەت بـەو هەسـتە ناخۆشـەی لـە بەرامبـەر ئـەودا هەیانـە، وەک بەڵگەیـەک بـەکار بهێنرێـت. من هەوڵمـدا ئاگادارکردنەوەیـەک بـۆ ئەفسـەری لێکۆڵـەری پۆلیـس بنێـرم کـە لـە ڕێگـە بـوو تـا چـاوی بـە کۆمسـیاری بـاڵا بکەوێـت، بـەڵام نامەکـەی مـن بـە دەسـتی نەگەیشـتبوو.

کەسـایەتییە نـاودارەکان کاتژمێـر ١١:٣٠ خولـەک گەیشـتن و فایـق لـە نـاو یەکێـک لـە ئۆتۆمۆبێلـە ناوازەکانـدا بـوو. بەشـێک لـە خەڵـک هێرشـیان کـردە سـەر فایـەق و بەردیـان لـە سـەر و چـاوی فایـق گـرت و جامـی پێشـەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەیـان شـکاند. ئـەو پەنـای بـردە بـەر پاسـەوانەکان و لەگـەڵ پاسـەوانەکاندا بـۆ بنکـەی [سـوپا] گەڕایـەوە.

ئـەو کەسـایەتییانەی ئـاگادار نەبـوون چـی ڕوو دەدات، بـە درێـژای ١٠٠ یاردێـک بـە پێ هاتـن و دواتـر خەڵـک بـە چەپڵـە ڕێزانـەوە پێشـوازیان لـەم کەسـایەتیانە و [کۆمسـیاری بـاڵا و سـەرۆک وەزیـران] کـرد، بـەڵام دواتـر دەرکـەوت کـە ئـەم پێشـوازی و چەپڵـە ڕێزانـە تەنیـا بـۆ کۆمیسـاری بـاڵا بـووە.

دواتـر ئـەم دەقـەی خـوارەوە لەلایـەن قوتابییـەک کـە بـە ئینگلیـزی قسـەی دەکـرد پێشکەشـکرا:

بەڕێز...

بەوپـەڕی خۆشـحاڵییەوە، قوتابییـە کوردەکان شـانازی ئەوەیـان هەیـە کـە بەخێرهاتنـی ئێـوە بـۆ کوردسـتان بکـەن. ئێمە هەمیشـە بـە شـانازییەوە ئـەم ڕۆژە پشـووە وەبیردێنینەوە و بـە هێمایەکـی بەختەوەریـی هەژمـاری دەکەین.

بـۆ هەمـوو کەسـێک ئاشـکرایە کـە بەڕێزتـان هەمیشـە بـۆ بەختەوەریـی، پێشـکەوتن و داننـان بـە مافـە سروشـتیەکانی گەلـی سـەرکوتکراو و دواکەتـوو هەوڵتانـداوە.

هەروەهــا هەمــوو جیهانیــش زۆر بــە باشــی دەزانێــت کــە ئێــوە خزمەتــی باشــتان پێشــکەش بــە پێشــکەوتن و بەشارســتانی بوونــی مرۆڤایەتــی کــردووە.

ئێمـەی کـورد چاوەڕوانـی ئـەم دیارییـە پـڕ بەهـا و گـەورەی ئێوەین کـە لەم سـەردانەی بەڕێزتـان بـە ئێمـە بدرێت.

کاتێـک داندەنرێـت بـە مافـە ڕەواکانـی ئێمـە، ئێمـە هیواداریـن بـە پشـتگیریی بەڕێـزت پـەروەردەی ئێمـە تا ئاسـتێکی بـەرز پێشـکەوێت.

ئێمـە زۆر بـە باشـی ئاگاداریـن کـە زۆرێـک لـە نەتـەوەکان لەلایـەن ئێـوە، مەشـق و ڕاهێنانیـان پێـوە کـراوە. ئێمـە دڵنیایـن کـە ئێمـە بەکەڵکـی ئێـوەی بەڕێـز دێیـن.

ئەمـڕۆ چـاوە نیگـەران و چاوەڕوانکراوەکانـی کـورد، بـە بینینـی ئێـوە درەوشـایەوە. وڵاتـی کـوردان، هیواخـوازە لەژێـر سـێبەری حکومەتـی بەریتانیـا گەشـە بـکات.

**هەر بژی حکومەتی بەریتانیا.**

**هەر بژی بەڕێزت کە پشتگیریی لە کورد دەکەیت.**

هەر وەک دەبینین ئەم گوتارە تەنیا ئاراستەی کۆمسیاری باڵا کراوە و بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق ناکات. ئەمەش بە ئەنقەست لەلایەن قسەکەرەوەکەوە ئەنجامدراوە کە ڕووی کردووتە مێجەر یۆنگ و جەعفەر پاشای پشتگوێ خستووە.

مێجـەر یۆنـگ هەوڵیـدا بارودۆخـە قوڕسـەکە ئـارام بکاتەوە، ئەمـەش بـە دڵنیاکردنەوەی جەعفـەر پاشـا بـە پێداگریکـردن لەسـەر ئـەوەی کـە گوتارەکـە ئاڕاسـتەی هەردووکیـان کـراوە، بـەڵام کاتێـک قسـەکەرەکە بـە دەنگـی بـەرزەوە ڕایگەیانـد کـە گوتارەکـە ئاڕاسـتەی سـەرۆک وەزیـران نەکـراوە، بارودۆخەکـە خراپـتر بـوو.

ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ شـێخ قـادر هاتـەماڵەکـەم و گووتـی ڕێـکارەکان گیراونەتەبـەر بـۆ ئـەوەی کۆوبوونەوەکـە سـبەی بەیانـی ئەنجـام بدرێـت و گوتـی، فەرمـان دراوە، حاجـی مسـتەفا پاشـا، غەریـب فەتـاح چەلەبـی و دوو لـە هاوڕێیانـی غەریـب فەتـاح کـە لایەنگـری لـە حکومەتـی عـەرەب دەکـەن، قسـە بکـەن، بـەڵام ڕەمـزی ئەفەنـدی و

چەندیـن لایەنگرانـی سـەرەکی شـێخ قـادر، ئـەم کارەیـان پەسـەند نەکـردووە. هیـچ شـتێک لـەوە خراپـتر نییـە کـە غەریـب چەلەبـی و هاوڕێکانـی لەگـەڵ ئـەو کەسـانە یەکـتر بگـرن کـە فـواد پشـتگیریان لێـدەکات.

شـیخ قـادر گووتـی، ئـەو لەلایـەن دەسـتەکەیەوە ڕاسـپێردراوە تـا داوا لـە مـن بـکات کۆمسـیاری بـاڵا ئـاگادار بکەمـەوە ئـەوان بڕیـاری بایکۆتکردنـی کۆبوونەوەکەیـان داوە، تەنیـا ئەوکاتـە نەبێـت کـە دەرفـەت بـە نوێنەرەکانیـان بدرێـت و بـە دادپەروەرانـە گـوێ لـە قسـەکانیان بگیردرێـت. ئـەم پەیامـەم بـە کۆمسـیاری بـاڵا گەیانـد و پێـم گوتـرا داوکارییەکانیـان ڕەچـاو دەکرێـت. لـە ئێـوارەی هەمـان ڕۆژدا کۆمسـیاری بـاڵا، سـەرۆک وەزیرانـی لـەم بابەتـە ئـاگادار کـردەوە.

*******

**کۆبوونەوەی نێوان بەڕێز کۆمسیاری باڵا و سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ نوێنەرانی کورد.**

ڕۆژی دووشـەممە، دەوروبـەری کاتژمێـر ٨ی بەیانـی (نزیکـەی یـەک کاتژمێـر پێـش کۆبوونەوەکـە) مـن ئـاگادار کرامـەوە کـە شـار پـڕ بـووە لـە سـەرباز و چەکـی ئۆتۆماتیکـی لـە چەندیـن شـوێنی شـارەکەدا جێگیـر کـراوە. هـەر وەک چـاوەڕوان دەکـرا، ئەمـەش خراپتریـن کاریگەریـی لەسـەر کەشـی گشـتی دروسـتکرد. بـەرەو ئـەو شـوێنانە چـووم کـە ئاماژەیـان پێـدرا بـوو و دوو چەکـی ئۆتۆماتیکیـم بینـی کـە لـە مەیدانـی بەرامبـەر سـەرا جێگیـر کرابـوون و بـەرەو بـازاڕ نیشـانەیان گرتبـوو. ئـەو ڕێگەیـەی بـۆ ئـەم مەیدانـە دێـت نزیکـەی ٥٠ سـەرباز تێیـدا بڵاوکرابوونـەوە کـە هەریەکێکیـان نزیکـەی ١٠ پارچـە چـەک و تەقەمەنـی پـێ بـوو.

لـە گۆڕەپانێکـی کـراوە لـە بەرامبـەر مزگـەوت پـتر لـە شـەش چەکـی ئۆتۆماتیکـی جێگیـر کرابـوون. ئـەم بابەتـەم بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـەرز کـردەوە و ئەویـش هـۆکاری ئـەم جـۆرە ئامادەکارییـەی لـە سـەرۆک وەزیـران پرسـی و داوای کـرد پاشەکشـە بـە سـەربازەکان بکرێـت.

بە گەیشتنی کۆمسیاری باڵا و سەرۆک وەزیران بۆ سەرا، سەربازی زۆرتر بە ڕم و تفەنگ جێگیر کرابوون. هەروەها گاردی شەرەفیش چوار چەکی ئۆتۆماتیکییان پێبوو. لەم کاتەدا ئەفسەری لێکۆڵەری پۆلیس گەیشتە شوێنەکە و گووتی تا ئەوکاتەی سەربازەکان پاشەکشە نەکەن ئەو هیچ بەرپرسیارێتییەک لە ئەستۆ ناگرێت. سەرەڕای ڕێنماییەکانی کۆمسیاری باڵا بۆ سەرۆک وەزیران، بەڵام لە کاتی کۆبوونەوەکەدا سێ پارچە چەکیتری ئۆتۆماتیکی لەبەردەم سەرا جێگیر کران.

لە کاتی کۆبوونەوەکەدا، تێبینیکرا کە نە حاجی مستەفا پاشا و نە غەریب چەلەبی و هاوڕێکانی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە نەبوون، هۆکاری ئەم کارەش ئاشکرا نییە. تەنیا لایەنگرێکی حکومەت کە ئامادە بوو حاجی مەلا محێدین بوو، ئەویش هیچ بەشدارییەکی لە دەرکردنی بڕیاری کۆبوونەوەکەدا نەکرد.

بە کۆدەنگی ڕاپۆرتێک ئامادەکراو تێدا داوای حکومەتێکی سەربەخۆ [بۆ کورد] لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا، یاخود جۆرێک لە ئینتیداب لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان کرا.

ڕەمزی ئەفەندی داواکاریی سەرەکی کوردەکانی خستەڕوو کە بەشی زۆری کۆبوونەوەکە، گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئەم داواکارییە.

یەکێک لە کەسایەتییەکان کە چەند مانگ لەمەوبەر کەسایەتییەکی زۆر گرنگ نەبوو، بە خێرایی ببوو بە کەسایەتییەکی گرنگ و دەرکەوت کە بەرزبوونەوەی ئاستی سەرکەوتن و دەسترۆیی ئەم دەستەیە بە هۆی ئەم کەسەوە بووە.

بە کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە، خەڵک پێشوازییەکی گەرمیان لەم کەسە کرد و ئەم کەسەیان لەسەر ملی خۆیان دانا و بە دەوری شاردا سوڕاندیانەوە، چونکە کۆبوونەوەکە لە گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕازیکەر سەرکەتوو نەبوو، کۆمسیاری باڵا داوای لە هەندێک لە نوێنەرەکان کرد دواتر یەکتر ببینن، بەڵام دواتر هەندێک پێشکەوتن لە گفتوگۆکاندا هاتەکایەوە.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ سەرۆک وەزیران سلێمانی بەجێهێشت و کۆمسیاری باڵاش لە کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی دواتر شارەکەی بەجێهێشت.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بەسترا و لەسەر بەرزکردنەوەی مەزبەتە بۆبەردەم کۆمەڵەی گەلان گفتوگۆ کرا. هەروەها بڕیاردرا هیچ پێشکەوتنێک بە پێی ئەم سیاسەتەی ئێستا بەدی ناهێت و دەبێ جوڵانەوەیەک بۆ نەدانی باج پێکبهێنرێت.

شایانی ئاماژە پێدانە تەوفیق قەزاز لەلایەن هاوڕێکانییەوە بە گاندی ناودەبردرێت. لەوانەیە هۆکارەکەش چاوێلکە گەورەکانی بێت، چونکە قەزاز بە هیچ جۆرێکیتر لە گاندی ناچێت، بەڵام ئەم ناوە لە پاڵ پێشنیازی نەدانی باج، بەو مانایە دێت کە خوێندنەوە بۆ تاکتیکی هیندییەکان کراوە و لەوانەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا بگیرێتەبەر.

**سەرنج:**

ئەگەرچی وادیارە کۆبوونەوەکە لە ئارام کردنی ڕەوشەکە، یاخود لە هاندانی کورد بۆ وازهێنان لەم ڕەفتارەیان بەرانبەر حکومەتی عێراق سەرکەتوو نەبووە، بەڵام هیچ هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی، لە دۆخی ئێستادا نابینرێت. دەستەکەی شێخ قادر، خۆیان وەک سەرکردەی ناسیۆنالیستەکان نیشانداوە و ئەم دەستەیە بەو بڕوایە گەیشتوون کە بەرژەوەندیان لە وروژاندنی سیاسی دایە. بەهەرحاڵ ئاشکرایە کە بۆ چەند مانگێک وروژاندنی سیاسی لە وڵاتێکی هاوشێوەی ئەم وڵاتە دواجار شێوازيك لە یاخیبوون لەخۆدەگرێت و ئەگەر هاتوو لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە هیچ شتێکی ڕازیکەر [بە کوردەکان] نەدرێ، ئەم جۆرە ئاژاوانە شتێکی چاوەڕوانکراوە.

کۆپییـەک لـە ‹D.O› بـە ژمـارە ‹S.450› لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئابـی١٩٣٠، لەلایـەن گ. س. کیچینـگ (G. C. Kitching Esq., O.B.E.)، لێکۆڵـەری کارگێـری لـە لیوکانـی هەولێـر و کەرکـووک بـۆ سـێر کیناهێـن کۆرنوالیـس (Sir Kinahan Cornwallis, Kt., C.M.G.,D.S.O.,)، ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆ، بەغـدا (ل٢٩٨-٣٠٣)

**بەڕێز سێر کیناهێن**

سـەبارەت بـە سـەردانەکەی بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت و سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، بـە پێچەوانـەی یاداشـتنامەی فەرمـی، ڕاپۆرتـدان بـە شـێوەی نامـە زۆر سـنووردار نییـە.

بـە گشـتی سـەردانەکە بـۆ هەولێـر زۆر سـەرکەوتوو بـوو و هیـوادار بـووم بتوانـم بڵێـم بـۆ کەرکووکیـش بـە هەمـان شـێوە بـوو. بـۆ هـۆکاری شکسـتی ئـەم سـەردانە لـە کەرکـووک، دەبـێ گلەیـی لـە موتەسـەڕیف بکەیـن. ڕاسـتە پرسـی کـورد لـە کەرکـووک زۆر گرنگـی پێنادرێـت و شکسـتی سـەردانەکەش تـا ڕادەیـەک زۆر گرنـگ نییـە، بـەڵام ئەمـە نابێتـە پاکانـە بـۆ ڕێکنەخسـتنی [پێویسـت بـۆ ئـەم سـەردانە] و کەشـی بەرهەڵسـتیکردن و سـەرهەڵدانی دوژمنـکاری لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی کۆبوونەوەکـە لـە ئارادابـوو.

لـە کەرکـووک، سـەردانکارەکان لـە نووسـینگەی موتەسـەڕیف کۆبوونـەوە. غەمگینـی بـە ڕووخسـاری جەمیـل مەدفەعییـەوە دیـار بـوو. پـاش درەنـگ کردنێکـی زۆری بەشـداربووان، شـاندەکە بـەرەوە دەربـار (Darbar) بەڕێکەوتـن کـە دەبـێ لـە قاوشـێکی ڕووت و دانەپـۆشراو کـە دەکەوێتـە دەرەوەی نووسـینگەی موتەسـەڕیف و لیکۆڵـەری کارگێـڕی دەربـاز بـن. مێـزەکان بـە ناڕێکـی داپـۆشراو بـوون، مۆبیلیـات خـراپ بـوو و پانکەیـەک پێنـج خولـەک پێـش کۆتایـی هاتنـی کۆبوونەوەکـە هێـنرا. بـە بۆچوونـی مـن وەک ئـەو سیاسـتەمەدارانەی دەیانەوێـت وێنـای کۆبوونەوەیەکـی سیاسـی بکـەن، دەتوانـم بڵێـم کەشـی ئـەم کۆبوونەوەیـە بـە مەجلیسـێکی عێراقـی ‹Iraqi Majliss› دەچـوو. جگـە لـە بەڕێـز [موتسـەریف] گشـت ئامادەبووانیـتر هەسـتیان

بـە نارەحەتـی دەکـرد و لـەو کارەی کـە لەبـەر دەسـتیان بـوو. کۆبوونـەوەی دەربـار هاوشـێوەی کەشـتی ونبـوو دەهاتـە بەرچـاو. چـا، قـاوە، جگـەرە و هیـچ شـتێکی دیکـەی لـێ نەبـوو و بـێ ئـەم شـتانە مەجلیـس ناتوانـێ کار بـکات.

سـەرۆک وەزیـران بـە شـێوەیەکی مەداحیانـە (madahi) قسـەی کـرد و دواتـر دوو کەرکووکلـی سوپاسـی خۆیـان دەربـڕی. لـەم کاتـەدا توڕەییەکـی زۆرتـر بـە ڕوخسـاری جەمیـل بەگـەوە دیـار بـوو. هیـچ کـەس نەیدەتوانـی دوو جـار سـەیری ڕوخسـاری ئـەو بـکات کـە نیشـاندەری ناڕەزایەتـی و هـاوڕا نەبوونـی بـوو لەسـەر گشـت کۆبوونەوەکـە.

محەمـەد جـاف بـە پشـت بەسـتن بـە کۆمەڵـەی گـەلان داوای مافەکانـی کـوردی کـرد. عەبـدوڵا سـافی خـۆی خسـتە نـاو بابەتەکـە و گوتـی، خێڵـی جـاف خێڵێکـی گرنـگ نیـن و نوێنەرایەتـی کەرکـووک ناکـەن. پاشـان هەراوهـورا دەسـتی پێکـرد. دواتـر ئارامـی بـۆ کۆبوونەوەکـە گەڕایـەوە و بڕیـاردرا بـۆ نیـو کاتژمێـر کۆبوونەوەکـە ڕابوەسـتێت، دوژمنکاریـی و دەربڕینـی دوژمنکارانـە لـە نێـوان دەسـتە جۆراوجۆرەکانـی بەشـدار بـوو لـە کۆبوونەوەکـەدا دەبیـنرا.

کاتێـک چـاوەڕوان بـووم بەشـداربووەکان پـەرت و بـڵاو ببنـەوە، جەمیـل بـەگ ڕووی تێکـردم و گووتـی ‹هـۆکاری گشـت ئەمانـە تـۆی›. هیـچ کەسـێک گوێـی لێنەبـوو کـە لـە کۆبووەوکـەدا چـی گوتـرا و چـی گـوزەرا، بـەڵام گشـتیان نەیانشـاردەوە کـە کۆبوونەوەکـە زۆر بـە خـرای ڕێکخرابـوو و زۆر بـە خراپـی بەڕێوەبـردرا. ئاشـکرایە موتەسـەڕیف هەوڵـی نـەدا ئـەم کۆبوونەوەیـە سـەرکەتوو بێـت، یاخـود بەرژەوەندییەکـەی لـەوەدا نەبـوو. مێجـەر یۆنـگ کارێکـی باشـی کـرد کـە بـە شەخسـی چـاوی بـە محەمـەد بـەگ کـەوت.

کۆبوونەوەکـەی کەرکـووک بـە ئیوارەخوانێـک لـە یانـە بـە کۆتایـی هـات و پێموایـە شـاندەکە لـە شـەودا خەریکـی یـاری کۆنـکان بـوون.

لـە ڕۆژی یەکشـەمە شـاندەکە بـە فڕۆکـە کەرکووکیـان بەجێهێشـت و وەزیـری داد لـە فرۆکـەدا بـە سـەختی نەخـۆش کـەوت.

بـە گەشـتنیان بـە هەولێـر، بـە تایبـەت پێشـوازی لـە شـاندەکە کـرا و دواتـر بـۆ نانـی

بەیانـی بـردران. بـۆ ئـەوەی وەزیـرەکان لـە کاریگەرییەکانـی گەشـتی ئاسـمانی، بێنـەوە سـەرخۆ، کاتـی کۆبوونەوەکـە بـۆ نیـو کاتژمێـر دواخـرا. کۆبوونـەوە لـە سـەرا بەڕێوەچـوو، چوونـە نـاوەوە بـە پلیـت بـوو و بـە بـڕوای مـن بـە باشـی و گەورەیـی پێشـوازی لـە وەزیـرەکان کـرا. ژمارەیەکـی زۆر لـە ئـاڵا و پۆلیـس و تاقـی ڕازیێـنراو دەبیـنران. هەروەهـا چـا و قـاوە و جگـەرە ئامـادە کـرا بـوون. حەمیـد بـەگ فـەرش و قەنەفـە و موکێتـی لـە ماڵـی کەسـایەتییە ناسراوەکانـی هێنـا بـوو و دواتـر خەڵـک دەناسـێنران.

ڕێکارەکانـــی کردنـــەوەی کۆبوونەوەکـــە بـــاش بەڕێوەچـــوون. دوای قســـەکردن، گفتوگـــۆکان دەســـتی پێکـــرد و ئەحمـــەد ئەفەنـــدی گفتوگۆکـــەی کـــردەوە و داوای لـــە ســـەرۆک وەزیـــران کـــرد کـــە ســـەرۆک خێڵـــەکان بانگێشـــت بـــکات بۆچوونـــی خۆیـــان دەرببـــڕن. ئاغـــای دزەییـــەکان هەســـتایە ســـەر پێـــی و داوای بـــە یەکســـانی مامەڵەکـــردن بـــۆ هـــەر ســـێ لیـــوای کوردەکانـــی کـــرد. وادیـــار بـــوو دەنگـــۆی ئـــەوە بڵاوببـــووە کـــە ئیمتازاتـــی تایبـــەت بـــە ســـلێمانی دەدرێـــت. هەڵبـــەت ئـــەم قســـەیە گوێـــی لێنەگیـــرا.

دواتـــر ئەحمـــەد ئەفەنـــدی و ئیســـماعیل بـــەگ داوای ڕوونکردنـــەوەی بابەتگەلێکـــی زۆریـــان کـــرد و ســـەرۆک وەزیرانیـــش زۆر بـــە باشـــی وەڵامـــی دانـــەوە. **مـارف جیـاووک** (Maruf Chawok) بـە دوورو درێـژی گلەییەکانـی خسـتەڕوو و حکومەتـی عێراقـی بـە حکومەتـی عـەرەب وەسـف کـرد. دواتـر سـەرۆک وەزیـران بەرپەرچیدایـەوە و داوای کـرد لـەم بـارەوە بەڵگـە بخاتـەڕوو. جیـاووک شکسـتی خـوارد. ئـەو بـە وریاییـەوە ئامـاژەی بـە خاڵێکـی کۆمیتـەی کۆمەڵـەی گـەلان دا، ئەگـەر شـێوازی حکومـەت لـە عێـراق گۆڕانـی بەسـەردا هـات، جـۆرە حکومەتێـک دەبـێ بـۆ کـوردەکان دابمەزرێـت. شـتێکی نامۆیـە کـە چ لێکدانەوەیەکـی بەرفـراوان بـۆ ئـەم [ڕاسـپاردەیەی کۆمیتـەی کۆمەلـەی گـەلان دەکرێـت]. مـن ڕاپۆرتەکـەی ئـەم کۆمیتەیـەم نییـە، بـەڵام سـەرۆک وەزیـران و کۆمسـیاری بـاڵا پرژانـە سـەر ئـەم بابەتـە و گوتیـان لەوانەیـە ئـەم قسـەیە لـە ڕاپۆرتـی کۆمیتەکـەدا بوونـی هەبێـت، بـەڵام لـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـدا نەهاتـووە. بـە بـڕوای مـن ئـەم خاڵـە شـایانی لێوردبوونەوەیـە.

سـەبارەت بـە تەحەفوزاتـی کۆمەڵـەی گـەلان، کـورد بەندەکـە وەک پێداگریکـردن

لەسـەر [زەرورەتـی بوونـی] بەرپرسـانی کـورد [لـە حکومەتـی عێـراق] لێکدەدەنـەوە. مێجـەر یۆنـگ ڕوونـی کـردەوە ئـەو شـتەی کـە کۆمەڵـەی گـەلان ئامـاژەی پێـداوە بریتییـە لـە بەکارهێنانـی وشـەی « سـەبارەت بـە». بـە بـڕوای مـن ئـەم خاڵـەش خاڵێکـی زۆر گرنـگ نییـە و لەهـەر حاڵەتێکـدا باشـترە مانـای وشـە، بـە پێـی زمانـی نووسـینی بێـت نـەک زمانێکیـتر.

دواتـر بابەتـی گرنـگ، واتـە بابەتـی ڕەشنووسـی یاسـا هاتەکایـەوە. داواکـرا پێویسـتە ئـەم یاسـایە ئاشـکرا بکرێـت. لـە ژێـر گوشـارەکان سـەرۆک وەزیـران بەڵێنیـدا مانگێـک پێـش ئـەوەی یاسـاکە بخرێتـە بـەردەم پەرلەمـان، یاسـاکە بـڵاو بکرێتـەوە. لـەم کاتـەدا جەمیـل بـەگ بـە بیانـوی نەخـۆش کەوتـن بـە هـۆی فرۆکـەوە، کۆبوونەوەکـەی بەجێهێشـت و نەگەڕایـەوە.

هـۆکاری سـەرەکی ئـەم نەگەڕانەوەیـەش هـەر وەک مێجـەر یۆنـگ بـە دروسـتی باسـی دەکات بریتـی بـوو لـە ترسـی جەمیـل بـەگ کـە جەعفـەر پاشـا نەتوانێـت پێداگـری لەسـەر بـڵاو نەکردنـەوەی یاسـاکە بـکات و هـەر کاتێکیـش کـە جەعفـەر ئـەم کارەی کـرد، ئـەو دەیتوانـی بڵێـت کـە لـەوێ ئامـادە نەبـووە و لەسـەر ئـەم کارەش ڕازی نەبـووە.

سـەبارەت بـە یاسـاکە هـەر وەک مێجـەر یۆنگیـش دەڵێـت، بـۆ سـەرۆک وەزیـران باشـتر بـوو یاسـاکە بـڵاو بکاتـەوە. هەروەهـا بـە بـڕوای مـن بـێ ڕێـزی نوانـدن بـە سـەرۆک وەزیـران [لەلایـەن جەمیـل بەگـەوە] شـتێکی زۆر کـەم بـوو و کـەس ئـاگای لـێ نەبـوو. کـورد وەک مـن دەتوانـن ڕەفتارەکـەی جەمیـل بـەگ ببینـن. بـە ڕاشـکاوی بڵێـم، لەسـەر بڵاوکردنـەوەی یاسـاکە مشـتومڕ [لـە نێـوان وەزیرەکانـدا لـە ئارادایـە] و دواجـار یەکێـک لـە وەزیـرەکان بـە هێواشـی ئـەم کارە دەکات و هۆکارەکەشـی هەموارکردنـەوەی یاسـاکەیە.

کۆبوونەوەکـە بـە قسـەکردن لەسـەر برایەتـی کۆتایـی پێهـات. بۆچوونـی تایبەتـی خـۆم بریتیـە لـەوەی کـە کـورد گلەیـی و گازنـدەی خۆیـان خستەڕوو، بـە شـێوەیەک کـە دەزانرێـت ئـەم گلەیـی و گازندانـە ڕاسـت و ڕەوان و داوای چارەسـەری بـۆ دەکـەن. دیـارە

سـەرۆک وەزیـران بـە جیـددی و بـە ویژدانـەوە لـە پێنـاو سـەرکەوتن، کار لەسـەر ئـەم بابەتـە دەکات، ئەگەرچـی لەوانەیـە هەسـتی کـورد بوونـی ئـەو کـەم بێـت، بـەڵام ئەگـەر بـە تەنیـا وازی لێبهێنرێـت بـە خەمخۆرییەکـی باشـەوە مامەڵـە لەگـەڵ کـورد دەکات.

جەمیـل بـەگ لـە کۆبوونەوەکـەدا ئامـادە نەبـوو و مـن لـەو بڕوایـەدام وەزیـری داد لـەو پێگەیـەی کـە ئـەو بەرانبـەر هاووڵاتیانیـدا هەیبـوو نیگـەران بـوو. بەهەرحـاڵ ئـەو تەنیـا قسـەی کـرد و هیـچ شـتێکیتری نەکـرد. مێجـەر یۆنـگ بـە شەخسـی چـاوی بـە سـێ سـەرکردەی کـورد کـەوت و ئـەوەی ڕوونکـردەوە کـە لـە هەندێـك خاڵـی ڕەشنووسـی یاسـاکە تێـدەگات.

لــەم گەشــتەدا ڕووبــەڕووی ڕووداوێکــی نەخــوازراو بوومــەوە. چەنــد ڕۆژێــک لەمەوبـەر دکتـۆر دەلالـی (Dr. Dallali) بـە بیانـوی دەرزی لێـدان لـە مـەلا ئەفەنـدی لێـرە بـووە. لـە ڕاسـتیدا ئـەو لـە مووسـڵەوە بـۆ ئێـرە نێـردراوە تـا ئـاژاوە دروسـت بـکات و یەکێتـی نێـوان کـورد تێـک بـدات. ئـەو کەسـێکی بـێ بایەخـە و لـە هەندێـك کاتیشــدا ئاژاوەگێڕێکـی مەترسـیدارە و هیـچ پەیوەندییەکیشـی بـە هەولێـرەوە نییـە.

بـە کۆتایـی هاتنـی کۆبوونەوەکـە گشـت لایەنـەکان بـۆ بەسـەربردنی ڕۆژەکەیـان چوونـە شـەقڵاوە تـا سـوود لـە کەشـی فێنکـی باخچەکانـی ئـەوێ وەرگـرن. دکتـۆر دەلالـی ماوەیەکـی باشـی لەگـەڵ جەمیـل بـەگ و جەمـال بابانـدا بەسـەر بـرد کـە بـە لێدانـی دەرزی کوینیـن (quinine) نەخۆشـی تیفوئیـدی جەمـال بابانـی چارەسـەر کـرد. بـۆ دانیشـتن لـە کورسـیەکی بەتـاڵ لـە نـاو ئۆتۆمۆبێلـی دوو وەزیرەکـە، دوو کـەس کاندیـد بـوون، موتەسـەڕیف و دکتـۆر دەلالـی. دکتـۆر دەلالـی هەڵبژێـردراو موتەسـەڕیف لەگـەڵ پاسـەوانەکان بـە جێهێڵـرا تـا بـە تەکسـی [بچێتـە شـەقڵاوە].

بـە بـڕوای مـن، ئەمـەش ڕەفتارێکـی نەشـیاو و بـێ ڕێزیکـردن بـوو بـە حەمیـد بـەگ. هەڵبژاردنـی دکتـۆر دەلالـی بـۆ گەشـتکردن لەگـەڵ بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا و سـەرۆک وەزیـران کـە بـە بەردەوامـی بـێ ڕێـزی بـە کـورد دەکات، جێگـەی بـە جـدی هەڵوەسـتە لەسـەرکردنە. هەروەهـا ئەمـە کارێکـی زۆر گەمژانـە بـوو، چونکـە

هەمــوو کەســێک دەزانێــت، بۆچــی دەلالــی لەبــری موتەســـەڕیف بانگێشــتی نــاو ئۆتۆمۆبێلەکــە کــراوە، ئەمــەش ماناکــەی ڕوونــە.

حەمیــد بــەگ زۆر بــە جیــددی و بــە ســەختی کاری کــردووە تــا ئــەم کۆبوونەوەیــە ســەرکەتوو بێــت و بــە بێلایەنــی بڕیــاری دەرکــردوە کــە دەلالــی و کــوردە تونــدڕەوەکان بەنــد دەکرێــن ئەگــەر بێــت و ئــاژاوە بنێنــەوە. باشــترە بــاس لــە هەســتی ئــەو بەرانبــەر جەمیــل بەگــدا نەکەیــن.

لــە کۆتایــدا بــە بــڕوای مــن کــورد زۆر بــە باشــی کاریــان کــرد. ئەمــڕۆ بەیانــی چــاوم بــە گشــت ســەرکردەکانی کــورد کــەوت و ئــەوان خۆشــحاڵی خۆیــان دەربــڕی. مــن نازانــم چــۆن کاری زیاتــر بــۆ ئــەوان بکەیــن.

لــەو بڕوایــەدام بەرێــزت لــە بڵاوکردنــەوەی یاســاکە ڕووبــەڕووی کێشــە دەبیتــەوە. بــە هەرحــاڵ، ئــەم بەڵێنانــە ناڕەزایەتــی کــورد لــە شــێوەی ئێســتادا لەنــاو دەبــات. دەمێنێتــەوە پرســی ســلێمانی. ئەگــەر ئێــوە لــە ســلێمانی ناچــار کــران ئیمتیــازات بــە ســلێمانی بــدەن، دەبــێ هەمــان کاریــش لــە هەولێــر بکــەن.

لــە بیــرم کــرد بڵێــم گەشــتەکە بــە ئاهەنگێکــی گــەورە لــە باخچــەی شــارەوانی بــە کۆتــا هــات و ڕۆژی دواتــر ئاهەنگەکــە بــە چــوون بــەرەو سلێمانی بــە فڕۆکــە کۆتایــی هــات.

خزمەتکارتان.

دووبـارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بـاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات (ل٣٠٤-٣٠٥)

١٣ی ئاب.

(لــە کاتژمێــر ١٠:٣٠ خولەکــی ئێــوارە لــە ڕێکەوتــی ١٣ی ئابــی١٩٣٠، گەیشــتووەتە دەســت نووســینگەی موســتەعمەرات).

ژمـارە ٣٧٣. ئامـاژە بـە تەلەگرامەکـەت بـە ژمـارە ٢٩٩ لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئـاب. تـازە لـە ناوچـە کوردییـەکان گەڕامەتـەوە. بـە گوێـرەی نـووسرای زۆر نهێنـی ژمـارە ‹A› کـە لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئـاب نێـردراوە و لەلایـەن بەڕێـزت بـە تەلەگرامـی ژمـارە ٢٩٣، لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئـاب هەمـوار کراوەتـەوە، لـە هەولێـر، کەرکـووک و سـلێمانی لێدوانـی فەرمـی درا. جـارێ زووە کـە پێشـبێنی ئەنجامەکانـی گەشـتەکە بکەیـن، بـەڵام بیرۆکـەی جیـا بوونـەوە لـە عێـراق لەلایـەن گشـت ئـەو نوێنەرانـەی کـە لـە هەولێـر و کەرکـووک کـۆ ببوونـەوە ڕەتکرایـەوە.

لەلایەکیترەوە داواکارییەکی کۆدەنگانـە لـە سـلێمانی خرایـەڕوو کە داوای سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە عێـراق دەکات و خوازیـارە ئـەم دەوڵەتـە لـە ژێـر ئینتیدابـی بەریتانـی بێـت و نائومێـدی بەرانبـەر بەرنامەکـەی حکومەتـی عێـراق نیشـاندرا کـە بەرنامەکـە لەگـەڵ ئـەو بەڵێنانـەی عێـراق بـە کۆمەڵـەی گەلانیـداوە ناگونجێت.

ئامــاژەم بــەوە کــرد کــە حکومەتــی بەریتانیــا ناتوانێــت بــە ڕاشــکاوی پەیــڕەوی لــە سیاســەتێک بــکات کــە لەگــەڵ بەڵێنەکــە نەگونجێــت و پێشــنیازم کــرد چاوەڕوانــی ئەنجامــی ئــەو داواکارییــە بیــن کــە خراوتــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان. هــەر وەک بەڕێــزت لــە تەلەگرامەکــەت بــە ژمــارە ٢٩٩، پێشــنیازت کردبــوو، داوای تێبینیەکانــی حکومەتــی عێراقــم لەســەر ئــەو داواکارییــە کــرد کــە بــە ڕێکەوتــی ٢٦ی تەمــووز [لەلایــەن کوردەکانــەوە بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان نێــردرا بــوو]، ئێســتا ڕاســتەوخۆ بــۆم نێـردراوە تـا بیخەمـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. نـاوی داواکارەکان [نیشـانی حکومەتـی عێــراق نــەدراوە]. هــەوڵ دەدەم حکومەتــی عێــراق لــە وەڵامــی داواکارییەکــەدا

بەیاننامەیەکی مەعقولانە سەبارەت بە سیاسەتەکەی بەرانبەر کورد بخاتەڕوو، هاوکات ڕەشنووسی یاسای زمان هاوپێچی ئەم بەیاننامەیە دەبێت.

لەمبارەوە حکومەتی عێراق جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەنیازن هەمان سیاسەت لە دوای ساڵی ١٩٣٢ش بگرنەبەر و پێشنیاز دەکات کە کۆمەڵەی گەلان دەسەڵاتی تەواو بە عێراق ببەخشێت جا عێراق [تا ئەو کاتە] داواکارییەکانی کۆمەڵەی گەلانی جێبەجێ کردبێت، یاخود نا.

پێشنیاز دەکەم لە بەرزکردنەوەی داواکاری کورد بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان، حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا پشتگیریی لە ڕوانگەکەی حکومەتی عێراق بکات و کۆپیەک لە ڕاگەیاندنەکەی حکومەتی بەریتانیا هاوپێچ بکرێت و پشتگیری داوکارییەکەی حکومەتی عێراق بکات کە دەسەڵاتی تەواوی پێبدرێت. ئاشکرایە مومکین نییە داوا لە حکومەتی عێراق بکرێت بە ڕەهایی ڕەچاوی ئەم داواکارییانە بکات.

زۆر خۆشحاڵم بۆ ئەو متمانەیەی کە لە تەلەگرامەکەت بە ژمارە ٢٩٣ نیشانتداوە و خۆشحاڵ دەبم ئاگادارم بکەیتەوە کە ئەو ڕێکارانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، بە گشتی پەسەندکراون یان نا.

نهێنی (ل ٣٠٦)

ژمارە (P. C. 177)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ١٤ی ئابی١٩٣٠

بەڕێز...

من شەرەفمەندم کە کۆپیەک لەو نامەیەی کە لەلایەن کۆمەڵێک دانیشتووی سلێمانی بەدەستم گەیشتووە، بۆتان ڕەوان بکەم. هەروەها خۆشحاڵ دەبم، بۆ زانیاری حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا، پێش ئەوەی کە داواکارییەکە بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان بنێردرێت، تێبینییەکانی حکومەتی عێراق لەسەر ئەم داواکارییە بزانم.

گەورەم، من شەرەفمەندملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

واژوو: Hubert Young

His Excellency Ja'far Pasha al Askari, G. M. G

Acting President of the Council of Ministers

Baghdad

نهێنی (ل٣٠٧-٣١١)

ژمارە ٢٤٢٢

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ١٩ی ئابی١٩٣٠

بەڕێز...

من شەرەفمەندمسوپاسی گەیشتنی نامەکەت بە ژمارە (P.O.177) لە ڕێکەوتی ١٤ی ئابی١٩٣٠ بکەم، کە تایبەت بوو بە ناردنی داواکاریی کۆمەڵێک کوردی سلێمانی بۆ کۆمەڵەی گەلان و هەروەها داوای تێبینییەکانی حکومەتی عێراقت لەسەر داواکارییەکە کردبوو.

دوای ئەوەی سیاسەتی حکومەتەکانی بەریتانیا و عێراق کە لەلایەن من و بەڕێزت لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاب بە کەسایەتییە ناسراوەکانی سلێمانی ڕاگەیندرا، داواکارییەکی هاوشێوەشم بە دەست گەیشتووە، هەروەها داواکارەکان لە کۆبوونەوەکەدا گووتیان، ئەوان داوای حکومەتێکی سەربەخۆ لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان دەکەن و داواکارییەکەش پشت بەستراوبوو بە بڕیاری ساڵی ١٩٢٦ی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان.

دیارە، نە بەڕێزت و نە منیش ئاگاداری ئەم جۆرە بڕیارە نین، بەڵام بۆ ئەوەی جێگەی گومان نەمێنێت، بەڕێزت لە سلێمانی ڕاتگەیاند، دەکرێ لەسەر ئەم خاڵە لەگەڵ کۆمەڵەی گەلان قسە بکرێت.

بەڕێزت دەزانی کۆمسیاری باڵا سەبارەت بە کاروباری کورد بە بەردەوامی لە نزیکەوە ڕاوێژی لەگەڵ حکومەتی عێراق کردووە و لە دەربڕینی هەر جۆرە تێبینییەک ئەگەر بە تەواوەتی لەگەڵ تێبینییەکانی بەڕێزت هاوشێوە نەبێت، من هیچ شتێک ناڵێم.

کاتێک حکومەتی عێراق بە تەواوەتی کۆنترۆڵی لیواکانی کوردی کرد، پێداگری لەسەر ئەم بۆچوونەی دەکرد کە بۆ داهاتووی پاشایەتی عێراق و خۆشگوزەرانی کورد و عەرەب پێویستە کە لە عێراقدا دەژین، لە پێناو یەکێتی نێوان ئەم دوو گەلە

کار بکـەن و بەرپەرچـی هـەر جـۆرە پێشـنیازێک بدرێتـەوە کـە ببێتـە هـۆی جیابوونـەوەی لیواکانـی کـورد لـە پاشـایەتی عێـراق.

بەهەرحـاڵ، کـورد هۆشـیارییەکی نەتەوەیـی پتەویـان هەیـە و لـەوە تێگەیشـتوونە کـە سـەرکەوتن بـە نیشـاندانی ئـەم هۆشـیارییە نەتەوەییـە دەسـتەبەر ناکرێـت، بەڵکـو لـە ڕێگـەی دانپێدانـان بـە کـورد دەسـتەبەر دەکرێـت، ئەویـش بـەو جـۆرەی کـورد هەسـتی پێبکـەن و وەک عێراقـی پشـکی خۆیـان هەبێـت و دابونەریـت و زمانیـان پارێـزراو بێـت. ئـەوان پێـش ئـەوەی بڕیارەکـەی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە سـاڵی ١٩٢٦دا دەربچێـت، خـاوەن ئـەم شـتانە بوونـە.

کاتێـك چەنـد مانـگ لەمەوبـەر گفتوگۆکانـی پەیماننامـە نوێیەکـە، لـە نێـوان حکومەتـی بەریتانیـای مـەزن و حکومەتـی عێـراق دەسـتیپێکرد، دیـار بـوو حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا خوازیـار بـوو کۆتایـی هاتنـی ئینتیدابەکـەی بەسـەر عێـراق بـە کۆمەڵـەی گـەلان ڕابگەیێنێـت و و داوای کـرد عێـراق وەک نەتەوەیەکـی ئـازاد و سـەربەخۆ لـە سـاڵی ١٩٣٢دا ببێتـە ئەندامـی کۆمەڵـەی گـەلان. بۆیـە کاتـی ئـەوە هاتـووە پەیوەنـدی نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـورد لەسـەر بناغەیەکـی ڕێکخـراو، ڕێـک بخرێـت و خەسـڵەتی یاسـایی بـەو ڕێکارانـە بدرێـت کـە بـە پێـی بڕیارەکانـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە حاڵـی حـازردا لـە بەشـێکی زۆری لیواکانـی کـورد جێبەجـێ دەکرێـت، ئـەم بڕیـارەش بریتـی بـوو لـە بنیاتنانـی دادپـەروەری، خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی و دامەزراندنـی فەرمانبـەری کـورد.

پێویسـتە لـە جێبەجێکردنـی ئـەم بڕیارانـە کات بـە فیـڕۆ نەدرێـت، تـا کـورد لـە سیاسـەتەکانی حکومەتـی عێـراق بـۆ ئێسـتا و بـۆ داهاتـوو تێبگـەن و لـەوە تێبگـەن کـە پەیماننامـە نوێیەکـەی نێـوان حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا و بوونـی عێـراق بـە ئەندامـی کۆمەڵـەی گـەلان- ئەگـەر پەسـەند بکرێـت- بـە هیـچ شـێوەیەک کاریگـەری لەسـەر ئیمتیـاز و پێگـەی کـورد لـە نـاو دەوڵەتـی عێراقـدا دروسـت نـاکات. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕەشنووسـی یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان نووسراوەتـەوە و هێڵـە گشـتییەکانی ئـەم سیاسـەتە لـە میانـەی گەشـتەکەمان بـۆ هەولێـر، کەرکـووک و سـلێمانی بـۆ سـەرکردە کـوردەکان خراوەتـەڕوو. بڕیـاردرا بڵاوکردنـەوەی فەرمـی یاسـاکە

تـا کاتـی گەڕانـەوەی مەلیـک فەیسـەڵ و سـەرۆک وەزیـران دوا بخرێـت. هـەر کاتێـک پەرلەمـان دەسـتی بـە دانیشـتنەکانی کـرد ڕەشنووسـی ئـەم یاسـایە، کـە کۆپیـەک هاوپێچی ئـەم نـووسراوە کـراوە، دەخرێتـە بـەردەم پەرلەمـان. زیـاد لەمـەش ئـەو لێدوانـەی مـن لـە هەولێـر، کەرکـووک و سـلێمانی پێشکەشـم کـرد و کۆپیـەک لـەم لێدوانـەش هاوپێچـی ئـەم نـووسراوە کـراوە، دەرخـەری سیاسـەتی دۆسـتانە و هاوخەمانـەی حکومەتـی عێراقـە. هەروەهـا کۆمەڵێـک ڕێکاریـتر بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی کـورد گیراونەتەبـەر، بـۆ نموونـە دامەزراندنـی یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی لـە وەزارەتـی ناوخـۆ، کردنـەوەی نووسـینگەی وەرگێـڕان لـە نـاو وزارەتـی ناوخـۆ و دامەزراندنـی لێکۆڵـەری پەروەردەیـی.

سـەبارەت بـە پرسـی دامەزراندنـی فەرمانبـەران لـە لیواکانـی کـورد، هـەر وەک چـۆن لـە بڕیارەکـەی کۆمەڵـەی گەلانیـش ئامـاژەی پێـدراوە، پێموایـە مـن دەتوانـم لـەو بـارەوە سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق روون بکەمـەوە. زۆربـەی فەرمانبەرانـی لـەم ناوچەیـە کـوردن و هـەر واش دەبێـت، بـەڵام دەرکەوتـووە کـە تەنیـا دامەزراندنـی کـوردەکان لـە ناوچـە کوردییەکانـدا دەبێتـە هـۆی دوورکەوتنەوەیـان لـە دامەزراندنـی لـە ناوچەکانیـتری عێـراق. ئەمـەش بـۆ کارگێـڕێ گشـتی زیانبـارە و دەبێتـە هـۆی زینـدوو هێشـتنەوەی ئـەو هەسـتانەی کـە حکومەتـی عێـراق خوازیـارە لەنـاو بچـن.

بـەم پێیـەش، هـەر کاتێـک یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان لەلایـەن پەرلەمانەوە پەسـەندکرا، حکومـەت بەنیـازە زانینـی زمان نەک نەتەوە بکاتە بنەمای دامەزرانـدن لە لیوا کوردییەکاندا. پێویسـت نـاکات بڵێیـن ئـەم کارە دەبێتە هـۆی گۆڕینی سیاسـەتی کارگێڕیـی، چونکە گرنگی بـە هەڵبژاردنـی کەسـی شـیاو دەدرێـت. کێشـەکە لێرەدایـە ژمارەیەکـی زۆر فەرمانبـەری عـەرەب لەبـەر دەسـت نیـن شـارەزای زمانـی کـوردی بن. لـە هەمانکاتـدا تەواوی عێـراق لە هەمبـەر دامەزراندنـی ئـەو کوردانـەی زمانـی عەرەبـی دەزانـن کـراوە دەبێـت. حکومەتـی عێـراق پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات ئەم سیاسـەتە لـە بەرژەوەندی خودی کـوردەکان دایە و لەگـەڵ بڕیارەکانـی کۆمەڵـەی گەلانیـش ناکـۆک نییە.

بـە بـڕوای حکومەتـی عێـراق ئـەو سیاسـەتەی لـە سـەرەوە ئامـاژەم پێـدا، نـە تەنیـا دەبێتـە هـۆی جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی کۆمەڵـەی گـەلان، بەڵکـو دەبێتـە هـۆی

ڕازیکردنــی هەمــوو کوردێکــی تێگەیشــتوو. ئــەم سیاســەتە خزمــەت بــە کــورد دەکات کــە لــە قوتابخانــە ســەرەتاییەکاندا بــە زمانــی کــوردی بخوێنــن و دەبێتــە هــۆی حوکمڕانــی کردنێکــی دادپەروەرانــە و بەڕێوەبردنــی کاروبــارە کارگێڕییەکانیــان.

پێویسـت نـاکات بـە تێروتەسـەلی باسـی ئـەو هۆکارانـە بکـەم کـە بۆچـی حکومەتـی عێـراق لـە دژی هـەر جـۆرە مەیلێکـی جوداخـوازی دەوەسـتێتەوە. لـە ڕووی کارگێڕیـی و داراییـەوە هـەر جـۆرە جـودا بوونەوەیـەک نامومکیینـە و دەبێتە هـۆی لە ناوبردنـی بناغەی حکومەتێکـی سـەقامگیر، هێـدی هێدی لەسـەری دادەمەزرێـت. هەروەها ئـەو گرفتانەی بە هـۆی ئـەم جـودا بوونـەوە لەگـەڵ وڵاتـە دراوسـێکانی تورکیـا و ئێران دێنـە کایـەوە، ڕوون و ئاشـکران. ئـەو ڕاسـتییەی ئـەم وڵاتانـە خـاوەن ژمارەیەکـی زۆری دانیشـتوانی کـوردن کـە لە نزیـک سـنووری عێـراق نیشـتەجێن، بەرپرسـیارێتی تایبـەت دەخاتـە سـەر شـانی حکومەتی عێـراق و حکومەتـی عێـراق هیـچ کاتێـک ناتوانێـت ئـەم بەرپرسـیارێتییە جێبەجـێ بـکات، ئەگـەر نەتوانێـت بەڕێوەبەردنـی ناوچـە سـنوورییەکان کۆنتـڕۆڵ بکات. هـەر وەک بەڕێزتان بـە ئاشـکرا ڕاتانگەیانـدووە، حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا لەسـەر ئـەم خاڵـە و لەسـەر سیاسـەتی گشـتی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کـورد هاوڕایە.

دڵنیایــم کۆمەڵــەی گــەلان قبــوڵ دەکات حکومەتــی عێــراق بڕیارەکانــی ئــەم کۆمەڵەیــەی بــە شــیاوی جێبەجــێ کــردووە و داواکارە [کــوردەکان] ئــاگادار دەکاتــەوە کــە هەڵــەن لــەو بیرکردنەوەیــەی گوایــە بــە پێــی بڕیــاری ئــەوان، بــە کۆتایــی هاتنــی ئینتیدابــی بەریتانیــا لەســەر عێــراق کــورد مافــی دامەزراندنــی حکومەتێکــی ســەربەخۆ لــە ژێــر چاودێــری کۆمەڵــەی گەلانیــان هەیــە.

هەروەهـا دڵنیـام بەڕێـزت لـە زووتریـن کاتـدا وەڵامـی داواکارەکان دەدەیتـەوە و لـە سـنووردارێتی کارگێڕیـی ئاگاداریـان دەکەیتـەوە، ئەگـەر حکومـەت نەتوانـێ سیاسـەتێکی سـەقامگیر جێبەجـێ بـکات.

تـا ئەوکاتـەی ئـەم بابەتـە پەیوەنـدی بـە کۆمەڵـەی گەلانـەوە هەیـە، حکومەتـی عێـراق ناتوانــێ هیــچ هەنگاوێــک بــۆ ڕێگــری کــردن لــە ئــازادی ڕادەربڕیــن بگرێتەبــەر، بــەڵام

حکومەت لەو بڕوایەدایە ناکرێ تا سەر ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت و بەو ئەنجامە دەگات کە حکومەت وەک هەر حکومەتێکیتر رووبەڕووی ئەم بارودۆخە دەبێتە، بۆیە دەبێ لە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست ئازدا بێت.

هەر وەک بەڕێزت ئاگاداری، یاسای بنەڕەتی عێراق، کە لە لایەن ئەنجوومەنی دەستورەوە پەسەندکراوە و ئەنجوومەنەکە نوێنەرایەتی گشت چینێک دەکات، مافی گشت تاکێکی پاراستووە و هەر جۆرە کردەوەیەک کە بە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت، بەپێی یاسا بە تاوان هەژمار دەکرێت کە دەبێ سزا بدرێت.

حکومەتی عێراق دەزانێت حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لە سیاسەتەکەیدا پشتگیریی لێدەکات، بەڵام، دەستی حکومەت کراوەتر دەبێت و دەتوانێت باشتر کاریگەری لەسەر کوردە تێگەیشتووەکان دروست بکات، ئەگەر کۆمەڵەی گەلان ئەم سیاسەتە پەسەند بکات کە لە حاڵی حازردا حکومەتی عێراق جێبەجێی دەکات و بەنیازە لە داهاتوشدا جێبەجێی بکات.

وەفادارتان

واژوو: جەعفەر ئەلعەسکەری.

His Excellancy Major. H. W. Young C.M.G., D.S.O

His Britannic Mjesty’s Acting Hogh Commissioner for Iraq

Baghdad

هاوپێچ: ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجییەکان (ل٣١٢-٣١٤)

تێبینی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ (ل٣١٨-٣٢٤)

زۆر نهێنی

بەڕێز وەزیری [ناوخۆ]

بەڕێزت بۆت ڕوونکردمەوە کە بەنیازی سیاسەتێکی بەهێز لە لیواکانی کورد پەیڕەو بکەیت کە بریتییە لە:

ا بەپەلە لەکار لادانی موتەسەڕیفی سلێمانی. ئەم کارەش ئەنجام درا.

**ب** بەپەلە لەکار لادانی فەرماندەی پۆلیسی سلێمانی و لەجێ دانانی فەرماندەیەک کە بە زمانی کوردی قسە بکات، یاخود دامەزراندنی یاردەدەرێک بۆ فەرماندەی پۆلیس (لەوانەیە عەرەبێک بێت).

**ج** دوورکرخستنەوەی گشت ئەو قایمقام و بەڕێوەبەرانەی لیوای سلێمانی کە بۆچوونی سیاسییان لەگەڵ حکومەتی ناوەند ناگونجێت.

**د** بەپەلە دەستگیرکردن و دادگایی کردنی ئەو کەسایەتییە کوردە گرنگانەی داوای حکومەتیکی سەربەخۆیان بۆ سلێمانی دەکرد. ژمارەی ئەم کەسانە نزیکەی ١٢ کەسن.

**ه** بە گشتی، چاودێری توندی گشت ئەو کەسانە بکرێ کە خەڵک بۆ جیابوونە دەوروژێنن.

١. ناتوانم لەگەڵ بۆچوونی بەڕێزت هاوڕا بم، چونکە ئەم بابەتە گرنگییەکی درێژ مەودای هەیە. ئێمە ڕێکەوتووین بە پێی ڕێکارە ئاساییەکان، ئەم بابەتە بخەینە بەردەوم ئەنجوومەنی وەزیران.

٢. بۆ بەرچاوڕوونی وەزیرەکان، بۆچوونەکانم دەخەمە سەر لاپەڕە و لەسەر ڕەوشی گشتی و ئەو هەنگاوانەی پێویستە ئێوە بیگرنەبەر، تێبینییەکانی خۆم دەخەمەڕوو.

٣. سەرەتا بۆ باسکردن لە ڕەوشی گشتی، ئاشکرایە حکومەتی عێراق لە ڕاگەیاندنی سیاسەتەکەی نابێ تەنیا ئێستا ڕەچاو بکات، بەڵکو دەبێ ڕەچاوی ئەو بارودۆخەش بکات کە لە دوای ساڵی ١٩٣٢ دێتەئاراوە. حکومەتی عێراق دەبێ بڕیار بدات، ئایا

بە نیازە سەرەڕای بەرهەڵستی دانیشتوانی لیوا کوردییەکان، بە نیەت پاکییەوە، حوکمڕانی بەسەر ئەم لیوایانەدا بکات یا نا.

٤. ئەگەر حکومەتی عێراق بە نیازی ئەم کارە بێت، پێویستە ڕەچاو بکات، ئایا هێندە بەهێزە بتوانێت ئەم لیوایانە کۆنترۆڵ بکات، یاخود لە بەرژەوەندی عێراقدایە کە بەشێکی بەرچاوی وڵاتەکەی بۆ هەمیشە پشتگوێ بخات، ئەگەرنا دۆخەکە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش کراوەیە.

٥. لە گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزتدا، تێبینیم کرد کە جیاوازییەکی قووڵ سەبارەت بە ئەگەری سەرهەڵدانی ئاژاوە لە لیواکانی کورد و بەهێزی هەستی نەتەوایەتی لە نێوان بۆچوونەکانماندا هەبوو. بە بۆچوونی بەڕێزت ئەو جوڵانەوە [کوردییەی] کە لە حاڵی حازردا لە ئارادایە، بە هۆی وروژاندنی خەڵک لەلایەن چەند کەسێکەوە هاتووتەکایەوە، ئەگەر ئەم کەسانە سەرکووت بکرێن، جوڵانەوەکە هەڵدەوەشێتەوە. بە بڕوای جەنابەت تەنانەت ئەگەر خەڵک لە دژی حکومەت ڕاپەڕێت، سوپای عێراق دەتوانێت بە ئاسانی شکست بەم خەڵکە بهێنێت. بەڕێزت ئاماژەت بەوە کرد، چۆن لە سەردەمی تورکیادا فەوجێکی بێ هێزی تورکیا و بە چەند پارچە چەکێک بە خێرایی خێڵە سەرکێشەکانی سەرکووت دەکرد. بەڕێزت توانای کوردەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی عێراقت بە کەم هەژمار دەکرد، ئەمەشت بۆ پتەوی سیاسەتی خۆت دەگەڕاندوە و هەر جۆرە مەیلێکی [سەربەخۆ خوازی کوردەکانت] بە لاواز هەژمار دەکرد کە پێویست بەوە ناکات بە ئارامی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

پێموایە من بە دروستی هەڵوێستی جەنابتم ڕوونکردبێتەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە من لە گفتوگۆی نێوانمان تێگەیشتم.

٦. ئەگەر بۆچوونی بەڕێزت سەبارەت بە بێ هێزی کورد دروست بێت، کەواتە پرسی کورد تا ڕادەیەکی زۆر ئاسان دەبێت. بە هەرحاڵ، بەداخەوە دەبێ بڵێم من زۆر بە قووڵی لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕا نیم و دەبێ بڵێم هەر جۆرە سیاسەتێک کە لەسەر ئەم جۆرە گریمانەیە دابڕێژڕێت، کارەسات دروست دەکات.

بە بۆچوونی من ئەو هێزانەی ئێستا هەن -واتە هێزی بەریتانیا و عێراق- لە ڕووبەرووبوونەوەی هەر جۆرە سەرهەڵدانێکی کورد تووشی گرفت دەبن و لە دوای ساڵی ١٩٣٢، سوپای عێراق بەو هێزەی ئێستا هەیەتی ناتوانێت ئەم ئەرکە بە تەنیا جێبەجێ بکات. تەنانەت ئەگەر ئەم قسەیە زیادەبێژی تێدا بێت، بەڵام بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنێک کە تێچوونی زۆر بێت و ڕاگرتنی ژمارەیەکی زۆری بنکەی سەربازی هەمیشەیی لە لیوا کوردییەکاندا، بارگرانییەکی قورس بۆ حکومەتی عێراق دروست دەکات. بۆچوونی من پشت بەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانە دەبەستێت کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە سلێمانی ئەنجامدرا، هەروەها پشت بە بۆچوونی ئەفسەر و کاربەدەستانی بەریتانی دەبەستێت کە لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆم لەگەڵیاندا کردووە.

بەڕێزت دەبینیت ئێمە پرسەکە لە دوو گۆشەنیگای پێچەوانەی یەکتر دەبینین- بەڕێزت لەو گۆشەنیگایەوە کە هیچ شتێک لە ئارادانییە لە کورد بترسین- منیش لەو گۆشەنیگایەوە دەڵێم ئەوان دەتوانن گرفتی جیددی بۆ حکومەتی عێراق دروست بکەن. بەم پێیەش من هەر لە سەرەتاوە پێداگریم کردووە حکومەت سیاسەتێک بگرێتەبەر کە ئەو بەڵێنانەی جار نا جار بە کوردەکانی داوە جێبەجێ بکات، بە جۆرێک نە تەنیا ئەم سیاسەتە لەلایەن کوردە تێگەیشتووەکانەوە پەسەند بکرێت، بەڵکو لەلایەن هەر کەسێکەوە پەسەند بکرێت کە کەمترین زانیاری لەسەر پرسی کوردی هەبێت.

٧. من هەمیشە نیگەرانی دروست بوونی کێشەم، بەڵام کاتێک کێشە سەرهەڵدەدات، هیوادارم حکومەتی عێراق خاوەن حەق بێت، نەک بە هۆی هەندێك گلەیی، حەق بە کوردەکان بێت. ئەو ڕاستییەی لە دوای چوار ساڵ دەرباز بوون بەسەر ئەو بەڵێنانەی حکومەتی عێراق [بە کوردەکانی داوە]، بەڵام هیچ ڕێکارێکی نەگرتووتەبەر، وا دەکات ڕەخنە لە حکومەتی عێراق بگرێت بە هۆی ئەو خەمساردییەی لەم بارەوە لە ماوەی ڕابردوودا هەیبووە.

٨. ئێمە جارێ بە قۆناغی مەترسیدار نەگەیشتووین و بە بڕوای من حکومەت دەبێ

زۆر بـە هۆشـیارییەوە ڕەچـاوی هـەر جـۆرە کردەوەیەکـی بـکات و هیـچ هەنگاوێـک نەهاوێژێـت بـە بـێ خوێندنـەوەی ئەنجامەکانی. مـن دەزانـم بەڕێزت لە سـەرکردەکانی سـلێمانی توڕەیـت - ئـەوەش دەزانم کـە بەڕێزت لەگەڵ من هاوڕانیت- بـەڵام لەم بارەوە حکومەتـی عێراقیـش لـە گلەیـی و گازنـدە بـە دوور نییـە. کاتێـک نوری پاشـا دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، کارێکـی زۆر باشـی کـرد کـە ڕایگەیانـد حکومەتـی عێـراق بە نیازە یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان بـڵاو بکاتـەوە و بـە نیـازە بەڵێنەکانیتریشـی کـە بـە کـوردی داون جێبەجێیـان بـکات، هـاوکات تەلەگرامـی سوپاسـگوزاری لـە سـلێمانییەوە نێـردران.

ئـەم کارە باشـە، دوای ماوەیەکـی کـەم تێکـدرا. کاتێـک ڕایگەیانـد لـە داهاتـوودا زانینـی زمـان نـەک نەتـەوە دەبێتە بنەمـای دامەزراندن و کاتێک بـۆ جێبەجێکردنـی بەڵێنەکان هیچ شـتێک نەکـرا و پەیماننامـە نوێیەکـەی بـە بێ هیچ ئاماژەدانێـک بە ناوی کورد بـڵاو کرایەوە، کـوردەکان بڕوایـان بـە حکومەتـی عێـراق نەمـا و پشـتی یەکتریـان گـرت. ئەگەر لـەو کاتەدا بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت توانیبـای بچێتـە سـلێمانی، دەیتوانـی ئـەم سـەرکردانە جڵـەو بـکات کـە خۆیـان ئامـادە نەکردبـوو، بـەڵام بەداخـەوە ئێمـە چەندیـن هەفتەمـان بە فیـڕۆدا بـۆ باسـکردن لـەوەی دەتوانیـن چـی بدەینـە کـورد و ئەوانیـش کاتـی پێویسـتیان بۆ نمایشـکردنی هێزەکەیـان دەسـتەبەر کرد. من چەنـد مانگ لەمەوبەر ئاماژەم بـە بەفیڕۆدانی کات کـرد و بەداخـەوە ئـەو کات، پێشـنیازە میانڕەوەکانـی مـن قبـوڵ نەکران.

٩. بـە هـەر حـاڵ هیـچ سـوودێکی نییـە بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە دەبـا چـی کرابـا. ئـەو شـتەی پێویسـتە حکومـەت ڕەچـاوی بـکات بریتییـە لـە سیاسـەتی ئێسـتا و داهاتـوو و بڕیـار بـدات کـە ئایـا باشـترە سـەرکردەکانی کـورد سـەرکوت بـکات، یاخود هـەوڵ بدات ئـەم سـەرکردانە بـۆ ئـەو پێگەیـە بگەڕێنێتـەوە کـە لـە کاتـی یەکـەم ڕاگەیاندنەکـەی نـوری پاشـا، تێیدابـوون. بـە پشـت بەسـتن بـەو هۆکارانـەی ئامـاژەم پێکـردن، بـە بۆچوونـی مـن، ئـەم سیاسـەتەی دوایـی، تەنیـا سیاسـەتێکە دەبـێ بگرێتەبـەر. لەوانەیـە ئەمـە کارێکـی سـەخت بێـت، بـەڵام پێویسـتە هەوڵـی بـۆ بدرێـت. یەکـەم هەنـگاو بریتییـە لـە جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانـەی لـە بەرنامەکـەی حکومەتـدا هاتـووە و سـەرنجی خەڵکـی بـۆ ڕابکێشـین.

بە تایبەت، من ئاماژە بەو بابەتانە دەکەم کە لە ڕەشنووسی یاسای زمانەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە و هەر وەک بەڕێز کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت ڕایگەیاندووە، دەبێ تا ئەو شوێنەی بکرێت ئەم یاسایە لە زووترین کاتدا جێبەجێ بکرێت. بە بێ دواکەوتن، پێوستە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری کارگێڕیی دامەزرێت، دەست بە کردنەوەی نووسینگەی وەرگێڕان بکرێت و بەڵێناکەنیتر جێبەجێ بکرێت. هەروەها پێشنیاز دەکەم فەرمان بە موتەسەڕیفەکان بکرێت کاریگەرییەکانی خۆیان لەسەر سەرۆکەکانی کورد بەکار بهێنین و هانیان بدەن کە بەرنامەی حکومەت لە بەرژەوەندی ئەوان دایە و مافەکانیان دەپارێزرێت.

بۆ ئەوەی ئەم کارە بکرێت، باشترە مەرجەکانی ڕەشنووسی یاسای زمان بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا بکرێت. ئەمە باشترین ئیمتیازە کە حکومەت [بە کوردەکانی] داوە و دەبێ بە کاری بهێنێت. موتەسەڕیفەکانی کەرکووک و سلێمانی بە دامەزراندنی پەیوەندی نزیک و دۆستانە لەگەڵ سەرۆکە خۆجێییەکانی کورد، دەتوانن ڕێگر بن لە کاریگەری نواندنی پڕوپاگەندەی سلێمانی بەسەر ئەم سەرۆکانەوە. لە کاتێکدا موتەسەڕیفی سلێمانی هەوڵ دەدات سەرۆکەکانی کورد بخاتە چوارچێوەیەکی میانڕەوانە، هاوکات پێیان بڵێت کە داواکارییەکەیان خراوەتەبەردەم کۆمەڵەی گەلان و تا ئەوکاتەی وەڵام دەدرێتەوە ئارام بگرن. کاتێک وەڵامەکە دەگەڕێتەوە با گریمانە بکەین کە وەڵامەکە بە دڵی حکومەتی عێراقە، دەبێ هەوڵ بدرێت تا هانی ئەم سەرکردانە بدرێت و تێبگەینرێن کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە هاوکاری حکومەتی عێراق بکەن. لەوانەیە پێویست بکات ئیمتیازی زۆرتر بدرێت، بەڵام ئەم ئیمتازانە بە جۆرێک بن کە لەگەڵ سیاسەتی حکومەت لەبارەی جوداخوازی یاخود لاوازکردنی حکومەت، ناکۆک نەبن.

ئەگەر هەموو ئەم ڕێکارانەی ئاشتەوایی شکستیان هێنا، حکومەت دەتوانێت بەرگری لەخۆی بکات و هەر جۆرە جوڵانەوەیەکی جوداخوازی سەرکوت بکات. ئەوکات حکومەت سەبارەت بە سیاسەتەکەی بەرانبەر کورد لە پێگەیەکی بەهێزتردا دەبێت و ئەم سیاسەتە لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و کۆمەڵەی گەلان

ڕاستاندن دەکرێت، ئەمەش دان بەخۆداگرتن و سیاسەتمەداریتی حکومەتی عێراق نیشان دەدات. هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لە مافی حکومەتێک بۆ حوکمڕانی بکات.

هەروەها هیواداریـن ئـەم فاکتەرانـە کاریگەریـی لەسـەر کـوردە میانـڕەوەکان دروست بکات و هەر جۆرە کێشەیەک بکاتە کێشەیەکی خۆجێیی. من هیوادارم ڕێکاری سەرکوتکەرانە نەگیرێتەبەر، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕێکارانە سەرکەوتووش بن، ئەم جۆرە ڕێکارانە کورد توڕە و ناڕازی دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا هیچ چارەسەرییەک نەدۆزرێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی وەڵامی کۆمەڵەی گەلان هاتەوە، ئەگەر سەرکردە توندڕەوەکان پێداگریان لەسەر بۆچوونەکەی خۆیان کرد، پێموایە هیچ بەدیلێکیتر نییە.

١٠. سەرنجەکانی من لەسەر ئەو هەنگاوانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدراو و پێشنیازکراون بەم شێوەیەی خوارەوە بگیرێتەبەر:

ا ئەگەر ئەحمەد بەگی کوڕی تەوفیق بەگ ڕازی بێت، کێشەی موتەسەڕیف چارەسەر بووە. ڕەزامەندی دەربڕاوە کە وەهبی بەگ بە شێوەیەکی فەرمی ناگوازرێتەوە تا ئەوکاتەی جێگرەکەی دەست نیشان بکرێت.

ب بە بۆچوونی من لە ڕوانگەی کارگێڕییەوە شتێکی لۆژیکانە نییە فەرمانـدەی پۆلیس و موتەسەڕیف لە یەککاتدا بگۆڕدرێن، بە تایبەتیش کە مستر شێپارد (Mr. Sheppard) ئەفسەری لێکۆڵەری پۆلیس، ماوەیەکی کەمە لەسەر ئەم کارە لادراوە. موراد بەگ فەرمانبەرێکە چاوەڕوانی خانەنشین کردن لە حکومەتی عێراق دەکات و بە بڕوای من وەک فەرمانبەرێکی حکومی ئەو کارەکانی بە باشی بەڕێوە بردووە.

بە بۆچوونی من گۆڕینی [پۆستی ئەفسەری لیکۆڵەری پۆلیس] و جێگرتنەوەی لەلایەن عەرەبێک کە بە کوردی قسە دەکات، هەڵەیەکی گەورەیە. ئێمە ڕامانگەیاندووە زمان نەک نەتەوە دەبێتە بنەمای دامەزراندن، ئەمەش بە بیانوی ئەوەی ئەم کارە لە بەرژەوەندی کوردەکاندایە، بەڵام پێویستە لەبیر نەکرێت، کە ئەمەش شکاندنی ئەو بەڵێنەیە کە لەلایەن عەبدولموحسن بەگ بە کورد دراوە. کورد بەرانبەر ئەم

کاره زۆر بـه گومانـن و بـه بـڕوای مـن پێویسـته ئامـۆژگاری حکومـەت بکرێـت کـه ئـەم کاره ئەنجـام نـەدات تـا ئەوکاتـەی ڕەشنووسـی زمانـه خۆجێییـەکان لـه لایـەن پەرلەمانـەوە پەسـەند دەکرێـت و بارودۆخەکـەش ئارامـتر دەبێـت.

**ج** بـه بۆچوونـی مـن تـا ئەوکاتـەی وەڵامـی کۆمەڵـەی گـەلان دەگەڕێتـەوە، گۆڕینـی قایمقـام و بەڕێوەبـەرەکان تەنیـا ڕوتینێکـی ئاسـاییه.

**د** بـه بـڕوای مـن باشـتره هیـچ هەنگاوێـک لـه دژی سـەرکردەکانی سـلێمانی نەگیرێتەبـەر. زیانـی ئـەم کاره لەوەدایـه کـه کۆمەڵـەی گـەلان و لەوانەشـه حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا لـه دژی ئـەم کـرداره بەپەلەیـه بوەسـتنەوە. ئەگـەر سـەرەتا کێشـەکه بـه شـێوەیەکی ئاشـتیخوازانه چارەسـەر نەکرێـت، لەوانەیـه پشـتگریی لـه کـوردەکان دەکرێـت. بـه دڵنیاییـەوە دەسـتگیرکردنی سـەرکردەکانی سـلێمانی دەبێتـه هـۆی ئەوەی گشـت کـورده میانـڕەوەکان بچنـه بـەرەی کـورده توندڕەوەکان، ئەمـەش دەبێتـه هـۆی پەرسـەندنی ئاڵـۆزی لـه لیواکانـی کـورددا. بـەم چەشـنەش هـەر جـۆره هیوایـەک بـۆ چارەسـەری ئاشـتییانه لـه نـاو دەچێـت و بـۆ هەتاهەتایـه دوژمنکاریـی و بەرهەڵسـتی حکوتـی عێـراق دەکـەن.

١١. من داوای لێبوردن دەکەم که ئەم یاداشـته، یاداشـتێکی دورودرێژه، بەڵام هۆکارەکەشـی گرنگـی بابەتەکـه بـوو. مـن هێشـتا بەهیـوام دەتوانیـن دۆخەکـه کۆنترۆڵ بکەیـن ئەگەر ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێـراق ڕەفتارێکـی دۆسـتانه و باش لەخۆی نیشـان بـدات، بەڵام ئەگـەر وەزیـرەکان لەگـەڵ بەڕێـزت هـاوڕا بـن کـه دەتوانـن بـه ئاسـانی بەسـەر کـورددا سـەرکەون، ئـەوکات مـن بەرهەڵسـتی توندی خـۆم لەبارەی ئـەم ڕەفتـاره دەخەمەڕوو.

مـن کۆپیـەک لـەم یاداشـته بـۆ بەڕێـزان سـەرۆک وەزیـران بـه وەکالـەت و کۆمسـیاری بـاڵا بـه وەکالـەت دەنێـرم.

واژوو: K. Cornwallis

ڕاوێژکاری وزارەتی ناوخۆ.

١٨.٨.١٨٣٠

دووبـارە داڕشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـری موسـتەعمەرات (ل٣٢٥)

١٨ی ئاب

(لـە کاتژمێـر ٢:٥ خولەکـی ئێـوارە لـە ڕێکەوتـی ١٨ی ئابی١٩٣٠، بەدەسـت نووسـینگەی موسـتەعمەرات گەیشتووە)

ژمارە ٢٦١. بەپەلە

ئامـاژە بـە تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٣٧٣ لـە ڕێکەوتـی ١٣ ئـاب. لەلایـەن کۆرنوالیـس، ئـاگادار کرامـەوە کـە وەزیـری ناوخـۆ نـەک مرۆڤێکـی بـە کـردار دڕندەیـە، بەڵکـو ئەحمـەق و لـوت بەرزیشـە. ئـەو گووتویەتـی بـە گوێـرەی ئـەو سیاسـەتەی لـە ناوچـە کوردییـەکان دەگیرێتەبـەر، شـوێنی فەرمانبـەری کـورد بـە فەرمانبـەری عـەرەب دەگۆڕێـت و بەدواداچـوون بـۆ ئـەو سـەرکردە کوردانـە دەکات کـە لـە سـلێمانی لـە میانـەی گەشـتەکەماندا خواسـتی خۆیـان بـۆ سـەربەخۆیی دەربڕیـوە.

دامەزراندنـی [فەرمانبـەری کـورد] کـە لـە گەشـتەکەدا بڕیـاری لەسـەر درا و لەلایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە پەسـەندکرا، تـا ئێسـتا جێبەجـێ نەکـراوە. گشـت شـارەزایان هـاوڕان کـە حکومەتـی عێـراق لـە جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانـەی ڕایگەیانـدووە، شکسـتی هێنـاوە و بـەم هۆیەشـەوە بارودۆخێکـی مەترسـیدار سـەرهەڵ دەدات. لـە حاڵـی حـازردا ئـەم بابەتـە خراوتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی وەزیـران و دڵنیـام کـە ئـەوان پێشـنیازەکانی وەزیـری ناوخـۆ ڕەت دەکەنـەوە. بەهەرحـاڵ، مـن مەلیـک فەیسـەڵ و وەسـی ئـاگادار دەکەمـەوە کـە دەبـێ لەسـەر ئـەو سیاسـەتە ڕازیبـم کـە بـە نوێنەرایەتـی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا لەبـەردەم خەڵـک ڕامگەیانـدووە [حکومەتـی عێـراق دەبـێ جێبەجێـی بـکات]، هەروەهـا بـە پێـی ئـەو نامەیـەی بـۆ [کۆمەڵـەی گـەلان] بـەرزی دەکەمـەوە، ناچـارم ئامـاژە بـەوە بـدەم کـە لـە خسـتنەڕووی داواکاری [خەڵکـی] سـلێمانی، حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا ناچـارە بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان ڕوونـی بکاتـەوە کـە ڕاگەیاندنەکـەی مـن بـە هەڵـە لێکدراوەتـەوە و لـە ڕاسـتیدا

حکومەتـــی عێـــراق ئـــەو بەرنامەیـــەی ڕایگەیاندبـــوو، جێبەجێـــی نەکـــردووە. شـــتێکی بـــاش دەبێـــت ئەگـــەر نـــوری پاشـــا بـــە تەلەگـــراف فەرمـــان بـــە جەعفـــەر پاشـــا بـــکات تـــا ئـــەو سیاســـەتەی ڕایگەیانـــدووە بەپەلـــە جێبەجێیـــان بـــکات، هەروەهـــا ڕەشنووســـی یاســـای زمـــان بـــڵاو بکاتـــەوە و ئـــەو کەســـانەی بۆچوونـــی خراپیـــان بـــۆ ئێمـــە خســـتەڕوو، دەستبەســـەر نـــەکات.

وەرگێرانی نامەی زۆر زۆر نهێنی وەزیری ناوخۆ، ژمارە (C./٢٦٩١) لە ڕێکەوتی ١٨ی ئابی١٩٣٠، کە بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران ناردوویەتی. (ل٣٢٦)

*********

کۆمەڵێک خەڵکی سەر گەرم و مەزاج دەمدەمی خەڵکی سلێمانی لەم دواییانەدا دەستیان کردووە بە پیلانگێڕی و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی زیانهێنەر و سەرقاڵی کۆمەڵێک چالاکین کە دابەشبوونی یەکپارچەی خاکی عێراق و پێشێلکردنی یاسای بنەڕەتی عێراقی لێدەکەوێتەوە. سەرەتا حکومەت لەو بڕوایەدا بوو لە پێناو ئەوەی ئەم کەسانە دەست لە پیلانگێڕی و ئەم جۆرە چالاکیانە هەڵگرن، کارێکی باشە حکومەت ئامۆژگاری ئەم کەسانە بکات و ڕاوێژیان لەگەڵدا بکات کە بەرهەڵستی حکومەتی دامەزراو و یاسا دەکەن.

سەرەڕای ئەمەش، ئەو کەسانە لە پیلانگێڕیی و ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییە زیانهێنەرن بە یەکپارچەیی خاکی عێراق و پێشێلکردنی دەستور بەردەوام بوون، ئەمانەش هەڕەشەیان لەسەر نەزم و سەقامگیریی گشتی دروست کردبوو. ئەنجامیش بریتی بوو لەوەی هەنوکە لە پێناو پاراستنی یەکپارچەی خاکی پاشایەتی عێراق لە دژی دابەشبوون، پاراستنی بەندەکانی دەستوور و دڵنیایی بوون لە ئاشتی و نەزمی گشتی، پێویستە ڕێکاری یاسایی و هەنگاوی تەمبێکارانە لە دژی ئەم کەسانە بگیرێتەبەر. بۆ ڕاوێژکاری وەزراتی ناوخۆ کە لەگەڵ من هاوڕا نییە، ئەم بابەتەم بەتەواوی ڕوونکردەوە و ئاماژەم بەوە کرد کە لەم بارودۆخەدا، زۆر زەرورە ئەم ڕێکارانە بگیرینەبەر.

بە پێویستم زانی ئەم بابەتە بخەمە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران تا بڕیاری لەسەر بدرێت و ئەنجامەکەشی بە من ڕابگەیێندرێت.

پوختەیەکی کورت لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی (ل٣٢٧)

١٨ی ئابی١٩٣٠

باکوور و ناوەڕاستی کوردستان

١٨١. ڕاپەڕینی کورد لە هەکاری

ئاماژە بە پەرەگرافی ١٧٣ لە ١٩٣٠. هەواڵ هاتووە کە کوردەکانی ئۆرەمار (Oramar) داوای یارمەتی زۆرتریان لە شێخی بارزان کردووە، شێخی بارزان لە سەرەتای ئابدا نزیکەی ١٠٠ پیاوی لە ڕێگەی ناوچەی نێروە (Nerwa) ناردبووی.

لە پێکدادانێکدا لەگەڵ هێزەکانی تورکیا، هێزی بارزان کوژراو و بریندار هەبووە و ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە بیست کەس کوژراون.

(Authority:- S.S.O. Mousl)

وزارەتی ناوخۆ (ل٣٢٨-٣٢٩)

عێراق

بەغدا

١٩ی ئابی١٩٣٠

ژمارە: S. A. 510.

زۆر زۆر نهێنی

بۆ:

لێکۆڵەری کارگێڕیی، سلێمانی.

لێکۆڵەری کارگێڕیی، کەرکووک و هەولێر.

لێکۆڵەری کارگێڕیی، مووسڵ.

یاداشتنامە

مـن کۆپـی ئـەو تێبینییـەی لەسـەر سیاسـەتی [حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر] کـورد دەخەمـەڕوو کـە بـۆ وەزیـری ناوخـۆ نووسـیبووم، تـا ئەوکاتـەی تێبینـی نـوێ دەخەمـەڕوو، ئێـوە دەتوانـن ئـەو سیاسـەتە بگرنەبـەر کـە لـەم یاداشـتەدا ئامـاژەی پێـدراوە و هەمـوو تواناکانتـان وەگـەڕ بخـەن تـا کـوردە ئاژاوەگێـڕەکان ئـارام بکەنـەوە. هـەر وەک دەبینـن پێشـنیازی گرتنەبـەری سیاسـەتی ئاشـتەواییم کـردوو، بـەوە هیوایە-لەوانەشـە لـە حاڵـی حـازردا هیوایەکـی بـێ سـوود بێـت- سـەرکردەکانی کـوردی سـلێمانی هـان بدرێـن بـە عاقڵانـە هەنـگاو بنێـن. دڵنیـام کارتێکردنـی کەسـی شـتێکی زۆر گرنگـە و پێویسـتە ئـەم کارتێکردنـە بـەکار بهێنرێـت بـە تایبەتیـش لـە سـلێمانی.

ئـەو بەرنامەیـەی حکومەتـی عێـراق بـڵاوی کردووەتـەوە، بەرنامەیەکـی تـا ڕادەیـەک جیـاوازە لـەو بەرنامەیـەی چەنـد مانـگ لەمەوەبـەر ئێمـە پێکـەوە بـۆ ڕازیکردنـی خواسـتە ڕەواکانـی کـورد دامانڕشـتبوو، بۆیـەش پێویسـتە بەڕێـزت کار بکەیـت تـا ئـەم بەرنامەیـە

پەسـەند بکرێـت. گرنگـە ئـەم ڕەفتـارەی سـلێمانی بـۆ لیواکانیـتر نەگوازرێتـەوە و دەبـێ لێکۆڵەرەکانـی کارگێڕیـی هەولێـر و سـلێمانی گشـت تواناکانـی خۆیـان وەگـەڕ بخـەن تـا ئـەم ڕەفتـارە نەگوازرێتـەوە. مـن زۆر لـەوە دەترسـێم سـەرکردەکانی سـلێمانی گەمژانـە [ڕەفتـار بکـەن] و حکومـەت ناچـار بکـەن لەبەرانبەریـان بوەسـتێتەوە.

لێـرە کۆمەڵەیـک کـەس هـەن لـە گرتنەبـەری ئـەم جـۆرە هەنگاوانـە سـڵ ناکەنـەوە. بۆیـە پێویسـتە لێکۆڵـەری کارگێریـی سـلێمانی، گوشـار بخاتـە سـەر سـەرکردەکانی سـلێمانی و جەخـت لـەوە بکاتـەوە کـە دەبێـت ئـارام بگـرن تـا ئەوکاتـەی بڕیـاری کۆمەڵـەی گـەلان دەردرێـت، ئەگەرنـا حکومـەت ناچـار دەبێـت لەبەرانبەریـان بوەسـتێتەوە و بـەم جـۆرەش زیـان لـە خـودی خۆیـان دەدەن.

مـن ئـاگاداری ئـەو گومانـەم کـە کـورد بەرانبـەر عەرەبەکانـی بەغـدا هەیانـە. یاداشـتی مـن بـۆ وەزیـر نیشـان دەدات -ئەگـەر پێویسـتی بـە بەڵگـە کـرد- ئـەم گومانـەی کـورد بـێ بنەمـا نییـە، بـەڵام ئەمـە ئەرکـی بەڕێزتـە تـا کـورد هـان بدەیـت عاقڵانـە ڕەفتـار بکـەن. هەروەهـا ئەرکـی ئێمەیـە ڕێگـری لـە حکومەتـی عێـراق بکەیـن لـە گرتنەبـەری هـەر هەنگاوێـك کـە کارەسـات دروسـت بـکات.

ئێمـە گشـتمان لەسـەر ئـەو ئیمتیازاتانـە ڕێککەوتوویـن پێویسـتە [بـە کـورد بدرێـت] کە لەلایـەن حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـاش پەسـەندکراوە. پێویسـتە ئێمـە پابەنـدی ئـەم سیاسـەتە بیـن و هـەوڵ بدەیـن کـورد و عـەرەب هـان بدەیـن لۆژیکیانـە ڕەفتـار بکەن.

تکایە بە بەردەوام ئاگاداری بارودۆخەکەم بکەوە.

واژوو: K. Cornwallis

ڕاوێژکاری وزارەتی ناوخۆ.

کۆپیەک بۆ:

سکرتێری کۆمسیاری باڵا، بەغدا

زۆر زۆر نهێنی (ل٣٣٠)

ژمارە: S.I/509

وزارەتی ناوخۆ

١٩ی ئابی١٩٣٠، بەغدا.

بەڕێز پاشا

یاداشتنامەیەک سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد دەخەمەڕوو کە ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆم کردووە، چونکە ئێمە لەسەر ئەم سایسەتە ڕێک نەکەوتووین بۆیە وەزیری ناوخۆ یاداشتنامەکەی بۆ بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران بەرز کردووتەوە تا بڕیاری لەسەر بدرێت.

واژوو: K. Cornwallis

H. E. Ja'far Pasha al'Askari, C. M. G

Actiong Prime Minister, Baghdad

نهێنی (ل٣٣٥-٣٣١)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٢٠ ئابی١٩٣٠

بەڕێزم...

**نووسراوی ١** (enclusre 1):

شەرەفمەندمەدەقی ئۆریجناڵی ئەو نامەیە بخەمەڕوو کە کۆمەڵێک کوردی سلێمانی ئاراستەی منیان کردووە، کە بریتییە لە داواکارییەک کە بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلانیان ناردووە.

**نووسراوی ٢:**

هاوپێچ لەگەڵ ڕەشنووسی سەرەتایی، وەڵامێک دەخەمەڕوو، کە بە بڕوای من دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و بە ڕەزامەندی بەڕێزت دەکرێت ئاراستەی واژوکارانی ئەم داواکارییە بکرێت.

**نووسراوی ٣:**

٢. کاتێک ئەم داواکارییەم بە دەست گەیشت، خەریکی بەجێهێشتنی ناوچە کوردییەکان بووم کە بە هاوڕێتی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە وەکالەت گەشتێکم بۆ ئەم ناوچانە ئەنجامدابوو، بڕیارمدا سەبارەت بەم داوکارییە هیچ هەنگاوێک نەگرمەبەر تا ئەوکاتەی لە گەشتەکە دەگەڕێمەوە. واژووکارانی داواکارییەکە، لەو کۆبوونەوەیە ئامادە بوون کە لە سلێمانی بەسترا، هەروەها کۆپییەک لە تۆماری کۆبوونەوەکە لەلایەن ئەفسەری خزمەتگوزاریی تایبەتی (Special Service Officer) سەر بە هێزی ئاسمانی پاشایەتییەوە تۆمارکراوە و هاوپێچکراوە.

**نووسراوی ٤:**

هەروەهــا بــۆ زانیاریــی بەڕێــزت، کۆپییــەک لــەو نامەیــە بــۆ بەڕێزتــان دەنێــرم کــە لەلایــەن لێکۆڵەریــی کارگێڕیــی لیواکانــی کەرکــووک و هەولێــر بــۆ ســێر کینهــان کۆرنوالیــس نــووسراوە، کــە تێیــدا بــاس لــەو کۆبوونەوانــە دەکات کــە لــەم دوو لیوایــەدا بەڕێــوە چوونــە و یاداشــتی کۆبوونەوەکانیــش خەریکــە ئامــادە دەکرێــن. مــن و ســەرۆک وەزیــران بــە وەکالــەت لــە کاتــی گەیشــتنمان بــە ناوچــە کوردییــەکان ڕاســتەوخۆ توشــی ئــەم بانگەشــەیە هاتیــن کــە گوایــە کۆمەڵــەی گــەلان بڕیاریــداوە، ئەگــەر هاتــوو ئینتیدابــی بەریتانیــا لەســەر عێــراق بــە کۆتاهــات، کــوردەکان یــان بــە جــودا لــە ژێــر دەســەڵاتی ئینتیدابــی بەریتانیــا دەمێننــەوە یاخــود ســەربەخۆییان پێدەدرێــت. مــن نازانــم ئــەم بیرۆکەیــە چــۆن ســەریهەڵداوە، ئەگەرچــی لــە میانــەی گەشــتەکەماندا بــە باشــترین شــێوە لــە دژی وەســتاینەوە، بــەڵام ئــەم قســەیە زۆر بەربــڵاوە و دەبــێ لــە زووتریــن کاتــدا بەپــەرچ بدرێتــەوە.

**نووسراوی ٥:**

٣. تــا ئێســتا وەڵامــی تەلەگرامەکــەم بــە ژمــارە ٣٧٣ لــە ڕێکەوتــی ١٣ی ئــاب، وەرنەگرتووتــەوە و پێشــبینی دەکــەم بــە شــێوەیەکی گشــتی پەســەند بکرێــت، چونکــە بارودۆخەکــە ڕێگــە بــە بەفیڕۆدانــی کات نــادات، هەروەهــا تەلەگرامەکــەی بەڕێــزت بــە ژمــارە ٢٩٩ لــە ڕێکەوتــی ١١ی ئــاب، مۆڵەتــی بــە مــن داوە داوا لــە حکومەتــی عێــراق بکــەم تێبینییەکانــی خــۆی لەســەر داواکاریــی [کــورد] بخاتــەڕوو.

لــە کۆبوونەوەکــەی سلێمانی ڕامگەیانــد بــە نیازم ئــەم هەنــگاوە بگرمەبــەر و هەر وەک بەڕێزیشــت لــە نامــە هاوپێچکراوەکــەی بەڕێــز ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق بــە وەکالــەت دەبینیــت، هــەر بــە گەیشــتنم بــە بەغــدا، لــە یەکــەم دەرفەتــدا بــە فەرمــی ڕاوێــژم لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق کــرد. ســەبارەت بــەو بابەتــەی لــە دوای بەرزکردنــەوەی داواکاری کــورد بــۆ بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان، بــۆ حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا باشــترە ئــەو سیاســەتە بگرێتــە بــەر کــە مــن پێشــنیازم کــردووە، دەکــرێ ئــەم بابەتــە دواتــر بڕیــار لەســەر بدرێــت.

**نووسراوی ٦:**

٤. سەرۆک وەزیران بە وەکالەت وەڵامی نامەکەی منی داوەتەوە، کە لەلایەن سێر کینهان کۆرنوالیس بە ڕاوێژ لەگەڵ مندا نووسرابوو و بێ دوو دڵی لەلایەن حکومەتی عێراق پەسەندکرا. ئەمەش بۆ من بەو مانایە دێت کە حکومەتی عێراق بە نیازە ئەو سیاسەتە جێبەجێ بکات کە پێشنیازکراوە. بەهەرحاڵ لە نامەکەی سیر کینهان کۆرنوالیس بۆ وەزیرەکەی [وزیری ناوخۆ] ناردوویەتی، وەها دەردەکەوێت، جێگەی گومانە حکومەتی عێراق بەنیاز بێت بە جیددی ئەم سیاسەتە جێبەجێ بکات. لە هەمان ڕۆژ کە سەرۆک وەزیران بە وەکالەت وەڵامی تەلەگرامەکەی منی داوەتەوە، نامەکەش لە هەمان ڕۆژدا نووسراوە، [گومانەکە] لەو یاداشتنامەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە [وەزیری ناوخۆ] ئاراستەی لێکۆڵەری کارگێڕیی لیوا کوردییەکانی کردووە. کۆپییەک لەم نووسراوەش هاوپێچکراوە.

**نووسراوی ٧:**

لە تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٣٨١ لە ڕێکەوتی ١٨ی ئاب و هەروەها لە کۆبوونەوەکەم لەگەڵ وەسی کە ڕۆژی دواتر هەمبوو، ئاماژەم بە ڕەفتاری وەزیری ناوخۆ کردووە. لەم کۆبوونەوەیەدا هەر یەک لە سەرۆک وەزیران بە وەکالەت و سیر کینهان کۆرنوالیس بەشدار بوون. لەم تەلەگرامەدا زمانی پێشبینی کردنم بەکار هێناوە. وەسی مەلیك و جەعفەر پاشا نیگەرانی خۆیان دەربڕی سەبارەت بەو سیاسەتە سەختگیرانەیەی جەمیل مەدفەعی گرتوویەتەبەر و بە جیددی پێداگریان لەسەر ئەوە کرد، پێویستە بەند بە بەندی ئەو بەرنامەیەی لە گەشتەکەمان بۆ ناوچە کوردییەکان ڕاگەیێندراوە، بە کردار و گوتار جێبەجێ بکرێت. یەکسەر لە دوای کۆبوونەوەکە، یاریدەری نوێی بەڕێوەبەری گشتی وزارەتی ناوخۆ کە تا هەنوکە دەست بەکار نەبووە، بە تەلەگرام لە چەمچەماڵەوە بانگێشتکرا. هەروەها لەو بڕوایەدام ڕێنماییەکانیتریش دەرکراون کە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێن. لە هەمانکاتدا، بە بۆچوونی من تا ئەوکاتەی جەمیل

مەدفەعی وەزیری ناوخۆ بێت، مەترسی ئەوە لە ئارادایە، ئەو سیاسەتەی کە دوای کاتێکی زۆر بۆ کورد پێیگەیشتووین، بە هەڵویستە گەمژە و دەمارگرژانەی ئەو بە فیڕۆ بچێت. ئەگەر خودی سەرۆک وەزیران لێرە با، من پێم ڕادەگەیاند ئەگەری زۆرە حکومەتی بەریتانیا پشتگریی خۆی بۆ حکومەتی عێراق بکشێنێتەوە، ئەگەر حکومەتی عێراق متمانە بە وەزیرێک بکات کە بە ڕاشکاوی دژایەتی سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا دەکات و لەم سیاسەتانە بە گومان بێت.

دڵنیام، تا ئەوکاتەی ئەو کەسە [واتە جەمیل مەدفەعی] بەتەواوی ڕەفتاری خۆی نەگۆڕێت و لەلایەن یاسین پاشاوە ڕێنمایی نەکرێت، دەبێ سیاسەتی [پشتکردن لە حکومەتی عێراق] بە جیددی وەرگرین، هەروەها پێشنیاز دەکەم ئەگەر پێش ئەوەی عێراق بەجێ بێڵم چاوم بە نوری پاشا کەوت (ئەگەر بەجێهێشتنەکەم پەسەندکرا)، لە مەترسی بەڕێوەبردنی پۆستی وەزیری ناوخۆ لەلایەن ئەو کەسەوە ئاگاداری دەکەمەوە.

٥. دڵنیام بەڕێزت زانیاریی پێویست لەم نووسراوە هاوپێچکراوە و لە یاداشتە هەمەگیرەکانی سێر کینهان کۆرنوالیس دەستەبەر دەکەیت، کۆپیەک لەم یاداشتانە هاوپێچی نووسراوە نهێنیەکەی سێر فرانسیس هامفریسی ڕێکەوتی ٢٣ی نیسان کراوە، تا زانیاری بە حکومەتی بەریتانیا بدات، تێبینییەکانی خۆی لەسەر ئەو داواکارییە بخاتەڕوو کە کورد بۆ کۆمەڵەی گەلانی بەرز کردووەتەوە. من تا ئێستا هیچ یاداشتنامەیەکم بە پێی ئەو هێڵانە ئامادە نەکردووە کە لە ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦ داڕێژرا و تێدا وەسفی بارودۆخی هەنوکەی ناوچەکانی کورد بکەم، ئەم هێڵانە لە ٢ی ئاداری هەمان ساڵ پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرا. ئەو ژمارانەی هاوپێچی یاداشتەکەی سێر کینهان کراوە ئەوە نیشان دەدات کە لەو ڕێکەوتەوە ڕێژەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی غەیرە کورد لە ناوچەکانی کورد بەرزبووەتەوە، هەروەها ئەو بەڵێنانەی بە کورد دراوە وەک پێویست جێبەجێ نەکراوە.

بە بڕوای من باشترە ڕاپۆرتێک لەسەر ئەو سیاسەتەی لە حاڵی حازر داڕێژراوە

بخەینە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، نەک هەوڵ بدەین بڵێین عێراق ئەو بەڵێنانەی جێبەجێی کردوون کە لە ڕابردوو داویەتی. لە گشت حاڵەتەکاندا یەکەمین شت دووبارە دڵنیاکردنەوەی خودی کوردە. دواتر هەر کاتێک کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا ئەم ڕێکخراوە لە سیاسەتی حکومەتی عێراق ڕازییە، ئەوکات کورد هیچ بیانوویەکییان بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بڕیارە نامێنی، بەهەرحاڵ دەبێ ڕەچاو بکەین لەسەر سیاسەتێک ڕازی دەبێت کە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

بەڕێز،

بەوپەڕی ڕێزەوە شەڕەفی ئەوەم هەیە ملکەچترین و بەوەفاترین خزمەتکارتان بم.

واژوو: Hubert Young

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق

١٩٣٠/٧٨٣١٦ (ل٣٣٦)

Downing Street

٢١ی ئابی١٩٣٠

بەڕێز مۆنتێگل (Monteagle)

لەو ڕۆژەی تەلفۆنت بۆ کردم، تا ئاگادارم بکەیتەوە وەزارەتی دەرەوە لەسەر ئەو ڕەشنووسە ڕەزامەندی دەربڕیوە کە هاوپێچ لەگەڵ نامەکەم بە ڕێکەوتی ١٨ی ئاب(٣٠/٧٨٣١٥) بۆ بەڕێزتم ناردبوو، پێم گووتی ئێمە لەلایەن کۆمیسار باڵا بە وەکالەت، سەبارەت بە دۆخی کورد تەلەگرامی زۆرترمان بە دەست گەیشتووە. دواتر لە تەلەگرامی بەغدا بە ژمارە ٣٨١، ئاماژەم بەو تەلەگرامانە کردووە، کە لە ڕێکەوتی ١٩ی ئاب کۆپییەک لەم تەلەگرامە بۆ بەغدا نێردراوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە سێر هامفریس و نوری پاشا بە تێرو تەسەلی گفتوگۆیان لەسەر بارودۆخی کوردستان کردووە. کۆپیەک لەو نووسراوە هاوپێچ دەکەم کە تێیدا باس لە ناوەڕۆکی ئەم گفتوگۆیە دەکات. زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بەڕێزت بە تەلەفۆن ئاگادارم بکەیتەوە کە ئایا لەسەر ڕەشنووسی ئەم تەلەگرامە ڕازیت یان نا، ئەگەر مومکین بێت، لەوانەیە ئەم تەلەگرامە ئەم شەو دەربچێت.

خزمەتکارتان

واژوو: H. Hall

THE LORD MONTREAGLE, C.M.G., M.V.O

(ل٣٣٧-٣٣٨)

Mr. Hall 21.8.30

Mr. Williams 21.8.30 at once

بابەت: بۆ ڕەزامەندی نواندنی وەزارەتی دەرەوە.

وەزارەتی دەرەوە ڕەزامەندی نواندووە.

J. H. Hall 21. 8

For destpach Mr. Hall 21. 8 at once

78315/30

دووبـارە دارشـتنەوەی تەلەگرامـی وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق.

(لە کاتژمێر ٩:٣٠ خولەکی ئێوارە، لە ڕێکەوتی ٢١ی ئابی١٩٣٠، نێردراوە

ژمارە ٣١٩.

ئامـاژە بـە تەلەگرامەکـەت بـە ژمـارە ٣٨١ لـە ڕێکەوتـی ١٨ی ئـاب. هامفریـس لەسـەر بارودۆخـی کـورد لەگـەڵ نـوری پاشـا گفتوگـۆی کـردووە و ڕوونـی کردووتـەوە کـە نابـێ حکومەتـی عێـراق بـە هـەر بیانویـەک بێـت لـەو بەرنامەیـەی بەڵێنـی [جێبەجیکردنـی بـە کـوردەکان] داوە پاشـگەزبێتەوە، نابـێ فەرمانبـەری عـەرەب لـە شـوێنی فەرمانبـەری کـورد دابمەزرێنێـت، نابێ بەدواداچـوون بـۆ ئـەو سـەرکردە کوردانـە بـکات کـە لـە میانـەی گەشـتەکەمان خواسـتی خۆیـان بـۆ سـەربەخۆیی دەربڕیـوە. حکومەتـی عێـراق پێشـنیازی کـردووە موتەسـەڕیفی ئێسـتای سـلێمانی بگۆڕێـت کـە کوردەکانیـتر لێـی ڕازی نیـن. نـوری پاشـا بـە تەلەگـراف لەسـەر ئـەم پێشـنیازە ڕازی بـووە و فەرمانـی بـە سـەرۆک وەزیـران بـە وەکالـەت کـردووە بـە زووتریـن کات ئـەو بەڵێنانـە جێبەجـێ بکرێـن کـە ڕاگەێینـدراون.

بەهەرحاڵ، ڕاگەیاندنی ڕەشنووسی زمان هەڵپەسێردراوە، تا دەرفەت بە مەلیک فەیسەڵ بدرێت دەقی یاساکە بخوێنێتەوە. حکومەتی عێراق پێشنیازی کردووە لە دژی کۆمەڵێک کورد کە خەڵک دەوروژێنن، بە پێی یاسای تاوان ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بە تاوانی پێشێلکردنی دەستور و سەقامگیریی حکومەتی عێراق. نوری پاشا تەلەگرافی بۆ سەرۆک وەزیران بە وەکالەت کردووە و پشتگریی خۆی بۆ ئەم هەنگاوە دەربڕیوە. بۆچوونی نوری پاشا بریتییە لەوەی، ئەگەر ڕێگە بدرێت ئەو کەسە وروژێنەرانە لەو چالاکییە خیانەتکارانەیان بەردەوام بن و ڕێگەیان پێبدرێت کە یاسا پێشێل بکەن، ئەوکات حکومەتی عێراق ئیعتیباری خۆی لەدەست دەدات و بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار لە ناوچە کوردییەکاندا سەرهەڵدەدات. نوری پاشا، هامفریسی دڵنیا کردووتەوە کە بەدواداچوون بۆ هیچ کەسێک ناکرێت کە لە میانەی ئەم گەشتەدا، بیروبۆچوونی خۆی دەربڕیوە، یاخود کە داواکاریی بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز کردووتەوە، یاخود ئەو کەسەی بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، کەسێکی خاوەن پێگە و ناودار بێت.

بۆ نوری پاشا ئەوە ڕوون کراتەوە لێپێچینەوە لە کوردە وروژێنەرەکان لە دۆخی ئێستادا کە داواکاریی کورد خەریکە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، بە دڵنیاییەوە وەک کردارێکی سەرکووتکارانە هەژمار دەکرێت کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوتەبەر و لە جنێڤ کاریگەری خراپی لێ دەکەوێتەوە.

نوری پاشا جەختی لەوە کردەوە ئەمانە کردەوەی ئەهریمەنی بچووکن و ئەگەر حکومەتی عێراق لەسەر جێبەجێکردنی یاسا مکوڕ نەبێت، بارودۆخەکە بۆ ئاستی مەترسیدا پەل دەکێشێت. بێگومان، بەلانیکەمەوە نیگەرانییەکانی نوری پاشا بێ بنەما نین و هامفریس ناتوانێت هانی بدات واز لە بۆچوونەکەی بهێنێت. نوری پاشا گووتویەتی لە کۆتایی ئەم هەفتەدا بەرەو عێراق دەگەڕێتەوە.

(بەشی ٢) ئاماژە بە تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ٣٧٣، پەیوەست بە داواکاریی کورد. بە شێوەیەکی گشتی من لەسەر ئەو ڕێکارانە ڕازیم کە بەڕێزت پێشنیازت کردوون. سەبارەت بە بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەو هەڵوێستەی پێویستە حکومەتی

بەریتانیا بگرێتەبەر، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پەرەسەندنانەی لە بارودۆخی ئێستا دێنەکایەوە، دەبێ چاوەڕێی بەیاننامەی حکومەتی عێراق و تێڕوانینەکانی ئێوە بین.

دووبارە داڕشتنەوەی تەلەگرامی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق بۆ وەزیری موستەعمەرات

٢١ی ئابی

(لە کاتژمێر ١٠:١٣ خولەکی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢١ی ئابی١٩٣٠، گەیشتووەتە دەست نووسینگەی موستەعمەڕات).

ژمارە ٣٨٧

نووسراوە نهێنیەکەم بە ڕێکەوتی ٢٠ی ئاب کە لە ڕێگەی پۆستەی هەوایی لە ٢١ی ئابی نێردراوە، ڕەشنووسی ئەو وەڵامە لە خۆدەگرێت [کە بەنیازە پێشکەشی] داواکارەکانی سلێمانی بکرێت. زۆر خۆشحاڵ دەبم سەبارەت بەم ڕەشنووسە بە تەلفۆن ڕێنماییەکانی خۆتمان پێ ڕابگەیێنیت، چونکە بابەتەکە، بابەتێکی بەپەلەیە و دەبێ لە زووترین کاتدا وەڵامی داوکارییەکان بدەینەوە.

دووبــارە داڕشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات (ل ٣٤٠)

٢٢ی ئابی

(لــە کاتژمێــر ٧:٣٥ خولەکــی ئێــوارە لــە ڕێکەوتــی ٢٢ی ئابــی١٩٣٠، گەیشــتووەتە نووســینگەی موســتەعمەرات).

ژمارە ٣٨٧. ئاماژە بە تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٣٨٧ لە ڕێکەوتی ٢١ی ئاب.

ئەمــڕۆ بەیانــی لەگــەڵ هــەر یــەک لــە وەســی، ســەرۆک وەزیــران بــە وەکالــەت، وەزیــری ناوخــۆ و کۆرنوالیــس، گفتوگــۆ لەســەر ڕەشنووســی وەڵامەکــە کــرا. حکومەتــی عێـراق خوازیـارە ڕسـتەیەک زیـاد بـکات و ئامـاژە بـەوە بـدات کـە بەکـردار هیـچ ڕێکارێـک ناگیرێتەبـەر لـە دژی هـەر جـۆرە چالاکیەکـی پشـتیوانیکردن لـە کـورد لـەو ماوەیـەی کـە داواکارییەکـە [بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان بـەرز کراوەتـەوە،] تـا ئەوکاتـەی وەڵام دێتەوە. مـن هیـچ کێشـەیەک لـە زیادکردنـی ئـەم ڕسـتەیە نابینـم، چونکـە زۆر بـە ڕوونـی دەڵێـت:

١. هیــچ ڕێکارێــک لــە دژی ئــەو چالاکییانــە ناگیرێتەبــەر تــا ئەوکاتــەی وەڵامــی مــن بەدەســت واژووکارانــی [داواکارییەکــە] نــەگات.

٢. بـە بـێ ڕەزامەنـدی پێشـوەختەی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت هیـچ ڕێکارێکـی ئارامـی ڕاگرتـن یاخـود تەمبێکارانـە، ناگیرێتەبـەر. حکومەتـی عێـراق ئامادەیـە ئـەم مەرجانـە پەسـەند بـکات.

مەزبەتەی کورد (Kurdish Madhbata)، ڕێکەوتی ٢٤ی ئابی١٩٣٠ (ل٣٤١-٣٤٢)

بۆ: سەرۆکی کۆمەڵەی گەلان

لە ڕێگەی: بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

بەڕێز،

ئێمە سەرۆکەکانی خێڵی داوده و دانیشتوانی لیوای کەرکووک، ئەم داواکارییەی خوارەوە دەخەینە بەردەم بەڕێزتان.

١. ماوەیەک لەمەوبەر، ڕەفعەت بەگی ئیسمائیل بەگ، یەکێک لە سەرۆکەکانی خێڵی داوده، تەلەگرامی ناردووە و تێدا وەفاداری و پاڵپشتی خۆی بۆ حکومەتی عێراق دەربڕیوە. ئێمە واتە سەرۆکەکانیتری خێڵی داوده، پاڵپشتی تەلەگرامەکەی ناکەین و لەگەڵیشی کۆک نین. ئەگەری زۆرە خودی ئەو لەلایەن دەسەڵاتدارانی کەرکووکەوە خراپێتە ژێر گوشارەوە کە ئەم کارە ئەنجام بدات.

٢. ئێمە لە ڕووی هەست، زمان و نەتەوەوە کوردین و لە سەردەمێکی دورودرێژەوە لەم هەرێمانەدا دەژین. کەچی ئێمە لەلایەن گشت کاربەدەستە فەرمییەکانی عەرەب و تورکمانی ئەم لیوایە، مامەڵەیەکی ستەمکارانە و بێ بەزەییانەمان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ بێگانەیەک دەکەن، بە هەمان شێوەش مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا دەکەن. لێتان دەپاڕێینەوە لەم شێوازە سەرکۆتکارانە بمانپارێزن و چیتر ئێمە بە تەنیا لە ژێر ئەم نادادپەروەریە جێمەهێڵن و لەپێناو بەدەستهێنانی کەمینەیەکی بچووک زۆرینە نەکرێتە قوربانی.

٣. ئێمە بە توندی پاڵپشتی لە داواکارییەکانی کورد دەکەین، بە تایبەتیش داواکارییەکانی لیوای سلێمانی. بە گوێرەی بەڵێنەکانی ساڵی ١٩٢٥ی کۆمەڵەی گەلان، ئێمە پێداگری لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەین کە لە ژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلاندا بێت، بەم شێوەیەش داهاتووی نەوەکانی کورد دیار بێت و لەو سەرکوتکردنەی کە ئێستا ئێمە ڕووبەڕووی بوینەتەوە پارێزراو دەبن.

٤. بەم بۆنەیەوە ئێمە دەمانەوێت ئەو نادادپەروەرییە بخەینەڕوو کە ڕووبەڕووی بووینەتەوە تا بەڕێزت دڵنیا بکەینەوە ئەو شتەی ئێمە دەیڵێین، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە:

هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە، حکومەتی عێراق بە بەردەوام فەرمانبەری غەیرە کوردی لە لیوای کەرکووک دامەزراندووە. بە هۆی ئەو دوژمنایەتییەی لە نێوان ئێمە و تورکیادا لە ئارادایە، حکومەتی عێراق بە بەردەوامی فەرمانبەری تورکمان لە بەشە جۆراوجۆرەکان لە لیوای کەرکووک دادەمەزرێنێت. ئەو فەرمانبەرانە هەموو جۆرە نادادپەروەرییەک بەرانبەر ئێمەدا ئەنجام دەدەن. ئەوان بارگرانیی قورس و باجی سەربازی بەسەر ئێمەدا دەسەپێنن. بە کورتی ئێمە بە بەردەوامی لە ژێر دەسەڵاتی ستەمکار و داپڵۆسێنەری ئەواندایـن، تا ڕادەیەک کە ئێمە تەنانەت لەم دواییانەدا ناتوانین گلەیی و گازندەی خۆمان لە لیوای کەرکووک لە ڕێگەی تەلەگرافەوە بۆ بەڕێزت بەرز بکەینەوە. ئەو فەرمانبەرانە بە گشت ئامرازیکی بەردەستیان، ئازادی ئێمەیان سنووردار کردووە.

٥. ئێمە داوا دەکەین بەڕێزت لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی ئێمە ئەنجام بدەیت و ئەگەر ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان جێبەجی نەکرێت، ئێمە ناچارین لە عێراق بەرەو شوێنێکیتر کۆچ بکەین، شوێنێک کە ئازاد بین و لە دەست سەرکوتکاری پارێزراو بین.

لە کۆتایدا، ئێمە بە گەرمی و بە وەفادارییەوە داوای مافە نەتەوەییەکانمان دەکەین، تا وڵاتێکی ئازاد و دادپەروەرانە بونیات بنێین و بتوانین تێدا بە ئازادی و ئاشتیانە بژین.

تکایە ڕێزی تایبەتی ئێمە قبوڵ بفەرموو.

**واژووکاران:**

حەمە ئەمین ئاغای خورشید ئاغا.

ئەحمەد ئاغای حەمە ئاغا.

عەلی ئاغای مستەفا ئاغا.

نامیق ئاغای قادر ئاغا.

ئیبراهیم ئاغای مەدحەت ئاغا.

پوختەیەک لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی (ل٣٤٣)

٢٥ی ئابی١٩٣٠

**باکوور و ناوەڕاستی کوردستان**

١٨٩. ڕاپەڕینی کورد لە هەکاریی

ئاماژە بە پەرەگرافی ١٨١ لە ١٩٣٠. شێخی بارزان، لە وەڵامی نامەیەک کە لەلایەن قایمقامی زێبار بۆی نێردراوە و بە پیلانگێڕی لەسەر سنوور تۆمەتباری دەکات، نامەیەکی نووسیوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری سنوور وەرنادات. بەهەر حاڵ، سەرەڕای نکۆڵی کردن لەم تۆمەتە، چەندین ڕاپۆرت ئاماژە بەوە دەدەن کە شێخی بارزان و پەیڕەوانی بە تەواوەتی بێگوناح نین. شەریف ئاغای بارزان و دەستەیەکی بچووکی ئەندامانی خێڵەکەی، لەم دواییانەدا سنووریان بەزاندووە و لە ٨ی ئاب گەڕاونەتەوە عێراق و ٣٠ پارچە چەک و تەقەمەنیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە کە سوپای تورکیا لە کاتی دەرچوون لە نێری (Neri) بەجێی هێشتبوون.

دەگوترێت قەزای شەمزینان لە سوپا چووڵکراوە و بەتالیۆنی ٦ی سنوور، لە حاڵی حازر لە جۆلەمێرگ کۆکراوتەوە (J.38/N. Sq. 2 D). بەتالیۆنی ١٣ی سنوور، لە زێراوەک (Zerawak) دەرچووە (J. 38M Sq. 3. D) و لە ڕێگەی ئەلک (Elk)ەوە بەرەو جۆلەمێرگ بەڕێ کەوتووە. هەروەها سوپا لە ناحیەکانی سلۆپی و شەرناخیش دەرچووە.

(Authority:- Political and S.S.O. Mosul)

نهێنی (ل٣٤٤-٣٤٥)

ژمارە: R. O. 173

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا، ٢٨ی ئابی١٩٣٠.

بەڕێز عەبدوڵا ئەفەندی

مـن لەلایـەن بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت ڕاسـپێردراوم، ئـەم تێبینیانـەی خـوارەوە لەسـەر بڕیـاری ژمـارە ٧، بخەمـەڕوو، بڕیارەکـە لـە کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە دەرکـراوە کـە لـە ڕێکەوتـی ٢٤ی ئابـی١٩٣٠، تایبـەت بـە ناردنـی سـوپا بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر بلـێ (Billeh)گرێدرابـوو.

بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا بـە تێروتەسـەلی ئـەم بابەتـەی لەگـەڵ ئەفسـەری فەرماندەیـی ئاسـمانی (Air Officer Commanding) تاوتـوێ کـردووە و بـەم ئەنجامـە گەیشـتوون کـە بـە ڕەچاوکردنـی بارودۆخی سیاسـی ئێسـتای ناوچـە کوردییـەکان، ئامـۆژگاری دەدات تا ئەو شـوێنەی مومکیـن بێـت کەمتریـن گۆڕانکاریـی لـە دابەشـکردنی ئاساییانەی سـوپا ئەنجام بدرێـت. بـەم هۆیەشـەوە کۆمسـیاری بـاڵا هاوڕایـە لەسـەر ئـەو بڕیـارەی کـە ئەنجوومەنـی وەزیـران بـۆ ناردنـی پاشـکۆیەیکی سـەربازیی ئاشـوورییەکان بـۆ بلـێ دەریکـردووە و پێشـنیازی ئـەوە دەکات حکومەتـی عێـراق هیـچ هەنگاوێـک لـەم بـارەوە نەگرێتەبـەر. ئـەم پاشـکۆیەی ئاشـوورییەکان تـا ئەوکاتـەی پێویسـت بێـت لـە بلـێ دەمێننـەوە.

سـوود لـەم دەرفەتـە وەردەگـرم تـا سـەرنجی بەڕێـز نوێنـەری خاوەنشـکۆ بـۆ ئـەو نـووسراوە ڕاکێشـم کـە بـە یاداشـتنامەی سـکرتاریەت بـە ژمـارە (S.O.994) لـە ڕێکەوتـی ٢١ی ئـاب بەکۆتـا دێـت کـە بـۆ لێکۆڵەری گشـتی بـە وەکالـەت لە سـوپای عێراق نـووسراوە و پەیوەسـتە بـە جوڵـەی کۆمەڵێـک یەکـەی سـەربازی لـە پێنجوێـن بـەرەو سـلێمانی. بەڕێـزی لـەوە ئـاگادار نییـە کـە ئـەم جـۆرە جووڵـە پـلان بـۆ داڕێـرژاوە دەبێتـە هـۆی کۆکردنەوەیەکـی نائاسـایی هێـزی سـوپا لـە سـلێمانی، ئەویـش لـەم بارودۆخـە تایبەتـەدا.

بەڕێــز کۆمســیاری بــاڵا بــە تێروتەســەلی لەســەر ئــەم بابەتــە گفتوگــۆی لەگــەڵ ئەفســەری فەرماندەیــی هەوایــی کــردووە، ئەویــش بــە مکــوڕی پێداگــری لەســەر ئــەوە کــردووە کــە ئــەو ڕێکارانــەی لەســەرەوە ئامــاژە پێــدراوە و بــۆ ســلێمانی گیراوتەبــەر دەبــێ لــە ناوچــە کوردییەکانیتریشــدا پیــادە بکرێــت.

بۆیــە داوای کــردووە هێــزی ٣ی پیــادەی عێــراق و یەکــەی ١ی شــاخ (1st Mountain Battery)، نابــێ لــە مانگــی ئەیلوولــدا لــە ســلێمانی بمێننــەوە و دەبــێ بەپێــی ئــەو بەرنامەیــەی بــۆ جووڵــەی ئــەم یەکەیانــە داڕێــژراوە، بــێ هیــچ درەنــگ کەوتنێــک بــۆ بەغدا و مووسـڵ بگەڕێنـەوە. بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا لـەو بڕوایەدایـە کـە کۆکردنەوەیـی هێزێکـی زۆر، لــەم بارودۆخــەدا لــە ســلێمانی، وەک کارێکــی ئیســتفزازی هەژمــار دەکرێــت و لــەو بڕوایەدایـە کـە بەڕێـز وەسـی لەگـەڵ ئـەم بۆچوونـە هـاوڕا بێـت.

خزمەتکارتان

عەبدوڵا ئەفەندی ئەلحاجی، سکرتێری تایبەتی بەڕیز وەسی ، بەغدا

کۆپیەک بۆ:

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا.

داواکاریی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان (ل٣٤٦-٣٤٧)

تێبینییەک بۆ مستر لیۆد (Mr. Lloyd)، نووسینگەی موستەعمەرات، لەبارەی نامەی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (٣٠/٧٨٣١٥) لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئابی١٩٣٠.

لە ڕەشنووسی ئامادەکراو لەلایەن مێجەر یۆنگەوە پێشنیاز کراوە کە بۆ داواکارەکان دەنێردرێت، لە کۆتایی وەڵامەکەدا ئەم ڕستەیەی خوارەوە زیاد بکرێت: «بەهەرحاڵ، ئەگەر تا کاتی گەڕانەوە وەڵامی کۆمەڵەی گەلان هەر جۆرە چالاکییەکی تێکدەرانە ئەنجام بدرێت، حکومەتی عێراق هیچ بژاردەیەکیتری نابێت تەنیا گرتنەبەری ڕێکاری ئارامگرتن نەبێت لە دژی ئەو کەسانەی هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕاگرتنی ئاسایشی ناوخۆ و ئارامی گشتی دەکەن».

ئەم زیادکردنەش (وەزارەتی دەرەوە لەسەری هاوڕایە) وەها نیشان دەدات کە هیچ پێویست بە ڕستەی پێش کۆتایی نەکات کە دەڵێت («بەڕێزیان منیان ڕاسپاردووە بۆتانی ڕوون بکەمەوە لە ڕوانگەی ئەو بارودۆخە زۆر ڕێزپەڕەی [کە لە کوردستاندا لە ئارادیە] و بە هۆی ئەو کارانەی ئێوە ئەنجامی دەدەن حکومەتی عێراق بە هاوئاهەنگی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا، ئەم جۆرە کارانەی ئێوە و هاوڕێکانتان بە کاری ناشیاو و تێکدەرانە هەژمار دەکەن). بەهەرحاڵ، تۆمەتی ‹چالاکی تێکدەرانە کە زۆر بە باشی داڕێژراوە، باشترە لەو نامەیەی باس لە گەیشتنی نامەکە و ناردنی بۆ کۆمەڵەی گەلان دەکات، ئاماژە [بەم چەمکە] نەدرێت، چونکە ئەمە بەو مانایە دێت کە خستنەڕووی خودی داواکارییەکە بە ‹چالاکی تێکدەرانە هەژمار دەکرێت. ئایا دەکرێ ئەم ڕستەیە بسڕێتەوە؟

وەکوتر، وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ ڕەشنووسی ئەو تەلەگرامە هاوڕایە کە بۆ بەغدا دەنێردرێت.

واژوو: Monteagle

١ی ئەیلوولی ١٩٣٠

کۆپی (٣٤٨-٣٤٩)

زۆر نهێنی

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ١ی ئەیلوولی ١٩٣٠

ڕاپۆرتی هەواڵگریی ژمارە ١٨، ڕێکەوتی ١ی ئەیلوولی ١٩٣٠،

**ئەنجوومەنی وەزیران**

٢١١. لە کۆبوونەوەیەک کە لە ١٧ی ئاب گرێدرا، ئەنجوومەنی وەزیران، دوای ڕەچاوکردنی نووسراوی وەزیری دارایی کە بە بودجەی ئەم ساڵی دارایی تایبەت بوو، داوای لە وەزیرەکان کردووە تا ئەو ڕادەیەی مومکین بێت دەست بە تێچوونەکانی کەرتی گشتییەوە بگرن.

لە هەمان کۆبوونەوەدا ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا بە بەکۆتایی هاتنی ئەرکی موتەسەڕیفی سلێمانی، تەوفیق وەهبی بەگ. وەزیری ناوخۆ پێشنیازی دامەزراندنی ئەحمەد بەگی کوڕی تەوفیق بەگ، موتەسەڕیفی پێشوی لەم پۆستەدا کردووە، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریداوە لەم کاتەدا ئەم پێشنیازە هەڵپەسێرێت تا ئەوکاتەی دەردەکەوێت ئایا ئەحمەد بەگ بەم پۆستە ڕازییە.

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت کە بە گشتی لەگەڵ ڕاوێژکاری وزارەتی ناوخۆ هاوڕایە، لەو بڕوایەدان لە ماوەی حکومەتی کاتی کە لێکۆڵەری گشتی، ئەرکەکانی موتەسەڕیف ڕادەپەڕێنێت، لەم جۆرە بارودۆخەدا ئەم حکومەتە، زۆر نەخوازراو دەبێت، بۆیە داوای لە وەسی کردووە ڕاستاندن بۆ ئەم بڕیارە نەکات. بەهەرحاڵ کۆمسیاری باڵا دڵنیا کرایەوە کە وەسی لەلایەن سەرۆک وەزیران بە وەکالەت ئاگادار کراوەتەوە دامەزراندنی موتەسەڕیف بابەتێک نییە ڕاوێژ لەگەڵ کۆمسیاری باڵا بکرێت، بۆیە بڕیارەکە پەسەند کراوە و فەرمان دەرکراوە کە تەوفیق وەهبی بگەڕێتەوە بەغدا. کۆمسیاری باڵا بەرانبەر وەسی لە دژی ئەم

ڕێـــکارە بـــێ پێشـــینەیە ناڕەزایەتـــی دەربڕیـــووە و داوای ڕەزامەندنـــی نواندنـــی خـــۆی لەســـەر بڕیارەکـــەی ئەنجوومەنـــی وەزیرانـــی کـــردووە کـــە جێگـــرەوەی تەوفیـــق وەهبـــی لـــە زووتریـــن کاتـــدا دابمەزرێـــت و هەروەهـــا نابـــێ خـــودی تەوفیـــق وەهبیـــش لەســـەر کار لابدرێـــت، بەڵکـــو دەبێـــت بگەڕێندرێتـــەوە بـــۆ ســـەر کارە ڕەســـەنەکەی خـــۆی.

نهێنی (ل٣٥٠)

ژمارە ٢٥٧١.

سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ٢ی ئەیلوولی ١٩٣٠.

بۆ:

**سکرتێری سیاسی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا.**

ئامــاژە بــە نامەکــەت بــە ژمــارە (R.O.173) لــە ڕێکەوتــی ٢٨ی ئابــی١٩٣٠، کــە ئاڕاســتەی ســەرۆکی دیوانــی پاشــایەتی بــە وەکالــەت و کۆپیەکیــش بــۆ ســکرتاریەتەکەی نێــردراوە، لەبــارەی ناردنــی هێــز بــۆ گرتنــی بلــێ.

مــن ڕاســپێردراوم ئاگادارتــان بکەمــەوە بــە پێــی ئــەو بەرنامەیــەی داڕێــژراوە، هێــزی پیــادەی ٣ بــۆ بەغــدا و یەکــەی شــاخ بــۆ مووســڵ دەگەڕێنــەوە، هەروەهــا هیــچ نیەتێــک نییــە بــۆ کۆکردنــەوەی هێزێکــی زۆر لــە ســلێمانی.

واژوو: کەریم بافی

بۆ سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران

کوردستان (ل ٣٥١)

٢٢٢. کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنی سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر کوردەکان تا ئێستا وەدەرنەکەوتوون. ئەگەرچی کوردەکانی لیوای هەولێر و سلێمانی ئەم ڕاگەیاندنەیان بەدەست گەیشتووە، بەڵام گووتویانە چاوەڕوانن لە لیوای سلێمانی چ ڕوودەدات.

لە ڕەفتاری کوردەکانی سلێمانی وەها دەردەکەوێت کە داوای ئیمتیازاتی زۆرتر لە حکومەتی عێراق دەکەن. [کوردەکانی لیوای هەولێر و کەرکووک] بە نیازن لەگەڵ کوردانی لیوای سلێمانی هاودەنگ (cooprate) بن، تا لەم ئیمتازانە پشکدار بن.

هەڵوێستی حکومەت لەبارەی لەکارلادانی تەوفیق وەهبی بەگ کە موتەسەڕیفی سلێمانییە (پەرەگراف ٢١١) بێ ئەوەی هیچ جێگرێکی بۆ دەست نیشان بکات، بووەتە هۆی ئەوەی تا ئێستا پشتگیریی لە پێگەی حکومەت لەم پارێزگایەدا نەکرێت. لە حاڵی حازردا، داواکاریی لەلایەن سەرکردەکانی کورد بە دەستمان دەگات و دژی لەکارلادانی تەوفیق وەهبی بەگن و داوای گەڕاندنەوەی دەکەن.

بۆ ڕەزامەندی دەربڕینی وەزارەتی دەرەوە (ل٣٥٢-٣٥٣)

Mr. Hall 27/8

Mr. Williams 28 at once

Mr. LIoyd 1/9/30 see minute

Conson 78315/30

Mr. Flood 2.9.30 at once

دووبـارە دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی وەزیـری موسـتەعمەرات بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق.

(لە کاتژمێر ٦ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢ی ئەیلوولی ١٩٣٠، نێردراوە).

ژمـارە ٣٣٣. گرنـگ. نـووسراوە نهێنییەکەتـان لـە ڕێکەوتـی ٢٠ی ئـاب و تەلەگرامـی ژمـارە ٣٨٧ و ٣٩٠، لەبـارەی داواکاری کـورد.

١. نووسـینی ڕسـتەی پێـش کۆتایـی، لـە ڕەشنووسـی وەڵامەکەتـان بـۆ داوکاران کـە لـە نووسراوەکەتـدا ئامـاژەت پێکـردووە لەوانەیـە ئـەو هەسـتە دروسـت بـکات کـە تۆمەتی ئەنجامدانـی چالاکـی تێکدەرانـە لـە ڕابـردوودا مانـای ئاماژەدانێکـی ناڕاسـتەوخۆیە کـە داوکاران ڕاسـتەوخۆ داواکاریـان بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بەرزکردووتـەوە [ئەمـەش بـە کارێکـی تێکدەرانـە هەژمـار کـراوە]. ئـەم جـۆرە هەسـتە لـە جنێـڤ کاریگەریـی خـراپ دروسـت دەکات، باشـترە لـە وەڵامەکـەت بـۆ داوکاران ڕەچـاوی ئـەم خاڵـە بکرێـت.

بۆیە بە بۆچوونی من باشترە لە وەڵامەکەدا ئەم ڕستەیە بسڕێتەوە. بە ڕەچاوکردنی ئەم سڕینەوەیە و بە پشت بەستن بەو تێگەیشتنەی لە تەلەگرامەکەت بە ژمارە ٣٩٠ هەڵدەقوڵێت، من ڕەشنووسی وەڵامەکە و ئەو زیادەیەی کە لە تەلەگرامەکەت بە ژمارە ٣٩٠ ئاماژەت پێکردووە، پەسەند دەکەم، تا پێداچوونەوە بە نووسینەکە بکرێت و ئەوە ڕوون بکرێتەوە ڕێکاری ئارام راگرتن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەگیرێتەبەر بە مەبەستی پاراستنی ئارامیی گشتییە. ئەم ڕستەیەش دەبێ یەکسەر لە پاش دوایین ڕستەی ڕەشنووسی

وەڵامەکە بێت کە لە نووسراوەکەت بە هەمان ژێدەر، ئاماژەت پێکردووە و بەم ڕستەیەی خوارەوە دەست پێدەکات: «بەهەرحاڵ، ئەگەر تا کاتی گەڕانەوە وەڵامی کۆمەڵەی گەلان هەر جۆرە چالاکییەکی تێکدەرانە ئەنجام بدرێت، حکومەتی عێراق هیچ بژاردەیەکیتری نابێت تەنیا گرتنەبەری ڕێکاری ئارامگرتن نەبیت لە دژی ئەو کەسانەی هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕاگرتنی ئاسایشی ناوخۆ و ئارامیی گشتی دەکەن». کۆتایی.

٢. لە نووسراوەکەی بەڕێزت و بە تایبەتیش لە یاداشتەکەی کۆرنوالیس وەها دەردەکەوێت کە هۆکارێک هەیە بە گومان بین لەوەی ئایا حکومەتی عێراق بە تەواوەتی ئەو بەڵێنانەی بە کوردی داوە جێبەجێ دەکات و ئەو سیاسەتەی بەرانبەر کورد ڕایگەیاندووە بە تەواوەتی پیادە دەکات. پێش ئەوەی خۆمان بە بینینەکانی حکومەتی عێراق لەسەر داواکاریی کورد ببەستینەوە، حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا خوازیارە بەڵگەی کۆنکریتی لەسەر نیەتی حکومەتی عێراقی لەبەر دەست بێت، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی یاسای زمان، بەم جۆرەش خستەنەڕووی داواکاری کورد بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان دەکرێ دوا بخرێت.

بۆیە من پێشنیاز دەکەم هەر یەکسەر لە دوای گەڕانەوەی نوری پاشا بۆ عێراق، گوشاری بخەنە سەر تا:

**ا** فەرمان بکات بە بڵاوکردنەوەی یاسای زمان.

**ب** لەناوبردنی ئەو ناڕازییەی لە ئێستادا لە کابینەکەی لە ئارادایە سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی حکومەتەکەی بەرانبەر کورد.

**ج** گرتنەبەری هەنگاوی خێرا بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە.

بۆ نوری پاشا ڕوونی بکەنەوە کە حکومەتی بەریتانیا بە فەرمی هیچ بەرپرسیارێتییەک بەرانبەر عێراق لە ئەستۆ ناگرێت تا ئەوکاتەی حکومەتی عێراق بەڵێنەکانی بەرانبەر کورد جێبەجێ نەکات، یاخود کۆمەڵەی گەلان ڕازی بکات کە ئەم بەڵێنانە جێبەجێکراون.

باشترە ناڕەزایەتی خۆتان بە تەلەگرام بۆ نوری پاشا بخەنەڕوو.

نهێنی (ل٣٥٤)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٣ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز،

من شەرەفمەندم ئاماژە بە نووسراوی نهێنی مێجەر یۆنگ لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئابی١٩٣٠ بکەم کە لەلایەن کۆمەڵێک کوردی سلێمانی داواکارییەکی بەرزکردووەتەوە و ئاڕاستەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان کراوە، دەقی ڕەسەنی ئەم داواکارییە هاوپێچ لەگەڵ وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی بۆ بەڕێزت نێردراوە. هەروەها کۆمەڵێک داواکاریتر لەلایەن سەرۆکەکانی خێڵی داودە کە خێڵیکی کوردی دانیشتووی لیوای کەرکووکە، بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی گەلان نێردراوە، تا بۆچوونی بەڕێزت لەسەر ئەم کارە بزانرێت.

بەوپەڕی ڕێزەوە من شەرەفمەندم کە ملکەچترین و بەوەفاترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

واژوو:کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق

The Right Hon’ble

Lord Passfield, P. C

Secretary of State for Colonies

Downing Street, London, S.W.1

کۆپی (ل٣٥٥-٣٥٩)

ژمارە ٣٥٠

(٤٩/٥/٣٠)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا،

ئێستانبۆڵ

٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠.

بەڕێز،

من شەرەفمەندمرابیگەیێنم کە ژەنەڕاڵ نوری پاشا، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەم هەفتەیە لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ بەغدا بە تورکیا تێپەڕیوە.

٢. بەداخەوە، من تەنیا توانیم نوری پاشا لە ئێستانبۆڵ ببینم ئەویش پێش سەردانەکەی بۆ لای وەزیری کاروباری دەرەوە و بینینی عیسمەت پاشا لە ئەنقەرە و سەردانی غازی لە یالۆڤا (Yalova)، ئەو ڕۆژەی بەڕێزی دەگەڕایەوە من چوومە پایتەخت و پێش ئەوەی بتوانم دووبارە بگەڕێمەوە ئێستانبۆڵ، ئەو بەرەو بەغدا بەڕێکەوت، بەڵام یەکێک لە ئەندامانی ستافەکەی من ئاماژەی بەوە کرد کە لەو پێشوازییەی لێی کراوە زۆر ڕازی بوو.

٣. نوری پاشا گوتی گفتوگۆ لەسەر سێ خاڵ کراوە:

**١. کێڵگە نەوتییەکانی مووسڵ:** نوری پاشا گوتی ئەو یاداشتەی تورکیای بینیووە کە لەلایەن باڵیۆزی [عێراق] لە لەندەن پێیدراوە و بە ڕاشکاوی بە تورکەکانی گووتوە ئەم [یاداشتە] جێگەی خۆشحاڵی نیی و ئاماژەی بەوە کردوە سوودی عێراق لە دەرهێنانی نەوت نۆ جار لە هی تورکیا زۆرترە و بۆیە لە زووترین کاتدا گشت تواناکان وەگەڕ دەخرێت بۆ بوژاندنەوەی کێڵگە نەوتییەکان. نوری پاشا دەزانێت تا ئێستاش ئەم پرسە، پرسێکی گرنگە، بۆیە بە بۆچوونی ئەو لە بارەی دانی پێشوەختەی پارە هەندێك پرس هەن، بەڵام هیوادار بووە کە لە چەند

ڕۆژێکـی کەمـدا وەڵامـی کۆتایـی وەرگرێـت. نـوری پاشـا لـەو بڕوایەدایـە تورکـەکان بەلانیکەمـەوە گرنگـی بـە ڕێـڕەوی بۆڕییەکانـی نـەوت دەدەن و درک بـەوە دەکـەن کـە فەڕەنسـا گوشـاری خسـتووەتە سـەر باکـووری [عێـراق] هـەر وەک چـۆن بەریتانیـا گوشـاری خسـتووتە سـەر باشـووری [عێـراق].

**٢. سـنوور.** تـورک بـە نـوری پاشـایان گوتـووە لـە سـاڵی ١٩٢٦ەوە، بـە تەواوەتـی لـە سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کـورد و هەڵوێسـتی گشـتی عێـراق لەبـارەی پرسـی سـنوور ڕازیـن. نـوری پاشـا ئامـاژەی بـەوە کـردووە کێشـە نانـەوە لـە سـەر سـنوور، دواییـن شـتە کـە عێـراق خوازیـاری بێـت و دڵنیایـی تـەواوی بـە تـورك داوە کـە هانـی هیـچ جـۆرە پیلانگێڕییەکـی کـورد نادرێـت. تـورک ئاماژەیـان بـە ڕووداوەکـەی بـارزان کـردووە، نـوری پاشـا ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە خـودی حکومەتـی عێـراق بڕیـاری داوە لـەم ساڵەدا پرسـی شـێخی بـارزان چارەسـەر بـکات، کـە بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵە ئـەم پرسـە لـە کۆبوونەوەکانـی کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی سـنوور سـەرهەڵدەدات و بەڵگـەی تـەواوی لـە بـەر دەسـتە کـە شـێخی بـارزان چـەک و تەقەمەنـی پێـدەگات، ئەگـەر لەلایـەن حکومەتـی تورکیـا نەبێـت، دەبـێ لەلایـەن سـەرچاوە سـەربەخۆکانی تورکیـا بێـت. نـوری پاشـا زۆر تامـەزرۆی کۆتاییهێنـان بـە پیلانەکانـی شـێخی بارزانـە و فیکـری نزیـک بوونـەوەی لـە حکومەتـی تورکیـا کـردووە تـا حکومەتـی تورکیـا دیوێکـی سـنوور بپارێزێـت و حکومەتـی عێراقیـش لـە دیوەکەیـترەوە کێشـەی شـێخی بـارزان چارەسـەر بـکات. تـازە زۆر درەنگـە لـەم سـاڵەدا هیـچ جـۆرە ڕێکارێـک بگیرێتەبـەر، بـەڵام ئەگـەر کێشـەکە بـەردەوام بێـت لەوانەیـە نـوری پاشـا پێشـنیاز بـۆ حکومەتـی تورکیـا بـکات تـا لـە وەرزی بەهـاری داهاتـوو، ئـەم ڕێـکارە بگیرێتەبـەر.

**٣. پەیماننامـەی بازرگانـی:** تـورک خوازیـارن لـە زووترین کاتدا ئـەم پەیماننامەیە بـە ئەنجام بگەیێنـن. نـوری پاشـاش لـەم بـارەوە ئـارەزووی خـۆی دەربڕیـوە. بـە گوێـرەی ڕێکەوتنی دادوەری لەوانەیـە لـەم بـارەوە لـە مانگـی داهاتـوو بـە ڕێککەوتـن بگـەن. تورکـەکان پێشـنیازیان بـە نـوری پاشـا کـردووە کـە ڕێککەوتنەکـە مەرجگەلێکـی هەمیشـەیی لەخۆ بگرێـت. نـوری پاشـا گوتوویەتـی دەسـەڵاتی ئـەوەی نییـە لەسـەر ئـەم بابەتـە گفتوگـۆ بـکات و تورکـەکان دەتوانـن پێشـنیازەکەیان لـە ڕێگـەی کەناڵـە فەرمییەکانـەوە بخەنـەڕوو.

نوری پاشا لە تورکەکانی پرسیووە کە لەبارەی پەیماننامەی نوێ چۆن بیردەکاتەوە. تورک وەڵامیان داوەتەوە لە نێوان گشت ئەو شتانەی حکومەتی بەریتانیا لە دوای جەنگ ئەنجامیداوە، تەنیا دوو شتی گرنگ هەن، ئەویش حکومەتی حزبی کرێکاری بەریتانیا ئەنجامیداوە و بریتین لە: بە ئەنجام گەیاندنی پەیماننامەی کەشتیوانی لەندەن (London Naval Treaty) و پەیماننامەی ئەنگلۆ-عێراق. تورک لەبارەی ئەم پەیماننامەیەی دوایی خۆشحاڵن، بەڵام فەڕەنسییەکان دژایەتی ئەم پەیماننامانە دەکەن. تورک بە نوری پاشایان گوتووە فەڕەنسییەکان داوایان لە تورکیا کردووە لە چاپەمەنی تورکیا ڕەخنە لەم پەیماننامەیە بگرن و وەها نیشان بدەن کە عێراق دەخرێتە سەر ئیمپراتۆریی بەریتانیا. تورک وەڵامی فەڕەنسییەکانیان بەوە داوەتەوە ناتوانن ئەم خەونەییان بەدیبهێنن و ئەم کارە ناکەن، چونکە بە بۆچوونی ئەوان ئەم پەیماننامەیە شتێکی زۆر نایابە، نە تەنیا بۆ تورکەکان، بەڵکو بۆ عێراقیش. تەوفیق رۆستۆ بەگ (Tevfik Rustu Bey) ئاماژەی بەوە داوە لە کاتی گونجاودا گوتارێک لە چاپەمەنی تورکیا بۆ پشتگیریی لەم پەیماننامەیە دەنووسێت. نوری پاشا سوپاسی ئەم هەڵوێستەی کردووە کە پشتگریی لە پەیماننامەکەی کردووە، ئەمەش لە بەغدا بۆ نوری پاشا بە شتێکی گرنگ هەژمار دەکرێت.

تورک پرسیاریان لە هەڵوێستی بەریتانیای مەزن لە هەمبەر تورکیا کردووە. ئەوان درکیان بەوە کردووە کە بەریتانیا بە ساردی دۆستایەتی تورکیا دەکات. نوری پاشا پێشنیازی کردووە، لەوانەیە باشتر بێت خودی تورکیا هێمای دۆستایەتی ڕاستەقینە بۆ بەریتانیا بخاتەڕوو و بۆ بەریتانیا دۆستایەتی ڕاستەقینە گرنگە. بە تێگەیشتنی نوری پاشا، تورک تا ئێستاش پەیوەندی زۆر نزیکیان لەگەڵ ڕووسیا هەیە.

هەروەها لەم گفتوگۆیەدا نوری پاشا ئاماژەی بە ڕاپۆرتەکانی لۆرانس (Lawrence) کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم ڕاپۆرتانە زۆر بێ کەڵکن. خودی نوری پاشا لە لەندەن چاوی بە کۆلۆنێل لۆرانس کەوتووە و قسەی لەگەڵدا کردووە و لۆرانس بە بیستنی ڕاپۆرتەکە سەری سوڕماوە. تورک گوتوویان بە هیچ شێوەیەک بڕوایان بە ڕاپۆرتەکەی لۆرانس نییە، کە سەرەتا لە سەرچاوەی فەڕەنسییەکانەوە دزەی کرد، ئەم ڕاپۆرتەش هاوشێوەی ڕاپۆرتە سەرەتاییەکانی

پیلانگێـڕی لۆرانــس لــە ئەفغانســتانە کــە هــەژدە مانــگ لەمەوبــەر لۆرانــس ئامــادەی کردبــوون. تورکاکــەن بــە جــددی لــەو بڕوایــەدان فەڕەنســییەکان هەمــوو هەوڵــی خۆیــان وەگــەر خســتووە تــا ڕێگــری لــە بــەرە پێشــچوونی هــەر جــۆرە پەیوەندییەکــی دۆســتانە لــە نێــوان تورکیــا و بەریتانیــای مــەزن و عێــراق دروســت بکــەن.

٤. دوێنـی کاتێـک چـاوم بـە وەزیـری کاروبـاری دەرەوە کـەوت، یەکسـەر خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ سـەردانەکەی نـوری پاشـا دەربـڕی و ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە لەبـارەی پرسـی سـنوور و هەڵوێسـتی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کـورد بـە تەواوەتـی ڕازییـە.

٥. سـەبارەت بـە پرسـی نـەوت، بەڕێزیـان لـەوە نیگـەران بـوون کـە پاشخسـتنی دەرهێنانـی نـەوت بـە هـۆی ڕێککەوتنـی بیسـت و پێنـج سـاڵە دەبێتـە هـۆی کەمکردنەوەی سـودی تورکیـا کـە ١٠٪ی سـوودی نەوتی وەبەردەکـەوت. بە پێی پەیماننامـەی ئەنقەرە (Treaty of Anqora)، ماوەی بیسـت و پێنج سـاڵەکە لەو کاتەوە دەسـت پێدەکات کە پەیماننامە بچێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، بـەڵام بـە پێشـبینی تەوفیق ڕۆسـتۆ لە دوای سـاڵێک یان دوو سـاڵ لـە واژووکردنـی پەیماننامەکـە دەرهێنانی نەوت دەسـت پێدەکات.

مـن شانسـی ئـەوەم هەبـوو نـووسرای بەڕێزت بە ژمـارە ٥٣٦ لە ڕێکەوتـی ١ی ئەم مانگە ئـەو وەڵامـەی کـە بـە فەریـت بـەگ (Ferit Bey) دراوە بخوێنمـەوە و هیوادارم ئـەم وەڵامە ترسـی تەوفیـق ڕۆسـتۆ کـەم بکاتـەوە، چونکـە مـن نامەوێـت لەسـەر زیانـە سیاسـییەکانی پەیوەنـدی نێـوان ئێمـە و تورکیـا هیـچ ریسـکێک بکـەم و عێـراق هـان بدەین کارێـک بکات کـە لەلایـەن تورکیـاوە بـە هەوڵێکـی بـە ئەنقسـەت لێـک بدرێتـەوە و وەهـا تێبـگات کـە مەبەسـت لـەم کارە ئەوەیـە تـا ئـەو شـوێنەی بکرێـت دانـی پـارە درەنـگ بکەوێت.

لـە ڕاسـتیدا ئەگـەر بارودۆخەکـە بـە پێچەوانـە بێتـەوە، خـودی تورکـەکان ئـەم کارە دەکـەن و ئـەم کارەش هیـچ کاریگەریـەک لەسـەر بۆچوونـی تورکـەکان دروسـت نـاکات.

خزمەتکارتان

واژوو: (George R. Clerk)

من کۆپیەک لەم نووسراوەم بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە بەغدا ناردووە.

تەلەگرامی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق بۆ وەزیری موستەعمەرات (ل٣٦٠)

٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

(لە کاتژمێر ٤:٥٣ خولەکی ئێوارە لە ڕێکەوتی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، گەیشتووەتە نووسینگەی موستەعمەرات).

گرنگ

ژمارە ٤١١.

ئەمڕۆ بەیانی یاخیبوونی تایبەت بە هەڵبژاردن لە سلێمانی ڕوویدا. پۆلیس نەیتوانی کۆنترۆڵی یاخیبووەکان بکات، بۆیە دەسەڵاتدارانی خۆجێیی داوای یارمەتیان لە سوپای عێراق کرد. کاتێک سوپا دەستی بە تەقە کرد، بە هۆی ئەم تەقەیە یەکێک لە سەربازەکان لەلایەن یاخیبووانەوە کوژرا. بەرکەتووانی ئەم ڕووداوە لە نێوان پۆلیس، سوپا و یاخیبووان بیست کەسن کە شەش کەسیان مردوون. ئەگەرچی بارودۆخی شاری سلێمانی لە ژێر کۆنترۆڵدایە، بەڵام تا ئێستا نائارامە و لێکۆڵەری کارگێڕیی کە ئێستا ئەرکەکانی موتەسەڕیف بەڕێوە دەبات فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو کوردانەی دەرکردووە کە هانی یاخیبوونیان داوە. من پشتیوانی لەم کارەی دەکەم. ئەفسەری فەرماندەی ئاسمانی، دەستی بە گەڕانی ئاسمانی لەسەر ناوچەی سلێمانی کردووە تا ڕێگر بێت لە هاتنی هەر کەسێکی سەر بە هەر خێڵێک بۆ ناو شاری سلێمانی.

کۆرنوالیس بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی دەنگۆکان، هەوڵ دەدات ژمارەی دروستی بەرکەوتووانی ئەم ڕووداوە بۆ گشت نووسینگەکانی تەلەگرامی لیوای سلێمانی تەلەگرام بکات.

تەلەگرامی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق بۆ وەزیری موستەعمەرات (ل٣٦١)

٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠

(لــە کاتژمێــر ١:٤٧ خولەکــی ئێــوارە لــە ڕێکەوتــی ٧ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، گەیشــتووەتە دەســت نووســینگەی موســتەعمەرات).

گرنگ

ژمــارە ١٤٢. تەلەگرامەکــەم بــە ژمــارە ٤١١. ئەمــەی خــوارەوە لیســتی بەرکەوتووانــی یاخیبوونەکــەی ســلێمانییە.

ســـوپای عێـــراق ١ کـــوژراو، ٤ برینـــدار. پۆلیـــس ٩ کـــوژراو. کوردانـــی یاخیبـــوو ١٣ کـــوژراو، ١٤ برینـــدار.

لـــە ســـلێمانی، ١٠ کـــوردی ســـەرکردەی یاخیبـــووەکان دەستبەســـەر کـــراون و بـــۆ کەرکـــووک گوازراونەتـــەوە. هەواڵـــەکان بـــاس لـــەوە دەکـــەن، ســـەرلەبەیانی ئەمـــڕۆ شـــاری ســـلێمانی زۆر زۆر ئـــارام بـــووە. هێـــزی ئاســـمانی پاشـــایەتی لـــە پشـــکنینی هەوایـــی ناوچـــەی ســـلێمانی بەردەوامـــن.

دووبــارە دارشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات (ل٣٦٢) ٨ی ئەیلوولــی ١٩٣٠

(لــە کاتژمێــر ٩:٥٨ خولەکــی ئێــوارە لــە ڕێکەوتــی ٨ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، گەیشــتووەتە دەســت نووســینگەی موســتەعمەرات). ژمــارە ٤١٤.

ئاماژە بە تەلەگرامەکەت بە ژمارە ٣٣٣ لە ڕێکەوتی ٢ی ئەیلوول.

١. ســەرۆک وەزیــران بــە وەکالــەت ڕەزامەنــدی خــۆی لەســەر وەڵامــە هەموارکراوەکــە دەربڕیــوە کــە لــە ٥ی ئەیلــوول بــۆ واژووکاران نێــردراوە.
٢. لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئەیلـوول نـوری پاشـا گەیشـتە ئێـرە، واتـە دوای ئـەوەی هەواڵەکانـی یاخیبوونـی سـلێمانی لـە تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٤١١ گەیشـتە بەغـدا. بـە هـۆی ئـەو بارودۆخـە نوێیـەی هاتووتـە کایـەوە، بـە پێـی ئـەو ڕێنماییانـە کارم نەکـردووە کــە لــە بەشــی دوایــی تەلەگرامەکــەت ئامــاژەت پێدابــوو. ســەرەڕای ئــەوەی لــە حاڵــی حــازردا حکومەتــی عێــراق مەزاجــی ئــەوەی نییــە ئیمتیــاز بــە کــوردەکان بـدات. بـە بۆچوونـی مـن پێدانـی هـەر جـۆرە ئیمتیازێـک لـەم بارودۆخـەدا، بـۆ نموونـە بڵاوکردنـەوەی یاسـای زمـان، لەلایـەن کوردەکانـەوە بـە ئەنجامـی گرتنەبـەری تەکتیکـی توندوتیژانـە لێکدەدرێتـەوە کـە لـە سـلێمانی گیرایەبـەر.

پێشـنیاز دەکـەم بـۆ کاتـی ئێسـتا، ئەگـەر ئێـوە ڕێگـەم بـدەن لێکۆڵینـەوە بکـەم تــا بزانــم لەگــەڵ ئــەو کەســانەی بــە تۆمەتــی وروژاندنــی یاخیبونەکــە دەستبەســەر کـراون، بـە دادپەروەرانـە مامەڵـە کـراوە یاخـود نـا، هەروەهـا گوشـار بخەمـە سـەر حکومەتــی عێــراق کــە نابــێ یاخیبوونەکــەی ســلێمانی کاریگــەری لەســەر سیاســەتی گشــتی ئاشــتەوایی دروســت بــکات.

وەرگێڕان (ل٣٦٣-٣٦٤)

زۆر زۆر نهێنی

ژمارە (C/2952)

وزارەتی ناوخۆ

بەغدا، ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بۆ:

موتەسەڕیفی مووسڵ

موتەسەڕیفی کەرکووک

موتەسەڕیفی هەولێر

موتەسەڕیفی سلێمانی

یاداشت

١. کۆپیەک لە ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجێییەکان هاوپێچ دەکەم کە لەلایەن بەڕێز سەرۆک وەزیران بە وەکالەت لە میانەی گەشتەکەماندا بۆ ناوچەکانی کوردستان بە یاوەری کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت، وەزیری ناوخۆ و وەزیری داد، لە لێدوانەکەی لە کەرکووک، سلێمانی و هەولێر باسی لەم یاسایە کرد، مەبەست لە هاوپێچکردنی ئەم یاسایە بریتییە لە (١) بۆ زانیاریی بەڕێزتان. (٢) بۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکی یاساکە بۆ خەڵک بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکیان سەبارەت بەم یاسایە و کاریگەرییەکانی هەبێت، ئەویش بێ خستنەڕووی دەقی ڕەسەنی یاساکە. (٣) بۆ ئەوەی تێبینییەکانی خۆت لەسەر یاساکە بخەیتەڕوو.

٢. خۆشحاڵم ڕایبگەیێنم یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕیی دەستی بەکار کردووە و کاروباری کورد بەڕێوە دەبات. نووسینگەی وەرگێڕان کراوەتەوە و ئەرکە سەرەکییەکەی بریتیی دەبێت لە وەرگێڕانی یاساکان، ڕێکارەکان و ڕێنماییەکانی تایبەت بە ناوچە کوردییەکان. تکایە ئەم خاڵەش بخەڕوو.

٣. تکایە بە شەخسی خۆت هەوڵ بدە لە دەرفەتی گونجاودا سەرۆک خێڵەکان و کەسایەتییە دەستڕۆکانێتر ڕازی بکەیت کە ئەو ڕێکارانەی لە پەرەگرافی ١ و ٢ ئاماژەی پێدراوە لە بەرژەوەندی کوردەکاندایە و ئەو ڕێکارانەی حکومەت بە نیازە بیگرێتەبەر، مافەکانیان دەپارێزێت. بە تایبەتیش پێویستە موتەسەڕیفی سلێمانی ئامرازی مەعقوڵانە بەکار بهێنێت تا خەڵک ڕازی بکات کە لێدوانەکەی بەڕێز سەرۆک وەزیران بە وەکالەت، هاوتەریبی ئەو بەڵێنانەیە کە بە کوردەکان دراوە، هەروەها ئەو داواکارییەی خراوەتەبەردەم بەڕێز [کۆمسیاری باڵا] بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز کراوەتەوە.

٤. پێویستە موتەسەڕیفەکانی کەرکووک و هەولێر توانای سیاسیی خۆیان وەگەڕ بخەن و تێکەڵ بە نیاز پاکی خۆیان بکەن و ڕێگر بن لە بڵاوبوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەی کە لە سلێمانی لە ئارادایە و ئەم پڕوپاگەندەیە لە لیوای سلێمانی سنووردار بکەن.

٥. ناکرێت بەرانبەر ئەو کەسەی داواکاریی کوردەکانی بەرز کردووتەوە بێ بەزەییانە ڕەفتار بکرێت و پێویستە بەڕێزت لەگەڵ ئەو کەسانە و ئەو کەسانەی سیاسەتێکی میانڕەوانەیان هەیە هەڵبکەیت و بە باشی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەیت. بەم جۆرەش کورد بڕوا بە نییەتپاکی حکومەت بەرانبەر خۆیان دەکەن.

وەزیری ناوخۆ.

کۆپیەک بۆ:

سەرۆک وەزیران، بەغدا.

سەرۆکی دیوانی پاشایەتی، بەغدا.

وەرگێڕانـی یاداشـتنامەی ژمـارە (C/2932) لـە ڕێکەوتـی ٨ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، لەلایـەن وەزیـری ناوخـۆ بـۆ موتەسـەڕیفەکانی مووسـڵ، کەرکـووک، سـلێمانی و هەولێـر (ل٣٦٥)

**بابەت: پەیوەندی نێوان کورد و ئاشوری**

هەواڵـەکان بـاس لـەوە دەکـەن پەیوەنـدی نێـوان کـورد و ئاشـورییەکان لـە هەندێـك ناوچـەی باکـووری وڵات بارگـرژی تێکەوتـووە و لەوانەیـە کـورد هێـرش بکەنـە سـەر ئاشـورییەکان، یاخـود بـە خراپـی مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکـەن.

لـە ڕوانگـەی یاسـای گشـتی و پاراسـتنی ئارامـی وڵات، بەڕێـزت ئـاگاداری گرنگـی ئـەم بابەتەیـت، هەروەهـا ئەمـە ئەرکـی حکومەتـە بـێ جیـاوازی پارێـزگاری لـە گیانـی گشـت هاووڵاتیانـی خـۆی بـکات، سـەر بـە هـەر چیـن و توێژێـک بـن.

تکایە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم هەواڵانە بکەن و ڕێکاری پێویست بگرنەبەر و کۆتایی بە چالاکی لەم چەشنە بهێنن. ئەگەر بێت و ئەم هەواڵە بە هەر جۆرێک ڕاست بێت، ئێمە لەو بڕوایەداین ئێوە ئاگاداری بارودۆخەکەن و فەرمانی پێویست بۆ لایەنی پەیوندیدار دەردەکەیت تا یاسا و ئارامی بپارێزرێت و ڕێگری لەکەوتنەوەی هەر قوربانییەك بکرێت.

وەزیری ناوخۆ

کۆپییەك بۆ:

بەڕێز سەرۆک وەزیران، بەغدا.

بەڕێز سەرۆکی دیوانی پاشایەتی، بەغدا.

بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیـس، بەغـدا، بـۆ ئـەوەی چاودێـڕی بارودۆخەکـە بـکات و فەرمانـی پێویسـت دەر بـکات.

پوختــەی ڕاپۆرتــی هەواڵگــری لەلایــەن فەرمانــدەی دەســتە ک. س. بــاس، ١٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠، (ل٣٦٦-٣٦٧)

Extract from Summary of Intelligence by Wing Commander K. C. Buss,)
(dated 8th September, 1930

**باشووری کوردستان (Southern Kurdistan)**

٢٠٢. یاخیبوون لە سلێمانی.

لــە ســپیدەی ٦ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، یاخیبوونێــک لــە شــاری ســلێمانی ڕوویــدا، داوا لــە ســوپای عێــراق کــرا یارمەتــی دەســەڵاتدارانی مەدەنــی [شــارەکە بــدەن].

لــە ڕێکەوتــی ٥ی ئەیلــوول، موتەســەڕیفی ســلێمانی بــە وەکالــەت بانگێشــتی ئــەو ســەرکردانەی ســلێمانی کــرد کــە پێشــتر ڕایانگەیاندبــوو حــەز ناکــەن لــە هەڵبژاردنەکانــدا بەشــدار بــن و پێیــان ڕاگەیانــد بــە نیــازە کۆمیتەیەکــی لێکۆڵینــەوە پێکبهێنێــت و هۆشــداری دایــە ئــەو ســەرکردانە کــە بەرپرســیارن لــە ڕاگرتنــی ئارامــی شــار. لــە ئێــوارەی هەمــان ڕۆژ پۆلیــس ئــاگادار کرایــەوە کــە کاتژمێــر شەشــی ســەر لەبەیانــی ڕۆژی ٦ی ئەیلــوول لــە ئامــادە باشــیدا بــن. کاتژمێــر ٩ی بەیانــی هەمــان ڕۆژ، نزیکــەی هەفتــا پۆلیســی چەکــدار گەیشــتنە بــەر دەرگای ســەرا. پۆلیــس پاســەوانی لــە خانــووی پانــزدە یــان شــانزدە کەســی نــاوداری ســلێمانی کــرد، چونکــە ئــەم کەســانە خوازیــاری پێکهێنانــی کۆمیتــەی لێکۆڵینــەوە بــوون.

بەرەبــەر خەڵــک لەبــەر دەرگای ســەرا گردبوونــەوە و پۆلیــس نەیتوانــی کۆنتڕۆڵیــان بــکات، ســەرەتا داوا لــە ســوپا کــرا بــوو بــێ تەقــە کــردن یارمەتــی پۆلیــس بــدات، ئــەم داواکارییــە گــۆڕدرا و دوای نیــو کاتژمێــر، دەســتەیەکی هێــزی چەکــدار ســوپای عێــراق، بــە دوو پارچــە چەکــی ئۆتۆماتیکــی لــە شــوێنەکە ئامــادە بــوون. تــا ئەوکاتــەی ســوپا تەقــەی ئاســمانی بەســەر خەڵکدا نەکــرد، خەڵــک ئــارام نەبــوو. ڕاپۆرتــەکان ســەبارەت بــە بەرکەوتووانــی ئــەم ڕووداوە بریتیــن لــە: پۆلیــس ٩ برینــدار، ســوپای عێــراق، ١ کــوژراو، ٤ برینــدار، خەڵکــی شــار، ١٦ کــوژراو و ١٠ یــان ١٥ برینــدار.

سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە لەلایەن شێخ قادرەوە سەرکردایەتی دەکران دەستبەسەر کران و بۆ دادگای (goal)ی کەرکووک ڕاگوێزران. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن خەڵکی زۆرتر دەستبەسەر کراوە.

هێڵی تەلەگرافی کەرکووک-سلێمانی، هەر یەکسەر لە دوای ئاژاوەکان پچڕا، بەڵام دواتر چاککرایەوە، هەروەها بۆ ماوەیەک هاتووچۆ لەسەر ڕێگای کەرکووک-سلێمانی پچڕا، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێک ڕووینەداوە.

لە ناوچەکانیتری دەرەوەی شاری سلێمانی، هیچ ئاماژەیەکی ڕوون لەبارەی ڕەفتاری خێڵەکان نابینرێت، بەڵام ئەوان زۆر لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەن.

نیوەڕۆی ٦ی ئەیلوول پشکنینی هەوایی، لە نێوان کەرکووک، سلێمانی، چوارتا و بەسەر ئاسمانی ناوچەی هەڵەبجە بەڕێوە دەچێت. هەروەها پشکنینەکانیتریش ئەنجام دەدرێن، هەم بۆ هۆشداریدان بە خێڵەکان و هەمیش بۆ چاودێری کردنی هەر جۆرە گردبوونەوەیەک.

دەنگۆی دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە ٩ی ئەیلوول، تا ڕادەیەک بارودۆخی شاری تێکدا، بەڵام لەلایەن وەزیری ناوخۆ بڕیار درا لە حاڵی حازردا، ئەم کارە ئەنجام نەدرێت.

(Authority:- S.S.O. Sulaimani, Air Staff (Operation) and (Intelligence)

(ل٣٦٨)

H. C. F. 54 A

ئاماژە بە نووسراوی پێشوو

نهێنی

تەلەگرامی ژمارە: ٣٣٣ لە ڕێکەوتی ٢ی ئەیلوولی ١٩٣٠

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠

مـن شـەرەفمەندمبۆ زانیـاری بەڕێـزت چەنـد کۆپیـەک لـەم ڕاپۆرتـەی خوارەوەتـان بـۆ بنێـرم کـە تایبەتـە بـە پرسـی ‹وەڵامـی داواکاریـی کـورد›.

سێر،

من شەرەفمەندمبەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارت بم.

R. Brooke-Popham

بەڕێز وەزیری کاروباری موستەعمەرات.

| ڕێکەوت | وەسف |
|---|---|
| ١٩٣٠/٩/٤ | نامەیەک بۆ سەرۆک وەزیران بە وەکالەت. ژمارە (P. O. 199) |
| ١٩٣٠/٩/٥ | نامەیـەک بـۆ عەزمـی بەگـی بابـان و واژووکارەکانـی [داواکاریـی کـوردەکان]، سـلێمانی، ژمـارە (S.O. 1058) |
| ١٩٣٠/٩/٦ | یاداشتنامەیەک لەلایەن سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، ژمارە: ٢٦٢٢ |

بەپەلە، لە ڕێگەی پۆستەی تایبەتەوە (By special messenger) (ل٣٦٩-٣٧٠)

نهێنی

ژمارە: P.C.199

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا، ٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز جەعفەر پاشا

مـن ڕاسـپێردراوم تـا ئامـاژە بـە تەلەگرامـی بەڕێـزت بـە ژمـارە ٢٤٨٣ بـە ڕێکەوتـی ٢٥ی ئابـی١٩٣٠ بـدەم کـە پەیوەسـت بـە ناردنـی وەڵامـی پێشـنیازکراوە بـۆ واژووکارانـی داواکاریـی کـورد. سـەبارەت بـە وشـەکانی ناوەڕۆکـی وەڵامەکـە، لەگـەڵ حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا گفتوگـۆ کـراوە و لەگـەڵ ناوەڕۆکـی وەڵامەکـە هاوڕایـە، تەنیـا ڕسـتەی پێـش کۆتایـی نەبێـت، بـە بـڕوای حکومەتـی بەریتانیـا لەوانەیـە ئـەم ڕسـتەیە ئـەو هەسـتە دروسـت بـکات کـە تۆمەتـی ئەنجامدانـی چالاکـی تێکدەرانـە لـە ڕابـردوودا مانـای ئاماژەدانێکـی ناڕاسـتەوخۆیە کـە داواکاران ڕاسـتەوخۆ داواکارییـان بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بەرزکردووتـەوە. ئـەم جـۆرە هەسـتە کاریگەریـی خـراپ لـە جنێـڤ دروسـت دەکات. بۆیـە بـە بۆچوونـی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا باشـترە ئـەم ڕسـتەیە لـە وەڵامەکـەدا بسـڕێتەوە.

ئـەو پێشـنیازەی بەڕێـزت لـە دواییـن پەرەگرافـی نامەکەتـدا ئامـاژەت پێکـردووە، حکومەتـی خـاوەن شـکۆی بەریتانیـا لەسـەری هاوڕایـە کـە ئـەم ڕسـتەیەی خـوارەوە بـۆ وەڵامەکـە زیـاد بکرێـت:

«بەهەرحـاڵ، ئەگـەر تـا کاتـی گەڕانـەوەی وەڵامـی کۆمەڵـەی گـەلان هـەر جـۆرە چالاکییەکـی تێکدەرانـە ئەنجـام بدرێـت، حکومەتـی عێـراق هیـچ بژاردەیەکیـتری نابێـت تەنیـا گرتنەبـەری ڕێـکاری ئارامگرتـن نەبێـت لـە دژی ئـەو کەسـانەی هەڕەشـە لەسـەر بەرژەوەندییەکانـی ڕاگرتنـی ئاسایشـی ناوخـۆ و نەزمـی گشـتی دەکـەن». ئـەم ڕسـتە

زیادکردنە بۆ وەڵامەکە دەبێ بەباشی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە حکومەتی عێراق هیچ ڕێکارێکی ئارامگرتن ناگرێتەبەر لە ئەنجامی هەر شتێک کە لەوانەیە ڕوویدابێت پێش ئەوەی واژووکارانی داواکارییەوەکە وەڵام وەرگرنەوە، هەروەها بێ ڕەزامەندی نواندنی پێشوەختەی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت، بە هیچ شێوەیەک ڕێکاری ئارامگرتن یاخود تەمبێکاری ناگیردرێتەبەر.

کۆمسیاری باڵا دەزانێت بەڕێزت لە گفتوگۆیەک لەگەڵ مێجەر یۆنگدا، ئەم دوو مەرجەت پەسەندکردووە. بۆیە بەڕێز کۆمسیاری باڵا خۆشحاڵ دەبێت لە زووترین کاتدا ئەم پەسەندکردنە لەلایەن بەڕێزتەوە پشتڕاست بکرێتەوە، تا بەم جۆرەش وەڵامی [داواکارەکان] بدرێتەوە.

بەڕێز کۆمسیاری باڵا هیچ نارەزایەتییەکی لەسەر پێشنیازەکەت بۆ سڕینەوەی ئەم ڕستەیەی خوارەوە نییە «ئەوکات ئێوە [واتە واژووکارانی داواکاریی کوردەکان] دەبێ ئامادە بن هەر بڕیارێک کە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان دەربکات پەسەندی بکەن.

خزمەتکارتان

واژوو: R. S. M. Sturges

His Excellency

Ja'far Pasha al'Askari, C.M.G

Acting President of the Council of Ministers, Baghdad

ژمارە: S. O.1058 (ل٣٧١-٣٧٢)

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا، ٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بۆ: عەزمی بەگی بابان و هاوڕێیە واژووکارەکانی، سلێمانی.

سێر،

مــن ڕاســپێردراوم بەڕێــزت ئــاگادار بکەمــەوە کــە ئــەو داواکارییــەی لەلایــەن بەڕێـزت بـۆ سـکرتێری گشـتی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان ئاڕاسـتەکرابوو، کـە لـە ڕێکەوتــی ٣ی ئــاب داواکارییەکــە هاوپێــچ لەگــەڵ نامــەی بەڕێــزت بــۆ کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت بەرزکــرا بــووە، خرایــە بــەردەم حکومەتــی عێــراق تــا [نــوری پاشــا] لــە دوای گەڕانــەوەی بــۆ بەغــدا تێبینییەکانــی خــۆی لەســەر داواکارییەکــە دەرببڕێــت، هەروەهــا [کۆپیــەک لــە داواکارییەکــە] لــە ڕێگــەی پۆســتەی هەواییــەوە کــە لــە ٢١ی ئــاب لــە بەغــدا دەرچــووە، بــۆ وەزیــری کاروبــاری موســتەعمەرات نێــردراوە.

هــەر وەک بەڕێــزت داوات کردبــوو، بەڕێــز کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە کاتــی پێشکەشــکردنی داواکارییەکــە بــۆ بــەردەم وەزیــری موســتەعمەرات ڕوونــی کــردەوە بەڕێــزت و هــاوکارە واژووکارەکانــت، لــەو سیاســەتە ڕازی نیــن کــە لــە گەشــتەکەی بەڕێــز کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت و ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق بــە وەکالــەت لــە ١١ی ئــاب لــە ســلێمانی ڕاگەیێنــدرا، چونکــە بــە بۆچوونــی ئێــوە، کۆمەڵــەی گــەلان بڕیــاری داوە بــە کۆتایــی هاتنــی ئینتیــداب لــە عێــراق، جــۆرە ڕژێمێکــی تایبــەت بــۆ دانیشــتووانی کــوردی عێــراق دادەمەزرێــت. مــن ســوود لــەم دەرفەتــە وەردەگــرم تــا پشتڕاســتی ئــەو قســانە بکەمــەوە کــە بەڕێــز کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە ســلێمانی بــە ئێــوەی گوتــووە کــە تــا ئــەو شــوێنەی ئــاگادار بیــن، بڕیارێکــی لــەم چەشــنە دەرنەکــراوە.

بەڕێــز کۆمســیاری بــاڵا دەزانێــت، ئێســتا ئێــوە بــە ئارامــی چاوەڕوانــی وەڵامــی داواکارییەکەتــان دەکــەن. بەهەرحــاڵ، ئەگــەر تــا کاتــی گەڕانــەوە وەڵامــی کۆمەڵــەی گــەلان هــەر جــۆرە چالاکییەکــی تێکدەرانــە ئەنجــام بدرێــت، حکومەتــی عێــراق هیــچ

بژاردەیەکیــتری نابێــت تەنیــا گرتنەبــەری ڕێــکاری ئارامگرتــن نەبێــت لــە دژی ئــەو کەســانەی هەڕەشــە لەســەر بەرژەوەندییەکانــی ڕاگرتنــی ئاسایشــی ناوخــۆ و نەزمــی گشــتی دەکــەن.

سێر، من شەرەفمەندم کە ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

ڕاوێژکاری بە وەکالەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

زۆر نهێنی (A) (ل٣٧٣-٣٧٩)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ١٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز،

١. مــن شــەرەفمەندمبۆ بەرفراوانترکردنــی تەلەگرامەکانــم بــە ژمارەکانــی ٤١١ و ٤١٢ لــە ڕێکەوتــی ٦ و ٧ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، ئــەم زانیارییانــەی خــوارەوە ســەبارەت بــە یاخیبوونــی ئــەم دواییــەی ســلێمانی بخەمــەڕوو.

٢. سـلێمانی، لـە سـەرەتای مانگـی ئەیلوولیـەوە تـا ڕادەیـەک بارودۆخـی تایبەتـی هەیـە. موتەســەڕیفی کــۆن لــەکار لادراوە و موتەســەڕیفی نوێــش دانەمــەزراوە. بڕیــارە ئەفســەری لێکۆڵینــەوەی پۆلیــس کــە بەریتانییــە ئــەم پۆســتە بەجێبهێڵێــت و هیــچ ڕاوێژکارێکــی بەریتانیــش لەگــەڵ ســوپای عێراقــدا نییــە. ئەفســەری خزمەتگــوزاری تایبەتــی ســەر بــە هێــزی ئاســمانی پاشــایەتی لــە ســلێمانی، ســەر لــە بەیانــی ڕۆژی یەکشــەممە ڕێکەوتــی ٦ی ئەیلــوول ســلێمانی بــەرەو بەغــدا بەجێهێشــت.

٣. ســەبارەت بــەو هێــزە ســەربازییەی لــە ســلێمانییە، ئــەم هێــزە، بەتالیۆنــی دووی ســوپای عێراقــە و لــەو بنکانــەدان کــە نزیکــەی یــەک میــل لــە شــار دوورن و بــۆ یارمەتــی بەتالیۆنــی یــەک هاتــوون. ئەمــەش شــتێکی ئاســایی بــووە. بنکــەی ســەربازیی ســوپای عێــراق لــە ســلێمانی تەنیــا لــە یــەک بەتالیــۆن پێکهاتــووە، بــەڵام لــە ڕاســتیدا لــە ڕۆژی ٦ی ئەیلــوول دوو بەتالیــۆن و هێزێکــی پشــتیوانیش لــە ســلێمانی ئامــادە بــوون.

هــۆکاری ئــەم گردبوونــەوە نائاســاییەی ســوپای عێــراق لــە ســلێمانی، بــەم شــێوەیەی خــوارەوە ڕوون کراوەتــەوە:

لــە کۆتایــی ئــاب، بەتالیۆنــی ٢ی پیــادەی ســوپای عێــراق و هێــزی پشــتیوانی ١ (1st pack battery)، لــە کەمپــی مەشــق بــوون لــە پێنجوێــن، بەتالیۆنــی ٣ی پیــادەی ســلێمانی بــوو. لــە ٣ی ئەیلــوول، بەتالیۆنــی ٢ی پیــادە و هێــزی پشــتیوانی ١ لــە

پێنجوێنــەوە هاتنــە ســلێمانی. بڕیــار بــوو لــە ١٠ی ئەیلــوول بەتالیۆنــی ٣ بــەرەو بەغــدا بــەڕێ بکەوێــت و هــاوکات هێــزی پشــتیوانی ١یــش بــەرەو مووســڵ.

٤. لــە ٢٨ی ئــاب، کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت، مێجــەر یۆنــگ لــەم جوڵەیــەی ســوپا ئــاگادار کرایــەوە، ئەویــش لەگــەڵ ئەفســەری فەرماندەیــی ئاســمانی ڕاوێــژی کردبــوو، لــە ئەنجامــی ئــەو ڕاوێــژە لــە ڕێکەوتــی ٢٨ی ئــاب نامەیــەک بــۆ حکومەتــی عێــراق نــووسرا. کۆپیــەک لــەم نامەیــە هاوپێــچ لەگــەڵ نــووسراوە زۆر نهێنیەکــەی مــن لــە ڕێکەوتــی ١٠ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، بــۆ بەڕێــزت نێــردرا. هــەر وەک بەڕێــزت دەبینیــت لــەم نامەیــەدا، کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت ئامــاژەی بــە ڕەچاوکردنــی بارودۆخــی نائارامــی کوردســتان کــردووە، شــتێکی زۆر بــاش دەبێــت کەمتریــن گۆڕانکاریــی لــە شــێوازی دابەشــبوونی ســوپادا ئەنجــام بدرێــت و داوای کــردووە نابــێ بەتالیۆنــی ٣ و هێــزی پشــتیوانی ١ لــە ســلێمانی بمێننــەوە، بەڵکــو بــە زووتریــن کات بــۆ بەغــدا و مووســڵ بگەڕێنــەوە. هەروەهــا، کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت دەڵێــت «بــە تــەواوی لــەو بڕوایەدایــە کــە لــە بارودۆخــی ئێســتادا کۆکردنــەوەی ژمارەیەکــی زۆر هێــز لــە ســلێمانی بــە کارێکــی دنەدانانــە (provocative) لێکدەدرێتــەوە».

٥. وەک بەڕێــزت ئــاگاداری لــە ســلێمانی هەڵبــژاردن بایکــۆت کــراوە. مســتر ئالبــان (Mr. Alban)، لێکۆڵــەری ئیداریــی ســلێمانی، لەلایــەن ڕاوێــژکاری وزارەتــی ناوخــۆ ئــاگادار کراوەتــەوە کــە گرنگــە لــە زووتریــن کاتــدا هەڵبــژاردن ئەنجــام بدرێــت، هەروەهــا لــە ١ی ئەیلــوول ڕاپــۆرت هاتــووە کــە ڕاوێــژکاری ناوخــۆ بانگێشــتی بەرهەڵســتە ســەرەکییەکانی هەڵبژاردنــی کــردووە و داوای لێکــردوون ئەگــەر لــە ئەنجامدانــی هەڵبــژاردن هــاوکار نەبــن، دەســتێوردانیش نەکــەن، هەروەهــا هیــوادار بــووە لــە چەنــد ڕۆژی داهاتــوودا ‹کۆمیتــەی پشــکنین› هەڵبژێردرێــت. لــە ٥ی مانــگ، بڕیاریــدا کــە دەبــێ لــە ٦ی ئەیلــوول هەڵبژاردنــی کۆمیتــەی پشــکنین بەڕێــوە بچێــت. ئــەو لــە ڕۆژی هەینــی لــە ڕێکەوتــی ٥ی ئەیلــوول نامەیەکــی بــۆ ســەرکردەکانی کــورد لــە ســلێمانی نــارد و لــە نانــەوەی هــەر جــۆرە ئاژاوەیــەک لــەم هەڵبژاردنــەدا هۆشــداری پێــدان. بەڵێنــی پێــدرا کــە دژایەتــی هەڵبــژاردن ناکــەن.

٦. لـە ڕۆژی یەکشـەممە ٦ی ئەیلـوول، لـە کاتێکـدا هەڵبـژاردن لـە سـەرا بەڕێوەدەچـوو، حەشـاماتێکی ٣٠٠ بـۆ ٤٠٠ کەسـی کـە دار و بەردیـان پێبـوو لـە دەرەوەی سـەرا گردبوونـەوە و هێرشـیان کـردە سـەر پۆلیـس. ڕاپۆرتـی دووەم بـاس لـەوە دەکات کـە ١٥٣ پەنجـەرەی سـەرا شـکێنراون. ڕاپۆرتێکـی تـر بـاس لـەوە دەکات، لـە هەمانکاتـدا کۆمەڵێـک یاخیبوویـتر، هەڵیانکوتاوەتـە سـەر بەندیخانـە و هەوڵـی ڕزگارکردنـی بەندکراوەکانیانـداوە. وادیـار بـوو خەریکـە بارودۆخەکـە لـە کۆنترۆڵـی پۆلیـس دەردەچێـت. مسـتەر ئالبـان داوای یارمەتـی لـە سـوپای عێـراق کـرد. تیپێکـی سـوپا گەیشـت و دەسـتی بـە تەقـە کـرد.

لەمـەو بـە دواوە، هـەر وەک چـاوڕوان دەکرێـت، بەڵگـەکان تـا ڕادەیـەک تەمومـژاوی و دژی یەکـترن. تەنیـا شـتێک کـە تـا ئێسـتا ڕوونـە ئەوەیـە کـە سـوپا دەسـتی بـە تەقـە کـردووە. کـۆی گشـتی بەرکەوتـووان بریتیـن لـە:

سـوپای عێـراق ١ کـوژراو، ٤ برینـدار، پۆلیـس ٩ برینـدار، یاخیبـووان ١٣ کـوژراو، ٢٢ برینـدار. دوای چەنـد خولەکێـک ئارامـی گەڕایـەوە و سـوپا دەسـتی بەسـەر شـاردا گـرت.

٧. مسـتر ئالبـان دڵنیاییـە هێرشـەکەی سـلێمانی بـێ وروژاندنـی خەڵـک لەلایـەن سـەرکردە توندڕەوەکانـەوە ڕووینـەدەدا، بۆیـە یەکسـەر فەرمانـی دەسـتگیرکردنیان دەرکـرا. بـەم پێیـەش ١٠ سـەرکردە دەسـتگیرکراون و گشـتیان ئـەو کەسـانەن کە واژوویان لەسـەر ئەو داواکارییـە کـردووە کـە بـۆ کۆمەڵەی گـەلان بەرز کراوەتـەوە و لە نـووسراوە نهێنییەکەی مێجـەر یۆنگیـش لـە ڕێکەوتـی ٢٠ی ئابی١٩٣٠، کۆپیـەک لـە داواکارییەکـە بـۆ بەڕێـزت نێـردراوە. کەسـە دەسـتگیرکراوەکان لـە شـەوی ٦ی ئەیلـوول بـۆ کەرکـووک گوازراونەتـەوە.

٨. ئـەم ڕێکارانـەی خـوارەوەش گیراونەتەبـەر. کاپـتن لیتلدێـل (Captain Littledale)، کـە ئەفسـەری لێکۆڵـەری پۆلیـس و بەریتانییـە، لـە ئێـوارەی ٦ی مانـگ لـە کەرکـووک بەرەو سـلێمانی بەڕێکـەوت. لەسـەر پێشـنیازی سـێر کیناهێـن کۆرنوالیـس، فەرمـان بـە هێـزی ئاسـمانی پاشـایەتی کـرا لەسـەر ناوچـەی سـلێمانی دەسـت بـە پشـکنینی هەوایـی بکـەن، تـا ڕێگـری لـە هاتنـی کەسـانی سـەر بـە خێڵـەکان بـۆ نـاو شـار بکـەن. لەسـەر پێشـنیازی مـن سـێر کیناهێـن کۆرنوالیـس یاداشـتێکی فەرمـی لەسـەر ڕووداوەکانـی

سلێمانی بڵاوکردەوە و بە تەلەفۆن و تەلەگرام گشت قایمقام و بەڕێوەبەرەکانی ناوچەکەی لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە. ئەفسەری خزمەتگوزاریی تایبەت سەر بە هێزی ئاسمانی پاشایەتی، بۆ سلێمانی گەڕێندرایەوە. ئەفسەری فەرماندەیی بەتالیۆنی ٢، خاتوو ئالبانی (Mrs. Alban) کە تاکە ئافرەتی بەریتانیی بوو لە سلێمانی، بردە کەمپی سوپای عێراق (Iraq Levy Camp) و پاسەوانی تایبەت بۆ وێستگەی بێتەلی هێزی ئاسمانی پاشایەتی دانا و گشت خێزانەکانی ناو سوپای عێراق بردرانە ناو کەمپی سوپا. ئێوارەی ٦ی ئەیلوول تا کۆتایی ڕۆژ، دوو پشکنینی هەوایی بۆ سەر ناوچەکە ئەنجامدرا. لە کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە، شاری سلێمانی ئارامە و خێڵەکانی ئەم ناوچەیە هیچ کارێکیان ئەنجام نەداوە.

٩. لە حاڵی حازردا، چاوەڕوانی ڕاپۆرتی پۆلیس و لێکۆڵەری کارگێڕیم. کاتێک ئەم ڕاپۆرتانەم بە دەست گەیشتن، فەرمان دەدرێت کە ئایا پێویستە ڕێکاری زۆتر بگیرێتەبەر یاخود نا. سەبارەت بەو ڕێکارانەی لەلایەن مستر ئالبانەوە گیراونەتەبەر، تەنیا خاڵی گرنگ کە پێویستە ڕەچاو بکرێت ئەوەیە کە شاری سلێمانی تەنیا شوێنێک نییە تیشکی بخرێتە سەر و گرنگترین شوێنیش نییە. گشت ناوچەکە لە دۆخێکی زۆر نائارامدایە. ئەگەر یاخیبووەکان بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر دەستیان بەسەر بەشێک لە شاری سلێمانیدا گرتبا، ئێستا گشت لیوای سلێمانی بەرانبەر یاخیبوونێکی کراوەدا بوو. خاڵی جەوهەری بریتییە لە گەڕانەوەی نەزم و ئارامی بۆ شاری سلێمانی، تا بەم جۆرە لە ئەگەری پەرەسەندنی ئاژاوە بۆ ناوچەکانیتر کەم بکرێتەوە.

١٠. ئایا پۆلیس بە تەنیا دەیتوانی یاخیبوونەکە دامرکێنێت یاخود نا، بابەتێکە بە کراوەی دەمێنێتەوە و بە دڵنیاییەوە لە کاتی ئێستادا ناتوانرێت لەم بارەوە هیچ بڕیارێک بدرێت.

١١. سەبارەت بە دەستگیرکردنی سەرکردەکانی کورد، جێگەی داخە ئەم کەسانە واژووکارانی ئەو داواکارییەن کە بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکراوتەوە، بەڵام بە هۆی ئەو هۆکارانەی لە پەرەگرافی ٩دا ئاماژە پێکرا، پێویست بوو هەندێك هەنگاو بهاوێژرێت، تا بۆ گشت کەسێک بسەلمێنرێت کە لێبوردەیی سیاسەتێکە بەرانبەر کوردەکانەوە گیراوتەبەر، بەڵام هەر جۆرە هەوڵێک بۆ ئاژاوە نانەوە بە توندی سەرکووت دەکرێت. بۆ سەلماندنی ئەمەش هەندێك ڕێکار گیراونەتەبەر، بۆیە

هەڵبژاردنـی ئامـرازی مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم ڕووداوە کەمتریـن بایەخـی هەیـە، چونکـە هیـچ کاتێـک لەبـەر دەسـت نییـە بـۆ ئەنجامدانـی لیکۆڵینـەوە یاخـود سـزادان لـە لایـەن بەغـداوە. دوای سـێ ڕۆژ چاودێریکـردن، مـن هیـچ بەدیلێکیـترم نابێتـە بیـر، کـە مسـتر ئەلبـان دەیتوانـی پەنـای بـۆ ببـات.

١٢. بـە بۆچوونـی مـن ئـەم یاخیبوونـە چەنـد ڕۆژ پێـش سـەرهەڵدانی لەلایـەن سـەرکردەکانی کـوردەوە بەرنامـەی بـۆ دانەڕێـژراوە، چونکـە ئەگـەر وەهـا بـا زۆربـەی سـەرکردەکانی کـورد پێـش سـەرهەڵدانەکە لـە شـاری سلێمانی دەردەچـوون بـۆ ئـەوەی بـێ تاوانـی خۆیـان بسـەلمێنن. تـا چ ڕادەیـەک سـەرکردە توندڕەوەکانـی داڕێـژەری ئـەم ڕووداوە بوونـە، هێشـتا زووە بڕیـاری لەسـەر بدرێـت، بـەڵام هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە، ئەگـەر ئـەوان خوازیـار بـان، دەیانتوانـی پێـش لـەم یاخیبوونـە بگـرن.

١٣. خەسـڵەتی نەخـوازراوی ئـەم ڕووداوە بریتییـە لـەوەی هەمـوو ڕووداوەکـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان پشـتیوانی لـە نارەزایەتی ئەو بەشـە لـە سیاسـەتمەدارانی عێراق دەکات کـە دژی سیاسـەتی ئاشـتەوایی لەگـەڵ کـورد دەکـەن. غیابـی موتەسـەڕیف، بەرپرسـیارێتی ڕووداوەکـە دەخاتـە ئەسـتۆی حکومەتـی بەریتانیـا.

١٤. هـەروەک لـە تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٤١٤ لـە ڕێکەوتـی ٨ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، ئامـاژەم پێـداوە، ناتوانـم گوشـار بخەمـە سـەر سـەرۆک وەزیـران نـوری پاشـا، بـۆ گرتنەبـەری ئـەو پێشـنیازانەی بەڕێـزت لـە تەلەگرامەکـەت لـە ڕێکەوتـی ٢ی ئەیلوولـی ١٩٣٠ ئامـاژەت پێـداوە، کـە تایبـەت بـوو بـە بڵاوکردنـەوەی ڕەشنووسـی یاسـای زمـان. پێـش هەمـوو شـتێک، بـە بۆچوونـی خـۆم ئەنجامدانی ئـەم کارە یەکسـەر لـە دوای سـەرهەڵدانەکەی سـلێمانی، یەکـەم: لەلایـەن کوردەکانـەوە وەک هێمایەکـی لاوازی [حکومەتـی عێـراق] لێکدەدرێـەوە. دووەم، ئـەوکات خـودی حکومەتـی عێـراق پاسـاوێکی لـە دژی بڵاوکردنـەوەی ئـەم یاسـایە بـە دەسـتەوە دەبێـت کـە وەڵامدانەوەی ئـەم پاسـاوە کارێکـی زۆر سـەخت دەبێـت.

لـە ٧ی ئەیلـوول نـوری پاشـام بینـی، واتـە ڕۆژێـک لـە دوای گەڕانەوەکـەی و گوشـارم خستەسـەر کـە پێویسـتە لـە زووتریـن کاتـدا تۆمەتـی سـەرکردە کوردەکانـی

لـە بەندیخانـەدان دیـار بکرێـت و ئـەو کەسـانەش کـە هیـچ تاوانێکییـان نەسـەلمێنراوە ئـازاد بکرێـن. بـە بۆچوونـی مـن کارێکـی عاقڵانـە نابێـت کـە تـا چەنـد ڕۆژێکیـتر ئـەم سـەرکردانە ئـازاد بکرێـن، بـەڵام لـەو بڕوایەشـدا نیـم کـە بڕیارێکـی خێـرا سـەبارەت بـەم دەسـتگیرکراوانە بـدرێ.

١٥. دوێنـێ بـە ئامادەبوونـی سـەرۆک وەزیـران چـاوم بـە بەڕێـز وەسـی کـەوت و تیشـکم خستەسـەر ئـەوەی کـە نابـێ یاخیبوونەکـەی سـلێمانی لەسـەر سیاسـەتی گشـتی حکومـەت بەرانبـەر کـورد کاریگـەری دروسـت بـکات. هەردووکیان لەسـەر ئەمـە هاوڕا بـوون کـە نابـێ ئـەم ڕووداوە کەریگەریـی لەسـەر سیاسـەتی گشـتی دروسـت بـکات. هەروەهـا ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوە کـرا کـە شـتێکی بـاش نییـە لـەم بارودۆخـەدا دووبـارە هەڵبژاردنـەکان دەسـت پێبکرێتـەوە، بـەڵام نابـێ زیاتـر لـە سـێ هەفتـەش دوا بخرێـت، لـەم ماوەیەشـدا هەڵوێسـتی خێڵـەکان دەردەکەوێـت.

١٦. بـە پێویسـتی نازانـم بـە هـۆی ئـەم ئاژاوەیـەوە سـێر فرانسـین هامفریـس لـە گەڕانـەوەی بـۆ عێـراق پەلـە بـکات. ئـاگادارم کـە لـە ٢ی تشرینـی یەکـەم دەگەڕێتـەوە.

بەڕێز،

بەوپەڕێ ڕێزەوە، من شەرفی ئەوم هەیە بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارت بم.

واژوو: R. Brooke-popham

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق

ژمارە: S.O.1089 (ل٣٨٠)

سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا

١٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بۆ: عەزمی بەگی بابان و هاوڕێ واژووکارەکانی، سلێمانی.

سێر،

مـن ڕاسـپێردراوم ئاگادارتـان بکەمـەوە، داواکارییەکەتـان لـە ڕێکەوتـی ٣١ ئابـی ١٩٣١، بـە دەسـتمان گەیشـتووە کـە ئاڕاسـتەی سـکرتێری کۆمیتـەی هەمیشـەیی ئینتیدابـی سـەر بـە کۆمەڵـەی گـەلان کرابـوو. ئـەم داواکارییـە لـە دوای نامەکـەم بـە ژمـارە (S. O. 1058) لـە ڕێکەوتـی ٥ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، بـە دەسـتم گەیشـت، کـە نامەکـە بریتـی بـوو لـە وەڵامدانــەوەی داواکارییەکــەی پێشــترتان لــە ڕێکەوتــی ٣ی ئابــی١٩٣٠، بۆیــە بەڕێــز کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـەو بڕوایەدایـە کـە بەڕێـزت بـە پێویسـتی نازانـی داواکاریـی دووەم بـۆ کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب بـەرز بکرێتـەوە، بۆیـە خۆشـحاڵ دەبێـت لەمبـارەوە بۆچوونـی بەڕێـزت بزانێـت.

خزمەتکارتان...

واژوو: R. S. M. Sturges

ڕاوێژکاری بە وەکالەت بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

زۆر نهێنی و بەپەلە (ل٣٨١-٣٩٤)

ژمارە: C/235/D/6

نووسینگەی لێکۆڵەریی کارگێڕیی، لیوای سلێمانی.

سلێمانی، ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بۆ:

ڕاویژکاری وزارەتی ناوخۆ، بەغدا.

یاداشتنامە

**بابەت: ڕاپۆرتێک لەسەر یاخیبوونی شاری سلێمانی لە ڕێکەوتی ٦ی ئەیلوولی١٩٣٠.**

**ڕووداوە بەراییەکان**

لە [تەلەگرامەکەم] بە ژمارە (C.219)لە ڕێکەوتی ١ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بەڕێزتم ئاگادار کردەوە کە هەوڵ دەدەم هەڵبژاردنە پچڕاوەکە دووبارە ئەنجام بدەم و هەڵبژاردنی ‹کۆمیتەی پشکنینی› لیوا بە ئەنجام بگەیێنم کە هەموو شتێک پێوە بەستراوە. شایانی ئاماژە پێدانە موتەسەڕیفی پێشوو، تەوفیق وەهبی بەگ، لە ١٣ و ١٤ی تەمووز، هەوڵەکانی بۆ ئەم مەبەستە وەگەڕخستبوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بەشێکی زۆری کورد ڕازی نەبوون تا ئەوکاتەی ئەم پرسە چارەسەر نەکرێت لەم هەڵبژارندەدا بەشداری بکەن کە کەوتووتە ژێر کاریگەریی پەیماننامە نوێیەکە و بە پێی پەیماننامەکە کۆتایی بە ئینتیداب لە عێراق دێت، بە هۆی جار نا جار بەڵێنە جۆراوجۆرەکانی لە لایەن حکومەتەکانی عێراق و بەریتانیا بە کوردەکان دراوە، هەروەها بە هۆی ڕێکارەکانی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە کورد. [تا تەواوی ئەم پرسانە چارەسەر نەکرێن کورد بەشداری لە هەڵبژاردنەکەندا ناکەن].

کەسایەتییە سەرەکییەکانی بەرهەڵستکار ئەمانەی خوارەوەن:

شێخ قادر، میرزا تەوفیق قەزاز، ڕەمزی ئەفەندی، حەمە ئاغا، عەزمی بەگی بابان، عزەت بەگی عوسمان پاشا، عەبدوڵرەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، محەمەد ساڵح بەگ، مەجید ئێف کانی ئاسکان، فایق بەگی بابان، شێخ محەمەد گوڵانی.

ئـەم یـازدە کەسـەی سـەرەوە لەگـەڵ ئەفسـەرێکی تۆپخانـە لـە سـوپای عێـراق بـە نـاوی عـزەت، کـە خەریکـە لـە سـلێمانی بچێتـە دەرەوە، پێکـەوە کۆمیتەیەکیـان پێکهێنـاوە و سـەرکردایەتی ئاژاوەکانـی ئێسـتا دەکـەن، لـە دوای ئـەوەی سـەر دێـرە سـەرەکییەکانی پەیماننامـە نوێیەکـە لـە ١ی تەمـووز بـڵاو کرایـەوە، ئـەم کۆمیتەیـە ڕاگەیێنـدرا. عـزەت هیچ یـەک لـەو داواکاری و تەلەگرامانـەی واژوو نەکـردووە کـە لەلایـەن ئـەم کۆمیتەیـەوە بـۆ کۆمەڵەی گەلان، نووسـینگەی موسـتەعمەرات، کۆمسـیاری باڵا و سـەرۆک وەزیران نێردراون.

لەلایەکیـترەوە، ژمارەیەکـی زۆری خەڵـک، سـەرەڕای ئـەو دوژمنایەتییـەی بەرانبەریانـدا ئەنجامـدرا، لـەم دوو کۆبوونەوەیـەی تایبـەت بە هەڵبژاردنـەکان ئامادە بوون و پشـتگیریان لـە بەڕێوەبردنـی هەڵبـژاردن دەکـرد. پشـتیوانی سـەرەکیش حاجـی مـەلا محێدیـن بـوو کـە یەکێـک لـە دەوڵەمەندتریـن بازرگانەکانـی سـلێمانییە و پێگەیەکـی کۆمەڵایەتیشـی هەیـە، هەروەهـا حاجـی مسـتەفا پاشـا، ژەنەڕاڵـی پێشـووی سـوپای تورکیـا، لایەنگـری لـە ئەنجامدانـی هەڵبژاردنەکانـی دەکـرد.

لـە [تەلەگرامەکـەم] بـە ژمـارە (C/219) لـە ڕێکەوتـی ١ی ئەیلـوول، بەڕێزتـم ئـاگادار کـردووە کـە لـە حاڵـی حـازردا کەشـەکە زۆر گونجـاوە و دەکـرێ هەڵبژرادنـەکان ئەنجـام بدرێـت. هـۆکاری سـەرەکی لـە گەیشـتنی مـن بـەم ئەنجامـە بریتییـە لـە:

١. کاریگـەری گشـتی ئـەو سیاسـەتەی لەلایـەن بەڕێـزان کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت و سـەرۆک وەزیـران بـە وەکالـەت لـە ١١ی ئـاب لـە سـلێمانی ڕاگەیێنـدرا.
٢. ئەو ڕاستییەی کە ژمارەیەکی زۆری کەسایەتییە ناودارەکان و بازرگانانی [سلێمانی] ئامادەن [پشتگیریی] لە بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکان بکەن و ئەمەشیان بە من گووتووە.
٣. لاوازبوونـی پارتـی ئۆپۆزیسـیۆنی [هەڵبـژاردن] ئەویـش بـە ڕۆیشـتنی عـزەت و تەوفیـق وەهبـی بـەگ بـۆ بەغـدا کـە بـە کـوردی ناسیۆنالیسـت هەژمـار دەکـران و وەک هاوسـۆزێک سـەیر دەکـران. سـەرەڕای ئـەو دابـەش بوونـەی لـەم دواییانـدا لـە نـاو ئـەم پارتـەدا دروسـت بـووە لـە نێـوان توندڕەوەکان کـە لـە شـێخ قـادر، حەمـە ئاغـا، میـرزا تەوفیـق و ڕەمـزی ئێـف پێکدێـت لەگـەڵ میانـڕەوەکان کـە لـە هەفـت کەسـەکەیتر پێکدێـت. هـۆکاری ئـەم دابەشـبوونەش بریتییـە لـەوەی میانـڕەوەکان بـە

گومانـن لـەوەی تونـدڕەوەکان، بـێ ئـاگاداری و ڕەزامەنـدی ئـەوان ئامـرازی توندڕەوانـە دەگرنەبـەر و لـە بەڵگەنامەکانیـش ئامـاژە بـە ناوەکانیـان نـادەن.

٤. ئـەو ڕاسـتییەی کـە هـەر کاتێـک کۆمیتـەی پشـکنینی لیـوا هەڵبژێـردرا، قـەزا و ناحییـەکان ئامـادەن بەشـداری لـە هەڵبژاردنەکانـدا بکـەن. لـە ڕاسـتیدا هەندێـك لـە ناحیـەکان لیسـتی هەڵبژاردنـی پێشـوەختەیان تـەواو کـردووە و شـارباژێریش کۆمیتـەی پشـکنینی خـۆی هەڵبـژاردووە، ئەویـش ئەوکاتـەی کـە تەوفیـق وەهبـی بـەگ فەرمانـی پێکـردن لـەم کارەدا پەلـە بکـەن، ئەمـەش بـە هـۆی شکسـتی نالەبـاری سـلێمانی [لـە هەڵبژاردنەکانـدا].

٥. زانیاریـی هەیـە کـە زۆرێـک لـە سـەرکردەکانی ئۆپۆزیسـیۆن، خـودی خۆیـان دەیانەوێت ببنـە ئەنـدام پەرلەمان.

٦. ئەو ڕاستییەی سەرکردە توندڕەوەکان نایانەویت زۆر توندڕەو بن.

خۆپێشـاندانەکانی پێشـوو، بـە تایبەتیـش خۆپێشـاندانەکەی سـپێدەی ڕۆژی ١١ی ئـاب کـە لـە کاتـی کۆبوونـەوەی سـەرۆک وەزیـران و کۆمسـیاری بـاڵا لەگـەڵ کەسـایەتی و سـەرکردەکانی سـلێمانی ڕوویـدا، کرۆکـی ئـەم خۆپێشـاندانە لـە کۆمەڵێـک قوتابـی پێکهاتبـوو کـە لەلایـەن مامۆسـتاکانیان واتـە، عەلـی ئاغـا، محەمـەد سـاڵح قەفتـان و ڕەفیـق ئێـف هاندرابـوون. هەروەهـا قوتابیانـی قوتابخانـەی شـەوانەی ‹زانسـتی› لەلایـەن مامۆسـتاکەیانەوە بـە نـاوی کەریـم بـەگ ڕێبەرایەتـی دەکـران. هەروەهـا کۆمەڵێـک لایەنگـری سەرسـەختی شـێخ قـادر و هاوڕێکانـی، لـەم خۆپێشـاندانەدا بەشـدار بـوون.

لـە ڕۆژی ٢ی ئەیلـوول بـە دوای سـەرۆکی مامۆسـتایان ڕەشـید ئێـف و مامۆسـتا سـەرەکییەکانم نـارد کـە کەریـم بەگیـش لەگەڵیانـدا بـوو، هۆشـداریم پێـدان کـە ڕێگـە بـە خۆپێشـاندانی زۆرتـر نادرێـت و ڕێـکاری تونـد لـە دژی هـەر کەسـێك دەگیرێتەبـەر کـە دەنگـدەرەکان بترسـێنێت یاخـود دەسـتدرێژییان بکاتەسـەر. هەروەهـا پێـم ڕاگەیانـدن سـوود لـە پێگـەی خۆیـان وەرگـرن و ڕێگـر بـن بەرانبـەر هـەر قوتابییـەک کـە بەشـداری لـە هـەر جوڵانەوەیەکـدا بـکات، ئەگەرنـا خۆیـان بەرپرسـیار دەبـن.

هیــوادرام ئــەم هۆشــدارییە پەنجــا قوتابــی ئاژاوەگێــڕ بێدەنــگ بــکات، ئــاگادار

کراومەتـەوە سـەرکردە تونـدڕەوکان ئـەم قوتابیانەیـان هانـداوە و ئامـادەی ئەنجامدانـی هــەر جــۆرە خۆپێشــاندانێکن. هــاوکات مــن بەڕێوەبــەر و کۆمیتــەی جێبەجێــکاری قوتابخانــەی زانســتیم ئــاگادار کردنــەوە.

لـە ٥ی ئەیلـوول، بانگێشـتی یـازدە سـەرکردەم کـرد کـە لـە سـەرەوە ئامـاژە بـە ناویـان دراوە. گشـتیان هاتـن تەنیا شـێخ قـادر، عەبدولڕەحمان ئاغا و شـێخ محەمـەد گوڵانی نەبێت کـە ئـەوکات لـە سـلێمانی نەبـوون. ئەوانـم ئـاگادار کـردووە کە جاری پێشـوو کاتێـک ڕەتیان کـردەوە لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـداریی بکەن، هیچ زانیارییەکیان لەسـەر پێگـەی خۆیان لە پەیماننامـە نوێیەکـەدا نەبـووە، بەڵام دواتر کۆمسـیاری باڵا و سـەرۆک وەزیـران بابەتەکەیان بـە تێـرو تەسـەلی بـۆ ئـەم کەسـانە ڕوون کـردەوە کـە داواکاریـان بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بـەرز کراوەتـەوە و تێبینییەکانـی خۆیـان لەسـەری دەردەبـڕن، هەروەهـا هەڵبژاردنـەکان بـە شـێوەیەکی ئاسـایی لـە گشـت ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق بەڕێـوە دەچێـت. لـەم جۆرە بارودۆخـەدا هیـچ هۆکارێـک نییە ئەم کەسـانە واز لە هەڵوێسـتی پێشـووی خۆیـان نەهێنن و لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـداریی نەکـەن، بـە توندی پێداگریم لەسـەر ئەوە کرد کە بەشـدار بـن. بـە هەرحـاڵ ئـەوان گوتیـان ناتوانـن خـودی خۆیـان لـەم هەڵبژاردنانەدا بەشـدار بن.

دواتـر، ئەوانـم ئـاگادار کـردەوە کـە هەڵبـژاردن ئازادانەیـە و هیـچ کەسـێک ناتوانێـت، ناچاریــان بــکات تێیــدا بەشــدار بــن، ئەگــەر نایانەوێــت بەشــدار بــن و دەتوانــن لــە دەرەوەی پرۆسـەکە بمێننـەوە، بـەڵام ئامـاژەم بەوەشـدا کـە ئـەوان نوێنەرایەتـی گشـت لیـوای سـلێمانی ناکـەن. خەڵکێکـی زۆر هــەن خوازیـارن هەڵبـژاردن ئەنجـام بدرێـت و تێیـدا بەشـدار بـن و لـەم کارەش ئـازادن. هـەر کەسێك پێـی خـۆش بێـت دەتوانـی لـە هەڵبژاردنـدا بەشـداریی نـەکات، هـاوکات هیـچ کەسێکیش ئـەو مافـەی نییـە بـە زەبـری هێـز، ترسـاندن و هەڕەشـەکردن ڕێگـری لـەو کەسـانە بـکات کـە بیانەوێـت بـە ئازادانـە لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـدار بـن. هـەر جـۆرە کردەیەکـی لـەم جـۆرە سـەرکۆنە دەکرێـت. ئەرکـی گشـت حکومەتێکـە پارێـزگاری لـە دەنگدەرانـی بـکات و حکومەتـی عێراقیـش بەنیـازە ئـەم کارە بـکات. ڕێـکاری تونـد لـە دژی هـەر کەسێك دەگرێتەبـەر کـە تۆمەتـی ئەنجامدانـی ئـەم کارەی لەسـەر بێـت.

بۆیە هۆشداریم بەم کەسانەدا کە خۆیان لە هەڵبژاردنەکان بە دوور بگرن و لە دەستێوەردان خۆیان بپارێزن. ئەوان گوتیان دەست لەو کارە وەرنادەن.

*******

**٦ی ئەیلوول:**

بڕیارمدا هەڵبژاردنی لێژنەی پشکنین لە دیوانی موتەسەڕیف لە سەرا بەڕێوە ببردرێت، چونکە لە هەموو لایەکەوە ڕێگەی بۆ دەهات. سپێدەی ڕۆژی ٦ی ئەیلوول بانگهێشتنامە بۆ حاجی مەلا محێدین و ٣٠ کەسایەتیتر نێردرا کە نوێنەرایەتی گەڕەکە جۆراوجۆرەکانی شاریان دەکرد، تا بێنە سەرا و لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بن. ئەوان هاتن و بە سەرۆکایەتی سەرۆکی شارەوانی لە دیوانی موتەسەڕیف کۆبوونەوە و سەرقاڵی کارەکانیان بوون. تا ئەمکاتە، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن دۆخی شار دۆخێکی ئاسایی بووە و هەست بە نائارامی نەکراوە.

پۆلیسی زیاتر لە بازاڕ و سەرا کۆکرایەوە و فەرمانیان پێکرابوو ڕێگە نەدەن دوکانەکان دابخرێن و خەڵک لە نزیک سەرا کۆ ببێتەوە. نزیک ١٠٠ پۆلیسیتر وەک یەدەک لە سەرا کۆکرانەوە. لە ڕوانگەی ئەو هۆشدارییەی بە گشت سەرکردەکان درابوو، ڕەفتاری گشتی خۆپێشاندانەکانی پێشوو، هەروەها ئەو ڕاستییەی سەرکردە نەتەوەییەکان گشت هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕخستبوو تا جوڵانەوەکە لە چوارچێوەی یاسادا ڕاگرن، هەروەها بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری بنکەی سەربازیی، بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەمانە، هزر دەکرا ئەو ڕێکارانەی گیراونەتەبەر بەس بن [بۆ ڕاگرتنی ئارامی شار].

**یاخیبوون:**

دواتر هەواڵ هات نزیکەی ٥٠ قوتابی و کەسانی ئاژاوەگێڕ کە لەلایەن فایەق ئێفەوە ڕێنمایی دەکران، بە ناو بازاڕدا دەگەڕان و داوایان لە دوکاندارەکان دەکرد دوکانەکانیان داخەن و خەڵکیان کۆدەکردەوە. کاتێك ئەوان گەیشتنە بەر دەرگای قوتابخانە لەلایەن پۆلیسەوە پشکێندران. ژمارەیەکی زۆری ئاژاوەگێڕ کۆبوونەوە و هێدی هێدێ ڕەفتاری ئەم خەڵکە توندی بەخۆوە گرت.

ئاشـکرابوو [پۆلیسـی] پێویسـتی بـە هێـزی پشـتیوانی بـوو، هـەر بۆیـە دواتـر داوا لـە فەرمانـدەی بنکـە سـەربازییەکانی هێـزی عێـراق کـرا ١٠٠ سـەربازی بـێ چـەک بـۆ یارمەتیدانـی پۆلیـس بـەڕێ بـکات، فەرمانـدەی پۆلیـس لەگـەڵ هێـزی یـەدەک ئـەو شـەقامەی بـۆ سـەرا دەهـات لـە خەڵکـی چۆڵکـرد، بـەڵام کێشـەکە زیاتـر گەورەبـوو و هەندێك خەڵـک کورسـییەکانی نـاو چایخانەکانیـان وەک چەکێـک لـە دژی پۆلیـس بـەکار دێنـا و هەندێـک لـەم خەڵکـەش برینـدار بـوون. دواتـر وەدەرکـەوت پێویسـتە هێـز بـەکار بهێنرێـت و بۆیـە داواکـرا سـوپا بـە چەکـەوە بێـت.

دواتر خەڵک پۆلیسی شکاند و پۆلیس ناچار بوو بۆ باغچەی سەرا پاشەکشە بکات و خەڵک جار نا جار هێرشی بۆ سەر ئەم باغچەیەش دەکرد. دەستەیەک لە خەڵک لە چوارڕیانی نزیک چایخانەی حەمە ئاغا گرد ببوونەوە. چوارڕیانەکە دەکەوێتە کۆتایی باغچەی سەرا. بەشێک لەم خەڵکە خوێن گەرمە لە ناو خودی باغچەکە بوون و بەشێکیتری خەڵکیش لە ڕێگای دەرەوەی سەرا نزیک ببوونەوە. بەرد بەرەو سەرا و پۆلیس دەهاوێژرا. داوا لە فەرماندەی بنکەی سەربازیی کرا بەتالیۆنێک بۆ پشتیوانیکردنی هێزی پۆلیس بنێردرێت.

بـەردی زۆرتـر دەهاوێـژرا. گۆچـان و دار و گـورز لەلایـەن خەڵکـەوە بـەکار دەهێـنرا. هەواڵـەکان بـاس لـەوە دەکـەن دەسـتەیەک لـە خەڵک لەوبـەری سـەرا، چوونەتە سـەربانی بەندیخانـە و هەوڵـی شـاندنی بەندیخانـە دەدەن.

دوای ماوەیەکـی کـەم، هێـزی پیـادەی سـوپا گەیشـت، لە چوار ریـزدا و بە دیسـیپلێنێکی زۆر باش نمایشـتی سـەربازیان کرد و بەرەو باغچەی سـەرا ڕۆیشـتن، لەوێ وەسـتان و بەسـەر دوو دەسـتەدا دابـەش بـوون. هاوێشـتنی بـەرد وەسـتابوو. یاخیبـووان باغچـەی سـەرایان چۆڵکـرد و ژمارەیەکـی کەمـی خەڵـک تـا ڕادەیەک پاشەکشـەیان کـرد، بەڵام ژمـارەی زۆرتری خەڵک لە شـوێنی خۆیان مابوونەوە. سـەربازەکان سـەرەڕمیان خسـتە سـەر تفەنگەکانیان و بەسـەر چەند دەسـتەیەکی ئامادەی شـەڕکردن دابەشـکران.

پێشـتر داوام لـە فەرمانـدە کـرد بـوو بـڵاوە بـە خەڵـک بـکات. گروپـەکان بـەو جـۆرەی فەرمانیـان پێکرابـوو دەسـتیان بـە جووڵـە کـرد و بـەرەو شـەقامەکان ڕۆیشـتن. خەڵـک لـە

شـوێنەکانی خۆیـان مانـەوە و دیـار بـوو یاخیبـووان گۆچانـی قەدەغەکراویـان بەدەسـتەوە بـوو و هێرشـیان کـردە سـەر سـەربازەکان و بـەرد و کورسـیان دەهاوێشـت و بەرەو پێشـەوە دەهاتـن. وەهـا دەردەکـەوت ئەگـەری خوێنڕێشـتن لـە ئارادایـە.

دواتر دەنگی تەقە بیسترا و سەربازێکی سوپای عێراق کوژرا. دەمانچەی ئۆتۆماتیک و دەمانچە (revolver) بەکار هێنرا و دوو سەرباز بریندار بوون. دواتر سەربازەکان دەستیان بە تەقە کرد. زۆرێک لە سەربازەکان بە ئەنقەست تەقەی هەواییان دەکرد، خەڵکەکە یەکسەر بڵاوبوونەوە و کۆمەڵێک کوژرا و بریندار لە شەقامەکان بەجێمان. تەقەکردن وەستا. دواتر بەتالیۆنەکە هات و لەسەر داوای من شاریان کۆنترۆڵ کرد، تا نەزم و ئارامی بۆ گشت شوێنێک بگەڕێتەوە. ئەم کارەش زۆر بە خێرایی و بە بێ هیچ ڕووداو یاخود بەرهەڵستیەک ئەنجامدرا.

**بەرکەوتووان:**

پێـش هاتنـی هێـزی سـوپا، ١٠ کـەس لـە پۆلیـس برینـدار ببـوون. ٩ کـەس بـە بـەرد و گۆچـان برینـدار ببـوون و ١ کەسـیش بـە خەنجـەر. ١٥٣ پەنجەرەی سـەرا و ١٧ گڵۆپی سـەر شـەقامەکان شـکا بـوون.

**بەرکەوتووانی سوپای عێراق:**

یەك کەس کوژرا.

دوو کەس بریندارکرا بە چەکی ئۆتۆماتیکی.

یەك کەس بە بەرد بریندار بوو.

**یاخیبووان:**

١٣ کـوژراو، ٥ کەسـیان بـە سـەرەنێز کوژرابـوون، ٨ کەسـیان بـە تەقـە. لـەم کەسـانە ١٠ کەسـیان یەکسـەر مـردن و ٣ کەسـیش دواتـر.

٢٣ بریندار، ١٢ بریندار لە خەستەخانەوە ماونەتەوە.

بەرکەوتووانــی مەدەنــی هەموویــان ســەر بــە چینەکانــی خــوارووی کۆمەڵــگا بــوون. قوتابییــەک برینــدار بــووە.

## کۆمیتەی هەڵبژاردن:

کاتێـک یاخیبـوون بـە قۆناغێکـی مەترسـیدار گەیشـتبوو، کەسـایەتییە نـاودارەکان بـۆ هەڵبژاردنـی ئەندامانـی کۆمیتـەی پشـکنین دەنگەکانیـان خسـتبووە نـاو سـندوقەکانی دەنگـدان. دواتـر ئـەوان هاتنـە لای مـن و بـە منیـان گـووت، ئەمـە ئەرکـی حکومەتـە پارێـزگاری لـە هاووڵاتیانـی پابەنـد بـوو بـە یاسـا و ئـەو کەسـانە بـکات کـە ئەرکـی گشـتی خۆیـان بەجیهێنـاوە. تـا ئەوکاتـەی یاخیبـووان پەرتوبـڵاو نەبـن و پیلانگێـڕەکان واتـە شـێخ قـادر و هاوڕێکانـی دەسـتگیر نەکرێـن، ئـەوان ناتوانـن بچنـە سـەر کارەکانیـان. ئەوانـم دڵنیـا کـردەوە کـە سـوپا خەریکـی بـڵاوە پێکردنـی خەڵکـە و فەرمـان دەرکـراوە سـەرکردە پیلانگێـڕەکان دەسـتگیر بکرێـن. داوای لێبوردنـم کـرد کـە ئـەوان توشـی ئـەم بارودۆخـە نەخـوازراوە بوونەتـەوە.

دوای ئـەوەی یاخیبـوون بـە کۆتاهـات، دووبـارە کۆبوونـەوە و بـە منیـان گـوت، مـادەم خوێـن ڕژاوە، لەوانەیـە یاخیبوونەکـە بـەردەوام بێـت. داوایانکـرد بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک دوابخرێـت تـا ئەوکاتـەی ئـەوان دەتوانـن ئەرکـی خۆیـان بەجـێ بگەیێنـن. منیـش ئـەم داوایـەم قبوڵکـرد و سـندوقەکانی دەنگـدان قوفڵکـران و لـە جێگەییەکـی ئەمـن هەڵگیـران.

## دەستگیرکردنی سەرکردەکان:

بـە فەرمانـی مـن، ١٠ کـەس لـەو ١١ کەسـەی سـەرەتای ئـەم ڕاپۆرتـە ئامـاژە بـە ناوەکانیـان کـراوە لـە شـەوی ٦ی ئەیلـوول دەسـتگیرکران. کەسـی یازدەیـەم، واتـە شـێخ محەمـەد گوڵانـی لـە دەڤـەری هەڵەبجـە بـوو و لـە ڕۆژی ١٠ی ئەیلـوول خـۆی ڕادەسـتی پۆلیسـی هەڵەبجـە کـرد. وەهـا باشـتر بـوو ئـەم کەسـانە لـە سـلێمانی نەمێنـن و بۆیـە لـە شـەوی ٧/٦ی ئەیلـوول بـەرەو بەندیخانـەی کەرکـووک گوازرانـەوە.

پۆلیـس چالاکانـە بـە دوای ئـەو کەسـانەدا دەگـەڕا کـە لـە یاخیبوونەکـەدا بەشـدار ببـوون و بـە دوای تاوانبـارەکان دەگـەڕان.

**تێبینییەکان:**

١. بە ڕەچاوکردنی بەرقەراری بارودۆخ، پۆلیس زۆر بە باشی ڕەفتاری کرد. ئەوان ناچار کران پاشەکشە بکەن، بەڵام پاشەکشەیان نەکرد و چەندین قوربانیشیان لێکەوتووە. ڕاست بوون کە تەقەیان لە خەڵک نەکرد. ئەگەر ئەو کارەیان کردبا، شتەکان ئاڵۆزتر دەبوون. کۆتایی هێنان بە خۆپێشاندان لە ڕێگەی بەکارهێنانی سوپاوە تەنیا چارەسەر بوو.

٢. سوپا بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە ڕەفتاری کرد. وەک شایەتحاڵێک بە بۆچوونی من ئەوان تەقەیان نەکرد تا ئەوکاتەی ناچار کران. ئەگەر زۆرتر چاوەڕوان بان و تەقەیان نەکردبا، بەرکەوتووی زۆرتریان دەدا. ئەو ڕێژەیە لە تەقەکردنەکەی من گوێبیستی بووم کەمترین ئاست بوو بۆ بڵاوەپێکردنی خەڵک. ئەگەر سوپا کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدابا، بریندار و کوژراوی زۆرتری لێدەکەوتەوە. زۆرێک لە سەربازەکان بە ئەنقەست تەقەی هەواییان دەکرد تا خەڵک بڵاو ببنەوە. ئەوکاتەی خەڵک پەرتوبڵاو بوو و ئەنجامی خوازراو بەدیهات، تەقەکردن وەستا. باس لەوە دەکرێت چەکی ئۆتۆماتیکی بەکار هێنراوە. ئەمەش دوورە لە ڕاستی. لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخەکەدا، بە بۆچوونی من ژمارە بەرکەتووانی یاخیبوونەکە کەمە.

**پوختە:**

هۆکاری یاخیبوونەکە بڕیاری کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی [سلێمانی] بوو بۆ تێکدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ڕێگەی پەنا بردنەبەر شێوازەکانی ترس و تۆقاندن، بەکارهێنانی پڕوپاگەندە و هاندانی گشت کەسایەتییە ناسراوەکان بۆ ئەوەی بێنە ناو کەمپەکەیان و ئەم هاندانەش سەرکەتوو نەبوو، تا بەم جۆرە لە ڕێگەی بایکۆتی گشتییەوە هەڵبژاردنەکان بوەستێنن. چونکە ئەگەر هیچ دەنگدەرێک بەشدار نەبێت، هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک خەڵکی ئاژاوەگێڕ و تێکدەریان کۆکردەوە. دوکاندارەکان ناچارکران ئارەزومەندانە یان بە زۆر، دوکانەکانیان داخەن و لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدار بن، ئەگەر نا خانەبەدەر دەکرێن. دەبوو حکومەت و ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریان کردووە گۆڕەپانەکە چۆڵ کەن. دەنگدەران دەترسێندران و جنێو و قسەی ناشیاویان پێ دەگوترا.

هۆکارەکانیـتری ئـەم خۆپێشـاندانە خۆپێشـاندانەکانی پێشـوو بـوو کـە لـە کاتـی بەڕێوەچوونـی یەکەمیـن دەنگـدان لـە ١٤ی تەمـووز ئەنجامـدرا، سـەردانی شـازادەی عێراق لـە ١٦ی تەمـووز، دیوانـی سـەرۆک وەزیـران و هاوڕێکانـی و کۆمسـیاری بـاڵا لـە ١١ی ئاب[بـۆ سـلێمانی]. پێـش ١٤ی تەمـووز هیـچ خۆپێشـاندانێک لـە سـلێمانی ڕوویندابـوو. چالاکییـە سیاسـییەکانی پێشـوو لـە ناردنـی تەلەگـرام و داواکاریـی، سـنووردار کرابـوون. ڕێکخـەران و بەشـداربووانی ئـەم خۆپێشـاندانە ئەزموونیـان لـە ڕابـردوو وەرگرتبـوو و بوێریـان بەدەسـتهێنابوو و شـارەزای هێـزی خەڵـک و ئاژاوەگێـڕەکان ببـوون.

لـە ڕۆژی ١٠ی ئـاب، لـە کاتـی پێشـوازیی (Istiqbal) لـە سـەرۆک وەزیران و کۆمسـیاری بـاڵادا، فەرمانبەرێکـی تاپۆ کە خەڵکی بەغدا بوو، لەلایەن فایـەق ئێفەوە خانە بەدەرکراوبوو و ناچـار کرابـوو پەنـا بباتـە بەر پاسـەوانی شـەرەفی سـوپای عێـراق. یەکێک لە شـۆفێرەکانی ئۆتۆمۆبێلـی پۆلیسـەکان لەلایـەن خەڵکـەوە دەورەدرا بـوو و پۆلیس ڕزگاری کـرد. مەلا قادر کـە لـە فەرمانگـەی وەقفـی کەرکـووک فەرمانبـەرە ناچـار بـوو سـەردانەکەی بـۆ سـلێمانی کـورت بکاتـەوە، چونکـە لە شـار دەرکـرا. سـەرکردە تونـدڕەوەکان ڕێکخراوێکی تیرۆرسـتییان دامەزرانـدووە تـا هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ئەو کەسـانەدا بکەن کە وەک ئەوان بیـر ناکەنەوە و هەڕەشـە بۆ یاسـا و نـەزم دروسـت دەکەن.

حکومـەت ناتوانێـت بـۆ ماوەیەکـی دورودرێـژ بەرانبـەر ئـەم جـۆرە کارانـە لێبـوردە بێـت و ئاشـکرایە ئەگـەر سـەرکردە تونـدڕەوەکان کۆنتـڕۆڵ نەکرێـن لـە ماوەیەکـی نزیکـدا پێکدادانـی جـددی ڕوو دەدات.

ئـەو سیاسـەت و ئامۆژگاریـی و هۆشـدارییەی لـە ١١ی ئـاب، لەلایـەن سـەرۆک وەزیـران و کۆمسـیاری بـاڵا لـە سـلێمانی ڕاگەیێنـدرا، وادیـارە کاریگـەری لەسـەر سـەرکردە تونـدڕەوەکان دروسـت کـردووە تـا ئـارام بگـرن و چاوەڕوانـی وەڵامـی کۆمەڵـەی گـەلان بـن. لـەو کاتـەوە مـن گشـت هەوڵەکانـی خۆمـم وەگـەڕ خسـتووە تـا ئـەم سـەرکردانە ئـارام ڕاگـرن و هیـچ کارێکـی گەمژانـە ئەنجـام نـەدەن. لـە ڕۆژی ٥ی ئەیلـوول، واتـە یـەک ڕۆژ پێـش یاخیبوونەکـە، دوایـن هۆشـداریم بـەم سـەرکردانەدا و لـەم ڕاپۆرتـەدا لـە شـوێنێک باسـی ئـەم هۆشـدارییەم کـردووە.

ئـەوان گشـت ئامۆژگاریـی و هۆشـدارییەکییان پشـتگوێ خسـت و هەوڵیانـدا بـە بەکارهێنانـی ئامـرازی تـرس و تۆقانـدن ڕێگریـی لە ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـەکان بکەن. بۆیە پێکـدادان ڕوویـدا.

ئەگــەر خۆپێشــاندانەکەی ٦ی ئەیلــوول، کــە بــەرەو یاخیبــوون پەلیکێشــا، بــە شـێوەیەکی یەکجارەکـی بـن بـڕ نەکرابـا و بـە تونـدی مامەڵـە لەگـەڵ ئاژاوەگێـڕەکان نەکرابـا و سـەرکردە تونـدڕەوەکان دەسـتگیر نەکرابـان، کێشـەی زۆرتـر سـەریهەڵدەدا. ئـەو ٣٠ کەسـە لـە بازرگانـە بەڕێـزەکان و هاووڵاتیانـەی هاتـن و ئەرکـی گشـتی خۆیـان لـە هەمبـەر حکومەتـدا جێبەجێکـرد، بـڕوای تەواویـان هەیـە دەبـێ حکومـەت بەرانبـەر ئــەو سەرســەرییانە بیانپارێزێــت، چونکــە ڕووبــەڕووی تــرس و تۆقانــدن بوونەتــەوە. ئـەو کەسـانە، لـە شـەقامەکاندا دەورە دەدران، جنێویـان پێـدەدرا، لێیـان دەدرا و ئیهانـە دەکـران. ژیـان و موڵکـی ئـەم کەسـانە لـە مەترسـیدایە. تیرۆریسـتەکان دەسـتیان لـە گشــت قۆناغەکانــی هەڵبــژاردن وەردەدا و دەنگدەریــان دەترســاند. هیــچ حکومەتێــک ڕێگـە بـەم جـۆرە بارودۆخـە نـادات.

کاتێـک نەتوانرێـت ڕێگـە لـە لەدەسـتدانی ژیـان بگیرێـت، ئـەوکات بـە هـەزاران جـار باشـترە تەقـە لـە کۆمەڵێـک ئاژاوەگێـڕ و تێکـدەر بکرێـت و پیلانگێـرەکان دەسـتگیر بکرێــن، نــەک کەســانی پابەنــدی یاســا و بەشــداربوو لــە هەڵبژاردنەکانــی پەرلەمانــدا ڕووبـەڕووی تـرس و تۆقانـدن ببنـەوە.

ئەگـەر حکومـەت نەتوانێـت یاسـا و نـەزم لـە شـارێکی بچووکـی وەک سـلێمانی بسـەپێنێت کـە بڕێـک لـە گوندێـک گەورەتـرە و بنکەیەکـی سـەربازی لێیـە کـە سـێ بەتالیۆنـی پیـادە، یـەک هێـزی پشـتیوانی، چـەک و ژمارەیەکـی بەرچـاوەی پۆلیسـی تێدایـە، کەواتـە بـە هیـچ جۆرێـک ناتوانێـت کۆنترۆڵـی ناوچەکانـی دەرەوەی شـار بـکات. دەسـەڵاتدارانی لیواکـە بـاس لـەوە دەکـەن ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە خەڵـک پشـتیوانی لـە هەڵبژاردنـەکان دەکـەن و بڕیاریانـداوە بەپێـی یاسـا لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـدار بـن تـا یاسـا بەرقـەرار بێـت و ڕێگـری لـە سـەرهەڵدانی تـرس و تۆقانـدن بکـەن.

تا سپێدەی ڕۆژی ٦ی ئەیلوول، سەرتاسەری شاری سلێمانی ئارام بوو. بازاڕ کراوە بوو و شار ژیانی ئاسایی خۆی دەکرد و هیچ نائارامییەک نەدەبینرا. کاتژمێر ٩ی بەیانی بە ناو تەواوی شاردا گەڕام. هیچ کەسێک پێشبینی ئەوەی نەدەکرد یاخیبوونێکی جددی سەرهەڵبدات. لەوانەیە ئەو ئامرازەی یاخیبوون و توندڕەوەکان بەکاریان هێنا لە کۆنترۆڵی خۆشیان دەرچوبێت، چونکە ئەم جۆرە ئامرازانە، لە کۆنترۆڵ دەردەچن. خۆپێشاندانەکە لە ناکاو نەبوو، بەڵکو ڕێکخراو و ئاڕاستەکراو بوو. دڵنیام ئەم ڕاپۆرتە ئەم بابەتەی ڕوون کردووەتەوە.

لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکرێ، بۆچی سەرکردە توندڕەوەکان پێش دەستپێکردنی جووڵانەوەی یاخیبوون لە دژی حکومەت، دەستگیر نەدەکران. وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە لە سەرەتای مانگی تەمووز، کاتێک پەیماننامە نوێیەکە بڵاو کرایەوە و جوڵانەوەکەی ئێستا سەریهەڵدا، سیاسەتی حکومەت بریتی بوو لە ڕێگەدان بە ئازادی ڕادەربڕین و هیچ کردەیەک لە دژی سەرکردەکان نەگیرێتەبەر، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە ئەم سەرکردانە بە ئەنجامدانی کاری گەمژانە، حکومەت ناچار بکەن، ئەم کارە بکات.

بۆ ماوەی شەش هەفتە جووڵانەوەکە لە گەشە دابوو، تا ئەوکاتەی کە کۆمسیاری باڵا و سەرۆک وەزیران لە ڕێکەوتی ١١ی ئاب سەردانی سلێمانیان کرد و سیاسەتی خۆیان بەرانبەر کورد ڕاگەیاند. لەم ڕێکەوتەوە جوڵانەوەکە دامرکا، تەنیا سەرکردە توندڕەوەکان نەبن کە لە چالاکیەکانیان بەردەوام بوون. من پشتگیریی لەو بۆچوونە دەکەم کە دەستگیرکردنی سەرکردەکان لە پێش ڕێکەوتی ٦ی ئەیلوول کارێکی ساوێلکارانە دەبوو و وەک بایەک بۆ هەڵگرساندنی ناسیۆنالیزمی کوردی بەکار دەهات. هەروەها ئاسان نەبوو کە بەڵگەی پێویست لە دژی ئەوان کۆ بکرێتەوە.

**هەڵبژاردن:**

لەوانەیە تۆمەتی ئەوە بخرێتەڕوو کە حکومەت لە دژی نەیارانی، هەوڵیداوە هەڵبژاردن بە سەر خەڵکدا بسەپێنێت کە خوازیاری ئەم هەڵبژاردنە نەبوون. دڵنیام ئەم ڕاپۆرتە نیشانیداوە کە بابەتەکە ڕێک بە پێچەوانەیە. یاخیبوونەکە لەلایەن کەسانی ئاژاوەگێڕ و تێکدەری داردەستی شێخ قادر و هاوڕێکانی ڕوویدا

کە هەوڵیانـدا لـە ڕێگـەی تـرس و تۆقانـدن ڕێگـر بـن لـە ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـەکان. پڕوپاگەنـدەی پیلانگێڕەکانیـان نەیتوانـی ببێتـە هـۆی بایکـۆت کردنـی هەڵبژاردنـەکان.

بە پوختی، بارودۆخی هەڵبژاردن بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**شـاری سـلێمانی:** یەکـەم هەنـگاوی هەڵبـژاردن بریتـی بوو لـە کۆکردنـەوەی ژمارەیەک کەسایەتی (ژمـارەی ئـەم کەسـایەتیانە لـە سـلێمانی دەگاتـە ٣٠ کـەس) کـە هـەر کامەیان نوێنەرایـەی گەڕەکێـک دەکات. ئـەو کەسـایەتییانە بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک شـارەوانی کۆبوونـەوە و لێژنەیەکـی پشـکنینیان هەڵبـژارد کـە کارەکـەی بریتـی بـوو لـە چاودێـری کردنـی هەڵبـژاردن. ڕۆژی ٦ی ئەیلـوول، ئـەم کۆبوونەوەیـە ئەنجامـدرا و ٣٠ کەسـایەتی دەنگـی خۆیانـدا. ئـەم کەسـانە تەنیا بە مەبەسـتی ئەوە هاتبـوون ئەرکی خۆیـان جێبەجێ بکـەن. هیـچ خورتیلێکردنێـک لـە ئـارادا نەبـوو. گشـت ئەو شـتەی مابـوو ئەنجـام بدرێت بریتـی بـوو لـە دووبـارە کۆبوونـەوە و ژماردنـی دەنگـەکان و نووسـینی مەزبەتـە. دواتـر ئامادەکردنی لیسـتی بەرایی دەنگدەران لە هەر گەڕەکێک، ئەمەش بە سەرپەرشـتی خودی ئـەم لێژنەیـە. هەمـوو شـتێک بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم کارە ئامـادە بـوو. ئەگـەر ناوچەیەکـی هەڵبـژاردن نەیویسـتبا بەشـداری دەنگـدان بـکا. ئـەوکات دەنگـدەرە بەراییـەکان بایکۆتی هەڵبژاردنیـان دەکـرد و هەڵبـژاردن شکسـتی دێنا. هیـچ زۆرلێکردنێک لەم کارەشـدا نەبوو.

ئــەوان هەڵبژاردنیــان بایکــۆت نەدەکــرد، ئەگــەر حکومــەت موکــڕ بــا لــە پارێزگاریکردنیـان بەرانبـەر تـرس و تۆقانـدن. ڕێـکاری پێویسـت کـە لـە دژی تۆقێنـەران گیرابــووە بــەر، دەبــا ئــەم کەســانەی دڵنیــا کردبــا. هەروەهــا ڕای گشــت خەڵکــی شـاریش بریتـی بـوو لـە بایکـۆت نەکردنـی هەڵبـژاردن. بـە هەمـان شـێوە، دەنگدەرانـی دووەمیـش (secondary electors) [واتـە خەڵکـی ئاسـایی کـە لـە دوای ٣٠ کەسـایەتییەکە دەنــگ دەدەن. وەرگێــڕ] دەیانتوانــی بــە ویســتی خۆیــان بایکۆتــی هەڵبــژاردن بکــەن. هیــچ زۆر لێکردنێــک لــەم کارەشــدا نەبــوو. ئــەو کەســایەتیانەی لەســەرەوە ئاماژەیــان پێکـرا، داوایـان لـە حکومـەت کـرد لـە ڕۆژی شـەممە، ڕێکەوتـی ١٣ی ئەیلـوول دووبـارە کۆببنــەوە تــا هەڵبژاردنــی لێژنــەی پشــکنین تــەواو بکــەن. هەندێــك لــە ناحیەکانــی ســەر بــە لیــوای ســلێمانی تۆمــاری دەنگدەرانــی بەرایــی تــەواو کردبــوو. لــە قــەزای

هەڵەبجـە، حامیـد بـەگ، قایمقامـی قەزاکـە، ئامادەیـە و دەخوازێـت هـەر کاتێـک لـە سـلێمانی دەسـتی پێکـرد، دەسـت بـە هەڵبـژاردن بـکات.

قـەزای شـارباژێڕ کۆمیتـەی پشـکنینی قەزاکـەی هەڵبـژاردووە و دەسـتی کـردووە بـە ئامادەکردنـی تۆمـاری دەنگـدەران، بـەڵام فەرمانـی پێکـرا کارەکانـی هەڵپەسـێرێت ئەویـش بـە هـۆی شکسـتی هەڵبژاردنەکانـی سـلێمانی لـە ١٤ی تەمـووز. ئێسـتا قـەزای شـارباژێر ئامادەیـە هـەر کاتێـک هەڵبـژاردن لـە سـلێمانی بەڕێوەچـوو، دەسـت بـە هەڵبـژاردن بکاتـەوە. ئێسـتا، دەسـەڵاتدارانی لیـوای سـلێمانی دڵنیـان دەتوانـن بـە بـێ هیـچ بەربەسـتێک هەڵبـژاردن ئەنجـام بـدەن و داوایـان کـردووە هەڵبژاردنـەکان لـە ١٣ی ئەیلـوول بەڕێـوە بچێـت، ئەمـەش بـە گوێـرەی داواکاریـی کەسـایەتییەکانی ئـەم شـارە. ئەگـەر زیاتـر لەمـە هەڵبژاردنـەکان دوابخرێـت خەڵـک هـزر دەکـەن حکومـەت نیگەرانـە و دەترسـێت و تێیـدا بەشـدار نابـن. بارودۆخەکـەش تێکدەچێـت و ئەسـتەم دەبێـت دووبـارە دەسـت بـە ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن بکرێتـەوە.

واژوو: E. C. H. Alban

لێکۆڵەری کارگێڕیی، لیوای سلێمانی.

کۆپییـەك بـۆ: لێکۆڵـەری کارگێڕیـی، لیـوای هەولێـر. لێکۆڵـەری کارگێڕیـی، لیـوای مووسـڵ. ئەفسـەری لێکۆڵینـەوەی پۆلیـس، سـلێمانی.

دووبـاره داڕشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـری موسـتەعمەرات. (ل٣٩٥)

١١ی ئەیلوول

لـە کاتژمێـر ٦:٤٠ خولەکـی ئێـواره، ١١ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، گەیشـتووەتە دەسـت نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

ژماره ٤٢٠.

تەلەگرامەکەتـان لـە ڕێکەوتـی ٢ی ئەیلـوول. مـن لـە ڕێگـەی پۆسـتەی ئاسـمانی نـووسراوی ژمـاره ٣٣٣ لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئەیلـوول، کـە لەلایـەن وەزیـری ناوخـۆ بـۆ موتەسـەڕیفەکانی کەرکـووک، مووسـڵ، هەولێـر و سـلێمانی دەرکـراوە، دەنێـرم. کورتـەی نووسراوەکـە بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

١. کۆپیـەک لـە ڕەشنووسـی یاسـای زمـان هاوپێچکـراوە، بـۆ ئـەوەی ناوەڕۆکـی یاسـاکە بـۆ خەڵـک بخرێتـەڕوو، بـە بـێ ئـەوەی دەقـە ئۆریجناڵەکـە بڵاو بکرێتـەوە.
٢. ڕێنمایـی دەرکـراوە بۆ زانیاریی بەخشـین لەسـەر دامەزراندنـی یاریـدەرەری بەڕێوەبەری گشـتیی کارگێڕیـی بۆ ناوچـە کوردییـەکان و دامەزراندنی نووسـینگەی وەرگێڕان.
٣. موتەسـەڕیفی سـلێمانی ڕاسـپێردراوە گشـت هەوڵـەکان وەگـەڕ بخـات بـۆ ڕازیکردنـی خەڵـک بـەوەی ئـەو لێدوانـەی جەعفـەر پاشـا لـە سـەردانی ئـەم دواییـەی بۆ سـلێمانی، بـە تەواوەتـی جێبەجـێ دەکرێـت.
٤. داواکاری کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکراوەتەوە.
٥. بڕیـار دەرکـراوە بـە باشـی مامەڵـە لەگـەڵ کـورد بکرێـت، تـا لـەم ڕێگەیـەوە نیـەت باشـی حکومـەت نیشـان بدرێـت.

بـە بۆچوونـی مـن ئـەم خاڵانـە لەگـەڵ گشـت ئـەو داوکارییانـەی بەڕێـزت لـە تەلەگرامەکەتـدا ئاماژەت پێـداون هاوتەرییـە و ئەسـتەمە چـاوەڕوان بکرێـت حکومەتـی عێـراق لـە بارودۆخـی ئێسـتایدا بتوانێـت کاری زۆرتـر ئەنجـام بـدات.

شەڕی کورد و سوپای عێراق (ل٣٩٦)

سێزدە کەس کوژراون

لەلایەن پەیامنێرەکەمانەوە.

بەغدا، ١١ی ئەیلوول

لە شەڕێکی قورس لە نێوان سوپا و پۆلیسی عێراق لەگەڵ خۆپێشاندەرانی کورد لە سلێمانی [هەرێمێک کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن] ١٣ کەس کوژران و لە نێوانیاندا سەربازێکی عێراقیش هەیە، هەروەها ٣٥ کەسیش بریندار بوونە کە ٤ لە بریندارەکان سەرباز و ٩ پۆلیسن.

ئاژاوەکان لەگەڵ خۆپێشاندانی نزنکەی ٢٠٠٠ کەس دەستیپێکرد بۆبەرهەڵستی نیشاندانی کوردەکان لە بەشداریی کردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، کە لە حاڵێ حازر لە سەرتاسەری عێراق بەڕێوە دەچێت. لە خۆپێشاندانەکاندا دەبانچە و خەنجەر بەکارهێنرا و هاورا دەکرا «مردن بۆ هەڵبژاردن» و دەیانگوت بەڕێوەبردنی دەنگدانی ئازاد لە ناوچە کوردییەکانی عێراق مومکین نییە.

پۆلیس باتونی (baton charge) بەکار هێنا، بەڵام بۆ دەسەڵاتداران وەدەرکەوت کە پۆلیس ناتوانی بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات، بۆیە داوای یارمەتی لە سوپا کرا و سوپاش دەستی بە تەقەکردن کرد.

لە ئێستادا دۆخەکە کۆنترۆڵ کراوە. نۆ سەرکردەی ناسیۆنالیستی کورد دەستگیر کراون و بۆ لێکۆڵینەوە نێردراونەتە کەرکووک.

دووبـارە دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـری موسـتەعمەرات. (ل٣٩٧)

١٣ی ئەیلوول

لـە کاتژمێـر ٤:٤٨ خولەکـی ئێـوارە، ١٣ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، گەیشـتووەتە دەسـت نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

ژمارە ٤٢٣.

ئامـاژە بـە تەلەگرامەکـەت بـە ژمـارە ٢٩٩ لـە ١١ی ئـاب، چەندیـن داواکاریـتری کـوردەکان بـە دەسـتم گەیشـتووە تـا لـە ڕێگـەی منـەوە ئاڕاسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان بکرێـت. بـۆ چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لـەم بـارەوە، خۆشـحاڵ دەبـم ڕێنماییـە گشـتیەکانم پێبدرێـت. گرنگـە گشـت ئـەم داواکاریانـەی لـە ڕێگـەی حکومەتـی خاوەنشـکۆی [بەریتانیـا] بخرێتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، تەنانـەت ئـەو تەلەگرامانـەش کـە لەلایـەن تاکەکەسـەکانەوە بۆمـان نێـردراوە. ئەگـەر وەهـا بێـت ئایـا پێویسـتە تێبینییەکانـی حکومەتـی عێـراق لەسـەر تاکـە تاکـەی داواکارییـەکان وەربگیردرێـت؟ بـە بۆچوونـی مـن نیشـاندانی ئـەم داواکاریانـە بـە حکومەتـی عێـراق، نیگەرانـی ئـەم حکومەتـەی لێدەکەوێتـەوە و دەبێتـە هـۆی بەهێزکردنـی توندڕەوەکانـی دژی کـورد [لەنـاو حکومەتـی عێراقـدا]. لەلایەکیـترەوە، حکومەتـی عێـراق بیانۆیەکـی باشـی دەسـت دەکەوێـت بـۆ ڕەتکردنـەوەی ئـەم داوکاریانـە ئەگـەر بـێ ئـاگاداری پێشـوەختەی حکومەتـی عێـراق، کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی مەندیـت چـاو بـەم داواکاریانـەدا بخشـێنێت.

بـە بۆچوونـی مـن باشـترە کۆمیسـیۆن داواکارییـەکان ڕەت بکاتـەوە بـە بیانـۆی ئـەوەی ئـەم داواکاریانـە قابیلـی قبـوڵ نیـن (inadmissible)، چونکـە هەمـان داواکارییـن کـە پێشـتر خراونەتـەڕوو. بـە بـڕوای مـن باشـترە کۆتایـی بـە وەرگرتنـی داواکارییـەکان بهێنیـن ئەگەرنـا هـەر کەسـێک کـە تـوڕە بـووە داواکارییـەک بـەرز دەکاتـەوە. بۆیـە پێشـنیاز دەکـەم ڕێگـە بدرێـت تـا کـوردە داواکارەکان (petitioners)

ئـاگادار بکەمــەوە، چونکــە داواکارییــە ئۆریجناڵەکــە [خراوتــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان] بۆیــە داواکاریــی زۆرتــر بــۆ ئــەم کۆمەڵەیــە نانێردرێــت. ئــەم کارەش لەگــەڵ بەندەکانــی لاپــەڕەی ١٧٦ی کۆمیســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب کــە لــە دوازدەیەمیــن دانیشــتنی دەرکــراوە، دەگونجێــت.

مــن تــا ئێســتا ئــەو داواکارییــەی کــە لــە ڕێکەوتــی ٣ی ئەیلوولــی هاوپێــچ لەگــەڵ نــووسراوە نهێنــی ‹ب› (despatch confidential B) بــۆ مــن هاتــووە. بــۆ حکومەتــی عێراقــم نەنــاردووە.

پوختەیەک لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی (ل٣٩٨) ١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠

**باشووری کوردستان**

**٢٠٥. بارودۆخی سلێمانی**

ئامــاژە بــە پەرەگرافــی ٢٠٢ لــە ١٩٣٠. بەرپەرچدانــەوەی تونــدی حکومــەت بەرانبـەر یاخیبوونـی ٦ی ئەیلـوول، کاریگـەری بەسـەر بـێ دەنگکردنـی ئۆپۆزیسـیۆن لــە شــاری ســلێمانی هەبــووە.

تـا ئێسـتاش خێڵـەکان بڕیاریـان نـەداوە کامـە لا هەڵبژێـرن، ڕاپۆرتـەکان بـاس لـەوە دەکـەن بـە گوێـرەی ئـەو کۆبوونەوانـەی لـە بیـارە بەسـتراون، وەهـا دیـارە خێڵـەکان دژی حکومـەت بـن (2 I/SW Sq. 20 A). لـەم کۆبوونەوەیـەدا ئەفراسـیاب بـەگ و مسـتەفا بـەگ کـە کوڕەکانـی جەعفـەر سـوڵاتنن بەشـداری چالاکانەیـان هەبـوو. ٢٥ی ئەیلـوول پشـکنینی ئاسـمانی بەسـەر ناوچـەی هەورامانـدا (Auroman) ئەنجامـدار و لـە ١٦ی ئەیلوولیـش نامـەی هۆشـداری بـۆ سـەرۆک خێڵـەکان نێـردرا.

شـێخ مەحمـود لـە پیـران ماوەتـەوە و دەگوترێـت محەمـەد ڕەشـیدی نـورق (Nuriq) و محەمـەد ڕەشـیدی بانـە (Bane) چوونەتـە پـاڵ ئـەو. ئـەم هەواڵـە پشتڕاسـت نەکراوەتـەوە و هەواڵـی پشتڕاسـتکراویش لەبـارەی چالاکییەکانـی شـێخ مەحمـود لەبـەر دەسـت نییـە.

لــە ســلێمانی، هاوســەری شــێخ قــادر بەردەوامــە لــە ناڕەزایــی دەربڕیــن بەرانبــەر ئــەو شــتەی کــە بــە گوتــەی ئــەو ‹نادادپەروەریــی و نایاســایی بوونــی› کارەکانــی حکومەتــی عێراقــە. ئــەم ناڕەزایــی دەربڕینــەش کاریگەرییەکــی ئەوتــۆ لەســەر شــاری ســلێمانی دروســت نــاکات، بــەڵام دەگوترێــت چالاکانــە لــە پشــدەر، هەورامــان و هەمەوەنــد پڕوپاگەنــدە بــڵاو دەکاتــەوە.

(Authority:- Political and S.S.O Sulaimani)

(ل٣٩٩)

H. C. F. 54 A

نهێنی

ئاماژە بە نووسراوی پێشوو

نووسراوی نهێنی کۆمسیاری باڵا لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠

سێر، من شەرەفمەندمبۆ زانیاری بەڕێزت چەند کۆپییەک لە ڕاپۆرتی خوارەوەتان بۆ بنێرم کە تایبەتە بە پرسی «داواکاریی کورد».

بەڕێز،

من شەرەفمەندمبەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارت بم.

R. Brooke-Popham

بەڕێز وەزیری کاروباری موستەعمەرات.

| ڕێکەوت | وەسف |
|---|---|
| ١٩٣٠/٨/٣١ | داواکاریی کورد |
| ١٩٣٠/٩/١٠ | نامەیەک بۆ عەزمی بەگی بابان و واژووکارەکانی [داواکاریی کورد]، سلێمانی، ژمارە (S.O. 1058) |

زۆر نهێنی (ل٤٠٦-٤٠٧)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ١٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز،

(C/2952 of 8/9/1930)

شەرەفمەندم ئاماژە بە تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٤٢٠ی ڕێکەوتی ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٠ بکەم کە تێیدا وەرگێڕانی یاداشتنامەیەکم خستووتەڕوو کە لەلایەن وەزیری ناوخۆوە ئاڕاستەی موتەسەڕیفەکانی کەرکووک، هەولێر، مووسڵ و سلێمانی کرابوو و تایبەت بوو بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد ڕایگەیاندبوو.

(C/2932 of 8/9/1930)

٢. هەروەها وەرگێڕانی یاداشتێک هاوپێچ دەکەم کە لەلایەن وەزیری [ناوخۆ] بە هەمان ڕێکەوت دەرکراوە و ئاڕاستەی هەمان لایەن کراوە [واتە موتەسەڕیفەکان] و تایبەتە بە وریابوون لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر جۆرە کێشەیەک لە نێوان کورد و ئاشورییەکاندا. ئەم یاداشتنامەیە بووە هۆی بەهێزکردنی ئەو دەنگۆیەی گوایە کوردەکانی لیوای هەولێر بیر لە هێرشکردنە سەر ئاشورییەکان دەکەنەوە- بە دڵنیاییەوە ئەم ڕووداوەش بە سوودی کۆمەڵێک سیاسەتمەداری بەغدا دەشکێتەوە کە هەوڵی هاندانی ئەم جۆرە کردەوانە دەدەن. یاداشتنامەکەی وەزیر بۆیە گرنگە، چونکە ئەوە نیشان دەدات ئەم پیلانە بە فەرمی دانەڕێژراوە و هەر بۆیە لەمبارەوە موتەسەڕیفەکان بە گومانن.

شایانی ئاماژە پێدانە هەر دوو یاداشتنامەکە لە دوای ڕوودانی یاخیبوونەکەی سلێمانی لە ٦ی ئەیلوول دەرکراون، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لە دوای گەڕانەوەی سەرۆک وەزیران، جەمیل بەگ مەدفەعی ڕەفتارە نائاشتیخوازانەکەی سەبارەت بە پرسی کەمینەکان گۆڕیوە.

بەوپەڕی ڕێزەوە شەرەفمەندبەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارتان بم.

واژوو: B. Brooke-Popham

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

زۆر نهێنی (A) (ل٤٠٨-٤١١)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز،

لە بەردەوامی نووسراوە زۆر نهێنییە‹A› کەم بە ڕێکەوتی ١٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠، هەروەها بۆ پشتڕاستکردنەوەی تەلەگرامەکەم بە هەمان ڕێکەوت، شەرەفمەندمڕاییگەیێنم، یەکەم قۆناغی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانی لە ١٥ی ئەیلوول بە بێ ڕوودانی هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو بە کۆتایی هات. مستر ئالبان، لێکۆڵەری کارگێڕیی لە سلێمانی، بۆ چەندین ڕۆژ هەوڵیدا ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت و ئاماژەی بەوە کرد، بە بۆچوونی ئەو هیچ یاخیبوونێکیتر ڕوو نادات. بەهەرحاڵ، من لەگەڵ ئەم قسەیە هاوڕا نیم، چونکە بە بۆچوونی من ئەنجامی هەر یاخیبوونێکی دیکەی کورد کارەسات دەبێت، بۆیە ئەگەر کەمترین ئەگەری سەرهەڵدانی یاخیبوونێکیتر لە ئارادا بێت، کارێکی باش نابێت دووبارە دەست بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە هەڵپەسێردراوەکە بکەینەوە. ئەم یاخیبوونە تا ١٣ی مانگ بەردەوام بوو، واتە ئێوارەی ١٣ی مانگ، دواتر من سزای [ئەو کەسانەم دا کە بەردەامی بە یاخیبوونەکە دەدەن].

١. ئەو شتانەی تا پێش ١٥ی هەمان مانگ ڕوویاندا هیچ کەس تەنانەت پێشبینیشی نەدەکرد. بەهەرحاڵ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە ١٥ی مانگ بە سەرکەتووانە، بەهۆی پێشبینییەکەی مستر ئاڵبان تایبەت بە بارودۆخەکە بووە و ئەو بۆچوونەم پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو ڕێکارانەی مستر ئاڵبان لە ٦ی ئەیلوول گرتیەبەر، ڕێکاری پاساو هەڵگر بوونە.

٢. تا ئێستا کوردی عێراق بە ئارامی ماونەتەوە، ئەگەرچی بە بەردەوامی دەنگۆی بەرهەڵستکاری بڵاو دەبێتەوە. زۆرترین نموونەی بەرهەڵستکاری لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە دەبینرێن. پشکنینی ئاسمانی بەردەوامە و وەزیری ناوخۆ نامەی هۆشداریی بۆ ئەو سەرۆک خێڵانە ناردووە کە گومان دەکرێت

ئـاژاوە بنێنـەوە. نامەیەکـی هۆشـداری لـە ڕێکەوتـی ١٠ی ئەیلـوول بـۆ شـێخ مەحمودیـش نێـردراوە، کـە حاڵـی حـازر لـە ئێرانـە. هۆشـدارییەکانیتریش لـە ١٦ی ئەیلـوول بـۆ سـەرۆک خێڵەکانـی هەورامـان (Avroman) نێـردراون.

٣. ڕاپۆرتێکـی مسـتر ئالبـان لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئەیلـوول هاوپێـچ دەکـەم. مسـتر ئاڵبـان شـایەتحاڵی [ڕووداوەکانـی ٦ی ئەیلـوول] بـووە، بۆیـە لـە هـەر کەسـێکیتر گونجاوتـرە کـە ڕاپۆرتێکـی دروسـت لـەم بـارەوە بخاتـەڕوو. دوای ئـەوەی ئـەم نامەیـەم بـە دەسـت گەیشـت و لەگـەڵ سـێر کیناهێـن کۆرنوالیـس و فەرمانبەرەکانیـتری بەریتانیـا گفتوگـۆم کـرد، بـە بۆچوونـی مـن کارێکـی ناشـیاوە و پێویسـتیش نـاکات کۆمیسـیۆنێکی لێکۆڵینـەوە پێکبهێنـم بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو شـتانەی لـە پەرەگرافـی ٩ی نـووسراوی ١٠ی ئەیلـوول هاتـووە. بەهەرحـاڵ، خـودی خـۆم لەبـارەی کۆمەڵێـک خـاڵ پێویسـتیم بـە لێکۆڵینـەوە هەیـە کـە هێشـتا ڕوون نیـن. لـە ١٣ی هەمـان مانـگ، سـەرۆک وەزیرانـم ئـاگادار کـردەوە کـە دەبـێ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ئەنجـام بـدەم.

٤. بێگومـان سـوپای عێـراق بـە هۆی پێشـێلکاری لەلایـەن لایەنـە جۆراوجۆرەکانی سـلێمانی کـە بەشـداری یاخیبوونەکـە بـوون، هاتنـە ناو بابەتەکـەوە. مسـتر ئاڵبان لـە ڕاپۆرتەکەیدا زۆر بـە ڕوونـی ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە ئـەو فەرمانـی دەرکـردووە سـوپای عێـراق بە چەکـەوە بێـت و یارمەتـی پۆلیـس بـدات، هـاوکات سـوپا دیسـیپلێنی خـۆی بـە باشـی ڕاگرتـووە. بـە دڵنیاییـەوە یەکـتر نەخوێندنەوەیـەک لـە نێـوان بەرکەوتووانـی سـوپا و بەرکەوتووانـی خەڵکـدا هەیـە، بـەڵام هیـچ بەڵگەیـەک لەبـەر دەسـت نییە بیسـەلمێنێت سـوپای عێراقـی زیاتـر لـە پێویسـت بـۆ گەڕانـدەوەی ئارامـی، هێـزی بەکارهێنـاوە.

٥. بـە گوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی لایـەن یەکێـک لـە ئەفسـەرە خۆجێییەکانـی سـوپای ئاشـوورییەکان بەدەسـت گەیشـتووە، کـە زۆر متمانـەی پـێ دەکـەم، هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە پێـش ٦ی ئەیلـوول یـەک یـان دوو سـەرکردەی کـورد داوایـان لـە ئەفسـەرە ئاشـوورییەکانی بەتالیۆنـی ٢ کـردووە کـە هەڵوێسـتی ئاشـوورییەکان لـە کاتـی ڕوودانـی شـەڕ لـە نێـوان کـورد و عـەرەب چـی دەبێـت. ئەفسـەرەکە زۆر بـە دروسـتی وەڵامـی داوەتـەوە و گوتویەتـی، ئـەوان لـە ژێـر فەرمانـی حکومەتـی بەریتانیـادان و هـەر کارێـک ئەنجـام دەدەن کـە بەریتانییـەکان پێیـان بڵێـن.

هەروەهـا هەندێـك هـەواڵ لـە خـودی هەمـان سـەرچاوە بـاس لـەوە دەکـەن لـە ٣١ی ئـاب بـۆ هێرشـکردنە سـەر سـلێمانی پلانێـک داڕێژرابـوو.

٦. لە دوای ٦ی ئەیلوولەوە سێ ئەفسەری کوردی سەر بە سوپای عێراق وازیان لە خزمەتی سەربازیی هێناوە، دەنگۆی ئەوە هەیە کە دوو لەم ئەفسەرانە چوونەتە پاڵ شێخ مەحمود.

٧. بـە بۆچوونـی مـن دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو مەترسـییە هەنوکەییـەی لـە یاخیبوونەکـەی سـلێمانی سـەریهەڵداوە، کۆتایـی پێهـات، بـەڵام کێشـەی گشـتی کوردسـتان وەک خـۆی ماوەتـەوە، بێگومـان بـە هـۆی ڕووداوی ٦ی ئەیلوولـەوە ئەگـەری سـەرهەڵدانێکیتر لـە ئارادایـە. بۆیـە پێویسـتە زۆر بـە وریاییـەوە ئیـدارەی بارودۆخەکـە بکرێـت. هـەر وەک بەڕێـزت ئـاگاداری، ڕاپۆرتـەکان بـاس لـەوە دەکـەن ئەسـتەمە تـورک بتوانـن لـەم پاییـزەدا کـوردی دەوربـەری ئـارارت تێکبشـکێنن. ئەمـەش بێگومـان لەلایـەن کـوردەوە وەک سـەرکەوتنێک هەژمـار دەکرێـت و کاریگـەری نەخوازراویـش لەسـەر عێـراق دروسـت دەکات.

٨. نازانـم ئایـا ئـەم پرسـە لەلایـەن کۆمیسـیۆنی ئینتیدابـی سـەر بـە کۆمەڵـەی گـەلان بایەخـی پێدەدرێـت یـان نـا، بـەڵام ئەگـەر بایەخـی پێـدرا، بەوپـەڕی ڕێـزەوە داوا دەکـەم پێویسـتە نوێنـەری بەریتانیـا [لـە کۆمەڵـەی گـەلان] ئـەوە بخاتـەڕوو کـە ئـەم ڕووداوە، یاخیبـوون بـووە و ناڕەزایـی دەربڕیـن نەبـووە و ئـەو هەنگاوانـەی گیراونەتەبـەر، بـۆ گەڕاندنـەوەی ئارامـی هەنـگاوی پێویسـت بوونـە، هەروەهـا ئـەم بابەتـە ناچێتـە چوارچێـوە دەسـەڵاتەکانی کۆمەڵـەی گـەلان.

بەوپەڕی ڕێزەوە،

من شەرەفمەندمبەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارتان بم.

واژوو: B. Brooke-Popham

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

زۆر زۆر نهێنی (ل٤١٢)

ژمارە: ٣٠٣١

٢٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بۆ:

بەڕێـز وەزیـری خـاوەن دەسـەڵات و نێـردەی تایبەتـی حکومەتـی عێـراق لـە تورکیـا. ئەنقـەرە

H. E. the Ministry Plenipotentiary and Envoy Extraordinary of the Govern-) (ment of Iraq in Turkey, Angora

بـۆ زانیـاری بەڕێـزت کۆپییـەک لـە یاداشـتنامەی گفتوگـۆی نێـوان سـەرۆک وەزیـران (لەلایــەک ) و عیســمەت پاشــا و دکتــور تەوفیــق ڕوشــدی بــەگ (لەلایەکیــتر) بــەرز دەکەمــەوە کــە لــە ســەرەتای ئــەم مانگــە ئەنجامــدرا. گفتوگۆیەکــە تایبــەت بــوو بــە کۆمەڵێــک بابــەت کــە بەڕێــزت گرنگییــان پێدەدەیــت.

تکایە ڕێزی من قبوڵ بفەرموو.

واژوو: نوری ئەلسەعید.

وەزیری کاروباری دەرەوە.

نهێنی

ژمارە ٣٠٣٢

وزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق، بەغدا.

٢٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠

کۆپیە بۆ زانیاریی:

سەرۆکی دیوانی پاشایەتی.

وەزیری ناوخۆ.

سکرتێری سیاسی، خانەی مەندوبی سامی.

واژوو: نوری ئەلسەعید.

وەزیری کاروباری دەرەوە.

یاداشتنامەی گفتوگۆی ئەنجامدراو لە ئەنقەرە لە نێوان نوری پاشا ئەلسەعید و سەرۆک وەزیرانی تورکیا و وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا (ل٤١٣-٤١٦)

گفتوگۆی نێوان عیسمەت پاشا و دکتۆر تەوفیق ڕوشدی بەگ، لەسەر سێ خاڵ بوو کە لە خوارەوە کورت کراوەتەوە:

١. **پرسی ئاسایشی سنووری نێوان عێراق و تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی سێ قۆڵی ساڵی ١٩٢٦.** لە گفتوگۆکاندا دەرکەوت حکومەتی تورکیا پێداگری دەکات نابێ دەرفەت بدرێتە ئەنجامدانی هەر جۆرە چالاکییەکی سەر سنوور کە لەلایەن لایەنە ئەهریمەنییەکانی ناوچەی شێخی بارزان ئەنجام دەدرێت. گووتم خودی خۆم سەرم سوڕماوە لەوەی ئێوە هێندە مکوڕن لەسەر دۆزینەوەی ئەو کەسانە، چونکە ماوەیەک لەمەوبەر ئاگادار کرامەوە کە شێخی بارزان چەک و یارمەتی لە ناو خاکی تورکیاوە بەدەست دەگات. عیسمەت پاشا بە تایبەت لەسەر ئەم بابەتە پرسیاری کرد و پرسی ئایا بە بڕوای ئێمە حکومەتی تورکیا

هانـی شـێخی بـارزان دەدات یاخـود چەکـی بـۆ دابیـن دەکات. لـە وەڵامـدا گوتـم بـە دروسـتی لەمـە دڵنیـا نیـم، بـەڵام ئێمـە هۆکارمـان هەیـە کـە لـەو بڕوایـەدا بیـن هاوکارییەکـە لـە نـاو خاکـی تورکیـاوە دێـت، لەوانەیـە یارمەتییەکـە لەلایـەن کۆمەڵێـک سـەرۆک خێڵـی کـوردی تورکیـاوە بێـت.

دەسـەڵاتدارانی تورکیـا لـە ئەنقەرە دووپاتیان کـردوە ئەوان ئامادەن هێزی تورکیا لەسـەر سـنوور مـۆڵ بـدەن ئەگـەر حکومەتـی عێـراق خوازیـار بێـت ڕێـکاری تەمبێـکاری لـە دژی شـێخی بـارزان بگرێتەبـەر. لـەم حاڵەتـەدا هێـزی تورکیـا دەتوانێـت هەڵاتووەکان دەسـتگیر بـکات کاتێـک دێنـە ناو خاکـی تورکیـا و ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی عێراقـی بکات.

لـەم بـارەوە سوپاسـی ئەوانـم کـرد و گووتـم هـەر کاتێـک حکومەتـی عێـراق بڕیاریـدا، ئۆپەراسـیۆنی تەمبێـکاری بگرێتەبـەر، باشـترین کات وەرزی بەهـار دەبێـت نـەک پاییـز، چونکـە وەرزی پاییـز ڕێگـە بـە بەردەوامیـدان بـە ئۆپەڕاسـیۆنی سـەربازیی نـادات، ئەمـەش بـۆ چەندیـن هـۆکار دەگەڕێتـەوە، وەک دەسـتپێکردنی وەرزی بـاران، سـەختیی ڕێگاوبـان و هەروەهـا ڕەچاوکردنـی ئـەو ڕاسـتییەی کـە ئـەم ناوچانـە ئاشـنای حکومەتی بەشارسـتانیبوو نیـن. هەمـوو ئـەو هۆکارانـە لـە کاتـی ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیدا، دەرفەتێکـی بـاش [بـە شـێخی بـارزان] دەبەخشـێت تـا ڕێکاریـی بەرگریکـردن بگرێتەبـەر و بەمجـۆرەش سـەرکەوتنی ئـەم ئۆپەڕاسـیۆنە درەنـگ بخـات و گرفتـی بـۆ دروسـت بـکات.

لـە ١٨ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، مـن چـاوم بـە هەڵسـوڕێنەری کاروبـاری تورکیـا لـە بەغـدا کـەوت و لـەو ئۆپەراسـیۆنە ئـاگاداری کردمـەوە کـە لـەم دواییانـەدا لەلایـەن سـوپای تورکیـا لـە ناوچـەی ئـارارات بـە کۆتاهاتـووە و سـوپا بـەرەو ناوچـەی ڕۆژئـاوای دەریاچـەی وان بـۆ ئەنجامدانـی ئۆپەڕاسـیۆنێکیتر جوڵـەی کـردووە. ئـەو هیـوادار بـوو گشـت ئـەو ئۆپەڕاسـیۆنانە لـە ماوەیەکـی کورتـدا بـە کۆتـا بێـن. دواتـر ئـەم بەرپرسـەی تورکیـا تیشـکی خستەسـەر ئـەو دڵنیاکردنـەوەی کـە لـە ئەنقـەرە بـە منیـان گوتبـوو، واتـە سـوپای تورکیـا ئامـادە دەکرێـت بـۆ ئـەوەی لـە سـەر سـنوورەکانی عێـراق و تورکیـا کـۆ بکرێتـەوە و لـەوێ چـاوەڕوان دەبـن تـا حکومەتـی عێـراق ڕێـکاری تەمبێکارانـە لـە دژی شـێخی بـارزان بگرێتەبـەر. سوپاسـم کـرد و گووتـم حکومەتـی عێـراق لـە حاڵـی حـازردا بیـر لـە

ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرە ئۆپەراسیۆنە ناکاتـەوە، بـەڵام هـەر کاتێـک لـەم بـارەوە بڕیاریـدا، لەوانەیـە مانگـی ئایـار بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرە ئۆپەراسـیۆنە دەسـت نیشـان بکـەن، چونکـە ئـەم مانگـە بـۆ دەسـتپێکردن بـە ئۆپەراسـیۆنی تەمبێکارانـە، مانگێکـی گونجـاوە.

٢. **پرسـی نـەوت:** سـەبارەت بـەو یاداشـتەی لەلایـەن حکومەتـی تورکیـا سـەبارەت بـە پرسـی نـەوت ئاڕاسـتەی نوسـینگەی کاروبـاری دەرەوەی بەریتانیـا و حکومەتـی عێراقـی کـردووە، هەروەهـا لـە وەڵامـی پرسـیارەکانی سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا و وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی تورکیـا، بۆیانـم ڕوونکـردەوە مـن داوام کـردووە مەرجەکانـی کۆمپانیاکەیـان بـۆ بنێـرم تـا ناچاریـان بکـەم لـە زوتریـن کاتـدا دەسـت بـە دەرهێنانـی نـەوت و فرۆشـتنی نـەوت بکـەن. هەروەهـا دوای بـڕە پارەیەکـی پێشـوەختم لـە کۆمپانیاکـە کـردووە، هەروەهـا داوام کـردوە ناوچـەی نەوتـی دەبـێ بچووکـتر بێـت لـەو ناوچەیـەی لـە حاڵـی حـازردا کۆمپانیاکـە دەستنیشـانی کـردووە، بـەو مەبەسـتەی دەرفـەت بـە عێـراق بدرێـت تـا وەبەرهێنـان لـە بەشـێک لـە نەوتەکـەی خۆیـدا بـکات (لـە سـەرچاوەکانی نـەوت)، بـە جۆرێـک مەرجەکانـی زۆر باشـتر بـن لـە مەرجەکانـی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق، ئـەم کارەش لـە ڕێگـەی یـەک یـان چەندیـن کۆمپانیـاوە ئەنجـام دەدرێـت.

تـا ئێسـتا هیـچ ڕێکەوتنێـک لەسـەر بـڕی پـارەی داواکـراو یاخـود ناوچـەی نەوتـی بەدەسـت نەهاتـووە. سـەرۆکی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق لـە ڕێگـەی بریکارەکـەی لـە بەغـدا، داوای لێـم کـردووە، تـا سـەرەتای تشرینـی یەکـەم مۆڵەتـی پێبـدەم، بـۆ زاڵ بـوون بەسـەر ئـەو گرفتانـەی لـە نێـوان کۆمپانیاکانـی پێکهێنـەری کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق لـە ئارادایـە.

ئـەم بابەتـەم زۆر بـە ڕوونـی بـۆ سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا ڕوون کـردەوە کـە لـەم بـارەوە بەرژەوەندییەکانـی عێـراق چەنـد قـات لـە بەرژەوەندییەکانـی تورکیـا زۆرتـرە، هـەر بۆیـە خـودی حکومەتـی عێـراق خوازیـارە ئـەم پرسـە بـە شـێوەیەک چارەسـەر بـکات، بتوانێـت لـە زووتریـن کاتـدا دەسـت بـە دەرهێنانـی سـەرچاوەکانی نـەوت بـکات.

**٣. پەیماننامەی ئابووریی:** گفتوگۆ لەسەر پەیماننامە ئابوورییە پێشنیازکراوەکە لەگەڵ تورکیا کرا. بە سەرۆک وەزیرانی تورکیام گووت، دوایین شێوەی ئەم پڕۆژەیە پتر لە پێنج هەفتە لەمەوبەر لەلایەن حکومەتی عێراوە خرایەڕوو و دەرنگ کەوتنی پڕۆژەکە بۆ لاوازیی بەشی پەیوەندیدار لە ئەنقەرە دەگەڕێتەوە کە وەڵامی پڕۆژەکەی نەداوەتەوە. سەرۆک وەزیرانی تورکیا نیگەرانی خۆی لەم بارەوە دەربڕی و گووتی لە نزیکترین دەرفەتدا وەڵامی پڕۆژەکە دەدرێتەوە. لەلایەن خۆیەوە وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا خوازیاربوو لە دەقی ڕەسەنی پەیماننامەکەدا، دەقێک لەسەر مافی مانەوە زیاد بکرێت. منیش گووتم لە کاتی گەڕانەوەم بۆ بەغدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە دەکەم و هەموو هەوڵی خۆم لەم بارەوە دەخەمەگەڕ.

بەم بۆنەیەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە لە میانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ بەرپرسی تورکیا لە بەغدا لە ڕێکەوتی ١٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠، ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە لە ڕێککەوتنە دادوەرییەکە زۆر ڕازییە کە (لە بەغدا لە ١٦ی ئەیلوول بڵاوکرایەوە) و پیرۆزبایی لە حکومەتی عێراقی کرد لەبارەی ئەو سەرکەوتنەی لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ڕێکەوتنە دەستەبەریان کردووە.

واژوو: نوری ئەلسەعید

(Nuri as-sa'id)

(ل ٤١٧-٤١٨)

Mr. Lloyd 19.9.1930

Mr. Flood 20.9 at once

78315/30

دووبـارە دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق.

(لە کاتژمێر ٥:٤٠ خولەکی ئێوارە لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠ نێردراوە).

ژمـارە ٣٦٦. ئامـاژە بـە تەلەگرامەکـەت بـە ژمـارە ٤٢٠ لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئەیلـوول. لەوانەیـە بگووترێـت نـووسراوەی ٨ی ئەیلـوول (کـە تـا ئێسـتاش کۆپیـەک لـەم نـووسراوە بـە دەسـتم نەگەیشـتووە) وەک بەڵگەیـەک لەسـەر نیەتپاکـی حکومەتـی عێـراق هەژمـار بکرێـت کـە بـە نیـازە لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا ئـەو سیاسـەتەی بەرانبـەر کـورد ڕایگەیانـدووە جێبەجـێ بـکات. کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب لەسـەر ئـەم چەشـنە بەڵگەنامەیـە ڕازی نابێـت، مەگـەر بۆیـان بسـەلمێنرێت کـە کاتـی ئێسـتا بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتە گونجـاو نییـە کـە خـودی حکومەتـی عێـراق بـە بەردەوامـی پابەنـد بوونـی خـۆی بـەم سیاسـەتە دووپـات کردووتـەوە.

نیەتپاکـی کۆمیسـیۆن زۆر گرنگـە لە پاڵێوراوی عێراق بۆ سـەرکەوتن لـە بوون بە ئەندامی کۆمەڵـەی گـەلان لـە سـاڵی ١٩٣٢. هـەر جـۆرە تێبینییەکی پێچەوانـە لەلایەن کۆمیسـیۆنەوە لەسـەر سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کـورد کاریگەریـی زیانبـار لەسـەر کۆمەڵـەی گـەلان دروسـت دەکات و ئەنجامـی نەخـوازراوی بۆ سـاڵی ١٩٣٢ لـێ دەکەوێتەوە.

هــەر کاتێــک کۆپیەکــم لــە نووسراوەکــە بەدەســت گەیشــت، باشــتر ئــەم پرســە ڕەچـاو دەکرێـت، بـەڵام خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر بتوانـی لـە نزیکتریـن دەرفەتـدا لەگـەڵ نووسراوەکـە ئـەو زانیارییانـەم بـۆ بنێریـت کـە نوێنـەری باوەڕپێکـراو لـە جنێـڤ دەتوانـێ بـەکاری بهێنێـت بـۆ پشـتیوانی کـردن لـەو ئارگیۆمێنتـەی ناکـرێ لـە بارودۆخـی ئێسـتادا

چـاوەڕوان بیـن حکومەتـی عێـراق ئـەو بەڵێنانـە جێبەجـێ بـکات کـە بـە کـوردی داوە زۆرتـر لـەوەی ئێسـتا جێبەجێـی کـردووە.

(١٠٤) تەلەگرامەکـەت بـە ژمـارە ٤٢٣ لـە ڕێکەوتـی ١٣ی ئەیلـوول. دەبـێ گشـت داواکارییـەکان لـە ڕێگـەی حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـۆ جنێـڤ بنێردرێـت. پەسـەندکردنی ئـەم داواکاریانـە لـە دەسـەڵاتی خـودی کۆمیسـیۆندایە. دەکـرێ وەرگرتنـی تێبینییەکانـی حکومەتـی عێـراق لەبـارەی داواکارییـەکان لـە سـەڵاحییەتی خـودی بەڕێزتـدا بـێ، بـەڵام بـە بۆچوونـی مـن پێویسـت نـاکات ڕاوێـژ بـە حکومەتـی عێـراق بکەیـت تـا ئەوکاتـەی داواکارییـەکان ببنـە هـۆی هێنانـەدی خاڵـی نـوێ.

خۆشـحاڵ دەبـم داواکارییەکانـم بـۆ بنێریـت، بـاس لـە تایبەتمەندییەکانـی واژووکارانـی ئـەم داواکارییانـە بکـە و بـاس لـەوە بکـە کـە ئایـا ئـەوان، کەسـایەتی گرنگـن یاخـود نـا. شـتێکی باشـە تێبینـی حکومەتـی عێـراق لەسـەر داواکارییەکـە کـە لـە نـووسراوە نهێنیەکـەت بـە ژمـارە ‹B› لـە ڕێکەوتـی ٣ی ئەیلـوول هاوپێچکراوبـوو دەسـتەبەر بکرێـت، بـەڵام باشـترە کاتێـک داواکارییەکـەت بـە حکومەتـی عێـراق نیشـاندا، نـاوی واژووکارەکان بسـڕیتەوە و نیشـانی حکومەتـی عێراقـی نەدەیـت، هەروەهـا نـاوی خێڵـی داوەدە کـە لـە سـەرەتای داواکارییەکـەدا هاتـووە بسـڕەوە.

پوختەیەک لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی بە ژمارە ٣٨ (ل٤١٩)

٢٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠

**باشوور و ناوەڕاستی کوردستان**

٢١١. شێخ ئەحمەد

لـە سـەرچاوەی جۆراوجـۆرەوە ڕاپۆرتمـان بـۆ هاتـووە کـە شـێخ ئەحمـەدی بـارزان لـەم دواییانـەدا زۆر بـە چالاکـی نامـە گۆڕینـەوەی لەگەڵ شـێخ مەحمـوددا هەبـووە، دەگۆترێت [شـێخ مەحمـود] هـەوڵ دەدات هانـی [شـێخ ئەحمـەد] بـدات لەگەڵیـدا هـاوکار بێـت بـۆ داواکردنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد. بـەڵام نەزانـراوە شـێخ ئەحمـەد چـۆن وەڵامـی ئـەم هاندانـەی داوەتـەوە، هەواڵـەکان بـاس لـەوە دەکـەن شـێخ ئەحمـەد زۆر لـە فـارس ئاغـا و بابەکـر ئاغـا (زێبـاری) نائومێـد بـووە کـە لـە حاڵـی حـازردا پەیوەنـدی باشـیان لەگـەڵ قایمقامـدا هەیـە.

(Authority:- S.S.O. Mosul and Air Staff (Intelligence)

پوختەیەک لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی بە ژمارە ٣٨ (ل ٤٢٠-٤٢١)

٢٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠

**باشووری کوردستان**

٢١٣. بارودۆخی ناوچەی سلێمانی

ا **هەورامان** (Avroman)

لە وەڵامی داوایەک کە لە ڕێگەی قایمقامی هەڵەبجە خراوەتەڕوو، موتەسەڕیفی بە وەکالەت و ئەفسەری خزمەتگوازاریی تایبەت لە سلێمانی، لە سپێدەی ٢٢ی ئەیلوول هاتبوونە هەڵەبجە بۆئەوەی جەعفەر سوڵتان ببینن. کوڕەکانی جەعفەر سوڵتان واتە قادر بەگی تەوێڵە و مستەفا بەگی بیارە (Biala) و کوڕە مامەکەی (cousin) ئەفراسیاب بەگ، لەگەڵیدا بوون.

جەعفەر سوڵتان باسی لە دۆستایەتی دێرینی نێوان خۆی و حکومەتی بەریتانیا کرد و گووتی هەر ڕاپۆرتێک بڵێت من بە نیەتی دوژمنکاریی هاتوومەتە هەڵەبجە لە ڕاستییەوە دوورە و ئاماژەی بە داواکارییەکانی کورد کرد کە بۆ کۆمەڵەی گەلان نێردراوە و گلەیی لە کردارەکەی حکومەتی عێراق لە سەرکووتکردنی نائارامییەکانی سلێمانی کرد و داوای ڕوونکردنەوەی کرد لەسەر ئەوەی پێگە و ڕەفتاری حکومەتی بەریتانیا لەم بارەوە چییە.

موتەسەڕیفی بە وەکالەت ڕوونیکردەوە کە هیچ حکومەتێک ڕێگە بە ڕوودانی ئەو جۆرە نائارامییە نادات کە لە ٦ی ئەیلوول لە سلێمانی ڕوویدا. هەروەها جەعفەر سوڵتانی ئاگادار کردەوە کە داواکاریی کورد لە ماوەیەکی کەمدا لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە تاوتوێ دەکرێت و بە جەعفەر سوڵتانی گوت کورد ڕازی بوونە تەنیا لە ڕێگەی قەلەمەکانیانەوە شەڕ بکەن.

هۆشداری لەسەر گێڕانی هەر جۆرە پڕوپاگەندەیەک درا کە حکومەتی بەریتانیا خوازیارە یاخود لێبوردەیی لەخۆی نیشان دەدات سەبارەت بە هەر

جـۆره سـەرهەڵدانێک کـە لـە نـاو خاکـی عێراقـدا ئەنجـام دەدرێـت. لـە کۆتایـی کۆبوونەوەکـەدا جەعفـەر سـوڵتان دووپاتیکـردەوە کـە لـە لای خۆیـەوە ئامـرازی ئاشـتیخوازانە بـەکار دێنێـت و دووبـارە دڵنیایـی بەخشـییەوە لەبـارەی بـڕوا بوونـی بـە دۆسـتایەتییەکەی لەگـەڵ حکومەتـی بەریتانیـا.

**تێبینی:**

جێگـەی خۆشـاڵییە ئـەم کۆبوونەوەیـە تەمومـژی بارودۆخەکـەی لـە ناوبـرد، چونکـە ڕەوشـەکە لـە هەڵەبجـە پـڕ لـە پڕوپاگەندەیەکـە کـە هانـی ئـەم بیرۆکەیـە دەدات، گوایـە سـەرهەڵدانی کـورد ئامانجـی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراوی سیاسـەتی بەریتانیایـە.

**ب شێخ مەحمود**

لـە ڕێکەوتـی ١٧ی ئەیلـوول، شـێخ مەحمـود چـاوی بـە شـێخی ماراییـن (Shaikh al Marrain) کـەوت (2/NE Sq. 22A). هاتنـی شـێخ مەحمـود بـۆ نـاو خاکـی عێـراق بـە پێچەوانـەی فەرمانەکانـە و موتەسـەڕیفی بـە وەکالـەت نووسراوێکـی بـۆی نـاردووە و ئاگاداریـی کردووەتـەوە کـە بـە پێچەوانـەی ئـەو مەرجانـە جووڵاوەتـەوە کـە لەگـەڵ سـەرەوی خـۆی لەسـەری ڕێکەوتـوون و داوای لێکـرد خاکـی عێـراق بەجێبهێڵێـت. هـاوکات داوا لـە شـێخ مەحمـود کـرا ئـەو سـێ ئەفسـەرەی وازیـان لـە خزمەتـی سـەربازیی لـە سـوپای عێراقـدا هێنـاوە ڕادەسـت بکاتـەوە (پەرەگرافـی ٢٠٦ لـە ١٩٣٠).

شـێخ مەحمـود ئـەو ڕێنماییانـەی فەرامـۆش کـرد کـە بـۆی نێـردرا بـوون و لـە ڕێگـەی عیسـا ئـاوا (Isa-Awa) (2E/NW Sq. 5D) بـەرەو قـەلادزێ بەردەوامـی بـە گەشـتەکەیدا (1H/SW Sq. 20D). شـێخ مەحمـود بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە گەشـتەکەی بۆ پشـدەر، گەشـتێکی ئاشـتیخوازانە بـووە بـۆ هاوخەمـی دەربڕینـی خـۆی لـەو مردنـە هاتـووە کـە لـە ماڵـی شـێخدا ڕوویـداوە. ڕاپۆرتـەکان بـاس لـەوە دەکـەن لـە ٢٤ی ئەیلـوول، شـێخ مەحمـود لـە گوندێکـی بچـووک بـووە کـە دەکەوێتـە شـەش میلـی ڕۆژهەڵاتـی قـەڵادزێ، چـاوەڕوان دەکـرێ لـەم شـوێنە لـە ٢٥ی ئەیلـوول چـاوی بـە عەباسـی مەحمـود بکەوێـت.

(Authority:- S.S.O Sulaimani and Political)

ڕۆژهەڵاتی نزیک و هیند (ل٤٢٢-٤٢٤)

٢٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠

**کوردەکانی عێراق (باشووری کوردستان)**

کۆپییەک لە داواکارییەکمان بەدەست گەیشووە کە لە ڕێگەی کۆمسیاری باڵا لە عێراق لە مانگی ئەیلوول بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکراوەتەوە، داواکارییەکە لەلایەن مەحمود ساڵح بەگ، محەمەد عەلی بەگ، عەزمی بەگی بابان، مەجید ئەفەندی، حاجی ڕەشید ئاغا، شەفیق بەگ، ڕەشید پاشا، فایق بەگی بابان، میرزا تەوفیق قەزاز، شێخ مەحمود گوڵانی، ڕەمزی ئەفەندی، حاجی فەتاح، عزەت بەگ و عوسمان پاشا واژوو کراوە. داواکارییەکە ئاڕاستەی سکرتێری کۆمیتەی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان کراوە. داواکارییەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە بەردەوامی پەیوەندییەکانی پێشوومان، ئێمە ئەو کەسانەی لە خوارەوە واژوومان کردووە، شەرەفی ئەوەمان هەیە سەرنجی کۆمیتەی هەمیشەیی ئینتیداب بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕابکێشین: کاتێک ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا باشووری کوردستان بە هەرێمی عەرەبی دیجلە و فورات لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا بلکێنێت، کورد لەو بڕوایەدا بوون لە ژێر ئەم ئینتیدابەدا، ئەوان دەرفەتێکی باشتریان دەبێت تا پەرە بە بەرژەوەندییەکانیان بدەن و گەشە بسێنن. بەم هۆیەشەوە ئەوان لە دژی بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی بەڕێز نەوەستانەوە. بەڵام ئێمە لەو دۆخە بێزارین کە بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان تەنیا لەبارەی پرسە ناگرنگەکانەوە، لەلایەن حکومەتی عێراق ڕێزی لێدەگیرێت و پیادە دەکرێت. ئایا ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان خوازیارە بزانێت کورد داوایان لە دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە بڕیارەکان جێبەجێ بکات یان نا؟ فەرموون ئەمەی خوارەوە وەڵامەکەیەتی.

لە کاتی جیاوازدا، کورد هەم بە شێوازی تایبەتی، هەمیش بە شێوازی فەرمی داوایان لە دەسەڵاتدارانی عێراق و بەریتانیا کردووە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان

جێبەجێ بکەن. سەرەڕای ئەوەی فەرمان بە چاپەمەنییەکانی بەغدا کراوە کە هیچ شتێک لەبارەی داواکارییەکانی کورد بڵاو نەکەنەوە، بەڵام ئێمە بە بەردەوامی توانیوومانە بانگەشەکانمان لە چاپەمەنی عەرەبیدا بڵاو بکەینەوە، جا چ بە شێوازی ‹ناردنی نامە بۆ سەرنووسەر›ی ڕۆژنامەکە بێت، یاخود لە ڕێگەی ئامرازەکانیترەوە، بەڵام بەداخەوە ڕایدەگەیێنین لە گشت دەرفەتێکدا حکومەتی عێراق نە تەنیا داواکارییە ڕەواکانی ئێمەی پشتگوێ خستووە، بەڵکو وەک تاوان سەیری ئەم داواکاریانەی کردووە. ئەمەی خوارەوە کۆمەڵێک داواکاریی سەرەکی ئێمەن کە ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی عێراق کراون.

**ا** لە ساڵی ١٩٢٩دا، نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی (Majlis) بەغدا، بە شێوەیەیکی فەرمی داوایان کرد پەرەگرافی ٣ی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان لەبارەی کورد جێبەجێ بکرێت.

**ب** لە مانگی شوباتی ١٩٣٠، چەندین نوێنەری کورد، بە یەک ئامانج، داواکارییەکی بەپەلەیان ئاڕاستەی کۆمسیاری باڵای بەریتانیا لە عێراق کرد. لە مانگی ئاداری هەمان ساڵدا، لە یاداشتنامەیەکی تایبەتدا ئاماژە بە مافەکانی گەلی کورد دراوە و ئەم یاداشتنامەیە لەلایەن زۆربەی نوێنەرانی کورد ئاڕاستەی حکومەتی عێراق کرا. ئەم یاداشتنامەیەش هاوشێوەی یاداشتنامەکانی پێشوو ڕەتکرایەوە.

**ج** دووبارە لە ساڵی ١٩٣٠دا، نوێنەرێکی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، داوای لە خودی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد لە پەیماننامەی هاوپەیمانێتیدا کە لەم دواییانە لە نێوان حکومەتی عێراق و بەریتانیا گرێدراوە، پەرەگرافێك زیاد بکرێت و تێیدا ئاماژە بە مافەکانی کورد بدات و ئەم مافانە گەرەنتی بکات. سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە وەڵامدا ڕەتیکردەوە دان بە بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان سەبارت بە کوردەکاندا بنێت و ئاماژەی بەوە کرد مومکین نییە هیچ شتێک لەم بارەوە لە پەیماننامەکەدا زیاد بکرێت. بە کورتی، ئەو نووسراوانەی سەبارەت بە مافی کورد ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی عێراق کراون، پەرتووکێکی قەبارە ئەستور پێکدێنن. گشت ئەم بەڵگەنامە و داواکاریانەش هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

ئـەم گـورەزە کوشـندەیە کـە لە دڵی گەلـی کورد دەدرێت، گشـت هیـوا و مافەکانی کورد لـە ناودەبـات، ئەمـەش کاتێـک سـەریهەڵدا کە کابینەکەی نوری پاشـا ئەلسـەعید دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت. دوای ئـەوەی دەقـی پەیماننامـە نوێیەکـەی بـڵاو کرایـەوە، کـوردەکان دڵنیـا بـوون کـە هەمـوو مافەکانیـان پشـتگوێ خـراوە و بـە بـێ هیـچ مەرجێـک ئـەوان خراونەتـە ژێـر ڕەحمەتـی عەرەبـەکان. دوای درککـردن بـەم حەقیقەتـە دژوارە، کـوردەکان پێکـەوە لـە یەککاتـدا لـە زاخـۆوە کـە دەکەوێتـە باکـووری کوردسـتان تـا خانەقیـن لـە باشـوور، ڕاپەڕین و داوای مافەکانیـان کـرد و بـە یـەک دەنـگ پەیماننامـە نوێیەکەیـان ڕەتکـردەوە، کـە بـە دڵنیاییـەوە ئـەم پەیماننامەیـە گشـت مافەکانـی کوردی پشـتگوێ خسـتووە.

وەڵامـی کابینـەی نـوری سـەعید بریتـی بـوو لـە ڕزگار بـوون لـە دەسـت کـورد لـە ڕێگـەی دوورخسـتنەوەی کـورد لـە دامەزراندنیـان لـە زۆنـی کـوردەکان و دامەزراندنـی عـەرەب لـە شـوێنەکانیان کـە بـە پێـی یاسـا ئـەو کەسـانەی لـەم ناوچەیـە دادەمەزرێـن پێویسـتە کـورد بـن. سروشـتییە ئـەم جـۆرە کردەوانـە کـە لوتکـەی دڕندەییـە و ڕاسـتەوخۆ دژی مافەکانـی کـوردە، ببێتـە هـۆی تـوڕە بوونـی تـەواوی گەلەکەمـان. ئێمـە ناتوانیـن بـاس لـە گشـت ئەنجامەکانـی ئـەم گۆڕانکارییـە بکەیـن، هەروەهـا ناتوانیـن بـاس لـە توڕەیـی گەلێـک بکەیـن کـە لـە پێنـاو بەرگریکـردن لـە مـاف و ئـازادی خـۆی ڕاپەڕیـوە. بـە ئـاگادار بـوون لـەم ناڕەزایەتییـە، کۆمسـیاری بـاڵای بەریتانیـا لـە عێـراق بـە هاوڕێیەتـی سـەرۆکی کابینـە و کۆمەڵێـک ئەندامـی کابینەکـەی نـوری پاشـا، لـە ڕێکەوتـی ٨، ٩، ١٠ و ١١ی ئـاب گەشـتێکی خێرایـان بـۆ پارێـزگا کوردییـەکان ئەنجامـدا. دواتـر ڕووداوگەلێکـی هۆشـداریدەر و نەخـوازراو ڕوویانـدا، کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت و سـەرۆکی حکومـەت لەبـری ئـەوەی هـەوڵ بـدەن لـە ڕێگـەی گەرێنتـی بەخشـین بـە مافـە ڕەواکانیـان، کـورد ئـارام بکەنـەوە، لـە گشـت شـوێنێکدا بـە کوردەکانیـان دەگـووت کـە ئـەوان لـە ڕێگـەی حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی بەریتانیـا بڕیاریانـداوە کـە ڕەچـاوی داواکارییەکانـی کـورد نەکـەن، بـە بیانـوی ئـەوەی مومکیـن نییـە ئـەم داواکاریيانـە جێبەجـێ بکرێـن.

بـەم ڕاگەیاندنـە گەلـی ئێمـە پێکـەوە ڕاپەڕیـن و بە هەمـوو هێزێکییـان ئـەم لێدوانەیان ڕەتکـردەوە و داوایـان کرد بـە بێ هێچ سـنووردارێتییەک بڕیارەکـەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی

گـەلان جێبەجـێ بکرێـت. ڕوونکردنـەوەی حکومی لـە دوو خاڵدا کـۆ کرابوونـەوە و لەلایەن سـەرۆکی کابینـە و کۆمسـیاری بـاڵا بە وەکالەت خوێندرانـەوە، کە ناوەڕۆکێکی هاوشـێوەیان هەبوو و جەختیان لە دوو خاڵی بەرجەسـتە دەکرد- یەکەمیان بریتی بوو لە لێکدانەوەیەکی بـە دڵـی خۆیـان بـۆ بڕیارەکـەی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان. دووەم، هەڕەشـەکردنێکی ئاشـکرا لـە هـەر کەسـێک کە لەسـەر پرسـی کورد قسـە بـکات. سـەرەڕای ئەم هەڕەشـانەش کـورد ئارامـی خۆیـان پاراسـت و داوای جێبەجـێ کردنـی وەکـو خـۆی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان کـرد، هەروەهـا داوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی لـە ژێـر ئینتیدابـی ڕاسـتەوخۆی کۆمەڵـەی گـەلان کرد.

سـەرەڕای تۆقاندنمـان، هـەر لـە کاتـی واژووکردنـی پەیماننامـەی نوێـی ئەنگلۆ-عێراقـی، گۆڕانێکـی گـەورە لـە هەڵوێسـتی حکومەتـی بەریتانیـا بەرانبـەر کـورد و مەیلـدار بوونـی بـۆ عـەرەب بـە زیانـی گەلـی کوردیدەبینرێـت، بۆیـە سـەرنجتان بـۆ ئـەم خاڵـە ڕادەکێشـین کـە ئەگـەر بـەم جـۆرە مامەڵـە لەگـەڵ ئێمـەدا بکرێـت لـە کاتێکـدا هێشـتا ئینتیـداب بەسـەر عێراقـدا بەردەوامـە، کەواتـە دۆخـی ئێمـە لـە دوای کۆتایـی هاتنـی ئینتیـداب دەبـێ چـۆن بـێ؟ بـەم هۆکارانـەی خـوارەوە، ئێمـەی کـورد لـەو بڕوایەدایـن کـە مـاف و توانـای پێکهێنانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆمان هەیـە:-

١ تەنانـەت ئەگـەر تەنیـا ژمـارەی دانیشـتووانی باشـووری کوردسـتان هەژمـار بکەیـن، ژمـارە دانیشـتووانی ئێمـە ژمارەیەکـی گونجـاوە. لـە ڕاسـتیدا ئێمـە پـتر لـە یـەک ملیـۆن کەسـین. زیـاد لەمـەش ئـەم ژمارەیـە زۆر لـە ژمـارەی عەرەبی سـوونە زیاتـرە و دەتوانین بڵێیـن کۆڵەگـەی سـەرەکی پاشـایەتی عێـراق پێکدێنێـت. تەنانـەت ئێمـە دەتوانیـن بـە گشـتی پێداگـری لەسـەر ئـەوە بکەیـن کـە ژمـارەی کـورد لـە ژمـارەی عەرەبەکانـی ئـەم پاشـایەتییە زۆرتـرە، ئەگـەر ژمـارەی ئـەو کەسـانەی لـەم وڵاتـەدا دەژیـن و عـەرەب نین، کـەم بکەینـەوە. لـە پـاڵ ئەمەشـدا دەبـێ ڕەچـاوی ئـەم حەقیقەتـە بکەیـن کـە عـەرەب ناتوانـن و ناشـخوازن یەکێتییەکـی ڕاسـتەقینە و یەکدەسـت پێکبهێنـن، شـیعەی عـەرەب لەگـەڵ سـوونەی عـەرەب یـەک ناگـرن و خۆیـان بـە جیـا لـە یەکـتر هەژمـار دەکـەن. ئـەم دوو مەزهەبـە ئیسـلامییە تـا ئـەو ڕادەیـە دژی یەکـترن، بـۆ نموونـە، ڕێگـە نـادەن

پێکـەوە لەسـەر یـەک میـز دابنیشـن، چ بگاتـە ئـەوەی پەیوەندیـی خێزانـی لەگـەڵ یەکتردا دروسـت بکـەن کـە لـە ڕوانگـەی ئەوانـەوە ئـەم پەیوەندییـە وەک جنێـودان بـە پیرۆزییـەکان هەژمـار دەکرێـت.

ب ئێمـە خەریکـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆین، چونکـە ئێمـەی کـورد پێکـەوە گرێدراویـن، لـە گشـت لایەکـەوە یەکـتر تـەواو دەکەیـن، لـە لایەنـی هـزری، زمـان، ئاییـن، کولتـور، دابونەریـت و تەنانـەت لەلایەنـی کەشـوهەواوە.

ج خاکـی ئێمـە لـە ڕووی سـەرچاوە سروشـتییەکانیەوە، دەتوانێـت گەلـی کـورد و دەوڵەتـی کـورد بەخێـو بـکات، تەنانـەت بەشـی ئـەوەش دەکات دانیشـتووانەکەی بەشـە زیـادەی بەرهەمەکانـی خۆیـان هەنـاردە بکـەن. ئـەم بەرهەمـە سروشـتییانە بریتیـن لـە دانەوێڵـە، جـۆ، گەنمەشـامی، برنـج، گەنـم و بەرهەمەکانیـتر. هەروەهـا بەرهەمەکانـی نەوتیـش بـە ڕێژەیەکـی زۆر هەیـە، دار و خەڵـۆز، گشـت جۆرەکانـی میـوە، ئاژەڵـی ماڵـی و گشـت جـۆری بەرهەمەکانیـان، خـوری، کـەرە، پێسـت و بەرهەمەکانیـتر. بـە کورتـی، لـە لایـەن چاودێـرە شـارەزاکانەوە، وڵاتـی ئێمـە بـە یەکێـک لـە دەوڵەمەندتریـن وڵاتانـی جیهـان هەژمـار دەکرێـت.

د بوونـی ڕێڕەوێکـی گـەورەی ئـاو لـە وڵاتـی ئێمـەدا. بـۆ نموونـە، هـەر دوو ڕووبـاری زاب، خابـور، دیالـە و چەندیـن سـەرچاوە و جۆگەڵـەی بچـووک کـە لـە هەژمـار نایێـن. کەشـی کوێسـتانەکانی ئێمـە و هـەزاران سـوودیتر کـە سروشـت بـە خاکـی باوکانـی ئێمـەی بەخشـیووە، گشـت ئـەم شـتانە بەڵگـەی حاشـا هەڵنەگـرن، کـە خاکـی ئێمـە، ئەگـەر بـە ئێمـە بسـپێردرێت، لـە ماوەیەکـی کەمـدا دەتوانێـت ببێـت بـە سـویسرای دووەم، یاخـود کچێـک بـە سـویسرا ببەخشـێت.

ه ئێمـە دەتوانیـن دەوڵـەت دابمەزرێنـن، چونکـە گەلـی ئێمـە ئاگایـی لـە ڕادەبـەدەری لەبـارەی توانایـی و چارەنووسـی خۆیـی هەیـە. زیـاد لەمـەش، هەسـتی نەتەوەیـی ئـەم گەلـە وەهـا گەشـەی کـردووە کـە تـا ئێسـتا کـورد بـۆ پارێزگاریکـردن لـە شوناسـی خـۆی و پاراسـتنی ئازادییەکـەی چەندیـن شـەڕی کـردووە و لـەم پێناوەشـدا لـە ڕادەبـەدەر قوربانـی بەخشـیووە، ئـەم قوربانیدانـەش تـا ڕادەیـەک بـووە کـە بـە هـەزاران لـە منداڵانـی ڕەشـەکوژ کـراون. گشـت ئـەم قوربانییـە، نـەك تەنیـا کـوردی لـە گەیشـتن

بـە ئامانـج سـارد نەکـردووە، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە بـڕوای کـوردی زیاتـر کـردووە و بۆیـە سـوێندی خـواردووە بەهـەر نرخێـک بێـت بگاتـە سـەربەخۆیی. دەتوانیـن بڵێیـن گەلێـک ئـەم جـۆرە زانیارییـەی لەسـەر ژیـان و مافەکانـی خـۆی هەبێـت، شـایانی ئەوەیـە بژیـت و شـوێنێکی لـە جیهانـدا هەبێـت.

ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن ئـەم گەلـە مەزنـە دەتوانێـت پشـت بـە کۆمەڵـەی گەلانـی بەڕێـز ببەسـتێت کـە لـە پێنـاو ڕێگریـی لـە سـەرکوتکردن و پشـتگیریی کـردن لـە لاوازەکان پێکهێـنراوە. لـەم جیهانـەدا هیـچ شـتێک ئێمـە نائومێـد نـاکات لـە نیـەت باشـی کۆمەڵـەی گـەلان، کـە دایکـی لاوازەکان و بەرگریـکاری لاوازەکانـە.

پێوسـت نـاکات بڵێیـن، لـە خسـتنەڕووی پێشـنیازی دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ، بێگومـان کـورد ئـەم دەوڵەتـە لەسـەر بنەمـا و مەرجەکانـی دیموکراسـی دادەمەزرێنێـت. سـەبارەت بـە پرسـی ئینتیـداب لەسـەر دەوڵەتی تـازە دامـەزراوی کـورد ئێمە بـەم ئینتیدابە ڕازیـن، ئەمـەش بـۆ ئێمـە زۆر باشـە. هـەر هێزیـك ئینتیدابـی هەبێـت- جـا بەریتانیـای گـەورە بێـت یـان هێزێکیـتر- ئێمـە ڕادەگەیێنیـن بـە تەواوەتـی پشـت بـە کۆمەڵـەی گـەلان دەبەسـتین و داوای لـێ دەکەیـن ئـەم هیـزە ئینتیدابـە بۆمـان دەسـت نیشـان بـکات.

لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەنـدی نەتەوەیـی (National Central Committee) لـە سـلێمانی لـە ڕێکەوتـی ٣١ ئـاب نـووسراوە.

دووبـاره داڕشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات. (ل٤٢٥)

٢٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠

(لـە کاتژمێـر ٩:٣٥ خولەکـی بەیانـی بـە ڕێکەوتـی ٢٥ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، گەیشـتووەتە نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

گرنگ. ژماره ٤٤٨.

بـە پێـی ئـەو ڕێنماییانـەی لـە تەلەگرامەکـەت ئاماژەیـان پێکـراوە بـە ژمـارە ٣٦٦ لـە ڕێکەوتـی ٢٠ی ئەیلـوول، ڕێـکاری پێویسـت گیراونەتەبـەر.

لـە هەمـان کاتـدا مـن خۆشـحاڵ دەبـم بزانـم کـە ئایـا دەقـی ڕەسـەنی داواکاری کـورد خراوەتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان یـان نـا.

بـە پشـتگوێ خسـتنی پەیامـی ئاگادارکردنـەوەی حکومەتـی عێـراق و پەیامەکـەی خـۆم، شـێخ مەحمـود هاتووتـە نـاو خاکـی عێـراق و دەگوترێـت بـە نیـازە لەگـەڵ سـەرۆک خێڵەکانـی پشـدەر و هەورامـان ئەگـەری بەرپاکردنـی ڕاپەڕینـی کـورد تاوتـوێ بـکات. زانینـی ئـەوەی کـە لـە بارودۆخـی ئێسـتادا داواکارییەکـەی کـوردان بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بـەرز کراوەتـەوە، کاریگەرییەکـی بـاش دروسـت دەکات و پێگـەی [کـوردە] میانـڕەوەکان بەهێـز دەکات. کۆتایـی پەیامەکـە.

دووبـارە دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات. (ل٤٢٥)

٢٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠

(لـە کاتژمێـر ٣:٤٥ خولەکـی ئێـوارە لـە ڕێکەوتـی ٢٥ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، گەیشـتووەتە دەسـت نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

گرنگ. ژمارە ٤٤٨.

ئامـاژەدان بـە داواکاری هاوپێچکـراوی نـووسراوە نهێنیەکـەم بـە ژمـارە ‹B›، لـە ڕێکەوتی ٣ی ئەیلـوول. محەمـەد ئەمیـن خورشـید ئاغـا، یەکـەم کەسـی واژووکاری داواکاریـی کـورد، لـە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوودا مەزبەتەیەکـی واژوو کـردووە و وەفادارێتـی خـۆی بـۆ حکومەتی عێـراق دووپـات کردووتـەوە و ڕایگەیانـدووە، ئـەو زۆر ڕازییـە و بـە کۆرنوالیسـی گووتـەوە بـە ئازادانـە مەزبەتەکـەی واژوو کـردووە و بـە کەسـانیتریش گووتـەوە کـە لـە ژێـر گوشـاردا داواکارییەکـەی واژوو کـردووە. واژووکارانیـتر کەسـانی گرنـگ نین.

بـە بـڕوای مـن محەمـەد ئەمیـن هـەوڵ دەدات شـوێن پێـی لـە نـاو گشـت لایەنێکـدا هەبێـت، خـودی خێڵـی داودە کەمـتر لـە ١٪ی کـۆی گشـتی کـورد پێکدێنێـت و محەمـەد ئەمیـن خورشـیدیش تەنیـا یـەک لەسـەر پێنجـی خێڵـی داودەی لـە بـن دەسـتە. لـەم بـارەوە پێویسـت نـاکات هیـچ ڕێکارێکیـتر بگیرێتەبـەر. هـەر بۆیـە داوا لـە حکومەتـی عێـراق ناکـەم تێبینییەکانـی خـۆی لەسـەر ئـەم داواکارییـە بخاتـەڕوو و پێویسـتیش نـاکات چاوەڕوانـی ڕێنمایـی زۆرتـر بـم.

زۆر زۆر نهێنی ‹A› (ل ٤٢٧-٤٣٠)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز،

١. لە بەردەوامی نووسراوە زۆر زۆر نهێنییەکەم بە ژمارە ‹A› لە ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠، شەرەفی ئەوەم هەیە بڵێم کوردی عێراق تا ئێستا بە ڕووکەش ئارام ماونەتەوە.

٢. سەرەکیترین هەواڵی چەند ڕۆژی ڕابردوو بریتی بوو لە هاتنەوەی شێخ مەحمود بۆ ناو خاکی عێراق لەگەڵ ١٠٠ پیاو. وادیارە ئەو لە نزیک سنووری پێنجوێنەوە لە ١٧ی ئەیلوول یاخود دەوروبەری ئەم ڕێکەوتە هاتووەتە ناو خاکی عێراق و کوڕەکەی، واتە بابە عەلی ناردووەتە سلێمانی تا خەڵک ئاگادار بکاتەوە کە شێخ مەحمود هاتووەتەوە عێراق و دەچێتە ناوچەی پشدەر تا سەرخۆشی لە سەرۆکەکانی پشدەر بکات بە هۆی کۆچی دوایی کۆمەڵە کەسێک. وا دیارە ئەم کەسانەش ئەمانەن: مەحمود عەباس ئاغا کە ساڵێک لەمەوبەر برا گەورەکەی کۆچی دوایی کردووە، هەروەها بابەکر ئاغای کوڕی سالم کە لەم دواییانەدا کوڕەکەی کۆچی دوایی کردووە. ناردنی بابا عەلی بۆ سلێمانی بەڵگە نییە لەسەر نیەتی ئاشتیخوازانەی شێخ مەحمود، چونکە هەر وەک ئاگادارم، بابا عەلی کە کوڕە گەورەی شێخ مەحمودە، لایەنگری باوکی نییە.

٣. لە ١٨ی هەمان مانگدا، هەواڵ هاتووە شێخ مەحمود لە گوندی بەیران (Beiran) بووە و دەگووترێت کوڕە مامەکەی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی چەکدار لەوێ داناوە. هەواڵ هەیە کە شێخ مەحمود لە ٢٠ی هەمان مانگ، لە عیسا ئاوا بووە کە دەکەوێتە سەر سنووری ئێران و لە باکوور ماوەتە و دواتر بەرەو ڕانیە بەڕێکەوتووە، دوایین هەواڵ باس لەوە دەکات کە لە ٢٠ میلی باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕانیەیە.

٤. ئێستا بابا عەلی لە ڕێگەیە بەرەو بەغدا دەڕوات و لەوێشەوە یەکسەر بۆ کۆلێژی ڤیکتۆریا بەرەو ئەسکەندەرییە دەچێت.
٥. دەگوترێت سێ ئەفسەر وازیان لە خزمەتی سەربازی هێناوە کە لە پەرەگرافی ٦ی نووسراوەکەم لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠ ئاماژەم پێداوە، لەگەڵ شێخ مەحمود هاتوونەتە ناو خاکی عێراق.
٦. لە ١٦ی ئەیلوول لە ڕێگەی فڕۆکەوە پەیامێک فڕێدرایە خوارەوە، پەیامەکە فەرمانەکانی مستر ئالبان، موتەسەڕیفی بە وەکالەتی سلێمانیی لەخۆگرتبوو و داوای لە شێخ مەحمود کردبوو کە سێ ئەفسەرەکە ڕادەست بکات و خۆشی بگەڕێتەوە شوێنەکەی لە ئێران. دەگوترێ شێخ مەحمود لە وەڵامدا گوتوویەتی بە سەردانێکی شەخسی هاتووەتە پشدەر و سێ ئەفسەرەکە لەگەڵ ئەودا نین. تا ئێستا نەمتوانیووە کۆپیەک لەم وەڵامەم بەدەست کەوێت.
٧. شێخ مەحمود داوای لە سەرکردەکانی پشدەر کردووە هەڵویستی خۆیان دەرببڕن، وادیارە نیوەی سەرۆک خێڵەکان و نیوەی ناسیۆنالیستەکان پشتیوانی لە حکومەتی عەرەب دەکەن و گشتیان هەوڵ دەدەن پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا هەبێت.
٨. لە ٢٢ی هەمان مانگ، لێکۆڵەری کارگێڕیی سلێمانی، چووە هەڵەبجە و چاوی بە جەعفەر سوڵتان و سەرکردەکانیتری هەورامان کەوتووە. ئەم کەسانە ئاگادار کراونەتەوە کە ئێستا دەقی ڕەسەنی داواکاری کوردەکان لە لەندەنە و ئەم کەسانەی لە پڕوپاگەندەی هەڵە لەسەر نیەتی حکومەتی بەریتانیا ئاگادار کردووتەوە. وادیارە ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجامی باشی هەبووە.
٩. ئەحمەد تەوفیق، موتەسەڕیفی نوێی سلێمانی، دەستی بە ئەرکەکانی کردووە و لە پشدەر دەستی باش دەڕوا.
١٠. حەفسە خان، هاوسەری شێخ قادر، یەکێک لە واژووکارانی سەرەکی داواکارییەکەی کورد کە ئێستا بە تۆمەتی پەیوەندی بە یاخیبوونەکەی سلێمانی دەستگیر کراوە، ئێستا لە گێڕانی پڕوپاگەندە لە دژی حکومەتی عەرەب زۆر چالاکە. کۆمەڵێک هۆکارم لەبەر دەستە کە لەو بڕوایەدابم حەفسەخان مێشک و هێزی جوڵێنەری [یاخیبوونەکە بووە] نەک هاوسەرەکەی.

١١. شتێکی نامۆیە ڕێگە دراوە شێخ مەحمود بێتە ناو خاکی عێراق و هیچ ڕێکارێک بۆ دەستگیرکردنی یاخود دەرکردنی لە عێراق نەگیراوەتەبەر. لەم بارەوە لە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست یاخود نەگرتنەبەری، دوو خاڵ هەن کاریگەریان لەسەر من دروست کردووە:

ا لە مێژە ئەم سیاسەتەم گرتووتەبەر کە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی حکومەتی عێراقدایە و حکومەتی بەریتانیا، تەنیا لەو کاتەدا یارمەتی حکومەتی عێراق بدات کە هەست بکرێت دۆخەکە بە تەواوەتی لە کۆنترۆڵ دەرچووە. بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ شێخ مەحمودم بۆ حکومەتی عێراق جێهێشتووە و تەنیا هەڵوێستی تەماشاکەرم گرتووتەبەر.

**ب** ئەستەمە بزانرێت چ هەنگاوێک دەگیرێتەبەر. بزاوتەکانی شێخ مەحمود لە نزیک سنووری ئێرانە، بۆیە ئەگەر سوپایەکی بەهێزیش بۆ ڕاوەدونانی ئەو ڕەوانە بکرێت، بەئاسانی دەتوانێ بچێتەوە [ناو خاکی ئێران]. پشدەر ناوچەیەکی بەرفراوانە و بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵدا نییە، بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێخ مەحمود و ١٠٠ پیاوەکەی، شتێکی زۆرتر لە کۆکردنەوەی چەند پۆلیسێک پێویستە.

بە دڵنیاییەوە لەم بارودۆخەدا ناردنی سوپای عێراق بۆ ناوچەی پشدەر ئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە. بە هۆی ئەمنییەوە، ناکرێ هێزێك کە کەمتر لە دوو بەتالیۆن و هێزێکی پشتیوانی بێت بۆ ئەم ناوچەیە بنێردرێت. هەروەها بە بۆچوونی من ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەم کاتەی ساڵدا کارێکی ئەستەمە. فڕۆکە دەتوانێ بگاتە شێخ مەحمود، بەڵام بە چاوپۆشین لە سەختی دەستنیشانکردنی شێخ مەحمود و پیاوەکانی، بە بۆچوونی من لەم کاتەدا بۆمبارانکردن بە ڕێکارێکی توند هەژمار دەکرێت، چونکە تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە بسەلمێنێت سەردانەکەی شێخ مەحمود، سەردانێکی ئاشتیخوازانە نییە. سەرەڕای ئەو بەرچاوروونیانەی کە لە پەرەگرافی (ا) لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

١٢. بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی بەرقەرار، بەم ئەنجامە گشتییەی خوارەوە گەیشتووم، چونکە هەر وەک بەڕێزت دەزانێت بارودۆخی کوردستان بە خێرایی دەگۆڕدرێت:

**ا** ئەگەری زۆرە بەشێک لە کورد لە دژی حکومەتی عەرەب ڕاپەڕن، بەڵام لەبەرئەوەی دەزانن حکومەتی عێراق لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە پاڵپشتی دەکرێت، بۆیە خوازیار نین لە دژی حکومەتی بەریتانیا بجەنگن.

**ب** گرنگە هیچ وێنایەکی هەڵە بە کورد نەدرێت سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لە حکومەتی عێراق لە کاتی سەرهەڵدانی یاخیبوون یان ناڕەزایەتی دەربڕین، لە هەمانکاتدا هوشدارییی بدرێتە حکومەتی عێراق کە حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا گشت کارتەکانی لە پێناو حکومەتی عێراقدا ناسوتێنێت.

بەوپەڕی ڕێزەوە شەرەفمەندم کە بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارتان بم.

واژوو: B. Brooke-Popham

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

زۆر زۆر نهێنی (ل٤٣١-٤٣٢)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز.

١. شـەرەفمەندم ئامـاژە بـە تەلەگرامـی بەڕێـزت بـە ژمـارە ٣٦٦ لـە ڕێکەوتـی ٢٠ی ئەیلوولـی ١٩٣٠ بکـەم، کـە تایبـەت بـوو بـە سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کـورد. پێموایـە نـووسراوی وەزیـری ناوخـۆ لـە ڕێکەوتـی ٨ی ئەیلوولـی ١٩٣٠ بـە دەسـتتان گەیشـتووە کـە بـۆ موتەسـەڕیفەکانی مووسـڵ، کەرکـووک، هەولێـر و سـلێمانی نێـردرا بـوو. لـە دوای دەرکردنـی ئـەم نـووسراوە، لێکۆڵـەری پەروەردەیـی بـۆ ناوچـە کوردییـەکان دامـەزراوە.

٢. لـە دەسـتپێکی ئـەم مانگـەدا، بارودۆخـی کوردسـتان گۆڕانـی بەرچـاوی بەسـەردا هاتـووە، ئەمـەش بـە هـۆی یاخیبوونەکـەی ٦ی ئەیلـوول سـلێمانی کـە هـەر وەک ڕاپۆرتـەکان باسـی دەکـەن کـۆی گشـتی بەرکەوتووانـی هـەر دوو لایـەن بریتییـە لـە ١٤ کـوژراو و ٣٤ برینـدار.

٣. لـە دەوروبـەری ١٧ی ئەیلـوول، شـێخ مەحمـود سـنووری بەزانـدووە و لـە ناوچـەی هەورامانـەوە (Avroman) هاتووتـە نـاو خاکـی عێـراق. ئـەو نەهاتووەتـە سـلێمانی و چویتـە پشـدەر و بـاس لـەوە دەکـرێ لەوانەیـە لەگـەڵ [سـەرکردەکانی ئـەم ناوچەیـە] ئەگـەری ڕاپەڕینـی کـورد تاوتـوێ بـکات. هەورامـان دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی سـلێمانی، لـە حاڵـی حـازردا دۆخەکـەی زۆر ناجێگیـرە، دوای ئـەوەی شـێخ مەحمـود چووەتـە ئـەو ناوچەیـە دۆخەکـەی ناجێگیرتـر بـووە.

لـەم دواییانـەدا مسـتر ئالبـان، لێکۆڵەریـی کارگێڕیـی لـە سـلێمانی، سـەردانی ئـەم ناوچەیـەی کـردووە، وادیـارە ئـەم سـەردانەش کاریگەریـی باشـی هەبـووە. ڕاپۆرتـەکان بـاس لـەوە دەکـەن لـە لیـوای هەولێـر بەشـێک لـە کـوردەکان تفەنـگ دەکـڕن. نرخـی هـەر چەکیـک لـە ٣ لیـرە بـۆ ١٥ لیـرە بـەرز بووەتـەوە.

٤. دەتوانیــن بڵێیــن ئێســتا بارودۆخــی کوردســتان، بارودۆخێکــی هەســتیارە. ئاشــکرایە بەخشــینی ئیمتیازاتــی زۆرتــر بــە کــورد لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە، بــەوە هەژمــار دەکرێــت کــە ئــەم ئیمتیازاتانــە بــە زۆر وەرگیــراون و لەلایــەن کوردەکانــەوە بــە لاوازی حکومەتــی عێــراق لێکدەدرێتــەوە و دەبێتــە هاندەرێــک بــۆ کــورد کــە دەســت بــە ڕاپەڕینــی کــراوە بکــەن.

٥. لەوانەیــە لــە مــاوەی مانگێکــدا، بڵاوکردنــەوەی یاســای زمــان کاریگەرییەکــی بــاش لەســەر کــورد دروســت بــکات، بــەڵام بــە تەواوەتــی بۆچوونــم وایــە کــە لــە حاڵــی حــازردا گرتنەبــەری ئــەم هەنــگاوە، کارێکــی مەترســیدارە.

بەوپەڕی ڕێزەوە،

شەرەفمەندم کە بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارتان بم.

واژوو: B. Brooke-Popham

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

زۆر زۆر نهێنی (ل٤٣٤-٤٣٣)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز.

١. شـــەرەفمەندم ئامـــاژە بـــە تەلەگرامەکـــەم بـــە ژمـــارە ٤٥١ بـــە ڕێکەوتـــی ٢٥ی ئەیلوولـــی ١٩٣٠ بکـەم، کـە تێـدا ئامـاژە بـە یاداشـتێک دەکات کـە لەلایـەن شـێخ محەمـەد ئەمینـی خورشـید ئاغـای خێڵـی داودە واژوو کـراوە و لـەم تەلەگرامـەدا وەرگێڕانـی ئـەم یاداشـتە هاوپێـچ دەکـەم.

٢. واژووکارانـی ئـەم یاداشـتە سـەرکردە و کەسـایەتییە ناگرنگەکانـی ناوچـەی کەرکووکـن و هاتوونەتـە بەغـدا تـا پێشـوازیی لـە گەڕانـەوەی مەلیـک فەیسـەڵ بکـەن. ئەگـەری زۆرە ئـەم سـەردانە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی کەرکـووک ڕێکخرابێـت، ئەویـش بـە پێـی فەرمانـی وەزیـری ناوخـۆ. محەمـەد ئەمیـن ئاغـا لـە چاوپێکەوتنێکـی تایبـەت لەگـەڵ یاریـدەدەری ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆ، گوتوویەتـی، ئـەم شـاندە بـەو هەسـتەوە کەرکووکیـان [بـەرەوە بەغـدا بەجێهێشـت] کـە گوایـە سیاسـەتی حکومەتـی عێراقیـان بەرانبـەر کـورد پـێ ڕادەگەیێنرێـت و بـە گەشـتنیان بـە بەغـدا بـە فەرمـی پێشـوازیان لیدەکرێـت و لەسـەر تێچـووی حکومـەت لـە باشـترین هۆتێـل دەمێننـەوە. دواتـر ئـەم یاداشـتە خراوەتـە بەردەمیـان تـا واژووی بکـەن. لـەم بارودۆخـەدا ئـەوان هیـچ بژاردەیەکیتریـان نەبـووە، تەنیـا واژووکردنـی یاداشـتەکە نەبێـت. محەمـەد ئەمیـن ئاغـا گووتـی، ئـەوان لەسـەر ناوەڕۆکـی یاداشـتەکە ڕازی نەبوونـە.

٣. دواتـر سـێر کینهـان کۆڕنوالیـس چـاوی بـە واژووکاران کەوتـووە، ئـەوە ڕاسـت بـووە کـــە گەشـــتی شـــاندەکە ڕێکخرابـــوو و وەفـــاداری خۆیـــان بـــۆ حکومەتـــی عێـــراق دەربڕیـــوە و لـــە [لێکۆڵـــەری] کارگێڕیـــش ڕازی بوونـــە.

٤. بـــەم جـــۆرەش ئەســـتەمە پاڵنەرەکانـــی محەمـــەد ئەمیـــن ئاغـــا و خواســـتەکانی لێـــک جیـــا بکرێنـــەوە، ئەگـــەر بیەوێـــت لـــە هـــەر دوو لایـــەن شـــوێن پێـــی هەبێـــت. لـــە

گشــت حاڵەتێکــدا، ئــەو ڕاســتییەی محەمــەد ئەمیــن ئاغــا هــەردوو یاداشــتەکەی واژوو کــردووە دەرخــەری هەســتی دژ بەیەکــن و ئاماژەیــە بــۆ ئــەو نرخــەی کــە دەبــێ بــۆ ئــەم جــۆرە بەڵگەنامانــە دابنرێــت.

بەوپەڕی ڕێزەوە، شەرەفمەندم کە بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارتان بم.

واژوو: B. Brooke-Popham

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

وەرگێڕان (ل٤٣٥)

ئێمـە واژووکارانـی خـوارەوە، سـەرۆکی خێڵەکانـی کەرکـووک، ویسـتی ئازادانـەی خۆمان دەردەبڕیـن کـە تـا مـردن ملکـەچ و وەفـاداری بەرژەوەندییەکانـی پاشـایەتی پڕشـکۆی عێـراق بیـن. ئێمـە لـە ڕێگـەی جێگـری پاشـا، خاوەنشـکۆ مەلیـک عەلـی و لـە میانـەی ئـەم مەزبەتـەوە بـە حکومەتـی خاوەنشـکۆ مەلیـک فەیسـەلی یەکـەم نیەتپاکـی خۆمـان بـۆ جێبەجێکردنـی فەرمانەکانـی ڕادەگەیێنیـن. ئێمـە، وەک هاووڵاتـی پارێـزەری ئـاڵای عێـراق لـە چواچێـوەی یەکێتـی خاکـی عێـراق، لـە ڕابـردوو و لـە ئێسـتادا وەفـاداری و ملکەچـی خۆمـان بـۆ ئـەم حکومەتـە بەڕێـزە دەپارێزیـن.

ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـە لەسـەر ئاشـتی و ویژدانـی گشـت عێراقییـەک کاریگەرییـان نوانـدوە، بۆیـە ئێمـە بـە نوێنەرایەتـی خۆمـان و خێڵەکانمـان وەفـاداری و ملکەچـی خۆمـان ڕادەگەیێنیـن و داوا لـە خـودای بـە توانـا دەکەیـن لـە بەدیهێنانـی شـتی بـاش و شـکۆداریی مەلیکەکەمـان و ئەندامانـی حکومەتەکـەی سـەرکەوتوو بـکات.

هـەر بژیـت مەلیکـی شـکۆدار مەلیـک فەیسـەڵی یەکـەم، مەلیکـی عێـراق، هـەر بژیـت ئەندامانــی حکومەتەکەی.

ئـەم مەزبەتەیـە لـە بەغـدا لـە ڕێکەوتـی ١٨ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، ٢٥ی ڕەبیعلئەوەلـی ١٣٤٩، لـە بەغـدا نـووسراوە.

واژوو:

سـەعید محەمـەد ئەفەنـدی، سـەرۆکی خێڵـی جەبـاری، عەبدولکەریـم وادی ئاغـا سـەرۆکی زەنگەنـە، محەمـەد ئاغـا سـەرۆکی خێڵـی شـێخ بزێنـی، سـلێمان ئاغـا، سـەرۆکی خێڵـی هەمەوەنـد، ڕەشـید ئاغـا سـەرۆکی خێڵـی شـوان، محەمـەد ئەمیـن ئاغـا، سـەرۆکی خێڵـی داودە، عەلـی ئاغـا، سـەرۆکی خێڵـی شـێخان.

کۆپی (ل٤٣٦)

نهێنی

ئاماژە بە نووسراوی پێشوو

نووسراوی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠، هەروەها تەلەگرامی ژمارە ٤٤٨ لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

سێر،

١. شەرەفمەندم کە بۆ زانیاری بەڕێزت چەند کۆپیەک لە ڕاپۆرتی خوارەوەتان بۆ بنێرم کە تایبەتە بە پرسی ‹داواکاریی کورد›.
٢. ناوی داواکاران لەو کۆپیەی کە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق نێردراوە، ڕەشکراوەتەوە.

شەرەفمەندم کە بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارت بم.

R. Brooke-Popham

بەڕێز وەزیری کاروباری موستەعمەرات.

| ڕێکەوت | وەسف |
|---|---|
| ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ | بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەغدا، نامەی ژمارە (P.O. 215) هاوپێچ لەگەڵ کۆپی نووسراوی دووەم. |

نهێنی (ل٤٣٧)

ژمارە (P.O. 215)

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز سەرۆک وەزیران

ڕاسپێردراوم لە ڕێگەی بەڕێز کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق، کە کۆپی دوو داواکاری ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کراوە بۆتان ڕەوان بکەم (١٩٣٠/٨/٣١)، هەروەها داوا بکەم ئایا حکومەتی عێراق، پێش ئەوەی داواکارییەکان بۆ وەزیری کاروباری [موستەعمەرات] بنێردرێت، هیچ تێبینییەکی لەسەر ئەم داواکارییانە هەیە (١٩٣٠/٩/٧).

بەڕێز کۆمسیاری باڵا خوازیارە ئاماژە بەوە بدات کە کۆپیەک لە ڕاپۆرتی مستر ئالبان، لەبارەی یاخیبوونەکەی سلێمانی، بۆ وەزیری [موستەعمەرات] ناردووە و کۆمسیاری باڵا پێشنیازی کردووە ئەم ڕاپۆرتە تێبینی پێویستی لەسەر داواکارییە هاوپێچکراوەکەی لەخۆگرتووە.

سەبارەت بە داواکاری فەرەنسا، وادیارە حکومەتی عێراق لەسەر خودی داواکارییە ئۆریجناڵەکەی کورد تێبینییەکانی خۆی دەردەبڕیت، ئەم داواکارییەش هاوپێچی نامەکەی جەعفەر پاشا بە ژمارە ٢٤٢٢ لە ڕێکەوتی ١٩ی ئابی١٩٣٠، کراوە.

بەهەرحاڵ، ئەگەر حکومەتی عێراق بیەوێت شتێکیتر لەسەر تێبینییەکانی پێشووی زیاد بکات، بەڕێز کۆمسیاری باڵا خۆشحاڵ دەبێت ئەم تێبینیانە بخاتە بەردەم حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا.

خزمەتکارتان

واژوو: R. S.M. Sturges

His Excellency

Nuri Pasha al Sa'id, C.M.G., D.S.O

.President of the Council of Ministers, Baghdad

وەرگێڕانی تەلەگرام (ل ٤٣٨-٤٣٩)

لەلایەن: حەفسەی نەقیبزادە.

بۆ: بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

ڕێکەوت: ٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠.

ژێدەری دەقی ڕەسەنی تەلەگرامەکە: سلێمانی

لایەنی ئاڕاستەکراو: ٢ لایەن.

ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجامدرا، بە شێوەیەکی دڕندانە و بێڕەحمانە بەڕێوەچوو، بە جۆرێک کە هیچ نەتەوەیەک لەم جیهانەدا، تەنانەت لە سەردەمی بەربەریەتدا بە دەست ئەم شێوازە دڕندەیە نەیناڵاندووە. کام یاسا دەڵێت نەتەوەیەک لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبێ بترسێنرێت؟ کام یەک لە ئێوە پارێزەری یاسان و کام یەک لە ئێوە یاسای پێشێل کردووە؟ کام یاسا باس لەوە دەکات پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنەدا چەک بەکار بهێنرێت بۆئەوەی خەڵک بترسێنرێت؟ ئەمڕۆ سلێمانی لە قۆناغێکی ترسناک و بەربەریەتدا دەربازدەبێت تا مێژووی مرۆڤە بەرپرسیارەکان بە ڕەشی بنووسرێتەوە. کابینەی حکومەت گفتوگۆی لەگەڵ کەسانی ئاسایی ئەم وڵاتە کردووە. کاتێک گەل بەم شتەی زانی، کۆبوونەوە و ناڕەزاییان دەربڕی. ئەمەش مافی خۆیانە. کاتێک حکومەت زانی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک دژی ئەم کارەن، سەربازی هێنا و چەکی ئۆتۆماتیکی بەکارهێنا و تەقەیان لە خەڵک کرد. ٦٠ تا ٧٠ کەس کوژراو و بریندار بوون. کام یاسا ڕێگە بەم جۆرە کارە دەدات؟ چۆن ئەو کەسانەی ئەم کارەیان کردووە، دەتوانن بیسەلمێنن کە بێ تاوانن؟ ئێمەی کورد بە گشتی دژی ئەم ستەمکارییە مەترسیدارە دەوەستینەوە. ئێمە تا ئەوکاتەی خوێن لە دەمارەکانماندا بێت باس لەم کارە دەکەین. ئێوە پارێزەری یاسان، کەواتە چۆن یاساتان پێشێل کرد؟ هێزی چەکدار ڕازی نەبوو لەسەر ئەو کارەی کە لەگەڵ خەڵکیان کرد، بەڵام بە زەبری هێز هاتنە ناو ماڵی من و دەستیان بە پشکنینی ماڵەکەم کرد و چەکیان لە هەمبەر ئافرەت بەرز کردەوە.

ئـەم پشـکنینە بـووە هـۆی لەدەسـتدانی سـامانە بەنرخەکـەم. مـن داوای مافـی خـۆم لـە گشـت کەسـێک دەکـەم کـە یاسـای پێشـێل کـردووە و دەسـتدرێژی بـۆ سـەر شـەرەفی ماڵەکــەم کــردووە. دوای ئــەم پێکدادانــە شــەرمەزارە، ســوپا کەســایەتییە ناودارەکانــی ئێمــەی دەســتگیر کــرد و دواتــر بــۆ بەغــدا نێــردران.

داوا لــە بەڕێــزت دەکــەم ئــەم تەلەگرامــە وەرگێڕیتــە ســەر زمانــی ئینگلیــزی و بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان لــە جنێــڤ بنێریــت.

دووبـارە داڕشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـر موستەعمەرات (ل٤٤٠-٤٤١).

٢٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠.

لـە کاتژمێـر ٢:٥٢ خولەکـی بەیانـی لـە ڕێکەوتـی ٢٨ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، گەیشـتووەتە نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

گرنـگ. نێـردراوە بـۆ وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات بـە ژمـارە ٤٥٤، دووبارەکـراوە بـۆ ئێسـتانبۆڵ بـە ژمـارە ٤٢.

چـاوم بـە نـوری پاشـا کـەوت. وەزیـری [کاروبـاری دەرەوەی تورکیـا] چاوپێکەوتنێکـی لەگەڵــدا هەبــوو و گووتویەتــی لــە دوای تەواوبوونــی ئۆپەراســیۆنی ســەربازی لــە ئـارارات لـە دژی کـورد، سـوپای تورکیـا بـەرەو باشـوور جوڵـەی پێکـراوە تـا ڕووبـەڕووی کوردەکانــی باشــووری دەریاچــە وان ببێتــەوە، لەوانەیــە ئــەم ڕووبەڕووبوونەوەیــە لــە ناوچــەی جۆلەمێـرگ بێـت. وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی تورکیـا لـە سـەرۆک وەزیرانـی عێراقــی پرســیووە کــە ئایــا ڕێگــە دەدەن ســوپای تورکیــا بێتــە نــاو خاکــی عێراقــەوە تــا لــە باشــوور کوردەکانــی [تورکیــا] دەوره بــدەن. نــوری نارەزایەتــی خــۆی دەربــڕی و گووتــی ئــەم کارە دەبــێ بــە نــووسراو پێشــکەش بکرێــت. هەروەهــا ڕۆژی هەینــی لەلایــەن دەســەڵاتدارێکی تورکیــا داوا لــە موتەســەڕیفی مووســڵ کــراوە، لەوانەیــە والــی کاکەیارییــەکان بێــت، کــە ئایــا ڕێگــە دەدرێــت ســوپای تورکیــا لــە ناوچــەی شــەمزینان [ناوەکــە بــە جوانــی ناخوێندرێتــەوە لەوانەیــە شــەمزینان نەبێــت، وەرگێــڕ] کــە دەکەوێتــە باکــووری ڕۆژهەڵاتــی بــارزان بێتــە نــاو خاکــی عێــراق.

لـەم بـارەوە بۆچوونـی نـوری، کـە منیش بـە تەواوەتی لەگەڵیـدا هاوڕام، ئەوەیـە بە هیچ شـێوەیەک نابـێ ڕێگـە بدرێ سـوپای تورکیـا بێتە ناو خاکی عێـراق، چونکە ئـەم کارە، یەکەم، لـە دژی گشـت داب و نەریتێکـی نێودەوڵەتییـە، دووەم ئـەم کارە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی لـە داهاتـودا تورکیـا [نیـو ڕسـتە ناخوێندرێتـەوە. وەرگێـڕ] و داواکاریی زۆرتری هەبێت. سـێیەم، ئەگـەر سـوپای تورکیـا تەنیـا بۆ چەنـد کاتژمێرێکـی کەمیش بێنە نـاو خاکی عێـراق، لەوانەیە

پێکدادان ڕوو بدات و قوربانی لێبکەوێتەوە. لەوانەیە سەربازەکانی تورکیا بکوژرێن، یاخود هەڵبێن و ڕووداوی نەخوازراویتر ڕووبدات.

هەروەها نوری ئاماژەی بەوە کرد نایەوێت هیچ کارێک بکات ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی دۆستانەی ئێستای نێوان عێراق و تورکیا. من بە نوریم گووت ناوەڕۆکی گفتوگۆکەمان بۆ لەندەن دەنێرم و لێیان دەپرسم کە ئایا دەکرێ هیچ ڕێکارێکی کردەنی بگیرێتەبەر بۆ پەشیمان کردنەوەی تورکیا بۆ خستنەڕووی داواکارییەکی فەرمی لەم بارەوە، چونکە ئەستەمە ڕێگە بەم جۆرە کارە بدرێت.

تورکەکان لە خاکی خۆیاندا مەودایەکی بەرفراوانیان هەیە بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە جوڵەیەکی دەورەدان، هەروەها ئەگەر ئەوان تیشک بخەنە سەر فڕۆکەکانیان و بە باشی سوود لەم فڕۆکانە وەرگرن، دەتوانن بە ئاسانی جوڵەی هەر جۆرە دەستەیەکی گەورە دیار بکەن. ئەگەر تورک دووبارە گشت بنکە سەربازییەکانی سەر سنوورەکەیان دابمەزرێننەوە کە چەند مانگ لەمەوبەر ئەم بنکانەیان چووڵکرد، دەتوان ڕێگر بن لە هەڵاتنی کوردەکان بۆ ناو خاکی عێراق.

ئەگەر سێر فرانسیس هامفریس لە ئەنقەرە مایەوە، لەوانەیە باسی ئەم بابەتە بکات. ئەم کێشەیە هاوشێوەی یاخیبوونەکەی نەجد (Nejd) نییە کە ساڵی پار ڕوویدا، هەروەها دەکرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەنابەران سوپای عێراق ڕەوانەی سنووری زاخۆ بکرێت، بەڵام ئەم سوپایە ناتوانێت ئەم کارە لە ناوچەی بارزان یاخود لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم ناوچەیە ئەنجا بدات، چونکە:

ا ئەم ناوچەیە تا ئێستاش لە ژێر کۆنترۆڵدا نییە.
ب بەهۆی بوونی بەربەستی سروشتی بەرانبەر جوڵەی سوپا و نزیک بوونەوەی وەرزی بەفر بارین.

بۆیە من بە گومانم مەبەستی سوپای تورکیا لەم جوڵەیە لە ناوبردنی و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کورد بێت، ئەمە تەنیا بیانوویەکە و هیچیتر.

(ل٤٤٢)

Mr. Flood 27/9 at once

78315/30 Iraq

دووبـارە دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق.

لە کاتژمێر ٣:٣٠ خولەکی ئێوارە لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠ نێردراوە.

(ئـەم نـووسراوە بگەڕێندرێتـەوە تـا بـە وەزارەتـی دەرەوە لەگـەڵ داوکاریی [کـوردەکان] هاوپێـچ بـکات و بـۆ [کۆمەڵـەی گـەلان] بنێرێـت.

ژمارە ٣٥٧.

ئامـاژە بـە تەلەگرامەکـەت بـە ژمـارە ٤٤٨ لـە ٢٥ی ئەیلـوول. لـە سـەرەتای هەفتـەی داهاتـوو داواکارییەکـەی کـوردەکان، هاوپێـچ لەگـەڵ بۆچوونەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەسـەر داواکارییەکـە بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بـەرز دەکرێتـەوە.

ئامـاژە بـە نـووسراوی نهێنـی بەڕێـزت لـە ڕێکەوتـی ١٦ی ئەیلـوول، دەمەوێـت بزانـم لــە وەڵامــی نامــەی ڕێکەوتــی ١٠ی ئەیلــوول، وەڵامــی داواکارەکان چــۆن دراوەتــەوە. مـن هـاوڕام کـە ئـەو نـووسراوەی هاوپێچـی نـووسراوە زۆر زۆر نهێنییەکـەی ڕێکەوتـی ١٦ی ئەیلــوول کرابــوو، تاڕادەیــەک نووسراوێکــی قایلکەربــوو، بــەڵام خۆشــحاڵ دەبــم ئەگــەر بەڕێــزت لەگــەڵ ئــەم نــووسراوە ئــەو بابەتانــەی پەیوەســت بــەو تێبینیانــەی لــە پەرەگرافــی ٢ی تەلەگرامەکــەم بــە ژمــارە ٣٦٦ لــە ڕێکەوتــی ٢٠ی ئەیلــوول داوام کردبـوو، هاوپێـچ بکەیـت.

دووبـارە داڕشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـر موسـتەعمەرات (ل ٤٤٣).

١ی تشرینی یەکەم.

لـە کاتژمێـر ٣:٢٠ خولەکـی ئێـوارە ڕێکەوتـی ١ی تشرینـی یەکـەم ١٩٣٠، گەیشـتووەتە نووسـینگەی موسـتەعمەرات).

ژمارە ٤٦٣.

ئامــاژە بــە تەلەگرامەکەتــان بــە ژمــارە ٣٧٥ لــە ڕێکەوتــی ٢٧ی ئەیلــوول. تــا ئێسـتا وەڵامـی نامـەی ڕێکەوتـی ١٠ی ئەیلـوول بـە دەسـتمان نەگەیشـتووە. بۆیـە بـە ڕەچاوکردنــی دوایيــن پەرەگرافــی تەلەگرامەکەتــان بــە ژمــارە ٣٦٦ لــە ڕێکەوتــی ٢٠ی ئەیلـوول ناوڕۆکـی داواکاریـی کوردەکانـم بـۆ حکومەتـی عێـراق نـاردووە تـا تێبینییەکانـی خۆیـان لەسـەر داواکارییەکـە بخەنـەڕوو. هەروەهـا دەقـی ڕەسـەنی داواکارییەکـە بـۆ بەڕێـزت دەنێردرێـت تـا پێشکەشـی کۆمەڵـەی گەلانـی بکەیـت.

سـەبارەت بـە دوايیـن پەرەگرافـی تەلەگرامەکەتـان، تکایـە ئامـاژە بـە نـووسراوە زۆر زۆر نهێنیەکـەم لـە ڕێکەوتـی ٢٦ی ئەیلـوول بکـە.

لــە هــەر جــۆرە ئاماژەدانێــك بــەم بابەتــە تکایــە ئامــاژە بکــە بــە نــووسراوی (E 52070/2558/93)   (ل ٤٤٤)

هەروەهــا ئاڕاســتەکراوە بــۆ- نــاوی هیــچ کەســێک نەهێنرێــت- «جێگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە» (Under-Secretary of State). وەزارەتــی دەرەوە، لەنــدەن، S. W. 1

جێگری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی بـۆ جێگـری وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات دەخاتـەڕوو، هەروەهـا بـە ڕێنمایـی وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، کۆپیـەک لـەم نـووسراوەی خـوارەوە دەخاتـەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

٦ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠

ئامــاژە بــە نــووسراوی پێشــوو: نامــەی نووســینگەی موســتەعمەرات بــە ژمــارە (٣٠/٧٨٣١٥) لــە ڕێکەوتــی ١ی تشرینــی یەکــەم.

وەسفی نووسراوەکە (description of enclosure)

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
| --- | --- |
| بـۆ: کۆمەڵـەی گـەلان، ٤ی تشرینـی یەکـەم | کوردەکانی عێراق |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ...

1421389B (2)

وەزارەتی دەرەوە، S. W. 1 (ل٤٤٥)

(٩٥/٢٥٥٨/٦٢٧٠)

٤ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠

بەڕێز،

١. لەلایەن مستر وەزیر هێندێرسۆن (Henderson) ڕاسپێردراوم، دەقی ڕەسەنی داواکاریی کۆمەڵێک کوردی عێراق بخەمە بەردەم بەڕێزت، هاوپێچ لەگەڵ دەقی ڕەسەنی ئەو نامەیەی لەلایەن ئەم کوردانەوە ئاڕاستەی کۆمسیاری باڵا لە عێراق کراوە.

٢. وەزیری دەرەوە خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر ئەم بەڵگەنامانە بخەیتە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، لە هەمان کاتدا بۆیان ڕوون بکەیتەوە کە تێڕوانینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لەسەر ئەم داواکارییە لە زووترین دەرفەتدا پێشکەش دەکرێت.

بەڕێز،

من خزمەتکاری ملکەچی بەڕێزتم.

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ.

نـووسراوی نهێنـی ‹A› لەلایـەن کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق بـۆ هاوپێچکـردن، لـە ڕێکەوتـی ١٠ی تشرینـی یەکـەم ١٩٣٠ (ل ٤٤٦-٤٦٧)

زۆر زۆر نهێنی

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٨ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠

ژمارە: P.O 225

بەڕێز سەرۆک وەزیران،

١. کۆپی ئەو نامەیە هاوپێچ دەکەم کە لەلایەن شێخ مەحمودەوە بۆم هاتووە.

٢. سـەرەتا، مـن بـە نیـاز نیـم وەڵامـی شـێخ مەحمـود بدەمـەوە تـا ئەوکاتـەی کـە ئـەو نەگەڕێتـەوە ئێـران، دواتـر، بـە بۆچوونـی مـن دەبـێ وەڵامـی نامەکـە سـێر فرانسـیس بداتـەوە نـەک مـن.

٣. بەهەرحـاڵ، پێـم باشـترە پێـش گەڕانـەوەی سـێر فرانسـیس، تـا ئـەو شـوێنەی بکرێـت شـتەکان چارەسـەر بکرێـن، بۆیـە خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر بەڕێـزت سـەبارەت بـە وەڵامدانـەوەی شـێخ مەحمـود هـەر پێشـنیازێکت هەبێـت.

٤. بە بڕوای من هێڵە گشتییەکانی وەڵامەکە باشترە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

**ا** ڕوون بکرێتـەوە کـە هیـچ کردەیەکـی دڕندانـە لـە سـلێمانی ڕووینـەداوە و ئـەو قوربانیانـەش کـە لـە ڕووداوەکـەدا کەوتوونەتـە بـە هـۆی ئاژاوەگێڕیـی خەڵکـە خۆپێشـاندەرەکە بـووە.

**ب** تیشـک بخرێتەسـەر ئـەو ئیمتیازاتانـەی کـە بـە کـورد دراوە، بـۆ نموونـە دامەزراندنـی یاریـدەدەری بەڕێوەبـەر بـۆ کاروبـاری کـوردەکان، دامەزراندنـی نووسـینگەی وەرگێـڕان، دامەزراندنـی لێکۆڵەریـی پەروەردەیـی و ڕەشنووسـی یاسـای زمـان.

**ج** ئامـاژە بـەوە بکرێـت کـە لـە مـاوەی ڕابـردوودا کـورد و عـەرەب بـە باشـی لەگـەڵ یەکـتر ژیـاون و بۆیـە کـورد پێشـوازیی لـە پێکـەوە ژیـان لەگـەڵ نەتەوەیـەک دەکـەن کـە زمانیـان، زمانـی قورئانـە.

**د** تیشــک بخرێتــە ســەر لێدوانەکــەی مێجــەر یۆنــگ لــە ســلێمانی، بــە تایبەتــی ئــەو ڕستەیەی کـە دەڵێـت: «ئـەوان (بـۆ نموونـە حکومەتـی بەریتانیـا) پشـتگیریی لـە هیـچ جـۆرە چالاکییـەک ناکـەن.... وەک مەیلـی کـورد بـۆ جیابوونـەوە).

**ه** ئامــاژە بــەوە بکرێــت کــە بــاش نییــە خــەون بــە ســەربەخۆیی ببینرێــت، هەروەهــا خۆشــگوزەرانی کــورد بــە عێراقــەوە گرێــدراوە و تەنیــا هیوایــەک بــۆ گەشەســەندن و بەختەوەریـی کـوردەکان بریتییـە لـە کارکـردن لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق، نەک وەسـتان لـە دژی ئـەم حکومەتـە.

خزمەتکارتان

واژوو: R. Brooke-Popham

His Excellency

Nuri Pasha al Sa'id, C.M.G., D.S.C

President of the Council of Ministers, BAGHDAD

کۆپی (ل٤٤٨)

١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بۆ: بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

دوای سڵاو و ڕێز،

بێگومان بەڕێزت ئاگاداری دۆخی کارگێڕیی ئێستای کوردستان و بەتایبەتی ئەو تووڕەییەی کە لە کوردستاندا لە ئارادایە. ئەو دڕندەییەی لەلایەن عەرەبەکانەوە لە سلێمانی ڕوویدا، تا ئێستا هاوشێوەی لە کوردستاندا ڕووی نەداوە. ئەم ڕووداوەش بۆ بەڕێزت بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەمەبەدوا پێکەوەژیانی کورد و عەرەب مومکین نییە. لە ئێستا و لە داهاتوودا، کورد بە بێ هیچ مەرجێک ملکەچی حکومەتی بەریتانیا بووە. کورد لە ڕابردوودا وەک ئەرکی خۆی، هەرگیز لە بیری نەکردووە، یاخود درەنگی نەکردووە لە نیشاندانی دۆستایەتی خۆی و بۆ ملکەچ بوونی بۆ حکومەتی بەریتانیا و لە داهاتووش هەر وا دەبێت. بەڵام بەداخێکی زۆرەوە ئەم دۆستایەتی و ملکەچییە، تا حاڵی حازر تەنیا نەهامەتی بۆ کورد و سوودی بۆ عەرەب هەبووە.

بەپێی ئەو نامە و پەیامە هاوخەمیانەی بە دەستی من گەیشتوون، هیوای کوردە دراوسێکانمان بۆ بێهیوایەتی گۆڕدراوە، لە کاتێکدا لە سەرتاسەری ئەم کوردستانە بە بەردەوامی زانیاری بە من دەگات کە دوای بەکارهێنانی دڕندانەی چەک لەلایەن عەرەبەکان لە دژی کورد، چیتر کورد تاقەتی دان بە خۆداگرتنی نەماوە.

بە ناوی ئەم گەلە ئارییایە، هەموو کورد داوای ئازادیی و جیابوونەوە لە عەرەب دەکەن، ئەوان بە توندی و بە بڕاوەیی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن تەنیا لە ژێر پارێزگاری بەریتانیادا دەمێننەوە.

واژوو

(شێخ مەحمود)

زۆر نهێنی (ل٤٤٩-٤٥١)

خانەی مەندوبی سامی

بەغدا، ٨ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠.

بەڕێز،

١. لە بەردەوامی نووسراوە زۆر نهێنییەکەم بە ژمارە ‹A› لە ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بە تایبەتی بە ئاماژەدان بە پەرەگرافی ٣ی نووسراوەکە، من لێکۆڵینەوەی زۆرترم لەسەر یاخیبوونەکەی سلێمانی ئەنجامدا و بەم ئەنجامگیرییانەی خوارەوە گەیشتووم، کە لەوانەیە بەرفراوانکردنی ڕاپۆرتەکەی مستر ئالبان بێت، کۆپیەک لەم ڕاپۆرتەش لە نووسراوی ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا هاوپێچکراوە.
٢. تەنیا هێزی پۆلیس کە چەکی (تفەنگ) بەدەستەوە بووە، ١٢ پۆلیس بوون کە پاسەوانیان لە بەندیخانە کردووە و ٤ پۆلیسی تریش لە سەرا بوونە. پۆلیس هیچ تەقەیەکی نەکردووە.
٣. بەشێک لە خەڵکە خۆپیشاندەرەکە بە مەبەستی ئازادکردنی بەندکراوەکان هێرشیان کردە سەر بەندیخانەکە، ئەوکات ٤٠ بەندکراو لە بەندیخانەکەدا بوون.
٤. مستر ئالبان داوای لە سوپا کردووە یارمەتی پۆلیس بدات. هەر جۆرە داواکارییەک بە شێوەی زارەکی یاخود لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، بە نووسراو پشتڕاست کراوەتەوە.
٥. خەڵکە گردبووەوەکە چەکیان هەبووە و بەکاریشیان هێناوە. فیشەکێک لە پۆستاڵی یەکێک لە سەربازە برینداربووەکانی سوپای عێراقدا دۆزراوەتەوە و کالیبرەکەشی ٠.٣٢ ئینچ بووە. ئەم فیشەکە لەو چەکانەوە دەرنەچووە کە بەدەست سوپای عێراق یاخود بە دەست پۆلیسەوە بووە.
٦. تفەنگەکانی سوپا بێ نێزە بوون و تا ئەو کاتەی نەگەیشتوونەتە سەرا نێزەیان لە تفەنگەکانیان نەبەستووە.
٧. بە گەشتنیان بۆ بەردەم سەرا، مستر ئالبان داوای لە سوپا کردووە (O. C. Company) کە بڵاوە بە خەڵک بکەن.

٨. هیچ چەکێکی ئۆتوماتیکی لەوێ نەبووە.

٩. لە نێوان کوژراوەکاندا سێ منداڵ هەن کە تەمەنیان نۆ، دە و دوانزدە ساڵانە. ئەم منداڵانە بەشێک لە خەڵکە گردبووەکە بوون و بەشداربوونە لە هاوێشتنی بەرد. هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست نییە کە نیشان بدات، یاخود هۆکارێک هەبێت گریمانەی ئەوە بکەین سەربازەکان بە ئەنقەست تەقەیان لە منداڵەکان کردووە.

١٠. سەبارەت بە سەربازە کوژراوەکە، بەڵگەنامەکان، بە پێی ڕیزبەندی ڕووداوەکان لە دژی یەکترن. زۆربەی ئەو لێدوانانەی لەم بارەوە بەدەست من گەیشتوونە باس لەوە دەکەن سەربازەکە پێش تەقەکردنی سوپا کوژراوە، هەروەها ئەمە بۆچوونی کۆمەڵێک کوردە کە لە بەغدا دەژین. بەهەرحاڵ بەڵگەیەکی زۆر ڕوونی ئەفسەرێکی بەریتانی لە سوپای عێراق هەیە کە سەربازەکە تا کۆتایی یاخیبوونەکە نەکوژراوە، بە بۆچوونی منیش ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام سەربازەکە بە تەقەی ئەنقەست لەلایەن یاخیبووەکان کوژراوە نەک بە نەزانی.

بەهەرحاڵ ناتوانم بڵێم دەبێ لۆمەی سوپا (O. C. troops) بکەین، تەنانەت ئەگەر ئەم سوپایە پێش ئەوەی هیچ یەک لە سەربازەکانی بکوژرێن، تەقەی کردبێت. بەشی یاسای ڕێنمایی سوپای بەریتانیا، کە پەیوەستە بە پرسی سوپا لە کاتی یارمەتیدانی هێزێکی مەدەنی، باس لەوە ناکات کە سوپا دەبێ ڕاوەستێت و تەقە نەکات تا ئەوکاتەی یەکێک لە سەربازەکانی دەکوژرێت.

١١. هەر وەک لە پەرەگرافی ٩ دا نووسراوە زۆر نهێنیە بە ژمارە ‹A›، لە ڕێکەوتی ١٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠، ئاماژەم پێداوە، هەمیشە دەکرێت ڕەچاوی زەرورەتی یارمەتی وەرگرتن لە سوپا بین. دوای خوێندنەوەی گشت ڕاپۆرتەکان، بۆچوونی من بریتییە لەوەی کە مستر ئالبان، بە تەواوەتی لەسەر حەقە. ناکرێ تەنیا شاری سلێمانی بێنینە بەرچاو، بەڵکو پرسەکە پەیوەستە بە گشت لیوای سلێمانی، لە ڕاستیدا پەیوەستە بە سەرتاسەری کوردستان. تەنانەت ئەگەر بڵێین پۆلیس بە تەنیا دەیتوانی بەرەوڕووی یاخیبوونەکە بوەستێتەوە، ئەنجامی سەرکەوتنی کاتی یاخیبووەکان زۆر مەترسیدار دەبوو، بۆیە ئەوکات بە بۆچوونی من مستر ئالبان زۆر هەڵە دەبوو لە ئەنجامدانی

هەر جۆرە سەرەڕۆییێك و سەرکوت نەکردنی یاخیبوونەکە لە جاری یەکەمدا. بۆیە کاتێک ئەو بانگێشتی سوپای کردووە کارێکی زۆر دروستی ئەنجامداوە.

١٢. سەبارەت بە بەرکەوتووان (کوژراو و بریندار)، بە دڵنیاییەوە جیاوازیی هەیە [لە نێوان بەرکەوتووانی مەدەنی و سوپا]، بەڵام لە ڕاستیدا کاتێک داوا لە سوپا دەکرێت یارمەتی هێزی مەدەنی بدات، ئەم جۆرە جیاوازییە ڕوو دەدات. لەم چەشنە کاتانەدا دوو دڵی لەم جۆرە کارانەدا، تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی لە دوای یەک یان دوو کاتژمێر لە دوای سەرهەڵدانی یاخیبوونەکە، بەرکەوتووی زۆرتری لێبکەوێتەوە.

لەم بارەوە، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە زۆرێک لە سەربازانی سوپای عێراق تەقەی هەواییان بەسەر خەڵکدا کردووە. پەرەگرافی ١٢٥٤ لە ڕێکارەکانی پاشایەتی بۆ سوپا (King's Regulations for the Army) تەقەکردن بەسەر سەری خەڵکدا بە کارێکی ناشیاو دەزانێت، چونکە ئەمە « لەقازانجی ئەو کەسانەیە کە ورەیان هەیە و تاوانبارن و ئەوانەی ورەیان کەمترە و تاوانباریش نین دەبنە قوربانی». هەروەها پەرەگرافی (٨)٨٤٩ ڕێکارەکانی پاشا بۆ هێزی ئاسمانی پاشایەتی، تەقەکردن بەسەر سەری خەڵکدا بە کارێکی ناشیاو دەزانێت.

ڕێکارەکانی پاشایەتی بۆ سوپا ئاماژە بە شارە گەورەکان و ناوچەی تەژی لە دانیشتوان دەدات، لە حاڵەتی شارێکی بچووکی وەک سلێمانی کە دەکەوێتە ناو جەرگەی ناوچەیەک و ژمارەی دانیشتووانی کەمن، ئەگەری زۆر کەمە تەقەکردنی هەوایی، کوژرا و برینداری لێبکەوێتەوە، هەروەها هیچ بەڵگەیەکیش لەبەر دەست نییە کە سوپا ئەم کارەی ئەنجام دابێت. بەم پێیەش، من دەتوانم بڵێم ئەگەر لەم [یاخیبوونەدا] سوپای بەریتانیا ‹ڕێکارەکانی پاشا›ی بەکارهێنابا یاخود ناچار با بەکاریان بێنێ، ژمارەی بەرکەوتوان زۆرتر دەبوو.

بەو پەڕی ڕێزەوە،

شەرەفمەندم کە ملکەچترین و بەوەفاترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

واژوو: R. Brooke Popham

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

٩ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠ (ل٤٥٢-٤٥٤)

بۆ بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا.

هاوپێچ وێنەیەک بۆ:

لێکۆڵەری کارگێڕیی، سلێمانی.

سکرتێری کۆمەڵەی گەلان، لە ڕێگەی کۆمسیاری باڵاوە.

بەڕێز،

لەم چەشنە بارودۆخەدا ئێمە، ئەم [ڕووداوانەی] خوارەوە بۆ بەرچاوڕوونی بەڕێزت دەخەینەڕوو.

لە ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەمی١٩٢٢ەوە، هیچ شتێک لەبارەی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان تایبەت بە کورد جێبەجێ نەکراوە، کە بە پێی ئەم بڕیارە باشووری کوردستان لکێنرا بە عەرەبەکانی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات.

لە ساڵی ١٩٢٢، کورد مەزبەتەیەکیان بەرزکردەوە و داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانی کرد، بەڵام داواکەیان پشتگوێ خرا.

لە شوباتی ساڵی ١٩٣٠، نوێنەرانی کورد [لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا] ڕاپۆرتێکیان خستەبەردەم بەڕێز کۆمسیاری باڵا، بەڵام وەڵامی ئەو ڕاپۆرتەش نەدرایەوە.

لە ئاداری ساڵی ١٩٣٠، ئەم نوێنەرانە داوایەکیتریان پێشکەش کرد و داوایان کرد کە مافە دانپێدراوەکانی کورد جێبەجێ بکرێن، بەڵام ئەم داوایەش بە بێ وەڵام مایەوە.

کۆمەڵەی گەلان زۆر بە باشی دەزانێت کە کورد ناتوانن لەگەڵ عەرەب بژین، بۆیە کۆمەڵەی گەلان بڕیارە بەناوبانگەکەی لەم بارەوە دەرکرد.

دوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی پەیماننامە نوێیەکەی ئەنگلۆ-عێراقی لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە، بۆ کورد دەرکەوت کە بە پێی ئەم پەیماننامەیە، گشت مافەکانیان پشتگوێ خراوە. کورد بینیان کە لە دوای هەموارکردن و پەسەندکردنی ئەم

پەیماننامەیە، ئەوان بە بێ هیچ مەرجێک خراونەتە ژێر دەسەڵاتی عەرەب، ڕووداوێک کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان و ویستی کورد ناگونجێت. لە ئەنجامدا، کورد لە زاخۆوە تا باجەلان (خانەقین) نیگەران بوون و گشتیان پێکەوە ڕاپەڕین و بە زارەکی و بە نووسراو، داوای مافەکانی خۆیان کرد.

عەرەب بە ئەنجامدانی ڕەشەکوژی لە سلێمانی وەڵامی داواکانی کوردیان دایەوە و بە ئەنقەست تفەنگ و چەکی ئۆتۆماتیکی لە دژی خەڵک بەکار هێنرا. ئەم ڕووداوە تەنانەت لەلایەن خودی سەرۆک وەزیرانەوە بە هاوشێوەی ڕووداوە مێژووییەکەی کەربەلا هەژمار کراوە. لە لیوا کوردییەکانیتردا بەرپرسە عەرەبەکان دەستیان کردووە بە گوشار خستنەسەر کورد و گواستنەوە و کەمکردنی ژمارەی فەرمانبەرانی کورد. سەرەڕای ئەم دڕندەییەش، حکومەتی عەرەب کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردی دەستگیرکردووە و بۆ شوێنێکیتریان گواستوونەتەوە.

ئاماژە بەوە کراوە کە لە نێو برینداربووانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەی سلێمانی، منداڵ هەن تەمەنیان لە هەفت ساڵ دەرباز ناکات و سکیان بە خەنجەرەکانی سەرە تفەنگی سوپاوە کون کون کراوە. دوای ئەم هەموو کارەساتەی ڕوویداوە، ئایا دەکرێ نکۆڵی لە مافەکانی کورد بکرێ. بێ هیچ گومانێک ئەم کارە سەلماندی بۆ کورد مومکین نییە لە پاڵ عەرەب بژین، بۆیە کورد بڕیاریانداوە بە هەر نرخێک بێت لە عەرەب جیا ببنەوە.

بێگومان، حکومەتی بەریتانیا کە بە هۆکاری مرۆیی و پاڵنەری جوامێرانە ئینتیدابی بەسەر عێراقدا پەسەنکرد، گوێ لە مافە ڕەواکانمان دەگرێت کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە و دان بەوەدا دەنێت، ئێمە مافی خۆمانە ئەم داوایانە بخەینەڕوو:

١. دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە چوارچێوەی سنوورە سروشتییەکانی کە لە زاخۆوە تا پشتەوەی خانەقین درێژ دەبێتەوە، چوڵکردنی ئەم هەرێمە لە سوپا و فەرمانبەری مەدەنی عەرەب و بەڕێوەبردنی لەلایەن حکومەتی کورد.
٢. بە ڕەچاوکردنی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لەم بارەوە، ئەم هەرێمەی سەرەوە، وەک دەوڵەتی کوردی لە ژێر دەسەڵاتی ئینتیداب دەمێنێتەوە.
٣. بەپەلە ئازادکردنی ئەو کەسانەی بەهۆی پشێوییەکانی سلێمانییەوە بەندکراون یاخود ڕاگوێزراون.

٤. گواستنەوەی گشت فەرمانبەر و کاربەدەستانی کورد لە ناوچە عەرەبنشینەکان بۆ ناوچە کوردنشینەکان.

سەبارەت بەم داوایانەی سەرەوە کە کورد شەرەفی ئەوەی هەیە بخاتە بەردەم بەڕێزت، چاوەڕوانی وەڵامی بەپەلە و بە نرخی بەڕێزت دەکەین و تکایە ڕێزی ئێمە قبوڵ بفەرموو.

واژوو: محەمەد

بە نوێنەرایەتی گشت نوێنەرانی کورد

**واژووکراو لەلایەن سەرۆکەکانی پشدەر**

| | |
|---|---|
| عەبدوڵا ئاغا زادە | عوسمان ئاغای ئیبراهیم ئاغا. |
| ئەحمەد ئاغای قەرەنی ئاغا. | سەعید ئاغای وەتمان ئاغا |
| ئەحمەد ئاغای حاجی ڕەسوڵ ئاغا | محمەد ئاغای ڕەسوڵ ئاغا. |
| عەباس ئاغای ڕەشید ئاغا | مستەفا ئاغای عوسمان ئاغا. |
| بابەکر ئاغای خدر ئاغا | جوامێر عەباس ئاغا |
| عوسمان ئاغای غەنی ئاغا | ئەحمەد بەگی ئەمین بەگ |
| حەسەن ئاغای ڕەشید ئاغا | ئەحمەد ئاغای ڕەسوڵ ئاغا |
| ئیبراهیم ئاغای بابکر ئاغا | ئیبراهیم ئاغای هۆمەر ئاغا. |
| خدر ئاغای پیرۆت ئاغا | ئیبراهیم ئاغای محەمەد ئاغا |
| محەمد ئاغای هۆمەر ئاغا. | عوسمان ئاغای بابکر ئاغا |
| خدر ئاغای ئیبراهیم ئاغا | عەوڵا ئاغای قەرەنی ئاغا |
| بابەکر ئاغای عەباس ئاغا | باپیر ئاغای ئەحمەد ئاغا |
| ئەحمەد ئاغای وەتمان ئاغا | ئەحمەد ئاغای باپیر ئاغا |

سەلیم ئاغای بەیاز ئاغا بابەکر ئاغای غەنی ئاغا

وەرگێرانی داوکاریی ژمارە ‹A› (ل٤٥٥-٤٥٦)

٩ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠

بۆ: سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ.

لە ڕێگەی: کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

بەڕێز،

ئێمە سەرۆک خێڵی خێڵەکانی مەریوان و کوێخای ئەو گوندانەی خێڵەکانی فەتاح عەلی بەگی (Fatali Begi) تێدا نیشتەجێن و دەکەوێتە سەر سنوورەکانی ئێران، هیواخوازین بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەریتانیا و لەگەڵ هاووڵاتییەکانمان لە ژێر ئەم دەسەڵاتەدا بژین و داوای ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە ژێر پارێزگاریی بەریتانیای گەورە دەکەین، کە تەنیا بەرگریکارێکە ئێمە هەمانە و گشت بەرگریکارەکانیتر ڕەت دەکەینەوە. هەروەها ئێمە داواکارین تەنیا بەڕێز شێخ مەحمود، نەک هیچ کەس و ئیدارەیەکیتر، ببیتە فەرمانڕەوای هەموو کورد.

**واژووکاران:**

عەلی ئیبن حەسەن، سەرۆک خێڵ.

غوڵام حەسەن، سەرۆک خێڵی ئۆلاجار (Aulajer).

تەوفیق محەمەد ، سەرۆک خێڵی دەوڵەتی.

تەها، سەرۆک خێڵی ڕەشە فەرەج.

مەجید حەمید بەگ، سەرۆکی کێڵگەکانی عەزیز (Aziz lands).

فەرەجوڵا، سەرۆکی گوندی نامی.

محەمەد سەعید، سەرۆکی گوندی خەیلان.

محەمەد، سەرۆکی گوندی گاریاتی (Gariati).

مستەفا ئیبن حوسێن، سەرۆکی گوندی پیلۆ حوسێن.

جان محەمەد، سەرۆکی گوندی گالگە (Galga).

کاک محەمەد ئەمین.

محەمەد تەوفیق نێیچەران.

عەبدوڵا لە گوندی کۆبیلا.

عەلی، لە گوندی داروەران.

نەسروڵا، لە گوندی ناچی.

محەمەد لە گوندی نایگاچە (Naigacha).

محەمەد شەریف، لە گوندی کۆکچا.

فەتاح، لە گوندی کاک یاوێین.

حەسەن، لە گوندی نەحمان.

محەمەد ئەمین لە گوندی قامیشە.

عەبدوڵا، لە گوندی سەردوش.

محەمەد شەریف لە گوندی محەمەد.

ئەحمەد لە گوندی کانی سپیکە.

محەمەد ساڵ، لە گوندی لاو.

حوسێن، لە گوندی ئاغجا.

محەمەد، لە گوندی سەیف.

محەمەد، کوێخای گوندی سەیف.

عەلی، کوێخای گوندی کاکل.

محەمەد ڕەحیم، کوێخای گوندی شارگە (Sharga).

حوسێن، کوێخای گوندی بانسوجەلا (Bansojala).

حەمە شەریف، کوێخای گوندی لاباگۆن (Labagon).

مەولود، کوێخای گوندی مۆڵەکە.

وەرگێڕانی داواکاریی ژمارە ‹B› (ل٤٥٧-٤٥٨)

٩ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠

بۆ: سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ.

لە ڕێگەی: کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

بەڕێز،

لـە ڕوانگـەی ئـەو سـەرکوتکاری و نادادپەروەرییـەی لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا ئێمـە بـە دەسـت عەرەبـەکان کێشـاومانە، بۆمـان دەرکەوتـووە ناتوانیـن بـە یەکگرتوویـی لەگـەڵ ئەوانـدا بژیـن.

بـۆ ئـارام ڕاگرتنـی کـورد، ئێمـە داواتـان لێدەکەیـن ئیدارەیەکـی سـەربەخۆ بـۆ کـورد لەژێـر سەرپەرشـتیی حکومەتـی بەریتانیـا [بـە کـورد] بدرێـت. ئێمـە هیـچ کەسـێک بـە حوکمـداری (Hukumdar) خۆمـان نازانیـن، تەنیـا شـێخ مەحمـود، سـەرکردەی نـاوداری کـورد نەبێـت، هیواخوازیـن لـە ژێـر فەرمانڕەوایـی ئـەودا بژیـن. ئێمـە و گشـت سـەرکردەکانی نەتـەوەی کـورد پشـتیوانی لـەم داواکارییـە دەکەیـن و داوا دەکەیـن ناوەڕۆکـی ئـەم داواکاریـی پەسـەند بکرێـت.

**واژووکاران:**

جەعفەر سوڵتان، سەرۆکی ناوداری خێڵەکانی هەورامان.

ئەفراسیاب بەگ ڕۆستەم سوڵتانزادە.

مستەفا بەگی سەلاری جەنگ جەعفەر سوڵتانزادە.

نادرخان، سەرۆکی خێڵی حەسەن سوڵتان، هەورامانی خووارووە.

مستر فلوود (Mr. Flood) (ل٤٥٨-٤٧١)

ئێمــە ڕووبــەڕووی دوو پرســیار بووینەتــەوە. یەکــەم چــۆن مامەڵــە لەگــەڵ داواکارییەکانــی کــورد بکەیــن کــە بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان نێــردراوە و لــە حاڵــی حــازردا ژمــارەی ئــەم داواکارییانــە چــوار داواکارییــە، مامەڵەکــەش بــە شــێوەیەک بێــت کــە دڵنیــا بیــن ئــەم داواکارییانــە تــا ئــەو جێگــەی مومکیــن بێــت کەمتریــن ڕەخنــە و گرفــت لــە جنێــڤ بــۆ ئێمــە دروســت بکــەن. دووەم، چــۆن بــە باشــترین شــێوە لەگــەڵ ئــەو نائارامــی و ناڕەزایەتییــەی کــە ئێســتا لــە لیــوا کوردییەکانــی عێــراق لــە ئارادایــە، مامەڵــە بکەیــن. ئــەم نائارامییــە بــە شــێوەی یاخیبــوون لــە هەڵبژاردنــی ئــەم دواییــەی ســلێمانی دەربــڕا. ئــەم دوو پرســە، هەردووکیــان گرنگــن، بــەڵام پرســی دووەم لــە ڕادەبــەدەر گرنگــە. مــن ســەرەتا تیشــک دەخەمــە ســەر ئــەم پرســە.

هــەر وەک مســتر ئێدمۆنــز (Mr. Edmonds) (یاریــدەدەری ڕاوێــژکاری وزارەتــی ناوخــۆی عێــراق) دوێنــێ ئێمــەی ئــاگادار کــردەوە. دوو ســاڵ لەمەوبــەر شــتێک بــە نــاوی پرســی کــورد لــە ئــارادا نەبــوو، ئێســتا لــە سەرتاســەری کوردســتاندا جوڵانەوەیەکــی بەهێــزی ناسیۆنالیســتی و جیاخوازیــی لــە ئارادایــە، ئەگــەر بــە وریایــی و عاقڵانــە مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم جوڵانەوەیــەدا نەکرێــت ڕووبــەڕووی هەمــان دۆخ دەبینــەوە کــە لــە حاڵــی حــازردا حکومەتەکانــی تورکیــا و ئێــران لــە ناوچــە کوردییەکانــی خۆیانــدا ڕووبــەڕووی بوونەتــەوە. جێگــەی سەرســوڕمانە کــە بــۆ ماویەکــی دورودرێــژ جوڵانــەوەی ســەربەخۆخوازی لــە کوردســتانی ئێــران و تورکیــا کاریگەریــی لەســەر کــوردی عێراقــدا دروســت نەکــردووە. بــە بــڕوای مــن هۆکارەکــەش بــۆ دەســتڕۆیی و چاودێــری بەریتانیــا دەگەڕێتــەوە کــە بــە هاوخەمیانــە و بــە عاقڵانــە فەرمانڕەوایــی بەســەر کوردەکانــی عێراقــدا کــردووە.

بەهــەر حــاڵ، لــە مــاوەی دوو ســاڵی ڕابــردوودا، دۆخەکــە بــەرەو خراپــی ڕۆیشــتووە. حکومەتــی عێــراق مەیلێکــی زۆری نیشــانداوە لــە پشــتگوێ خســتنی ئــەو بەڵێنانــەی بــە کــوردی داوە، بەتایبەتیــش ســەبارەت بــە دامەزراندنــی فەرمانبەرانــی کــورد لــە لیــوا کوردییــەکان و ناســاندنی زمانــی کــوردی بــە زمانــی فەرمــی لــەم لیوایانــەدا. یاداشــتنامەکەی ســێر ک. کۆرنوالیــس کــە لــە ژمــارەی ١ی بەشــی ١ی ئــەم نــووسراوەدا هاوپێچکــراوە، ئاســتی

شکستی حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان و ئەو ناڕەزایەتییە دەخاتەڕوو کە لە ئەنجامی ئەم شکستەدا سەریهەڵداوە.

لە یاداشتنامەکەدا سێر ک. کۆرنوالیس کۆمەڵێک پێشنیازی کۆنکریتی بۆ نەهێشتنی ناڕەزایەتی کورد دەخاتەڕوو و زۆربەی پێشنیازەکانی لەلایەن حکومەتی نوری پاشا قبوڵ کراون کە [نوری پاشا] لە کاتی گفتوگۆکان لەسەر پەیماننامە نوێیەکە گشت تواناکانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێشنیازانە وەگەڕخستبوو، بەڵام ئێستا کاتەکە، زۆر درەنگ بووە. دواتر ناڕەزایەتییە تەمومژاوییەکەی ناوچە کوردییەکان بەرەو هەستێکی جیددی نەتەوایەتی پەرەیسەند کە ناکرێت ئەم هەستە بە بەخشینی کۆمەڵێک ئیمتیازات دامرکێنرێتەوە. ئەم ئیمتیازاتانەش بە پلەی سەرەکی بریتین لە:

**ا** ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای زمان.

**ب** دامەزراندنی ناوچەی پەروەردەیی کوردی لە ژێر بەرپرسیاریتی لێکۆڵەرەکی پەروەردەیی کە کورد بێت.

**ج** کردنەوەی نووسینگەی وەرگێڕانی [بەڵگەنامە، یاسا و ڕێنماییەکان] بۆ سەر زمانی کوردی کە سەر بە وزارەتی ناوخۆ دەبێت.

**د** دامەزراندنی کوردێکی یاریدەردەری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕیی لە وەزارەتی ناوخۆ.

ئەم بەڵێنانە خۆی لە خۆیدا جێگەی ڕەخنە لێگرتن نین، بەڵام کاتێک ئەم بەڵێنانە و گەشتی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت و مێجەر یۆنگ لە مانگی ئابی ڕابردوو بۆ ناوچە کوردییەکان، ڕاگەیێندرا و لە ژێر ڕۆشنایی نەبوونی هیچ بەندێك کە ئاماژە بە ناوی کورد لە پەیماننامە نوێیەکدا بکات و گەرەنتی بەردەوامیدان بەو بەڵێنانە بدات کە بە کورد دراوە، کەچی حکومەت هیچ کارێکی ئەوتۆی بۆ نەهێشتنی نیگەرانییەکانی کورد ئەنجام نەداوە. بۆیە دەکرێت ئەم گەشتە بە گەشتێکی شکست خواردوو هەژمار بکەین. ژمارەی ئەو داواکارییانەی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان و ڕێکخراوەکانیتریان ناردووە و داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دەکەن، هەروەها ئەو هاندانەی بووە هۆی سەرهەڵدانی یاخیبوونەکەی سلێمانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، گشتیان لە ژمارەکانی ۱۱۲ و ۱۱۳ی ئەم دۆسیەیەدا تیشکیان خراوەتەسەر.

هەر یەکسەر لە دوای یاخیبوونەکە یازدە سەرکردەی کورد، واتە واژووکارانی دوو داواکارییەکەی کوردەکان بە فەرمانی لێکۆڵەری کارگێڕیی بەریتانی دەستگیرکران، کە بۆ ماوەیەک موتەسەڕیفی بە وەکالەتی سلێمانیش بووە. ئەم کەسانە خرانە ناو بەندیخانە و تا ئێستاش لەوێ ماونەتەوە.

لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئەیلوول کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت ڕاپۆرتی ناردووە (ژمارە ١٤٥) و ئاماژە بەوە دەکات کە بارودۆخی سەرتاسەری کوردستانی عێراق مەترسیدارە و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە کە لەم چەشنە بارودۆخەدا دانی هەر جۆرە ئیمتیازێکی زۆرتر بە کورد، وەک هێمای لاوزابوونی حکومەتی عێراق لەلایەن کورد لێک دەدرێتەوە. بەم هۆیەشەوە ئەو دەڵێت نابێ گوشار بخەینە سەر حکومەتی عێراق بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی یاسای زمان. پێویست بەوە ناکات لەم بارەوە بۆچوونی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت وەرگرین، بەڵام بە بۆچوونی من ئەو هەنگاوەی حکومەتی عێراق بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکەی سلێمانی گرتیەبەر، هەروەها هەنگاوە توندەکەی دەستگیرکردنی گشت سەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد، بە گشتی وەک بەڵگەی قەناعەتپێکەر هەژمار دەکرێن کە حکومەتی عێراق لە کاتی پێویستدا لە گرتنەبەری ڕێکاری توند ناترسێت، هەروەها دەکرێ ئێستا بە ئاسوودەیی هەنگاو بهاوێژرێت بۆ ئارامکردنەوەی بۆچوونە میانڕەوەکانی ناوچە کوردییەکان.

حکومەتی عێراق ناتوانێ هیواخوازبێت کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە دەتوانێ کێشەی کوردی عێراق چارەسەر بکات. بە بۆچوونی من گرتنەبەری سیاسەتێکی حەکیمانە بۆ ئاشتەوایی و نەهێشتنی گلەیی و گازندەی کورد، لەوانەیە لە جنێڤ زۆرتر پەسەند بکرێت. تا ئەوکاتەی کورد ئارام نەگرن، کوردستان هەمیشە وەک دڕکێک لە چاوی عێراقدا دەمێنێتەوە. ئاژاوە و نائارامی بەردەوام دەبێت هەر وەک کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە نووسراوەکەی (ژمارە ١٤٧) بە ڕێکەوتی ٢٦ی ئەیلوول، پێشنیازی کردووە حکومەتی عێراق ناتوانێت بە بەردەوامی پشت بە حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا ببەستێت «بۆئەوەی ئەو گرفتەی خۆی دروستی کردووە بۆی چارەسەر بکات».

بە بڕوای من بە پێی ڕوونکردنەوەکەی کۆمسیاری باڵا (کە تا چەند ڕۆژێکیتر دەگاتە عێراق) کارێکی هەڵە نییە ئەگەر پێشنیازی بۆ بکەین، باشترە حکومەتی عێراق کە تا ئێستا دەستێکی بەهێزی نیشانی کورد داوە، سیاسەتی ئاشتەوایی لەگەڵ ئەو کوردانە بگرێتەبەر کە بۆچوونی میانڕەوانەیان هەیە و هەوڵ بدات لە دەستڕۆییشتوویی کەسانی توندڕەو دوریان بخاتەوە. هەروەها کارێکی عاقڵانە نابێت کە یاخیبوونی پچڕپچڕ و پەرتوبڵاو، حکومەتی عێراق لە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە پەشیمان بکاتەوە. ئێمە دەتوانین پێشنیازێکی کۆنکریتی بخەینەڕوو کە باشترە یاسای زمان بڵاوبکرێتەوە، ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ زیادکردنی فەرمانبەرانی کورد، یاخود ئەو کەسانەی بە کوردی قسە دەکەن لە دامودەزگای کارگێڕیی لیوا کوردییەکاندا (بە تایبەتیش لە کەرتی پۆلیسدا)، هەروەها ئەگەر بەڵگەی پێویست لەبەر دەست نەبێت کە بسەلمێنێت سەرکردە کوردە دەستگیرکراوەکان بە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە یاخیبوونەکەی سلێمانییەوە هەیە، دەبێ ئەم سەرکردانە یەکسەر ئازاد بکرێن، ئەگەرنا ئەم سەرکردانە نازناوی شەهید وەردەگرن.

ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر ئەم شتانەی سەرەوە درا، کارێکی باش دەبێت کۆمسیاری باڵا بە حکومەتی عێراق بڵێت ئەگەرچی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا گشت تواناکانی خۆی لە جنێڤ و لەهەر شوێنێکیتر دەخاتەگەڕ تا بەرانبەر هەر هەنگاوێک کە دژی یەکپارچەیی خاکی عێراق بوستێتەوە، بەڵام هاوکات چاوەڕوانە حکومەتی عێراق سیاسەتێکی ئازادانە بەرانبەر کورد بگرێتەبەر و بە کردار و بە گوتار بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات و هەوڵی جیددی بۆ نەهێشتنی گلەیی و گازندە ڕەواکانی کورد بدات.

لەو چوار داواکارییەی کە ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کراوە، ئەو داواکارییەی لەگەڵ نووسراوی مێجەر یۆنگ لە ٢٠ی ئاب بە ژمارە ٧٥ هاوپێچکراوە، نێردراوەتە جنێڤ و ڕوونکردنەوەیەکیشی هاوپێچکراوە بەوەی کە دواتر بینینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر داواکارییەکە دەخرێتەڕوو (بڕوانە ژمارە ١٥٨). سێ داواکارییەکەیتر لە ژمارەکانی ٩٦، ١٢١ و ١٤١ ئەم دۆسیەیەدا دەدۆزرێتەوە.

سـەبارەت بـە داواکارییـە ئۆریجناڵەکـە ژمـارە ٧٥، ئێمە زانیاری پێویسـتمان لەبەردەسـت نییـە بۆئـەوەی تێڕوانینـی خۆمـان لـە چوارچێـوەی ئـەم زانیاریانـەدا دابڕێژیـن، دەکـرێ ڕاسـپاردەکانی مێجـەر یۆنگ لە ژمارە ٧٥ی دۆسـیەکەدا ڕەچاو بکرێن و لـە پەیوەندیکردنمان بـە کۆمەڵـەی گـەلان تیشـک بخەینـە سـەر سیاسـەتی هەنوکەیی و ئـەدای ڕابردوو پشـگوێ بخەیـن، ئـەم داواکارییـە بـە پێچەوانـەی داواکارییەکانیـتر کـە لـە دواتر بـەرز کرانـەوە، هیچ شـتێکی بـڕاوەی سـەبارەت بـە پێشـێلکردنی بەڵێنـەکان یاخـود خـراپ مامەڵەکردنـی لەخـۆ نەگرتـووە. ئـەم داواکارییـە بریتییـە لـە داوایەکـی سـەرەتایی بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتانی عێـراق لـە ژێـر چاودێـری کۆمەڵـەی گـەلان، تا بـەم جـۆرە ڕێگە لە خـراپ مامەڵەکردنـی [حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کـوردەکان] لـە داهاتـوودا، بگیرێـت.

کەواتــە هیــچ پێویســت بــە خســتنەڕووی بۆچوونەکانمــان ســەبارەت بــە دۆخــی ئێسـتای کـورد نـاکات، بۆیـە بەڵگەنەویسـتە کـە دەکرێـت بـۆ جنێـڤ ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە بـەرز بکەینـەوە:

١. کۆپیـەک لـە نامەکـەی مێجـەر یۆنـگ لـە ڕێکەوتـی ٥ی ئەیلـوول، کـە بـۆ داواکارەکان نێـردراوە (هاوپێچـی دووەم لـە دۆسـیەی ١١١).
٢. چەنـد کۆپییـەک لـە نامەکـەی مێجـەر یۆنـگ بـە ڕێکەوتـی ١٤ی ئـاب کـە بـۆ سـەرۆک وەزیـران نێـردراوە، هەروەهـا وەڵامـی نامەکە لە ڕێکەوتـی ١٩ی ئاب(هاوپێچـی ژمارە ٥ لـە ژمـارە ٧٥)، تیشـک خستنەسـەر نـووسراوی وەزیری ناوخۆ بـە ڕێکەوتـی ٨ی ئەیلوول (یەکـەم هاوپێـچ لـە ژمـارە ١٢٢) کـە بـە زانیارییـە ئامـاژە پێـدراوەکان لـە نـووسراوی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە ڕێکەوتـی ٢٦ی ئەیلـوول پاڵپشـتکراوە (ژمـارە ١٤٥).

هەروەهـا کۆمەڵـەی گـەلان ئـاگادار بکرێتـەوە کـە ئـەو ڕێکارانـەی لـە حاڵـی حـازردا لەلایـەن حکومەتـی عێـراق گیراونەتەبـەر یاخـود بەنیـازە بیانگرێتەبـەر، هـەر وەک ڕوون کرایـەوە بـە تەواوەتـی داواکانـی بڕیـاری کۆمەڵـەی گـەلان لـە سـاڵی ١٩٢٦ جێبەجـێ دەکات، هەروەهـا کۆمەڵـەی گـەلان هیـچ کاتێـک مەبەسـتی نەبـووە و لـە ئێستاشـدا مەبەسـتی نییـە ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق ببێتـە دەوڵەتـی سـەربەخۆ. هەروەهـا ئێمـە دەتوانیـن بڵێیـن لـە ڕووی ئابـووری و سیاسـییەوە دەوڵەتـی کـوردی شـتێکی نامومکینـە.

بەهەرحاڵ، لە ڕوانگەی نائارامیەکانی ئێستای سلێمانی و ئەو ڕاستیەی کە واژووکارانی ئەم داواکارییە ئێستا لە بەندیخانەن، بابەتێک کە لەوانەیە کۆمیسیۆن ئاگاداری بێت، هەروەها لەوانەیە جنێڤیش ئاگادار بێت و چەندین داواکاریتر سەبارەت بەوەی کە لەگەڵ کورد خراپ مامەڵە دەکرێت و [حکومەتی عێراق] بەڵێنەکانی شکاندووە، کە لەلایەن کوردەکانەوە خراونەتەڕوو، بە ڕەچاوکردنی گشت ئەمانە ئایا کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، تەنیا بە بەیاننامەیەک ڕازی دەبێت لەسەر سیاسەتێک لەبارەی دۆخی ئێستای ناوچە کوردییەکان کە تا ئێستا زانیاریی تەواوی لەسەر نەبێت، یاخود بە بێ بوونی ئەم جۆرە زانیارییە ئایا کۆمیسۆن ئامادە دەبێت ڕاسپاردە بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، بەڵام بۆ وەدەست خستنی ئەم زانیارییانە دەبێ زۆرتر پشت بە بەغدا ببەستین و دەکرێ خستنەڕووی تێڕوانینەکانی خۆمان دوابخەین تا ئەوکاتەی چیتر کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب لە دانیشتنی تشرینی دووەمدا کاتی نەبێت تاوتوێیان بکات.

بەهەرحاڵ، دەکرێ مێجەر یۆنگ لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانی عێراق، زانیاری پێویست بخاتەبەردەم کۆمیسیۆن. خودی مێجەر یۆنگ گەشتێکی بۆ ناوچە کوردییەکان ئەنجام داوە و زانیاری باش و دەستەیەکی لەم بارەوە هەیە. زیاد لەمەش لە سەرتاسەری کوردستاندا بڕوایەکی وەها هەیە کە کۆمەڵەی گەلان بڕیاریداوە بە کۆتایی هاتنی ئینتیدابی بەریتانیا لەسەر عێراق دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی دامەزرێنێت. تا ئەوکاتەی کورد نائومێد دەبن و بەو بڕوایە دەگەن کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە دەرەوەی سیاسەتی کردارییە، لەوانەیە نائارامی لە کوردستان بەردەوام بێت. بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنێکی پێشوەختە لە کۆمەڵەی گەلان دەستەبەر بکەین. هەروەها بە بۆچوونی من باشترە هەر کاتێک توانیمان بۆچوونەکانمان لەسەر داواکاری کورد ئامادە بکەین، باشترە بە بێ چاوەڕوانیکردنی بەدەستهێنانی زانیاری زۆرتر لە بەغدا، ئەم بۆچوونانە بۆ [کۆمەڵەی گەلان] بخەینەڕوو.

داواکاریــی ســێیەم کــە لەلایــەن کۆمەڵێــک ســەرۆکی خێڵــی داودە نێــردراوە لــە ژمــارە ٩٦ی دۆســیەکەدا دەدۆزرێتــەوە. هــەر لــەم بــارەوە بڕوانــە ژمارەکانــی ١٢٨ و ١٤٦. کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت پێسـنیازی کـردووە، چونکـە یەکێـک لـە واژووکارانـی داواکارییەکـە (لـە ژێـر گوشـاردا) یاداشـتێکی واژوو کـردووە و ڕەزامەنـدی تـەواوی خـۆی لەسـەر ڕژێمـی ئێسـتا دەربڕیـوە، ئـەم داواکارییـە هیـچ بایەخێکـی نییـە. بۆیـە کۆمسـیاری بـاڵا هیـچ تێبینییەکـی لەسـەر داواکارییەکـە دەرنەبڕیـوە و داواشـی لـە حکومەتـی عێـراق نەکـردووە تێبینییەکانـی خـۆی بخاتـەڕوو. ئەمـەش بـە تەنیـا بـەس نییـە.

پەرەگرافـی ٤ی داواکارییەکـە تۆمـەت دەخاتـە پـاڵ ئیـدارەی عێـراق و ئـەم تۆمەتانـەش بـێ بنەمـا نیـن (بـۆ نموونـە، بوونـی ژمارەیەکـی زۆری فەرمانبـەری تورکـمان لـە لیـوای کەرکـووک). بـە بـڕوای مـن کارێکـی عاقڵانـە نییـە کاتێـک ئـەم داواکارییـە دەخەینـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان ئـەم تۆمەتانـە پشـگوێ بخەیـن، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی داواکارەکان پێگـەی کۆمەڵایەتیـان نزمـە، یاخـود یەکێـک لـە داواکارەکان لەگـەڵ ئەوانیـتر هـاوڕا نییـە.

دوو داواکاریەکەیـتر لـە ژمارەکانی ١٢١ (وەرگێڕانەکـەی ژمارە ١٢٠) و ١٤١ دەدۆزرێنەوە. هـەروەک دەبینـن حکومەتـی عێـراق بانگێشـتکراوە تێبینییەکانـی لەبـارەی ئـەم داواکاریانە بخاتـەڕوو، بـەڵام ئەسـتەمە ئـەم بانگێشـتکردنە هیـچ شـتێکی بـە نرخـی لێبکەوێتـەوە. داواکارییەکـەی کۆمیتـەی ناوەنـدی نەتەوەیـی لـە سـلێمانی (واتـە نووسـەرانی داواکارییـە ئۆریجناڵەکـە) کۆمەڵێـک تۆمەتـی تایبـەت بـە شـکاندنی بەڵێنـەکان و خـراپ مامەڵەکـردن لـە خـۆ دەگرێـت. بـە بـڕوای مـن، ئێمـە لـە پێگەیەکـدا نیـن کـە خـودی خۆمـان وەڵامـی ئـەم تۆمەتانـە بدەینـەوە. ئەمـە سـەبارەت بـە داوکاریەکانیتریـش هـەر ڕاسـتە کـە تێیـدا ناڕەزایەتـی دەربـڕاوە لەبـارەی بەڕێوەبردنـی هەڵبژاردنـەکان و ئـەو ئامرازانـەی بـۆ سـەرکوتکردنی یاخیبووەکانـی سـلێمانی گیراونەتەبـەر.

بـە بۆچوونـی مـن دەکـرێ داوا لـە کۆمسـیاری بـاڵا بکەیـن یاداشـتێکی هەمەگیـر ئامـادە بـکات کـە هـەر سـێ داواکارییەکـە لەخـۆ بگرێـت و بـە تێروتەسـەلی وەڵامـی گشـت تۆمەتـەکان بداتـەوە. پێویسـتە یاداشـتەکە بـە شـێوەیەک بێـت کـە شـیاوی نـاردن بـۆ جنێـڤ بێـت. پێویسـتە یاداشـتەکە کۆمەڵێـک داتـا لـە خـۆ بگرێـت کـە

ژمارەی فەرمانبەرە کورد و غەیرە کوردەکان لە لیوا کوردییەکاندا بە ڕیزبەند نیشان بدات، هەروەها ژمارەی فەرمانبەرە غەیرە کوردەکانی بە زمانی کوردی قسە بکەن نیشان بدات. ئەم زانیارییانە دەبێ ژمارەی ئەو فەرمانبەرە کوردانە نیشان بدات کە لە ناوچەکانیتری عێراقدا کار دەکەن. یاداشتەکە پێوستە تیشک بخاتە سەر گرفتەکانی دامەزراندنی فەرمانبەری نەتەوەی کورد بۆ ناوچە کوردییەکان و زەرورەتی دامەزراندنی کۆمەڵێک فەرمانبەری غەیرە کورد لە ناوچە کوردییەکاندا. بە تایبەتیش لە بواری دامەزراندنی پیشە تەکنیکییەکان.

دواتر دەکرێ یاداشتەکە هەندێك وردەکاری ئەو هۆکارانەی یاخیبوونەکەی سلێمانی لێکەوتەوە لەخۆ بگرێت، هەروەها ئاماژە بەو کردارانە بدات کە حکومەتی بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە و دواتر بۆ سەرکوتکردنی چالاکی تێکدەرانە گرتوویەتەبەر. دواتر ڕاپۆرتەکە بە خستنەڕووی تێرو تەسەلی سیاسەتی ئێستای حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد، ئەو هەنگاوانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەت گیراونەتەبەر و گۆڕانکارییەکانی سیستەمی ئێستای کارگێڕیی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بە کۆتا بێت.

هەروەها پێویستە یاداشتەکە بە شێوەیەکی گونجاو ئەو هۆکارە جوگرافی، ئابووری و سیاسییانە لەخۆ بگرێت کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد نامومکین دەکات.

پێویستە ئەم یاداشتە لەگەڵ بۆچوونەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لەبارەی داواکاری ڕەسەنی کورد تاڕادەیەك یەکتر بگرنەوە، بەڵام ئەم یاداشتە چوارچێوەیەکی گشتگیر لەسەر تەواوی پرسی کورد لە چوارچێوەی یەک بەڵگەنامەدا دەخاتە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب (و ئێمە). زیاد لەمەش بە خستنەڕووی زانیاری زۆرتر بۆ بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، ئەگەری کەمترە کۆمیسیۆن ڕاسپاردەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت لەم بارەوە بخاتەڕوو، ڕاسپاردەیەک کە تا ڕادەیەکی لەڕادەبەدەر زۆر حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق شەرمەزار دەکات.

١٤ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠ (ل٤٧٢-٤٧٤)

بۆ:

بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا.

بەڕێز سکرتێری کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ.

لە ڕێگەی: لێکۆڵەری کارگێڕیی لە سلێمانی.

بە ئاماژە دان بە نامە گۆڕینەوەکان، ئێمە بۆ ڕەچاوکردن ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢وە، واتە ئەو ڕێکەوتەی باشووری کوردستان بەعەرەبەکانی نیشتەجێێ نێوان دوو ڕووبارەکە-دیجلە و فورات-لکێنرا، تا ئەمڕۆکە هیچ یەک لەو بڕیارانەی کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە کورد دەرچووە، [لەلایەن حکومەتی عێراق] جێبەجێ نەکراوە.

لە ساڵێ ١٩٢٩، کوردەکان مەزبەتەیەکاین پێشکەشی [حکومەتی عێراق] کرد و داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانیان کرد، بەڵام داواکەیان ڕەچاو نەکرا، لە ساڵی ١٩٢٢، کورد مەزبەتەیەکیان بەرز کردەوە و داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانیان کرد، بەڵام داواکەیان پشتگوێ خرا.

لە شوباتی ساڵی ١٩٣٠، نوێنەرانی کورد [لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا] ڕاپۆرتێکیان خستەبەردەم بەڕێز کۆمسیاری باڵا، بەڵام وەڵامی ئەم ڕاپۆرتەش نەدرایەوە.

لە ئاداری ساڵی ١٩٣٠، ئەم نوێنەرانە داوایەکیتریان پێشکەش کرد و داوایان کرد مافە دانپێدراوەکانی کورد جێبەجێ بکرێن، بەڵام ئەم داوایەش بە بێ وەڵام مایەوە.

کۆمەڵەی گەلان زۆر باش دەزانێت کە کورد ناتوانن لەگەڵ عەرەب بژین، بۆیە کۆمەڵەی گەلان بڕیارە بەناوبانگەکەی لەم بارەوە دەرکرد [واتە بەخشینی مافی کورد].

دوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی پەیماننامە نوێیەکەی ئەنگلۆ-عێراقی لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە، بۆ کورد دەرکەوت کە بە پێی ئەم پەیماننامەیە، گشت

مافەکانیـان پشـتگوێ خـراوە. کـورد بینییـان کـە لـە دوای هەموارکـردن و پەسـەندکردنی ئـەم پەیماننامەیـە، ئـەوان بـێ هیـچ مەرجێـک خراوونەتـە ژێـر دەسـەڵاتی عـەرەب، ڕووداوێـک کـە بـە هیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ بڕیارەکـەی کۆمەڵـەی گـەلان و ویسـتی کـورد ناگونجێـت. لـە ئەنجامـدا، کـورد لـە زاخـۆوە تـا باجـەلان (خانەقیـن) نێگـەران بـوون و گشـتیان پێکـەوە ڕاپەڕیـن و بـە زارەکـی و بـە نـووسراو، داوای مافەکانـی خۆیـان کـرد.

عـەرەب بـە ئەنجامدانـی ڕەشـەکوژی لـە سلێمانی وەڵامـی داواکانـی کوردیـان دایـەوە و بـە ئەنقەسـت تفەنـگ و چەکـی ئۆتۆماتیکـی لـە دژی خەڵـک بـەکار هێـنرا. ئـەم ڕووداوە تەنانـەت لەلایـەن خـودی سـەرۆک وەزیرانـەوە بـە هاوشـێوەی ڕووداوە مێژووییەکـەی کەربـەلا هەژمـار کـراوە. لـە لیـوا کوردییەکانیـتردا بەرپرسـە عەرەبـەکان دەسـتیان کـردووە بـە گوشـار خستنەسـەر کـورد و گواسـتنەوە و کەمکردنـەوەی ژمـارەی فەرمانبەرانـی کـورد. سـەرەڕای ئـەو دڕندەییـەش، حکومەتـی عـەرەب کۆمەڵێـک ڕۆشـنبیر و کەسایەتییە ناودارەکانـی کـوردی دەسـتگیر کـردووە و بـۆ شـوێنێکیتر گواسـتونیەتییەوە.

ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە لـە نێـوان برینداربووانـی ئـەم ڕووداوە دڵتەزێنـەی سـلێمانی، منـداڵ هـەن کـە تەمەنیـان لـە هەفـت سـاڵ دەربـاز نـاکات و سـکیان بـە خەنجەرەکانـی سـەرە نێـزی سـوپا کـون کـون کـراوە. دوای ئـەم هەمـوو کارەسـاتەی ڕوویـداوە، ئایـا دەکـرێ نکۆڵـی لـە مافەکانـی کـورد بکـرێ. بـێ هیـچ گومانێـک ئـەم کارە سـەلماندی بـۆ کـورد مومکیـن نییـە لـە پـاڵ عـەرەب بژیـن، بۆیـە کـورد بڕیاریانـداوە بـە هـەر نرخێـک بێـت لـە عـەرەب جیـا ببنـەوە.

حکومەتـی بەریتانیـا کـە بـە هـۆکاری مرۆیـی و پاڵنـەری جوامێرانـە ئینتیدابـی بەسـەر عێراقـدا پەسـندکرد، گـوێ لـە مافـە ڕەواکانمـان دەگرێـت کـە لـە خـوارەوە ئاماژەیـان پێـدراوە و دان بـەوەدا دەنێـت کـە ئێمـە مافـی خۆمانـە ئـەم داوایانـە بخەینـەڕوو:

١. دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کـوردی لـە چوارچێـوەی سـنووری سروشـتییەکانیی لـە زاخـۆوە تـا پشـتەوەی خانەقیـن درێـژ دەبێتـەوە، چوڵکردنـی ئـەم هەرێمـە لـە سـوپا و فەرمانبـەری مەدەنـی عـەرەب و بەڕێوەبردنـی لەلایـەن حکومەتـی کـورد.

٢. بە ڕەچاوکردنی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لەم بارەوە، ئەم هەرێمەی سەرەوە، وەک دەوڵەتی کوردی لە ژێر دەسەڵاتی ئینتیداب دەمێنێتەوە.
٣. بەپەلە ئازادکردنی ئەو کەسانەی بە هۆی ئاژاوەکانی سلێمانییەوە بەندکراون یاخود ڕاگوێزراون.
٤. گواستنەوەی گشت فەرمانبەر و کاربەدەستانی کورد لە ناوچە عەرەبنشینەکان بۆ ناوچە کوردنشینەکان.

سەبارەت بەم داوایانەی سەرەوە، کورد شەرەفی ئەوەی هەیە بیانخاتە بەردەم بەڕێزت، چاوەڕوانی وەڵامی بەپەلە و بە نرخی بەڕێزت دەکەین و تکایە ڕێزی ئێمە قبوڵ بفەرموو.

**واژوو:**

جەعفەر سوڵتان، سەرۆکی هەورامان.

ئەفراسیاب بەگ ڕۆستەم سوڵتانزادە.

مستەفا بەگ جەعفەر سوڵتانزادە.

محەمەد بەگی ئەمیرئالۆ.

بەهرام بەگ، سەرۆکی وەلەد بەگ.

عەبدوڵرەحمان بەگ، وەکیلی خێڵەکانی جوانڕۆ.

شێخ عەلائەدین، ڕابەری پیاوە ئایینیەکانی بیارە.

شیخ محەمەد شێخ حسامەدین، ڕابەری ئایینی.

شێخ سەدیقی کوڕی شێخ بەهائەدین، ڕابەری ئایینی.

شێخ محەمەد تەوفیق کوڕی شێخ سدیق. ڕابەری ئایینی.

مەلا حوسێنی کوڕێ مەلا قادر، مامۆستای بیارە.

شێخ بەهائەدین، ئیمامی بیارە.

شێخ محەمەد سەحیب کوڕی شیخ نەجمەدین، ڕابەری ئایینی.

شێخ محەمەد ئۆسمان کوڕی شێخ نەجمەدین، ڕابەری ئایینی.

شێخ تەیب کوڕی شێخ عومەر، ڕابەری ئایینی.

شێخ حەسەن، ڕابەری ئایینی گوندی سەرگات.

شێخ تەها، ڕابەری ئایینی گوندی سەرگات.

محەمەد ڕەشید ئەبا عوبەیەدە سەعیدی مەحەمەدزادە.

عەبدولکەریم ئەبا عوبەیدە سەعید محەمەدزادە.

ئەمین بەگی فەتاح بەگ، کەسایەتی ناودار.

لــە هــەر جــۆرە ئامــاژەدان بــەم بابەتــە تکایــە ئامــاژە بکــە بــە نــووسراوی (E5270/2558/93) (ل ٤٧٥)

هەروەهــا ئاڕاســتەکراوە بــۆ- نــاوی هیــچ کەســێک نەهێنرێــت- «جێگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە» (Under-Secretary of State). وەزارەتــی دەرەوە، لەنــدەن، S. W. 1

جێگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی بـۆ جێگـری وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات دەخاتـەڕوو، هەروەهـا بـە ڕێنمایـی وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، کۆپیـەک لـەم نـووسراوەی خـوارەوە دەخاتـەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠

ئامـاژە بـە نـووسراوی پێشـوو: نامـەی وەزارەتـی دەرەوە بـە ژمـارە (E 5270/2558/93) بـە ڕێکەوتـی ٦ی تشرینـی یەکـەم.

**ناساندنی نووسراوەکە**

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| بـۆ: کۆمەڵـەی گـەلان، ٩ی تشرینـی یەکـەم، ژمـارە (6A/22413/655) | کوردی عێراق |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ...

1421388B (2)

کۆپی (ل٤٧٦)

(E 5270/2558/93)

(6A/22413/655)

کۆمەڵەی گەلان

٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، جنێڤ.

بەڕێز،

شەرەفمەندم ئاگادارت بکەمەوە کە نامەکەت بە ژمارە (E 5270/2558/93) لە ڕێکەوتی ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ داواکاری ئۆریجناڵی کۆمەڵێک کوردی عێراق، هەروەها ئەو نامەیەی لەلایەن ئەم کوردانە ئاڕاستەی کۆمسیاری باڵا لە عێراق کراوە، بەدەستمان گەیشت.

ئەم بەڵگەنامانە دەخرێنە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب.

ئاگادارم تێڕوانینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا [لەسەر داواکارییەکە] لە زوترین کاتدا دەخرێتە بەردەم [کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب].

لەگەڵ ڕێزدا،

واژوو: بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب.

The Right Honourable

The Secretary of State for Foreign Affairs

Foreign Office

Downing Street

London, S,W,1

ڕۆژهەڵاتی نزیک و هیند (ل٤٧٧-٤٧٠)

١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠

عێراق و پارێزگاکانی باکوور

بـە سـەرلەنوێ سـەرنج دان لـە بارودۆخـی باکـووری عێـراق، بـە دڵنیاییـەوە ڕەخنـەی عێراقیـە تونـدڕەوەکان (ناسیونالیسـتەکان) دەبینیـن کـە بڕوایـان وایـە ئـەو پەرۆشـیەی ئێمـە لـەم قۆناغـەدا بـۆ چارەنووسـی کـورد و کریسـتیان و کەمینەکانـی دیکـە لـە ویلایەتـی مووسـڵ هەمانـە، بەڵگـەی حاشـا هەڵنەگـرە لـە سـەر پیلانێکـی ئیمپریالیسـتی بـە مەبەسـتی وەرگرتنـەوەی سـەربەخۆیی لـە عێـراق لـە سـاڵی ١٩٣٢، بـەڵام بـە دان بەخۆداگرتـن دەتوانرێـت بەرەنـگاری ئـەو ڕەخنانـە بینـەوە. بـە هـۆی ئـەوەی لـە عێـراق ڕەخنـەی دوژمنکارانـە دژی بەریتانیـا، تەنانـەت پێـش ئـەوەی دۆزی کەمینـەکان بـە گەرموگـوڕی لـە دەرەوە پاڵپشـتی بکرێـت دەسـتی پـێ کردبـوو. تەنانـەت ڕاپۆرتـی فەرمـی حکومەتـی بەریتانیـا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بـۆ سـاڵی ١٩٢٩، بـە وردی بـاس لـەوە دەکات کـە ‹هێرشـێکی تونـدی ڕاگەیاندنـەکان› لـە مـاوەی چوارێکـی کۆتایـی سـاڵی ڕابـردوودا «لەسـەر سیاسـەتی حکومەتـی بەریتانیـا و فەرمانبەرانـی بەریتانیـا لـە عێـراق» لـە ئـارادا بـووە. ئەمـەش بەڵگەیەکـی حاشـا هەڵنەگـرە کـە [ئـەم سیاسـەتە] لەبەرژەوەنـدی خواسـتە ناسیۆنالیسـتیەکانی عێـراق نییـە. دەبێـت بـاش تێبینـی ڕەوتـی دژە بەریتانـی لـە عێراقـدا لـە سـاڵی ١٩٢٩بکەیـن، واتـە کاتێـک بـە پێـی ئـەم ڕاپۆرتـە، بەلانـی کەمـەوە [پەیوەنـدی نێـوان] کـورد و مەسـیحییەکان تـا ڕادەیـەک بـاش بـوو، کەواتـە بـۆ ئـەم سـاڵەی ئێسـتا دەتوانیـن چـی بڵێیـن کـە ئـەم کەمینانـە، لـە ئەنجامـی پەیماننامـەی ئەنگلـۆ-عێراقـی، بـە کۆدەنگییەکـی نائاسـایی، ناڕەزایەتـی خۆیـان دەردەبـڕن؟ لـە ئێسـتادا ئێمـە زۆر لـەوە دووریـن کـە پێشـوەختە حوکـم لەسـەر ئـەم پرسـە بدەیـن، چونکـە پڕوپاگەنـدە واتـە پڕوپاگەنـدە. بەهەرحـاڵ، وادیـارە، ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوەی فەرمـی لەسـەر دۆخـی ویلایەتـی مووسـڵ لـە بەرژەوەنـدی خـودی عێـراق و لـە بەرژەوەنـدی بەریتانیادایـە.

بـۆ چرکەیـەک مەزەنـدەی ئـەوە بکـە، کـە تـەواوی بانگەشـەی کـورد و کەمینەکانیـتر

بـێ بنەمـان و درۆ لـە دوای درۆ کـراوە، گشـت ئـەم هاتوهـاوارە لەسـەر سـەرکوتکردن و پشـتگوێ خسـتنی مافـەکان بریتییـە لـە قیـژەی مـرۆڤ پێـش ئـەوەی ئـازار ببینێـت. ئایـا ئەمـە لـە دژی ئارامـی دەوڵەتێـک نییـە کـە ڕێگـە بدرێـت ئـەم کارانـە بـەردەوام بێـت؟ گلەیـی بـێ بنەمـا دەتوانـێ حەقیقـی و مەترسـیدار بێـت، بـەڵام لەلایەکیـترەوە گریمانە بکە، لێکۆڵینەوەیەکـی فەرمـی دان بـە پێشـێلکردنی مافـەکان و دروسـتی گلەییـەکان دەنێـت، ئەمـەو بـە چاوپۆشـیکردن لـەو پابەندییانـەی کـە کۆمەڵـەی گـەلان لـە کاتـی لکاندنـی ویلایەتـی مووسـڵ بـە عێراقـەوە لەسـەر عێـراق سـەپاندویەتی، هەروەهـا چاوپۆشـی لـە ئامۆژگارییەکانـی حکومەتـی بەریتانیـا بـۆ عێـراق و چەندیـن بابەتیـتر بکـە، ئایـا ئەمـە بابـەت نییـە و پێویسـتی بـە چارەسـەری بەپەلـە نییـە؟

بەڵگەنەویسـتە هـەر وەک چـۆن عێـراق ناتوانـێ بـێ پارێزگاکانـی باکـوور بژیـت، بـە هەمـان شـێوە پێویسـتە پارێزگاکانـی باکووریـش بـبن بـە بەشـێکی دانەبـڕاوی عێـراق. خەونەکانـی جیابوونـەوە، ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد و بابەتیـتر، هیـچ شـتێک نییـە تەنیـا خـەون نەبێـت. کاتێـک کـە هـەوڵ بـۆ تێگەیشـتن لـەم جـۆرە خەونانـە دەدرێـت، ئـەم خەوانانـە بـە خێرایـی دەبـن بـە مۆتەکـە. ئەگـەر ئۆتۆنۆمـی بـە باشـووری کوردسـتان ببەخشرێـت، هیـچ گومانێـک نییـە، تەنانـەت بـە چاوپۆشـین لـە ئاڵۆزییـە نێودەوڵەتییەکانیـش، ئـەم دەوڵەتـە دەبێتـە جێگەیـەک بـۆ چەتـەکان کـە لەسـەر تاڵانکردنـی دەشـتاییەکانی عەرەبـی عێـراق دەژیـن. لـە ئەنجامـدا، دۆخەکـە وەک دۆخـی سـنووری باکوور-ڕۆژئـاوای هینـدی لێدێـت پێـش داگیرکردنـی وەزیرسـتان.

پێویسـتە هیـچ کاتێـک لـە بیـر نەکەیـن کـە کوردسـتان کۆمەڵگایەکـی خێڵەکییـە، هەروەهـا کوردەکانیـش لـە تـەواوی ڕوانگـە سیاسـی و کلتورییـەکان، لەوانەیـە لـە شـارێکی وەک سـلێمانییەوە سـەرچاوەی گرتبێـت، خـاوەن هیچ جـۆرە هێزێکی بونیاتنـەری یەکگرتوو و هاریـکار نیـن. بـۆ هـەر کەسـێک کـە لـە نزیکـەوە خوێندنـەوەی لەسـەر کـورد کردبێـت، مومکیـن نییـە بڵێـت سـەربەخۆیی بـە قازانجـی کـوردە، بـەڵام ئەگـەر حوکمـی کەسـێک لـە دژی ئەگـەری سـەربەخۆیی کوردسـتان بێـت، ئـەم کەسـە دەبـێ بـە هەمـان شـێوە ئـەو جیاوازییـە بنەڕەتیـان بخاتـەڕوو کـە کـورد لەگـەڵ عەرەبەکانـی عێـراق هەیانـە.

سیاسـەتەکانی بەریتانیـا لـە کوردسـتانی باشـوور لـە دوای ئاگربەسـت زۆر بـە کەمـی بەپێچەوانـەی یەکـترن، بـەڵام لـە سـاڵەکانی دوایـی، ئامانجەکانـی تێکەڵکردنـی [کـورد و عـەرەب] کـە وەک تواندنـەوەی [کـورد لـە نـاو عەرەبـدا] نییـە لـە عێراقدا هەمیشـە لەسـەر کـورد جێبەجێکـراوە. گریمانـی ئەوە بکە، عەرەب دەتوانن ویسـتی خۆیان بەسـەر باشـووری کوردسـتاندا بسـەپێنن، ئەمـە شـتێکی بـێ بنەمایـە، هەروەهـا هیـچ کەس لە خـودی عەرەب باشـتر نازانێـت، ئەگـەر کورد ملکەچـی کاربەدەسـتانی بەریتانیا لە ناوچەکـەی خۆی دەبێت، بـەڵام هیـچ کات ئـەوە لـە بیـر نـاکات کـە تـا ئێسـتا بەشـە سـەرکییەکانی پێکهێنـەری کـورد لـە سـلێمانی، کەرکـووک و هەولێـر بـە خواسـتی خـۆی چوبێتـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی بەغدا، یاخـود بەشـدار بووبێـت لـە ڕیفراندۆمـی سـاڵی ١٩٢١ بـۆ دامەزراندنـی پاشـایەتی مەلیـک فەیسـەڵ، پاشـایەتیەک کـە ئەمیـر فەیسـەڵ بـوو بـە پاشـا، ڕیفراندۆمەکە سـلێمانی و کەرتی کەرکووکـی لەخـۆ نەگـرت، کـە لە کاتی خـۆی هەولێر و ڕواندزیش بەشـێکی بـوون. تەنانەت ئـەو کەسـانەش کە بۆچوونێکی ڕیالیسـتییانەیان لـە عێراق هەبوو و لە دژی ئایدیالیسـتەکان بـوون، ئـەوە لەبیـر ناکـەن کـە لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٢٦دا ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گەلان بڕیاریـدا ویلایەتی مووسـڵ بە عێراق بلکێنرێت، ڕەزامەندیان لەسـەر ئـەم کارە نواند لە دوای ئـەوەی لـە دەسـەڵاتی ئینتیـداب گەرەنتیـان وەرگرت ئینتیداب بـۆ ماوەی ٢٥ سـاڵ بەردەوام دەبێـت و هەروەهـا بارودۆخـی تایبەتـی کەمینـەکان لـەم پارێزگایانـە ڕەچـاو بکرێت.

لـە پەیماننامەکـەی پێشـوی نێـوان حکومەتی بەریتانیـای مەزن و عێراقدا ئامـاژە بە مافی کەمینـەکان کرابـوو، بـەڵام ئەم پەیماننامە نوێیـەی ئەنگلۆ-عێراق، کە لە نێـوان دوو دەوڵەتی یەکسـان و سـەربەخۆدا واژوو کـراوە، ئـەم جـۆرە ئاماژەدانـە بوونـی نییـە. هەڵبـەت ئـەم ڕاسـتییە و ئـەو کێشـانەی سـەرەوە کـە لـە نێوان کـورد و عەرەب، ئاشـووری و کـورددا هەن، بـە هـۆکاری سـەرەکی نیشـاندانی چالاکـی دژە بەغدان، بـۆ نموونە، سـەرهەڵدانەکەی مانگی ئەیلـوول لـە سـلێمانی و بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدە لەلایـەن کاسـۆلیک و ناوەندەکانیـتر، بە نوێنەرایەتـی مەسـیحییەکان و کەمینـە غەیرە مەسـیحییەکانیتری پارێزگای مووسـڵ.

هـەر وەگ گووتمـان، کـورد، کرۆکـی کێشـەی کەمینەکانـن لـە عێراقـدا و هەوڵـەکان بـۆ فریودانیان لە دژی ئاشـورییەکان، بە خۆشـحاڵییەوە، شکسـتیان هێناوە. بۆ هەموو کەسـێک

ئاشـکرایە کـە هەوڵەکانـی پارسـاڵ بـۆ وروژاندنـی کـورد لـە دژی ئاشـوورییەکان، ڕاسـتییەکی مێژوویـی تاڵـە بـۆ ئـەو عەرەبـە ڕۆشـنبیرانەی دەزانـن مامەڵەیەکی بـاش لەگـەڵ کەمینەکان جەوهـەری ڕێزگرتنیانـە لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە. لـە ڕاپۆرتـی سـاڵی ١٩٢٩دا، کـە لـە سـەرەوە باسـمانکرد، ئامـاژە بـە بەهێـزی هێـزی پڕوپاگەندە لە نێـوان کـورد دەدات، بەڵام لە ڕاپۆرتەکـەدا ترسـی کـورد ڕەچاوکـراوە لـەو بانگەشـەیەی کە گوایە بە سـوودی ئاشـوورییەکان ئـەوان لەسـەر خاکەکەیـان دەرکـراون و دەڵێـت «لـە ڕاسـتیدا، بـە هەندێـك ڕێزپـەری کـەم نەبێـت، کـوردەکان بەرانبـەر ئاشـوورییەکاندا ڕەفتارێکـی دۆسـتانەیان هەیـە». هەروەهـا چەندیـن بەڵگـە هـەن کـە ئەم قسـەیە لەم سـاڵەدا بە بـەراورد لەگەڵ [سـاڵانی پێشـوو] زۆر ڕاسـترە، کەواتـە دەبـێ عـەرەب بزانـن پێکـەوە کارکردنـی مووسـڵمان و غەیرە مووسـڵمانان لـە باکووری عێراقـدا دەبـێ چەنـد مەترسـیدار بێت. گشـت زانیارییـەکان باس لـەوە دەکەن عێـراق لـە لایـەن پارێزگاکانـی باکـوور لـە مەترسـیدایە، ئەگـەر زۆرینـەی دانیشـتوانی ناڕازی بـن، هەروەهـا بەریتانیـای مـەزن، هەم وەک شـەرەف و هەمیـش وەک بەرژەوەندیی، ناچار دەبێـت کار بـکات تـا هەمـوو شـتێک لەم بەشـە لە ڕادەبـەدەر گرنگـەی جیهاندا بـاش بێت. ئـەو ناڕەزایەتییـەی لـەم پارێزگایـەدا سـەریهەڵداوە، ئێسـتا بـە ئاسـتێک گەیشـتووە، هـەم حکومەتـی بەریتانیـا و هەمیـش عێـراق ناتوانن بڵێن پێویسـت بـە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ لەم بـارەوە نـاکات. بەدواداچوونـی شەخسـی لـە هـەزاران ڕاپـۆرت بە نرخـترە، جا ئـەم ڕاپۆرتانە لـە هـەر کەسـێکەوە بێن.

بـۆ ئێمـە بـاش نییـە لـە لەنـدەن دانیشـین و ڕاسـت لـە ناڕاسـت جیـا بکەینـەوە، بەڵکـو پێویسـتە بڵێیـن بەڵگـەی پێویسـت لەبەردەسـتن کـە نائارامیـەک لـە پارێزگاکانـی باکـووری عێـراق لـە ئارادایـە و وادەخوازێـت لێکۆڵینەوەیەکـی تـازە و بەپەلـە لـەم بـارەوە بکرێـت. ئەگـەر گشـت بەڵگـەکان بسـەلمێنن کـە نائارامییەکـە، بوونـی نییـە، ئەمـە بـۆ ناوبانگـی بەریتانیـای گـەورە و عێـراق زۆر باشـترە، بـەڵام ئەگـەر لـە لایەکیـترەوە، پێشـێلکردنی حاشـاهەڵنەگری مافـەکان دۆزرایـەوە، کاتـی ئەوەیـە ئـەم پێشـێلکردنە نەهێڵرێـت، پێـش ئـەوەی زۆر درەنـگ بێـت و پشـێوی لـە کوردسـتانی باشـوور بـڵاو ببێتـەوە.

نهێنی (ل٤٨٠-٤٨٨)

ژمارە:٢٩٥٧

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران.

١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، بەغدا

بۆ:

سکرتێری سیاسی خانەی مەندوبی سامی.

نامـە نهێنییەکـەی بەڕێزتم بـە ژمارە(P.O/125) لە ڕێکەوتـی ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ بینی، کـە تێیـدا داوای تێڕوانینـی حکومەتـی عێراقـت کردووە سـەبارەت بە داواکارییەکـی کورد کە لـە ڕێکەوتـی ٣٠ی ئـاب وەرگێڕدراوەتە سـەر زمانی فەڕەنسـی، و سـەبارەت بـە تەلەگرامێک کـە لـە ڕێکەوتـی ٧ی ئەیلوولـی ١٩٣٠ لەلایەن کەسـێکەوە نێردرابـوو کە ئاماژە بـە ناوەکەی نـەدراوە و تێـدا شـکایەتی لەسـەر ئەو ڕەفتارە کردبـوو کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سـلێمانی [حکومەتـی عێـراق لەبەرانبەریـدا] کردوویەتـی. وادیـارە، داواکارییەکـە و تەلەگرامەکـە لـە ڕێگـەی بەڕێزتەوە بخرێتـە بەردەم سـکرتێری کۆمەڵەی گەلان.

نامەوێـت هیـچ تێبینییـەک لەسـەر بۆچوونەکانـی بەڕێـز جەعفـەر پاشـا ئەلعەسـکەری دەرببـڕم کـە لـە کاتـی غیابـی منـدا ئـەو بۆچوونانـەی لـە نامەکەیـدا بـە ژمـارە ٢٤٢٢ لـە ڕێکەوتـی ١٩ی ئابـی١٩٣٠، خسـتبوەڕوو، تەنیـا ئـەوە نەبێـت کـە مـن توشـی سەرسـوڕمان بوومـە لـە گۆڕانـی لەنـاکاوی ئـەم پرسـە لـەم مـاوە کەمـەدا. گۆڕانێـک کـە مـرۆڤ توشـی گومـان دەکات لەسـەر هانـدەری ڕاسـتەقینەی سـەرهەڵدانی ئـەم پرسـە، ئەویـش بـەم شـێوازە، کـە مـن لـە کاتـی گەڕانەوەمـدا تێبینیـم کـرد.

هـەر وەک چـۆن لـە ڕاپۆرتـی سـاڵانەی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا ئامـاژەی پێـدراوە و خراوەتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، ئـەو سیاسـەتەی حکومەتـی عێـراق بـۆ ئیدارەدانـی ناوچـە کوردییـەکان گرتوویەتەبـەر، هەرگیـز هـۆکاری ناڕەزایەتـی کـوردەکان نەبـووە. ئـەم سیاسـەتە کـە بـە ئاگاداریـی و پەسـەندکردنی حکومەتـی بەریتانیـا داڕێـژراوە

لـەو کاتـەی ئـەم حکومەتـە بەرپرسـارێتی بەڕێوەبردنـی کاروبارەکانـی لـە ئەسـتۆ گرتـووە تـا ئێسـتا هیـچ گۆڕانکارییەکـی بەسـەردا نەهاتـووە.

لە مانگی شـوباتی ڕابردوو، کۆمەڵێک نووسراوی خولاو خرانەڕوو و باس لە سـەرهەڵدانی ئەنجوومەنێـك بـە نـاوی ‹یەکێتـی کـوردان (Kehli Yakateen Kurdan) دەکـەن. بـە بـڕوای ئێمـە دامەزراندنـی ئەم ئەنجوومەنـە کاری کۆمەڵێک توندڕەوی کوردە. نـووسراوەکان بە بێ ئـەوەی هیـچ [لۆمەیـەک] ئاڕاسـتەی حکومەتـی عێـراق بکـەن، لۆمـەی حکومەتـی بەریتانیا دەکـەن. لەوانەیـە بەڕێـزت هەندێـك لـەم نووسراوانـەت بینیبـێ، بـۆ ئاسـانکردنی بابەتەکـە ئامـاژە بـە نووسراوێکـی ڕێکەوتـی ٤ی شـوباتی ١٩٣٠ دەکەم:

«بـە بـڕوای ئێمـە کۆمەڵێـک کاربەدەسـتی بەریتانیـا تـا ڕادەیـەک بەرپرسـیارن لـەو دۆخـەی کـە ئێسـتا لـە ئارادایـە. مێجـەر سـۆن (Major Soane) بیـری لـەوە دەکـردەوە، ئەگـەر میرێکـی کـورد بـا، لـە کاتێکـدا مێجـەر نوئێـل (Major Noel) لـە دڵ و دەرونـەوە خوازیـاری باشـەی کـورد بـوو، هـزر و بیرۆکـە باڵاکانـی سـۆن و نوئێـل بـە هـۆی کارەکانـی کۆمەڵێـک کاربەدەسـتی بەریتانـی بەفیڕۆچـوون کـە بەرپرسـی پرسـی کـورد بـوون، بـەڵام لـە کوردسـتان تێنەدەگەیشـتن. بەریتانیـا سیاسـەتێکی توندوتیژانـەی لـە دژی ئـەم گەلـە دێریـن و قارەمانـە پەیـڕەو کـرد و بـە لایەنگـری کردنـی [حکومەتـی عێـراق] تـا ئاسـتێکی چـاوەڕوان نەکـراو بـە خراپـی مامەڵـەی لەگـەڵ کـورددا کـرد».

لــە نووسراوێــك لــە ڕێکەوتــی ٥ی شــوباتی ١٩٣٠، گلەیــی هاشــێوەی ســەرەوە خراونەتــەڕوو، پوختــەی ئــەم نــووسراوە بــەم شــێوەیەی خوارەوەیــە:

«ئێمـەی کـورد دەزانیـن گشـت ئـەم سـەرکوتکردن و فریودانـەی ئێمـە، ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـاوە هەڵدەقوڵێـت. ئێمـە دەمانەوێـت پشـتگیریی حکومەتـی تـازە پێگەیشـتووی عێـراق دەکەیـن، ئەویـش بـە مەرجێـک حکومەتـی عێـرق دان بـە مافەکانـی ئێمـەدا بنێـت».

کاتێـک حکومەتـی عێـراق ڕاگەیاندنێکـی فەرمـی لـە ڕێکەوتـی ١٠ی نیسـانی١٩٣٠، بڵاوکـردەوە، ڕایگەیانـد، بـە پێـی مـادەی ٧ی یاسـای بنەڕەتـی، زمانـی کـوردی لـە ناوچـە

کوردییەکانـدا زمانـی فەرمییـە. هەروەهـا ڕایگەیانـد، حکومەتـی عێـراق مکـوڕە لەسـەر پەیڕەوکردنـی سیاسـەتێک کـە لەگـەڵ ئـەو بەڵێنانـە بگونجێـت کـە لـە مـاوەی ڕابـردوودا بـە کـوردی داوە. حکومەتـی عێـراق وەک بـاران تەلەگـرام و پەیامـی سوپاسـگوزاریی لەلایـەن سـەرکردەکانی کـوردەوە بـۆ دەهـات. ئێمـە دەتوانیـن بـە تایبـەت ئامـاژە بـە تەلەگرامێـک بکەیـن کـە لـە سـلێمانییەوە نێـردراوە و زۆربـەی واژووکارانـی ئـەو کەسـانەن کـە داواکارییەکەیـان خسـتووتە بـەردەم بەڕێـزت و لـە حاڵـی حـازردا تاوتـوێ دەکرێـت، هەروەهـا لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە کە پێـش بەرزکردنـەوەی ئـەم داواکارییـە، داواکارییەکی ناڕەزایەتییـان بەرزکردبـووە لـە دژی ئـەو چالاکییانـەی ئاشـتی و ئارامـی تێکـدەدەن. کۆپیـەک لـە تەلەگرامـی ئاماژەپێـدراو هاوپێـچ کـراوە. هەروەهـا بـە ڕەچاوکردنـی پێگـەی فەرمیەکـەی، **ئەمـەی خـوارەوە دەقـی تەلەگرامـی موتەسـەڕیفی سـلێمانییە:**

«سـلێمانی، ٣٠ی ئنیسـانی١٩٣٠: دانیشـتووانی سـلێمانی بڵاوکـراوە فەرمییەکەیـان خوێنـدەوە کـە لـە چاپەمەنیەکانـدا بـڵاو کرابـووەوە و تایبـەت بـوو بـە بڕیاریکـی حکومەت سـەبارەت بـە دەرکردنـی یاسـایەک کـە زمانـی کـوردی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا بـە زمانـی فەرمـی هەژمـار دەکرێـت. دانیشـتووانی سـلێمانی سوپاسـگوزاریی و خۆشـحاڵی خۆیـان بـۆ ئـەم هاوسـۆزییە جوامێرانـەی حکومـەت دەربـڕی و داوایـان لـە ئێمـە کـردووە سوپاسـی بـێ پایانـی ئـەوان بـە بەڕێـز سـەرۆک وەزیـران ڕابگەیێنیـن. بـەم پێیـەش، شـەرەفمەندم سوپاسـی دانیشـتووانی سـلێمانی و وەفاداربوونیـان بـە حکومەتـی بەڕێـز ڕابگەیێنـم. موتەسـەرفی سـلێمانی-٦٤٣».

وادیـارە سیاسـەتی جوامێرانـەی حکومەتـی عێـراق بووەتـە هـۆی ئـەوەی کورد سوپاسـی ڕاسـتەقینەی خۆیـان دەرببـڕن و هەروەهـا ئـەم دۆخـە سروشـتییە تا ئـەوکات بـەردەوام بوو کـە خۆشـحاڵی دەربڕیـن لـە بەفەرمـی ڕاگەیاندنـی بەکارهێنانی زمانـی کوردی.

ئـەم دۆخـە نامۆیـەی ئێسـتا لـە نـاکاو سـەریهەڵدا و موتەسـەڕیفی [سـلێمانی] کەوتـە دەسـت تەوفیـق وەهبـی بـەگ، واتـە ئـەو کەسـەی مسـتر ئالبـان لـە ڕاپۆرتەکـەی لـە ڕێکەوتـی ١٥ی ئەیلوولـی١٩٣٠ ئامـاژەی پێـدەدات کـە توونـدڕەوەکان وەک قارەمانـی خۆیـان سـەیری دەکـەن.

ئێمە ناتوانین بە بڕاوەییەوە بڵێین، ئایا موتەسەڕیفی پێشوو سیاسەتێکی گرتبووبەر کە هەڵقوڵاوی هاوسۆزی شەخسی خۆی بوو بۆ کورد، یاخود هۆکارەکەی پاڵنەر و هۆکاریتر بوون کە لێرەدا شوێنی باسکردنیان نییە، بەڵام ئەو ڕووداوانەی لە کاتی گۆڕینەوەی پۆستی موتەسەڕیف ڕوویاندا، بە توندی پشتگیریی لەو بۆچوونە دەکات کە ئەگەر وەهبی بەگ بەرپرسیاری ئەم ڕووداوانە نەبێت، بەڵام ئەو دەستی باڵای لە هاندانی ئاژاوەگێڕیدا هەبووە و دۆخێکی نەخوازراوی خوڵقاند و ئەم دۆخەش لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە ئەو بە فەرمی ئەرکی [موتەسەڕیفی] لە ئەستۆ گرت. ئاژاوەکە بریتی بوو لەو خۆپێشاندانەی لە ڕۆژی سەردانەکەی شازادە بۆ سلێمانی ئەنجامیدا (هەر وەک مستر ئالبان باسیکردوە، پێش ئەم ڕێکەوتە سلێمانی هێچ ئەزموونێکی لەبارەی خۆپێشاندان و گردبوونەوەی نەبووە).

شکستی وەهبی بەگ لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم بارەوە، هەروەها چاوداخستنی لە بێڕێزکردن بە کۆمەڵێک کاربەدەست کە لەگەڵ مێجەر یۆنگ لە ١٠ی ئابی١٩٣٠، هاوڕێتی ئەو شاندە وەزاریەیان دەکرد کە سەردانی سلێمانیان کردبوو. هاندانەکەی بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان سەرەڕای خواستی بەشێک لە دانیشتوان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، هەروەها هاندانی بڵاوکردنەوەی داواکارییەکانی بەرهەڵستکاری لە ڕۆژنامەکانی سلێمانیدا و وەها نیشاندان کە ئەم داواکارییانە لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی ئایینەوە واژووکراون، بۆ نموونە شێخ نوری بریفکانی و بەهائەدین بامەڕنی و کەسانیتر کە دواتر سەلمێنرا ئەم واژووانە ساختەن، سەرەڕای چەندین بابەتیتر کە وردەکارییەکانی ئەم بابەتانە و خستنەڕووی بەڵگەکان بۆ سەلماندنی ئەم بابەتانە، لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کۆدەکرێنەوە و دەخرێنەڕوو.

ئەگەر ئێمە بە وردی چاو بەو ڕووداوانە بخشێنین کە لە دوای ماوەیەکی کەم لە نێوانیاندا سەریانهەڵدا، بۆمان دەردەکەوێت داواکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و بۆچوونەکانی داواکارەکانیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵ یەکتر ناگونجێن. لە سەرەتادا، کۆمەڵێگ ناڕەزایەتی بەرانبەر کۆمەڵێک کاربەدەستی بەریتانیا لە ئارادابوو، دواتر ئەم ناڕەزایەتییانە گۆڕان بۆ بەرهەڵستیکردنی پەیماننامە نوێیەکەی [نێوان

عێـراق و بەریتانیـا] کـە هیـچ بەندێکـی لەخـۆ نەگرتـووە گەرێنتـی مافەکانـی کـورد بـکات. دواتـر ئـەم بەرهەڵسـتییە گـۆڕا بـۆ دژایەتیکردنـی سیسـتمی ئیداریـی بەرقـەرار و شکسـتی [حکومەتـی عێـراق] لـە جێبەجێکردنـی ئـەو ئیمتیازاتانـەی تایبەتـە بـە ناوچـە کوردییـەکان، دواتـر ئـەم بەرهەڵسـتیە گـۆڕدرا بـۆ داواکردنـی ئیدارەیەکـی نیمچـە ئۆتۆنۆمـی کـە دواجـار ئـەم داوایـەش گـۆڕا بـۆ داوای جیابوونـەوە لـە عێـراق و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی سـەربەخۆ لـە ژێـر چاودێـری کۆمەڵـەی گـەلان.

ئـەم ئاڵۆزییـەی لـە ئەنجامـی خواسـتی کۆمەڵـە توندڕەوێـك هاتووەتەکایـەوە کـە چالاکیەکانیـان ئاماژەیـە بـە نەخۆشـیی دەروونـی ئـەو کەسـانە کـە جێگیـری و ماقوڵبـوون زۆر دوورن، ناکـرێ ئـەم چالاکییانـە ببنـە بیانـو بـۆ گرتنەبـەری ڕێـکاری هەڵـە بۆدیارکردنـی چارەنووسـی کـوردی عێـراق کـە لـە گشـت کاتەکانـدا پشـتیوانی خۆیـان بـۆ یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق دەربڕیـووە و ئامادەبوونیـان لـە هاوکاریکردنـی بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق هـەر لـە ڕۆژی دامەزراندنیـەوە تـا ئەمـڕۆ سـەلماندووە.

ئـەو کەسـانەی ئـەم جـۆرە چالاکییانـە ئەنجـام دەدەن، ڕەچـاوی ڕاسـپاردەکانی شـاندی کۆمەڵـەی گەلانـی سـاڵی ١٩٢٤ دەکـەن. لـە ڕاپۆرتەکـەدا کـە لـە ڕێکەوتـی ١٦ی تەمـووزی ١٩٢٤ خسـتە بـەردەم [ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان] لـە جنێـڤ، ئێمـە ئـەم کورتەیـەی خـوارەوە دەخەینـەڕوو:

«پێویسـتە ڕەچـاوی خواسـتی کـورد بکرێـت کـە دەبـێ فەرمانبـەری کـورد بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری وڵاتەکەیـان دابمەزرێـت، دادپەروەریـی بەرقـەرار بکرێـت و خوێنـدن لـە قوتابخانەکانـدا بـە زمانـی کـوردی بێـت و کـوردی زمانـی فەرمـی بێـت».

لـە ڕاپۆرتـی ساڵانەدا کـە لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٩٢٦دا، خرایـە بـەردەم کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب، دەڵێـت ئـەم ڕاسـپاردانە زیـادەن و لـە ڕاسـتیدا حکومەتـی عێـراق سیاسـەتەکەی بەرانبـەر کـورد جێبەجێکـردووە. وەک سـەرچاوە، ئامـاژە بـە لاپـەڕە ١٤ی ئـەم ڕاپۆرتـە دراوە و ئێمـەش ئـەم پەرەگرافـەی خوارەوەمـان لـە ڕاپۆرتەکـە دەرهێنـاوە کـە ئامـاژە بـە نادروسـتی سـەرچاوەکە دەدات:

«حکومەتـی عێـراق بـە بەردەوامـی سیاسـەتی فەراهەمکردنـی دەرفەتـی بەرفراوانـی گرتووتەبـەر لـە پێنـاو تێگەیشـتن لـە خواسـتە کلتورییەکانـی کـورد و هـەر کاتێـک کەسـی شـیاو دۆزرایـەوە کـە کـورد بێـت، ئـەو کەسـە وەک فەرمانبـەر لـە ناوچـە کوردییـەکان دامەزرێنـدراوە. بـەم پێیـەش کاتێـک ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلان لـە سـاڵی ١٩٢٥دا، ئەو ڕاسـپاردانەی پەسـەند کـرد کـە لەلایـەن کۆمیتـەی بەدواداچوونـی ڕاسـتییەکان سـەبارەت بـە سـنووری نێـوان تورکیـا و عێـراق خرابوونـەڕوو و بـە شـێوازی ئـەو ئیدارەیـە پەیوەسـت بـوون کـە دانیشـتووانی کـورد عێـراق دەیانەوێـت. حکومەتـی عێـراق درکـی بـەوە کـرد کـە ناتوانـن بەهـۆی بڕیارەکانـی کۆمەڵـەی گـەلان کارێکـی ئەوتـۆ بکـەن تـا ئیـدارەی ناوچـە کوردییـەکان بـە تەواوەتـی وەك ناوچەکانـی دیکـە بـێ. لـە سەرتاسـەری کوردسـتاندا، تەنیا چەنـد ڕێزپەڕێکـی کـەم نەبێـت، ئەگەرنـا گشـت فەرمانبـەرەکان لـە نەتـەوەی کـوردن و زمانـی کـوردی زمانـی فەرمـی قوتابخانـە و دادگاکانـە».

ئێسـتا ئێمـە تیشـک دەخەینـە سـەر ئـەو داواکارییـەی وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی فەڕەنسـی و لـە گۆڤـاری ‹نییـەر ئیسـت› (Near East) لـە ڕێکەوتـی ٢٥ی ئەیلوولـی ١٩٣٠دا، بڵاوبووەتـەوە و هـەر یـەک لـە عەزمـی بەگـی بابـان، شـێخ قـادر حەفیـد، تەوفیـق قـەزاز و چەنـد کەسـێکیتر واژوویـان کـردووە. مـن خۆشـحاڵم ئـەم داواکارییـە خراوتەبـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، چونکـە ئـەم داواکارییـە هێمایەکیـترە بـۆ ئاڵۆزیـی دەروونـی و دژیەکبوونـی لەگـەڵ ئـەو شـتانەی ئێمـە لـەم نامەیـەدا ئاماژەمـان پێـداوە، ئەمانـەش خەسـڵەتگەلێکن کـە تایبەتمەندییـە هەمیشـەییەکەی بریتییـە لـەوەی بزوێنـەری ئـەم داوکاریانـە، بزوێنەرێکـێ سروشـتی نییـە، بەڵکـو سـەرچاوەکەیان هانـدەری دیکـەن.

لـە لاپـەڕەی دووەمـی ئـەم داواکارییـەدا هاتـووە نوێنەریکـی کورد لـە پەرلەمانـی عێراق پرسـیارێکی سـەبارەت بـە مافەکانـی کـورد ئاڕاسـتەی سـەرۆک وەزیـران کـردووە، کەچـی دەڵێـت لـە وەڵامـدا سـەرۆک وەزیـران ڕەتـی کردووتـەوە دان بـەوەدا بنێـت کـورد هیـچ مافێکـی هەبێـت. خۆتـان زۆر بـە باشـی دەزانـن شـتێکی وەهـا ڕوووینـەداوە. هـەر وەک چـۆن داواکارییەکـە دەڵێـت حکومـەت گشـت فەرمانبەرانـی کـوردی لـە ناوچـە کوردییەکان دەرکـردووە و فەرمانبـەری عەرەبـی لـە شـوێنیان دانـاوە، هـەر وەک خۆتـان دەزانـن ئـەم

قسـەیەش هێـچ ڕاسـتییەکی تێـدا نییـە. زیـاد لەمـەش، ئـەم بانگەشـانە زۆر لـە ڕاسـتییەوە دوورن، لـە داواکارییەکـەدا ئامـاژە بـە کۆمەڵێـک داوا کـراوە کـە داوای گاڵتەجارئامێـزن، بـۆ نموونـە داوا لـە کۆمەڵـەی گـەلان کـراوە هاوشـێوەی سـویسرا، دان بـە دەوڵەتێکـی کوردیـدا بنرێـت بـەو بیانـووەی کوردسـتانیش دار و ئـاوی سـازگاری هەیـە! داواکاریـی لەمجـۆرە هیـچ مسـداقیەتێک بـە نووسـەرەکەی نـادات، چونکـە داواکارییەکـە بریتییـە لـە بەهەڵـە خسـتنەڕووی ڕاسـتییەکان، ئەویـش لـە ڕێگـەی خسـتنەڕووی کۆمەڵێـک ڕووداو کـە هیـچ کاتێـک ڕوویـان نـەداوە، هەروەهـا خسـتنەڕووی کۆمەڵێـک خـەون و خولیـا و قسـەی دژ بەیـەک. ئێمـە دژی ئـەوە نیـن ئـەم داواکارییـە هاوپێـچ لەگـەڵ ئـەو تێڕوانینانـەی لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدان، خراوەتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. بـەڵام ئێمـە ناتوانیـن وەبیـر بهێنینـەوە کـە ئاگاداربوونـی حکومەتـی عێـراق لـە بوونـی داواکارییەکـی لـەم چەشـنە دەبێتـە هـۆی لێکترازانـی یەکپارچەیـی وڵات، بـەو مانایـە دێـت کـە حکومەتـی عێـراق چـاوی لـەو پێشـێلکارییانە داخسـتووە کـە لـە ڕووی یاسـاییەوە سـزایان لەسـەرە، پێشـێلکارییەک کـە دژی یاسـای بنەڕەتـی عێراقـە، ئـەم یاسـایە لـە لایـەن خـودی کۆمەڵـەی گەلانـەوە تۆمـار کـراوە و دانیشـی پێدانـراوە. سـەبارەت بـەو تەلەگرامـەی بـاس لـە بوونـی ناڕەزایەتـی لـە ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـەکان دەکات، بـە بـڕوای ئێمـە ڕاپۆرتەکـەی مسـتر ئالبـان باشـترین بەڵگەیـە بـۆ ڕەتکردنـەوەی بانگەشـەکانی نێرەرانـی ئـەم تەلەگرامـە.

واژوو: نوری ئەلسەعید. سەرۆک وەزیران.

کۆپییەک بۆ: وەزیری کاروباری دەرەوە، بۆ زانیاریی.

نـاوی ئـەو کەسـانەی کـە تەلەگـرام پیرۆزباییـان بـە بۆنـەی بڵاوکردنـەوەی بەیاننامـەی فەرمـی تایبـەت بـە یاسـا زمانـی کـوردی بـۆ سـەرۆک وەزیـران نـاردووە.

١. هەڵەبجە-جاف، ئەحمەد موختار ئەحمەد عوسمان پاشازادە.

٢. سلێمانی:

عەزمی بابانزادە.

عەبدولقادر حەفیدزادە

محێدین مارف ئاغازادە.

عەبدولڕەحمان ئەحمەد پاشازادە.

عیزەت عوسمان پاشازادە.

عەبدولمەجید حاجی ڕەسول ئاغازادە.

غەریب شێخ مارفزادە.

عەبدوڵا حەفیدزادە.

ئیبراهیم خەفافزادە.

تەوفیق توجار قەزاززادە.

محەمەد توجار حاجی حسێن ئاغازادە.

٣. سلێمانی: مەحمود، سەرۆک شارەوانی.

٤. هەڵەبجە:

عەبدوڵا بەگ.

حسێن بەگ.

حەسەن فەهمی بەگ.

عەلی، سەرۆک شارەوانی.

٥. سلێمانی:

سەید ئەحمەد سادات بەرزنجی.

شێخ محەمەد شێخ عەلی.

شێخ عەبداڵ.

شێخ حەسەن.

عەبدولقادر.

شێخ محەمەد.

شێخ حوجێل.

شێخ سەعید.

شێخ باقر.

شێخ غەریب.

شێخ ئەمین.

سەید تاهیر.

شێخ حسێن.

شێخ سوراج.

شێخ نوری.

شێخ ڕەئوف.

شێخ ئەحمەد.

شێخ ئیسمائیل.

٦. سلێمانی: خێڵی هەمەوەند. مەجید عەلی محەمەد ڕەزا.

ئەمین ڕەحیم.

شەریف مەحمود زاری.

ئەمین عەزیز ئاغا.

٧. هەڵەبجە:

سەرۆک [خێڵەکانی] هەورامان- محەمەد ئەمین دێزلی.

فرەیدون سوڵتان.

عەبدوڵا نەوڕۆڵی.

محەمەد پیزدە بافەخیش (Pizda Bafakhish)

ئەحمەد شێخ ئیسمائیل.

سەید محەمەد تاوگۆزیی.

حاجی عەلی.

٨. ڕواندز- محەمەد عەلی، سەرۆک شارەوانی.

ئەشرەف سوڵتان.

شێخ عەبدوڵا ئەفەندی.

میر محەمەد ئەمین، سەرۆکی خێڵی دەرگەڵە.

ئەشرەف خورشید.

ئەشرەف یونس.

ئەشرەف ڕەشید.

شێخ محەمەد، سەرۆکی خێڵی باڵەک.

ئەحمەد، سەرۆکی خێڵی ناودەشت.

عەلی، سەرۆکی خێڵی سورچی.

مەلا یوسف، سەرۆکی خێڵی بالەکان.

محەمەد ئەمین، سەرۆکی خێڵی هەرکی.

هاوپێچی نووسراوی زۆر نهێنی کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠ (ل٤٩١).

نهێنی

ژمارە: P. O. 239

سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

بەغدا، ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠.

بەڕێز سەرۆک وەزیران

دەمەوێت ئاماژە بە نووسراوێك بکەم کە لەگەڵ نامەکەم بە ژمارە (P. O. 236) لە ڕێکەوتی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، نێردراوە، هەروەها دوو داواکاریتر بخەمەڕوو کە لەلایەن کۆمەڵێک کوردەوە ئاڕاستەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان کراوە.

کۆمسیاری باڵا خۆشحاڵ دەبێت لە زووترین کاتدا بزانێت ئایا حکومەتی عێراق هێچ تێبینیەکیتری هەیە بخاتەسەر نامەکەی جەعفەر پاشا بە ژمارە ٢٤٢٢، لە ڕێکەوتی ١٩ی ئابی١٩٣٠.

هەروەها بەڕێزی ئاگادارە تا ئێستا وەڵامی نامەکەی من بە ژمارە (P. O. 215) لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ نەدراوەتەوە. بە بۆچوونی کۆمیسار شتێکی باش نییە چیتر بەرزکردنەوەی داواکارییەکان [بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان] دوا بخرێت و بەنیازە لە گشت حاڵەتێکدا لە ڕێگەی پۆستەی داهاتوو دەقی داواکاریەکە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە بنێرێت. بۆیە کۆمیسار هیواخوازە لە زووترین دەرفەتدا بەڕێزت وەڵامی نامەکەی بدەیتەوە.

خزمەتکارتان

واژوو: R. S. M. Stures

His Excellency

Nuri Pasha al Sa'id, C. M. G,. D. S. O

President of the Council of Ministers, Baghdad

٣٠/٧٨٣١٥. (ل٤٩٢-٥١٢)

Mr Hall 22.10.30

Mr Flood 22.10

Sir Bottomley

Sir J. Shuckburgh

Sir G. Grindle

Permit U.S of S

Parly. U.S of S

Secretary of State

Downing Street 23 October 1930

عێراق، زۆر نهێنی A، کۆمسیاری باڵا.

سێر،

شەرەفمەندم ئاماژە بە نووسراوی زۆر نهێنی مێجەر یۆنگ لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئاب ڕابردوو بدەم کە تایبەت بوو بە بەرزکردنەوەی داواکاریی کۆمەڵێک کوردی سلێمانی بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان. داواکارییەکە لە ڕێکەوتی ٤ی تشرینی یەکەم خراوەتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان و ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە بۆچوونەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر داواکارییەکە لە زووترین کاتدا دەخرێتەڕوو.

١. من ئێستا کۆپی ئەو نامەیە هاوپێچ دەکەم کە ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوە کراوە و ئاماژە بە یاداشتنامەیەک دەدات کە لەلایەن نووسینگەی موستەعمەراتەوە ئامادە کراوە و تێبینییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر داوکارییەکە لەخۆ دەگرێت.

٢. ئەو زانیاریانەی لەم یاداشتنامەیەدا هاتوون لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگیراون، بۆیە دەکرێ کۆمەڵێک زانیاری لەخۆ گرتبێت کە لەوانەیە وەک یەک نەبن، یاخود ماوەیان بەسەر چووبێت. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بەڕێزت لەم ڕوانگەیەوە

سـەیری زانیارییـەکان بکەیـت و لـە زووتریـن دەرفەتـدا بـە تەلەفـۆن ئـاگادارم بکەیتەوە کـە کام ڕسـتە پێویسـتی بـە هەموارکردنـەوە هەیـە. بـەم جـۆرەش مێجـەر یۆنگ ئـاگادار دەکرێتـەوە کـە هـەر خاڵێکـی لاوازی یاداشـتنامەکە پێـش ئـەوەی بخرێتـە بـەردەم کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب، ڕاسـتی بکاتـەوە کـە بەڕێـزت دەستنیشـانت کـردوون.

٣. لـە داڕشـتنی یاداشـتنامەکەدا ئامۆژگارییەکانـی مێجـەر یۆنـگ لـە نـووسراوە ئامـاژە پێکراوەکـەدا، ڕەچاوکـراوە کـە دەڵێـت پێویسـتە بۆچوونەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا لەسـەر داواکارییەکـەی کـورد پشـت بـە سیاسـەتی ئێسـتای حکومەتـی عێـراق ببەسـتێت، نـەک سیاسـەتی حکومەتەکانـی ڕابـردوو. بەهەرحـاڵ ناکرێـت بـە هیـچ شـێوەیەک ئامـاژە بـە بارودۆخـی ناوچەکانـی کوردسـتانی عێـراق پێـش ڕاگەیاندنـی ئـەم سیاسـەتەی ئێسـتا نەدرێـت. زیـاد لەمـەش بـە بۆچوونـی مـن پێویسـت نـاکات داوا لـە ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بکرێـت لـە زووتریـن دەرفەتـدا ڕەتـی ئـەو دەنگۆیـە بداتـەوە کـە لـە حاڵـی حـازردا لەنێـو کـورد لـە ئارادایـە کـە ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بڕیاریـداوە لـە دوای کۆتایهاتنـی ئینتیـداب لـە عێراقـدا ڕژێمێکـی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی تایبـەت لـە ناوچـە کوردییـەکان دامەزرێنێـت.

پێـم باشـترە لـە یاداشـتنامەکەی ئێسـتادا زۆرتـر تیشـک بخرێتـە سـەر هۆکارەکانـی هێنانـەدی دۆخـی نائارامـی و ناڕەزایەتـی لـە نێـوان کوردەکانـی عێراقـدا. ئەگـەر دۆخـی ئێسـتای کـورد جێگـەی ڕەزامەنـدی نەبێـت، هـەر وەک چـۆن لـە نووسراوەکـەی مێجـەر یۆنـگ و ڕاپۆرتەکانـی پێشـوو لەبـارەی عێـراق، ئامـاژە بـەم دۆخـە کـراوە، کەواتـە ناکرێـت ئـەم ڕاسـتییە بشـاردرێتەوە.

ئـەو ڕاسـتییەی حکومەتـی عێـراق بەڵێنەکانـی بەرانبـەر کـورددا جێبەجـێ نەکـردووە، هەروەهـا ئـەو ڕاسـتییەی دامەزراندنـی فەرمانبـەری غەیـرە کـورد لـەم دواییـەدا لـە ناوچـە کوردییـەکان زیـادی کـردووە، هەروەهـا حکومەتـی عێـراق وەک پێویسـت ڕەچاوی خواسـتە ڕەواکانـی کـوردی نەکـردووە، ئەمانـە هەموویـان دەگەنـە دەسـت کۆمەڵـەی گـەلان. بۆیـە بـە بۆچوونـی مـن باشـترە ئـەم زانیاریانـە لـە ڕێگـەی حکومەتـی خاوەنشـکۆوە بـە دەسـت کۆمەڵـەی گـەلان بـگات، نـەک لـە ڕێگـەی سـەرچاوەیەکیترەوە.

کەواتـە بـە بـڕوای مـن باشـترە، هـەر کاتێـک بۆچوونەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەسـەر ئـەم داواکارییـە خرایـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، پێویسـتە بـە ڕاشـکاوی ڕووبـەڕووی کەموکوڕییەکانـی حکومەتـی عێـراق ببینـەوە و لـە هـەر شـوێنێک پێویسـت بـووە لـەم بـارەوە ڕوونکردنـەوە بدەیـن و هـەر کاتێـک ئـەم کارە ئەنجامـدرا، دەکـرێ هـەوڵ بدرێـت و وردەکاریەکانیـش بخرێتـەڕوو کـە ئـەو سیاسـەتەی ئێسـتا حکومەتـی عێـراق ڕایگەیانـدووە، ئـەو دۆخـە چارەسـەر دەکات کـە بـە هـۆی کردارەکانـی ڕابـردووی عێـراق لـە پشتگوێخسـتنی مافەکانـی کـورد هاتووتـە ئـاراوە.

بەهەرحـاڵ، زانیاریـی هەمەگیـرم بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەبـەر دەسـت نییـە و باشـترە زانیاریـی زۆرتـر لـە بەغـدا وەرگریـن. ئـەم کارەش کاتـی دەوێـت و ئەنجامەکەشـی ئـەوە دەبێـت کـە بۆچوونەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەسـەر داواکارییەکـە زۆر درەنـگ بـە جنێـڤ دەگات، تـا داواکارییەکـە لـە دانیشـتنی داهاتـووی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب تاوتـوێ بکرێـت. لـەم چەشـنە بارودۆخـەدا، بـە بـڕوای من باشـترە، لەبـری ئەوەی خسـتنەڕووی تێڕوانینـەکان لەسـەر داواکارییەکـە درەنـگ بکرێـت، تیشـک بخرێتـە سـەر ئـەو سیاسـەتەی لـە حاڵـی حـازردا حکومەتـی عێـراق لـە هەمبـەر کـورد گرتوویەتەبـەر و بـە کورتـی ئامـاژە بـەو دۆخـە بدرێـت کـە لـە پێـش ئـەم سیاسـەتە لـە ئارادابـووە.

١. بەهەرحـاڵ بـە بۆچوونـی مـن باشـترە ئەم پشـتگوێ خسـتنە لـە تێڕوانینەکانـی داهاتووی حکومەتـی خاوەنشـکۆ تیشـکی بخرێتەسـەر، پێویسـتە لەسـەر سـێ داواکاریـتر کـە لەلایـەن کۆمەڵێـک کـوردەوە بەرزکراوەتـەوە، پێشـکەش بکرێـت. لـەم سـێ داواکارییـە، ئـەو داواکارییـەی لەلایـەن کۆمەڵێـک سـەرۆکی خێڵـی داودە خراوەتـەڕوو و لـە ڕێگـەی نـووسرای نهێنـی ژمـارە ‹ب› سـێر ر. برووک-پۆفـام، لـە ڕێکەوتـی ٣ی ئەیلـوول نێـردراوە، ئـەم داوکارییـە تـا ئێسـتا نەخراوتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. لـە تەلەگرامەکـەی ژمـارە ٤٥١ی سـیر ر. برووک-پۆفـام لـە ڕێکەوتـی ٢٥ی ئەیلـوول و دووبـارە لـە نـووسراوە زۆر نهێنییەکـەی بـە ژمـارە ‹س› لـە ڕێکەوتـی ٢٦ی ئەیلوولـی، بـاس لـەوە کـراوە کـە یەکێـک لـە واژووکارانـی ئـەم داواکاریـە [داواکاریـی خێڵـی داودە] یاداشـتێکی واژوو کـردووە (ئەگەرچـی لـە ژێـر گوشـاردا) ڕەزامەنـدی تـەواوی خـۆی بـۆ ڕژێمـی ئێسـتا دەربڕیـوە،

هەروەها باس لەوە دەکات کە واژووکارانیتر خاوەن پێگەیەکی گرنگ نین. بۆیە پێویست ناکات هیچ گرنگییەک بەم داواکارییە بدرێت و پێوست ناکات حکومەتی خاوەنشکۆ تێبینیەکانی خۆی بە تیروتەسەلی لەسەر ئەم داوکارییە دەربرێت.

بەهەرحاڵ، پەرەگرافی ٤ی داواکارییەکە تۆمەت دەخاتە پاڵ ئیدارەی عێراق و ئەم تۆمەتانەش بێ بنەما نین (بۆ نموونە، بوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەری تورکمان لە لیوای کەرکووک). بە بڕوای من کارێکی عاقڵانە نییە، کاتێک ئەم داواکارییە دەخەینە بەردەم کۆمەڵەی گەلان ئەم تۆمەتانە پشتگوێ بخەین، تەنیا لەبەرئەوەی داواکارەکان پێگەیان نزمە یاخود یەکێک لە داواکارەکان خاوەن مسداقیەتی کەمە. لە حاڵی حازردا، من لە پێگەیەکدا نیم بتوانم سەرنجەکانی خۆم لەسەر ئەم تێڕوانینانە بخەمەڕوو.

٢. لە نووسراوە نهێنیەکەی سیر ر. برووک-پۆفام لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئەیلوول، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە داوا لە حکومەتی عێراق کراوە تێبینیەکانی خۆی لەسەر دوو داواکارییەکەیتر پێشکەش بکات، بە تایبەتی لەسەر ئەو داواکارییەی لەلایەن واژووکارە ئۆریجناڵەکانەوە خراوەتەڕوو. کۆپیەک لەم داواکارییە لە نووسراوە نهێنیەکەی سێر ر. برووک-پۆفام لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلوول (ژمارە ١٢١)، هاوپێچکراوە. سەرەڕای هاوپێچکردنی داواکارییەکی حەفسەی نەقیب زادە کە هاوپێچی نووسراوی سێر ر. برووک-پۆفام لە ڕێکەوتی ٢٦ی سێپتەمبەر کراوە (ژمارە ١٤١).

لەنێوان ئەم داواکارییانەدا، ئەو داواکارییەی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی نەتەوەیی لە سلێمانی بەرزکراوەتەوە، کۆمەڵێک بانگەشەی سەبارەت بە خراپ مامەڵەکردن و خراپ ئیدارەدانی [خستووتە پاڵ حکومەتی عێراق]. لێرەشدا هاوشێوەی داواکارییەکەی سەرۆکەکانی خێڵی داوەدە، من لە پێگەیەکدا نیم بتوانم وەڵامی ئەم تۆمەتانە بدەمەوە. ئەمە بۆ ئەو تۆمەتانەش ڕاستە کە لە داواکارییەکەیتردا باس کراوە و ناڕەزایەتی لەسەر بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە باشووری کوردستان دەردەبڕێت و هەروەها ناڕەزایەتی بەرانبەر بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە دەردەبڕێت کە بۆ سەرکووت کردنی نائارامیەکەی سلێمانی بەکار هێنراون.

٣. بە بڕوای من پێویست ناکات بۆچوونەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر ئەم داوکارییانە بە سێ [ڕاپۆرتی] لێک جودا بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. لە بنەڕەتدا داوکارییەکان تیشکیان خستووەتە سەر چەند پرسێک، بۆیە مامەڵکردن لەگەڵ ئەو پرسانە بە جیا دەبێتە هۆی بەریەککەوتنی تێڕوانینەکان و دووبارەبوونەوە. بە بۆچوونی من باشترە کاتێک ئەم داوکارییانە بۆ جنێڤ بەرزکرانەوە، یاداشتنامەیەکی تێروتەسەل لەگەڵیان هاوپێچ بکرێت کە ڕوومالی هەر سێ داواکارییەکە بکات و وەڵامی تۆمەتەکانی ناو هەرسێ داوکارییەکە بە وردی بداتەوە. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بەڕێزت بتوانیت ئەم یاداشتە ئامادە بکەیت.

پێویستە یاداشتەکە بە شێوەیەک بێت کە شیاوی ناردن بۆ جنێڤ بێت. پێویستە یاداشتەکە کۆمەڵێک داتا لە خۆبگرێت کە ژمارەی فەرمانبەرە کورد و غەیرە کوردەکان لە لیوا کوردییەکاندا بە ڕیز نیشان بدات، هەروەها ژمارەی فەرمانبەرە غەیرە کوردەکانی دەتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن نیشان بدات. ئەم زانیارییانە دەبێ ژمارەی ئەو فەرمانبەرە کوردانە نیشان بدات کە لە ناوچەکانیتری عێراقدا کار دەکەن. یاداشتەکە پێوستە تیشک بخاتە سەر گرفتەکانی دامەزراندنی فەرمانبەری نەتەوەی کورد بۆ ناوچە کوردییەکان و زەرورەتی دامەزراندنی کۆمەڵێک فەرمانبەری غەیرە کورد لە ناوچە کوردییەکاندا بە تایبەتیش لە بواری دامەزراندنی کێشە تەکنیکی و نیمچە تەکنیکییەکاندا.

دواتر دەکرێ یاداشتەکە هەندێك وردەکاری لەسەر هۆکارەکانی یاخیبوونەکەی سلێمانی لەخۆ بگرێت، هەروەها ئاماژە بەو کردارانە بدات کە حکومەتی بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە و دواتر بۆ سەرکوتکردنی چالاکی تێکدەرانە گرتوویەتەبەر، بە تایبەتی ئاماژە بە دەستگیرکردنی سەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بدات کە ئەم سەرکردانە هەمان کەسن واژووی ئەو داواکارییەیان کردووە کە بۆ کۆمەڵەی گەلانیان بەرز کردووەتەوە.

٤. هەروەها پێویستە یاداشتەکە بە شێوەیەکی گونجاو ئەو هۆکارە جوگرافی، ئابووری و سیاسییانە لەخۆ بگرێت کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد نامومکین دەکات. ئەگەرچی ئەم یاداشتە باسی لەم هۆکارانە کردووە، بەڵام ئەم کارە پێویستی بە مامەڵەکردنێکی وردتری هەیە. دواتر ڕاپۆرتەکە بە تێرو تەسەلی باس لە سیاسەتی

ئێستای حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد و باشتر بوونی دۆخی ئێستای کورد و جێبەجێکردنی تەواوەتی سیاسەتەکە دەکات.

٥. بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە یاداشتە تا ڕادەیەک ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت کە لە تێڕوانینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ سەبارەت بە داواکارییە ئۆریجناڵەکە هاتووە، بەڵام ئەم یاداشتە ڕووماڵێکی هەمەلایەن و بەرفراوان لەسەر تەواوی پرسەکە لە چوارچێوەی یەک بەڵگەنامەدا، بۆ کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب و ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لەخۆ دەگرێت. زیاد لەمەش بە بڕوای من، باشترە لەسەر ئەم پرسە زانیاری ورد بخرێتە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو کۆمیسیۆن لەو بڕوایەدا بوو ئەو زانیارییانە ناتەواون کە لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆوە پێشکەشی کۆمیسیۆن کراون. یاخود مەترسییێکی زۆر جیددی دێتە کایەوە، ئەگەر کۆمیسیۆن داوا لە کۆمەڵەی گەلان بکات لەم بارەوە بەدواداچوونێکی تایبەت ئەنجام بدات، ڕاسپاردەیەک کە تاڕادەیەک لەڕادەبەدەر زۆر حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق شەرمەزار دەکات.

٦. لە کاتێکدا حکومەتی خاوەنشکۆ تەواوی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە جنێڤ و لە هەر شوێنێکیتر بەکاردێنێت بۆ ڕێگریکردن لە پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان، یاخود بەرپەرچی هەر هەوڵێک دەداتەوە کە دژی یەکپارچەیی خاکی عێراق بێت، هاوکات داوا دەکات عێراق سیاسەتێکی لیبراڵ و هاوسۆز لەگەڵ کورد پەیڕەو بکات و بە کردار و بە گوتار بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات و هەوڵی جیددی بۆ نەهێشتنی گلەیی و گازندە ڕەواکانی کورد بدات.

٧. بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازیی کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە نێوان کوردەکاندا زۆر بە کەمی دەبینرا، لە ئێستادا وا دەبینرێت کە هێز و بزوێنەرێکی پتەوی وەرگرتووە و ئەگەر کێشەی کورد بە عاقڵانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت ڕووبەڕووی هەمان کێشە دەبێتەوە کە حکومەتەکانی ئێران و تورکیا لە کوردستانەکەی خۆیاندا تووشی بوونە.

٨. بە بۆچوونی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا یەکەم هەنگاو بۆ چارەسەری ئەو نائارامییەی لە حاڵی حازردا لە کوردستانی عێراق لە ئارادایە بریتیە لە

ئاگادارکردنـەوەی خـودی کـورد لـە هەڵەبوونـی بیرۆکـەی سـەربەخۆیی کـورد لـە ڕووی سیاسـەتی پراکتیکییـەوە و حکومەتـی خاوەنشـکۆ گشـت تواناکانـی دەخاتەگـەڕ بـۆ گرتنەبـەری ڕێـکاری پێویسـت لـە جنێڤ بـۆ هاتنەدی ئەم مەبەسـتە، بەڵام بـە بۆچوونی حکومەتـی خاوەنشـکۆ، گرتنەبـەری سیاسـەتێکی ئاشـتیخوازانە لەگـەڵ ئـەو کوردانـەی خـاوەن ڕوانگەیەکـی میانـڕەون و نەهێشـتنی گلەییـەکان تەنیـا ڕێـکاری چارەسـەریی هەمیشـەیی کێشـەی کـوردە لـە عێـراق.

٩. تـا ئەوکاتـەی پرسـی کـورد چارەسـەر نەکـرێ، کـورد هەمیشـە وەک دڕکێـک دەبـن لەنـاو چـاوی عێراقـدا و هاوشـێوەی تورکیـا و ئێـران بـە بەردەوامـی سـەرهەڵدان و نائارامـی و ناسـەقامگیریی لـە ئـارادا دەبێـت. زیـاد لەمـەش، هـەر وەک سـێر ر. برووک-پۆفـام بـە دروسـتی لـە نـووسراوە زۆر نهێنییەکەی بەژمـارە ‹E›، لە ڕێکەوتـی ٢٦ی ئەیلوول ئاماژەی پێـداوە، حکومەتـی عێـراق ناتوانێـت لـە داهاتـوودا وەک ڕابـردوو، پشـت بـە حکومەتـی عێـراق ببەسـتێت»بۆ ئـەوەی ئـەو گرفتـەی خـۆی دروسـتی کـردووە بـۆی چارەسـەر بکات».

١٠. لـە نووسراویکـتری زۆر نهێنینـدا، بـە هەمـان ڕێکەوت، سـێر ر. برووک-پۆفـام باس لەوە دەکات کـە بارودۆخـی سەرتاسـەری کوردسـتانی عێـراق مەترسـیدارە و بۆچوونـی خـۆی دەربڕیـوە کـە لـەم چەشـنە بارودۆخـەدا پێدانی هـەر جـۆرە ئیمتیازێکی زۆرتر بـە کورد، وەک هێـمای لاوزابوونـی حکومەتـی عێـراق لەلایـەن کوردەکانەوە لێـک دەدرێتەوە. بەم هۆیەشـەوە ئـەو دەڵێـت نابـێ گوشـار بخەینە سـەر حکومەتی عێـراق بـۆ بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسـی یاسـای زمان. پێویست بەوە ناکات لەم بارەوە بۆچوونی سێر ر. برووک-پۆفام وەرگریـن، بـەڵام بـە بۆچوونـی من ئەو هەنـگاوەی حکومەتـی عێراق بـۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکەی سـلێمانی گرتیەبەر، هەروەها هەنگاوە توندەکەی دەسـتگیرکردنی گشـت سـەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیسـتی کورد، بە گشـتی وەک بەڵگـەی موقنع هەژمار دەکرێـن کـە حکومەتـی عێراق لـە کاتی پێویسـتدا لە گرتنەبـەری ڕێکاری توند ناترسـێت.

١١. مـن پێشـنیاز دەکـەم، هـەر کاتێـک بەڕێـزت زانیـت کە ئاسایشـی گشـتی ڕێگـە دەدات، دەبـێ بەڕێـزت حکومەتی عێـراق ئاگادار بکەیتەوە باشـترە حکومەتی عێراق کە تا ئێسـتا دەسـتێکی بەهێـزی نیشـانی کـوردەکان داوە، سیاسـەتی موسـاڵحە لەگـەڵ ئـەو کوردانـە بگرێتەبـەر کـە بۆچوونـی میانڕەوانەیـان هەیـە و هـەوڵ بـدات لـە دەسـتڕۆیی کەسـانی

توندڕەو دوریان بخاتەوە. هەروەها کارێکی عاقڵانە نابێت یاخیبوونی پچڕ پچڕ و پەرتوبڵاو، حکومەتی عێراق لە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە پەشیمان بکاتەوە.

١٢. ئێمە دەتوانین پێشنیازێکی کۆنکریتی بخەینەڕوو کە باشترە یاسای زمان بڵاو بکرێتەوە، ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ زیادکردنی فەرمانبەرانی کورد یاخود ئەو کەسانەی بە کوردی قسە دەکەن لە دامودەزگای کارگێڕیی لیوا کوردییەکاندا، بە تایبەتی چارەسەرکردنی کەموکوڕی لە کەرتی پۆلیسی ئەم لیوایانەدا.

١٣. من لە نووسراوە زۆر نهێنییەکەی ژمارە ‹A›، سێر ر. برووک-پۆفام لە ڕێکەوتی ١٠ی ئەیلوول تێبینیم کرد کە گوشاری خستووەتە سەر سەرۆک وەزیران بۆ ئەوەی تاوانی ئەو سەرکردە کوردانەی لە دوای یاخیبوونەکەی سلێمانی دەستگیر کراون دیار بکات. ئەگەر تا ئێستا حکومەتی عێراق بە پێی ئەم ڕاسپاردەیە کاری نەکردبێت، دڵنیام بەڕێزت گوشار بۆ حکومەتی عێراق دێنێت لە زووترین کاتدا ئەم کارە بکات. لە ڕاستیدا واژووکارانی داواکارییەیەکە، کە تا ئێستاش داواکارییەکە لە ژێر پێداچوونەوەی کۆمەڵەی گەلاندایە، دەستگیر کراون، خۆی لە خۆیدا ئەم کارە پێویستی بە پاساو هێنانەوە هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا دەستگیرکردنی ئەو سەرکردانە و بەندکردنیان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کورد نازناوی شەهید بەم سەرکردانە بدەن.

پێشنیازی ئەوە ناکەم گوشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراق تا ئەم سەرکردانە بێ دادگاییکردن ئازاد بکرێن، بەڵام بە بڕوای من تەنیا ئەو سەرکردانەی بە فەرمانی دادگا بە هۆی پێشێلکردنی یاساوە دەستگیرکراون دەبێ لە بەندیخانەدا بمێننەوە. هەروەها نابێ دادگایکردنیان بە بیانوی کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست زۆر درەنگ بکەوێت.

دواجار، من دڵنیام بەڕێزت دەسەڵاتی خۆت بەکار دێنێت تا سیاسەتی ڕاگەیێندراوی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد، کە بە بۆچوونی من سیاسەتیکی ڕازیکەرانەیە، بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت و لە پراکتیکدا بە هۆشیاریی و هاوسۆزییەوە پیادە بکرێت.

خزمەتکارتان.

تێبینییەکانــی حکومەتــی خاوەنشــکۆی شانشــینی یەکگرتــووی بەریتانیــای مــەزن و باکــووری ئیرلەنــدا لەســەر داواکارییــەک لــە ڕێکەوتــی ٢٦ی تەمــووز لەلایــەن عەزمــی بەگــی بابــان و واژووکارانیــتر پێشکەشــکراوە (ل٥١٣-٥١٩).

داواکارەکان کۆمەڵێــک کەســایەتی نــاوداری کــوردی ســلێمانین لــە عێــراق. ئــەوان نوێنەرایەتــی کۆمیتەیەکــی خۆ-دامــەزراو و خۆ-ناوکــراو بــە نــاوی کۆمیتــەی ناوەنــدی نەتەوەیــی کــورد دەکــەن.

*******

(١٩٣٠/٩/٥ (نــووسراوی دووەم لــە ژمــارە ١١١) ....... بــۆ ســەرۆک وەزیــران ١٩٣٠/٨/١٤ (نــووسراوی ژمــارە ٥ لــە ژمــارە ٧٥)........ لەلایــەن ســەرۆک وەزیــران ١٩٣٠/٨/١٩...... نــووسراوی ژمــارە ٥ لــە ژمــارە ٧٥)

نامەیــەک هاوپێچــی یاداشــتی بەردەســت کــراوە کــە لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە ڕێکەوتــی ٥ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، ئاڕاســتەی داواکاران کــراوە، هەروەهــا نامــە گۆڕینەوەکانــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت و ســەرۆک وەزیــران بــە وەکالــەت لەبــارەی داواکارییەکــە، هاوپێچکــراوە.

٢. کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە ســەرەتای مانگــی ئــاب بــە مەبەســتی لێکۆڵینــەوە لەگــەڵ ســەرۆک وەزیــران بــە وەکالــەت گەشــتێکی بــۆ ناوچــە کوردییــەکان ئەنجامــدا، بــاس لــەوە دەکات، لــە هەمــوو شــوێنێکی [کوردســتان] ئــەو بڕوایــە لــە ئارادایــە کــە ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان بڕیارێکــی تایبەتــی دەرکــردووە و داوا دەکات دوای نەمانــی دەســەڵاتی ئینتیــداب دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ لــە باشــووری کوردســتان دابمەزرێــت. هــەروەک حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا ئــاگادارە، ئــەم بۆچوونــە لەوانەیــە لەلایــەن ئــەو کەســانەوە بــرەوی پێبدرێــت کــە کار بۆ ســەربەخۆیی کوردســتان دەکــەن، ئەگەرنــا هیــچ بنەمایەکــی نییــە و تەنیــا بڕیارێکــی کۆمەڵــەی گەلانــە کــە لــە ١٦ی ئەیلوولــی ١٩٢٥ دەرکــراوە و تایبەتــە بــە ســنوورەکانی باکــووری عێــراق.

پەرەگرافــی پەیوەســت بــەم بڕیــارە داوا لــە حکومەتــی خاونشــکۆ دەکات ئــەو ڕێــکارە

کارگێڕییانـە لەبـارەی چۆنیەتـی بەڕێوەبردنـی ئـەو ناوچانـەی دانیشـتووانی کـوردن بخاتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان، تـا ئـەو گەرەنتیانـەی بـۆ پاراسـتنی کـورد، کۆمیسـیۆنی بەدواداچـوون سـنوور لـە دواییـن ئەنجامگیریەکەیـدا پێگەیشـتووە و داوای دەکات، گەرەنتـی بـکات». ڕاسـپاردەکانی کۆمیسـیۆن سـەبارەت بـە دانیشـتووانی کـورد کـە لـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـدا ئامـاژەی پێکـراوە، بـەم جـۆرەی خوارەوەیـە:

«پێویسـتە خواسـتی کـورد لەبەرچـاو بگیـرێ، بـۆ نموونـە، فەرمانبـەری کـورد بـۆ بەڕێوەبردنـی وڵاتەکەیـان دابمەزرێـت، دادپـەروەری بونیـات بنرێـت و زمانـی فەرمـی لـە قوتابخانـە و گشـت کەرتـە خزمەگوزارییەکانـدا کـوردی بێـت».

حکومەتـــی خاوەنشـــکۆی بەریتانیـــا ئـــاگاداری هیـــچ بڕیارێکیـــتری ئەنجوومەنـــی کۆمەڵـــەی گـــەلان نییـــە کـــە پێشـــنیازی ئـــەوەی کردبێـــت بـــە نیـــازە لـــە هـــەر کاتێـــک یاخـود لـە هـەر جـۆرە بارودۆخێکـدا هانـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ لـە باشـووری کوردسـتان بـدات. بەهەرحـاڵ، تێگەیشـتنێکی هەڵـە لـە ئارادایـە کـە گوایـە ئـەم جـۆرە بڕیـارە بوونـی هەیـە، ئـەم هەڵـە تێگەیشـتنەش هـاوکات بـووە لـە بـێ هیـوا بوونـی کـورد بـە هـۆی ئامـاژە نـەدان بـە هیـچ جـۆرە گەرەنتییەکـی تایبـەت سـەبارەت بـە بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق لـە پەیماننامـە نوێیەکـەی نێـوان بەریتانیـا و عێـراق، ئـەم دوو خاڵـەش هـۆکاری سـەرەکین لـە بوونـی ئـەو نائارامییـەی لـە باشـووری کوردسـتاندا لـە ئارادایـە، ئـەم داوکارییـەی کـە لـە حاڵـی حـازردا خراوەتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان ڕەنگـی داوەتـەوە و ئـەو هەسـتی نائومێـد بوونـە لـە ڕۆژی بەڕێوەبردنـی هەڵبژاردنـە سـەرەتاییەکان لـە سـلێمانی تەقییـەوە.

کوردەکانـی عێـراق بنەمایەکـی پتەویـان بـۆ گلەیـی و گازندەکانیـان هەبێـت، یاخـود نـا، ئـەم بابەتـەش دواتـر لـەم نامەیـەدا تیشـکی دەخرێتەسـەر، ئەگـەر کۆمەڵـەی گـەلان ئـەوە ڕەت نەکاتـەوە کـە بڕیارێکـی لـەم جـۆرە سـەبارەت بـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کـورد بوونـی نییـە، نارەزایەتـی و نائارامـی لـە ناوچـە کوردییـەکان بـەردەوام دەبێـت و خـودی کوردەکانیـش بـەو ئەنجامـە دەگـەن کـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کـورد لـە دەرەوەی سیاسـەتی پراکتیکیدایـە.

٣. لە داواکارییەکەی ٢٦ی تەمووز، واژووکاران داوای دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان دەکەن و بانگهێشتی کۆمەڵەی گەلان دەکەن کە لە هۆکارەکانی ئەم بیرۆکەیە تێبگەن. لە ڕوانگەی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا هەر جۆرە پڕۆژەیەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە باشووری کوردستان بیرۆکەیەکە جێبەجێ ناکرێ. لە ڕووی ئابووری و جیوگرافییەوە باشووری کوردستان و ناوچەکانیتری عێراق پێکەوە وابەستەن. هەردووکیان پێویستیان بە یەکتر هەیە. جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لە عێراق وەک جیاکردنەوەی سەرە لە جەستە. ئەوان ناتوانن دوور لە یەکتر بژین.

لە ڕووی سیاسیشەوە ئەم جۆرە چەمکە، چەمکێکی سەرنج ڕاکێشە. ئەگەرچی ئەم دووانە [واتە عێراق و باشووری کوردستان] خاوەن لێهاتوویی تەواوی خۆیانن، بەڵام کوردی عێراق خاوەن تایبەتمەندی هەماهەنگی سیاسی نین، ئەمەش بۆ خود-حوکمڕانی خاڵێکی جەوهەرییە. ڕێکخراوەیی و جیهانبینی کورد، بە پلەی یەکەم خێڵایەتییە. ئەوان خاوەن مێژووی حکومەتی خودی و دامەزراوی خود-حوکمڕان نین. شێوازی ژیانی ئەوان، شێوازێکی سەرەتاییە، زۆربەی هەر زۆریان نەخوێندەوار و ناڕۆشنبیرن، حەزیان نییە دەسەڵاتیان لەسەر سەر بێت و هەستی بەرپرسیارێتیان نییە. نەتەوە و مەزهەبی جیاواز تێکەڵیانن، لەگەڵ هەر کەسێکدا دەژین، هەستێکی سەرکوتککردنی دوژمنکارانەیان هەیە، تەنیا لە ڕێگەی دەستڕۆیی هێزێکی دەرەکی کە سنوورێک بۆ کارەکانیان دابنێت دەتوانرێ کۆنتڕۆڵ بکرێن، بە پێی ئەم بناغە ئابوورییە لەرزۆکە وابەستەیە، سیستەمی دەرەبەگایەتییەکی کۆن و نەریتی ئاژاوەنانەوە و بوونی دوژمنایەتی نەتەوەیی و ئایینی، هەرگیز دەوڵەتێکی خاوەن بنیاتێکی سەقامگیر بوونی نایێت. جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لە عێراق نە تەنیا دەبێتە هۆی هاتنەدی پشێوی بەردەوام و نائارامی لە ناوچە کوردییەکاندا، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی لەناوبردنی دەوڵەتی تازە دروستبووی عێراق، ئەمەش بەگشتی بۆ عێراقییەکان کارێکی نادادپەروەرانەیە و بۆ خودی کوردەکانیش کارێکی باش نییە کە هەموو کارێک بکەن لە پێناو هاندانی بیرۆکەی نەزۆکی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد.

٤. ئـەم داواکارییـە بەیانێکـی لەخـۆ گرتـووە کـە گوایـە زۆربـەی فەرمانبـەرە کارگێـڕی و جێبەجێکارییەکانی ناوچەکانـی کـورد، عەرەبـن. لـە ڕاسـتیدا لـە ناوچـەی سـلێمانی، کـە داواکارەکان سـەر بـەم ناوچەیـەن، لـە کـۆی گشـتی ١٥٧ فەرمانبـەر، ١٠٩ فەرمانبـەر کـوردن و تەنیـا ١٢ فەرمانبـەر عەرەبـن. ڕاسـتە لـە ناوچـە کوردییەکانیـتردا ڕێـژەی فەرمانبەرانـی کـورد، بـەرز نییـە، بـەڵام ئـەو فەرمانبەرانـەی غەیـرە کـوردن ژمارەیەکـی بەرچاویـان بـە کـوردی قسـە دەکـەن و خەڵکـی ڕەسـەنی ناوچـە کوردییەکانـن و زۆر بـە ئەسـتەم لـە فەرمانبـەرە کـوردەکان جیـا دەکرێنـەوە.

ئەگەرچـی ئـەو بەیانـەی دەڵێـت فەرمانبەرانـی عـەرەب لـە ناوچـە کوردییەکانـدا زۆرینـەن، بەیانێکـی بـێ بنەمایـە، بـەڵام حکومەتـی بەریتانیـا ئـاگادار کراوەتـەوە کـە لـەم دواییانـەدا تـا ڕادەیـەک ژمـارەی فەرمانبەرانـی غەیـرە کـورد بـەرز بووەتـەوە. ئـەم کارەش تـا ڕادەیـەک کارێکـی ناچارییـە. بـە پەرەسـەندنی کەرتـی خزمەتگوزاریـی لـە سەرتاسـەری عێراقـدا، زۆر ئاسـتەمە بتوانـرێ کوردێکـی شـیاو و بـە توانـا، وەک فەرمانبـەر بـۆ ئـەم کەرتـە لـە کوردسـتانی عێراقـدا بدۆزرێتـەوە. تەنانـەت لـەو کەرتانـەی بـە تەواوەتـی کەرتـی خزمەتگوزاریـن، گرفتـی [دۆزینـەوەی فەرمانبـەری لێهاتـوو کـە کـورد بێـت] دەبینرێـت، بـەڵام بـە ئاسـتیکی کەمـتر.

هـەر وەک لـە سـەرەوەدا ئامـاژەی پێـدراوە، کـوردی عێـراق خـاوەن ئەزموونـی خـود-حوکمڕانـی نیـن. لـە ڕابـردوودا ئـەوان زۆر بـە کەمی لـە بەڕێوەبردنـی وڵاتەکەیاندا بەشـدار بوونـە، کشـتوکاڵیان سـەرەتاییە و کەڵەکەکردنـی [بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکەیان] بەشـی بەڕێوەبردنـی خزمەتگوزاریـی حکومـەت نـاکات، بۆیـە شـتێکی سروشـتییە بـە گوێـرەی ئـەم بـێ ئەزموونیـە، کاتـی پێویسـتە تـا مرۆڤـی بەتوانـا ڕابهێنرێـت کـە شـیاوی پڕکردنـەوەی پۆسـتە کارگێڕیـی و تەکنیکییەکانـی ناوچـە کوردییـەکان بێـت.

٥. ناکـرێ نکۆڵـی لـەوە بکرێـت کـە لـەم سـاڵانەی ڕابـردوودا حکومەتـی عێراق سـەرکەوتوو نەبـووە لـە جێبەجـێ کردنـی ئـەو بەڵێنانـەی سـەرۆک وەزیرانـی پێشـووی عێـراق لـە تەمـووزی سـاڵی ١٩٢٦دا بـە کوردەکانـی داوە، کاتێـک گووتـی، «پێویسـتە ئێمـە مافـی کـورد بدەیـن. دەبـێ فەرمانبەرانیـان لـە نـاو خۆیانـدا بێـت و دەبـێ منداڵەکانیـان لـە

قوتابخانەکانـدا بـە زمانـی خۆیـان بخوێنـن». بـۆ نموونـە، زۆر درەنـگ کارکـراوە بـۆ کاراکردنـی یاسـایەک کـە زمانـی کـوردی بـە زمانـی فەرمـی نووسراوەکانـی حکومـەت و یاسـای دادگاکان و زمانـی خوێنـدن لـە قوتابخانـەکان لـە ناوچـە کوردییـەکان بناسـێنێت. لەوانەیـە لـەم دۆخـەدا ئەنجامدانـی ئـەم کارە ئەسـتەم بێـت، چونکـە تـا ئـەم سـاڵانەی دوایـی، کـوردی وەک زمانـی نووسـین، زمانێکـی نـاسراو نەبـووە، بـەڵام بـە گشـتی کارا نەکردنـی ئـەم یاسـایە بووەتـە هـۆی بێزارکردنـی کـورد، سـەرەڕای ئـەم ڕاسـتییەی کـە ڕێـژەی کـورد لـە پۆسـتەکانی پایتەخـت وەک پێویسـت نییـە. هەروەهـا کـورد لـەو بڕوایـەدان پێویسـتە ناوچـەی خوێندنـی سـەرەتایی بـە زمانـی کـورد دابمەزرێـت و فەرمانبەرێکـی کـورد بەڕێـوەی ببـات و بتوانێـت لـە ناوەندەکانـدا گوشـار بـۆ ڕەچاوکردنـی پێداویسـتییە کولتوریـی و پەروەردەییەکانـی کـورد بـکات.

دوای ئـەوەی ئـەم حکومەتـە دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت یەکسـەر دەسـتیکرد بـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر دۆخـی ناوچـە کوردییـەکان. ئـەم حکومەتـە درکـی بـەوە کـردووە کـە حکومەتەکانـی ڕابـردوو دوای ماوەیەکـی کـەم لـە جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانـە شکسـتاین هێنـاوە کـە بـە کوردیانـداوە، بۆیـە کـورد بەسـتێنێکی ڕەوایـان بـۆ ناڕەزایەتـی دەربڕیـن هەیـە. حکومـەت هەوڵیـداوە ئـەم دۆخـە چارەسـەر بـکات و هـەر وەک لـە نامەکـەی سـەرۆک وەزیـران بـە وەکالـەت و هاوپێچـی نامەکـەی بـۆ مێجـەر یۆنـگ دەبینیـن کـە لـە ڕێکەوتـی ١٩ی ئـاب نێـردراوە. لـە ئێسـتادا حکومـەت سیاسـەتێکی داڕشـتوە کـە لـە ڕوانگـەی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا دەتوانێـت تـەواوی گلەیـی و گازندەکانـی ڕەوای کـورد بسـڕێتەوە و بۆچوونـە میانڕەوکانـی ناوچـە کوردییـەکان، لـە ڕاسـتیدا بۆچوونی گشـت کوردەکانـی عێـراق، لەبەرچاوبگرێـت، تەنیـا ئـەو کەسـانە نەبێـت کـە پەتـای بیرۆکـەی ناسـیۆنالیزمی کوردیـان گرتـووە.

٦. ئێسـتا ڕەشنووسـی یاسـایەک بـۆ ئـەو ناوچانـەی زۆرینـەی دانیشـتووانی کـوردن، ئامادەکـراوە و دەڵێـت زمانـی کـوردی لـەم ناوچانـەدا لـە قوتابخانـەکان و لـە کاروبـاری کارگێـڕی حکومەتـدا زمانـی فەرمییـە. ناوچـەی پەروەردەیـی کـورد دامـەزراوە کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی لێکۆڵەرێکـی پەروەردەیـی کـورد دەبێـت. یاریدەدرێـک بـۆ

بەڕێوەبــەری گشــتی وەزارەتــی ناوخــۆ دامــەزراوە کــە کــوردە تــا مامەڵــە لەگــەڵ پرســەکانی تایبــەت بــە کــورد بــکات و ڕەچــاوی بەرژەوەندییەکانــی کــورد بــکات. نووســینگەیەکی وەرگێــڕان لــە وزارەتــی ناوخــۆدا دامــەزراوە کــە تایبەتــە بــە مامەڵــە کــردن لەگــەڵ نــووسراوە کوردییــەکان.

بەهەرحــاڵ، تەنیــا ئــەوە مــاوە کــە حکومەتــی عێــراق لــە هــەر شــوێنێک مومکیــن بێــت فەرمانبــەری کــورد لــە ناوچــە کوردییەکانــدا دابمەزرێنێــت. ئێســتا حکومــەت بــە نیــازە ئیمتیــازی زۆرتــر بــە کــورد بــدات کــە زانینــی زمانــی کــوردی وەک ئیمتیازیــک بــۆ دامەزرانــدن لــە ناوچــە کوردییەکانــدا ڕەچــاو بکرێــت.

٧. بــە بۆچوونــی حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا هــەر کاتێــک ڕەشنووســی یاســای زمــان خرایــە بــواری جێبەجێکــردن و کاریگەریــی ڕێکارەکانــی دیکــە کــە حکومەتــی عێــراق گرتویەتەبــەر لــە سەرتاســەری ناوچــە کوردییەکانــدا هەســتیان پــێ بکرێــت، ئــەو کات کــوردی عێــراق هیــچ هۆکارێکــی ڕەوایــان نامێنێــت بــۆ ناڕەزایەتــی دەربڕیــن، هەروەهــا هــەر کاتێــک تــەواوی ئــەو ڕێکارانــە بــە عاقڵانــە و هاوســۆزانە جێبەجــێ بکرێــن، ئــەوکات بڕیارەکــەی ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان لــە ڕێکەوتــی ١٦ی کانوونــی یەکەمــی١٩٢٥، بــە تەواوەتــی لــە گوتــار و کــرداردا [لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە] جێبەجێکــراوە.

حکومەتــی عێــراق داوا لــە کۆمیســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب دەکات کــە دان بــەم بۆچوونــەی حکومەتــی عێراقــدا بنێــت و داوا لــە ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان بــکات پێویســتە داواکارەکان ئــاگادار بکرێنــەوە کــە دامەزراندنــی کوردســتانی عێــراق وەک دەوڵەتــی ســەربەخۆ لــە ژێــر چاودێــری کۆمەڵــەی گەلانــدا هیــچ ڕێگــەی تێناچێــت، هەروەهــا ئــەو سیاســەتەی لــە حاڵــی حــازردا، لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە ڕاگەیێنــدراوە، ئەگــەر بــە تەواوەتــی جێبەجــێ بکرێــت و بەردەوامــی پێبدرێــت، دەبێتــە هــۆی پڕکردنــی داواکارییەکانــی ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان ســەبارەت بــە مامەڵەکردنێکــی تایبــەت لەگــەڵ ئــەو ناوچانــەی عێــراق کــە زۆرینــەی هــەرە زۆری دانیشــتووانی کــوردن.

نهێنی A (ل ٥٢٠-٥٢٢)

خانەی مەندوبی سامی

٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠

بەڕێز،

١. شەرەفمەندم ئاماژە بە تەلەگرامی سێر رۆبێرت برووک-پۆفام بە ژمارە ٤٦٣ لە ڕێکەوتی ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ بکەم، کە تایبەتە بە دوو داواکاریی کۆمەڵێک کورد و لە ڕێگەی کۆمسیاری باڵاوە ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کراوە.

٢. دەقی فەڕەنسی داواکارییەکە هاوپێچ دەکەم کە لە ڕێکەوتی ٣١ی ئابی١٩٣٠ نووسراوە، کۆپیەک لە دەقی فەڕەنسییەکەی لە نووسراوی نهێنی سێر رۆبێر برووک-پۆفام لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠ هاوپێچکراوە. هەروەها وەرگێڕانی نامەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق هاوپێچکراوە کە بۆچوونەکانی حکومەتی عێراق لەسەر داواکارییەکە لەخۆ دەگرێت. هەروەها تێڕوانینەکانی حکومەتی عێراق تیشک دەخاتە سەر ئەو تەلەگرامە کە کۆپیەک لەم تەلەگرامە هاوپێچی نووسراوە نهێنیەکەی سیر ڕوبێت برووک-پۆفام لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ کراوە. نێردەری ئەم تەلەگرامە هاوسەری عەبدولقادر، خەڵکی سلێمانییە، واتە یەکێکە لەو کەسانەی واژووی لەسەر داواکارییە فەڕەنسییەکە کردووە. بەهەرحاڵ، من پێموایە بەڕێزت بە نیاز نی ئەم داواکارییە تەلەگرافییە بخەیتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، چونکە لە تەلەگرامەکەی بەڕێزت بە ژمارە ٣٦٦ لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٣٠، جەخت لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە. هەر وەک ئاشکرایە ناتوانرێ دەقی ئۆریجناڵی داواکاری تەلەگرافێك [بۆ کۆمەڵەی گەلان] بەرزبکرێتەوە، چونکە هیچ واژوویەک لەسەر داواکارییەکە نییە، بۆیە هیچ گەرەنتیەک نییە ئەم داواکارییە داواکاریەکی ئۆریجناڵ بێت.

٣. سروشتییە ئەم پرسیارە بێتە کایەوە کە بۆچی داواکارییە ئۆریجناڵەکە درەنگ

بەرزکراوەتـــەوە، چونکـــە هـــەر وەک بەڕێـــزت دەزانـــی ڕێکەوتـــی ئـــەم داواکارییـــە بـــۆ ٣١ی ئـــاب دەگەڕێتـــەوە. ڕوونکردنـــەوەی هـــۆکاری ئـــەم درەنـــگ بوونـــەش بـــەم شـــێوەی خوارەوەیـــە. هـــەر وەک بەڕێـــزت دەبینیـــت، واژووکارانـــی داواکارییەکـــە، هاوشـــێوەی واژووکارانـــی ئـــەو داواکارییـــەن کـــە هاوپێچـــی نـــووسراوی نهێنـــی مێجـــەر یۆنـــگ لـــە ڕێکەوتـــی ٢٠ی ئابـــی ١٩٣٠ کـــراوە. لـــە ڕێکەوتـــی ٥ی ئەیلـــوول، پێـــش ئـــەوەی داواکاریـــی دووەمـــی ئـــەم داواکارانـــە بەدەســـتمان بـــگات، وەڵامـــی داواکارەکانـــی داواکاریـــی یەکـــەم دراوەتـــەوە (بڕوانـــە پەرەگرافـــی ١ لـــە تەلەگرامـــی ســـێر روبێـــرت برووک-پۆفـــام بـــە ژمـــارە ڤ٤١٤ لـــە ڕێکەوتـــی ٨ی ئەیلوولـــی ١٩٣٠).

بـە گەیشـتنی داواکاری دووەم، سێر روبێـر برووک-پۆفـام نامەیەکـی بـۆ داواکارەکانـی [داواکاری یەکـەم] نـارد کـە کۆپیـەک لـەم وەڵامـە هاوپێچـی نـووسراوە نهێنیەکـەی ڕێکەوتـی ١٥ی ئەیلـوول کـراوە و لـەم داواکارانـەی پرسـی کـە بـە ڕەچاوکردنـی وەڵامـی داواکاریـی یەکـەم بـە دەسـت داواکارەکان گەیشـتووە، ئایـا ئـەوان هێشـتا خوازیـارن داواکاری دووەمیـش بخرێتـە بـەردەم [ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان]. هـاوکات سـیر روبێـرت برووک-پۆفـام ئـەو دەرفەتـەی قۆزتـەوە تـا بـە تەلەگرامـی ژمـارە ٤٢٣ لـە ڕێکەوتـی ١٣ی ئەیلـوول، ڕاوێـژ بـە بەڕێـزت بـکات لەبـارەی پرسـی بەرزکردنـەوەی ئـەم داواکارییانـە.

٤. لـە هەمـان کاتـدا یاخیبـوون لـە کاتـی هەڵبژاردنـدا لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئەیلـوول لـە سـلێمانی ڕوویـدا، لـە ئەنجامـدا تـەواوی واژووکارانـی ئـەم داواکارییـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی خۆجێیـەوە بـە تۆمەتـی وروژاندنـی خەڵـک بـۆ یاخیبـوون دەسـتگیر کـران، تۆمەتێـک کـە تـا ئێسـتا واژووکاران چاوڕوانـی دادگایـی کردنـن. ئەگەرچـی ئـەو نامەیـەی سـەبارەت بـە داواکارییەکەیـان ئاڕاسـتەیان کرابـوو، لـە بەندیخانـە خرایـە دەسـتیان، بـەڵام ناکـرێ چـاوەڕوان بیـن ئـەوان بتوانـن وەڵام بدەنـەوە. لـە ئەنجامـدا، بـە گەیشـتنی تەلەگرامـی بەڕێـزت بـە ژمـارە ٣٦٦ لـە ڕێکەوتـی ٢٠ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، کۆپیـەک لـەم داواکارییـە (نـاوی واژووکارانـی داواکارییەکـە ڕەشـکراوەتەوە)، لـە ڕێکەوتـی ٢٦ی ئەیلـوول بـۆ حکومەتـی عێـراق نێـردرا تـا

بۆچوونەکانــی خۆیــان لەســەر داواکارییەکــە بخەنــەڕوو. ئەگەرچــی حکومەتــی عێـراق پـتر لـە جارێـك ئـاگادار کرایـەوە، بـەڵام تـا ڕێکەوتـی ١٨ی تشرینـی یەکـەم، حکومەتـی عێـراق وەڵامـی داواکارییەکـەی نەدایـەوە.

٥. چەندیــن داواکاریــترم لــە ناوچــە کوردییــەکان بەدەســت گەیشــتووە کــە ئاڕاســتەی کۆمەڵــەی گــەلان کــراوە و لــە زووتریــن کاتــدا لــە دوای ئــەوەی تێبینییەکانــی حکومەتـی عێراقـم بەدەسـت گەیشـت [بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان] بەرزیـان دەکەمـەوە، هەروەهــا لێکۆڵینــەوەی پێویســتم لەبــارەی واژووکاران ئەنجامــداوە.

بەڕێز، بەوپەڕی ڕێزەوە،

شەرەفمەندم بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

F. Humphrys

کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

سلێمانی (ل٥٢٣)

٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠

بۆ: سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ.

کۆپیەک بۆ:

جێگری وەزیری دەرەوە، وەزارەتی دەرەوە، (downing Street, S, W, 1)

بەڕێز،

ئێمە ئەو کەسانەی کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، نوێنەری سەرەکی کوردەکانی عێراقین و داوا دەکەین ئەم دوایین داواکاریەمان وەک دوایین ئاماژەدان بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان بەوەی کە چیتر ئێمە ناتوانین لەم چەشنە بارودۆخەدا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عەرەب بژین. ئێمە ڕۆژانە رووبەڕووی خراپ مامەڵەکردن و سەرکوتکردن دەبینەوە، بە هۆی ئەم هەڵانەوە خێڵەکانی ئێمە زۆرتر و زۆرتر سەرکێش دەبن، بۆیە چیتر ناتوانرێ ڕێگری لەم خێڵانە بکرێت بۆ ئەوەی کە ڕێکاری پێویست لە دژی عەرەبە سەرکوتکارەکان نەگرنەبەر.

ڕاستیەکی زانراوە کە ئاژاوەکانی ئەم دواییەی سلێمانی بە تەواوەتی لەلایەن فەرمانبەرانی عەرەبەوە پلانی بۆ داڕێژرابوو، هەروەها یەکەم تەقە کە وەبەر سەربازێکی عەرەب کەوت، لەلایەن ئەفسەرێکی عەرەبەوە کرا، ئەمەش بووە هۆی ئەنجامدانی ڕەشە کوژییەکی ڕێگە پێدراوی ژمارەیەکی زۆری پیاو و ژن و منداڵانی ئێمە.

لەبەرئەوەی لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیاوە هیچ یارمەتییەکی ئێمە نەدراوە، ناچارین خۆمان کارێک بۆ خۆمان بکەین، بەڵام ئێمە دەمانەوێت ئەوە بخەینەڕوو کە گرتنەبەری هەر جۆرە ڕێکارێک لەلایەن خێڵەکانی ئێمەوە، بە هیچ شێوەیەک لە دژی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا نییە. هەمیشە خواستی ئێمە بووە پارێزگاری لە هەستێکی زۆر دۆستانە لەگەڵ بەریتانییەکان بکەین، بەڵام ویستی ئێمە بەم ئاڕاستەیە زۆر بە ساردی پێشوازییان لێکرا.

لـە پێنـاو مرۆڤایەتـی، پێویسـتە ئێمـە نیشـانی جیهانـی بدەیـن کـە نەتـەوەی سـەربەرز و دێرینـی کـورد، خـۆ ئامـادە دەکات لـە دژی خـراپ مامەڵەکردنـی زۆرتـر، بەرگـری لـە خۆیـان و کەمینـە سـەرکوتکراوەکانیتری عێـراق بکـەن، هەروەهـا ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن کـە بـە پێـی نەریتـی بـاو بەریتانیـای گـەورە لەسـەر هەڵوێسـتە ناچالاکەکـەی خـۆی بەرانبـەر ئێمـەدا بـەردەوام دەبێـت، و ئەگـەر ئامـادە نەبێـت کـە داواکارییەکانـی ئێمـە لـە پێنـاو گۆڕینـی سیاسـەتی [عێـراق بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان] بـەرز بکاتـەوە، هـاو کات بـە هیـچ شـێوەیەک دژی بانگەشـەی ئێمـە بـۆ دادپـەروەری ناوەسـتێتەوە.

واژوو: شـێخ مەحمـود، بـە نوێنەرایەتـی هەمـوو خێڵەکانـی کوردسـتان.... [ناوەکـە ناخوێندرێتـەوە]

(ل٥٢٤)

Mr. Hall 1.11.30

Mr. Flood 1. 11 at once

part 3 Iraq 78315/30

دووبـارە دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی وەزیـری موسـتەعمەرات بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق.

لە کاتژمێر ۳:۰ ی ئێوارە لە ڕێکەوتی ۱ی نۆڤێمبەری ۱۹۳۰ نێردراوە.

ژمارە ٤٢٠.

ئامـاژە بـە پەرەگرافـی ۱۰ لـە نـووسراوە زۆر نهێنیەکـەم بـە ژمـارە ‹A› لـە ڕێکەوتـی ۲۳ی تشرینـی یەکـەم (ژمـارە: 78315/II/30-151). مـن لـە پەرەگرافـی ٤ی نـووسراوە نهێنیەکـەت بـە ژمـارە ‹A› لـە ڕێکەوتـی ۲٤ی تشرینـی یەکـەم، تێبینـم کـرد کـە هێشـتا سـەرۆکەکانی کـورد لـە بەندیخانەن و چاوەڕوانـی دادگایی کردنـن (No 4 in 78315/I/30). مـن زانیومـە مێجـەر یۆنـگ لـە بەرگریکـردن لـە کـردەوەی حکومەتـی عێـراق سـەبارەت بـە دەسـتگیرکردنی واژووکارانـی ئـەو داواکارییـەی ئاڕاسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان کـراوە توشـی گرفـت بـووە و دواخسـتنی دادگاییکردنـی ئـەو کەسـانە بووەتـە هـۆی ئـەوەی کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب ڕەخنـەی تونـد لـەم بـارەوە بگرێـت.

لـە ڕاپۆرتەکـەی مسـتر ئالبـان کـە هاوپێچـی نـووسراوە زۆر نهێنیەکـەی سـێر ڕۆبێـرت برووک-پۆفـام بـە ژمـارە ‹A› لـە ڕێکەوتـی ۱۷ی ئەیلـوول کـراوە، ئامـاژە بـەوە دەکات هیـچ بەڵگەیەکـی کۆنکریتـی لەبـارەی ئـەو کەسـانە بەدەسـت نەهاتـووە کـە ئـەوان هانـی خەڵکیانـداوە تـا یاخـی بـن (No 123 in 78315/II/30).

مـن خۆشـحاڵ دەبـم کـە بـە تەلەفـۆن ئـاگادارم بکەیتـەوە کـە بـە پێـی چ تۆمەتیـک حکومەتـی عێـراق بەنیـازە ئەو کەسـانە دادگایی بـکات و لە چ ڕێکەوتێـک دادگایی دەکرێن.

کۆپییەک بۆ وەزارەتی دەرەوە.

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات.

١ی تشرینی دووەم ١٩٣٠.

لــە کاتژمێــر ١٠:٣٠ خولەکــی ئێــوارە لــە ڕێکەوتــی ١ی تشرینــی دووەمــی ١٩٣٠ بــە دەســت نووســینگەی موســتەعمەرات گەیشــتووە.

ژمارە ٥١٨.

مەلیــک فەیســەڵ ڕەشنووســی یاســای زمانــی کــوردی پەســەند کــرد، ئەمــڕۆ بەڵێنــی بــە منــدا کــە لــە هەفتــەی داهاتــوودا ئــەم یاســایە بــڵاو دەکرێتــەوە و دەخرێتــە بــەردەم پەرلەمــان.

هەروەهــا مەلیــک بەڵێنــی بــە منــدا کــە تــەواوی ئــەو بەڵێنانــەی لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە بــە کــورد دراوە، بــە بــێ هیــچ دواخســتنێك جێبەجــێ دەکرێــن.

کۆپییەک بۆ وەزارەتی دەرەوە.

دووبــارە دارشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات. (ل٥٢٦)

٥ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠.

لــە کاتژمێــر ١:٥٨ خولەکــی ئێــوارەی ڕێکەوتــی ٥ی تشرینــی دووەمــی ١٩٣٠ گەیشــتووەتە نووســینگەی موســتەعمەرات.

ژمارە ٥٢٥.

ئامــاژە بــە تەلەگرامەکەتــان بــە ژمــارە ٤٣٠ لــە ١ی تشرینــی دووەم. دوو لــەو کەســانەی داواکارییەکەیــان واژوو کــردووە، تــا ئێســتا لــە بەندیخانــە ماونەتــەوە، ئەوانیــش ڕەمــزی ئەفەنــدی و تەوفیــق قــەزازن. شــێخ قــادر بــە پێــی مادەکانــی بەشــی ٤٠ی یاســای ناکۆکــی خێڵــەکان بــۆ دیوانیــە نەفیکــراوە تــا لــەوێ بژیــت، کەســانیتر چەنــد ڕۆژ لەمەوبــەر بەهــۆی نەبوونــی بەڵگــەی یەکلاکــەرەوە ئازادکــران. هەروەهــا ئــەو کەســانەی بــە ڕاســتی بەشــداریی یاخیبوونەکــەی ســلێمانیان کــردووە چاوەڕوانــی ســی و شەشــەمین داداگایکردنــن (Trial 36). داداگایکردنــی ڕەمــزی و تەوفیــق قــەزاز ئەمــڕۆ دەســت پێــدەکات. تۆمەتەکــە بــە پێــی بەندەکانــی ٥٤، ٥٥، ٨٥، ٨٦ و ٢١٤ی یاســای تاوانــی بەغــدا دەبــن. بــەڵام بەهــۆی ئامادەنەبوونــی موتەســەڕیف کــە بــۆ دیــداری مەلیــک فەیســەڵ و ئەنجامدانــی هەڵبژاردنــەکان بانگهێشــتی بەغــدا کــراوە، ڕێکارەکانــی [دادگایکردنــی دواخســت].

نهێنی (ل٥٢٧-٥٢٩)

خانەی مەندوبی سامی

٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، بەغدا

بەڕێز،

١. من شەرەفمەندم ئاماژە بە نووسراوە نهێنیەکەم بە ژمارە ‹A› لە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەمی١٩٣٠ بکەم کە تێدا داواکارییەک بەرزکرابووە کە لەلایەن کۆمەڵێک کورد واژووکرابوو، هەروەها دەقی دوو داواکاریتر بەرزکرابووە کە لە ڕێگەی منەوە ئاڕاستەی سکرتێری کۆمەڵەی گەلان کرابوو، هاوپێچ لەگەڵ وەرگێڕانی هەردوو داواکارییەکە. بۆ ئاسانکاری ئاماژە پێدان داواکارییەکان بە ژمارە ‹A› و ‹B› پۆلین کراون.

٢. کۆپییەک لەم داواکارییانە ئاڕاستەی حکومەتی عێراق کراوە، ناوی واژووکاران سڕاوەتەوە، ئەوانیش گوتویانە هیچ شتێکیان نییە بیخەنەسەر ئەو تێبینییانەی نوری پاشا لە نامەکەیدا ئاماژەی پێداون، کۆپییەک لەم نامەیەش هاوپێچی نووسراوەکەی من کراوە کە لەسەرەوە ئاماژە بە ژمارەکەی دراوە.

٣. دوو لەو داواکارییانە لەلایەن شێخ مەحمودەوە داڕێژراون لەو کاتەی دەستی لە سیاسەتی کورد وەردەدا. زۆربەی داواکارییەکان ئاڕاستەی خودی من کراون، هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کراون و کۆپییەکیش بۆ من نێرداوە، بە هەرحاڵ پێشنیاز دەکەم تەنیا ئەو داواکارییانەی لە ڕێگەی منەوە ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان بکرێن، بۆ نموونە ئەو داواکارییەی هاوپێچی ئەم نووسراوە کراوە.

٤. ئەو داواکارییە ئۆریجناڵانەی بە نهێنی بۆ لێکۆڵەری گشتی لە سلێمانی نێردراون و وژاوکراون بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**داواکاریی ‹A›**

«بۆ من مومکین نییە لە ڕاستی و دروستی ئەم واژووانە دڵنیا بم. دەگوترێت ئەم واژووکارانە هاووڵاتی ئێرانن، بەڵام بە پێی زانیاریی بەردەستن، چەندین گوندی ئاماژە پێدراوە لەم داواکارییانەدا لەم دواییانە چۆڵکراون، یاخود خەریکی چۆڵکردنن، گوندەکانیتریش زۆر لە سنووری نێوان [عێراق و ئێران] دوورن. دروستی [واژووکاری] ژمارە ۲۳ زۆر بەسەختی دەتوانرێت لە سەرووی سفر بێت».

**داواکاری ‹B›**

«مۆرەکەی جەعفەر سوڵتان و مستەفا بەگ، هاوشێوەی ئەو مۆرەیە کە بەبەردەوامی لەلایەن ئەوانەوە بەکار دەهێنرێت. ئەفراسیاب بەگ مۆر بەکار ناهێنێت. هیچ ئامرازێک لەبەر دەست نییە ڕاستی و دروستی مۆرەکەی نادرخان پشتڕاست بکاتەوە کە لە گوندی هەورامان (Avroman) دەژیت، ئەم گوندە هەندێك لە ڕۆژئاوای تەوێڵە دوورە و دەکەوێتە ناو خاکی ئێران. لەوانەیە پێویست نەبێت تێبینی بدەین لەسەر نادروستی [مۆرەکەی] جەعفەر سوڵتان کە داواکارییەکی واژووکردووە و ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر ئەو «سەرکوت و نادادپەروەرییەی ئێمە بەدەست عەرەبەکانەوە دەیکێشین» یاخود دەڵێت کە خوازیارین لە ژێر دەسەڵاتداریتی شێخ مەحموددا بژین».

٥. سەبارەت بە واژووکارانی داواکاریی ‹A›، تا ئەو شوێنەی مومکین بێت شوناسی ئەم کەسانە دیار بکرێت، وەها دەردەکەوێت کە ئەوان هاووڵاتیی ئێرانن. هەر وەک بەڕێزت دەزانی شیاو نییە ئەم داواکارییە بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. هەروەها داواکاری ‹B›یش واژووی نادرخانی لەسەرە کە هاووڵاتیی ئێرانە. هەروەها ڕاستی و دروستی واژووی سێ کەسەکەیتر جێگەی گومانە. لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرێت مستەفا بەگ کە دەکاتە کوڕی جەعفەر سوڵتان و ئەفراسیاب بەگ کە دەکاتە کوڕە برای، مۆری خۆیان لەم جۆرە بەڵگەنامەیە بدەن، ئەوکاتە زۆر ئەستەمە جەعفەر سوڵتان ئەم کارە بکات. لەم بارەوە من

سـەرنجی بەڕێـزت ڕادەکێشـم بـۆ چاوپێکەوتنێـک کـە لـە نێـوان مسـتر ئالبـان و جەعفـەر سـوڵتان ئەنجامـدراوە و لـە پەرەگرافـی ٢٥١ی ڕاپۆرتـی هەواڵگریـی دوو هەفتـە جارێـک لـە ڕێکەوتـی ١ی تشرینـی یەکـەم هاتـووە.

گەورەم، بەو پەڕی ڕێزەوە

من شەرەفمەندم بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارتان بم.

F. Humphrys

کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

(ل٥٣٠-٥٣٢)

Mr. Flood

**ژمارە ٤**

هەڵبەت ئەم نووسراوە لەگەڵ نووسراوی وەزیری دەرەوە لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەم بە ژمارە ١٥١ لەبەشی ٢ لە فایلەکەی خوارەوە دەگەنە یەکتر. لە پەرەگرافی ٦ی نووسراوی وەزیری دەرەوەدا، کۆمسیاری باڵا ئاگادار کراوەتەوە، بە بۆچوونی ئێمە شیاو نییە تێڕوانینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لەسەر ئەم داواکارییە جۆراوجۆرانە بە شێوازی چەندین ڕاپۆرتی جیا بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. بەم پێیەش کۆمسیاری باڵا هەوڵەکانی وەگەڕخست بۆ ئامادەکردنی یاداشتنامەیەکی بەرفراوان و هەمەگیر، تا ڕووماڵی گشت ئەو خاڵانە بکات کە لەم داواکاریانەدا ئاماژەیان پێدراوە و بتوانرێت ئەم یاداشتنامەیە بە ناوی تێبینیەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر ئەم داواکارییانە بۆ جنێڤ بنێردرێت. نامەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کە لە ژمارە ٤ی [ئەم دۆسیەیەدا] هاوپێچکراوە، بە گشتی وەک بەڵگەیەکی شارەزایانە هەژمار دەکرێت. دەتوانرێ بە شێوەیەکی کارا ئاماژە بەو خاڵانە بدرێت کە لەم داواکارییەی ئێستادا هاتووە، بەڵام پێویست ناکات جارێ حکومەتی عێراق تێبینییەکانی خۆی لەسەر ئەم داواکارییانە دەربڕیت، ئەمە ئەرکی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیایە ئەم کارە بکات. بەریتانیای مەزن، هێزێکی ئینتیدابە، ئەمەش بۆ حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا دەگەڕێتەوە کە کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، سەیری ئەو زانیاری و بینینانە بکات کە پەیوەستن بەو داواکارییانەی لە عێراقەوە هاتوون.

حکومەتی عێراق ناتوانێ لە دژی ئەو کەسەی زۆرینەی سکاڵاکانی ئاڕاستەی کراون، بێ لایەن بێت، بۆیە بۆچوونەکانی ئەوان لەسەر داواکاریەکان وەک بەڵگە بەهایەکی کەمیان هەیە. لەلایەکیترەوە، حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا، بەلانیکەم لە ڕووی تیۆرییەوە، دوور لەتەواوی ئەم ناکۆکییە ناوخۆییانەی عێراق

دەوەستێت و گریمانە دەکرێت هەڵویستی ئەم حکومەتە بریتی بێت لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی بێلایەن و پێشوەختی بڕیار لێنەدراو بۆ کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب.

بەم پێیەش لە گشت حاڵەتێکدا، شیاو نییە تەنیا داواکاری و تێبینیەکانی حکومەتی عێراق بە بێ بینینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا بخرێتە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب. ئەگەر ئەم بۆچوونە پەسەند بکرێت، تەنیا ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەچاوی ئەوە بکەین، ئەوەیە، ئایا ئەم نووسراوەی ئێستا هیچ هۆکارێک دەخاتەڕوو کە بۆچی پێویستە ئێمە واز لە بڕیارەکەمان بهێنین کە لە نووسراوی ٢٣ی تشرینی یەکەمدا ئاماژەی پێدراوە (لەسەرەوە ئاماژە بەم نووسراوە کراوە) و ئایا دەکرێ ئەم داواکارییە هاوپێچ لەگەڵ تێبینیەکانی ئێمە، بە بێ چاوەڕوان کردنی گەیشتنی داواکارییەکانیتر (کە ئێستا ژمارەیان دوو داواکارییە) یاخود بە بێ ئامادەکردنی یاداشتنامەیەکی هەمەگیر کە لە نووسراوەکەماندا ئاماژەی پێدراوە، بۆ جنێڤ بنێرین. من لەم نووسراوەدا هیچ هۆکارێکی ئەوتۆ بۆ ئەم کارە نادۆزمەوە.

یەکەم، لە ڕاستیدا ئێمە لە پێگەیەکدا نین بتوانین تێڕوانینێکی قەناعەت پێکەر لەسەر داواکارییەکەی ئێستا بخەینەڕوو. هەڵبەت ئێمە دەتوانین تەنیا بە ئاماژەدان بە خاڵەکانی نامەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕوانگەی خۆمان دەرببڕین، بەڵام بە بڕوای من تەنیا ئەمە بەس نییە. دووەم، ئەو ڕاستییەی لە دوای نووسراوەکەی ئێمە لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەم چەندین داواکاریتر بەرز کراونەتەوە، ئەم ئارگیۆمێنتە بەهێزتر دەکات کە جارێ باشترە چاوەڕوان بین و دواتر بە پێی بارودۆخەکە بڕیار بدەین. لە حاڵیحازردا، پێنج داواکاری چاوەڕوانن بخرێنە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب. لە بنەڕەتدا هەموو ئەو داواکارییانە یەک پرس لەخۆدەگرن. شتێکی بێ مانایە بۆ هەر داواکارییەک یاداشتنامەیەک لە تێبینییەکان بە جودا بخرێتەڕوو. لە هەمانکاتدا باشترە کۆمسیاری باڵا ئاگادار بکرێتەوە (بڕوانە پەرەگرافی ٢ لە ژمارە ٤) کە دەکرێ داواکاری تەلەگرافیێک بۆ کۆمەڵەی گەلان نەنێردرێت.

پێشنیاز دەکەم ئەو تەلەگرامەی بۆ کۆمسیاری باڵا دەنێردرێت، تێیدا ئاماژە بەوە بدرێت کە نووسراوەکە لە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەم، لەگەڵ نووسراوەکەی ئێمە لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەم یەکتر دەبڕن و ئاماژە بەوە بدرێت کە ئێمە دەست بەو بۆچوونە دەگرین کە لە پەرەگرافی ٦ی نووسراوەکەدا هاتووە کە تێبینیەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لەسەر ئەم داواکارییە و داواکارییەکانیتر، لە یەک یاداشتنامەدا کۆدەکرێنەوە. ئەم بۆچوونەش پشت بەو ڕاستیە دەبەستێت کە لە پەرەگرافی ٥ی نووسراوی کۆمسیاری باڵادا ئاماژەی بۆکراوە کە چەندین داواکاریتر لەلایەن کوردەکانەوە بەدەست گەیشتووە. هەروەها پێویستە ئێمە ئاماژە بەوە بدەین کە شیاو نییە تێبینییەکانی حکومەتی عێراق لەسەر چەندین داواکاری [بۆ کۆمەڵەی گەلان] بەرز بکەینەوە، چونکە کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب داوا لە حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا دەکات لەم بارەوە تەنیا تێڕوانینەکانی خۆی پێشکەش بەم کۆمیسیۆنە بکات. هەروەها ئاماژە بەوە بکرێت کە نامەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەم هاوپێچی نووسراوەکەی [کۆمسیاری باڵا] کراوە، دەکرێ هاوپێچی ئەو یاداشتنامەیە بکرێت کە لە نووسراوەکەمان لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەم ئاماژەی پێدراوە، یاخود هاوپێچی نووسراوەکانیتر بکرێت. لە کۆتاییدا، داوا دەکەین لە زووترین دەرفەتدا ئەم یاداشتنامەیە لە نزیکترین دەرفەتدا بگاتە دەستی ئێمە.

واژوو: Hall

٧ی تشرینی دووەم ١٩٣٠

١١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ (ل٥٣٣-٥٤٠)

تەلەگرامی بەغدا لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی دووەم (ژمارە ٥) تا دوێنێ ئێوارە بە دەستم نەگەیشت. دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێزت چووم مستر ڕێندێل (Mr. Rendel) لە وەزارەتی دەرەوە ببینم و لەسەر پێداوچوونەوە بە یاداشتنامەکەمان گفتوگۆ بکەم (ژمارە ١٥٠(A) لە بەشی ٢ی دۆسیەیە سەرەکییەکە) و ئامادەی بکەین تا بە پۆستەی شەوی ڕابردوو بۆ سکرتێری گشتی لە جنێڤ بنێرین، بۆئەوەی جێگەی ئەو یاداشتنامانە بگرێتەوە کە بە نامەی وەزارەتی دەرەوە لە ڕێکەوتی ٢٩ی تشرینی یەکەم بۆ جنێڤ نێردراون (ژمارە ٣ لە دۆسیەکەدا).

تەلەگرامەکە دوای پێداچوونەوە ئەو پێشنیازانەی لە خۆگرت کە لە پەرەگرافەکانی ١، ٢، ٥ و ٦ی تەلەگرامی بەغدادا هاتبوون. بڕیار لەسەر ئەوە درا پێشنیازەکانی پەرەگرافی ٣ و ٤ی تەلەگرامی بەغدا، زیاد نەکرێن. دواتر ئێوارە، لە کاتی ڕاوێژکردن بە بەڕێزت و سێر جۆن شاچبۆرگ (Sir John Shuchburgh) ڕێگەم پێدرا تەلەگرامێک بۆ مێجەر یۆنگ بنێرم و لەو ڕێکارانە ئاگاداری بکەمەوە کە گیراونەتەبەر.

بەداخەوە، پێویستە یاداشتنامە ئۆریجناڵەکە هەموار بکەینەوە. بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەو یاداشتنامەیە لەبەر دەستی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابدایە، بەڵام پێویستە ئەوە وەبیربهێنریتەوە کە لە کاتی نووسینی یاداشتنامە ئۆریجناڵەکەدا، ئێمە خشتمان بە کایەکی زۆر کەم (هەروەها پەرتوبڵاو) دروست کرد. وادیارە کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق زۆر بە سەختی لەوە تێدەگات کە ئەمە ئەرکی ئەوە زانیاری پێویست بۆ یاداشتنامەی تێبینییەکانی ئێمە لەسەر داوکاری کوردەکان دابین بکات و دوای شکستهێنانی بەدەستهێنانی زانیاری لێی، بڕیاردار بە پێی ئەو زانیارییە کەم و لاوازانەی لە دۆسیەکانی ئێمەدا هەن، یاداشتنامەیەک ئامادە بکرێت.

ئەگەر ئەو پۆستە هەواییەی کە کۆپیەک لە یاداشتنامەکەی ئێمەی بۆ کۆمسیاری باڵا لەگەڵ هاوپێچ کراوە، دوا نەکەوێت، ئەوکات دەکرێ یاداشتنامەکە

هەمــوار بکرێتــەوە، بــە دڵنیاییــەوە پێــش ئــەوەی [کۆمیســیۆنی هەمیشــەیی مەندیــت] دەســت بــە تاوتوێــی ڕاپۆرتەکــەی عێــراق بــکات، یاخــود پێــش ئــەوەی یادداســتنامەکە لەلایــەن ئەندامانــی کۆمیســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب بخوێندرێتــەوە.

بــە پێــی یاداشــتی ژمــارە ٤ی ئــەم دۆســیەیە، تەلەگرامێــک بــۆ کۆمســیاری بــاڵا دەنێــرم.

واژوو: Hall

١١ی تشرینی دووەم ١٩٣٠

(ل٥٣٦-٥٣٧)

Mr. Flood

**ژمارە ١١**

بە بۆچوونی من، سێر فرانسیس هامفریس لە تەلەگرامەکەی ئێمە لە ڕێکەوتی ١٩ی تشرینی دووەم (ژمارە ٧ لە دۆسیەکەدا) تێدەگات کە ئێمە بە نیاز نین ئەم داواکارییانە بۆ کۆمەڵەی گەلان بنێرین، تا ئەوکاتەی یاداشتنامە هەمەگیرەکەی ئەو بەدەست ئێمە نەگات، بەڵام شتێکی باش دەبێت تەلەگرامێکی کورتی بۆ بنێرین و داوای لێبکەین زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەو داواکارییانە بکات کە لەم یاداشتنامەیەدا ئاماژەیان پێدەکرێت، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش، تەلەگرامەکە سەبارەت بە هێرشەکەی ئێستای شێخ مەحمود بۆ سەر خاکی عێراق بەیاننامەیێکی پوخت لەخۆ بگرێت. ئەگەرنا هەر وەک ئەم نووسراوە، کۆمیسار تەنیا باس لە ڕاستی و دروستی واژووکانی سەر ئەم داواکارییانە دەکات. تەنیا ئەمەش بۆ کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بەس نییە کە چاوەڕوانی زانیاری زۆرتر دەکات تا ڕێنماییەکانی خۆی لەم بارەوە دەربڕێت.

بە بۆچوونی من پێویست ناکات، لە تێبینییەکانمان لەسەر ئەم داواکارییانە، باس لە مێژووی شێخ مەحمود بکەین. کۆمیسیۆن بە پێی ڕاپۆرتەکانی پێشوو زانیاریی لەسەر چالاکیەکانی ئەو هەیە (بڕوانە لاپەڕە ٣٣-٤٠ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣، لاپەڕە ٢٩-٣٢ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٣-١٩٢٤، لاپەڕە ٢٠-٢٣ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٥، لاپەڕە ١٥ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٦، لاپەڕە ٢٣ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٧).

واژوو: Hall

١٧ی تشرینی دووەم ١٩٣٠

لەگەڵ مستر فلوود قسەم کردووە و دواتر نامەیەکم بۆ مستر بەختیار نارد (کە لە غیابی مستر ڕێندێل، لە وەزارەتی دەرەوە بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتە). ئەگەر تا ١٩ی دیسێمبەر هیچ شتێک لە وەزارەتی دەرەوە بە دەست ئێمە نەگەیشت، ئەوکات دەبێ ئەم دۆسیەیە بۆ وەڵامدانەوەی کاتی دووبارە بۆ کۆمسیاری باڵا بنێردرێتەوە.

واژوو: Hall

١٦ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠

(ل٥٤١-٥٤٢)

Sir J. Shuchbutgh

لەوانەیە دەسەڵاتدارانی باڵا پێیان خۆش بێت کۆپیەکی پێشوەخت لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب لەسەر داواکاریی کورد ببینن (کۆپی هێمای ‹A› لە دوای ژمارە ٢٠ لە دۆسیەیەدا) و هەروەها ئاگادار بن کە بەلانیکەم ئێمە لە دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجەی لەکاتی خستنەڕووی تێڕوانینەکانمان لەسەر داواکارییەکەی لە مێشکماندا بوو، سەرکەوتوو بووین. شایانی وەبیر هێنانەوەیە (بڕوانە پەرەگرافی پیتی ‹Z› لە یاداشتەکەم لە ڕێکەوتی ١٣ی تشرینی یەکەم، هێمای ‹B› لە بەشی (II)ی ئەم دۆسیەیە)، ئەگەرچی زانیارییەکانی بەر دەستی ئێمە وەک پێویست نەبوون، تا بتوانین بەیانێکی تەواو و ڕازیکەر لەسەر ئەم داواکارییە بخەینەڕوو، بەڵام بڕیاردرا بە بێ چاوەڕوانیکردنی هاتنی زانیارییەکانی بەغدا، بینینەکانی خۆمان بخەینە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، بەو هیوایەی کۆمیسیۆن بتوانێت بە پێی ئەم تێڕوانینانە ڕاسپاردەیەکی یەکلاکەرەوە بداتە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کە پێویستە داوای کورد بۆ سەربەخۆیی ڕەتبکرێتەوە. لەلایەن کۆمیسیۆنەوە درک بەم هیوایە کرا و ئەو ڕێکارانە پەسەندکرا کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو بڕیاری لەسەر درا. لەوانەیە ڕاسپاردەی دووەم و سێیەمی کۆمیسیۆن وەک پێویست ڕازیکەر نەبن و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاستێک لە تووڕەیی

لە ناو ناوەندە حکومییەکانی بەغدا، بەڵام هیواداریـن ئـەو یاداشـتنامەیە هەمەگیـرە کـە داوا لـە کۆمسـیاری بـاڵا کـراوە ئامـادەی بـکات و پەیوەسـتە بـە گلەیـی و گازنـدەی کـورد (بڕوانـە پەرەگرافـی ٦ لـە نووسراوەکەمـان لـە ٢٣ی تشرینـی یەکـەم، ژمـارە ١٥١ لـە بەشـی (II)ی ئـەم دۆسـیەیە) بـە دڵنیاییـەوە کۆمیسـیۆن ڕازی دەکات کـە لەکاتـی ئێسـتا حکومەتـی عێـراق، بـە تەواوەتـی ئـاگاداری پێداویسـتییەکانی بارودۆخەکەیـە و تـا ئـەو جێگەیـەی مومکـن بێـت ئیمتیازاتـی نەتەوەیـی و ئایینـی بـە کوردەکانـی عێـراق دەدات.

سـەبارەت بـە ڕاسـپاردەی سـێیەمی کۆمیسـیۆن، کاتێـک ڕاپۆرتـی کۆمیسـیۆن دەگاتـە دەسـت کۆمەڵـەی گـەلان، بـە بـڕوای مـن بـاش دەبێـت ئەگـەر نوێنـەری بەریتانیـا ئـاگادار بکرێتـەوە تـا کۆمەڵـەی گـەلان ئـاگادار بکاتـەوە کـە حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا، ڕازیـە هـەر کاتێـک پێویسـت بێـت، حکومەتـی عێـراق ئامادەیـە ئـەو گەرەنتییانـەی پەیوەسـتن بـە خۆشـگوزەرانی کـورد لـە داهاتـوودا، بخاتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان. پێشـنیاز دەکـەم سـەبارەت بـە ڕاسـپاردەی دووەم، نوێنـەری بەریتانیـا تەنیـا ئـەوە بڵێـت کـە لـە حاڵیحـازردا، خەریکـە ڕاپۆرتێکـی هەمەگیـر لەسـەر بارودۆخـی ئێسـتای ئـەو ناوچانـەی عێـراق کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی کـوردن، ئامـادە دەکرێـت و لـە داهاتوویەکی نزیکـدا ئـەو ڕاپۆرتـە دەخرێتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. حکومەتـی خاوەنشـکۆ دڵنیایـە هـەر کاتێـک ئـەو ڕاپۆرتـە تاوتـوێ کـرا، دەبینرێـت کـە گشـت تواناـکان وەگەرخـراون تـا بڕیارەکانـی ڕێکەوتـی ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٥ی کۆمەڵـەی گـەلان بـە تەواوەتـی جێبەجـێ بکرێـن.

بـە بۆچونـی مـن باشـترە ناوەڕۆکـی [ڕاپۆرتـی] ‹A› کـە لەسـەرەودا ئامـاژەی پێـدراوە، بـە شـێوەیەکی نیمچـە فەرمـی بخرێتـە بـەردەم وەزارەتـی دەرەوە و ئەگـەر ئـەوان هـاوڕا بـن، کۆمسـیاری بـاڵا لـە پێشـنیازەکان ئـاگادار بکرێتـە و داوای لێبکرێـت لـەم بـارەوە ڕەزامەنـدی حکومەتـی عێـراق دەسـتەبەر بـکات.

واژوو: Hall

١٩.١٢.١٩٣

(ل٥٤٣-٥٤٦)

Mr. Flood

ژمارە ٢٤.

دوو داواکاریتر: ژمارەی داواکارییەکانم لێ تێکچووە، بەڵام پێموایە نزیکەی ١٠ داواکاری، یان زۆرتر چاوەڕوانن بخرێنە بەردەم کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب. کۆمەڵێک لەم داواکارییانە بۆ ماوەیەکی دوور بەر لە ئێستا دەگەڕێنەوە، بەلانیکەمەوە بۆ مانگی ئابی ڕابردوو. بۆیە ئەو شەش مانگەی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب [بۆ خستنەڕووی داواکارییەکان] دەستنیشانی کردبوو، خەریکە تەواو دەبێت.

پرسیارەکانی کۆمسیاری باڵا کە لە پەرەگرافی ٧دا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

ا پێموایە لەم بارەوە دەبێ وەڵامەکە بە دڵنیاییەوە ‹بەڵێ› بێت. ئەگەر بکرێت ئێمە نامانەوێت هیچ جۆرە بۆچوونێکی جیاواز لە نێوان خۆمان و حکومەتی عێراق، بخەینە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. پێشنیاز دەکەم دەسەڵات بە مستر ف. هامفریس بدرێت لەسەر ڕەشنووسی یاساکە لەگەڵ حکومەتی عێراق گفتوگۆ بکات و بە بێ پابەند بوون بە هیچ بنەمایەک ئەم کارە بکات، تا هاوڕایی ئەوان لەسەر ناوەڕۆکی یاداشتنامەکە دەستەبەر بکات. باشترە بە کۆمیسار بگوترێت، ئەگەر حکومەتی عێراق هاوڕا بوو، هیچ گرفتێک لە خستنەڕووی تێبینیەکانیان بە بەیاننامەیەکی جودا [لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان] لە ئارادا نییە، هەروەها پێشنیاز دەکەین ئەو تێبینییانەی لە نامەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ڕێکەوتی ١٨ی تشرینی یەکەمدا (نووسراوی ژمارە ٤) هاتووە، لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەی لە یاداشتنامەکەدا هاتووە یەکناگرنەوە، دەکرێ لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەیان پێ بدرێت.

ب لێرەدا دووبارە پێویستە وەڵامێکی ئەرێنی بدەینەوە، بڕوانە تەلەگرامەکەمان لە ڕێکەوتی ١٨ی تشرینی دووەم، ژمارە ١٢ لەم دۆسیەیەدا. لەم تەلەگرامەدا کۆمسیاری باڵا لە ڕەشنووسی یاداشتنامە هەمەگیرەکەیدا زۆر بە ڕاشکاوی داوای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دوو داواکارییە دەکات، بەڵام سەبارەت بە داواکارییەکانی

شێخ مەحمود و جەعفەر سوڵتان، کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن و سەرتاپاگیرن، بە بڕوای من هەر جۆرە وەڵامێک بۆ ئەو داواکارییانەی لە ژمارە ١١ی ئەم دۆسیەیەدا هاتووە، تەنیا تایبەت بێت بە خودی داواکارەکان و [تیشک بخرێتە سەر] ڕاستی و دروستی واژووەکان.

**ج** هەڵبەت ئەم پرسەی خراوەتە بەردەم سێر ف. هامفریس، هاوکات تەلەگرامەکەی ئێمە لە ڕێکەوتی ٢٢ی کانوونی یەکەم (ژمارە ٢١ لە دۆسیەیەکەدا) بە دەست گەیشتووە کە دەقی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی لەسەر داواکاری کورد هاوپێچکراوە. لەم ڕاپۆرتەدا کۆمیسیۆن ئەم پرسیارەی خستووتەڕوو، ئایا ئەو سیاسەتەی لەم دواییانەدا لەلایەن حکومەتی عێراق ڕاگەیێندراوە، داواکارییەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان پڕ دەکاتەوە کە داوا دەکات بە پێی بڕیاری ئەنجوومەن لە ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥، مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەو ناوچانەی عێراقدا بکرێت کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن. لەم بارەوە بڕوانە دوایین ڕستەی یاداشتنامەی تێبینیەکانمان لەبارەی داواکاری کورد لە ژمارە ١٥٠(A)، بەشی ٢ لە دۆسیەی خوارەوەدا.

بەهەرحاڵ، لە ڕاسپاردەی دووەمی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابدا دیارە کە ئەوان بە تەواوەتی لەم خاڵە ڕازی نین. بە بڕوای من باشترە لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ کۆمسیاری باڵا قسە بکەین و پێی بڵێین، چونکە کۆمیسیۆنی هەمیشەی ئینتیداب لەسەر ئەم خاڵە هیچ ڕاسپاردەیەکی یەکلاکەرەوەی پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان نەکردووە، بۆیە زۆر ئەستەمە ئەنجوومەن خۆبەخۆ لە دانیشتنی داهاتوودا هیچ ڕاگەیێندراوێکی یەکلاکەرەوە ڕابگەیێنێت، کەواتە باشترە کۆمسیاری باڵا یاداشتنامەیەک لەسەر ئەم خاڵە ئامادە بکات و وەها گریمانە بکات کە ئەم پرسە تا ئێستاش بە کراوەیی ماوەتەوە. کاتێک یاداشتەکانی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بە دەستمان گەیشت، لەوانەیە هەندێك ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو پاڵنەرەی بووەتە هۆی دەرکردنی دووەمین ڕاسپاردەیان بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان.

بۆ زانیاریی کۆمسیاری باڵا من ڕەشنووسی تەلەگرامێک دەخەمەڕوو:

ژمارە ٢٥.

هــەر وەک ئێمــە لــە ڕەشنوســی ڕاپۆرتــی ڕاپۆرتــدەری ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان بینیــمان، وەهــا دەردەکەوێــت کــە ڕاپۆرتــدەر دوای خســتنەڕووی تێبینیەکــی کــورد لەســەر ڕاپۆرتــی کۆمیســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب لەســەر داواکاری کــوردەکان، پێشــنیازی ئــەوە دەکات پەیــڕەوی لــە ڕاپۆرتەکــە و هــەر سێ ڕاســپاردەکە بکرێــت. بــە بۆچوونــی سێر هامفریــس، کارێکــی پوخــت نابێــت لــەم قۆناغــەدا، پەیــڕەوی ڕاســپاردەی سێیەم بکەیــن. مــن لەگــەڵ ئــەم بۆچوونــە هــاوڕام. ڕێــڕەوی ئــەو ڕێکارانــەی کۆمیســار پێشــنیازی دەکات تــا ڕادەیــەک جیــاوازە لــەو ڕێکارانــەی لــە دوایــن ڕاپۆرتــدا (ژمــارە ٢٥ی ئــەم دۆســیەیە)، پەســەند کــراوە، بــەڵام مــەرج نییــە هــەر دوو ڕێڕەوەکــە ناتەبــا بــن و بــە بــڕوای مــن دەکــرێ یەکێکیــان بــۆ بەهێزکردنــی ئەویتریــان بــەکار بهێنرێــت. مــن لــە ڕەشنووســە هاوپێچکراوەکــەدا داوام لــە وەزارەتــی دەرەوە کــردووە کــە چــۆن دەتوانیــن ئــەم کارە بکەیــن.

واژوو: Hall

٣١ی کانوونی یەکەم.

دووبـارە داڕشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق بـۆ وەزیـری موسـتەعمەرات. (ل٥٤٨-٥٤٩)

٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠.

لـە کاتژمێـر ٨:١٤ خولەکـی ئێـوارە لـە ڕێکەوتـی ٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩٣٠ گەیشـتووەتە نووسـینگەی موسـتەعمەرات.

گرنگ.

ژمـارە ٥٣٣. مـن ئـەم تێبینییانـەی خـوارەوەم لەسـەر ڕەشنووسـی یاداشـتنامەکە هەیـە کـە هاوپێچـی نـووسراوە زۆر نهێنییەکەتـان بـە ژمـارە ‹A› لـە ڕێکەوتـی ٢٣ی تشرینـی یەکـەم کـراوە، کـە بـە هـۆی دواکەوتنـی پۆسـتەی هەوایـی بـۆ مـاوەی ٤٨ کاتژمێـر دوێنـێ شـەو بـە دەسـتمان گەیشـت.

١. بـە بۆچوونـی مـن تـەواوی ئـەو ڕسـتەیەی لـە پەرەگرافـی سـێیەمدا هاتـووە کـە بـە وشـەی ‹تێکـەڵ بەیەکـتر کـردن› دەسـت پێـدەکات و بـە وشـەی ‹کاریگەری(ییـە) سیاسـییەکان› بـە کۆتـا دێـت، هەروەهـا وشـەی ‹ناتەبایـی نەتەوەیـی و ئایینـی› کـە لـە ڕسـتەی دواتـردا هاتـووە باشـترە بسـڕێنەوە، چونکـە لەوانەیـە تێگەیشـتنی نادروسـت لـەم ڕسـتەیە یاخـود تەنانـەت مەترسـیداریش بێـت. بڕوانـە لاپـەرەی ٣٣ لـە ڕاپۆرتـی سـاڵانەی سـاڵی ١٩٢٩.
٢. بـە بـڕوای مـن، دووەم ڕسـتە لـە پەرەگرافـی چـوارەم، دەکـرێ بەهێزتـر بکرێـت بـە نووسـینی دەسـتەواژەی «بـە گوێـرەی دواییـن وەڵام(ەکان) لـە ڕێکەوتـی ١ی نیسـان».
٣. بـە بۆچوونـی مـن باشـترە هـەر سـێ ڕسـتەی کۆتایـی پەرەگرافـی چـوارەم بسـڕێنەوە، چونکـە ئێمـە بـە نیازیـن لـە وەڵامـدا بڵێیـن [ئـەم ڕێکارانـە] بـە یەکسـانی بەسـەر بەشـێکی بەرفراوانـی عێراقـدا جێبەجـێ دەکرێـن، لـە ڕاسـتیدا لـە سـەردەمی تورکیـادا واتــە [ســەردەمی ئیمپراتــۆری عوســمانی] کوردێکــی زۆر بەرزتریــن پۆســتەکانی دەوڵەتیـان لـە دەسـت بـووە.
٤. مەلیـک فەیسـەڵ ڕەشنووسـی یاسـای زمانـی پەسـەند کـردووە و لـە ٩ی تشرینـی

دووەمـدا، ڕێـکاری پێویسـت بـۆ جێبەجێکردنـی گیراونەتەبـەر. بـەم پێیـەش هەفـت وشـەی یەکەمـی پەرەگرافـی شەشـەم دەبـێ بـەم جـۆرە دابڕێژرێتـەوە «ڕەشنووسـی یاسـاکە بڵاوبووەتـەوە و چاوەڕوانـی پەسـەندکردنە لەلایـەن پەرلەمانـەوە«. لـە هەمانکاتـدا بـۆ پەسـەند کردنـی ئـەم ڕسـتەیە تەلەگرامێـک دەنێـرم.

٥. پێشـنیاز دەکـەم وشـەی ‹بەتایبـەت› لـە ڕسـتەی سـێیەمی پەرەگرافـی شەشـەم بسـڕیتەوە، چونکـە کەیسـەکە لـە ڕادەبـەدەر گـەورە دەکات.

٦. پێشـنیاز دەکـەم وشـەکانی «بەخشـینی ئیمتیازاتـی زۆرتـر بـۆ کـورد وەک هەروەهـا وشـەی «ڕەهـا» لـە ڕستەی یەکەمـی پەرەگرافی شەشـەم بسـڕێنەوە، چونکـە «لێهاتووی زمـان» وەک ئامـاژەدان بـۆ لێهاتوویـی بەرتەسـک و پێشـوەختەیی نەتەوەیـی دێـت. وشـەی «ڕەهـا» بـۆ دامەزرانـدن لـە کەرتـی تەکنیکیـدا بـەکار ناهێنرێـت.

بـە پێـی ڕێنماییەکانـی پەرەگرافـی شەشـەمی نووسراوەکەتـان، لـە زووتریـن کاتـدا یاداشـتنامەیەکی هەمەلایـەن ئامـادە دەکـەم.

لـە هــەر جـۆرە ئاماژەدانێــك بــەم بابەتــە تکایــە ئامــاژە بکــە بــە نــووسراوی (E 6101/2558/93) (ل ٤٧٥)

هەروەهــا ئاڕاســتەکراوە بــۆ- نــاوی هیــچ کەســێک نەهێنرێــت- «جێگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە» (Under-Secretary of State). وەزارەتــی دەرەوە، لەنــدەن، S. W. 1

جێگری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی بـۆ جێگـری وەزیـری کاروبـاری موسـتەعمەرات دەخاتـەڕوو، هەروەهـا بـە ڕێنمایـی وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، کۆپیـەک لـەم نـووسراوەی خـوارەوە دەخاتـەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

١١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠

ئامــاژە بــە نــووسراوی پێشــوو: نامــەی نووســینگەی موســتەعمەرات بــە ژمــارە (E 78315/30) لــە ڕێکەوتــی ١٠ی تشرینــی دووەم.

وەسفی نووسراوەکە (description of enclosure)

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| بۆ: کۆمەڵەی گەلان، ١٠ی تشرینی دووەم.<br>تەلەگرامێــک بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان، ١٠ی تشرینــی دووەم.<br>تەلەگرامێـک بـۆ بەڕێـز ڕێندێـل. ژمـارە ١٢٥، ١٠ی تشرینـی دووەم | داواکاری کوردەکانی عێراق.<br>یاداشـتنامەی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان. |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ...

1421388B (2)

(ل٥٥١)

6101/2553/93

S. W. 1

10th November, 1930

بەڕێز،

بــە ئامــاژەدان بــە نامــەی وەزارەتــی دەرەوە بــە ژمــارە (E 5766/2558/95) لــە ڕێکەوتــی ٢٩ی تشرینــی یەکــەم کــە یاداشــتنامەی بۆچوونەکانــی حکومەتــی خاوەنشـکۆ لـە شانشـینی یەکگرتـوو لەسـەر داواکارییـەک لـە خـۆ دەگرێـت کـە لەلایـەن کۆمەڵێـک کـوردی عێـراق نـووسراوە. لەلایـەن بەڕێـز هێندێرسـۆن وەزیـری کاروبـاری دەرەوە ڕاسـپێردراوم ئاگادارتـان بکەمـەوە کـە لـە ئەنجامـی ڕاوێژکـردن بـە کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، وەهـا بـە بـاش زانـرا دەکرێـت هەندێـك هەموارکردنـەوەی بچـووک بەسـەر وشـەکانی ئـەم یاداشـتنامەیەدا بهێنرێـت.

٢. بـەم جـۆرەش چـوار کۆپـی لـە یاداشـتنامە هەموارکراوەکـە، لێـرەدا هاوپێچکـراوە. هەروەهـا زۆر خۆشـحاڵ دەبـم، ئەگـەر بەڕێـزت ئـەم کۆپیانـە لـە شـوێنی ئـەو کۆپیانـە دابنێیـت کـە لـە نامـەی ئامـاژە پێکـراو هاوپێچکـرا بـوون.

گەورەم،

خزمەتکاری ملکەچی بەڕێزتان.

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ.

کۆپی (ل٥٥٢)

E 6101/2558/93

بۆ بڵاو کردنەوە نییە.

کۆد: تەلەگرامێک بۆ کۆنسوڵی بەڕێز (جنێڤ).

وەزارەتی دەرەوە. ١٠ی تشرینی دووەمی١٩٣٠. کاتژمێر ٧:٠٠ ئێوارە.

ژمارە ١٢٥ (R)

ئەمەی خوارەوە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە بۆ مێجەر یۆنگ لە هۆتێل ئانجلێتێر (Hotel Angleterre) نێردراوە.

دەست پێدەکات بە:

سێر ف. هامفریس پێشنیاز دەکات ئەم هەموارکردنانەی خوارەوە لە یاداشتنامەی تێبینیەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لەسەر داواکاریی کورد، ئەنجام بدرێت.

١. سڕینەوەی تەواوی ئەو ڕستەیەی لە پەرەگرافی سێیەم کە بە وشەی ‹تێکەڵ بە یەکتر کراو› دەست پێدەکات و بە وشەی ‹کاریگەریی› کۆتا دێت.
٢. گونجاوترکردنی ڕستەی دووەم لە پەرەگرافی چوارەم بە نووسینی دەستەواژەی «بە گوێرەی دوایین وەڵام لە ڕێکەوتی ١ی نیسان».
٣. سڕینەوەی وشەی ‹بەتایبەت› لە ڕستەی سێیەمی پەرەگرافی شەشەم.
٤. سڕینەوەی وشەکانی «بەخشینی ئیمتیازاتی زۆرتر بە کوردەکان، وەک هەروەها وشەی «ڕەها» لە ڕستەی یەکەمی پەرەگرافی شەشەم.

کۆپی ئەو یاداشتنامەیەی پێداچوونەوەی بۆ کراوە کە ئەم گۆڕانکارییانە لەخۆدەگرێت لە ڕێگەی جانتاوە کە ئەمشەو لە لەندەن دەردەچێت بۆ سکرتێری گشتی [کۆمەڵەی گەلان] نێردراوە. داوا لە سکرتێری گشتی کراوە جێی یاداشتنامە ئۆریجناڵەکەی بۆی نێردراوە ئاڵوگۆڕ پێ بکات لەگەڵ ئەو یاداشتنامەیەی پێداچوونەوەی بۆ کراوە. ئەو بە تەلەگرام ئاگادار کراوەتەوە کە ئەو یاداشتنامەیەی پێداچوونەوەی بۆ کراوە لە ڕێگەیە. ئەم [نووسراوەش] بۆ پێشوەختە ئاگادارکردنەوەی بەڕێزتانە. کۆتایی.

ژمارە ٣٢٨١ (ل٥٥٣)

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران.

١١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، بەغدا.

بەڕێز ستۆرگس (Sturges)

بەڕێـز سـەرۆک وەزیرانـی [عێـراق] نامەکـەی بەڕێزتـی بـە ژمـارە (P.O/257) لـە ڕێکەوتـی ٧ی تشرینـی دووەمـی ١٩٣٠ بینـی کـە تایبـەت بـوو بـە داواکارییەکیـتر کـە لەلایـەن کۆمەڵێـک کـورد ئاڕاسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان کرابـوو. هەروەهـا سـەرۆک وەزیـران منـی ڕاسـپاردووە، تـا ئاگادارتـان بکەمـەوە کـە بەڕێـزی هیـچ شـتێکی زیاتـری نییـە تـا بیخاتـە سـەر نامەکـەی بـە ژمـارە ٢٩٥٧ لـە ڕێکەوتـی ١٨ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠.

وەفادارتان

واژوو: عەبدولقادر ڕەشید.

مستر ر. س. م. ستۆرگس، سکرتێری سیاسی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا.

(ل٥٥٤-٥٥٥)

Mr. Hall 11/11/30

Mr. Flood. 11/11. At once

Iraq .78315/1/30

دووبـارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی وەزیــری موســتەعمەرات بــۆ کۆمســیاری بــاڵا لــە عێـراق.

لە کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ لە ڕێکەوتی ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ نێردراوە.

ژمارە ٤٣٢.

١. نــووسراوە نهێنیەکــەت بــە ژمــارە ‹A› لــە ڕێکەوتــی ٢٤ی تشرینــی یەکــەم، لەگــەڵ نــووسراوە زۆر نهێنیەکــەی مــن بــە ژمــارە ‹A› لــە ٢٣ تشرینــی یەکــەم ناگەنــەوە یــەك. پێداگــری لەســەر ئــەو ڕایــە دەکــەم کــە لــە پەرەگرافــی شەشــەمی نووسراوەکــەدا هاتــووە کــە تێبینیەکانــی حکومەتــی خاوەنشــکۆ لەســەر ئــەو داواکارییــەی هاوپێچــی نووسراوەکەتــان لــە ڕێکەوتــی ٢٤ی تشرینــی یەکــەم کــراوە، هەروەهــا ســەبارەت بــە داواکاریەکانیــترش باشــترە لــە یــەک یاداشــتنامەدا کۆبکرێنــەوە. ئــەم بۆچوونــەش پشــت بــەو ڕاســتییە دەبســەتێت کــە لــە پەرەگرافــی ٥ی نووسراوەکــەی بەڕێــزت ئامــاژەی بۆکــراوە کــە چەندیــن داواکاریــترت لەلایــەن کوردەکانــەوە بەدەســت گەیشــتووە. هەروەهــا پێشــنیاز دەکــەم پێــش ئــەوەی ئــەو داواکارییــەی هاوپێچــی نووسراوەکــەی بەڕێــزت کــراوە بخەینــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان، چاوەڕوانــی گەیشــتنی ئــەو یاداشــتنامەیە بکەیــن کــە لــە نووسراوەکــەم لــە ڕێکەوتــی ٢٣ی تشرینــی یەکــەم داوام کردبــوو. بــە هیــچ شــێوەیەک ڕازی نابــم تێبینییەکانــی حکومەتــی عێــراق لەســەر ئــەم داواکارییــە [بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان] بــەرز بکەینــەوە، چونکــە کۆمیســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب، وەک دەســەڵاتی ئینتیــداب ســەیری حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا دەکات، تــا بۆچوونــی بێلایەنانــە بخاتــە بــەردەم ئــەم کۆمیســیۆنە. هەروەهــا لەوانەیــە بەڕێــزت لــە نووسراوەکــەم لــە ٢٣ی تشرینــی یەکــەم بــۆت دەرکەوتبێــت کــە ئــەو

گریمانەیـەی لـە نووسراوەکـەت ئامـاژەت پێکـردووە کـە ناکرێ داواکاری تەلەگرافێـک بخرێتــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان، گریمانەیەکــی هەڵەیــە. مــن خۆشــحاڵ دەبــم ئەگـەر بەڕێـزت لـە زووتریـن کاتـدا ڕەشنووسـی یاداشـتنامەکەم بـۆ بنێریـت. کاتێـک یاداشـتنامەیەکی هەمەگیـر لەسـەر داواکارییەکانـی کـورد ئامادەکـرا، ئـەوکات لەوانەیـە بتوانیـن لەگـەڵ هـەر داواکاریەکیـتر مامەڵـە بکەیـن کـە بـەرز دەکرێتـەوە، ئەویـش بـە مەرجێـک خاڵـی نوێـی لەخـۆ گرتبێـت، نـەک هەمـان ئـەو خاڵانـەی پێشـوو بـن.

٢. یاداشـتنامە پێداچوونـەوە بۆکراوەکـە تـەواوی ئـەو گۆڕانکارییانـە لـە خۆدەگرێـت کـە لە تەلەگرامەکـەی بەڕێـزت بـە ژمـارە ٥٣٣ لـە ڕێکەوتـی ٨ی تشرینـی دووەم ئاماژەیـان پێکرابــوو، تەنیــا گۆڕانکارییەکانــی پەرەگرافــی ٣ و ٤ نەبێــت، بــۆ ســکرتێری گشــتی [کۆمەڵــەی گــەلان] نێــردراوە و داوای لێکــراوە لــە شــوێنی یاداشــتنامە ئۆریجناڵەکــە دابنرێـت. مێجـەر یۆنـگ لـەو ڕێکارانـە ئـاگادار کراوەتـەوە کـە گیراونەتەبـەر

هەڵهێنجان لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی بە ژمارە ٤٥ لە ڕێکەوتی ١٢ی نۆڤەبەر ١٩٣٠

**٢٦٥. پەنابەرانی کورد لە عێراق**

ئامـاژە بـە پەرەگرافـی ٢٤٨ لـە [ڕاپۆرتـی] سـاڵی ١٩٣٠. ئەمانـەی خـوارەوە لیسـتی پەنابـەرە کوردەکانـە کـە بـە هـۆی ئۆپەراسـیۆنی تورکیـا لـە نزیـک سـنووری عێـراق، لـە عێـراق بوونەتـە پەنابـەر.

| خێڵ | سەرۆک خێڵ | ژمارەی خێزان | دۆخی ئێستا |
|---|---|---|---|
| گەردی | ئۆقوز (Oghuz) بەگی ئەحمەد بەگ | ٣٠٠ | ناوچەی شێروان (Sheet ID/ NW) |
| هەرکی بنەجێ | مەلا عومەر | ٤٠٠ | ناوچەی مزوری باڵا (Sheet IC/SW) |
| ئۆرەمار | موراد ئاغا | ١٠٠ | ناوچەی نێروە و ڕێکان (Sheet 137 O/SE) |
| ئەرتوشی | یەکێک لە گوندی ئەرتوش | ٥٠ | باڵندا (Sheet 137 O/SE Sq. 35 C.) |

هەواڵـەکان بـاس لـە بەفـر بارینێکـی زۆر لـە ناوچـەی ئۆرەمـار دەکـەن، هەروەهـا بـاس لـەو گرفتانـە دەکـەن کـە حاڵیحـازر بەهـۆی ئـەو بەفـرەوە پەنابـەران بـۆ دووبـارە ئاوەدانکردنـەوەی گوندەکانیـان تووشـی دەبـن (ئەویـش ئەگـەر ڕێگەیـان پێبدرێـت).

ئەحمـەد بـەگ داوکارییەکـی نـاردووە و تێیـدا ناڕەزایەتـی بەرانبـەر ئـەو ڕەفتـارە دەردەبڕێـت کـە تورکـەکان لەگەڵیـدا دەکـەن و داوا دەکات حکومەتـی عێـراق ڕێگـەی بـدات لـەم زسـتانەدا لێـرە بمێنێتـەوە.

((Authority:- S.S.O. Mosul and Air Staff (Intelligence)

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــۆ وەزیــری موســتەعمەرات. (ل٥٥٧)

١٨ی تشرینی دووەم ١٩٣٠.

لــە کاتژمێــر ١٢:٤ خولەکــی بەیانیــی ڕێکەوتــی ١٩ی تشرینــی دووەمــی ١٩٣٠ گەیشــتووەتە نووســینگەی موســتەعمەرات.

ژمارە ٥٦٠.

بــە ئامــەژەدان بــە توڕەیــی لــە دژی پەیماننامــەی ئەنگلۆ-عێراقــی، بــە نوێنەرایەتــی کەمینــەکان، لــە هــەردوو ئەنجوومەنەکــەدا [واتــە ئەنجوومــەن نوێنــەران و ئەنجوومەنــی پیرانــی عێــراق] نوێنــەری کەمینــەکان بــە بەهێــزی بــە ســوودی پەیماننامەکــە دەنگیانــدا. دەنگــی ئەنجوومەنــی پیــران بــە ســوودی لایەنگــری کــردن لــە پەیماننامەکــە بــوو، چــوار شــیعە، چــوار کــورد، دوو مەســیحی و یــەک جــوو. ئەوانــەی لــە دژی پەیماننامەکــە بــوون، بریتــی بــوون لــە پێنــج ســوونە. چــوار کەســیش ئامــادەی دانیشــتنەکە نەبــوون کــە گشــتیان ســوونە بــوون.

بەپەلە (ل ٥٥٨)

ژمارە:P.O. 266

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، بەغدا.

بەڕێز سەرۆک وەزیران

مـن ڕاسـپێردراوم ئامـاژە بـە داواکارییـەک بکـەم کـە لەلایـەن دایکـی ڕەمـزی ئەفەندیی، ئاڕاسـتەی بەڕێـزت کـراوە، کـە بەهـۆی بەشـداربوونی لـە یاخیبوونەکـەی ٦ی ئەیلـوول دەسـتگیر کـراوە کـە لـە سـلێمانی ڕوویـدا.

تـا ئێسـتا کۆمسـیاری بـاڵا ئـاگاداری دادگایکردنـی ئـەو کەسـانە نییـە کـە بـە تۆمەتـی بەشـداریکردن لـەم یاخیبوونـە دەسـتگیر کـراون. بۆیـە بەڕێـزی زۆر خۆشـحاڵ دەبێـت ئەگـەر بەڕێـزت لـەم بـارەوە لـە زووتریـن دەرفەتـدا ڕاپۆرتێـک ئامـادە بکەیـت، چونکـە حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا داوای لـە کۆمسـیاری بـاڵا کـردووە [لێکۆڵینـەوە] لـەم بـارەوە ئەنجـام بـدات.

وەفادارتان.

بەڕێز نوری سەعید پاشا.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا.

زۆر نهێنی (ل٥٥٩-٥٦٠)

ژمارە: P. O. 271

سکرتاریەتی کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

٨ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠، بەغدا.

بەڕێز سەرۆک وەزیران.

لەلایـەن بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا ڕاسـپێردراوم تا ئاماژە بـە نامەکەم بە ژمـارە (P. O. 266) لـە ڕێکەوتـی ٢١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٣٠ بکەم کـە تایبەتە بە دادگایکردنی ئەو کەسـانەی بـە تۆمەتی بەشـداری لە یاخیبوونەکەی ٦ی ئەیلوول سـلێمانی دەسـتگیر کراون.

بەڕێـــز کۆمســـیاری بـــاڵا ئـــاگادارە کـــە میـــرزا تەوفیـــق قـــەزاز و ڕەمـــزی ئەفەنـــدی لەلایـــەن دادگای کەرکـــووک بـــێ تـــاوان دەرچوونـــە. هـــەر وەک بەڕێـــزت دەزانـــی ئـــەم دوو کەســـە لەگـــەڵ ئـــەو هەشـــت کەســـەی لـــە ســـلێمانی لـــە ٦ی ئەیلـــوول دەســـتگیرکراون و بـــۆ دادگایکـــردن گوازرانـــەوە کەرکـــووک، واژووکارانـــی ئـــەو داواکارییـــەن کـــە ئاڕاســـتەی کۆمەڵـــەی گـــەلان کـــراوە. لـــەم بارودۆخـــەدا پێویســـتە ڕووبـــەڕووی ئـــەو بۆچوونـــە ببینـــەوە، کـــە حاڵیحـــازر لـــە ئارادایـــە، لـــە ڕاســـتیدا گوایـــە ئـــەم کەســـانە بـــە هـــۆی واژووکردنـــی داواکارییەکـــە دەســـتگیر کـــراون، نـــەک بـــە هـــۆی بەشـــدار بـــوون لـــە یاخیبوونەکـــە، بۆچوونێـــک کـــە بـــە هـــۆی ئازادکردنـــی هەشـــت کـــەس بـــە هـــۆی نەبوونـــی بەڵگـــەی پێویســـت و بەریکردنـــی ئەوانیـــتر، بەهێـــزی خـــۆی لـــە دەســـتداوە.

بۆیـە بەڕێـز کۆمسـیاری باڵا خۆشـحاڵ دەبێت، ئەگـەر بەڕێزت لـە زوترین کاتـدا زانیاری تێروتەسـەلی پێبـدەی کـە بۆچی ئـەو کەسـانەی بڕیاری دەسـتگیرکردنیان دەرچـووە، هەفت کەسـیان بـە بـێ مـەرج ئـازاد کـراون و یـەک کـەس بـە پێـی «ڕێکارەکانـی ناکۆکـی خێڵەکی، بەشـی ٤٠»، گوازراوەتـەوە و چ بەڵگەیـەک لـە دژی تەوفیـق میـرزا و ڕەمـزی ئەفەنـدی خراونەتـەڕوو. هەروەهـا دەکـرێ پرسـیار لـەم بـارەوە گەڵاڵـە بکرێـت، ئـەم ماوەیـە ئـەم کەسـانە بـە چ هۆکارێـک پێـش ئـەوەی دادگای بکرێـن لـە بەندیخانـەدا ماونەتـەوە، بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا خۆشـحاڵ دەبێـت، ئەگـەر زانیـاری ورد لـەم بـارەوە بخرێتـەڕوو.

دواجــار بەڕێــز کۆمســیاری بــاڵا خۆشــحاڵ دەبێــت، ئەگــەر ئــاگادار بکرێتــەوە کــە دادگایکردنــی ئــەو کەســانەی بــە تۆمەتــی بەشــداری لــە یاخیبوونەکــەدا دەســتگیر کــراون، لــە چ قۆناغێــک دایــە.

خزمەتکارتان

بەڕێز نوری پاشا ئەلسەعید،

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەغدا.

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا بــە وەکالــەت لــە عێــراق بــۆ وەزیــری کاروبــاری موســتەعمەرات.

ڕێکەوتی ١٣ی کانوونی یەکەم.

لـە کاتژمێـر ١٠:١٤ خولەکی بەیانـی، لـە ڕێکەوتـی ١٣ی کانوونـی یەکـەم گەیشـتووەتە نووسـینگەی موسـتەعمەرات.

گرنگ.

ژمــارە ٥٩٧. ئامــاژە بــە تەلەگرامەکەتــان بــە ژمــارە ٤٤٠ لــە ڕێکەوتــی ١٨ی تشرینــی دووەم. یارمەتیــدەری مــن دەبێــت، ئەگــەر بکرێــت لــە زووتریــن کاتــدا بــە تەلەگــراف ئــاگادارم بکەیتــەوە لەســەر ئــەو ڕێکارانــەی کۆمیســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب لــە ڕاســپاردەکانیدا بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان ســەبارەت بــە داواکاری کــورد گرتوویەتەبــەر.

**وەرگێڕانی نامەی نهێنی و بە پەلەی ژمارە ٤٣١٦ لە ڕێکەوتی ١٤ کانوونی یەکەمی١٩٣٠، لەلایەن وەزیری ناوخۆ بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران.**

ئاماژە بە نامەکەتان بە ژمارە ٣٤٧١ لە ڕێکەوتی ٢٧ی تشرینی دووەم ١٩٣٠. ئێمە سەرنجی بەڕێزتان بۆ نامەی ئەم وزارەتە بە ژمارە ٣٤٩٢ لە ڕێکەوتی ١٤ی تشرینی یەکەم ١٩٣٠ ڕادەکێشین کە ئاڕاستەی موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی کراوە و کۆپیەکیش ئاڕاستەی سەرۆک وەزیران کراوە، نامەکە ئەو فەرمانانە لەخۆدەگرێت کە لەبارەی تۆمەتبارکردنی ئەو کەسانەی بەشداری ڕووداوە ئاماژە پێکراوەکە [یاخیبوونی سلێمانی] بوونە، لەلایەن ئەم وەزارەتەوە دەرکراوە. ئێمە لە خوارەوە ئاماژە بەو ڕێکارانە دەدەین کە لە دژی ئەوان گیراونەتەبەر.

**١. ئەو ١١ تۆمەتبارەی کە لە بەندیخانەی کەرکووکدا راگیراون.**

ا لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ بڕیاردرا بە ئازادکردنی ئەو کەسانەی لە خوارەوە ناویان هاتووە، ئەویش بە دانانی کەفالەی ٣،٠٠٠ ڕوپیە بۆ دڵنیابوون لە هەڵسوکەوتی باش و پاراستنی نەزم لەلایەن ئەو کەسانەوە بە درێژیی یەک ساڵی تەواو.

١. عەزمی بەگ.
٢. فایق بابان.
٣. محەمەد ساڵح بەگ.
٤. حەمە ئاغا.
٥. عێزەت بەگ.
٦. مەجید ئەفەندی.
٧. شێخ محەمەد قەلاتی (Kilati).
٨. عەبدولرەحمان ئاغا.

ب بڕیاردرا لێکۆڵینەوە لەگەڵ شێخ قادری حەفیدزادەدا ئەنجام نەدرێت. هەروەها کارێکی گونجاو نییە ڕێگەی پێبدرێت بگەڕێتەوە شاری سلێمانی. ئێمە داوا دەکەین شێخ قادر لە شاری دیوانیە نیشتەجێ بکرێت و دواتر بۆ پایتەخت بگوازرێتەوە، ئەمەش بە پێی مادەی ٤ی

‹ڕێکارەکانی ناکۆکی خێڵایەتی› و کەفالەی ٥٠،٠٠٠ روپیە بۆ بە باشی هەڵسوکەوت کردن.

**ج** دادگایکردنی ڕەمزی ئەفەندی و تەوفیق قەزاز. ئەو تۆمەتەی ئەم دوو کەسە پێی تاوانبار کراون لە دادگای باڵای کەرکووک لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، گوێی لێ گیرا. ئەنجامەکەش بریتی بوو لەوەی کە ئەو کەسانە بێ تاوانن و دواتر لە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، نێردرانەوە شاری سلێمانی.

**٢. ئەو ٨٧ تۆمەتبارەی لە بەندیخانەی سلێمانی ڕاگیراون و ٩ کەسیان بە دانانی کەفالە لە دادگایی سلێمانی ئازادکران.** بە هۆی نەبوونی کات بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی ئەو کەسانە کراون، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ بڕیاردرا دەبێ ئەو کەسانە بە دانی کەفالە ئازاد بکرێن، ئەم بڕیارە هاوکات بوو بە تۆمەتبار کردنی هەر یەک لەم کەسانە، بۆیە بڕیاردرا دەبێ ئەو کەسانە لەو ماوەیەی دیارکراوە ئامادەی دادگا بن. دواتر بڕیاردرا نابێ ئەنجامی دادگایکردنی کەسانیتر بەسەر ئەم کەسانەدا جێبەجێ بکرێت. بۆیە بە پێی ڕێکارە بەرکاراکان لە دژیان پەڕاوێك کرایەوە، دوای وەرگرتنی کەفالەی پێویستە ئەم کەسانەش ئازاد کران.

پاش ئەوەی لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە زانیاری پێویستمان بە دەست گەیشت، وەڵامی نامەکەتان بە ژمارە ٣٧١١ لە ڕێکەوتی ١٠ی کانوونی یەکەم دەدەینەوە.

Downing Street

**١٦ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠**

**بەڕێز بەختیار**

من کۆپیەک لە تەلەگرامی کۆمسیاری باڵا لە عێراق هاوپێچ دەکەم کە تایبەتە بە داواکاری کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان. لەم بارەوە دوێنی بە تەلەفۆن لەگەڵ بەڕێزت قسەم کرد. دواتر بەڕێزت بەڵێنت پێدام کە کەسێک لە بەشەکەتان لە کۆمەڵەی گەلان ڕادەسپێردرێت تا نامەیەک بۆ جنێڤ بنووسێت و هەوڵ دەدات زانیاری پێشوەختە لەسەر ئەو ڕێکارانە دەستەبەر بکەیت کە کۆمیسیۆنی هەمیشەی ئینتیداب لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لەبارەی ئەم داواکارییەوە گرتوویەتییەبەر.

هیـوادارم ئـەم هەوڵـە سـەرکەوتوو بێـت، چونکـە بارودۆخـی کوردسـتان زۆر هەسـتیارە و ئەگـەر کۆمیسـۆن لـە ڕاپۆرتەکەیـدا هـەر جـۆرە هێمایەکی هاوسـۆزی لەگـەڵ داواکارەکان بخاتـەڕوو، کۆمسـیاری بـاڵا خوازیـارە پێشـوەختە ئـاگادار بکرێتەوە، تـا بتوانێـت ئامادەکاری پێویسـت بـۆ چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەو دۆخـەی دێتـە پێـش بگرێتەبەر.

خزمەتکارتان.

واژوو

J. Hathorn Hall

نهێنی و بەپەلە (ل٥٦٦)

ژمارە ٣٨١٥

سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

١٦ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠، بەغدا.

بۆ:

سکرتێری سیاسی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا.

ئاماژە بە نامەکەت بە ژمارە (P. O/266) لە ڕێکەوتی ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، سەبارەت بە دادگایکردنی ئەو کەسانەی بە بەشداریکردنی یاخیبوونەکەی سلێمانی لە ڕێکەوتی ٦ی ئەیلوولی ڕابردوو تۆمەتبارن.

ڕاسپێردراوام کۆپیەک لە نامەی وزارەتی ناوخۆ بە ژمارە ٤٣١٦ بە ڕێکەوتی ١٥/١٤ کانوونی یەکەمی١٩٣٠، بۆ زانیاری بەڕێز کۆمسیاری باڵا بۆتان بنێرم کە زانیاری تێروتەسەل لەسەر ئەو ڕێکارانە لەخۆدەگرێت کە لەبەرانبەر ئەو کەسانە گیراونەتەبەر.

هەروەها کۆپیەک لە نامەی وزارەتی ناوخۆ بە ژمارە ٣٤٢٩ لە ڕێکەوتی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ هاوپێچکراوە.

واژوو: عەبدولقادر ڕەشید.

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران.

زۆر نهێنی (ل٥٦٧-٥٧١)

خانەی مەندوبی سامی

١٩ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠، بەغدا.

بەڕێز،

١. شەرەفمەندم ئاماژە بە نووسراوە زۆر نهێنیەکەی بەڕێزت بە ژمارە ‹A› لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ بکەم کە تایبەتە بە خستنەڕووی داواکاریی کورد بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان. یاداشتنامە هەمەگیرەکە کە لە پەرەگرافی ٦ی نووسراوەکەدا ئاماژە پێدراوە، خەریکی ئامادەکردنە و لە زووترین کاتدا بۆ بەڕێزت دەنێردرێت. بەهەرحاڵ، من دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم ئەستەمە بەهۆی لەبەردەست نەبوونی هیچ جۆرە ئاماژەیەک لەسەر هەڵوێستی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، یاخود کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب لەسەر داواکارییە ئۆریجناڵەکە کە هاوپێچ لەگەڵ تێبینییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لە مانگی تشرینی دووەم لەسەر ئەم داواکارییە، پێکەوە خراوەتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، بتوانرێت ئەم یاداشتنامەیە تەواو بکرێت.

٢. بە هۆی خستنەڕووی تێبینیەکانی حکومەتی عێراق لەسەر ئەو داواکارییانەی بەم دواییە خراونەتەڕوو، گرفتێکیتر سەرهەڵ دەدات، ئەو داواکارییانە لە ڕێگەی نووسراوە نهێنیەکەم لە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ بۆ بەڕێزت نێردراوە، لە تێبینیەکانیدا حکومەتی عێراق لەو بڕوایەدایە ئەو سیاسەتەی لەلایەن ئەم حکومەتەوە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان گیراوەتەبەر هیچ کاتێک نەبووەتە هۆی نارەزایەتی کورد. هەروەها ئەو ڕاستیەش لەلایەن ڕاپۆرتی ساڵانەی حکومەت خاوەنشکۆی بەریتانیا پشتڕاست کراوەتەوە کە خراوەتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. ئەم سیاسەتە کە بە ڕەزامەندی و زانیاری حکومەتی بەریتانیا بەردەوامی پێدراوە، لەو کاتەی حکومەتی بەرقەرار دەسەڵاتی گرتووتە دەست، تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

٣. نازانـم، ئایـا بەڕێــزت بــە نیــازی تێبینیەکانــی حکومەتــی عێــراق لەگــەڵ دواییــن تێبینیەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا لەسـەر پرسـی کـورد بخەیتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان یـان نـا، بـە بـڕوای مـن ئەگـەر بەڵگەنامەگەلێـک بخرێنـە بـەردەم کۆمەڵــەی گــەلان کــە دوو بۆچوونــی جیــاوازی حکومەتــی عێــراق و حکومەتــی بەریتانیـا لەسـەر شـێوازی ئیدارەدانـی پرسـی کـورد لـە ڕابـردوودا لەخـۆ گرتبێـت، کاریگـەری خـراپ لەسـەر کۆمەڵـەی گـەلان دروسـت دەکات. لـەو لێکۆڵینەوانـەدا کـە هـاوکات لەگـەڵ ئامادەکردنـی یاداشـتنامە هەمەگیرەکـەدا ئەنجامـدراون، وەهـا دەردەکەوێـت کـە حکومەتـی بەریتانیـا هـەر تێبینییـەک لـە ڕاپۆرتـی ساڵانەیدا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان زیـاد بـکات، یاخـود لێـی کـەم بکاتـەوە، کۆمیسـارە یـەک لـە دوای یەکـەکان لـە گفتوگۆکانیانـدا لەگـەڵ مەلیـک فەیسـەڵ و سـەرۆک وەزیـران هیـچ کات ئەمەیـان نەشـاردووتەوە کـە بڕیارەکانـی کۆمەڵـەی گـەلان بـە تەواوەتـی [لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە] جێبەجـێ نەکـراون.

٤. بــۆ بەرچاوڕوونــی بەڕێــزت زۆر گرنگــە حکومەتــی عێــراق، تەنانــەت ئەگــەر لەســەر کۆتــا شــێوازی تێبینییەکانــی حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا لەســەر پرسـی کـورد ڕازی نەبێـت، بـەڵام دەبـێ خۆیـان لـە داڕشـتنیدا بەشـدار بـن. لـە ڕاسـتیدا، ڕاسـپاردەکانی کۆمەڵــەی گــەلان، تاڕادەیــەک جێبەجێکردنیــان ئەســتەمە. ئــەو ڕاســپاردانە لــە ژێــر ڕۆشــنایی بارودۆخــی بەرقــەراری ناوچــە کوردییەکانــی عێــراق و هەســتی کــوردەکان لــەم ناوچانــەدا داڕێــژراون، ئــەم هەســتەش پێشــتر بوونـی نەبـوو، بەڵکـو بـە هـۆی گرتنەبـەری سیاسـەتی تایبـەت بـە کـورد لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـاوە، ئـەم هەسـتە پـەرەی سـەندووە، لـەو کاتـەوەش بەریتانیـا وازی لــەم سیاســەتە هێنــا.

ئـەو سیاسـەتەش لـە داهێنانـی حکومەتـی بەریتانیـا نەبـوو، بەڵکـو پشـت بەسـتراو بــە بەندەکانــی ٦٢ و ٦٤ی پەیماننامــەی بــە مــردوو لــە دایکبووەکــەی ســیڤەر بــوو کــە تێیــدا ڕەچــاوی ئەگــەری دامەزراندنــی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کــورد لــەو بەشــەی ئیمپراتــۆری عوســمانی دەکات کــە زۆرینــەی دانیشــتووانی کــوردن. ئــەو سیاســەتەی

ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراق و بە ڕەزامەندی حکومەتی بەریتانیا داڕێژراوە، لەلایەکەوە ڕەچاوەی دەرچوون لە کۆمەڵێک ڕێکاری کۆمەڵەی گەلان دەکات، لەلایەکیترەوە، ڕەچاوی ئەو ڕێکارانە دەکات کە حکومەتی عێراق لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە جێبەجێکردنیان سەرکەوتوو نەبووە. بە بۆچوونی من کارێکی پاساوهەڵگرە ئەگەر حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و کۆمەڵەی گەلان سەرەتا پەسەندی کۆمەڵێک ڕاستکردنەوە لەم سیاسەتدا بکەن و دواتر حکومەتی عێراق ئەو ڕاستکردنەوانە پەسەند بکات.

٥. بە بۆچوونی من هەر کاتێک یاداشتنامەکە بە لەخۆگرتنی داتای پێویست کە لە ڕستەی شەشەمی پەرەگرافی شەشەمی نووسراوی بەڕێزت ئاماژەی پێدراوە، ئامادەکرا، دەکرێ لەسەر ئەم یاداشتنامەیە بە نهێنی لەگەڵ حکومەتی عێراق گفتوگۆ بکرێت، تا بەم جۆرە حکومەتی عێراق ڕازی بکەین لە بۆچوونەکەی خۆی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، دەست بکێشت یاخود هەمواری بکاتەوە، تا بەمجۆرە یاداشتنامەکە هەر وەک بەڕێزت ئاماژەت پێدا، شیاوی خستەنە بەردەم [کۆمەڵەی گەلان] لە جنێڤ بێت. بۆیە دەکرێ بە پێی ڕێنماییەکانی بەڕێزت [بۆ کۆمەڵەی گەلان] ڕوونی بکەینەوە کە بۆچوونی ئامادەکردنی یاداشتنامەکە درەنگ کەوتووە.

٦. ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە تا دەقی ڕەسەنی داواکاریی واژوو کراو لەلایەن شێخ مەحمود و هاوڕێکانی لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، هاوپێچ لەگەڵ وەرگێڕانی داواکارییەکە بۆسەر زمانی ئینگلیزی بۆ بەڕێزت بخەمەڕوو. هەروەها خستنەڕووی داواکاری واژووکراو لەلایەن جەعفەر سوڵتان و هاوڕێکانی لە ڕێکەوتی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠.

ئەم داوکارییانە لەگەڵ ئەو داواکارییانەی بۆ بەڕێزت نێردراون دەبێ بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز بکرێنەوە. ئەم داواکارییانە و ئەو داواکارییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدران، گشتیان پێکەوە لە یاداشتنامە هەمەگیرەکەدا تیشکیان دەخرێتەسەر.

٧. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بە تەلەگرام ئاگادار بکرێمەوە لە:

ا ئایا بەڕێزت لەسەر پێشنیازەکەم هاوڕایت کە پێش خستەڕووی یاداشتنامەکە بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان، لەگەڵ حکومەتی عێراق گفتوگۆ بکەین، هاوکات لە ئەگەری ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە ڕەچاوی ئەگەری هەموارکردنی یاداشتنامەکە بکەین بە پێی تێبینیەکانی حکومەتی عێراق لەسەر داواکارییەکەی ٣١ی ئابی١٩٣٠. ئەم تێبینیانە لە نووسراوە نهێنیەکەمدا بە ژمارە ‹A› بە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ بۆ بەڕێزت نێردراوە.

**ب** ئایا حکومەتی بەریتانیا بە نیازە ئەو داواکارییەی لە نووسراوەکەم لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ ئاماژەم پێداوە بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان یان نا.

**ج** ئایا بەڕێزت ڕازیت لەسەر دوایین فۆڕمی ئەو یاداشتنامەیەی هەڵپەسێردراوە، تا ئەوکاتەی بزانرێت، ئایا ئەنجوومەنی گەلان لەسەر ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق ئێستا ڕایگەیاندوە، ڕازییە یان نا، ئەمەش لە ڕستەی کۆتایی نووسراوی زۆر نهینی بەڕێزت بە ژمارە ‹A› لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، ئاماژەی پێدراوە.

بەڕێز، بەو پەڕی ڕێزەوە

شەرەفمەندم بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزتان بم.

واژوو: ف. هامفریس

کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

کۆپی (ل٥٧٢)

(E 6855/2558/93)

وەزارەتی دەرەوە، S. W. 1

٢٢ی کانوونی یەکەمی١٩٣٠.

بەپەلە

بەڕێز هال

پێشوەخت کۆپیەک لە پوختەیەک لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی هەمیشەی ئینتیداب بۆ بەڕێزت دەنێرم. ڕاپۆرتەکە بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان نێردراوە و تێیدا تیشک دەخاتەسەر داواکاری کورد، ئەم پوختەیە بە شەخسی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ ئێمە نێردراوە.

لە کۆتایی ئەم مانگەدا، بە شێوەیەکی فەرمی ڕاپۆرتەکەمان بۆ دەنێردرێت، تا ئەو کات پێویستە ئەم پوختەیە بە نهێنی بمێنێتەوە.

خزمەکارتان

E. Coote

J. H. Hall. Esq., D.S.O., M.C

کۆپی (٥٧٣-٥٧٤)

(E 6855/2558/93)

پوختەیـەک لـە ڕاپۆرتـی نۆزدەیەمیـن دانیشـتنی کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب کـە بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان نێـردراوە.

داواکارییـەکان لـە ڕێکەوتـی، ٢٦ی تەمـووزی و ٣ی ئابـی ١٩٣٠، لەلایـەن کۆمەڵێـک کـوردەوە نـووسراوە (document C.P.M 1081).

بینینەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا (document C.P.M 1099) لـە ڕێکەوتـی ٢٩ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠.

ڕاپۆرت (بڕوانە یاداشتەکان، پاشکۆی ١٠) ئەنجامەکان

******

کۆمیسیۆن،

بـە ڕەچاوکردنـی ئـەوەی ناتوانـرێ ئامـاژە بـە هیـچ بڕیارێکـی کۆمەڵـەی گـەلان بدرێـت کـە پشـتگیریی لـە داوای داوکاران بـۆ دامەزرانـدی حکومەتـی سـەربەخۆی کـورد لەژێـر چاودێـری کۆمەڵـەی گـەلان دەکات، هەروەهـا بـە ڕەچاوکردنـی ئـەوەی ئـەم جـۆرە داوایـە لـە کارەکانـی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـدا هیـچ جـۆرە بناغەیەکـی نییـە [واتـە ئـەم جـۆرە بڕیـارە پێشـتر دەرنەکـراوە] و تەنیـا دەتوانـرێ بـە لێکدانەوەیەکـی هەڵـە لـە بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ڕێکەوتـی ١٦ی دێسـەمبەری ١٩٣٠، ڕوون بکرێتـەوە، واتـە ئەوکاتـەی ئـەو ناوچانـەی واژووکارانـی داواکارییەکـە تێیـدا دەژیـن بـە عێراقـەوە لکێـنران، هەروەهـا بـە پێـی ئـەو بڕیارانـەی هـەم داوای مامەڵەکردنێکـی تایبـەت لەگـەڵ کـورد دەکات، کـە بـە پێـی دواییـن زانیارییەکانـی دەسـەڵاتی ئینتیـداب بـە تەواوەتـی جێبەجـێ نەکـراوە، هەمیـش بـۆ بەخشـینی کۆمەڵێـک گەرەنتـی سـەبارەت بـە ئیـدارەی لۆکاڵـی ناوچـە کوردییـەکان، کـە تـا ئێسـتاش ئـەم گەرەنتییانـە نـەدراون، بەپێـی ئـەم خاڵانـەی سـەرەوە ڕاسپاردەی

ئەنجوومــەن دەکەیــن کــە:

١. ڕەتــی داواکاری کەســایەتیە کــوردەکان بداتــەوە کــە ئامانجــی دامەزراندنــی حکومەتــی کــوردی لــە ژێــر چاودێــری کۆمەڵــەی گەلانــە.

٢. داوا لــە دەســەڵاتی ئینتیــداب بــکات لێکۆڵینــەوە بــکات، ئایــا ئــەو ڕێــکارە کارگێڕیــی و یاســاییانەی بــۆ دیارکردنــی پێگــەی کــورد گیراونەتەبــەر بــە تەواوەتــی خراونەتــە بــواری جێبەجێکــردن و جێبەجێکــراون،

٣. ڕەچاوکردنــی بەقازانــج شــکانەوەی ئــەو ڕێکارانــە بــۆ دڵنیابــوون لــەوەی ئــەم پێگەیــە بــۆ کــورد بــە پارێــزراوی دەمێنێتــەوە، هــەر کاتێــک ئــەم گەرەنتیانــەی ئێســتا لەلایــەن بەریتانیــای مــەزن بــە کــورد دراوە نەمێنــن.

کۆپی (ل٤٧٥-٤٧٧)

(E 109/31/93)

## داواکاریی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان

## کورتەیەک بۆ شاندی بەریتانی

لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا داواکارییەکی خستە بەردەم سکرتێری گشتی کە لەلایەن کۆمەڵێک کوردی عێراق ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کرابوو و داوای دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردیان دەکرد لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلاندا بێت. بینینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکە لە ڕێکەوتی ٢٩ی تشرینی یەکەم بۆ سێر ئ. درۆمۆند(.Sir E Drummond) نێردرا. لە نۆزدەیەمین دانیشتی کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، داواکارییەکە و تێبینیەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکە تاوتوێکرا، هەروەها لە ڕەشنووسی ڕاپۆرتی ڕاپۆرتدەری ئەنجوومەندا وەها دەردەکەوێت کە مۆنسیۆر مارێنکۆڤیچ (Monsieur Marinkovic)، دوای ئەوەی بە کورتی تێبینییەکانی لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن دەربڕی، پێشنیازی کرد ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان ڕاسپێردرێت تا پەیڕەوی لەم ڕاپۆرتە و گشت ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆن بە بێ ڕێزپەڕ بکات. ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆن بەم جۆرەی خوارەوەن:

١. ڕەتی داواکاری کەسایەتیە کوردەکان بداتەوە کە ئامانجی دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلانە.
٢. داوا لە دەسەڵاتی ئینتیداب بکات لێکۆڵینەوە بکات ئایا ئەو ڕێکارە کارگێڕیی و یاساییانەی بۆ دیارکردنی پێگەی کورد گیراونەتەبەر بە تەواوەتی خراونەتە بواری جێبەجێکردن و جێبەجێکراون.
٣. ڕەچاوکردنی بەقازانج شکانەوەی ئەو ڕێکارانە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم پێگەیە بۆ کوردەکان بە پارێزراوی دەمێنێتەوە، هەر کاتێک ئەم گەرەنتیانە ەمێنن کە ئێستا لەلایەن بەریتانیای مەزن بە کوردەکان دراوە.

٤. وەهـا دیـارە هیـچ شـتێک نییـە حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا لـە یەکـەم و دووەم ڕاسـپاردەکانی کۆمیسـیۆندا، چاوپۆشـیان لـێ بـکات و بـە ڕێژپـەڕ هەژماریـان بـکات. سـەبارەت بـە ڕاسپاردەی سـێیەم وەهـا دیـارە لـەم قۆناغـەدا پەسـەندکردنی لاوازی ئـەم خاڵـە لەلایـەن ئەنجوومەنـەوە بـە هەنگاوێکـی ناپەسـند هەژمـار دەکرێـت.

٥. بـەم پێیـەش پێشـنیاز دەکرێـت، هـەر کاتێـک ئـەم بابەتـە خرایـە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان، پێویسـتە شـاندی بەریتانیـا ئەنجوومـەن ئـاگادار بکاتـەوە کـە هیـچ ناڕەزایەتییەکیـان لـە گرتنەبـەری ڕاسـپاردەی یەکـەم و دووەمـی ڕاپۆرتـی کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب نییـە، بـەڵام سـەبارەت بـە ڕاسـپاردەی دووەم، دەبـێ شـاندەکە ڕوونـی بکاتـەوە ڕاپۆرتێکـی هەمەگیـر لەسـەر ئـەو ناوچانـەی زۆرینـەی دانیشـتووانی کـوردن خەریکـی ئامادەکردنـە و لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا بـۆ بەرچـاو ڕوونـی کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب، ئـەم ڕاپۆرتـە دەخرێتـەڕوو.

حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا دڵنیاییـە هـەر کاتێـک ئـەم ڕاپۆرتـە بخوێندرێتـەوە، دەبینرێـت ئـەو سیاسـەتەی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر دانیشـتووانی کـوردی عێـراق گرتوویەتیەتبـەر بـە تەواوەتـی لەگـەڵ ڕۆحـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ڕێکەوتـی ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٥دا دەگونجێـت.

سـەبارەت بـە ڕاسـپاردەی سـێیەم، پێویسـتە شـاندی بەریتانیـا پێشـنیاز بـۆ ئەنجوومـەن بـکات کـە لەوانەیـە بـۆ ئەنجوومـەن کارێکـی پێشـوەختە بێـت لـەم قۆناغـەدا بـە قازانـج بوونـی ئـەو ڕێکارانـە ڕەچـاو بـکات کـە گرێنتـی پێگـەی کـورد دەکات لـە دوای دەرچوونـی عێـراق لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئینتیـداب. هەروەهـا ئەگـەر کۆمیسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب بـە نیـازە ئـەم کارە بـکات و ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانیـش بـە نیـاز بێـت بانگێشـتی کۆمیسـیۆن بـکات تـا لـە دانیشـتنی داهاتـووی کۆمیسـیۆندا کـە لـە مانگـی تشرینـی دووەم گـرێ دەدرێـت ڕەچـاوی پرسـی بـە کۆتایـی هاتنـی ئینتیـداب لەسـەر عێـراق بـکات، کەواتـە باشـترە هـاوکات داوا لـە کۆمیسـیۆن بکرێـت ئـەو ڕێکارانـە دیـار بـکات کـە لـە دوای وەرگرتنـی عێـراق لـە کۆمەڵـەی گـەلان، پێگـەی کـورد لـە عێراقـدا دەپارێزێـت.

٦. هەروەها پێویستە شاندی بەریتانی ئاماژە بەوە بدات کە پرسی دابینکردنی خۆشگوزەرانی ئایینی و نەتەوەیی بۆ کەمینەکان بۆ کۆمەڵەی گەلان بابەتێکی نوێ نییە و لە چەندین بۆنەدا لەمبارەوە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە گەرەنتی تایبەت لەو حکومەتانەوە وەرگیراوە کە ئەم پرسەیان هەبێت. هەروەها شاندەکە پێوستە ئاماژە بەوە بکات کە حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا دڵنیایە، هەر کاتێک پێویست بێت، سەبارەت بە گرێنتیکردنی خۆشگوزارەانی کەمینەی کورد لە داهاتوودا، حکومەتی عێراق گرێنتی دڵنیاکەر بە کۆمەڵەی گەلان دەدات.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.